# دۆنی ئارام
## بەرگی دووەم

ن :میخائیل شۆلۆخۆف
و :حەمەکەریم عارف

* -ناوی کتێب: دۆنی ئارام( ٢ )
* - بابەت: ڕۆمان
* - نووسەر:میخائیل شۆلۆخۆف
* - وەرگێڕ: حەمەکەریم عارف
* -
* -
* -

## پێڕست

١- بەشی چوارەم
٢- بەشی پێنجەم

# بەشی چوارەم

"١"

هەزارو نۆسەدو شازدە، ئوکتۆبەر، شەو، باران‌و با، جەنگەڵ‌و لێرەواران. بەرەی پولیزی. سەنگەرانی کەنار زونگاوو باتلاغێکی(مرداو) دەوردراو بەدار چناران. تەلبەندێن دەوری سەنگەرەکان، قوڕاوی ساردی ناو سەنگەر. چینکۆی سەر بورجی دیدەوانیەکە کە باران تەڕی کردووە بە ئاستەم دەدرەوشێتەوە. لە سەنگەرو پەناگاکاندا بە دەگمەن روناکی دەبینرێ.

لەبەر دەرکی یەکێك لە پەناگاکاندا، ئەفسەرێکی تۆکمەی کورتە بالا، هەڵوەستەیەکی کورتی کرد، قامکە تەڕەکانی بردو دوگمەی پاڵتۆکەی یەك یەك بەپەلە کردنەوە، یەخەی پاڵتۆکەی تەکاند. پێڵاوەکانی خۆی بەو پوش‌و پەڵاشەی سەر گڵ‌و قوڕەکەی بەر پەناگاکە پاك کردەوە، ئەوسا پاڵێکی بە دەرکەکەوە نا، خۆی دانەواندەوەو خۆی بە ناو پەناگاکەدا کرد.

ڕوناکیەکی کزی زەردی چرایەکی نەوتی روخساری روناك کردەوە، ئەفسەرێك کە دوگمەی چاکەتەکەی کردبووەوە، لە سەر تەختەکەی خۆی هەستا، دەستێکی بە قژە لوول‌و بۆزەکەی خۆیدا هێنا، باوێشکێکی داو پرسی:

– باران دەبارێ؟

میوانەکە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ.

پاڵتۆکەی داکەند، دەگەڵ کاسکێتەکەیدا، کە لە بارانا خوسا بوونەوە، بە بزمارێکی لای دەرگاکەوە هەڵواسی‌و گوتی:

– ئێرە گەرمە. گەرمای هەناسەتان...

– تۆزێ لەمە پێش سۆپامان پێکرد.بەڵام نەگبەتی لەم ئاوەدایە کە لە ژێرمانەوە هەڵدەقوڵێت. ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، باران لێرە ڕامان دەماڵێ، ناچارمان دەکات بگوازینەوە. تۆ چ دەڵێی بونچوك؟

بونچوك، دانەوییەوە، بە چیچکانەوە لەبەر سۆپاکە دانیشت‌و دەستەکانی دایە بەر ئاگرەکە:

– ئەرزەکەی تەختە ڕێژ بکەن. تەختەی تیا دابنەن. ئەوەی ئێمە زۆر عالە، عەیبی نییە. دەتوانی بە پێی پەتی بەسەریا بڕۆیت، ئەوە لیستنتسکی لە کوێیە؟

– خەوتووە.

– لە مێژە؟

– کە لە سەردانی پاسگاکان هاتەوە یەکسەر خەوت.

– دەکرێ ، بێداری بکەمەوە؟

– چ قەیدیە، پاشان شەترەنجیش دەکەین.

بونچوك، بە قامکی شادەی، باراناوی سەر برۆ پان‌و چرەکانی سڕی‌و بێئەوەی سەر بەرز بکاتەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– یەفگینی نیکۆلایوفیچ!

ئەفسەرە سەر بۆزەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا: "وادیارە خەوەکەی خۆشە".

بونچوك، هەمدیس بانگی لێکردەوە:

– یەڤگینی نیکولایوفیچ!

لیستنتسکی هەستایە سەر ئانیشك‌و گوتی:

– ها؟

– دەستێك شەترەنج نەکەین؟

لیستنتسکی، لاقی لەسەر تەختەکەی هێنانەخوارێ، بە ناولەپی دەستە سپی‌و خرپنەکانی کەوتە ماڵشتدانی سینگە گۆشتنەکەی.

لە ئاخرو ئۆخری دەستی یەکەمدا، دوو ئەفسەری سریەی سێیەم، نەقیب کالمیکوف‌و ملازم چوبوف، هاتن بەسەرا. کالمیکوف، هەرکە وەژوور کەوت هاواری کرد:

– هەواڵێکی تازە! لەگینە کەتیبەکەمان لە بەرەی شەڕ بە یەکجارەکی بکێشرێتەوە.

ئەفسەرە سەر بۆزەکە، واتە نەقیب میرکولوف، بزەیەکی گومانامێزی بۆ کردو گوتی:

– چوزانی؟

– هاپۆ پیوتەر چیە باوەڕمان پێناکەی؟

– ئەگەر ڕاستت دەوێ، نا.

– ئا، ئێستا، فەرماندەی تۆپخانە بە تەلەفۆن خەبەری داینێ. بەڵام لە کوێ دەزانێ؟ دۆشاو بۆ پاشا قاتی نییە. دوێنێ لە بارەگای سەرکردایەتی فیرقە هاتووەتەوە.

چوبوف، بەدەم بزەیەکی شادیەوە گوتی:

– ئێستا حەمامی گەرم خۆشە. ئای بۆ حەمامێکی گەرم!

ئەوسا وەکو یەکێك بە تەڕکەی دارغان، بکێشن بە سمت‌و پاشەڵیا، بەو ئاوایە بەشەپ بەر بووە سمت‌و پاشەڵی خۆی.

میرکولوف، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– تەنیا مەنجەڵێکمان کەمە، دەنا تا حەزکەی ئاومان زۆرە.

کالمیکوف، بە دەم تەمەشاکردنی دیوارە تەختەکان‌و ئەرزە قوڕاویەکەی پەناگاکەوە، کەوتە پرتاندن‌و بۆڵاندن.

– بەڕێزینە شوێنەکەتان تەڕە، زۆر شێدارە.

– هی ئەوەیە زۆنگاوەکەمان زۆر لێنزیکە.

بونچوك هاتە قسان:

– مەمنوونی خودا بن، ئێوە لەم زۆنگاوەدا رێك وەکو ئەوەیە لە پەنای مەسیحدا بن. ئەم زۆنگاوە نیعمەتی خودایە، لە شوێنانی وشکدا، شەڕە، دژمن مەفەڕ نادات، بەردەوام هێرش دێنێ. ئێمە لێرە، هەفتەی یەك شاجور(خەشاب) فیشەك دەتەقێنین.

– شەڕو هێرش زۆر خۆشترە لەوەی کە لێرەدا، لەم کونە سەگەدا بە زندوویەتی بگەنین.

– پتیا گیان، قۆزاقان بۆ ئەوە لێرە نین کە بە خوتو خۆڕایی خۆ بە کوشت بدەن، تۆ خۆت لە گێلی دەدەی.

– دەی کەواتە بەڕای تۆ بۆچی لێرەیان ڕاگرتووین؟

– حکومەت هەر کاتێك بە پێویستی بزانێت، هەنگێ پەنا وەبەر گەمە کۆنەکە دەباتەوەو قۆزاقان دەکات بە قەڵغانی خۆی.

کالمیکوف، بەبێ سەبری و بەدەم دەست جوڵانەوە گوتی:

– ئەمە قسەی بێمانایە.

–بێمانا؟ بۆچی؟

– بێمانایەو تەواو.

– گوێ بگرە کالمیکوف، نکۆڵی کردن لە حەقیقەت هیچ دەردێك دەرمان ناکات، فایدەی نییە.

– نازانم تۆ باسی چ حەقیقەتێك دەکەی....

– هەموو کەسێك حەقیقەتەکە دەزانن تۆ بۆچی خۆت لە گێلی دەدەی؟

چوبوف، بە دەنگی بەرز گوتی:

– بەڕێزینە، ئەفسەران گوێبگرن.

ئەوجا بە شێوەیەکی نمایشی دانەویەوەو ئاماژەی بۆ بونچوك کردو گوتی:

– تۆزێکی دی نایب زابت بونچوك، دەکەوێتە راڤەو شرۆڤەی خەون و پێشبینی سوسیال دیموکراتەکان.

بونچوك، بەدەم زەردە خەنەیەکی تەوسامێزەوە گوتی:

– دەتەوێ دەوری لێبۆك ببینی؟

ئەوجا بەجۆرێ ڕوانیە چوبوف کە ناچاری کرد چاو ببڕێتە زەوی.

– .. دەی بەردەوام بە، هەرکەسەو بەهرەو تەبیعەتێکی هەیە. بەڵام ئەوەی من دەیڵێم ئەمەیە کە لە نیوەی ساڵی پارەو ئێمە شەڕمان نەدیتووە. لەوەتای جەنگی بەرەیی و سەنگەران دەستی پێکردووە، کەتیبە قۆزاقیەکان پەراگەندە بوون و هەر یەکەیان کەوتووەتە سووچێکی تەریکەوەو وەکو یەدەك بۆ کاتی تەنگانە هێڵراونەتەوە.

لیستننتسکی بەدەم کۆکردنەوەی داشی شەترەنجەکەوە پرسی:

– ئەدی دوای ئەوە؟

– دوای ئەوە، وەختێ کە بێزاری و یاخی بوون لە بەرەدا دەستی پێکرد– کە هەڵبەتە درەنگ یان زوو دەست پێدەکات، چونکە بە ڕاستی سەربازەکان لە شەڕ بێزار بوون، بەڵگەش ئەوەیە کە ژمارەی هەڵاتن رۆژ بە رۆژ روو لە زیادیە– بەڵێ، ئەو کاتە حکومەت بۆ دامرکاندنەوەو سەرکوتکردنی ئەو یاخی بوونانە، پەنا وەبەر قۆزاقەکان دەبات. حکومەت قۆزاقەکانی وەکو بەرد لە قۆچەکانی ناون و هەڵیگرتوون بۆ ڕۆژی تەنگانە. کە وەختی هات بەم بەردە، هەر حاڵتێکی یاخی بوون سەرکوت دەکات و دای دەمرکێنێتەوە.

لیستننتسکی بەرپەرچی دایەوە.

– ئەمەی تۆ دەیڵێی خەیاڵپڵاوە برادەری ئازیز! بۆچوون و پێشبینییەکانت بێبنج و بناوانن. جاریٚ مەحاڵە پێشبینی رەوتی رووداوەکان بکرێت. تۆ لە کویٚ دەزانی کە یاخیبوون و ئاژاوەو ئەو جۆرە شتانە روو دەدەن؟ با وای دابنەین کە هاوپەیمانان، ئەڵمانەکان دەشکێنن و شەڕەکە بە شێوەیەکی زۆر باش کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە، هەنگیٚ چ شتێك بۆ قۆزاقەکان پێشبینی دەکەیت؟

بونچوك، زەردەخەنەیەکی نیوەچڵی بۆ کردو گوتی:

– جاریٚ کۆتایی شەڕەکە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نییە، چ جای کۆتاییەکی باش.

– بەڕاستی درێژەیان پێدا...

بونچوك هەڵیدایە:

– تازە کار لە کار ترازاوە، باوەڕناکەم تەواو ببێت...

کالمیکوف پرسی:

– کەی لە مادونی (مۆڵەت) گەڕایتەوە؟

– پێریٚ.

بونچوك دەمی کردەوەو تۆپەڵێك دووکەڵی لە دەمیەوە دەرکردو قونکە جگەرەکەی تووڕدا:

– مادونیەکەت لە کویٚ بردە سەر؟

– لە پترۆگراد.

– ئیٚ، دەنگوباسی پایتەخت چۆنە؟ هێشتا هەر هەراو هەنگامەیە؟ ئامادەم هەر شتێك بدەم، بەو مەرجەی یەك هەفتە، هەرچەندە زۆریش کەمە، لەویٚ، لە پترۆگراد بەسەر بەرم!

بونچوك، کە وشەکانی زۆر بە وردی هەڵدەبژارد، گوتی:

– ئەوەندەش خۆش نییە وەکو تۆ وێنای دەکەیت. نان لە قورگی شێرایە، خەڵکی گەڕەکە کرێکارنشینەکان برسین. خەڵکی بێزارن و بە ئاشکرا هەست بە پسکە پسکی نارەزایەتی دەکریٚ.

میرکولوف، تەمەشایەکی پرسیارئامێزی دەوروبەری خۆی کردو گوتی:

– بە بۆچوونی من لەم شەڕەدا سەرکەوتوو نابین، ئێوە دەڵێن چی بەرێزینە؟

بونچوك بەرسڤی دایەوە:

– شەڕی رووس و ژاپۆن، شۆڕشی ١٩٠٥ی لێکەوتەوە، ئەم شەڕەش بە شۆڕشێك کۆتایی دێت: نەك هەر بە شۆڕش، بەڵکو بە شەڕی ناوخۆش دەشکێتەوە.

لیستننتسکی کە گوێی لە قسەکانی بونچوك دەگرت، پەست و بێزار دەیویست قسەکەی پیٚ ببڕێت، پاشان هەستا، بە پەستی کەوتە هاتوچۆ بە ناو پەناگاکەدا، بە دەنگێك کە تورەییەکی پەنهانی پێوە دیاربوو گوتی:

– من سەرم لەمە دەسوڕمیٚ کە لە نێو ئەفسەرانی ئێمەدا ئەم جۆرە خەڵکانە هەن.

ئەوجا، بە دەست ئاماژەی بۆ لای بونچوك کرد، کە دانیشتبوو خۆی گرمۆڵە کردبوو:

– سەرم لەمە سوڕ دەمێنیٚ، کە تا ئێستا هەڵوێستی ئەم پیاوەم دەربارەی نیشتمانەکەی و دەربارەی جەنگ بۆ دەر نەکەوتووە. بەڵام بە قسەکانیا وا دیارە لایەنگری شکستی ئێمەیە لەم شەڕەدا، بونچوك، ڕاستی بۆ چووم؟

– بەڵێ، من حەز دەکەم لەم شەڕەدا شکست بێنین.

– بەڵام، بۆچی؟ بە بۆچوونی من، بیروباوەڕی سیاسیت هەرچیەك دەبێ، بابێ، بەڵام ئاواتی شکستی نیشتمان، خیانەتو ناپاکی نەتەوەییە، ئەمە بۆ هەر پیاوێکی بەڕێزو حورمەت، مایەی نەنگیو شەرمەزارییە.

میرکولوف هەڵدایە:

– لە بیرتە کاتێ فراکسیونی بەلشەویکەکان لە ئەنجوومەنی دومادا بوون چۆن دژایەتی حکومەتیان دەکردو کاریان بۆ شکستی وڵات دەکرد.

لیستنتسکی پرسی:

– بونچوك، چما تۆ هاوبیروبۆچوونی ئەوانیت؟

– جا منێك کە لایەنگری شکست بم، دیارە کە هاوبیروبۆچوونی ئەوانم، هەڵبەتە بۆ منێك کە ئەندامی حیزبی بەلشەویکم، ماقووڵ نییە کە هاوبیروبۆچوونی هاوڕێیانی حیزبەکەی خۆم نەبم. من زۆرم پێسەیرە یەڤگینی نیکولایوفیچ، کەسێکی ڕۆشنبیری وەکو تۆ بەم ڕادەیە، لە واری سیاسیدا نەخوێنەوار و بێئاگابی.

– پێش هەموو شتێك من سەربازێکی وەفاداری تزارم. کە چاوم بە چارەی "هاوڕێیانی بەلشەویك" دەکەوێ دڵم تێکهەڵدێ.

بونچوك لە دڵی خۆیدا گوتی: "تۆ پێش هەموو شتێك، کەسێکی کەریت، ئەوجا حەیوانێکی عەسکەریی لەخۆ باییت" ئەوجا بزەکەی قووت دایەوە.

– لائیلاهە ئیلەڵا...

میرکولوف، وەکو یەکێك، تەوازۆ بێنێتەوە گوتی:

– سوپا، هەمیشە وەزعێکی تایبەتی هەیە. ئێمە هەموو خۆمان لە سیاسەت دوور گرتووە، کارمان بە سیاسەتەوە نییە.

نەقیب کالمیکوف، بە دەم جووینی سەری سمێڵە شۆڕەکانیەوە دانیشتبوو و چاوە مەغۆلیەکانی دەدرەوشانەوە. چوبوف، لەسەر تەختێك ڕاکشا بوو و بە دەم گوێگرتنەوە لە گفتوگۆیەکان، دەیڕوانیە ئەو وێنەیەی کە میرکولوف کێشابوویو بە دیوارەکەوە هەڵیواسی بوو و لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد هەڵگەڕا بوو. وێنەی ژنێکی نیمچە رووت بوو، کوتو مت لە مریەمی مەجدەلیە دەچوو کە بە دەم بزەیەکی ئارەزوو بزوێنەوە چاوی بڕی بووە سینگو بەرۆکی خۆی، بە دوو قامکی دەستی چەپی گۆی قاوەیی مەمکی گرتبوو و قامکە چکۆلەی بە پارێزەوە بۆ دواوە بردبوو. پێڵوە نیمچە داخراوەکانی سێبەریان خستبووە سەر ڕۆشنایی گەرمی چاوەکانی. یەکێك لە شانەکانی کە کەمێك بەرز بوو بووەوە، کراسە داخزیوەکەی ڕاگرتبوو، سێبەرێکی کاڵ نیشتبووە سەر چاڵایی چەڵەمەی شانی.

وێنەی ئەم ژنە هێندە جوانو سروشتی و ئاسایی بوو کە چوبوف، خۆ بەخۆ بەدەم تەمەشاکردنیەوە دەگرژییەوەو پەیتا پەیتا بزەی خۆشی دەهاتێ. بە رواڵەت گوێی لە گفتوگۆیەکان دەگرت، بەڵام لەم گوێیەوە دەهاتنو لەو گوێیەوە دەردەچوون، هەموو هۆشو

گۆشی لای وێنەکەو جوانی وێنەکە بوو. سەرەنجام چاوی لەسەر وێنەکە هەڵبڕیو بە دەنگی بەرز گوتی:

– کە جوانە!

بەڵام کاتی ئەم قسەیە زۆر نەگونجاو بوو، چونکە بونچوك رێك لەو کاتەدا گوتی:

– دڵنیا بن، تزاریسم، نامێنێ

لیستنتسکی روانیە بونچوك، پاشان روانیە چوپوف و بە دەم بزەیەکی تاڵەوە دەستی بە سیغار پێچانەوە کرد.

کالمیکوف هەڵیدایە:

– بونچوك، بە یارمەتیت لیستنتسکی! گوێ بگرە بونچوك! گریمان ئەم جەنگە، شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە... ئەی دوای ئەوە؟ باشە، وا دامو دەزگاو سیستەمی پاشایەتیان لە ناو برد... چ حکومەتێك لە شوێنی دادەمەزرێنن؟ دەسەڵات بە کێ دەسپێرن؟

– بە دەستی کرێکاران.

– دەتانەوێ پەرلەمانتان هەبێ، وانیە؟

بونچوك بزەیەکی بۆ کرد:

– زۆر نا.

– ئەدی، دەقاو دەق چیتان دەوێ؟

– دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

– زۆر باشە! ئێستا بۆمان دەرکەوت چیتان دەوێ... ئەدی رۆشنبیران، ئەدی جووتیاران؟ دەوریان چی دەبێ؟

– جووتیاران بەگەڵ ئێمە دەکەون، هەروەها بەشێك لە رۆشنبیرانی هوشیاریش بەگەڵ ئێمە دەکەون، بەڵام ئەوانی دی... ئاوایان لێدەکەین... ئا ئاوا!

بونچوك، کاغەزێکی بە دەستەوە بوو، لە ناکاوا لوولی کردو تووڕی داو لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئە ئاوایان لێدەکەین!

لیستنتسکی، بزەیەکی تەوسامێزی بۆ کردو گوتی:

– ئێوە زۆر بەرز دەفڕن.

بونچوك بەرسڤی دایەوە:

– لە بەرزییش دەنیشینەوە.

– کەواتە کایەکی زۆر بۆ کاتی کەوتنتان بڵاوبکەنەوە...

کالمیکوف گوتی:

– باشە کە ئەمە بیرکردنەوەتە بۆچی بەخوایشتی خۆت هاتی بۆ بەرەی شەڕ، بۆچی بوویت بە ئەفسەر؟ ئاخر ئەم کارەت چۆن دەگەڵ بیروباوەڕتدا تێکدەکاتەوە؟ بەڕاستی سەیرە! کابرایەك دژی شەڕ بێ، خۆی گوتەنی دژی کوشتاری برای هاوچینی بێو... سەرباری ئەوەش ئەفسەر بێ.

کالمیکوف، بە دەست کێشای بە ملی چەکمەکانیاو لە کانگای دڵەوە، لە قاقای دا.

لیستنتسکی پرسی:

– تۆ، لەگەڵ دەستەی ڕەشاش چیەکانتا، چەند کرێکاری ئەڵمانیت کوشتووە؟

بونچوک، چەپکێك کاغەزی لە بەرکی پاڵتۆکەی دەرهێنا، پشت لە لیستنتسکی وەستا بوو، ماوەیەکی زۆر بە ناو کاغەزەکاندا گەڕا. ئەوجا چوو بۆ لای مێزەکەو بە دەستە زەلامەکانی، کە دەمارەکانی زەق بوو بوونەوە، ڕۆژنامەیەکی کۆنی زەردهەڵگەڕاوی، لەسەر مێزەکە بڵاوکردەوەو لۆچەکانی ساف کردەوەو گوتی:

– چەند کرێکاری ئەڵمانیم کوشتووە؟ بەڵێ، ئەمەش بۆ خۆی پرس و مەسەلەیەکە. من بۆیە بە خوایشتی خۆم پەیوەندیم بە سوپاوە کرد، چونکە ئەگەر تەتەوعیشم نەکردبایە هەر دەبرام بۆ سەربازی. وا هەستدەکەم ئەم ئەزموونەی لێرە، لە ناو سەنگەراندا بە دەستم هێناوە، پاشان بە کەڵکم دێت. بەڵێ پاشان. ئێستا گوێ لەمە بگرە، ئەوجا دەستی بە خوێندنەوە کرد. وتارێکی لینین بوو:

" .. با سوپای مودێرن بە نموونە وەربگرین. سوپا نموونەیەکی باشی ڕێکخراوە. باشی ئەم ڕێکخراوە لەوەدایە کە نەرمیەکی تەواوی تێدایەو دەزانێ و دەتوانێ لە کات و شوێنی خۆیدا، ملیۆنەها خەڵکی لە سایەی یەك ئامانج و ئیرادەدا یەکبخات، ئەمڕۆ ئەم ملیۆنەها خەڵکە لە سەرانسەری وڵاتا، لە ماڵی خۆدا دەژین، بەڵام سبەینێ هەرکە جاڕی بەسیج و خڕ بوونەوە درا، هەر هەموویان لە بنکە دیاریکراوەکاندا خڕدەبنەوە. ئەمڕۆ لە سەنگەردان و لەوەیە بە چەند مانگ لە سەنگەردا بمێننەوە، سبەینێ لە وەزع و حاڵێکی دیکەدا، هێرشیان پێدەکرێت. ئەمڕۆ، بەخۆ پەنادان لە سەنگەرا، بە خۆ پاراستن لە گوللەو تفەنگان، کارێن پەرجووئاسا ئەنجام دەدەن.بەڵام سبەینێ، لە وەزعێکی دیکەدا، لە شەڕێکی مەکشووفدا،سینگ بە گوللەوە دەنەن و لە شەڕی رووبە ڕوودا ،کارێن پەرجوو ئاسا ئەنجام دەدەن. ئەمڕۆ یەکەکانی پێشەوەی، مین لە ژێر عاردیدا دەنەنەوە، سبەینێ بە گوێرەی ڕێنوێنی ئەو فرۆکەوانانەی کە بەسەر زەویدا دەفڕان، بە دەیان فرسەخان پێشڕەوی دەکەن. ڕێکخستن و ڕێکخراو شتێکی لەو بابەتەیە: لە پێناوی یەك ئامانج و یەك مەبەستدا، بە یەك ویست و ئیرادەوە، ملیۆنەها نەفەر، جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆیان، چالاکی و چەلەنگی خۆیان، شوێن و شێوەی چالاکی خۆیان دەگۆڕن، ئەوزارو چەکی خۆیان بە گوێرەی هەلومەرج و پێداویستیەکانی خەبات دەگۆڕن – ڕێکخستن و ڕێکخراو ئاوهایە. هەمان شت دەربارەی خەباتی چینی کرێکار، دژی بۆرژواش دروستە. بەڵام ئەمڕۆکە بارودۆخی شۆڕشگێری لەبار، لە ئارادانییە..."

چوبوف، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– مەبەستت لە "بارودۆخ" چیە؟

بونچوك، وەکو یەکێك لە ناکاوا، لە خەو بێداریان کردبێتەوە، ڕاچڵەکی و تەمەشایەکی کرد. قامکە گەورەی بە ناوچەوانە زەقەکەیدا هێنا، و هەوڵیدەدا بزانێ پرسیارەکە چی بوو.

– گوتم مەبەستت لە (بارودۆخ) چیە؟

– خۆم باش تێی دەگەم، بەڵام ناتوانم بە دروستی روونی بکەمەوە.

بونچوك، بزەیەکی سادە، بزەیەکی منداڵانەی بۆ کرد. ئەم بزەیە بەسەر دەموچاوە پان و گرژەکەیەوە سەیر دەهاتە بەرچاو، رێك وەکو تێپەڕینی بروسکە ئاسای کەروێشکێکی چکۆلەی کەوەیی وا بوو کە بەدەم هەڵبەزو دابەزەوە بە نێو کێڵگەیەکی باران گرتەی خەمناکی پایزەدا تێ بپەڕێت...

– بارودۆخ، شتێکە وەکو هەڵوێست، هەلومەرجێکی تایبەتی، یان شتێکی لەو بابەتە... وایە، خۆ بە هەڵەدا نەچووم؟

لیستننتسکی، سەرێکی لەقاندو گوتی:

– بەردەوام بە لەسەر خوێندنەوەکەت.

" ئەمڕۆکە، بارودۆخی شۆڕشگێڕی لەبار، لە ئارادانیە، چونکە زروف جۆشدانی جەماوەری خەڵکی و بەرز کردنەوەی ئاستی خەبات و تێکۆشانیان، لە ئارادانییە. ئێوە کە ئەمڕۆکە، کارتی هەڵبژاردنتان دەدەنێ، وەری بگرن و بەجۆرێ خۆتان و کاروباری خۆتان رێك بخەن، کە بتوانن وەکو چەکێك دژی دژمنانی خۆتان بەکاری بێنن، نەك بیکەن بە ئەوزارێك بۆ وەدەست هێنانی وەزیفەی پەرلەمانی خۆش و ڕەحەت و خەڵکانێك بگەیەننە ئەنجوومەن کە ئەو جێگا گەرم و نەرمە بگرن و لە ترسی زندان، بە هەردوو دەست خۆ بە کورسییەکانی خۆوە هەڵواسن. ئەگەر سبەینێ ئەم کارتی هەڵبژاردنەیان لێسەندنەوەو تفەنگێك یان مەترەلۆزێکی ئۆتوماتیکی دوا مۆدیلیان دایە دەستتان، ئەم ئەوزاری مەرگ و وێرانیە وەربگرن و گوێ بە قسەی ئەو خەڵکە عاتیفییە نەدەن کە هەمیشە حازر گریانن و لە جەنگ دەترسن. چونکە لەم دنیایەدا زۆر کۆسپ و تەگاران هەن کە دەبێ لەسەر رێگای رزگاری چینی کرێکار، بە ئاگرو ئاسن لا ببرێن و خۆ ئامادەو تەیار بکەن کە بارودۆخی لە باری شۆڕشگێڕی هاتە ئاراوە، ئەم ئەوزارو چەکە زۆر کاراو چاکانە، ئەم چەکی مەرگ و وێرانیانە دژی حکومەتی خۆو بۆرژوای خۆ بەکار بەرن..."

پێش ئەوەی بونچوك لە خوێندنەوەی وتارەکە ببێتەوە، رەیس عورەفای سریەی پێنجەم لە دەرکەی داو خۆی بە پەناگاکەدا کردو بە کالمیکوف گوت:

– ئەزبەنی، پەیکێك لە سەرکردایەتی کەتیبەوە هاتووە.

کالمیکوف و چوبوف، پاڵتۆکانیان لەبەر کردو وەدەرکەوتن. میرکولوف دانیشت و بەدەم فیکەکێشانەوە کەوتە نیگارکێشی.

لیستننتسکی، بە ناو پەناگاکەدا کەوتە هاتوچۆ، بەدەم یاریکردن بە سمێڵەکانیەوە، لەفکران ڕاچوو بوو. دوای تۆزێك بونچوکیش خوا حافیزی کردو ڕۆیی. بە دەستی چەپی یەخەی پاڵتۆکەی گرتبوو، بە دەستی ڕاستی داوێن و پاڵدمی پاڵتۆکەی دێنایەوە سەر یەك و بە نێو قوڕاوی خزی خەندەك و سەنگەرەکاندا ڕێی دەکرد. بایەکی توندی گێژەلۆکە ئاسا، بە گڤ و هۆڕو فیکەکێشانەوە خۆی بە ڕارەوی تەنگی نێوان سەنگەرەکاندا دەکرد. بونچوك، بە نێو تاریکیەکەدا ڕێی دەکردو ناو بە ناو بزەیەکی دەهاتێ. کاتێ گەییەوە پەناگەکەی خۆی، سەراپای لە بارانا هەڵکشا بوو، بۆنی گەڵای رزیوی داربییانی گرتبوو. سەر دەستەی رەشاش چیەکان خەوتبوو،

هێشتا شوێنەواری بێخەوی بە سیمای تاوەسووت و سمێڵە ڕەشەکەیەوە دیار بوو (سێ شەوی پەیاپەی بە قومارەوە بەسەر بردبوو). بونچوك، دەستی کرد بە خورجینەکەی خۆیا، کە یادگاری دەورانی سەربازیی بوو و، دەستەیەك کاغەزی دەرهێناو لە بەر دەرگاکە سووتاندی، ئەوجا دوو قوتو گۆشت و چەند مستێك فیشەکی دەمانچەی لە گیرفانی ناو بۆ جاری دووەم لە پەناگەکە وەدەرکەوت. بایەکی توند لە دەرگاکەوە کە بۆ چرکەیەك بە کراوەیی مایەوە، خۆی وەژوورا کردو خۆڵەمێشی کاغەزە سووتاوەکانی بڵاوکردەوەو چرا چکۆڵە دووکەڵاویەکەی کوژاندەوە.

دوای ڕۆییشتنی بونچوك، لیستنتسکی، چەند دەقیقەیەکی دیکەش، بە بێدەنگی، بە ناو پەناگاکەدا هاتوچوی کردبوو و پاشان چوو بوو بۆ لای مێزەکە. میرکولوف، سەری دانەواند بووەوەو هێشتا مژوولی نیگارکێشی بوو. لە ژێر قەڵەمە دادراوەکەیەوە کە کۆمەڵێك سێبەری تەنکی کێشا بوو، ڕووی بونچوك کە نیمچە بزەیەکی نیشتبووە سەرو لە تۆ وایە بە تۆبزی پێدەکەنێ، لەسەر کاغەزێکی چوار گۆشەی سپیەوە. دیار بوو.

میرکولوف، دەستی لە نیگارکێشی هەڵگرت و ڕووی کردە لیستنتسکی و گوتی:

– سەرو سیمایەکی بە شەخسیەتی هەیە.

یەڤگینی پرسی.

– باشە، تۆ ڕەئیت چیە؟

میرکولوف، کە بە مەزندە پەی بە مەبەست و مانای ئەم پرسیارە برد بوو، گوتی:

– ئەوەی ڕاستی بێ، سەری لێدەرناکەم. گەنجێکی سەیرە. ئەمڕۆکە رازی دڵی خۆی بە ڕوونی و ڕەوانی دەربڕی، هەرچیەکی لە هەگبەدا بوو هەڵیڕشت. من تا ئێستا نەمتوانی بوو، هیچ نهێنییەکی لێدەربێنم. دەزانی لە نێو قۆزاقەکاندا، زۆر خۆشەویستە، بە تایبەتی لە نێو ڕەشاشچیەکاندا، تۆ هەستت بەمە کردووە؟

لیستنتسکی، وەڵامێکی هەندێ گۆنگی دایەوە:

– بە... لێ.

– ڕەشاشچیەکان، هەر هەموویان بەڵشەویکن. یارۆ توانیویەتی بەلای خۆیدا ڕایانبکێشێت. من سەرم لەمە سوڕماوە بۆچی ئەمڕۆ دەستی خۆی خستە ڕوو. مەبەستی چی بوو، بۆ ئەمەی کرد؟ بۆ ئەوەبوو ڕقی ئێمە هەستێنێ! بەڵام خۆ سوور دەزانێ کە کەسمان هاوبیروبۆچوونی ئەو نین. بەڵام بۆچی بەو ئاسانییەو بەدەمی خۆی، خۆی ئاشکرا کرد؟ لەو کەسانە نییە بە ئاسانی پێ لە تەختەی چروك بنێت. کەسێکی خەتەرناکە.

میرکولوف، وێنەکەی بونچوکی نایەلاوە، بەدەم داکەندنی جلەکانیەوە بیری لەم ڕەفتارە سەیرەی بونچوك دەکردەوە. گۆڕەییە نمسارەکانی (نمدار، شێدار) لەسەر سۆپا چکۆلەکە هەڵواسین. سەعاتەکەی کوك کرد، سیغارێکی کێشاو چووە ناو جێگاوە. زوو بە زوو خەوی لێکەوت. لیستنتسکی چوو لە سەر ئەو کورسییە دانیشت کە میرکولوف، چارەکە سەعاتێك لەوەپێش لەسەری دانیشتبوو. نووکی قەڵەمە تیژەکەی شکاندو بە خەتی درشت لە پشت کاغەزی نیگارکێشییەکەوە نووسی:

"جەنابی تیمساری پایەبەرز

ئەو گومان‌و مەزەندەیەی کە پێشتر بە جەنابتانم ڕاگەیاند بوو، ئەمڕۆ بە تەواوەتی ساغ بووەوە. نایب زابت بونچوك ئەمڕۆ لە گفتوگۆیەکدا دەگەڵ ئەفسەرانی کەتیبەکەماندا (کە جگە لە بەندە، نەقیب کالمیکوف‌و ملازم چوبوف، ئەفسەرانی فەسیلی پێنجەم‌و نەقیب میرکولوف، ئەفسەری فەسیلی سێیەمیش لەوێ بوون) بە ئاشکرا و بەدەمی خۆی دانی بەو ئامانجانەدا نا کە بە گوێرەی بیروباوەڕی سیاسی خۆی‌و هەڵبەتە بە پێی ڕێنمایی حیزبەکەی کاریان بۆ دەکات. ئەوەی ڕاستی بێ نازانم بۆچی ئەم ئیعترافەی کرد. کۆمەڵێك بلاڤۆکی یاساغ‌و قەدەغەی پێبوو. بۆ نموونە چەند پەرەگرافێکی ڕۆژنامەی "کۆمونیست"ی ئۆرگانی حیزبەکەی خۆی، کە لە جنێف چاپ دەبێت، بۆ نموونە خوێندنیەوە. بەمەیا دیارە کە نایب زابت بونچوك، ژێراو ژێر لە ناو کەتیبەکەماندا، چالاکی سیاسی دەکات. ( ڕەنگە هەر بەم مەبەستەش تەتەوعی کردبێت بۆ خزمەتی سەربازی) یەکەم ئامانجی، ڕەشاش چیەکان بووە، بە ڕاستی ورەی روخاندوون. دەسەڵاتی خەراپکارانەی لە سەرانسەری کەتیبەکەدا دیارە، تا ئێستا چەند حاڵەتێکی نافەرمانی‌و سەر پێچی دەستوورو فەرمانان روویداوە. پێشتریش ئەم شتانەم بە نووسینگەی تایبەتی سەرکردایەتی سوپاو لایەنێن پەیوەندار ڕاگەیاندووە.

نایب زابت بونچوك، کە بە مادوونی ڕۆیی بوو، چەند ڕۆژێك لەمە پێش گەرایەوە، کۆمەڵێك بلاوکراوەی یاساغ‌و نهێنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. حاڵی حازر لە هەوڵی ئەوەدایە چالاکیەکانی خۆی زیاد بکات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرێ ڕا، گەییوومەتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

١- تاوانی نایب زابت بونچوك، شتێکی حاشا هەڵنەگرە (ئەو ئەفسەرانەی کە لە گەنگەشەو گفتوگۆکەدا ئامادە بوون، ئەگەر سوێند بدرێن، دروستی ئەم قسانەی بەندە دەسەلمێنن.

٢- جا بۆ ڕاگرتنی چالاکی سیاسی ناڤبری، پێویستە یەکسەر دەستگیر بکرێت‌و بدرێتە دادگای سوپایی مەیدانی...

٣- پێویستە مەفرەزەی ڕەشاشچیەکان یەکسەر هەڵبوەشێنرێتەوە، خەتەرەکانیان دەربکرێن‌و ئەوانی دیکەیان بۆ بەرەی پاشەوە بنێردرێن، یان بەسەر کەتیبەکانی دیدا دابەش بکرێن، تکام وایە باوەڕ بەدڵسۆزی بەندە لە هەنبەر خزمەتی وڵات‌و تزاردا، بفەرموون، کۆپیەکی ئەم ڕاپۆرەم بۆ تیمسار، فەرماندەی سوپا، س. کورب ناردووە.

نەقیب یەڤگینی لیستنتسکی

کەرتی ژمارە، ٧، ١٩١٦/١٠/٢٠

سبەی بەیانی زوو، لیستنتسکی، ڕاپۆرەکەی بە تەتەرێکدا بۆ سەرکرایەتی فیرقە نارد. دوای تێشت (نانی بەیانی) لە پەناگاکە وەدەرکەوت. لەو دیو بارستە گڵە لینجەکەی بەردەم مەتەرێزەکەوە تەمێکی تەنك بەسەر زۆنگاو و باتلاغەکەوە گێژی دەخوارد، وەکو تۆپەڵە پەموو، بە تەلە دڕکاویەکانەوە چەسپا بوو. ناو سەنگەرەکان، هەر قوڕ بوو. بارستایی قوڕی نێو سەنگەرەکان بە ئەندازەی نیو قامکان دەبوو. ئاو لە گڵی دەوری مەتەرێزەکانەوە دزەی دەکردە

ژوورەوە. قۆزاقەکان بە پاڵتۆ تەڕو قوڕاویەکانیانەوە، تفەنگەکانیان بە دیواری سەنگەرەکەوە هەڵپەسارد بوو، بە چیچکانەوەو بەدەم جگەرەی کێشانەوە دانیشتبوون و لەسەر قەڵغانێك کە لە مەترەلۆزێکیان کردبووەوە، لە کتریەکا چایان لێدەنا.

لیستنتسکی، هەرکە لە یەکەم گروپی سەربازان نزیك بووەوەو بینی لە دەوری ئاگرێکی دووکەڵاوی هەڵتروشکا بوون و تووڕە بوو و هاواری کرد:

– چەند جار پێتان ڕاگەیەنراوە کە ئاگر کردنەوە لەسەر قەڵغانان قەدەغەیە؟ مەگەر تێناگەن، هەی خوێڕی و تۆڕیانە؟

دوانیان، بە نە بەدڵی لەبەری هەستان. ئەوانی دی کە دامێنی پاڵتۆکانیان لە ژێریاندا تۆپەڵ بوو بوو، جوڵەیان بۆ نەکرد، بە دانیشتنەوە، لەسەر جگەرەکێشانی خۆ بەردەوام بوون. قۆزاقێکی ڕیشنەی، ڕەشتاڵە کە گوارەیەکی زیو بە نەرمەی گوێچکە چرچەکەیەوە ئاوێزان بوو، چنگێك چڵ و چێوی وەژێر کتریەکەداو بەرسڤی دایەوە:

– ئێمەش حەز دەکەین قەڵغان بەکار نەیەنین، بەڵام قوربان هیچ چارێکمان نییە، چۆن ئاگر بکەینەوە؟ تۆ تەمەشا بزانە ناو سەنگەرەکە چ قوڕو چڵپاوێکە!

– خێرا ئەو قەڵغانە لا بەرن دەی!

قۆزاقێکی دەموچاوپانی کونج، بە پەستیەوە رووی وەرگێڕاو گوتی:

– یانی بەم حیسابە بێ، نابێ هیچ بخۆین؟ شتی وا دەبێ؟

– پێمگوتن، ئەو قەڵغانە لابەرن.

لیستنتسکی، بە نووکە شەقێك چڵ و چێوی گڕگرتووی ژێر کتریەکەی، تووڕدا.

قۆزاقە ڕیشنە گوارە لە گوێیەکە، بە دەم زەردەخەنەیەکی تووڕەو پەشێوەوە، ئاوە گەرمەکەی ڕشت و لە بن لێوانەوە گوتی:

– کوڕینە، تێر چا بووین...

قۆزاقەکان، بە بێدەنگی، لە دواوە ڕوانیانە نەقیبەکە کە لەوان دوور دەکەوتەوە، قۆزاقە ڕیشنەکە، کە گڕ لە چاوانی دەبووەوە گوتی:

– سەگبابە لێی تێکداین!

قۆزاقێکی دیکە، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو ئەوجا تفەنگەکەی لە شان کرد.

میرکولوف، بە هانکە هانك، لیستنتسکی، لە بنکەی ڕەعیلی چوارەمدا گرتەوە. خشەخشی چاکەتە چەرمە تازەکەی سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی، بۆنی توتنی هەرزان بایی لە هەناسەی دەهات، یەڤگینی بردە لاوەو بەلەز پێی گوت:

– ئاگاداری، بونچوك دوێشەو هەڵاتووە؟

– بونچوك؟ چۆن... ن؟

– هەڵاتووە، تێدەگەی؟ فەرماندەی مەفرەزەی ڕەشاشچیان، کە لە هەمان پەناگاو مەتەرێزی ئەودا دەنووێ، گوتی دوێشەو نەگەڕاوەتەوە، مانای وایە کە لە لای ئێمە دەرچووە، نەگەڕاوەتەوە بۆ پەناگاکەی خۆی. بێگومان هەڵاتووە.

لیستنتسکی، برۆکانی ویکهێنانهوەو، ماوەیەکی زۆری بە پاککردنەوەی عەینەکەکەیەوە بردە سەر.

میرکولوف، چاوی لە دورچاوانی بڕی و پرسی:

– ناڕەحەت دیاری؟

– من؟ شێت بووی؟ بۆچی ناڕەحەت بم؟ هەر هەواڵەکەم پێسەیر بوو، چاوەڕوانی شتی وانەبووم.

"٢"

بەیانی رۆژی دوایی، رەیس عورەفایەك، بە نیگەرانی و پەشوکاوییەکی زۆرەوە، خۆی بە پەناگایەکەی لیستنتسکیدا کرد، دوای مینجە مینج و ملەجاوکەو دوو دڵیەکی زۆر گوتی:

– ئەزبەنی، هەندێ لە قۆزاقەکانمان، ئەم بەیانییە، ئەم کاغەزو بڵاوکراوانەیان لە سەنگەرو مەتەرێزەکاندا دۆزیوەتەوە... هەڵبەتە مایەی نیگەرانیە... جا بە پەلە بۆ تۆم هێناون، وتم نەوەك سەریەشەو گێچەڵێکمان بۆ دروستبکەن...

لیستنتسکی، لەسەر قەرەوێڵە سەفەریەکەی ڕاست بووەوەو پرسی:

– کاغەزو بڵاوکراوەی چی؟

رەیس عورەفایەکە، چەند بڵاوکراوەیەکی چرچ و لۆچی دایە دەست ئەو. لیستنتسکی، ئەم وشانەی خوارەوەی کە بە خەتێکی خۆش لەسەر کاغەزێکی هەرزان بەها، بە تایپ چاپکرا بوو، بە یەك نەفەس خوێندەوە: کرێکارانی جیهان یەکگرن!

"هاوڕێیانی سەرباز

دوو دانە ساڵە ئەم شەڕە نەفرەتیە بەردەوامە. دوو دانە ساڵە سەنگەرتان گرتووەو لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی دیکەدا ڕەنجدەدەن. دوو دانە ساڵە خوێنی کرێکاران و جووتیارانی هەموو ولاتان دێتە ڕژان. سەدان هەزار کوژراوو برینداد، سەدان هەزار بێوەژن و هەتیو، بەری ئەم قەسابخانەو کوشت و کوشتارەیە. لە پێناوی کێدا دەجەنگن؟داکۆکی لە بەرژەوەندی کێ دەکەن؟ حکومەتی تزاری، ملیونەها سەربازی رەوانەی بەرەکانی شەڕ کردووە، داونەتێ دەم ئاگری شەڕەوە تا سەر زەمینانی تازە بگرێت و گەلانی ئەم سەرزەمینانە وەکو گەلانی پۆڵانداو میللەتانی یەخسیری دیکە، دابدۆشێت و بچەوسێنێتەوە، هەرکاتێ کە کارخانەدارانی سەرانسەری جیهان، نەتوانن بازاڕانی دنیا بۆ فرۆشی بەروبوومی کارخانەکانی خۆیان دابەشبکەن، هەر کاتێ نەتوانن لەسەر دابەشکردنی بەرژەوەندی لە نێوان خۆیاندا ڕێکبکەون، هەنگێ ئەم دابەشکردنە بە زەبری چەك ئەنجام دەدەن و ئێوەی ڕەش و ڕووت و نەزان دەنێرنە بەرەکانی شەڕو لە پێناوی بەرژەوەندی ئەواندا دێنە کوشتن یان خەڵکانی قەرەبەخت و چەوساوەو زەحمەتکێشی وەکو خۆتان دەکوژن.

بەسە، لەوەی پتر خوێنی برایانی خۆتان مەڕێژن! زەحمەتکێشان وەخۆ بێنەوە! دژمنی ئێوە سەربازانی نەمساوی یان ئەڵمانی نین، کە وەکو ئێوە فریودراون، دژمنی ئێوە، تزارەکانی ولاتی خۆتان، کارخانەدارو فیودالانی ولاتی خۆتانن، لوولەی تفەنگەکانتان بکەنە ئەوان. دەستی

برایەتی بۆ سەربازانی نەمساوی و ئەڵمانی درێژ بکەن، لە بەینی ئەو تەلبەندانەوە کە ئێوەیان وەکو درندە پێ لێکدی جیا کردووەتەوە، دەستی یەکدی بگوشن. ئێوە، لە کارو زەحمەتا، برای یەکترن. ئێستاش شوێنەواری کارو زەحمەتکێشان بە دەستانەوە دیارە. ئێوە هیچتان نییە تا لە دەستی بدەن. بڕوخێ ئوتوکراتیەت (استبداد)! بڕوخێت جەنگی ئیمپریالیستی! بژی یەکێتیی و یەکڕیزی کرێکارانی سەرانسەری جیهان!".

لیستنسکی کە گەییە دوا دێڕی بەیاننامەکە هانکە هانکی پێکەوت، لەزگ بوو خەفە ببێت، بە دڵێکی پڕ لە قینەوە، بەوپەڕی ترس و نیگەرانیەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "نەخێر شتەکە دەستی پێکرد! خەریکە دەقڵیشێتەوە!"

بە تەلەفۆن، هەموو شتەکانی بۆ فەرماندەی کەتیبەکە گێڕایەوەو لە کۆتاییدا پرسی:

– قوربان، فەرمانتان بەچییە؟

لە میانەی ویزەو ویزی پێشکە ئاسای تەلەفۆنەکەوە، گوێی لە دەنگی فەرماندە بوو کە بە پچڕ پچڕی دەهاتە گوێی:

– هەر ئێستا رەیس عورەفاکەو ئەفسەرانی ڕەعیل و دەستەکان دەگەڵ خۆتا ببەو بکەونە تەحەڕی و پشکنین، هەر هەمووان ، ئەفسەرەکانیش بپشکنن، کەس نەبوێرن. ئەمڕۆ لە سەرکردایەتی فیرقە دەپرسم کە کەی کەتیبەکە بۆ شوێنێکی دی دەگوازنەوە. گوشاری تەواویان دەخەمە سەر. ئەگەر لە کاتی تەحەڕی و پشکنیندا هەر شتێکت دۆزییەوە، یەکسەر ئاگادارم بکەوە.

– وا وێنا دەکەم ئەمە کاری ڕەشاشچییەکان بێ.

– تۆ بڵێی؟ هەر ئێستا دەستوور بە ئیگناتیچ دەدەم کە نەفەرەکانی خۆی بپشکنێ. خوا حافیز.

لیستنتسکی، فەرماندەی ڕەعیلەکانی لە مەتەرێزەکەی خۆیدا خڕکردنەوەو دەستوورەکەی فەرماندەی کەتیبەکەی پێڕاگەیاندن.

میرکولوف، پەست بوو:

– بە ڕاستی ڕیسواییە! یانی ماقوولە ئێمە یەکدی بپشکنین؟

رازدورتسیڤ، ئەفسەرێکی گەنج کە هێشتا مووی لێنەهاتبوو هەڵیدایە:

– لیستنتسکی، یەکەمجار لە تۆوە دەست پێدەکەین.

– نەخێر، تیروپشکی بۆ دەکەین.

– نا، بە گوێرەی ریزی ئەلفبا.

لیستنتسکی، بە دەنگێکی جدی، قسەکانیانی بڕی:

– بەڕێزینە، واز لە سوعبەت بێنن، هەڵبەتە یارۆ ویستویەتی شتەکە بە هەند بگرێت: ئەفسەرانی ئەم کەتیبەیە، لە ژنەکەی تزار پاکترو دڵسۆزترن، تەنیا نایب زابت بونچوک جێی گومان بوو، ئەویش هەڵاتووە. بەڵام هەر چۆنێ بووە دەبێ سەربازەکان بپشکنین، کوا یەکێکتان رەیس عورەفاکە بانگ بکەن.

نایب زابتەکە، پیاوێکی کامڵ بوو کە میداڵی نمرە سێی سوارچاکی سان جۆرجی بە بەرۆکەوە بوو، وەژوور کەوت.

کۆکەیەکی بۆ کردو کەوتە چاوگێڕان بەسەر ئەفسەرەکاندا. لیستنتسکی لێی پرسی:

– کێ لە سریەکەدا جێگەی گومانە؟ بە قەناعەتی تۆ کێ توانیویەتی ئەم بڵاوکراوانە بڵاوبکاتەوە؟

نایب زابتەکە، بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە:

– کەسی وا لە سریەکەی ئێمەدا نییە قوربان.

– بەڵام ئەو بڵاوکراوانە، لە پەناگاکانی ئێمەدا دۆزراونەتەوە، کەس لە سریەکانی ترەوە هاتووە بۆ سەنگەرەکانی ئێمە؟

– نەخێر ئەزبەنی، کەس لە سریەکانی دیکەوە نەهاتووە.

میرکولوف، بەدەم دەست هەڵتەکاندنەوە ڕووی بۆ لای دەرگاکە وەرگێڕاو گوتی:

– دەڕۆین و یەك یەك دەیان پشکنین.

پشکنین دەستی پێکرد، ڕوخساری سەربازەکان، هەریەکەو جۆرە هەستێکی دەنواند: هەندێکیان زۆر پەست و خەمبار بوون، هەندێکی دیکەیان بە دوو دڵی و ترسەوە دەیانڕوانیە ئەو ئەفسەرانەی کە کەلوپەلە ناچیزەکانی ئەوانیان دەپشکنی، هەندێکی دیکەیان پێکەنینان دەهات.

عەریفێك، کە دیار بوو، کەسێکی نەترسە پرسی:

– باشە ئێوە لە چی دەگەڕێن؟ هیچ شتێك دزراوە؟ ئەگەر شتی وا هەیە بیڵێن، بەڵکو ئێمە دیتبمان.

پشکنینەکە هیچی لێوەبەر نەهات. تەنیا یەك نوسخەی چرچ و لۆچی بڵاوکراوەیەکیان لە گیرفانی پاڵتۆی قۆزاقێکی سریەی یەکەمدا دۆزییەوە. میرکولوف، بە ترسێکی کۆمیدیانەوە بڵاوکراوەکەی فڕێدایە سەر عاردی و پرسی:

– خوێندووتەوە؟

قۆزاقەکە، بزەیەکی بۆ کردو بێئەوەی چاوانی هەڵبڕێ بەرسڤی دایەوە:

– لە ئەرزەکەدا کەوتبوو، هەڵمگرتەوەو گوتم بۆ سیغارپێچانەوە باشە. لە جیاتی پەڕە سیغار بەکاری دێنم.

لیستنتسکی، سوور بووەوەو گوتی:

– هێشتاش پێدەکەنی؟

لە کاتێکا برژانگە کورتە زەردەکانی لە ژێر عەینەکەکەیەوە دەجولاند، لە سەربازەکە نزیك بووەوە.

لە ناکاوا سیمای قۆزاقەکە گۆڕا، بزەکەی سەر لێوی، وەك ئەوەی با بردبێتی، ڕەوییەوەو نەما. یارۆ بە دەنگێکی بەرزی کەسەردار، نیمچە تووڕە هاتە قسان.

– بە یارمەتیت قوربان، من کوڵکە خوێنەوارم، زۆر بە زەحمەت دەخوێنمەوە. ئەمە لە ئەرزەکەدا کەوتبوو، هەڵمگرتەوە تا سیغاری پێ بپێچمەوە، چونکە تووتنم هەیە، بەڵام پەڕە سیغارم نییە، بۆیە هەڵمگرتەوە.

لیستنتسکی تفێکی کردو ڕۆیی. ئەفسەرەکانی دیکەش دوای کەوتن.

بۆ سبەینێ، کەتیبەکە لەوێ بارکراو بۆ دە فرسەخی، پشتی بەرەی شەڕ گوازرایەوە، دوو سەربازی گروپی ڕەشاشچیان دەستگیر کران و دران بە دادگای مەیدانی (سوپایی) و هەندێکیان بۆ کەتیبە یەدەگەکان گوازرانەوەو ئەوانی دیکەش بۆ کەتیبەو یەکەکانی سەر بە فیرقەی دووەمی قۆزاقان گوێزرانەوە.

دوای ئیسراحەت و پشوویەکی چەند ڕۆژە، کەتیبەکە وەخۆ هاتەوەو دەستێکی بە خۆیدا هێناو کەوتەوە سەر سکەی خۆی. قۆزاقەکان خۆیان شۆرد بوو، جل و بەرگیان شۆرد بوو، ڕیشیان تاشی بوو، نەك بەو شێوەیەی کە لە سەنگەراندا دەیانکرد. کە لە سەنگەرا بوون، ئاگریان دەنا بە ریشی خۆیانەوە، یانی ڕیشیان هەڵدەکوڕوزاند، کە گڕی دەگرت، خێرا خاولیەکی تەڕیان لەسەرو رووی خۆ دەپێچاو مووە سووتاوەکانیان لێدەکردەوە. ئەم جۆرە تەراشەیان ناو نابوو "بەراز تەراش" ئەمەیان لە زمانی بەربەری(دەلاك) سوپاوە وەرگرتبوو کە جارێك لە یەکێك لە مشتەرییەکانی پرسی بوو: ،"بەراز تەراشت بکەم، یان شێوەیەکی دیکە؟"

کەتیبەکە ئێستا لە ئیسراحەتا بوو. قۆزاقەکان سەروو روویەکی، بە ڕواڵەت لە جاران خۆشتریان هەبوو. بەڵام لیستنتسکی و هەموو ئەفسەرەکانی دی، دەیانزانی کە ئەم کەیف و شادیە ڕەوتەنیە لە رۆژێکی خۆشی مانگی نۆڤەمبەر دەچێت: کە ئەمڕۆ خۆشەو سبەی ناخۆشە. ئەوەندە بەس بوو، بە درۆوە باسی چوونە بەرەی شەڕو شەرگە بکرێت، ئیدی سەرو دڵیان دەگیرا: ئیدی ناڕەحەتی و بێزاری و شەڕەنگێزی لە روویان دەباری. بێتاقەتییەکی کوشندە و جۆرە روخان و ورە بەردانێك هەست پێدەکراو، ئەم بێتاقەتیە جۆرە نەترە بەردانێکی دەروونی لێدەکەوتەوە. لیستنتسکی چاك دەیزانی، عینادی و پێداگرتن لەم حاڵەتانەدا چەند ترسناکە.

لە ساڵی ١٩١٥دا، بە چاوی خۆی بینی بووی کە چۆن سریەیەکی پیادە، پێنج جاری دوا بە دوای یەك ناچار کرابوو هێرش بکات، سەرباری ئەوەی زیانێکی گیانی زۆری لێکەوتبوو، هەموو جارێك هەر هەمان ئەمری پێکرا بوو "هێرش بەرن!" ئیدی پاشماوەی سریەکە بەبێ پرس پاشەکشەیان کردبوو، بۆ پشتی شەرگە (مەیدانی جەنگ) گەڕابوونەوە. ئیدی دەستوور بە سریەکەی لیستنتسکی درابوو کە پێشیان لێبگرێتەوەو نەیەڵێت پاشەکشە بکەن، بەڵام کاتێ ئەو بە خۆو سریەکەیەوە چوو بووە پێشیان و ویستبووی رێیان لێبگرێت و گلیان بداتەوە. ئەوان دەستیان کردبووەوە و تەقەیان لێکردبوون، سریەی ناوبراو هەر سی کەسێکیان لێمابووەوە. لیستنتسکی بە چاوی خۆی دیتبووی کە ئەوانە بە چ بێباکیەکی نا ئومێدانەوە، بەرگریان لە خۆ کردبوو، چۆن، لە ژێر جەزرەبەی شمشێری قۆزاقاندا، بەلادا دەهاتن و لە خاك و خۆڵا دەگەوزان، چونکە دەیانزانی چارەنووسیان هەر مردنە مردن، ئیدی لە هیچ شتێك نەدەگەڕانەوەو باکیان بەوە نەبوو، کەی و لە کوێ مەرگ بەرۆکیان بگرێت.. مردن هەر مردنە، هۆکارەکانی هەرچیەك بن.

لیستنتسکی کە بیری لەو بویەرە دەکردەوە، بە نیگەرانی و دوودڵیەکی زۆرەوە دەیڕوانیە روخساری قۆزاقەکان و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئایا ئەمانەش هەڵدەگەڕێنەوە، پاشەکشە

دەکەن، جگە لە مردن هێز نابێ گلیان بداتەوە؟" کە ڕوانیە نیگای شەکەت و شپرزەیان، هەر خۆی وەڵامی خۆی دایەوە: "بەڵێ، بێگومان، وا دەکەن. وا دەکەن و ئەولاتریش."

قۆزاقان، لە چاو جارانی زوودا، لە ڕەگ و ریشەوە گۆڕا بوون، لە هەوەڵین ڕۆژانی شەڕەکەوە ئەم گۆڕانەیان پێوە دیار بوو، تەنانەت ستران و قامەکانیشیان گۆڕا بوو، ئەوەی جاران نەبوو: دەگەڵ جەنگدا هاتبوونە ئاراوە، یەکپارچە داخ و کەسەر بوون. شەوان کە بەلای حەوشەی ئەو کارخانە گەورەیەدا تێدەپەڕی کە سریەکەی هەواریان تیا خستبوو، لیستنتسکی گوێی لە گۆرانی و قامی یەجگار خەمناک دەبوو. بە زۆری سێ چوار کەس پێکەوە دەیانچڕی، هەوەڵجار دەنگی گۆرانیەکی یەجگار بێوێنە بەرز دەبووەوەو بەسەر هەموو دەنگە گڕەکاندا زاڵ دەبوو!

ولاتەکەم، ئەی زاگەی باو باپیرانم

جارێکی دیکە نات بینمەوە

ئیدی نات بینمەوەو بەرە بەیانان

گوێم لە دەنگی بولبولان، نابێ لە باخان

بەڵام دایکی من، زاگەو زێدی من

زۆر خەمی منت نەبێ

چونکە، ئەی دایکی میهرەبان

هەموو کەس، لە شەڕا، هەر نامرن.

لیستنتسکی ڕادەوەستا، گوێی ڕادەدێراو هەستی دەکرد ئەم خەم و پەژارە سادەیە، ناخی ئەویش دەهەژێنێ، ژێی دڵی دەکشا،دڵی توند تر دەکەوتە لێدان و نەوای نزمی گۆرانی بێژی دووەم، ئەم ژێیەی دەهەژاند و لەرەیەکی خەمناکی لێهەڵدەستاند. لیستنتسکی تۆزێ لەولا ترەوە دەوەستا، چاوی دەبڕییە زەردەپەڕی ئێوارەی پایزی و هەستی دەکرد ڕوندك دەزێتە چاوانی و ئازارێکی توندو شیرین، پێڵوە تەڕەکانی دەکزێنێتەوە.

دەڕۆم بۆ شەڕگە دەڕۆم

دڵم خەبەر دەدات

ئاخ،دڵم خەبەر دەدات و

پێشوەختە دەزانێ

کە جەوانی دلێر جارێکی دی

بۆ ماڵ ناگەڕێتەوە.

پێش ئەوەی کۆرسی قەرار، بەندەکەی خۆ تەواو بکەن، دەنگی جەواب بەرز دەبووەوەو بەسەریاندا زاڵ دەبوو و بەنەوایەکی لەرزان، عەینی باڵی چێرگی سینە سپی، بەبێ ئارامی دەیگوت:

گوللەیەکی قورقوشم بە گیزو هۆڕ

هات و بەر سینەم کەوت

بەسەر گەردنی ئەسپەکەی خۆما کەوتم

یاڵە رەشەکەیم، لە خوێنی خۆم هەڵکێشا.

بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە کەتیبەکە لە ئیسراحەت و پشوودا بوو، لیستنتسکی تەنیا یەك جار، گوێی لە گۆرانیەکی بە جۆش و خرۆش و دلاوەرانەی کۆنی قۆزاقی بوو. ئەویش شەوێك بوو کە لە پیاسەی ئاسایی خۆی دەگەڕایەوە. کە بەلای حەوشەی کارخانەکەدا دەگەڕایەوە، گوێی لە دەنگی پێکەنین و قاقاێن نیمچە مەستانە بوو. وای بۆ چوو ئەو عەریف عاشەیەی کە چوو بوو بۆ شاروچکەی نزڤیسکا تا ئازووقە بێنێ، لە گەڕانەوەدا ڤۆدگای خۆماڵی هێناوەو قۆزاقەکانی دەعوەت کردووە. ئیدی قۆزاقەکان کە خواردبوویانەوە سەرخۆش بوو بوون و بە یەکەیدا هەڵدەشاخین و هیچ دیار نەبوو بە چی پێدەکەنین. لە گەڕانەوەدا، لە دوورەوە گوێی لە دەنگی فیکو هۆڕێکی کێویانەو دەنگی بەرزی گۆرانیەك بوو:

کەسێك لە جەنگدا بەشدار نەبێ

هەرگیز ناترسێت

بە رۆژ تەڕو بە شەو هەڵدەلەرزین

و بە درێژایی شەو هەر بێدارین.

دەنگی فیکەکە دەگەییە حەلحەلەی ئاسمان و لوولی دەخواردو خێرا دەکەوتە ژێر دەنگی بەلای کەمەوە، سی کەسەوە.

لە شەڕا، ترس و ئازار

کاری هەر رۆژو هەر ساتێکە

یەکێکیش کە بێگومان، گەنج بوو، لەسەر تەختە لەوحەکانی ناو عەمارەکە بەدەم فیکوهۆڕەوە سێ جڕتەکی هەڵدەپەڕی و، دەنگی پاژنەی پێی سەعاتە رێیەك دەڕۆیی:

دەریای ڕەش دەهاڕێنێ

چرای سەر کەشتیان هەڵکراون

چراکانی دەکوژێنینەوە

و تورکان دەخنکێنین

پیرۆزی قۆزاقان بێ

دۆن!

لیستنتسکی، خۆبە خۆ بزەیەکی هاتێ. هەوڵیدەدا لەسەر ریتمی گۆرانیەکە هەنگاو بنێ، بەو حاڵەوە لەوێ دوور کەوتەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "رەنگە ئەم دەردی غوربەتە لای سەربازانی پیادە، بەم توندیە نەبێت." بەڵام ئەقڵی پێی دەگوت: "چما پیادە لەوانی دی جیاوازن؟ بەڵام وێڕای ئەوەش، مانەوەی ناچاری لە سەنگەراندا، بۆ قۆزاقان، لە خەڵکانی دی ناخۆشتر بوو. تەبیعەتی کاری قۆزاقان لە سەربازیدا، لەسەر جم و جۆڵ ڕای هێنا بوون، بە ئاسانی لە شوێنێکدا بەند نەدەبوون. ئەمە دوو ساڵە ئەمانە بەبێ کار لێرە ڕاگیراون. بەدەم چاوەڕوانی هێرش بردنەوە، بە خوت و خۆڕایی ڕاگیراون. سوپا لە هەموو کاتێ لاوازترە ،پێویستی بە فەرماندەییەکی سەختگیر، سەرکەوتنێکی گەورە، پێشڕەوییەکی ئەوتۆ هەیە کە جوڵەی تێبخات و، لەو سستی و

پەستیە دەری بێنیٚ. هەرچەندە لە مێژوودا نموونە زۆرن کە سوپاو لەشکرێن زۆر بەهێزو بە زەبت و ڕەبتیش، بە هۆی جەنگی درێژ خایەنەوە، لە باری دەروونیەوە داڕوخاوەو هەرەسی هێناوە. تەنانەت (سوفوروف)ش ئەو ئەزموونە تاڵەی جەڕباندبوو... بەڵام قۆزاقان، خۆڕاگرن، ئەگەر ورەش بەربدەن، دوا کەس ورە بەر دەدەن... ئەمانە میللەتێکی بچووکن، بەتەبیعەت دڕو چاو نەترسن، بەعادەت شەڕڤانن، وەکو جەماوەری ڕەش و ڕووتی کرێکارو جووتیار نین."

لەم کاتەدا، وەکو ئەوەی بیانەویٚ، لەو هەڵەیەی دەربێنن، یەکێك لە ناو عەمارەکەوە، بە ئاوازێکی شکاو هەڵیکردە گۆرانی کالینوشکا. قۆزاقەکانی دیکەش بەگەڵی کەوتن، لیستنتسکی بە دەم ڕێکردنەوە گوێی ڕادێرا، ئەو نیگەرانیەی کە لەم گۆرانیە کۆنەوە دادەچۆڕا، ناخی هێنایە جۆش:

ئەفسەری گەنج لەبەر قاپی خوا دەپاڕێتەوە
قۆزاقی گەنج دەیەویٚ بۆ ماڵ بگەڕێتەوە:
– ئاخ! ئەفسەری جەوانی من،
ڕێم بدە با بۆ ماڵ بگەڕێمەوە
بۆ ماڵی کەس و کارم،
بۆ لای بابم
بۆ باب و داکی میهرەبانم
بۆ لای نەو بووکەکەم."

***

بونچوك، دوای ئەوەی هەلات، ئێوارەی ڕۆژی چوارەم گەییە شاروچکەیەکی گەورەی نزیکی شەڕگەکە، ئەم شارە مەڵبەندی ئالۆویٚری بازرگانی بوو. لە ماڵەکاندا تازە چرایان پێکردبوو. چالاوەکان بە ستبووی، شەختەو زوقم عاردی گرتبوو، ناو بەناو، لە دوورەوە دەنگی پێی ڕێبوارێك دەهات. بونچوك بە پارێزەوە گوێی هەڵدەخست، خۆی لە جادەو کۆڵانە ڕوناکەکان دەبوارد، زیاتر بە کۆڵانە چۆڵ و چەپکەکاندا دەڕۆیی. کە خۆی بە شارەکەدا کرد، خەریك بوو تووشی دەورییەك ببیٚ، بۆیە وەکو گورگ بە پارێزەوە دەڕۆیی و زیاتر خۆی وەپەنای تامان و پەرژینەکاندا دەداو دەستی ڕاستی لە گیرفانی پاڵتۆ چڵکنەکەی نابوو، پاڵتۆکەی لە ڕادەبەدەر چڵکن بوو. بە ڕۆژەوە، خۆی لە عەمارێکی کاوکۆت و کەپەکاندا شارد بووەوە.

سەربازگەیەك لە شارەکەدا بوو. چەند یەکەیەکی سەربازی لەوێندەرا جێگیر بوو بوون، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەبوو تووشی مەفرەزەی ناو شار ببێت، بۆیە بونچوك، بەردەوام دەستی لەسەر دەسکی دەمانچەکەی ناو گیرفانی پاڵتۆکەی بوو.

بونچوك، ماوەیەکی زۆر، بە جادەیەکی چۆڵی ئەوسەری شارا، هاتووچوو، بەدەم هاتوچۆوە بە وردی دیقەتی دەروازەی ماڵەکانی دەداو دیمەنی یەك بە یەکی خانووەکانی بەر سەرنج دەدا. دوای نزیکەی بیست دەقیقەیەك، بەرەو خانوویەکی چکۆڵەی پەرپووتی سوچێکی کۆڵانەکە ڕۆیی. لە درزی تەختەکانی دەرگاکەوە ڕوانیە ژوورەوە، بزەیەکی بۆ کرد، بێدوو دڵی دەرگاکەی

**کردەوەو خۆی بە حەوشەدا کرد. لە دەرگای دا، پیرەژنێك کە شاڵێکی لە خۆوە پێچا بوو، دەرگای کردەوە. بونچوك پرسی:**

**– کرێچییەکتان هەیە بە ناوی بۆریس ئیڤانوڤیچ؟**

**– بەڵێ، فەرمووە ژوورەوە.**

**پیرەژنەکە، لەبەر دەرگاکە لا کەوت و ڕێگەی ئەوی کرد. بونچوك لە دواوە گوێی لە جیڕە جیڕی ساردی دەرگاکە بوو. خۆی لە ژوورێکی نزمدا بینییەوە، کە چرایەکی یەجگار چکۆلەی تیادا داگیرسا بوو. پیاوێکی پیر بە جل و بەرگی سەربازییەوە، لەبەردەم مێزێکی چکۆلەدا دانیشتبوو، چاوەکانی چکۆلە کردنەوەو ڕوانیە بونچوك، هەستایە سەر پێیان و بە شادییەوە باوەشی بۆ گرتەوە.**

**– لە کوێوە دێی؟**

**– لە شەڕگەوە.**

**– بەڕاست؟**

**بونچوك، بزەیەکی بۆ کرد، بە ئەسپایی قامکی خستە سەر نیتاقەکەی کابرای پیرەمێردو بە ئەسپایی گوتی:**

**– ژوورێکت هەیە بمدەیتێ؟**

**– بەڵێ، بەڵێ، لێرەوە وەرە.**

**کابرا، بونچوکی برد بۆ ژوورێکی بچووکتر لە ژوورەکەی خۆی. بێئەوەی چرایەك داگیرسێنێ، بونچوکی لەسەر کورسیەك دانا، پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە، دەرگای ژوورەکەی کە دەچووەوە سەر ژوورەکەی تەنیشتیەوە، داخست و گوتی:**

**– بە یەکجارەکی هاتوویت؟**

**– بەڵێ.**

**– ئەدی وەزعی ئەوێ؟**

**– هەموو شتێك سازو ئامادەیە.**

**– باشە ئەو جماعەتە جێگەی باوەڕن؟**

**– زۆریش.**

**جارێ خۆت بگۆڕە، پاشان قسەکانمان دەکەین. کوا پاڵتۆکەتم بدەیە. ئێستا کەرەستەی خۆشتنت بۆ دێنم.**

**لەو کاتەدا کە بونچوك، خۆی لە تەشتێکی مسی ژەنگندا دەشت، کابرای ئوینفۆرم لەبەر دەستی بە قژە کورتەکەی خۆیدا هێناو بە دەنگێکی نەرمی ماندوو گوتی:**

**– حاڵی حازر ئەوان زۆر لە ئێمە بە هێزترن. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان بە هێز بکەین، پەرە بە دەسەڵاتی خۆمان بدەین، کۆڵنەدەین و هۆی ڕاستەقینەی جەنگ روون بکەینەوە. دڵنیابە کە گەشە دەکەین، ئەوەی ئەوان لەدەستی دەدەن، بێچەندوچوون دێتە دەستی ئێمە. گومان لەوەدا نییە کە پیاوێکی گەورە لە منداڵێك بە هێزترە، بەڵام کاتێ کە ئەو پیاوە روو دەکاتە پیری و**

فەڕتووسی، هەمان ئەو منداڵە جێی دەگرێتەوەو دەرەقەتی دێت، جا ئێمە حاڵی حازر نەك هەر لە پیری و فەرتووسی داین، بەڵکو لە حاڵی ئیفلیج بوونی بەرە بەرەی سەراپای جەستەداین.

بونچوك كە لە خۆشتن بووەوە، بە خاولیەكی زبر كەوتە خۆ وشككردنەوەو گوتی:

– بەر لەوەی سوپا بە جێ بێڵم، بیروباوەڕو ئایدیای خۆمم بۆ ئەفسەرەكان روون كردەوە... بە ڕاستی شتێكی كۆمیدی بوو... بێگومان تەنگ بە مەفرەزەی ڕەشاشچیەكان هەڵدەچنن، لەوەشە یەكێ دوانیان بدەنە دادگای جەنگیش، بەڵام چونكە هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نییە، دەتوانن چیان لێبكەن؟ هیوادارم بەسەر یەكە جۆراو جۆرەكاندا دابەشیان بكەن، ئەمە قازانجی ئێمەیە، با تۆوەكەمان بۆ دابچێنن... بە ڕاستی گەنجی زۆر باشیان تێدایە! ورە بەرز، لە پۆڵا پۆڵاترن!.

– من نامەیەكم لە ستیپانەوە پێگەییوە، داوای كردووە كەسێكی شارەزای، لە كاروباری سوپایی دا، بۆ بنێرین، پێویستە تۆ بڕۆیت بۆ ئەوێ، بەڵام كێشەی ناسنامەو ئەو شتانەمان هەیە، دەتوانین، تەرتیبی بكەین؟

بونچوك پرسی:

– بۆ چ كارێك؟

ئەوسا خۆی لەسەر نووكی پێیان بەرزكردەوە تا خاولیەكە بە بزمارێكەوە هەڵواسێت.

– بۆ مەشقدانی سەربازی هاوڕێكانمان.

كابرا بەتەوسەوە گوتی:

– ئەوە چیە هێشتا باڵات بەرز نەبووە؟

بونچوك بەرسڤی دایەوە:

– پێویستم بە باڵا نییە، بە تایبەتی بۆ من كە لەم وەزع و حاڵەدام: حەزم دەكرد، بە قەد توێكڵە نۆكێك بم تا كەس نەمبینێ و نەبمە مایەی سەرنج.

ئەو دووە تاكو بەیان ئەنگوت، هەر خەریكی گفتوگۆ بوون. بۆ سبەینێ، بونچوك، كە بە هۆی بۆیە كردنی قژو سمێڵ و پۆشینی جلی تازەوە بە ئاسانی نەدەناسرایەوە، بە ناسنامەیەكەوە بە ناوی نیكولای ئوخڤاتوڤ، سەربازی كەتیبەی ٤٤١ ئورشانسكی، كە بە هۆی بریندار بوونی سینگیەوە لە سوپا مەعاف بووە، لە شار وەدەركەوت و بەرەو وێستگەی قیتار وەڕێكەوت.

"٣"

"سوپای تایبەتی" لە ناوچەی كوڤلی نێوان فلادیمیرو ڤولینسكی هەڵیدا بوو (ئەوەی ڕاستی بێ سوپای تایبەتی، سوپای ژمارە سیازدە بوو، جا لەبەر ئەوەی ژمارە سیازدە گوایە شوومە، فەرماندەو جەنەراڵە گەورەكانیش خەڵكی خورافاتی بوون و خۆیان لەو ژمارەیە دەدزییەوە، ئیدی ئەو سوپایەیان ناو نابوو سوپای تایبەت) سوپای ناڤبری لە ئاخرو ئۆخری ئەیلولی ساڵی ١٩١٦دا خۆی ئامادەو تەیار كرد كە لە نزیكی گوندی سڤینیوخییەوە، كە گوایە شوێنێكی لە بارو گونجاو بوو، بە پشتیوانی تۆپخانە دەست بە هێرش بكات.

ژمارەیەکی یەکجار زۆری تۆپ و تۆپخانە لەم شوێنەدا دامەزرا بوو. بە درێژایی نۆ ڕۆژ، سەدان هەزار قونبەلەو گوللە تۆپ و هاوەنی گەورەو بچووك نرا بەو ناوچەیەوە کە دوو ریز سەنگەری ئەڵمانیان، تیایدا جێگیر بوون. ئەڵمانەکان، هەر لە یەکەم ڕۆژی تۆپبارانەکەوە، کە زانیان مانەوەیان بێهودەیە، لە هێڵی یەکەم ،پاشەکشەیان کردو، تەنیا چەند دیدەوانێکیان لە دوای خۆ هێشتەوە. دوای چەند ڕۆژێك هێڵی دووەمیشیان چۆڵکردو بۆ هێڵی سێیەم پاشەکشەیان کرد.

لە ڕۆژی دەیەمدا، چەند یەکەیەکی فەیلەق تفەنگداری تورکستان دەستیان بە هێرش و پێشڕەوی کرد. ئەمانە لە هێرشەکەیاندا، هەمان نەخشەو شێوازی فەرەنسیەکانیان بەکار دەبرد، واتە بە شێوەی شەپۆلی پەیاپەی، پێشڕەویان دەکرد. شازدە شەپۆلی بە شەری لە سەنگەرێن رووسەکانەوە دەرچوو. شەپۆلێن کەوەیی بەشەران، شەپۆل شەپۆل روویان دەکردە، کلافە تەلە دڕکاویەکان و لەوێدا پەنگیان دەخواردەوە. لە دیوی ئەڵمانەکانیشەوە، لە پشت کۆتەرە داربییە سووتاوەکانەوە، لە پشت گردۆلکە لمە کووڕەکانەوە، ناو بە ناو ڕمبەی تۆپباران بەرز دەبووەوەو گوللە تۆپان، زەویان دێنایە لەرزین و دەشت و دەوریان دەکێڵاو دارو بەردیان دەسووتاند.

– هوو و... هوو.... هوك، هاك، بم.

جار جارێك، دەنگی تۆپێکی تاقانە بەرز دەبووەوەو ئەوسا سەری تۆپخانە دەکرایەوەو پانتاییەکی چەند فرسەخی دەدایە بەریّو ورد ورد دەیکێڵا: هوو و... هوو هوو و...

ئەوجا نۆرەی دەسترێژی شەستیرو ڕەشاشی ئەڵمانیان دەهات: ترررااا... ترررر... رارا، تا، تا، تا!

ستوونی دووکەڵی ڕەشی تەقینەوەی خومپاران، بە درێژایی یەك فرسەخ لە ئەرزی لمەلانی برینداره‌وە بەرز دەبووەوەو لوولی دەخواردو دەچوو بە ئاسماندا، شەپۆلی هێرشبەرانی، پەراگەندە دەکرد، هەڵدەستانەوەو بە دەوری چاڵی گوللە تۆپ و خومپارەکاندا دەسوڕانەوەو بەرەو پێش پێشڕەوییان دەکرد...

ئیدی تۆپباران سات بە سات زیاد دەبوو، هەر پارچە تۆپ بوو و بەگڕو دووکەڵەوە دەچوو بە ئاسماناو وەکو بارانی بەخوڕ دادەبارییەوە، شریقەی دەسترێژی ڕەشاشان، بە نزمیەوە بەسەر ئەرزیدا بەگیزو هۆڕ تێدەپەڕی و هەترەشی زەلامی دەبرد. هەر هەموو چەکەکان بۆ ئەوە بەکار دەهات کە نەیێڵن هێرشبەران نزیکی تەلبەندو کلافە تەلە دڕکاویەکان ببنەوە، لە ڕاستیدا هێرشبەران نەیانتوانی نزیك ببنەوە، لە کۆی شازدە شەپۆلە هێرش، تەنیا سیّ شەپۆلی دوایی لە تەلبەندەکە نزیك بوونەوە، هەرکە گەیینە ئەویّو نەگەیین، بە پەلە پرۆزیّ، بە کۆمەڵ و بە تاك تاك پاشەکشەیان کرد.

ئەو ڕۆژە، نزیکەی نۆ هەزار کەس، لە خاك و خۆڵ و لمەلانی خەمناکی دەوروبەری گوندی سڤینیوخیدا، گیانیان لە دەست دا.

دوای دوو سەعات، هێرش دەستی پێکردەوە. چەندین یەکەی هەردوو فیرقەی دووەم و سێیەمی تفەنگداران و تیرەندازانی تورکستانی نێردرانە مەیدان. لە قوڵی چەپیانەوە چەند یەکەیەکی فیرقەی پیادەی پەنجاو سیّو، لیوای تیرەندازان و تفەنگدارانی ژمارە (٣٠٧)ی سیبریا

کەوتنە پێشڕەوی و لە قۆڵی ڕاستیشەوە چەند سریەیەکی فیرقەی سێیەمی نارنجۆك ئەندازان جمان.

فەریق گافلریلوڤ، فەرماندەی فەیلەقی سێیەمی سەر بە سوپای تایبەت، لە بارەگای سەرکردایەتیەوە فەرمانی بۆ هاتبوو کە دوو فیرقەی دیکە بۆ ناوچەی سڤینوخا بنێرێ. ئەوە بوو شەوێ، هەر سێ کەتیبەی ٣٢٠ی چمبار، ٣١٩ی بوگولماو ٣١٨ی چرنویارسکی کە سەر بە فیرقەی هەشتا بوون، بانگکران و هێزی پیادەی لتوانی و سەربازانی یەدەکی تازە لە ڕێگاوە هاتوویان خستە شوێنەکانیان، یەکێك لە کەتیبەکان، شەوی ڕابردوو، هەر بۆ ڕێگومکێ بە ڕێگایەکی پێچەوانەوە کەوتبووە ڕێ و دوازدە فرسەخی شان بە شانی هێڵی شەڕگەکەی بڕی بوو، ئەوسا فەرمانی گەڕانەوەی پێدرا بوو. ئیدی هەر هەموو ئەم یەکەو کەتیبانە لە ڕێگای جیاوازەوە بەرەو یەك ئامانج دەڕۆییشتن. لە قۆڵی چەپی فیرقەی هەشتاوە، کەتیبەی ژمارە ٢٨٣ی پاڤلوگرادو کەتیبەی ژمارە ٢٨٤ی ڤینگروڤ ی سەر بە فیرقەی هەفتاو یەك، کەوتبوونە پێشڕەوی‌و کەتیبەیەکی قۆزاقی ئۆراڵ و هەروەها کەتیبەی ٤٤ قۆزاقانی پیادە، یەکسەر لە دوای ئەوانەوە دەهاتن.

پێش ئەم نەقڵ و گوێزانەوەیە، کەتیبەی چرنویارسکی ژمارە ٣١٨ لە ناوچەی گوندی سوکالی کەنارو بەستێنی ڕوباری ستوخود، کە زۆر لە گوندی رودکامرینسکویەوە دوور نەبوو، هەڵی دابوو. بەیانی، دوای قۆناغە ڕێیەك، کەتیبەی ناڤبری لە جەنگەڵ و بێشەیەکدا، لە کۆنە سەربازگەیەکی پڕ لە پەناگاو مەتەرێزی چۆڵدا لایداو چوار دانە ڕۆژیان لەوێ، بە مەشقی هێرشی فەرەنسیانەوە بردە سەر: دەبوایە بەگوێرەی ئەو نەخشە فەرەنسیە، بەریز، ئەویش بە شێوەی نیو سریە نەك سریەی تەواو پێشڕەوی بکەن، نارنجۆك ئەندازەکان فێرکران کە چۆن بە زووترین کات تەلێن دڕکاوی بڕن و هەروەها مەشقی تازەی نارنجۆك هەڵدانیشیان پێکرا. دوای ئەوە هەنگی ناڤبری ئەوێیان بەجێهێشت و دووبارە کەوتنەوە ڕێ. سێ دانە ڕۆژ، بە ناو بێشەو جەنگەڵاندا، بە دەشتێن ڕووتەن و بێدارو درەختدا، بە ناو چڕە پوش و پەڵاشدا، کە جێ چەرخی عەرەبانەی تۆپی بەسەرەوە دیار بوو، ڕێگەیان تەی کرد. تەمێکی تەنك عەینی دەستپێچەکە پەمووی پارچە پارچە، بە دەم بایەکەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوەو لە ترۆپکی دارکاژەکانەوە دەئالا، یان بە ئاسمانی دەشت و بیابانە ڕووتەن و بێدارو درەختەکاندا دەخزی و وەکو دالێك بەسەر کەلاکێکەوە بسوڕێتەوە بەو ئاوایە بە بەینی داربییان و بەسەر گیای شینباوو هەڵمی باتلاغ و قۆپیانەوە دەسوڕایەوە. باران نم نم و بەردەوام دەباری، سەربازان هەموو تەڕی تەڕو بێتاقەت بوون. دوای سێ ڕۆژە ڕێیان، لە نزیکی هەردوو گوندی پوریکی گەورەو پوریکی بچووك، کە لە ناوچەی هێرشەکەوە نزیك بوو، لایاندا. پێش ئەوەی ڕێگای مەرگ بگرنە بەر، ڕۆژێك لەوێندەر پشوویاندا.

لەم کاتەدا، سریە قۆزاقێکی تایبەتی، دەگەڵ سەرکردایەتی جەنگی فیرقەی هەشتادا، بەرەو مەیدانی جەنگی ئایندە کە لە ئان و ساتدا بوو، دەڕۆیی. ژمارەیەك سەربازی ئەم سریەیە، لە قۆزاقانی یەدەکی سێیەمی گوندی تاتارسکی بوون. ڕەعیلی دووەمی سریەکە هەر هەموویان

خەڵکی هەمان گوند بوون، لەوانە مارتین و پروخور، برایانی ئالیکسی شامیلی یەك قۆڵ. ئیڤان ئەلیکسییوڤیچی میکانیکی ئاشەکەی موخوف. ئاڤونکا ئوزیروڤی کونج، مانیسکوڤ ئەتامان و کوێخای جارانی گوند. ئیڤیلانتی کالینین، دراوسێ لەنگەکەی ماڵباتی شامیل کە کاکۆڵێکی درێـژی لەسەر تـۆقی سەری هێشتبووەوە. بورشچوف، قـۆزاقی درێـژ داهـۆڵی کەتـەی نـاقۆڵا، زاخارکارالیوڤ مل کوڵی ورچ ئاساو گاڤریلا لیخوڤیدوڤ، کە گوڵی مەجلیسی سریەکە بوو، ئەمە بە رواڵەت کابرایەکی بەسەرو سیماو بە سام و هەیبەت بوو، بەوە بە ناوبانگ بوو، کە بەوپەڕی سەبرو حەوسەڵەوە، بۆ دایکە هەفتا ساڵەکەی و ژنە لاوازە زۆر خۆ سەرەکەی، دەوەستێ کە بە ئارەزووی خۆیان حەسیر مەیدانی بکەن. هەروەها زۆر کەسی دیکەی هەمان گوند لە بەشەکانی دیکەی سریەی ناوبراودا هەبوون. هەندێك لەمانە لە سەرەتاوە وەکو پەیکی سەرکردایەتی فیرقە کاریان دەکرد، بەڵام هەنووکە سریەی سوارە، بە فەرمانی فەرماندەی فیرقە کیچنکۆ، بۆ پێشەوەی شەڕگە نێردرا بوون.

بەرەبەیانی ڕۆژی سیازدەی ئۆکتۆبەر، سریەکە خۆی کرد بە گوندی بوریکی چکۆلەدا، لە کاتێکا سریەی یەکەمی سەر بە کەتیبەی ٣١٨ی چرنویارسکی خۆی ئامادە دەکرد گوندی ناڤبری بەجێ بێڵێ، سەربازەکان بە هەشتاو لە کوختە چۆڵ و نیمچە وێرانەکان دەهاتنە دەرێ و یەك لە دووی یەك لەسەر جادەکە ریز دەبوون. نایب عەریفێکی گەنجی ڕەشتاڵە، بە بەردەم فەسیلی یەکەمدا دەهات و دەچوو. چکلێتێکی لە خورجینەکەی خۆی دەرهێناو کەوتە کردنەوەی –گۆشەی لێوە تەڕو پەمەییەکانی هەر شیلەی چکلێت بوو– کە بە بەر ریزەکەدا دەڕۆیی، پاڵتۆ قوڕاوییەکەی، لە دواوە وەکو دووگی بەرخ لە بەینی هەردولاقیا سەمای دەکرد. قۆزاقەکان، لە سەمتی چەپی جادەکەوە کەوتنە ڕێ. ئیڤان ئالیکسییوفیچی میکانیسێنی جارانی ئاشەکە، لە دواوەی دەستی ڕاستی ریزەکەی خۆیدا بوو، بە وردی دەیڕوانیە ژێر پێی خۆی تا خۆی لە چاڵاوەکان ببوێرێ. لەوبەری جادەکەوە، یەکێك لە ڕیزی پیادەکانەوە، بانگی کرد، ئاوڕی دایەوە، چاوی بەریزی سەربازانی پیادەدا گێڕا.

– ئیڤان ئالیکسییوفیچ! کاکۆ!...

سەربازێکی زۆر کورتە باڵا لە ریزی فەسیڵەکەی خۆی هاتە دەرێ، بە لە قە لەق عەینی مراوی بەرەو لای ئەم کەوتە ڕێ. یارۆ تفەنگەکەی دەخستە پشتەوە، بەڵام قایشەکەی لە شانی دەخزی و قۆنداغی تفەنگەکەی بە ئاستەم لە زەمزەمیەکەی دەخشی و دەنگێکی سووکی لێوە دەهات.

– چیە نامناسیتەوە؟ هەر وا زوو لە بیرت کردم؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، زۆر بە زەحمەت، ئەم سەربازە کورتە باڵایەی، کە ڕدێنێکی کەوەیی لوول و زبر هەموو سەروچاوی داپۆشی بوو، ناسییەوەو دەرکەوت (غوڵام)ی کۆنە دۆستی بوو.

– ئەمە تۆی! لە کوێوە پەیدا بووی؟

– بەخۆت دەبینی... ئیدی سەربازم.

– لە چ کەتیبەیەکی؟

- لە کەتیبەی ٣١٨ی چرنویارسکم. قەت وێنام نەدەکرد هیچ کەسێکی لای خۆمان لێرە ببینم.
- ئەمە تۆی! لە کوێوە پەیدا بووی؟
- بەخۆت دەبینی... ئیدی سەربازم.
- لە چ کەتیبەیەکی؟
- لە کتیبەی ٣١٨ی چرنویارسکم. قەت وێنام نەدەکرد هیچ کەسێکی لای خۆمان لێرە ببینم.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە هاتبووە جۆش و خۆشحاڵ بوو بوو، بەدەم زەردەخەنەوە دەستە چکۆلەو چڵکنەکانی "غولامی" لە نێو دەستە زەلام و زبرەکانی خۆی نابوو. "غولام" بۆ ئەوەی دەگەڵ هەنگاوە هەراوەکانی ئیڤان ئالیکسییوفیچدا دەربچێت، بە نیمچە ڕاکردن، ڕای دەکردو لە خوارەوە بۆ سەری چاوی بڕی بوونە چاوی ئەو. چاوە بچکۆلە بوغزنەکانی بە پێچەوانەی هەمیشەوە، میهرەبان و تەڕبوون.

- ئێمە بە تەمای هێرشین.
- ئێمەش
- ئێ ئیڤان ئالیکسییوفیچ، حاڵت چۆنە؟
- بڵێم چی؟ هەر وا دەبێ.
- منیش هەروام. چواردە دانە مانگە، لە ساڵی ١٩١٤ەوە بەردەوام لە سەنگەردام. من کە نە ماڵم هەیە نە منداڵ، کەچی دەبێ خۆم لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی دیدا بخەمە مەترسییەوە... مەگەر هەر خوا بزانێ ئاقیبەت چۆن و بەچی دەشکێتەوە...
- ستوکمانت لە بیرە؟ کە پیاوێکی باش بوو. ئێی ستوکمان! ئەگەر لێرە بوایە هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکردینەوە. بە ڕاستی پیاو بووها!، پیاوێکی زیرەك و هۆشن بوو!..

"غولام" هاتبووە جۆش، بەدەم تەکاندانی کوڵە مستە چکۆلەکەیەوە گوتی:

- هەموو شتێکی بۆ لە بنج و بناوان دەکردین!

ئەوسا، بەدەم بزەیەکەوە دەموچاوە چکۆلەکەی کرایەوە:

- زۆر بیری دەکەم، ئەوەندەی بیری ئەو دەکەم، بیری باوکم ناکەم. باوکم بە کەڵکی چی من دیت... باشە دەزانی چی بەسەر هات؟ هیچ هەواڵێکی هەیە؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

- لە سیبریایە... بە حەپسی هەواڵەی ئەوێیان کرد.

غولام، کە شان بە شانی هاوڕێ باڵا بەرزەکەی وەکو چۆلەکە بە هەڵقون هەڵقون دەڕۆیی و گوێچکە ڕێوی ئاساکانی بۆ هەڵدەخست، پرسی:

- چۆن؟
- حەپسە. دوور نییە ئێستا مردبێت.

غـولام، ماوەیـەك بـە بێـدەنگی ڕێـی کـرد. جـاریٚ ئـاوڕی پاشـەوەی دەدایـەوەو تەمەشـای فەسیلەکەی خۆی دەکرد کە خەریك بوو ریز دەبوون، هەندێجاریش دەیڕوانیە چەناگە زلەکەی ئیڤان ئالیکسییوفیچ و ئەو چاڵە قوڵەی ڕێك بە ناوەڕاستی لێوی خوارەوەی بوو. دەستی لە نێو دەستە ساردەکانی ئیڤان ئالیکسییوفیچ دەرهێناو گوتی:

– خودا حافیز! باوەڕ ناکەم جارێکی دی یەکتر بدینینەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە دەستی چەپ کاسکێتەکەی خۆی بۆ هەڵبڕی، دانەوەیەوەو شانە لاوازەکانی غولامی لە باوەشگرت، هێندە بە گەرمی یەکیان ڕامووسی وەکو ئەوەی جارێکی دیکە هەرگیز یەکدی نەبیننەوە. غولام پێی قورس کردو لە دواوە بەجێما سەری لە نێو هەردوو شانی نا، تەنیا گوێچکە قووتەکانی لە یەخەی پاڵتۆ بۆرەکەیەوە دیار بوو، ئەوسا بە پشتی کووڕەوە، بە دەم نوچدانەوە، کەوتە ڕێ.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە ریزەکە هاتە دەرێ، بە دەنگێکی لەرزۆك بانگی لێکرد:

– ئەهای برا گیان! ئازیزەکەم، تۆ سەردەمانێ پیاوێکی کەللەشەق بووی... مەرد بووی، وا نییە! لە بیرت ماوە؟ پیاوێکی مەرد و ڕەند، خۆ ڕاگر بوویت... ها؟

غولام، کە دەموچاوی لە فرمێسکا هەڵکشا بوو و پیرتر لە تەمەنی خۆی دیار بوو، ئاوڕێکی لێدایەوە. بە مشت دەیکێشا بە سینگە ڕەق و تەقەکەی خۆیدا، کە لە یەخەی کراوەی پاڵتۆکەیەوەو لە بەرۆکی دڕاوی کراسەکەیەوە دەرکەوتبوو، هاواری کرد:

– ئەوە جاران بوو!... هەنگێ بە شنگ و تاقەت بووم، بە هێزو ورە بەرز بووم، بەڵام لە بنیان هێنام... ئێستا وەکو بارگیری لە کار کەوتەم!.

غولام شتێکی دیکەشی گوت، بەڵام سریەی قۆزاقەکان بە جادەیەکی لاوەکیدا پێچی کردەوەو ئیدی لە چاوی ئیڤان ئالیکسییوفیچ ون بوو.

پروخور شامیل، کە لە پشت ئیڤان ئالیکسییوفیچەوە ڕێی دەکرد، پرسی:

– ئەوە غولام بوو، وا نییە؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، دەستێکی بە تفەنگەکەی شانیا هێناو بە لێوانی لەرزۆك و دەنگی نزمەوە بەرسڤی دایەوە:

– بە ڕاستی پیاوێکی پیاوانەیە.

قۆزاقەکان، پاش ئەوەی لە گوند دەرچوون، بەرە بەرە لە ڕێگادا تووشی بریندارا دەبوون، لە سەرەتادا تاك تاك و دوو دوو بوون، نەخێر بوون بە دەستەو لە دەستەوە هەڵیبوارد بۆ کۆمەڵ، چەند عارەبانەیەك کە پڕ بوون لە برینداری سەخت، زۆر بە زەحمەت دەچوونە پێشێ. ئەو بارگیرانەی کە ڕایاندەکێشان هێندە لەڕو لاواز بوون، پیاو لێیان دەترسا. شوێنەواری قامچی بەسەر پشتە قۆقزو ڕەق و تەقەکانیانەوە دیار بوو، لە هەندێ شوێنا زامی سەر پشتیان دەمی کردبووەوەو گۆشتە زندووەکەی بە دەرەوە بوو و، لێرەو لەوێ تووکی پێوە نووسا بوو. ئەم بارگیرانە، بە هانکە هانك، عەرەبانەکانیان ڕادەکێشا، بە جۆرێ سەریان لەبەر خۆ نابوو، خەریك بوو دەمو قەپۆزیان لە عاردی بدات. ناو بە ناو یەکێك لەو یابووانە( یابوو:بارگیر) دەوەستا،

لاقەبرغـەی لـە ژێـر پەراسـووە زەقەکانیـەوە، بـەدەم هەناسـەدانەوە بـەرزو نـزم دەبـووەوە، بـە بێتاقەتیەوە سەری دادەژەند، لە پڕ جەزرەبەی قامچیەك ناچاری دەکرد دووبارە خۆی بکێش بکات و بە لەقە لەق، بکەوێتە ڕێ، بریندارەکان لە هەموو لایەکەوە خۆیان بە گالیسکەکانەوە هەڵدەواسی و بەسەر ڕێگاکاندا خۆیان بکێش دەکرد.

فەرماندەی سریەکە، لە یەکێك لە سەربازەکانی، کە حاڵی لەوانی دی باشتر بوو، پرسی:

– لە چ کەتیبەیەکی؟

– فەیلەقی تورکستان، فیرقەی سێیەم.

– ئەمڕۆ بریندار بوویت؟

سەربازەکە، بێئەوەی بەرسڤی بداتەوە، ڕووی وەرگێڕا.

سریەی قۆزاقەکان، لە ڕێگاکە لایداو ڕووی کردە بێشەیەکی نزیکی ئەو ناوە. قۆزاقەکان، گوێیان لە دەنگی پێی یەکەو سریە پیادەکانی سەر بە کەتیبەی ژمارە ٣١٨ی چرنویارسکی، بوو کە تازە لە گوندەکە دەرچوو بوون و، شەکەت و ماندوو لە دوای ئەوانەوە هەنگاوی سست و خاویان دەنا. لە دووری دوورەوە، باڵۆنێکی زەردباوی ئەڵمانی بە ئاسمانی گرژومۆنی پاش بارانەوە، شۆڕ بووبووەوە.

–کوڕینە تەمەشاکەن چ پەڕجوویەك بەو سەرەوە ئاوێزانە!

– باڵۆنی شناسابیە.

– ئەم زۆڵە، لەوێندەرەوە، چاودێری جمو جوڵی هێزەکانمان دەکات.

– ئەی مانای چی! پێتوایە بە خۆڕایی بەو حەلحەلەی (تەشقی ئاسمان) ئاسمانەوە هەڵیانواسیوە!.

– پەح، کە بەرزە!

– هەڵبەتە نزم نییە. خەمت نەبێ، تۆپێش نایگاتێ.

سریەی یەکەمی پیادەی سەر بە کەتیبەی چرنویارسك، لە بێشەکەدا، دەگەڵ قۆزاقەکاندا یەکیان گرتەوە. هەموو لە ژێر دارکاژە باران گرتەکاندا، تا ئێواری لەوێ، بە دەم چاوەڕوانیەوە، مانەوە. باران بە یەخەی پاڵتۆکانیانا چووبووە خواری‌و بە پشتیاندا دادەچۆڕا: ئاگر کردنەوە قەدەغە بوو، هەرچەندە ئاگر کردنەوە لەو بەر بارانەدا زۆر زەحمەت بوو. کە ڕۆژئاوا بوو، سەربازان خرانە سەنگەرەوە، سەنگەرەکان زۆر قووڵ نەبوون، بە ئاستەم باڵا زەلامێکیان دەشاردەوە. یەك بست ئاویان تیا وەستا بوو، بۆنی قوڕاوو گەڵای دەرزی ئاسای، رزیوی کاژێن بەر بارانیان لێهەڵدەستا. قۆزاقەکان، داوێنی پاڵتۆکانیان هەڵکرد بوو و بە چیچکانەوە هەڵتووتا بوون، بەدەم سیغارکێشانەوە، سەری گفتوگۆی خەمناکیان دادەمەزراند. سەربازانی ڕەعیلی دووەم، بەر لەوەی بکەونە ڕێ بەشە تووتنی خۆیان وەرگرت، دوای ئەوەی تووتنەکەیان بەسەر خۆدا دابەشکرد، لە دەوری عەریفەکەیان خڕ بوونەوە. عەریفەکە لەسەر بەکرەیەکی گەورەی تەلی دڕکاوی، کە لەوێ فڕێدرا بوو، دانیشتبوو و باسی جەنەراڵ کوپیلوفسکی دەکرد، کە دوو شەممەی پێشوو کوژرا بوو. عەریفی ناڤبری، لە سەردەمانی ئاشتیدا، لە تیپەکەی ئەودا سەرباز

بوو. هێشتا قسەکانی تەواو نەکرد بوو کە ئەفسەری فەرماندەی ڕەعیلەکە ئەمری "ئامادەی حەرەکەت!"ی دا. قۆزاقەکان بەلەز هەستان، بە پەلە پڕوزیٚو زۆر بە تاسووقەوە دوا مژیان لە جگەرەکانیان دا، ئامادە بوون، پەنجەیان بە جگەرەکانیانەوە بسووتیٚ، بەڵام دەستبەرداری دوا مژ نەبن!

سریەکە دووبارە لە سەنگەردان هاتنەدەر، خۆیان لە چڕە کاژستانێکدا بینییەوە کە سات بە سات پتر لە تاریکی شەودا نقوم دەبوو. ئیدی سەربازەکان بەدەم ڕێگاوە، شۆخی و سوعبەتیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد، ورەی یەکتریان بەرزدەکردەوە.

یەکێکیش فیکەی لێدەدا.

ئەوجا، لە مەیدانێکی ڕووتەنی چکۆلەدا تووشی ڕیزێك جەنازە بوون. جەنازەکان، شان بە شانی یەکترو، بە شێوەی جیاوازو، زۆر جار ترسناك و نەنگین، پاڵ خرابوون. سەربازێك بەخۆو تفەنگێکەوە، کە دەمامکێکی دژە گاز بە نیتاقەکەیەوە شۆڕ بوو بووەوە، بەدیار جەنازەکانەوە ئێشکی دەگرت، هەزاران جیٚ پیٚو جیٚ چەرخی (پێچکە، تایەی گاری) گالیسکان لەسەر ئەرزە شێدارەکەی دەوروبەری جەنازەکان نەخش بوو بوو. کە قۆزاقەکان، نزیك بوونەوە، بۆنی قورسی جەنازەکانیان، کە بۆگەنیان کردبوو، بەسەردا هات، فەرماندەی سریەکە، قۆزاقەکانی ڕاگرت، دەگەڵ ئەفسەرانی دیکەی ڕەعیلەکەدا چوو بۆ لای سەربازە ئێشکچییەکەو چەند قسەیەکی دەگەڵدا کرد. لەم کاتەدا قۆزاقەکانیش لە ریز دەرچوو بوون و لە جەنازەکان نزیك بوو بوونەوە، کاسکێتەکانیان لەسەر داگرت و بە هەمان ترس و لەرزی پەنهانی، ئاوێتە بەو کونجکاوییە حەیوانییەی، کە هەر زندوویەك لە هەنبەر ڕازی مەرگدا، هەستی پێدەکات، دەیانڕوانییە جەنازەکان. هەر هەموو جەنازەکان هی ئەفسەران بوون، قۆزاقەکان چل و حەوت جەنازەیان ژمارد. زۆربەیان گەنجی بیست، بیست و پێنج ساڵە بوون. تەنیا یەکەم جەنازەی سەمتی ڕاست، کە نیشانەو نەجمەی نەقیبی بەسەر شانەوە بوو، کەمێك بە تەمەن بوو. دەمی کرا بووەوە، هێشتا دەنگدانەوەی دوا هاواری پێوە دیار بوو، جووتیٚ سمێڵی ڕەش بەم لاو بەولای دەمیا شۆڕ بوو بوونەوە، برۆ پانەکانی، بەسەر دەموچاوە زەردەکەیەوە، کە ڕەنگی مەرگی لێنیشتبوو، هاتبوونەوە یەك، هەندیٚ لە جەنازەکان چاکەتی چەرمی قوڕاوی و هەندێکی تریان پاڵتۆیان لەبەر بوو. دوان، سیانێکیان سەریان کۆت بوو. قۆزاقەکان ماوەیەکی زۆر بە دیار ملازمێکەوە وەستان کە مەرگ، جوانی سەروچاوی نەشێواند بوو. بە مردوویەتیش هەر جوان و قۆز بوو. بە پشتا کەوتبوو، دەستی چەپی بە توندی بە سینگیەوە گرتبوو، دەستی ڕاستی کە لە کەلەشی دوور کەوتبووەوە بە توندی بە دەسکی دەمانچەکەیەوە گرتبوو. پێدەچوو کەسێك ویستبێتی دەمانچەکەی لە دەست دەربێنیٚ، چونکە شوێنی ڕوشان بەسەر دەستە زەردو پانەکەیەوە دیار بوو. بەڵام وەکو پۆڵا بە دەستیەوە جۆشی خوارد بوو! دەستی دەمانچەکەی بەر نەدا بوو.

کاسکێتەکەی، بە پشتا کەوتبوو، قژە زەردە لوولەکەی بە دەرەوە بوو. گۆنای وەك بڵێی نەوازشی ئەرزەکە بکات، بەرەو ئەرزەکە وەرگێڕا بوو، لیٚ لێوە نارنجیەکانی کە پەڵەی شینی کەوتبووە سەر، بە شێوەیەکی خەمناك هەڵقورتاند بوو. نەفەرەکەی دەستە ڕاستی ئەو، بە ڕووا

کەوتبوو، پاڵتۆکەی لەسەر پشتی گرمۆڵە بوو بوو، کەمەربەندەکەی پشتەوەی پچڕا بوو، لاقە ئەستوورەکانی دەرکەوتبوون، پانتۆڵێکی خاکی لەبەر بوو، جووتێ نیوپووتی چەرمی زەردی لە پێدا بوو، کە پاژنەکانیان لە سووچێکەوە سوا بوون. خومپارە کاسکێتەکەی و تەپڵی سەری بردبوو. کاسەی سەری بە تاڵی، کە قژێکی تەڕ عەینی تاج دەوری گرتبوو، پڕ بوو لە باراناوێکی مەیلەوسوور، ئەفسەرێکی دیکە لەلایەوە کەوتبوو، دەموچاوی پێوە نەما بوو، کورتە بالآیەکی تێکسمراو بوو، چاکەتێکی چەرمی یەخەکراوەو کراسێکی سەربازی دڕاوی لەبەر بوو. کاژێرەی خوارەوەی بە خواری لەسەر سینگە رووتەکەی گیرسا بووەوە. لە ژێر قژە سەرەکەیەوە، پاشماوەی تەوێڵە باریك و سپییەکەی کە پێستەکەی سووتا بوو و عەینی بۆری باریك لوول بوو بوو. بەڵام لە نێوان تەوێڵ و چەناگەیدا، تەنیا پارچە ئێسقانێك و خوێناوێکی سووری مەیلەو ڕەش بەدی دەکرا.

لەولاترەوە، کۆمەڵێك پارچەی چوار پەل و پەڕۆو پاتاڵی چاکەت و پاڵتۆی سەربازی و لاقی شکاو، بەبێ موبالاتی لەسەر یەکدی کەڵەکە کرابوون. هەندێ لەولاترەوە، گەنجێکی منداڵکار کەوتبوو، لێوەکانی ئەستوورو، دەموچاوی درێژ کۆڵەیەکی منداڵانە بوو. دەستڕێژێکی ڕەشاش سینگ و بەڕۆکی کردبوو بە سەرەندو بێژنگ. پاڵتۆکەی لە چوار شوێنەوە کون بوو بوو و ناواخنەکەی هەڵکوڕوزا بوو و لە کونەکانەوە هاتبووە دەرەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەدەم دانەچۆقەوە گوتی:

– "ئەمە... ئەمە. تۆ بڵێی لە دەمی مەرگا کێی گاز کردبێ؟ هاواری بۆ کێ کردبێ؟ دایکی؟"

ئەوسا بە پەلە ڕووی وەرگێڕاو وەکو کوێرێك بەدەم نوچدانەوە لەوێ ڕۆیی.

قۆزاقەکان، بەدەم خاچ کێشانەوە، بە هەشتاو لەوێندەر ڕۆییشتن و ئاوڕیان نەدایەوە. کە بە تولە ڕێگاکانی ناو بێشەکەدا دەڕۆییشتن، تا ماوەیەکی زۆر ورتە لە کەسەوە نەهات و هەوڵیان دەدا، بە زووترین کات لەو دیمەنانە دوور بکەونەوە کە دیتبوویان. دوای ماوەیەك سریەکە لە نزیکی ریزە سەنگەرو مەتەرێزێکی چۆڵدا وەستا. ئەفسەرەکان، لەگەڵ تەتەرێکدا، کە لەلایەن سەرکردایەتی کەتیبەی چرنویارسکییەوە نێردرا بوو، چوونە ناو یەکێك لەو سەنگەرو پەناگایانەوە.

لەو کاتەدا ئافونکا ئوزیروڤ کونج، قۆڵی ئالیکسییوفیچی گرت و لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەو کوڕە، ئەوەی دوای دواوە، باوەڕ ناکەم بە عەمراتی خۆی هەرگیز ژنێکی ماچ کرد بووبێ... بینیت چۆن کوشتبوویان؟ ئاخر ئەمە کەی ڕەوای هەقە، شتی وا چۆن دەبێ؟

زاخاروکورولیوف هەڵیدایە:

– ئەم هەمووە لە کوێ کوژرا بن؟

بورشچوف، دوای هەڵوەستەیەك، بەرسڤی دایەوە:

–گوایە لە هێرشدا کوژراون. ئەو سەربازەی کە بە دیار جەنازەکانەوە بوو، وای بۆ گێڕامەوە.

قۆزاقەکان لە پشوودا بوون، تاریکی باڵی بەسەر بێشەکەدا کێشا. با، هەورەکانی ڕادەماڵی و لێکدی دادەبڕین و ناو بە ناو لە دووری دوورەوە، ستێران بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە.

فەرماندەی سریەکە، کە لە پەناگاکەدا، دەگەڵ ئەفسەرەکاندا کۆ بوو بووەوە، تەتەرەکەی سەرکردایەتی کەتیبەی چرنویارسکی ئیزن داو ئەو نامەیەی، کە تەتەرەکە هێنا بووی، کردەوەو دایە بەر روناکی بنەمۆمێك و بە دەنگی بەرز و بەمجۆرە خوێندیەوە:

"بەرەبەیانی رۆژی ٣/١٠، ئەڵمانەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی گازی خنکێنەرو ژاراوی کردنی فەوجی سێیەمی سەر بە کەتیبەی ٢٥٦ەوە، هێڵی یەکەمی سەنگەرەکانی ئێمەیان گرت. ئەمرتان پێدەکەم بەپەلە بەرەو هێڵی دووەمی سەنگەرەکان پێشڕەوی بکەن. پاش ئەوەی دەگەڵ فەوجی یەکەمی کەتیبەی ٣١٨ چرنویارسکی یەکتان گرتەوە، لە خەتی دووەمی سەنگەرەکاندا، سەنگەر بگرن و خۆتان بۆ دژە هێرش، بۆ سەر دژمن ئامادە بکەن و ئەمشەو لە خەتی یەکەم وەدەریان بنەن. لە قۆڵی ڕاستتانەوە دوو سریەی سەر بە فەوجی دووەم و فەوجێکی سەر بە کەتیبەی فاناگوریای سەر بە فیرقەی سێیەمی نارنجۆك ئەندازان، کۆمەکتان دەکەن.

ئەفسەرەکان، هەڵوێستەکەیان تاوتوێ کردو دوای جگەرە کێشێك لە پەناگەکە هاتنە دەرەوە. سریەکە دووبارە کەوتەوە ڕێ.

لەو کاتەدا کە قۆزاقەکان، لە دەوروبەری سەنگەرو مەتەرێزەکاندا لە پشوودابوون، فەوجی یەکەمی کەتیبەی ٣١٨ی چرنویارسکی لەوان تێپەڕی و کەوتە پێشەوەو خۆی گەیاندە پردەکەی سەر روباری ستوخود. ئەم پردە، لەلایەن گروپێکی بەهێزی، ڕەشاشچیانی سەر بە کەتیبەیەکی نارنجۆك ئەندازانەوە، پاسەوانی دەکرا. ڕەیس عورەفاکە، هەڵوێستەکەی ئەوێندەری بۆ فەرماندەی فەوجەکە روون کردەوە، فەوجەکە لە پردەکە پەڕییەوەو خێرا بەسەر چەند سریەیەکدا دابەش بوو: دوو سریە لە سەمتی ڕاست و، سریەیەك لە سەمتی چەپدا، دامەزران و سەنگەریان گرت، سریەی چوارەم دەگەڵ فەرماندەی فەوجەکەدا وەکو هێزی یەدەك مایەوە.

سریەکان، بە ریز کەوتنە پێشڕەوی. بێشەکە پڕ بوو لە چاڵ و چۆڵ و گۆلاوی بچووك، تەقینەوەی گوللە تۆپان، سەرانسەری کێڵا بوو. سەربازەکان، بەدەم ڕێکردنەوە، بە پێیان بەر پێی خۆیان سەح دەکردەوە، ناو بە ناو یەکێکیان دەکەوت و لە بن لێوانەوە دەکەوتە سخێف و جنێودان، سریەکەی غولام، لە کۆتایی قۆڵی ڕاستەوە ڕێی دەکرد، خودی غولام شەشەمین نەفەری دوای دواوەی ریزە دوورو درێژەکە بوو. دوای ئەوەی فەرمانی "ئامادەباش" درا. تفەنگەکەی خۆی پڕ کردو بە هەردوو دەستان بە جۆرێ گرتی کە دەگەڵ هەنگاوەکاندا، بەسەرە نێزەکەی قەدی نەمام و دارکاژەکانی دەڕوشاند. دوو ئەفسەر کە بە دەنگی نزم قسانیان دەکرد بە بەردەمیا تێپەڕین. فەرماندەی سریەکە، بەدەنگە گڕەکەی خۆی گلەیی دەکرد:

–زامە کۆنەکەم دیسان کراوەتەوە. نەفرەت لەو کۆتەرە دارە!، دەزانی ئیڤان ئیڤانۆفیچ، لەم تاریکیەدا بەر کۆتەرە دارێك کەوتم، لاقم ئەزیەتی بینی. زامەکەم کراوەتەوە، ناتوانم ڕێبکەم، دەترسم، ناچاربم بگەڕێمەوە.

دەنگی فەرماندەی سریەکە، بۆ ساتێك كپ بوو، پاشان لە دوورتر و هێواش تر دەستی پێکردەوە:

– تۆ فەرماندەیی نیوەی سریەی یەکەم وەربگرەو بۆگدانوفیش فەرماندەیی نیوەی دووەمی دەستۆ دەگرێت، من.... بە شەرەفم ناتوانم یەك هەنگاو بنەم. ناچارم بگەڕێمەوە.

دەنگی گڕی ملازمی دووەم بیلیکوف بەرز بووەوە:

– سەیرە! هەرکە ناوی شەڕ دێتە ئاراوە، یەکسەر زامە کۆنەکانت دێنە سویێ.

فەرماندەی سریەکە، دەنگی لێهەڵبڕیو گوتی:

– دەمت داخە، ملازم دووەم!

– باشە، باش. ئەگەر حەزدەکەیت، دەتوانیت بڕۆیت.

غولام کە گوێی بۆ سەدای پێی خۆیو ئەوانی دی شل کردبوو، لە دواوە گوێی لە خشەخشی گیایەکەی پشت خۆیەوە بوو، یەکسەر زانی فەرماندەی سریەکە، بەرەو شەڕگەی پاشەوە گەڕایەوە. دوای دەقیقەیەك، بیلیکوف کە دەگەڵ ڕەیس عورەفاکەدا بەرەو سەمتی چەپی سریەکە دەڕۆیی، بە بەردەمیا تێپەڕیو کەوتە خوتەو بۆڵە:

– خوێڕیانە بۆنی خەتەریان کردووە! هەرکە شەڕ دەست پێدەکات، ئیدی یان نەخۆشدەکەون، یان برینەکانیان هەو دەکاتو دێتەوە سوێ.

بەڵام تۆی ملازم، کە تازە لە کۆلیج دەرچوویت، لێت دەپاڕێنەوە کە فەرماندەیی نیوەی سریەکە لە ئەستۆ بگریت... نا مەردانە! خۆزگە دەمتوانی... بە خۆشیان دەڵێن سەرباز...

لە ناکاوا، دەنگەکان خامۆش بوونو غولام جگە لە دەنگی پێی خۆی کە لە قوڕ دەچەقیو نەوای زەنگوڵەیەك کە لە مێشکیا دەنگی دەدایەوەو هیچی دیکەی نەدەژنەوت.

دەنگێك لە شانی چەپیەوە، بە ئەسپایی گوتی:

– ئەهای هاوشاری!

– چیە؟

– وەزعت باشە؟

غولام، بەرسڤی دایەوە:

– لە خوا بەزیاد بێ،

لەم کاتەدا، ساتمەیەکی دا، بە قوونا کەوتە ناو چاڵی گوللە تۆپێکەوە. گوێی لە دەنگی ئەو نەفەرەی لای چەپیەوە بوو کە گوتی:

– چ تاریکستانێکە...

ئەو دووە، ماوەیەك بەبێ ئەوەی یەکدی ببینن، ڕێیان کرد. پاشان هەمان دەنگ، کە زیاتر لە فیشکاندن دەچوو، بەگوێی غولامیدا چپاند:

– با پێکەوە بڕۆین. واهی ترسمان کەمتر دەبێت...

بە بێدەنگی کەوتنەوە ڕێ، بە پارێزەوە پۆستاڵە تەڕو پڕ ئاوەکانیان بەسەر ئەرزە تەڕو خزەکەدا بکێش دەکرد. لە ناکاوا مانگ لە پشت پەڵە هەورێکەوە، لێڵو پەڵە پەڵە، دەرکەوت،

ئەوسا وەکو پولەکەی زەرد، بەکزی درەوشایەوە، وەکو بەلەمێك بۆ چەند ساتێك چوو بە گژ شەپۆلی تەمتوماندا، پاشان بە ئاسمانی سافەوە دەرکەوتەوەو کز کز دنیای ڕوناك کردەوە. گەڵای دەرزی ئاسای تەڕی دارکاژەکان، لەبەر تیشکی مانگەکەدا وەکو فسفوڕ دەدرەوشانەوە. بۆنی بەری دارکاژان و هەڵمی ساردی ئەرزە تەڕەکە، لەبەر ڕوناکیەکەدا تیژترو ساردتر دەیان نواند.

هاوڕێکەی غوڵام لە پڕ وەکو ئەوەی جەزرەبەیەکی وێکەوتبێ، بەدەم سەر بادانەوە ڕاوەستا، غوڵام تەمەشایەکی کرد. هاوڕێکەی هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– تەمەشاکە!

سێ شەقاوێك لەولای ئەوانەوە، تارماییەك لە شێوەی پیاوێکدا لاقی بڵاوکردبوونەوەو لە بن دار کاژێکدا وەستا بوو. غوڵام گوتی: یان وای وێنا کرد کە دەڵێت:

– زەلامە.

هاوڕێکەی غوڵام، لە ناکاوا تفەنگی لێڕاکێشاو تێیخوڕی:

– زەلام کێی؟ کێی، قسە بکە، دەنا تەقەت لێدەکەم!

تاپۆکەی ژێر دارکاژەکە، هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە. سەری وەکو گوڵی، گوڵە بەڕۆژە، بەلادا خوار بوو بووەوە. غوڵام بەدەم پێکەنینێکەوە کە زیاتر لە خشەخش دەچوو گوتی:

– نووستووە!

لە کاتێکا ئازای ئەندامی دەلەرزی، بەڵام بۆ ئەوەی ورەی خۆی بەرزبکاتەوە، ترسی خۆی بڕەوێنێتەوە، بە تۆبزی پێدەکەنی، هەنگاوێك چووە پێشەوە، بە دوو قۆڵی لە تارماییەکە چوونە پێشەوە. غوڵام، ملی بەرزکردەوەو کەوتە تەمەشا کردن. ئەوسا هاوڕێکەی قۆناغە تفەنگێکی خێواندە، پەیکەرە بۆرە بێجوڵەکەو بە سوعبەتەوە گوتی:

– ها، بابۆ! خەوتووی؟ برادەر؟... چ دەکەی؟ ئێستا وەختی شوخی و سوعبەتە!...

لە پڕ دەنگی تێکشکا، شەقاوێك کشایەوەو هاواری کرد:

– مردووە!

غوڵام، سڵەمیەوە، هەنگاوێك هاتە دواوە. تاپۆیەکەی ژێر دارکاژەکە، وەکو درەختێك بیبڕنەوە، بەو ئاوایە کەوتە سەر زەوی. بە دوو قۆڵی ڕووی جەنازەکەیان بۆ سەرەوە وەرگێڕا، سەرەنجام بۆیان دەرکەوت کە سەربازی یەکێك لەو سێ فەوجەی کەتیبەی ٢٥٦ی پیادە بووە، کە بەر گازی کیمیاوی کەوتبوون، بەدەم ڕاکردنەوەو بە مەبەستی ڕزگار بوون لە مەرگ پەنای وەبەر ئەو درەختە بردبوو. پیاوێکی باڵا بەرزی چوار شانە بوو، سەری بە بێموبالاتی بەلایەکدا خوار بوو بووەوە. کە کەوت سەر و ڕووی لە قوڕەکە چەقی و قوڕاوی بوو بوو. چاوەکانی دەرپۆقی بوون و گاز سووتاندبوونی. زمانی ئاوسا بوو، ڕەش عەینی بەردەسان لە بەینی ددانە نوقاوەکانیەوە هاتبووە دەرەوە.

هاوڕێکەی غوڵام، بازووی غوڵامی گرت و بە ئەسپایی گوتی:

– بۆ خاتری خوا، با بڕۆین! وازی لێبێنە!

کەوتنە ڕێ، دوای چەند شەقاوێك تووشی جەنازەیەکی دی بوون، پاشان یەکێکی دی، تا زیاتر دەڕۆییشتن، ژمارەی جەنازەکان زۆرتر دەبوون. لە هەندێ شوێنا، وەکو گیشە لەسەر یەك کەڵەکە بوو بوون. هەندێك بە چیچکانەوە ڕەق بوو بوونەوە. هەندێکی دی کەوتبوونە سەر چوار چنگۆڵەو لە تۆ وایە مێگەلە حەیوانن و دەلەوەڕن. یەکێکیش لەبەر خەندەکێکدا کە دەچووە سەر دووەم خەتی سەنگەرەکان، خۆی گرمۆڵە کردبوو و لە تاو ئازار دەستی خۆی بە دەما بردبوو.

غولام و هاوڕێ سەربازەکەی، کە لە تابوورەکەی خۆیان دوا کەتبوون، کەوتنە گورگە لۆقە تا هاوڕێکانی خۆیان بگرنەوە. بەڵام لە تاریکیەکەدا ڕێیان گومکرد. لە پڕ خۆیان لە پێشی پێشەوە بینییەوە. ماوەیەك بە دوو قۆڵی سوڕانەوە، کەوتنە ناو سەنگەرێکی پێچاو پێچی تاریکەوە. لێبڕان هەر یەکەیان لە سەرێکەوە بڕوات. هاوڕێکەی غولام بە دوو دڵیەوە پێشنیازی کرد:

– با ئەم سەنگەرانە بگەڕێین، بەڵکو شتێك بدۆزینەوەو بیخۆین.

– باشە تۆ بە دەستی ڕاستا بڕۆو من بە دەستی چەپا، بۆ خۆ دەگەڕێین تا ئەوانی دی دەمانگەنێ.

غولام، تەڵە شقارتەیەکی پێکرد، خۆی بە یەکەم پەناگادا کرد. بەڵام یەکسەر، وەکو ئەوەی سپرینگێك هەڵیبداتە دەرەوە، بەو ئاوایە دەرپەڕیە دەرەوە. دوو جەنازە لە ژوورەوە، قیروقاچ بەسەر یەکدا کەوتبوون. غولام سێ پەناگا گەڕاو هیچی نەدۆزییەوە، بەپێ لەقە دەرگای پەناگای چوارەمی کردەوە. هەرکە گوێی لە دەنگێکی غەریب بوو، کە بە ئەڵمانی گوتی:

– کێیە؟ Werist das

خەریك بوو ببورێتەوە. ئازای گیانی کەوتە لەرزین، بە بێدەنگی، کشایەوە.

سەربازێکی ئەڵمانی لە پەناگاکەوە وەدەرکەوت، بە خوێنساردی پاڵتۆکەی لەسەر شانی ڕێك خستەوەو گوتی:

– ئوتو، خۆتی؟ بۆ ئەوەندە دواکەوتی؟

Das bist du otto? Weshalb bist du so spat gekomment?

غولام، تفەنگی لێڕاکێشاو بە دەنگێکی گڕ تێیخوڕی:

– دەست هەڵبڕە! هەردوو دەستت! نەجوڵێی!

لە هەمان کاتدا، چۆکی بۆ داو، وەکو ئەوەی دەستووریان پێدابێ کە تەقەی لێبکات.

سەربازە ئەڵمانیەکە، بە ئەسپایی هەردوو دەستی بەرزکردنەوە، لە سەرسامیدا زمانی بەسترا. لای کردەوە، بە چاوانی ئەبڵەقەوە ڕوانیە نووکی ئەو سەرەنێزەیەی کە رووی کرابووە ئەو. پاڵتۆکە، لەسەر شانی بەر بووەوە. قەمسەڵە مەیلەو سەوزەکەی بە ڕێزێ دوگمەوە دەرکەوت کە لە ژێر باخەڵیەوە چرچ و لۆچ بوو بوو. دەستە گەورەو زبرەکانی بەسەر سەریەوە دەلەرزین، لە دەستی کرێکار دەچوون، قامکەکانی بە جۆرێ دەجوڵان وەکو ئەوەی پیانۆیەکی نادیار بژەنن، غولام بەو دەقەوە، بە بێجوڵە، چاوی بڕی بووە باڵای بەرزی کابرای ئەڵمانی، دوگمەی قەمسەڵە سەربازیەکەی، نیوپوتەکانی، کە لەلاوە دورا بووەوە، کاسکێتە بێقەراخەکەی کە بەلاری لەسەری نابوو، لە پڕ جووڵەیەکی بۆ کردو، تەکانێکی خوارد، لە تۆ وایە دەستێك پاڵتۆکەی لەبەر

دادەکەنێ. دەنگێکی نوزن لە گەروویەوە هات، دیار نەبوو کۆکەیە یان هەنسکی گریان، ئەوسا هەنگاوێك لە یارۆی ئەڵمانی چووە پێشێ. بەدەنگێکی وشکی تێکشکاو گوتی:

– هەڵێ! ئەڵمانی هەڵێ! هیچ رقێکم لە تۆ نییە! هەڵێ تەقەت لێناکەم!

تفەنگەکەی بە دیواری سەنگەرەکەوە هەڵپەسارد. دەستی بۆ دەستی ڕاستی کابرای ئەڵمانی درێژ کرد، لەسەر نووکی پێیان وەستا. رەفتاری دۆستانەی غولام دڵنیای کردەوە. ئەویش دەستەکانی هێنانە خوارەوەو بە دەیقەت گوێی بۆ ڕیتم و ئاهەنگی ئەم زمانە نامۆو غەریبە، بۆ زمانی رووسی گرت.

غولام، بێسڵکردنەوە دەستە زبرەکانی خۆی، ئەو دەستانەی کە لە کارا قاڵ بووبوونەوە، بۆ کابرای ئەڵمانی درێژ کرد، قامکە ساردو بێجووڵەکانی گوشی و، دەستی خۆی، دەستە چکۆلە زەردو زبرەکانی لەبەر تریفەی مانگەکەدا کە بەرەو ئاوا بوون دەچوو بەرزکردەوە. غولام وەکو یەکێك تای لێهاتبێ، بەدەم لەرزینەوە گوتی:

– من بابایەکی کرێکارم. بۆچی تۆ بکوژم؟ هەڵێ، بڕۆ!

بە هێمنی دەستی ڕاستی بە شانی کابرای ئەڵمانیدا هێناو جەنگەڵ و بێشەو باتلاغە رەشەکەی نیشاندا و گوتی:

– هەڵێ، قەل پیاو هەڵێ! ئێستا سەربازەکانی دیکەمان دێن بەسەراو...

کابرای ئەڵمانی بە واقی وڕەوە دەیڕوانیە دەستەکانی غولام و، بالا بەرزەکەی کەمێك بە پێشا بردبوو و گوێیەکانی تەواو هەڵخستبوو و دیار بوو دەیویست لە مانای قسەکانی تێبگات. ئەم حاڵەتە یەك دوو ساتێك بەردەوام بوو. نیگای لە نیگای غولام هەڵەنگوت، لە پڕ بزەیەکی شادمانی کشتەکی لێوی کشاند.

شەقاوێك چووە دواوە، دەستی بۆ غولام درێژ کردو بە گەرمی دەستی گوشی و بە دوو دڵی و نیگەرانیەوە، بەدەم بزەیەکەوە چاوی لە دوڕ چاوە رووسیەکانی بڕی، سووکە کڕنۆشێکی بۆ بردو گوتی:

– ڕێگەم دەدەی بڕۆم؟ ئۆهـ، ئێستا تێگەیشتم... تۆ کرێکارێکی رووسی؟ وەکو من سوسیال دیموکراتی؟ بەڵێ، دەڵێی خەو دەبینم... تۆ برای منی، چۆن دەتوانم ئەمە لە بیر بکەم؟

هیچ وشەیەك شك نابەم منەتباری خۆمی پێدەربڕم... بەلام تۆ گەنجێکی زۆر باش و ئازاغیت... من"١"... (ئەم دیالۆگە لە بنەڕەتا بە ئەڵمانیە.)

غولام، لە نێو شەپۆلی خرۆشاوی هەموو ئەم وشە بێگانانەدا تەنیا لە زاراوەی سوسیال دیموکرات، کە بە زمانێکی پرسیار ئامێز گوتوبووی تێگەیشت.

– بەڵێ، من سوسیال دیموکراتم. دەی خێراکە، هەڵێ! بە دوعا! برای ئازیز، کوا دەست بێنە.

ئیدی بە واقی وڕەوە تەمەشای یەکیان دەکردو بە غەریزە لێکدی حاڵی دەبوون. یەکێکیان کابرایەکی بالا بەرزی باڤاری بوو و ئەویتریان سەربازێکی کورتە بالای رووسی بوو. کابرای باڤاری لە بن لێوانەوە گوتی:

- له جەنگی چینایەتی ئایندەدا، هەردووکمان له یەك سەنگەردا دەبین، وانیه هاوڕێ*؟ (ئەم دیالۆگه له دەقەکەدا به ئەڵمانیه).

له ناو جەنگەڵەکەوە دەنگی تابووره روسیەکان دەهات که نزیك دەبوونەوە، کابرای ئەڵمانی وەکو حەیوانێکی خاکی زەلام خۆی هەڵدایه ناو پەناگاکەوە.

دوای تۆزێك سەربازانی ڕووس نزیك بوونەوە. دەنگیٚ پێیان له ناو بێشەکەوە دەگەییه گویٚ. گروپێکی دیدەوانی، شناسایی چیکی دەگەڵ ئەفسەرەکانیاندا له ریزی پێشەوە دەهاتن. سەربازێك له یەکێك له سەنگەرەکانەوە هاته دەریٚ، ئەم سەربازەی به ئومێدی ئەوەی پارچه نانیٚ، خواردنیٚ، شتێکی دەست بکەویٚ، خۆی بەو سەنگەرەدا کردبوو، چیوای نەما بوو، به هەموو بەر فیشەکی بدەن. سەربازەکه که لوولەی ڕەشی تفەنگێکی بینی، له ئەوە، به ترسەوە هاواری کرد:

- من رووسم، مەگەر نابینن؟

ئەوجا، نانێکی ڕەقی ڕەشی وەکو منداڵێکی ئازیز به بەرۆکی خۆیەوە قەرساندو دووبارەی کردەوە:

- من له خۆتانم.

نایب زابتێك، غولامی ناسییەوە، بازێکی بەسەر سەنگەرەکەدا داو، تا توانی قۆناغه تفەنگێکی خێوانده گازەرای پشتی غولام.

- لەتو پەتت دەکەم، دەمو لووتت دەشکێنم! له کویٚ بوویت؟

غولام هاته پێشەوە، لەوە دەچوو جەزرەبەی قۆناغه تفەنگەکه زۆر کاری تێنەکردبێت، بەدەم لەتردانەوەو به زمانێکی نەرم به نایب زابتەکەی گوت:

- ئێمه له پێش ئێوەوە هاتووین، پێویست بەم هەراو هەنگامەیه ناکات.
- پێویست ناکات وەکو سەگی خوێری بگەڕێی! جاریٚ دوا دەکەویو جاریٚ پێش دەکەویٚ. یانی ئاگاداری زەبتو ڕەبتو بەرنامه نیت؟ خۆ تازه سەرباز نیت، وانیه؟ دوای هەڵوەستەیەکی کەم گوتی:
- تووتنت پێیه؟
- هەمووی شێدارو نمساره.
- کوا تۆزێکم بدەیه.

نایب زابتەکه، سیغارێکی پێکردو ڕۆیی بۆ کۆتایی فەسیڵەکه، بەر له سپێده، گروپه شناساییه چیکیەکه، تووشی بنکەیەکی دێدەوانی ئەڵمانی بوون. ئەڵمانیەکان به دەستڕێژێك بێدەنگیەکەیان شڵەقاند. دوای ئەوە دوو دەستڕێژی دیکەش له دوو فاسیلەی یەکساندا کران. تەڵقه تەنوورەیەکی سوور له حانای سەنگەرەکانا چوو به ئاسمانا. دەنگه دەنگو هەراوزەنا بەرز بووەوە. پێش ئەوەی روناکی تەنویرەکه له ئاسمانا، به تەواوەتی بکوژێتەوە، تۆپخانەی ئەڵمانی، دەستی به تۆپباران کرد.

بوم! بوم!، بوم، بوم.

دەنگی تەقینەوەی خومپارەو بۆمبا لە دووری دوورەوە دەهاتە گویٚ، کە بە گرمو هۆڕ بەسەر سەربازانی نیوە فەوجی یەکەمدا دەڕۆیی وەکو دریٚل هەواکەی کون دەکرد. دنیا بۆ ساتێك کپ بوو، ئەوسا لە دوورەوە، لە نزیکی پردی ستوخودا، لە دووری هێزەکانی رووس، دەنگی تەقینەوەی تۆپ: بوم بوم بەرز بووەوە، ئەو سەربازانەی کە بە فاسیلەی سەد مەترێك لە دوای مەفەرزە چیکییەکەوە بە ریز دەهاتن، دەگەڵ یەکەم دەسڕێژی گوللەدا خۆیان بە عاردیدا دا. تەنویرێك، بە تیشکێکی سوور ئەرزەکەی روناك کردەوە. غولاٚم سەیری کرد، سەربازەکان وەکو مێروله بۆ ناو درەختو دەوەنەکان دەخزێنو کەمو زۆر خۆ لە حەڕیو قوڕ ناپارێزن، بەڵکو زیاتر خۆ لە قوڕ دەنەن تا پارێزراوبن. سەربازان خۆیان بە هەر چاڵو کەلەبەرێکدا دەکرد. خۆیان دەدایە پەنا هەر کۆما (کۆمەڵە) خۆڵێك، سەریان لە بچووکترین چاڵ دەنا. بەلاٚم پاش ئەوەی شەستیرو ڕەشاشان، دەستیان بە کوتانی بێشەکە کردو وەکو رەهێڵەو رێژنەی مانگی پێنج بەسەر سەربازەکاندا دابارین، سەربازەکان خۆیان پێنەگیراو بە سینگە خشکیٚ، لە کاتێکا سەریان بردبووە نێو هەردوو شانیانەوە، بەرەو دوا، گەڕانەوە. وەکو خشۆکان، خۆیان بە عاردیەوە چەسپاند بوو و بێئەوەی بازوو، یان لاقیان بنوشتێننەوە، وەکو مار دەخزین و شوێنەواریان لەسەر قوڕەکە نەخش دەبوو. هەندێکیان هەستانە سەر پێیانو بە غاردان بۆی دەرچوون. گوللە لە سەرانسەری بێشەکەدا دەتەقیەوەو قەدو بەرو گەلاٚی دەرزی ئاسای، دار کاژەکانی دەبڕیو وەکو ئەژدیها دەی فیشکاندو دەچوو بە ئەرزەکەدا. دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم گەڕانەوە بۆ خەتی دووەمی سەنگەرەکان، هەڤدە کەسیان لە نیو سریەی یەکەمی سەر بە کەتیبەی چرنویارسکی. لە دەست دابوو. لەو نزیکانەوە، قۆزاقانی سریەی تایبەتی خەریکی خۆ رێکخستنەوە بوون. ئەمان لە سەمتی ڕاستی نیو سریەی یەکەمی چرنویارسکییەوە، بە پارێزەوە هاتبوون، ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەڵمانیەکان غافڵگیربکەنو بنکەو پاسگەکانی پێشەوەیان ڕابماڵن. بەلاٚم کاتیٚ ئەم پاسگانە تەقەیان لە چیکییەکان کردبوو، ئەڵمانەکان لە سەرانسەری جەبهەکە وەئاگا هاتبوونەوە. ئیدی ئەڵمانەکان، لە هەموو لایەکەوەو کوێرانە کەوتبوونە تەقە کردن، دوو قۆزاقیان کوشتبوو و یەکێکیان برینداز کردبوو. قۆزاقەکان، دوو کوژراوەکە و بریندارەکەیان دەگەڵ خۆدا هێنابووەوە. بەدەم خۆ رێکخستنەوە، کەوتنە گەنگەشە:

– پێویستە کوژراوەکانمان بە خاك بسپێرین.

– خەڵکی دی هەن کە ئەم کارە بکەن.

– دەبیٚ لە خەمی زندووەکاندا بین، مردوو پێویستی بە هیچ نیە.

دوای نیو سەعاتێك، دەستورێك لە سەرکردایەتی کەتیبەکەوە هات: "دوای تۆپ ماڵکردنی ناوچەکە، پێویستە کەتیبەی چرنویارسکیو سریەی قۆزاقانی تایبەتی دووبارە هێرش بۆ سەر دژمن بکەنەوەو لە خەتی یەکەمی سەنگەرەکان دەربکرێن."

تۆپ ماڵکردن، کە بە شێوەیەکی گشتی خەست نەبوو، تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو. قۆزاقو سەربازانی پیادە، دوای ئەوەی بنکەو پاسگای دێدەوانیان دانا، لە سەنگەرو پەناگاکاندا کەوتنە ئیسراحەتو پشوودان، لە نیوەڕۆدا دەستیان بە هێرش و پێشڕەوی کرد. لە دەستی چەپەوە،

یانی لە بەشی سەرەکی شەڕگەکەوە، گرم و هۆڕی تۆپان دەستی پێکرد: لەوێشەوە شەڕ دووبارە دەستی پێکردەوە.

قۆزاقانی ئەوبەری بایکاڵ، لە کۆتایی باڵی ڕاستدا جێگیر بوون، سەمتی چەپیان کەتیبەی چرنویارسکی و سوارەی تایبەتی قۆزاق بوو، لەولای ئەوانەوە کەتیبەی نارنجۆك ئەندازانی ڤاناگوریاو لەولای ئەوانیشەوە کەتیبانی چمبارو بوگولماو هەردوو کەتیبەی ٢٠٨ و ٢١١ی پیادەو کەتیبانی پاولوفگرادو نگروف ئامادەو تەیار بوون، کەتیبەکانی فیرقەی ٥٣ لە ناوەندەوە هێرشیان دەکردو سەرانسەری باڵی چەپ لەلایەن فیرقەی دووەمی تیرەندازانی تورکستانەوە پارێزگاری دەکرا. سەرانسەری ئەو بەشەی شەڕگەکە هاڕوژا بوو: رووسەکان لە هەموو قۆڵێکەوە هێرشیان دەبرد.

قۆزاقەکان، بەدەم مەسافە وەرگرتنەوە پێشڕەویان دەکرد. لە قۆڵی چەپەوە، دەگەڵ کەتیبەی چرنویارسکیدا یەکی گرتەوە. هەرکە مەتەریزەکانیان لە دوورەوە لێدەرکەوت، ئەڵمانیەکان، دنیایان لێکردن بە ئاگر، قۆزاقەکان، بێئەوەی هاوارێك بکەن، بەرەو پێش چوون، دوای تۆزێك خۆیان بە عاردیدا دا، کەوتنە تەقەو دەستریژ، هەستانەوە، بە غار چوونە پێشیٚ، سەرەنجام لە دووری پەنجا مەتری سەنگەرێن دژمنا، خۆیان بە عاردیدا دا، بێئەوەی سەر هەڵبڕن، کەوتنە تەقە. ئەڵمانەکان سەرانسەری مەتەریزەکانیان سیم بەند کرد بوو. ئەفونکا ئوزیروف دوو نارنجۆکی هەڵدا، کەوتنە ئەودیوی سیم بەندەکەوە. ئەفونکا، کەمێك سەری هەڵبڕی تا نارنجۆکی سێیەم هەڵبدات، بەڵام گوللەیەك لای چەپی پێکاو لە خوار برِبڕەی پشتیەوە دەرچوو. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە لە نزیکی ئەوەوە ڕاکشا بوو، بینی ئەفونکا، یەك دوو لەقە فرەتەی بۆ کردو ئەوجا ساردبووەوە. پروخور شامیلی، برای ئەلیکسی یەك قۆڵیش کوژرا. دوای ئەو مانتسکوف، ئاتامانەکەی جاران کوژرا. دوای ئەو یەکسەر فیشەکێك بەر یفلانتی کالینینە شەلی، کاکۆڵ زێڕین، کە لە تەنیشت شامیلەوە بوو، کەوت و ئەویش کوژرا. لە ماوەی نیو سەعاتێکدا، ڕەعیلی دووەم هەشت نەفەری خۆی لە دەست دا. فەرماندەی سریەکە کە نەقیب بوو، دەگەڵ دوو ئەفسەری ڕەعیلەکەدا کوژران و ئیدی قۆزاقەکان دوای ئەوەی فەرماندەییان نەما، ناچار پاشەکشەیان کرد. دوای ئەوەی لە ناوچەی شەڕ وەدەرکەوتن و لە شوێنێکدا کۆبوونەوە: سەیریان کرد نیوەی هێزەکەیان نەماوە. ئەوسا سەربازانی کەتیبەی چرنویارسکیش پاشەکشەیان کرد. ڕێژەی زیانی گیانی فەوجی یەکەم لەمەش زیاتر بوو. وێڕای ئەوەش فەرمانێکی تازە لە سەرکردایەتی کەتیبەوە هات: "یەکسەر، بە پەلەو بێدواکەوتن، دەبێ دەست بەهێرش بکەنەوەو بە هەر نرخێ بووە، دژمن لە خەتی یەکەمی سەنگەرەکان وەدەربنەن و دوور بخەنەوە. سەرکەوتنی یەکجارەکی ئۆپەراسیونەکانی سەرانسەری جەبهەکە وەستاوەتەوە سەر وەدەست هێنانەوەی هەمان شوێن و وەزعی پێشوومان."

سریەکە، خۆیان تەیارکرد، مەسافەیان وەرگرت و هەمدیس کەوتەوە پێشڕەوی. سەربازەکان، لە ژێر ئاگربارانی بێئامانی ئەڵمانەکاندا، لە سەد هەنگاوی سەنگەرو مەتەریزەکاندا خۆیان بە عاردیدادا، دیسان ژمارەی سەربازان دایە کەمی. دەتگوت هەڵمن و دەچن بە ئاسمانا. شەڕڤانان،

له ترساندا خۆیان به ئەرزەکەوە مت کردبوو، لە تۆ وایە ڕەگیان لەو ئەرزە داکوتیوە. نەدەوێران لە شوێنی خۆ ببزوون یان سەربەرزبکەنەوە. لە ترسی مەرگ، گۆدو ئیفلیج بوو بوون.

دەمەو ڕۆژئاوا، نیوەی دووەمی فەوجی، سەر بە کەتیبەی چرنویارسکی، جم و جۆڵی تێکەوت، کەوتنە هەڵاتن، قۆزاقەکانیش کە گوێیان لە هاواری "گەمارۆدراوین، ڕێگای گەڕانەوەمان لێگیراوە" بوو، هەستان، شپرزەو پەریشان، بەسەر دارو دەوەناندا دەکەوتن، و چەکەکانیان لێدەکەوت و بەجێدەما، پێیان وەغارێوە نا. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، دوای ئەوەی لە مەترسی خەلەسی، خۆی دا بەسەر دارکاژێکی گەورەدا کە گوللە تۆپ لە ڕەگەوە هەڵیکەند بوو. نەفەسێکی تازە کردەوە، دوای تۆزێك سەیری کرد گاڤریلا لیخوفیدوف، بەرەو لای ئەو دێ. لیخوفیدوف، وەکو سەرخۆشان، بەدەم ڕێوە لەتری دەدا، چاوانی بڕی بوونە عاردی. دەستێکی پەیتا پەیتا بە حەواوە دەجولاندو لە تۆ وایە دەیەوێ شتێك بگرێت و دەستەکەی تریشی بە جۆرێ دەجولاند وەکو ئەوەی بیەوێ داوە جاڵجاڵۆکەیەکی نادیار لە دەموچاوی خۆی دوور بخاتەوە. نە تفەنگی پێبوو نە شمشێر. قژە قاوەییەکەی کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، ساف و لووس بەسەر هەنیەیدا ڕژابوو، بە ماتە مات، بە ناو بێشەکەدا سوڕایەوەو بەرەو نك ئیڤان ئالیکسییوفیچ هات. بە دیارییەوە وەستا، چاوە ئەبڵەقەکانی بڕینە ئەرزەکە. ئیڤان ئالیکسییوفیچ دیقەتی دا، سەیری کرد ئەژنۆکانی دەلەرزن و کەمێك نوشتاونەتەوەو لە تۆ وایە خۆی بۆ بازدان ئامادە کردووە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بۆ ئەوەی شتێك بڵێ هاتە قسان:

– بینیت...

بەڵام، لە ناکاوا، سیمای لیخوفیدوف گرژ بوو، هاواری کرد:

– سەبرکە!

ئەوسا بە چیچکانەوە دانیشت. قامکەکانی کردنەوەو بە ترس و نیگەرانیەوە ڕوانیە دەوروبەرو گوتی:

– گوێ بگرە! با شیعرێکت بۆ بڵێم. دەگێڕنەوە دەڵێن تاقتاقکەرەیەکی (قژاوکە، توتەك) چکۆلە دەچێتە دیدەنی بایەقوشێك و پێی دەڵێت:

– بایەقوشی ئازیز، پێم بڵێ

پێم بڵێ، بەڕای تۆ

گەورەو شای باڵندان کێیە؟

هەڵۆ، شای هەمووانە

واشە سەردارە

شمقار سەرکردەیە

قوشانی دەنووك درێژ، قۆزاقی ئۆراڵن،

کۆتران سەربازی کەتیبەی گاردن

قومریان سەربازی دەرەجەدارن

ریشۆلە کالموکن،

کۆلارە قەرەجن،

قەلەپاچکە خاڵمانی ئەشرافین

بۆرە مراوی سەربازی پیادەن،

قازان، کیژانی ولاّتی مۆلّداڤین.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، خێرا گوتی:

– بوەستە! لیخوفیدوف، چیتە؟... نەخۆشیت؟

دەموچاوی لیخوفیدوف، شین هەڵگەڕاو گوتی:

– وس!

ئەوسا، بە دەم زەردخەنەیەکی شێتانەی بێتامەوە، لەسەر شیعرەکەی بەردەوام بوو:

چێرگان گەوجن

تەڕلانان، هێرشبەرن

قەلان تۆپچین

ماسیگران کەمانجەژەنن...

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە پڕ ڕاپەڕی، هەستایە سەر پێیان و گوتی:

– خێراکە با بڕۆین، ئەگینا ئەڵمانەکان دەستگیرمان دەکەن... گوێت لێمە؟

لیخوفیدوف، بەتوندی دەستی خۆی ڕاپسکاندو لە کاتێکا لیکاوێکی گەرم بە دەم و لێویا دەهاتە خوارێ، بە دەنگی بەرز لەسەر گۆرانی و شیعرەکەی بەردەوام بوو:

بولبولان ئاشق و گۆرانی بێژن

پەڕەسێلکان کەللە زلن

مێش خۆرە، بەرپرسی باجن

چۆلەکان، موفەتیشن...

لە ناکاوا دەنگی دایەکزی، نەك گۆرانی، بەڵکو لوورەیەك، عەینی لوورەی گورگ لە زاریەوە دەردەچوو، دانەکانی، دانەتیژەکانی لە لیکاودا وەکو سەدەف دەبریقانەوە، ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە ترسەوە دەیڕوانیە چاوە ئەبڵەقەکانی، قژە ساف و پەستاوتەکەی، گوێچکە مۆم ئاساکانی، ئەو پیاوەی کە تۆزێ لەمە پێش دۆست و هاوڕێی بوو. لیخوفیدوف، بە تووڕەیی، زیاتر بە دەنگێکی لوورە ئاسا، هەڵیکردە گۆرانیەکی قۆزاقی کۆن:

شەیپورو تەپڵی شانازی کەوتە لێدان

لەوێوە، لەوبەری دانوبەوە

قۆزاقان هێرشیان برد

سوڵتانی عوسمانیان ڕاونا

مەسیحیانی دنیایان لە دەستی

ڕزگار کرد.

ئێمە لە کۆجاڕانەوە
وەکو کوللە باڵمان گرت
هەموو، قۆزاقانی دۆن،
دەستمان دایە تفەنگ.
ئێمە مریشك و قەلەمونانتان
دەکوژین
ئاوەڕووتیان دەکەین
و منداڵتان و کیژانتان،
خڕ بە دیلی دەبەین.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە بینی مارتین شامیل، بە شەلە شەل، لە رووتەنەکەوە تێدەپەڕی، بانگی لێکرد:

– مارتین، مارتین، وەرە بۆ ئێرە!

مارتین، کە خۆی دابوو بە سەر تفەنگەکەیدا، بەرە بەرە نزیك بووەوە. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە گۆشەی چاو، یارۆی شێتی نیشانداو گوتی:

– یارمەتیم بدە، با لێرەی دوور بخەینەوە، تەمەشا چی بەسەر هاتووە؟ بەرگەی نەگرتووەو تێکچووە.

شامیل، قۆڵی کراسەکەی خۆی دڕی، لاقە زامدارەکەی پێبەست، ئەوجا بێئەوەی تەمەشای لیخوفیدوف بکات، قۆڵێکی گرتو ئیڤان ئالیکسییوفیچش، باسکەکەی دیکەی گرتو کەوتنە رێ.

ئێمە لە کۆجاڕانەوە
وەکو کوللە باڵمان گرت...

دەنگی لیخوفیدف، تەواو دایە کزی. شامیل، زۆری سوو بۆ خوارد، تکای لێکرد، لێی پاڕایەوە:

– بەسە، تو زاتی خوا بیبڕەوە! دڵی خۆت کرد بە تەرزە!
دەمێکە لە کۆ جاڕانەوە باڵت گرتووە، بەسە ئیدی!
ئێمە مریشكو قەلەموونانتان دەکوژین
پەڕو باڵیان دەکەین، ئاوەڕووتیان دەکەین...

یارۆی شێتو دین، هەوڵیدەدا خۆی لە دەستی ئەو دوانە دەرباز بکات، بەردەوام گۆرانی دەگوت. ناو بە ناو هەردوو لاجانگەکانی دەگوشی، ددانەکانی لێکدی دەسوو، کاژێرەی خوارەوەی دەلەرزیو سەری بەدەم گڕی شێتاتیەوە بە لایەکدا دەخست.

شەوێکی قورس لە چل فرسەخی پاینی ڕوباری ستوخودا، بەردەوام بوو. پازدە ڕۆژ بوو، گرمو هۆڕو ڕمبەی تۆپان، لە پەستاو بێپسانەوە بەردەوام بوو. شەوان، لە دووری دوورەوە، فیشەکی تەنویر، ئاسمانی دەکرد بە چراخانو لە چەشنی پەلکە ڕەنگینەدا دەکەوتە سەرەتاتکێو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی گونگی دەخستە دڵو دەروونی ئەوانەوە کە لە دووری دوورەوە چاودێری ئاگرو تەقینەوەی شەڕیان دەکرد.

لەم کاتەدا، کەتیبەی قۆزاقی ١٢، لە دەشتێکی بیابانو باتلاغێکی تەنکاودا، سەنگەری گرتبوو، بە ڕۆژەوە، دووراو دوورو ناو بە ناو تەقەیان لەو نەمساوییانەی بەرانبەریان، کە بە نێو سەنگەرەکانی خۆیاندا هاتوچۆیان بوو، دەکرد. شەوانیش، خۆیان دەدایە پەنا زەلکاوو باتلاخەکانو یان دەنوستن یان قوماریان دەکرد، تەنیا ئێشکگرەکان چاودێری ئەو تەنویرانەیان دەکرد کە ئاسمانی دوورە دەستی شەڕەکانی پاینی ڕوباری ستوخودیان ڕوناك دەکردەوە.

لە یەکێك لەم شەوە ساردانەدا، کە تەنویرێکی یەجگار ڕوناك، بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوەو دیمەنێکی جوانو تایبەتی بە ئاسمان بەخشی بوو، گریگۆری میلیخوف لە سەنگەرەکەی خۆی هاتە دەرێ، بە خەندەکی هاتوچۆیەکەدا بەرەو ئەو بێشەیە ڕۆیی کە لەو دیو سەنگەرەکانەوە وەکو کاکۆڵێکی کەوەیی، بە ترۆپکی گردولکەیەکەوە گیرسابووەوە. لەوێ، لەسەر ئەرزە پانو بۆنخۆشەکە، لێیڕاکشا. هەوای ناو سەنگەرەکە دووکەڵاویو بۆگنخ بوو. دووکەڵی تووتن وەکو پەردەیەکی ریشودار، باڵی بەسەر مێزێکی چکۆلەدا، کێشا بوو، کە هەشت قۆزاق دەوریان دابوو و وەرەقبازیان لەسەر دەکرد، بەڵام لە بێشەکەدا، لەسەر گردەکە، شنەبایەکی نەرمو خۆشی دەهات، لە تۆ وایە هەواو بای باڵی باڵندەیەکی نادیارە. بۆنێکی خەمناکی لەوەسف نەهاتوو لەو گیاو ڕووەکانەوە دەهات کە زەمهەریرو زەمەگولیلك (زوقم، سیخوار) بردبوونیو هەڵی کوروزاندنبوون. تاریکییەکی ئەنگوستەچاو، باڵی بەسەر ئەو دارو درەختانەدا کێشابوو، کە لقو پۆپەکانیان، بە دەم پارچە تۆپو بۆمباوە، پەڕی بوون. چڵ و چێوی پڕ دووکەڵی ئەستێرەی پەروین بە بەرۆکی ئاسمانەوە بڵێسە بڵێسی بوو. حەفتەوانەی گەورە وەکو گالیسکەیەك سەرنگون بووبێو مژانەکەی خوار بووبێو ڕوو لە حەوا وەستابێ، بەو ئاوایە لە پەنای کاکێشاندا کەوتبوو و لە باکووریشەوە ئەستێرەی قوتبی کزکزو بەردەوام دەدرەوشایەوە.

گریگۆری، چاوی هەڵبڕی، ڕوانیە ئەستێرەکە، تیشکە ساردەکەی بە هەموو کزییەکی خۆیەوە، کاری لە چاوی کردو فرمێسکێکی سارد لە چاوی بەر بووەوە.

بەو دەقەوە کە لەسەر گردەکە ڕاکشا بوو، بە بێئەوەی بە خۆیشی بزانێ بۆ، ئەو شەوەی بیرکەوتەوە کە لە نیژنی یابلونوفسکییەوە تا یاگودنویە، بە پێیان ڕۆیی بوو تا خۆی بگەیەنێتە ئەکسینیا، بە داخو کەسەرێکی زۆر تیژەوە بیری کەوتەوە. سیماو ڕوخساری وەکو جاران لەبەر چاوی ڕوون نەبوو، گریگۆری هەوڵیدا (لە پڕ دڵی توندتر کەوتە لێدان) تا وەکو دواجار کە چۆنی دیتبوو، بەو ئاوایە بیهێنێتەوە بەرچاوی خۆی، چۆن دەموچاوی لە تاو ئازار گۆڕا بوو، چۆن ڕوخساری لە ژێر جەزرەبەی قامچیدا شینو مۆر بوو بووەوە، بەو ئاوایە بیهێنێتەوە بەرچاوی

خەیاڵو یادگەی خۆی، بەڵام یادگەی سوور بوو لە سەر ئەوەی بە شێوەیەکی دیکە بیهێنێتەوە بەر چاوو زندووی بکاتەوە. بە ئاستەمێك خۆی دەخاتە سەرلا، بزەیەکی شادی بۆ دەکات. ئەکسینیا بە نازەوە سەر وەردەگێرێ، نیگای چاوە رەشە زوغاڵ ئاساکانی ژێراو ژێر دەبڕێتە ئەو، لێوە سووره ئارەزوو بزوێنەکانی، کۆمەڵێك وشەی پڕ سۆزی ئاگرینی لە وەسف نەهاتوو، بە گوێی ئەودا دەچپێنێ. ئەوجا بە ئەسپایی نیگای لێدەگوازێتەوە و سەری وەردەگێڕێت، هەردوو زوڵفە مەخمەلیەکەی بەسەر گەردنە ئەسمەرەکەیەوە دەبینێ... گریگۆری جاران چەندی حەز دەکرد ماچیان بکات...

گریگۆری تەزوویەکی بەسەراپادا هات، بە خەیاڵ و بۆ ساتێکی تیژ تێپەڕ وای هەستکرد کە بۆنی قژە ناسکەکەی ئەکسینیای بەسەرا هاتو مەستی کرد، کونە کەپووەکانی کرانەوە. بەڵام نا، ئەمە بۆنی گەڵا ڕژاوەکان بوو. ئیدی تاپۆی دەموچاوە درێژ کۆڵەکەی ئەکسینیا، لەبەر چاوی کاڵ بووەو نەما. گریگۆری، چاوەکانی نوقاندن، ناولەپی نایە سەر ئەرزە زبرەکە. لەسەر گازی پشت ڕاکشا، ماوەیەکی زۆر بێئەوەی چاو بتروکێنێ، لە پشت دارکاژە شکاوەکەوە، چاوی بڕیە ئەستێرەی قوتبی کە وەکو پەپولەیەکی جوانی شین، بە مۆڵەقی لە پەراوێزی ئاسماندا وەستا بوو و لە شوێنی خۆیەوە، باڵەکانی پێکا دەدا.

هەندێ یادگارو بیرەوەرێن پەراگەندەی دی، هاتنو دایان بەسەر وێنەکەی ئەکسینیاداو تەواو لە یادگەیدا کاڵیان کردەوە. ئەو هەفتانەی وەیاد هاتەوە کە دوای دابڕان لە ئەکسینیا، لە تاتارسکیدا دەگەڵ ماڵباتو کەسوکارەکەیدا بەسەری برد بوون، شەوانی ماچو ڕامووسانو هاوباخەڵی گەرموگوڕ دەگەڵ ناتالیادا، کە دەتگوت گەرەکیەتی قەرەبووی ساردو سڕی ڕۆژگارانی تازە بووکی خۆی بۆ بکاتەوە. ڕۆژانی پڕ لە ڕێزو حورمەتی، تا ڕادەی پەرستنی کەسوکارەکەی، ڕێزو حورمەتی خەڵکی گوندە بەرانبەر بە یەکەمین گەنجی خۆیان کە میداڵی سوارچاکی و دلاوەری سان جورجی وەرگرتبوو. گریگۆری لە هەموو شوێنێك، تەنانەت لە ماڵی خۆشیاندا، هەستی دەکرد بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە، بەسەرسامیەوە تەمەشای دەکەن، بە جۆرێ تەمەشایان دەکرد وەکو ئەوەی باوەڕ نەکەن کە ئەمە هەمان گریگۆری، هەمان گەنجە پڕجۆشو خرۆشو زیتەڵەکەی جاران بێ، پیاوانی پیر لە مەیدانی گوندا، وەکو کەسێکی هاوتای خۆیان قسانیان دەگەڵ دەکردو کە تووشی دەبوون، لەبەری دەوەستان و بە ڕێزەوە، شەپقەکانیان بۆ دادەگرت، کیژانو ژنان، بە سەرسامی دەیانڕوانیە قەدو باڵا جوانو ڕێكو پێكو کەمێك خوارەکەیو ئەو خاچو میداڵەی کە بە نەوارێکی ناسکی ڕێ ڕێوە، بە بەرۆکی پاڵتۆ سەربازییەکەیەوە هەڵواسرا بوو. بە چاوی خۆی دەیبینی کە باوکی، وەختێ دەگەڵیا بۆ کڵێسا یان مەیدانی گوند دەڕۆیی چەند شانازی پێوە دەکردو بە خۆ دەنازی.

بەرە بەرە ئەم ژەهری روپامایيو مەرایيو ڕێزو ماستاوەی کە بۆی دەکرا، بەرە بەرە تۆوی ئەو حەقیقەتەی کوشت کە کارانجا لە هزرو بیریا چاندبوویو خووی شەڕ کرد. گریگۆری کە بۆ تاتارسکی گەڕایەوە پیاوێك بوو وکە بۆ شەڕگە گەڕایەوە پیاوێکی دیکە بوو. ئیدی ئەو دابو

نەریتە قۆزاقیەی کە بە شیری دایکیەوە مشت بووی و بە درێژایی تەمەن دەگەڵیا گەورە بوو بوو و خووی پێوە گرتبوو، بەسەر حەقیقەتە مرۆڤانیە گەورەکەدا زاڵ بوو بوو.

پانتلی پروکوفیوچ، لە کاتی خوا حافیزیدا، پێی گوت:

– من چاك دەمزانی کە دەبیت بە قۆزاقێکی زۆر چاك...

پیرەمێرد کەمێك مەست بوو، لێکدا لێکدا دەستی بە ڕدێنە ماشو برنجەکەیدا دێناو لەسەری ڕۆیی:

– ... کە تەمەنت بوو بە ساڵێك، بە گوێرەی دابو نەریتی باوی قۆزاقان بردمیتە ناو حەوشەو لەسەر ئەسپێکی بێزینم دانایت. کە چی تۆ، تۆی شەیتان بە دەستە چکۆلەکانت، چنگت بەیاڵی ئەسپەکەدا کرد. ئەو ڕۆژە لە دڵی خۆدا پێشبینی ئەوەم کرد کە دەبیت بە قۆزاقێکی چاكو هەرواش دەرچوویت.

گریگۆری کاتیٚ کە بۆ شەڕگە گەڕایەوە قۆزاقێکی تەواو بوو. هەرچەندە لە دڵی خۆیدا لە شەڕو لە بێهودەیی شەڕ بێزارو وەڕەز بوو، بەڵام پابەندو وەفاداری دابو نەریتی قەومی قۆزاقان بوو.

لە مانگی ئایاری ١٩١٥دا کەتیبەی سیازدەی ئاسنی ئەڵمانی لە مێرگێکی سەر سەوزی جوانی نزیکی گوندی ئولخوفیچکەوە دەستی بە هێرش کرد. دەستڕێژی ڕەشاش، عەینی زیك زیکە نەدەبڕایەوە. ڕەشاشێکی ئەو سریە ڕووسیەی کە لەو بەری ڕوبارەکەوە سەنگەری گرتبوو، زۆر بە قورسی تەقەی دەکرد. کەتیبەی دوازدەی قۆزاقان ڕووبە ڕووی ئەم هێرشەی ئەڵمانەکان بووەوە.

گریگۆری کە دەگەڵ قۆزاقەکانی دیکەدا، بەریز بەرەو پێش غاری دەدا، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، دنیا نیوەڕۆ بوو، هەتاو لە ناوەندی ئاسمانا بوو، هەروەها وێنەی هەتاوەکە لە ناو ئاوی چۆمێك کە قەراخەکەی یەکپارچە داری کورتە باڵای زەردە بی بوو، ڕەنگی دابووەوە، پاسەوانانی ئەسپەکان، لەو دیو چۆمەکەوە، لە پشت داربیەکانەوە خۆیان پەنا دابوو. هێڵی هێرشی ئەڵمانیەکانو پرتەوی زەردی ئەو داڵە برنجەیەی (کانزایەکە تێکەڵ لە مسو فانۆن) کە بە کڵاوەکانیانەوە دووروو بوو، بە بەرچاویەوە بوو. بایەکە دووکەڵی شینباوی بارووتی گوللەکانی، لوول دەدا.

گریگۆری، بە کاوەخۆ، بێئەوەی خۆی شیلویٚ بکات، تەقەی دەکرد، بە وردی نیشانەی دەگرتەوە. لە ماوەی نێوان تەقەکاندا گوێی بۆ دەستورەکانی فەرماندەی ڕەعیلەکە دەگرت، کە مەودای تەقەکانی دەست نیشان دەکرد. لەو ماوەیەدا دەرفەتی هێناو خاڵخاڵۆکێکی، کە بەسەر قۆڵی کراسە سەربازیەکەیەوە بوو، گرت. دوای ئەوە نۆرە هاتە سەر هێرش.. گریگۆری بە قۆناغە تفەنگەکەی خۆی، ملازمێکی باڵا بەرزی ئەڵمانی تەختی ئەرزەکە کردو سیٚ سەربازی ئەڵمانی بە دیلی گرت، بەرەو چۆمەکە دانیە پێش، کەوتە تەقەکردن بەسەر سەریاندا، ناچاری کردن بە غاردان بەرەو چۆمەکە (چەم، روبار، ڕۆخانە) بڕۆن.

گریگـۆری، لـە تـەمووزی سـاڵی ١٩١٥دا، هـاوڕێ دەگـەڵ ڕەعیلێکـی قۆزاقانـدا، تۆپێکیـان لـە نەمساویەکان، کە لە شەڕدا گرتبوویان، سەندەوە. لەو شەڕەدا، خۆی گەیاندبووە پشت جەبهەی دژمن و بە تفەنگە ئۆتوماتیکیەکەی خۆی دەستڕێژی لە دژمن کردبوو و هێرشی نەمساویەکانی تێکشکاند بوو و ناچاری کردبوون هەڵێن، پاشان، کە لە بایانیتسەوە تێپەڕی بوون، لە شەڕێکدا ئەفسەرێکی قەڵەوی نەمساوی بەدیل گرتبوو، وەکو بەرخ هەڵیدا بووە سەر قەڵپوسی زینەکەی و بە چوار ناڵە بۆی دەرچوو بوو. گریگۆری بە درێژایی ڕێگا بۆنی ناخۆشی جەستەی دیلە قەڵەوەکەی، کە لە ترساندا، لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، چوو بوو بە دەم و کەپووا.

گریگۆری، هەر بەو دەقەوە کە لەسەر ترۆپکی گردە ڕەشەکەدا ڕاکشا بوو، بەرخوردی خۆی دەگەڵ دژمنە سەر سەختەکەی خۆیدا ستیپان ستاخوفدا بیرکەوتەوە. کەتیبەی دوازدە لە شەڕگە پاشەکشەی کردو بەرەو رووسیای ڕۆژهەڵاتی نێردرا. ئەسپێن قۆزاقان، کێڵگە رێك و پێکەکانی ئەڵمانیەکانیان پێشێل دەکردو قۆزاقەکانیش، هەر ماڵێکی ئەڵمانیان هاتبا ڕێگا، ئاگریان تێ بەردەدا. بە هەر لایەکدا تێپەڕیبان، دەرخواردی ئاگرو دووکەڵیان دەدا. لە جیاتی دارو دیوارو سەربانی قرمید، وێرانەو خاك و خۆڵ و خۆڵەمێشیان لە پاش خۆ بەجێ دێلا، کەتیبەی دوازدە، لە نزیکی شاری ستولیپیندا، دەگەڵ کەتیبەی بیست و حەوتی قۆزاقی دۆندا یەکی گرتەوەو پێکرا دەستیان بە هێرش کرد. گریگۆری، تەمەشایەکی لەزو ڕەوتەنی براکەی خۆی و، کە لاواز بوو بوو، هەروەها ستیپانی کرد، کە تەراشی کردبوو و چەند قۆزاقێکی دیکەی گوندەکەی خۆیانی بینی. هەردوو کەتیبەکە، لە شەڕا شکان، ئەڵمانەکان ئابلۆقەیان دان، لەو کاتەدا کە هەر یەکێك لە دوازدە سریەکە، یەك لە دوای یەك خۆی تاقی دەکردەوەو خۆی بە دژمندا دەدا تا ئابلۆقەکەی (گەمارۆ) دژمن بشکێنێ، گریگۆری سەیری کرد، ستیپان لەسەر ئەسپە ڕەشەکەی خۆیەوە، کە کوژرا بوو، پەڕییە خوارەوە، وەکو فڕ فڕۆکە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. گریگۆری، کە لە ناکاوا شادی و بریارێکی سەیر لە دڵ و دەروونی گەڕا بوو، بەزەحمەت ئەسپەکەی خۆی ڕاگرت و کاتێ کە دوا سریە بە چوار ناڵە تێدەپەڕی و لەزگ بوو ستیپان بکەنە ژێر دەست و پێوە، گریگۆری ئەسپەکەی بەرەو لای ئەو تاوداو هاواری کرد:

– خۆت بە ڕکێفەکەی منەوە هەڵواسە!

ستیپان، خۆی بە ڕکێفەکەوە گرت، نزیکی نیو فرسەخێك شان بە شانی ئەسپەکەی گریگۆری بەڕاکردن ڕۆیی. بەدەم هانکە هانکەوە هاواری دەکرد، دەپاڕایەوە:

– هێواش، بۆ خاتری خوا، کەمێك هێواش ئەسپەکەت بڕانە!

ئەو جووتە توانیان لە ئەڵقەی گەمارۆی ئەڵمانەکان دەربازبن. هەموو سەد مەترێکیان نەما بوو بگەنە ئەو بێشەیەی کە سریەکانی دیکە پاشەکشەیان بۆ کرد بوو، گوللەیەك بەر لاقی ستیپان کەوت. ڕکێفەکەی بەرداو بە پشتا کەوت. بایەکە کاسکێتەکەی گریگۆری ڕفاندو کاکۆڵ و قژەکەی ڕژایە سەر چاوی. گریگۆری قژەکەی هەڵدایەوەو ئاوڕی دایەوە. سەیری کرد ستیپان بە شەلە شەل بەرەو دەوەنەجاڕێك ڕۆیی، لەوێ دانیشت، بەلەز پانتۆڵە دەڵبە قۆزاقیەکەی کە دوو قەیتانی سوور بەملاو بەو لایەوە بوو، داکەند. بەڵام ئەڵمانیەکان لە پشت گردێکەوە بە تاو

دەهاتن. گریگۆری، یەکسەر تێگەیی کە ستیپان دەیەوێ وا خۆی بنوێنێ کە سەربازی پیادەیە، چونکە ئەڵمانەکان هەر قۆزاقێکی دیلیان بەردەست کەوتبا، ڕەحمیان پێدا نەدەکردو هەر لە جێوە دەیانکوشت... گریگۆری بەدەنگی ویژدانی خۆیەوە چوو، سەری ئەسپەکەی بادایەوە، بە چوار ناڵە بەرەو دەوەنە جاڕەکە ڕۆیی، پێش ئەوەی ئەسپەکە ڕابگرێت خۆی هەڵدایە خوارەوە:

– سواری ئەسپەکەی من بە!

گریگۆری یارمەتی ستیپانی دا تاخۆی لەسەر ئەسپەکە بگرێت. ستیپان نیگایەکی لەزی ئەوتۆی کرد، کە هەرگیزاو هەرگیز لە هزرو خەیاڵی گریگۆری نەیەتە سڕینەوە. ستیپان سواری ئەسپەکە بوو، گریگۆری دەستی بە ڕکێفەکەوە گرت و شان بە شانی ئەسپەکە کە شەلاڵی ئارەقە بوو بوو، کەوتە غاردان.

گیز گیز ز ز ز! گوللە بەگیزو هۆڕ بەسەر سەریاندا تێدەپەڕی. دەموچاوی ستیپان بوو بوو بە جاوی سپی، گوللە وەکو تەرزەی بوهار، بەسەر سەرو بەبنا گوێیاندا تێدەپەڕی: گیز، گیززززز!. لە دواشیانەوە دەنگی گوللە وەکو برێشکە دەتەقیەوە... ترق، ترق، تاق، تاق!

کە گەیینە جەنگەڵەکە، ستیپان لە ئەسپەکە دابەزی، ڕەنگی بوو بوو بە جاوی سپی، لە تاو ئازار گرژ بوو بوو، هەوسارەکەی دانا، بە شەلە شەل دوورکەوتەوە. خوێن لە چەکمەکەی ڕاستیەوە دەڕۆیی. دەگەڵ هەر هەنگاوێکدا خوێن عەینی گێلاسی سوور لە ژێر چەکمە دڕاوەکەیەوە فیچقەی دەکرد. پشتی دا بە دار بەڕوویەکی زەلامی پڕ لق و پۆپەوە، بە ئاماژە گریگۆری بانگ کرد، گریگۆری لێی نزیك بووەوە.

ستیپان گوتی:

– چەکمەکەم پڕ بووە لە خوێن.

گریگۆری هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە، سەیری شوێنێکی دیکەی دەکرد. ستیپان کە بە چاوە بە قوڵا چووەکانی بۆ چاوانی گریگۆری دەگەڕا گوتی:

– گریشا! کە دەستمان بە هێرشەکە کرد... گوێت لێمە گریشا؟ کاتێ کە ئەمڕۆ دەستمان بە هێرشەکە کرد، من سێ جار لە دواوە تەقەم لێکردیت... بەڵام دیارە ئەجەلت نە هاتبوو.

نیگایان لێکدی هەڵەنگوت. نیگای تیژی ستیپان، لە چاڵی قووڵی چاوەکانیا بە شێوەیەکی تەحەمول ناپەزێر دەدرەوشانەوە. بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی لێوی لەبەر یەك هەڵێنێ، گوتی:

– تۆ منت لە مەرگ ڕزگار کرد... سوپاست دەکەم... بەڵام سەربارەت بە ئەکسینیا، ناتوانم بتبەخشم... شتی وام لە تواناادا نییە... ناچارم مەکە، گریگۆری...

گریگۆری لە وەڵاما گوتی:

– نا، ناچارت ناکەم.

بە هەمان دژمنایەتی جارانەوە لێکدی جیا بوونەوە.

لە یادی ڕووداوێکی دیکەدا... لە مانگی ئایاردا، سێ کەتیبە دەگەڵ یەکەکانی دیکەی سوپای بروسیلوفدا، لە ناوچەی لوتسکدا، دزەیان کردبوو و تەشکیلاتی پشتی شەرگەی دژمنیان شپرزە کردبوو و شەڕێکی قورسیان کەوتبووە نێوان. گریگۆری، لە نزیکی شاری لڤۆڤ

دا، خۆ بە خۆو بە دەست پێشکەری خۆی، بە تێکڕای سریەکەوە، هێرشی کردبووە سەر دژمن و هاوەنێکی نەمساویەکانی بە هەموو نەفەرەکانیەوە گرتبوو. دوای ئەوە بە نزیکەی مانگێك، شەوێك بە مەلە لە ڕۆخانەی بووگ پەڕی بووەوە تا لەوبەری ڕوبارەکەوە دیلێك بگرێت.

گریگۆری بە نیمچە ڕووتی. پاسەوانێکی لە پاسگەکەی خۆیدا گرتبوو، لێ سەربازە ئەڵمانیەکە، کە پیاوێکی قەڵەوی کەتەو زەلامو بەهێز دەبێت، ماوەیەکی زۆر گریگۆری دێنێ و دەبات و هەوڵدەدات هاوار بکات و نەیەڵێت گریگۆری دەست و لاقی ببەستێ و بەرهەقی بکات.

گریگۆری کە ئەم بویەرەی وەیاد هاتەوە، بزەیەك نیشتە سەر لێوی.

ئەم جۆرە بویەرو ڕووداوانە، چ لە شەڕو شەڕگەکانی کۆندا و چ لە مەیدانداری و شەڕێن تازەدا، یەجگار زۆرن. تۆماری شەڕان، چ کۆن و چ تازە پڕن لەو جۆرە ڕووداوانە! گریگۆری، مەردانە شەرەف قۆزاقیی خۆی دەپاراست، هەمیشەو لە گشت دەرفەتێکدا هەوڵیدەدا، عگیدی و ڕەشیدی بێپایانی خۆی بنوێنێ، گیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە، سەرکێشی شێتانەی دەکرد، جلەکانی دەگۆڕی و خۆی دەگەیاندە پشت بەرەی نەمساوییەکانەوەو بێئەوەی خوێن بڕێژی، پاسەوان و نۆبەدارەکانی غافڵگیر دەکردن. هەستی دەکرد ئەو سۆزو بەزەییەی کە لە ڕۆژانی هەوەڵی شەڕەوە، بەرانبەر بە خەڵکی هەیبوو و ئازاری پێوە دەچەشت و تووشی واز وازی و دوودڵی دەکرد، بە یەکجارەکی لەدڵ و دەروونیا سڕدراوەتەوە. وەکو زەوی شۆرەکاتی، کاتی وشکە ساڵی، ڕۆژ بە ڕۆژ دڵی ڕەقتر دەبوو. وەکو چۆن زەوی شۆراخ ئاو نامژێ، دڵی ئەویش، ڕەحم و بەزەیی نەدەناسی. ئیدی بێپەراو بێباك یاری بە ژیانی خۆی و خەڵکی دەکرد. بۆیە وەکو سەربازێکی دلێرو ڕەشید ناوبانگ و شۆرەتی دەرکرد بوو، چوار خاچی سان جۆرج و چوار میداڵی وەرگرتبوو. لە نمایش و عەرەزاتێن لە ناکاوا، کە ئێستا کەمتر ئەنجام دەدرا، ڕێك لە تەنیشت بەیداخی سریەکەدا، کە لە دووکەڵی شەڕێن بێشوماردا ڕەش هەڵگەڕا بوو، دەوەستا. بەڵام گریگۆری دەیزانی، ئەو قاقاو پێکەنینەی جارانی نەماوە. دەیزانی کە چاوەکانی بە قوڵا چوون، گۆناکانی زەق بوونەتەوە، دەیزانی ئەگەر منداڵێك لە باوەش بگرێت و رایمووسێ، ناتوانێ بە ئاسانی بڕوانێتە دوڕ چاوە بێگەردو سافەکانی. بەڵێ دەیزانی بە چ بەهایەکی گران ئەو خاچ و میدالانەی بەدەست هێناوە.

لەسەر گردەکە ڕاکشا بوو، داوێنی پاڵتۆکەی لە ژێریا لوول بوو بوو، خۆی دابوو بەسەر ئانشکی چەپیا، جڵەوی بۆ خەیاڵ و یادگە شلکردبوو، بەسەر ڕابردووی دوورا دەسووڕایەوە، لەسەر ئەم بویەرو ئەو ڕووداو لەنگەری دەگرت. هەندێجار لە ناو جەرگەی بیرەوەریە پەراگەندەکانی جەنگەوە، بەداوێکی ناسکی شیندا، دادەگەڕاو لەسەر ڕووداوێکی دووری سەردەمی منداڵیەتی دەگیرسایەوە، گریگۆری بۆ ساتێك نیگایەکی میهر ئامێزو خەمناکی بە دەروونی خۆیدا دەگێڕاو پاشان، دەگەڕایەوە سەر ڕووداوە تازەکانی ئێستا. یەکێك لە سەنگەری نەمساویەکانەوە، زۆر لێهاتووانە ماندولینی لێدەدا. نەوای ناسکی ماندولینەکە بەدەم بایەکەوە دەلەرییەوەو بەلەز بەسەر ڕوباری ستوخودا دەپەڕییەوە، سووك سووك بەسەر ئەو سەر زەمینەدا، کە جارەهای جار بە خوێنی بە شەران پاراو بوو بوو، شەپۆل ئاسا بەرزو نزم دەبووەوە.

ئەستێرەکان بە تەشقی ئاسمانەوە، بە پرتەویێکی پترەوە دەدرەوشانەوە. کەچی تاریکی خەست تر دەبووەوە، تەمتومانی نیوەشەو باڵی بەسەر زۆنگاو پاتلاخەکەدا کێشا بوو. گریگۆری دوو سیغاری دوا بە دوای یەکی کێشا. بەجۆرە خۆشەویستیەکەوە دەستی بەسەر قایشی تفەنگەکەیدا هێنا، قامکی دەستی چەپی نانە سەر ئەرزە میوانپەروەرەکەو هەستا، بەرەو سەنگەرەکەی گەڕایەوە.

گریگۆری کە گەییەوە سەنگەرەکە، سەیری کرد، هاوسەنگەرەکانی هێشتا لە گەرمەی وەرەقبازیدان. خۆی دا بەسەر قەرەوێڵە سەفەرەیەکەیدا. دەیویست جارێکی دی بە ناو تولە ڕێگایانی بیرەوەریانی کۆن بکەوێتەوە، ئەو تولە ڕێگایانەی کە گیاو ڕووەکی زەمانە دای پۆشی بوون. بەڵام خەو بردیەوەو فریا نەکەوت. لە خەویا وەزعێکی ناخۆشی هەبوو، خەوی بینی، خەوی بە دەشتو بیابانی بێپایانی گەرمەوە بینی، بە گوڵی کێویەوە، بەجێ سمی ئەسپانی بێ ناڵی ناو مێرگو گیاجاڕی زەعتەری وەنەوشەیی پرچنەوە بینی... دەشتو بیابەنەکە چۆڵو هۆڵ، ئارامیەکی ترسناك باڵی بەسەرا کێشابوو. گریگۆری لەو خەوەیدا، بەسەر ئەرزە ڕەقە زیخەڵانەکەدا ڕێیدەکرد، بەڵام گوێی لە دەنگی پێی خۆی نەدەبوو، ئەوە زۆری ترساند... خەبەری بووەوە، سەری هەڵبڕی، بە هۆی خراپیو ناڕەحەتی جێگاکەیەوە، ڕوومەتەکانی چرچو لۆچ بوو بوون. وەکو ئەسپێك کە بۆ ساتێك، بۆنو بەرامەی گیایەکی نامۆی بەسەردا بێت، ماوەیەك دەمولێوی خۆی ملچاندەوەو، دووبارە خەوی لێکەوتەوەو ئیدی خەوی نەبینییەوە.

بەیانی لە خەو ڕابوو، زۆر گرژو پەست دیاربوو. "قژنە" لێی پرسی:

– خێرە ئەمڕۆ، دەمو چاوت داوە بە یەکا! چیە خەوت بە کەسو کارتەوە دیتوە؟.

– ئا، باشت هەڵێنا، خەوم بە دەشتو بیابانەوە بینی... دڵم زۆر تەنگە... بیری کەسوکار دەکەم. بەڕاستی لە خزمەتی تزار بێزار بووم...

قژنە، بزەیەکی میهر ئامێزی بۆ کرد. دەمێ بوو دەگەڵ گریگۆریدا لە یەك سەنگەردا دەژیا، وەکو چۆن دوو حەیوانی دڕندەی هاو قوەتو توانا، مدارای یەکدی دەکەن، بەو ئاوایە مدارای گریگۆری دەکردو ڕێزی دەگرت. پاش شەڕەکەی ساڵی ١٩١٤یان، ئیدی هیچ شەڕێك لە نێوانیاندا ڕووی نەدا بوو. باندۆرو کاریگەری قژنە، بەسەر ڕەفتارو سایکۆلۆژیای گریگۆریەوە، کە بە ئاشکرا گۆڕا بوو، بە ڕوونی دیاربوو. جەنگ، جیهانبینی قژنەی تەواو گۆڕی بوو. بەرە بەرە، ڕاوبۆچوونی بەرانبەر بە جەنگ گۆڕا بوو، ئێستا بە شێوەیەکی میانەڕەوانە دژی جەنگ بوو. زۆر جار بەسەعاتان باسی جەنەڕاڵانی خاینو ئەو ئەڵمانیانەی دەکرد کە لە دەرباروو بارەگای تزارداخۆیان دەلستەوە. تەنانەت جارێکیش ئەم قسەیەی لە زار دەرچوو بوو: "فایدەی نییە، بە تەمای هیچ مەبە لەم شەڕە، چونکە تزارین بۆ خۆی ئەڵمانیە. ئەگەر بۆی بلوێت، دوور نییە هەمووومان بە دوو پولی قەڵب بە دژمن بفرۆشێت..."

ڕۆژێك گریگۆری، هەوڵیدا ئەو زانیاریانەی بۆ باس بکات کە لە کارانجاوە فێریان بوو بوو، بەڵام قژنە هیچی قەبووڵ نەکرد، بەدەم زەردەخەنەیەکی تەنزئامێزەوە، بە هەردوو دەستان کێشای بەسەر سەرە کەچەڵە شینباوەکەی خۆیداو گوتی:

- گۆرانیەکی جوانە، بەڵام دەنگی گۆرانی بێژەکە نایکات، تەواو نیە.

(میشکا کوشیڤۆی)ش وەکو کەڵەبابی سەر دیوار، هەمان ئاوازو نەزم دەخوێنیٚ، بە ڕاستی ئەم جۆرە شۆڕشانە بێفایدەیە، هیچی لێشین نابێت، زیانیان پترە، گەمەی منداڵانە. بە خۆت دەزانی ئێمەی قۆزاق، پێویستمان بە تزارێکی بە قووەتە، پێویستمان بە یەکێکی وەکو مکیلای میکلاییچە* (ئەمە ناوی شکاوی، نیکولای نیکولایوفیچ (١٨٥٦- ١٩٢٩)ی مامی تزار نیکولای دووەمی دوا تزاری رووسە کە لەیەکەم جەنگی جیهاندا فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری رووسی بوو. لە ساڵی ١٩١٩دا هەڵهات بۆ هەندەران، کە پاشان بە پشتیوانی رانکل و زۆربەی سەڵتەنەتخوازەکان، بوو بە یەکێك لە داواکارانی عەرشی پاشایەتی رووسی. لە ساڵی ١٩٢٩دا لە پاریس کۆچی دوایی کرد.). هیچ شتێکی هاوبەش لە نێوان ئێمەو جووتیاراندا نیە، ڕێگامان هەمان ڕێگا نییە: دۆستایەتی قازو ورچیان نەگوتووە. گنگرو قوماش نابن بە یوڵداش. جووتیاران، داوای زەوی دەکەن، کرێکاران کرێی زیادیان دەویٚ، بەڵام ئێمە چی، لەم بەینەدا چیمان پێدەبڕیٚ، چیمان دەدەنیٚ؟ زەوییە تا حەز بکەی هەمانە! لەوەی زیاتر چیمان دەویٚ؟ لە هیچمان کەم نیە، بڕۆ بابە ئەمانە هەمووی بیانووە. بە کورتی ئەم تزارەمان کابرایەکی بێ توانایە، چاوەڕوانی هیچی لێناکرێت، باوکی زۆر لە خۆی پیاوانە ترو بە شەخسیەتتر بوو. بەڵام ئەمە، کارێکی وەها دەکات، ئاقیبەت شۆڕش بەردەرکەمان پێبگرێت و وەکو ساڵی ١٩٠٥، شۆڕش بەرپا ببێت و هەنگیٚ دنیا ژێرو ژوور دەبێت و ژیانمان لێدەبێت بە دۆزەخ. ئەم کارانە بە زەرەری ئێمە تەواو دەبن. ئەگەر خوا نەخواستە تەختی تزار وەربگەڕێت، هەنگیٚ بەر دەبنە ئێمە، کۆنە قینان تازە دەکەنەوەو زەویەکانمان بەسەر جووتیاراندا دابەش دەکەن. بۆیە دەبیٚ وریا بین...

گریگۆری، برۆکانی وێکهێنانەوەو گوتی:

- تۆ هەمیشە یەك دیوی مەسەلەکان دەبینی.
- تۆ ورینە دەکەی، تۆ هێشتا منداڵی، دنیات نەبینیوە، نازانی بەری دنیا بە کوێوەیە، بەڵام کەمێك بوەستە هەنگیٚ بۆت بە دیاردەکەویٚ کە هەق بە کێمانە.

زۆربەی کات گفتوگۆو گەنگەشەکەیان لێرەدا کۆتایی دەهات. گریگۆری بێدەنگ دەبوو، قژنەش هەوڵیدەدا، بابەتی گفتوگۆیەکە بگۆڕێت.

گریگۆری ئەو ڕۆژە تووشی کێشەیەکی ناخۆش بوو. کاتی نیوەڕۆ، وەکو هەموو ڕۆژەکانی دی، ئاشپەزخانەی گەڕۆك هات و لەو سەری گردەکە وەستا. قۆزاقەکان بە نێو خەندکی هاتوچۆکەیاندا بەپەلە بۆلای ئاشپەزخانەکە کەوتبوونە ڕیٚ، ئیدی هەر کەسەو ویستبووی پێش ئەوی دی بگاتە ئەوێندەر. میشاکوشیڤۆی چوو بوو بەشە شۆرباو خۆراکی ڕەعیلی سێیەم وەربگرێت. ئیدی لە گەڕانەوەدا، هەموو قسەکانی، کە هەڵمیان لێهەڵدەستا، خستبوونە سەردارێکی درێژو ڕایدەکێشان. هەر کە خۆی بە مەتەڕێزەکەدا کرد، هاواری کرد:

- کوڕینە، بە ڕاستی لە تامیان دەکردووە! چما ئێمە سەگین؟

قژنە پرسی:

- مەسەلە چیە؟

کوشیڤوی، بە تووڕەیی گوتی:

– گۆشتی مردارمان دەرخوارد دەدەن!

قسعەکانی، لەسەر قەرەوێڵەیەکی سەفەری دانا، بە قێزو بێزەوە سەری، بە قژو کاکۆڵە زەردەکەیەوە، کە لە گژنیژەی کێوی دەچوو، بردە دواوە، بە گۆشەی چاو ڕوانیە قژنەو گوتی:

– بۆنێکی ئەو شۆربایە بکە بزانە چ بۆن بۆگەنیەکی لێدێ.

چوباتی (قژنە) سەری بەسەر قسعەکەی خۆیدا دانەواندەوەو پەڕەی کەپووی کرانەوەو موچوڕکەیەکی پێدا هاتو برۆکانی وێکهاتنەوە. (کوشیڤوی)ش گوێ بە گوێی ئەو کەپووی گرژ کردەوە. قژنە گوتی:

– بۆنی گۆشتی بۆگەنی لێدێت.

بە بێزاریەوە قسعەکەی دایە دواوەو تەمەشایەکی گریگۆری کرد. گریگۆری لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی هەستا. لووتە دەندووکە دالأشیەکەی لە شۆرباکەی قژنە نزیک خستەوە، ئەوسا چووە دواوە، بە نووکی پێ، بە ئەسپایی نزیکترین قسعە شۆربای قلّپ کردەوە. قژنە، بە دوو دڵیەوە لێی پرسی:

– بۆ وات کرد؟

گریگۆری، شۆربا ڕژاوەکەی سەر ئەرزەکەی پێ نیشانداو گوتی:

– مەگەر نایبینی؟ تەمەشاکە، خۆ کوێر نیت؟ ئەمە چیە؟

– ئۆ... ۆ... ۆ! کرم! ... وەی دایە!... من نەمبینی بوو! بەڕاستی خواردنە .شۆربانیە، هەڕشتەی فەرەنگیە... لە جیاتی جەرگو دڵو باڵی مریشك، کرممان دەدەنێ.

کۆمەڵێك کرمی کولاوی سپیی باکردە، دەوری پلە گۆشتێکی سووری خوێناوی ناو پەڵە چەوریەکەی سەر ئەرزەکەیان دابوو.

کوشیڤوی، بێئەوەی بە خۆیشی بزانێت بۆ، لەبن لێوانەوە کەوتە ژماردن.

– یەك، دوو، سێ، چوار...

بێدەنگی بۆ ساتێك باڵی بەسەردا کێشان، گریگۆری، تفێکی ڕۆکرد.

کوشیڤوی، هەڵیکێشایە شمشێرو گوتی:

– پێویستە ئەم شۆربایە دەستگیر بکەینو بیبەینە لای فەرماندەی سریەکە.

قژنە هەڵیدایە:

– هەقی خۆیەتی! دروستە!

ئەویش، نێزەکەی لە تفەنگەکەی کردەوەو لەسەری رۆیی:

– ئێمە ئەم شۆربایە دەبەین، گریگۆری تۆش لە دوامانەوە وەرەو ڕاپۆری خۆتی لێبدە.

قژنە و کوشیڤوی، بە شمشێری ڕووتو بە سەتڵێك شۆرباوە کە دەسکەکەیان کردبوو بە سەرە نێزەیەکەوە کەوتنە ڕێ. گریگۆری دوایان کەوت. هەر قۆزاق بوو لە سەنگەرەکانەوە وەدەردەکەوتنو بەریزو بە خەندەکەکەدا وەکو شەپۆلێکی شینباوی کەسك دوایان کەوتن.

– ئەرێ مەسەلە چیە؟

- ئاژیره؟
- تۆ بڵێی شەڕ وەستا بێ؟
- دڵی خۆت خۆشبکە... وەستان! تۆ خوا خوات بێ شتێکت بدەنێ بیخۆی.
- ئەم شۆربایەیان گرتووە. کرمی تیایە.

قژنــەو کوشـیڤوی لـە هەنبـەر پـەناگای ئەفسـەرەکاندا وەسـتان، گریگـۆری، کاسـکێتەکەی بەدەستی چەپ گرت، دانەوییەوەو خۆی بە "لانەی ڕێوی" دا کرد.

قژنە،کە لە تووڕەییدا خوای نەما بوو و دانی دەکرۆشت، لە قۆزاقیەك کە لە دواوە پاڵی نا، تووڕە بوو و گوتی:

- پاڵ مەنە!

دوای تۆزێك، فەرمانـدەی سـریەکە، بـەدەم داخسـتنی دوگمـەێن پاڵتۆکەیـەوە هاتـەدەرێ، بـە سەرسـامی و شـپرزەیی ڕوانیـە گریگـۆری، کـە لـە دوای ئـەوەوە لـە پەناگاکـە هـاتبووە دەرێ، ئەفسەرەکە ڕوانیە ئاپۆڕای قۆزاقەکان و گوتی:

- کوڕینە مەسەلە چیە؟

گریگۆری لێی چووە پێشەوە و گوتی:

- دیلێکمان هێناوە.
- دیلی چی؟

گریگۆری، سەتڵەکەی، کە لە بەر پێی قژنەدا دانرا بوو، نیشانداو گوتی:

- فەرموو، ئەمە دیلەکەیە... بۆنی بکە بزانە چی دەرخواردی قۆزاقەکانتان دەدەن.

یەکێك لە برۆکانی بەرز بووەوە، گرژ بووەوەو کەمێك لەرزی و ئەوسا هاتەوە تایم. فەرماندەی سـریەکە بـە دیقـەت ڕوانیـە حاڵـەتی دەموچـاوی گریگـۆری، ئەوسـا بـە سـەرووڕوویەکی گـرژو پەستەوە ڕوانیە سەتڵەکە.

میشکاکوشیڤوی، بە هەڵچوونەوە هاواری کرد:

- هەر لەمەمان کەم بوو، گۆشتی ئەسپی تۆپیومان دەرخوارد دەدەن!
- پێویستە عەریف عاشەکە بگۆڕدرێ!
- هیچ و پوچ!...
- چی لەوە! بێشەرەفە!
- بۆ خۆی شۆربای پشتە مەغزە دەخوات...

ئەو قۆزاقانەی کە لە نزیکترەوە وەستا بوون، هەڵیاندایە:

- ئەوەی ئێمەش پڕە لە کرم.

ئەفسەرەکە چاوەڕێی کرد تا هەراو زەنایەکە هێور بووەوە، ئەوسا گوتی:

- بێـدەنگ! قسـەی خۆتـان، بـە زیـادەوە، کـرد! بەسـە. ئەمڕۆکـە عـەریف عاشـەکە دەگـۆڕم. لیژنەیـەکیش پێکـدێنم کـە تـاقیقی دەگـەڵ بکـات. ئەگـەر دەرکـەوت کـە گۆشـتەکە خـراپ بووە...

کۆمەڵێك دەنگ لە پشتەوە بەرز بووەوەو دەنگی ئەفسەرەکەی داپۆشی:

- بیدە بە دادگای عەسکەری!

دەبوایە عەریف عاشەکە لە کاتی ڕێ پەیمایی کەتیبەکەدا بێتە گۆڕین. بە چەند سەعاتێکی کەم دوای ئەوەی قۆزاقە یاخیەکان، شۆرباکەیان دەستگیر کردو هێنایانە بەردەم فەرمانندەی سریەکە، دەستورو فرمان بۆ کەتیبەی دوازدە هات کە پاشەکشە بکەن، سەنگەرەکانیان چۆڵ بکەن و بەرەو ڕۆمانیا حەرەکەت بکەن. شەوێ قۆزاقەکان، گۆڕدران بە قەناسێن سیبری. بۆ سبەینێ زوو قۆزاقانی کەتیبەکە لە گوندی ریڤینچیدا سواری ئەسپ بوون و بە پەلە ڕێگای ڕۆمانیایان گرتەبەر.

تومەز ڕۆمانیەکان، دوچاری شکستی یەك لە دوای یەك بوو بوون، پێویستیان بەوە بوو هێزی هیمدادو پشتیوانیان بۆ بنێردرێ. قۆزاقەکان لە یەکەم ڕۆژەوە بەمەیان زانی بوو. ئەو ئەفسەرو مامورانەی کە ئێوارێ لە پێشەوە نێردرا بوون بۆ ئەو گوندەی کە بەپێی بەرنامەی ڕێ پەیماییەکە دەهاتە ڕێیان، تا تاقیبی شوێنی دامەزراندن و حەوانەوەی ئەو شەوەی قۆزاقەکان بکەن، بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە. شوێنیان دەست نەکەوتبوو. گوندەکە پڕ بوو بوو لە هێزێن پیادەو تۆپخانە کە ئەوانیش بەرەو سنووری ڕۆمانیا دەچوون، بۆیە کەتیبەکە ناچار بوو بوو، هەشت فرسەخی دیکە بڕوات، تا جێگەیەك بۆ دامەزراندن و حەوانەوە پەیدا بکەن.

ئەم ڕێ پەیماییە، هەڤدە دانە ڕۆژی خایاند. ئەسپەکان، لەبەر کەم ئالیکی لەڕ بوو بوون. لەو ناوچانەدا کە ڕاستەوخۆ کەوتبوونە پشت بەرەی شەڕەوەو وێران بوو بوون، خۆراك و ئالیك دەست نەدەکەوت، خەڵکەکە یان بۆ ناو رووسیا هەڵاتبوون یان پەنایان بردبووە بەر بێشەو لێڕەوارەکان. دەرگای ماڵەکان لەسەر گازی پشت بوو، لە دەرگاکانەوە ناو خانووەکان دیار بوو کە ئەشتەبایان تیا نەبوو، دیمەنی ڕووت و قووتی دیوارەکان دڵی دەگوشی. قۆزاقەکان، ناو بە ناو، لە کۆڵانێکی چۆڵدا، جووتیارێکی کڵۆڵی داماویان دەبینی، هەرکە چاوی بە سەربازان دەکەوت، بە پەلە ڕووی وەردەگێڕا و خۆی دەدزییەوە. قۆزاقەکان، کە لەم ڕێ پەیماییە دوورو درێژە بێزار بوو بوون و سەرما کۆڵەی کوتا بوون، و خۆیان و ئەسپەکانیان لە برسا لاکەی سەریان دەهات، ئیدی کاریتەو چڵ و چێوو هەژگ و بژاڵی خانووەکانیان دەردێناو لەو گوندانەدا کە دەستی تالانی و وێرانیان نەگەیی بوویە، بێهیچ دوو دڵیەك و بێئەوەی گوێ بە ئامۆژگاری و هەڕەشەی ئەفسەرەکانیان بدەن، هەر ئازووقەو خۆراکێکیان، چەند کەمیش بوایە، بەر دەست کەوتبا، دەیاندزی.

قژنە (چوباتی)، لە نزیکی سنووری ڕۆمانیادا، لە گوندێکی چکۆلەی دەوڵەمەندا، توانی کێلەیەك جۆ لە عەمارێکدا بدزێت. خاوەنی عەمارەکە کە پیرەمێردێکی ئارامی بێوەی بێسارابی بوو، قژنەی بەسەر دزییەکەوە گرت. بەڵام قژنە، بێئەوەی تەریق ببێتەوە، بە مست و لەقە تێی بەر بوو و جۆیەکەی بۆ ئەسپەکەی بردو برد. ئەفسەری ڕەعیلەکەی بینی کە چۆن توورەکەی ئەسپەکەی پڕ کردو توورەکەکەی لەسەر ئەسپەکەی کردو خۆیشی بەدەوری ئەسپەکەیدا دەهات و بە دەستە لەرزۆکەکانی، قەبرغە بە قووڵا چووەکانی نەوازش دەکرد، ئەفسەرەکە گوتی:

– ئوریوپین! سەگ دایك خێرا ئەو جۆیە تەسلیم بکەوە! سەری خۆت لێ تەوقە؟ لەسەر ئەو تۆزە جۆیە تیربارانت دەکەن؟...

قژنە (لەقەبی ئوریوپین بوو) نیگایەکی تووڕەی ئەفسەرەکەی کرد. کاسکێتەکەی بە تووڕەیی دا بە عاردیداو بۆ یەکەمجار، لەو ڕۆژەوە کە بوو بوو بە سەرباز، بەوپەڕی بێزاری و بێدەسەلاتی، هاواری کرد:

– بێمنەت بە، بمدە بە دادگای سوپایی! تیربارانم بکە! ئالێرەدا بمکوژە، بەلام ئەم جۆیە نادەمەوە... دەتەوێ ئەسپەکەم لە برسا بتۆپێ؟ مەحالە، ئەم جۆیە نادەمەوە. تاقە یەك دەنکیشی نادەمەوە!

قژنە بەدەم ئەو قسانەوە جارێ بە تووڕەیی سەری خۆی دەگرت، جارێ دەستی دەخستە یالی ئەسپەکەی کە بە تامەزرۆییەوە جۆیەکەی دەخواردو جارێ دەستی دەخستە سەردەسکی شمشێرەکەی.

ئەفسەرەکە، بێئەوەی هیچ بلێ، ڕاوەستا، چاوی بڕییە لاق و لا تەڕافە لاوازەکانی ئەسپەکە، سەرێکی لەقاندو پاشان بەسەرسامی پرسی:

– بۆچی بە ماندوویەتی جۆ دەدەیە ئەسپەکەت؟

قژنە، بە دەنگێکی نزمی چپە ئاسا بەرسڤی دایەوە:

– نا، ئیسراحەتی کردووە.

بەدەم قسەوە، ئەو دەنکە جۆیانەی، کە دەکەوتە سەر ئەرزەکە، بە دەست کۆ دەکردەوە تا دووبارە بیانکاتەوە ناو توورەکەکە.

***

کەتیبەکە، لە سەرەتاکانی مانگی نۆڤەمبەردا، گەییە شوێنی مەبەست و جێگیر بوو. با بەسەر لوتکەی چیاکانی توانسلفانیاوە، گێژی دەخوارد، تەم و مژێکی ساردی سارد، ملەو دۆڵەکانی تەنی بوو، بۆنی گەلای هەڵپروکاوی دارکاژێن بەر سەرماو سۆڵەو سەهۆڵبەندانی زوو وەختە، لە بێشەو جەنگەڵەکانەوە دەهات. زۆرجار جێ پێی گیانلەبەرانی کێوی بەسەر بەفری فشەڵی تازە باریوەوە دەبینرا. سەربازەکان گورگ و بزنە کێوی و کەڵیان دەبینی کە لە ترسی شەڕ، لانەو کاشانەی خۆیان بەجێدەهێشت و ڕوویان لەشوێنانی دوورتر دەکرد.

کەتیبەکە ڕۆژی حەوتەمی نۆڤەمبەر هێرشی بۆ قوتەی ژمارە ٣٢٠ برد. نەمساوییەکان شەوی ڕابردوو سەنگەریان گرتبوو، بەیانی ڕۆژی هێرشەکە سەربازانی ساکسونی، کە تازە لە بەرەی فەرەنساوە هێنرابوون، چوونە شوێنی نەمساوییەکان.قۆزاقەکان بە پێیان بە قەد پاڵە بەردەلانەکاندا، کە توێژاڵە بەفرێکی تەنك گرتبوونی سەر دەکەوتن، وردە بەردان لە ژێر پێیان دەخزی و بەرەو خوار غل دەبوونەوە، پروشە بەفری ژێر پێیان، لە شێوەی تەمێکی تەنکدا دەچوو بە ئاسمانا. گریگۆری شان بە شانی قژنە ڕێی دەکرد، بەدەم بزەیەکی گۆنگ و بە شەرمێکەوە گوتی:

– نازانم چیمە، ئەم بەیانیە نیگەرانم... دەڵێی یەکەمجارمە لە شەڕا بەشداری دەکەم.

قژنـه، قايشـی تفەنگـه کۆنەکـەی بـه دەسـتەوه گرتبـوو، ورده بەفرەکـەی سـەر سمێڵـی مـژیو بەسەرسامی گوتی:

- نا؟

قۆزاقـەکان، بـه نارێـك و پێکـی بەگردەکانـدا سـەردەکەوتن، بـەڵام کـەس تەقـەی نـەدەکرد. بێدەنگیـەکی ترسـناك باڵی بەسـەر سـەنگەرو مەتـەرێزەکانی دژمنـدا کێشـا بـوو. لـەو سـەرەوه، لـە پشـت مەتەرێزەکانـەوه، ملازمێکـی ساکسـۆنی، کـه دەموچـاوی لەبـەر بایـه سـاردەکە سـوور بـوو بـووەوەو کـەپووی تـۆخێکی بـەردا بـوو، سـینگی دەرپەڕانـد بـوو و، بـه رووخۆشـی قسـەی بـۆ سەربازەکانی دەکرد:

- کوڕینـه! ئێمـه زۆرجـار ئـەم پـاڵتۆ شـینانەمان کوشـتووه! جـا ئێسـتاش، دەبـێ بـه مانـەی نیشـان بـدەین کـه ئێمـه کـێین. پەلـه مەکـەن! بـەبێ فـەرمان تەقـه نەکـەن! (ئـەم دیالۆگـه لـه دەقەکەدا به زمانی ئەڵمانیه).

قۆزاقـەکان، بـەره بـەره سـەردەکەوتن، خڕکـه بـەردەکانی ژێـر پێیـان دادەخـزی. گریگـۆری بەدەم بزەیەکی پڕ نیگەرانیەوه، قەراخی سەر کڵاوەکەی، کە لـه کۆنیدا زەرد هەڵگەڕا بوو، هەڵدەدایـەوه. گۆنـا ڕەقـەکانی، کەوتبوونـه ژێـر سمێڵـه ڕەشـەکانیو ردێنـه نەتاشـراوەکەیەوه، کـەپووه دەندوکـه داڵاشیەکەی زەرد دەچـووەوه، چـاوه ڕەشـەکانی لـه ژێـر بـرۆ بـەفر گرتووەکانیـەوه، وەکو دوو کڵـۆ خەڵووز، بە ماتی دەدرەوشـانەوه. هێمنیو ئارامیـه هەمیشـەییەکەی جارانی لـه دەسـت دابـوو، بۆ ئەوەی، ئەو ترسـه نەفرەتیـەی کـه کوتو پـڕ گرتبـووی لـه خـۆ بڕەوێنێتـەوه، قسـەی دەگـەڵ قژنـەدا دەکـردو، لـه هـەمان کاتـدا، چـاوانی بچـووك دەکردنـەوەو بـه نیگەرانیـەوه دەیڕوانیـه قـەراخی بـەفر گرتووی سەنگەرەکان.

- دەنگیـان نیـه. دیـاره دەیانـەوێ نزیـك ببینـەوه. بـەڵام مـن دەترسـم. بەدەسـت خـۆم نییـه دەترسمو هیچش پێم شەرم نییه باسی بکەم... چۆنه بگەڕێینەوەو هەڵێین؟ چی دەبێ؟.

قژنه، به تووڕەیی و نیگەرانیەوه گوتی:

- ئەم شینو شەپۆرەت له چیه؟ کوڕی باش شتەکه عەینی قومارە: کە متمانەت بە خۆ نەما دەدۆڕێی. گریشا ڕەنگت زەردە... یان نەخۆشیت یـان... ئـەمڕۆ خـۆت بـه کوشـت دەدەیـت، تەمەشاکە! هۆوە دەبینی؟

سـەربازێکی ئـەڵمانی بـه قەمسـەڵەیەکی کـورتو کڵاوخـودێکی نـووك تیـژەوه، بـه تـەواوی قـەدو باڵاوه، بۆ ساتێك لەسەر سەنگەرەکە دەرکەوتو ئەوسا به پەله دیار نەما.

قۆزاقێکی موو زەردی، قۆزی خەڵکی ناوچەی تیلانسکایا کە لـه دەسـتی چەپی گریگـۆرییەوه بـوو، بـەدەم ڕۆییشـتنەوه، پـەیتا پـەیتا دەستکێشـەکەی دەسـتی ڕاسـتی، لـه دەسـتی دادەکەنـدو دووباره دەیکردەوه دەستی. هەنگاوی هەڕاو هەڕاوی دەناو بە دەنگی بەرز دەکۆکی. گریگۆری لـه دڵـی خۆیـدا گـوتی: "لـه یـەکێك دەچێت کە لـه شـەوێکی تاریکـدا بـه تـەنیا ڕێبکـاتو بـه ئانقەسـت بکۆکێو بیەوێ ترس لـه خـۆی بڕەوێنێتـەوەو زات بخاتـه بـەر خـۆی" گریگـۆری، لـه دوای ئـەوەوه گۆنـا نمووسـەکانی عـەریف ماکسـاییفی دەبـینی. (یـەمیلیان گروشـیف)ش کـه سـەرەنێزی

تفەنگەکەی نوشتاندبووەوەو توند تفەنگەکەی گرتبوو لە دوای ئەوەوە ڕێی دەکرد. گریگۆری ئەوەی بیر کەوتەوە کە یەمیلیان چەند ڕۆژێك لەوە پێش، کیسەیەك زوڕاتی لە عەماری جووتیارێکی ڕومانی دزی بوو و هەمان سەرەنێزەی بۆ شکاندنی قفڵی دەرگاکە بەکار بردبوو.

میتکا کوشیڤۆی تەقریبەن شانبەشانی ماکساییف ڕێی دەکرد. تامەزرۆیانە سیغاری دەکێشاو ناو بە ناو فینگێکی دەکرد، قامکەکانی بەداوێنی سەمتی چەپی پاڵتۆکەی دەسڕی.

ماکساییف گوتی:

- تینوومە.

میشکاکوشیڤۆی گوتی:

- چەکمەکانم پێم دەگرن، یەمیلیان ناتوانم بڕۆم.

گروشوف، تووڕە بوو و قسەکەی پێبڕی:

- ئێستا وەختی ئەم گلەییانەیە، چەکمەی چیو حاڵی چی! ڕاوەستە بزانە، تۆزێکی دی ئەڵمانەکان چۆن بەر دەستڕێژیٚ ڕەشاشمان دەدەن.

دەگەڵ یەکەم دەستڕێژدا، گوللەیەك بەر گریگۆری کەوت، ناڵەیەکی لێوەهاتو کەوت. ویستی بازووی خۆی ببەستیٚ، دەستی بۆ جانتاکەی برد کە تفاقی برین پێچیەکەی دەربێنیٚ، بەڵام ئەو خوێنە گەرمەی کە لە بازوویەوە فیچقەی دەکردو دەرژایە ناو قوڵی کراسەکەی بڕستی لێبڕی. بە ڕووا کەوت، سەرە قورسەکەی نایە پەنا تاوێرێکی گەورەو بە زمانە وشکەکەی بەفری سەر ئەرزەکەی دەلستەوە. بە ترسو لەرزێکی نا ئاساییەوە، گوێی لە قرمە قرمی وشکی تفەنگانو هارەی دەستڕێژی ڕەشاشان دەگرت. سەری هەڵبڕی، سەیری کرد قۆزاقانی سریەکەی خۆی بە هەڵەداوان، لە بەرزاییەکانەوە دادەگەڕێن، دەخزێن، دەکەون، خوا بەختەکیو بێهیچ نیشانەگرتنەوەیەك، بەرەو سەریٚ تەقە دەکەن. بەڵام ترسێکی نامۆ، لە وەسف نەهاتگ، کردیە کارێك، یەکسەر هەستێتە سەر پێیانو، بەرەو داوێنی کاژستانەکە، بەرەو ئەو شوێنەی کە کەتیبەکە لەوێندەرەوە دەستی بە هێرش کردبوو، بە غاردا بگەڕێت. بەلای یەملیان گروشوفدا، کە فەرماندە بریندارەکەی ڕەعیلەکەی خۆیانی ڕادەکێشا، تێپەڕی. گروشوف، یارمەتی ملازمە بریندارەکەی دەدا تا لەو سەرەو لێژگە ڕکەوە بیهێنێتە خوارەوە، ملازمی بریندار، وەکو مەستان لاقی تێك دەئالانو جار جار سەری دەخستە سەر شانی گروشوفو تۆپەڵیٚ خوێنی ڕەشی هەڵدەهێنا. سەربازانی سریەکە، وەکو لافاو بەرەو جەنگەڵەکە دەهاتن. لێرەو لەویٚ، بە قەد پاڵو پاڵەکانەوە، یەك یەك و، دوو دوو و، زیاتر، جەنازەیان لە دواوە بەجیٚ مابوو. ئەو زامدارانەی کە کەس دەرفەتی ئەوەی نەبوو بیانهێنێتە خوارەوە، خۆیان بە سینگە خشکیٚ بەرەو خوار دادەخزینو دەستڕێژی توندی ڕەشاشان قیمە قیمەی دەکردن.

تە تە تا تا تا!... دەستڕێژی گوللە وەکو باران بەسەریاندا دادەباری.

گریگۆری کە خۆی دابوو بەسەر شانی کوشیڤۆیدا، هەر چۆنیٚ بوو گەییە قەراخی بێشەکە. گوللە لە بەرانبەر جەنگەڵەکەوە بەسەر شیوەڵۆکێکەوە کەوانەی دەکرد. لە سەمتی چەپەوە

دەنگی ڕەشاشی ئەڵمانەکان، عەینی دەنگی بەردان کە دەستێکی بە هێز بیانکێشێت بەسەر ڕووبارێکی یەخ بەستەدا، دەهاتە گوێ: تە تە تا، تا، تا.

قژنە بەدەنگی بەرز گوتی:

- وا دیارە دەیانەوێ بمان برژێنن.

پشتی دا بە قەدی دارکاژێکی سوورەوە. بەکاوە خۆ تەقەی لەو ئەڵمانانە دەکرد کە لە سەنگەرەکانەوە دەردەپەڕینە دەرەوە.

کوشیڤوی، باسکی خۆی لە ژێر باڵی گریگۆری دەرهێناو بە هانکە هانک گوتی:

- ئەمەش دەرسێك بۆ گەوجان!. دەرسێکی دی!خەڵکی تەبیعەتی دێڵە سەگیان هەیە! تا نەبن بە تەڵەوە، بیر ناکەنەوە.

قژنە، برۆکانی وێکهێنانەوە:

- ئەوە وڕێنەی چی دەکەی؟

- کەسێك کە ئاقڵ بێ، بە خۆی تێدەگات. بەڵام لەگەڵ گەوجاندا هیچ ناکرێت.

قژنە پرسی:

- سوێندەکەی خۆت لە بیرە؟ سوێندت خواردووە یان نا؟

کوشیڤوی، بێئەوەی هیچ بەرسڤێك بداتەوە، ئەژنۆی دادا، چنگێ بەفری بە دەستە لەرزۆکەکانی هەڵگرت، بە کۆکە کۆك، لە کاتێکا ئازای دەلەرزی، بەوپەڕی تامەزرۆییەوە، پەستیە دەمیەوە.

"٥"

هەتاوی پایز، بە ئاسمانی پڕ هەوری گەواڵ گەواڵی، گوندی تاتارسکیدا دەسوڕایەوە. شنەبایەکی سووك بە بەرزی ئاسمانەوە، هێدی هێدی گەواڵە هەورەکانی ڕادەماڵی و بەرەو ڕۆژئاوای دەبردن، بەڵام لەخودی گوندەکەدا، لە دەشت و دۆڵی سەوزی دۆندا، لە بێشە گەڵا رژاوەکاندا بایەکی هێندە توندی دەهات کە قەدو لق و پۆپی داربی و چنارانی دەنوشتانەوە. ئاوی ڕووباری دۆنی دەکێڵاو گەڵای زەردی کوچەو کۆڵانەکانی دەگەڵ خۆدا لوول دەدا. لە شوێن خەرمانەکە خریستونیادا، خەرمانە پووشێك کە باش نەپەسترا بووەوەو سەری نەنرا بووەوە، بەدەم بایەکەوە کەوتبووە سەما، نەخێر بایەکە سەرەکەی دەگەڵ خۆدا ڕامالی، سەرەنجام پەرژینی دەوری خەرمانەکەشی داڕوخاند، لە ناکاوا باوەشێك لە قرشەو پووشەکەی برد بە ئاسمانا، لە حەوشەی بردە دەرێ و بە کوچەو کۆڵانەکانا لوولی داو گێژی داو بڵاوی کردەوە، ئەنجام باوشێ لە قرشەکە لەسەر بانی ماڵی ستیپان ستاخوفدا گیرسایەوە. ژنەکەی خریستونیا، بە سەری رووتی و بە هەشتاو خۆی گەیاندە ناو حەوشە. لە کاتێکا داوێنی تەنوورەکەی لە نێو هەردوو لاقیا لوول دەکرد، ماوەیەك بەو دەقەوە وەستاو تەمەشای گەردەلوولەکەی دەکرد کە چۆن لە شوێن خەرمانەکەدا گێژی دەخوارد. ئەوسا چووە ژوورەوە.

شوێنەواری ئەم یەك دوو ساڵەی شەڕەکە، بە ئاشکرا بە گوندەکەوە دیار بوو، پیاوان لە ماڵ نەبوون، سەربانی کەپرو سابات و عەماران داڕوخا بوون، پەرژینان خراپ بوو بوون، شوێنەواری

وێرانی و بێخاوەنی و نەگبەتی بە هەموو شوێنێکەوە دیاربوو. ژنەکەی خریستونیا، بە تاقی تەنیاو دەگەڵ کوڕە نۆ ساڵانەکەیدا کاروباری ماڵ و موڵکی بەڕێوە دەبرد. ژنەکەی ئانیکوشا هیچ کارێکی نەدەکرد، بە کەڵکی کاروباری کێڵگەو مەزرایان نەدەهات، چونکە بە تەنیا بوو و مێردەکەی لە ماڵ نەبوو، زیاد لە پێویست بە خۆی ڕادەگەیی ئارایشتی دەکرد، خۆی دەڕازاندەوە، خۆی جوان دەکردو جا چونکە پیاوی گەورەو تەواو لە گوندا نەما بوون، بە کوڕیژگەیێن سێازدە چواردە ساڵانیش قاییل بوو. یانی بە دۆش دەیژەند. بەڵگەش شوێنەواری ئەو قەترانە بوو، کە کردبوویان بە دەرگا دارەکەیانداو هێشتا شوێنەوارەکەی بە تەواوەتی نەچوو بووەوە.* (عادەت وابوو کە قەتران بەدەرگای ماڵی ژنانی خراپدا، بڕێژن.)

ماڵی ستیپان ستاخۆف، بە تەواوەتی چۆڵ کرا بوو، خاوەنەکەی بە تەختەدار پەنجەرەکانی گرتبوو، دڕك و داڵ لە سەربانەکەیا ڕووا بوو، سەربانەکەی لێرەولەوێ داڕوخابوو، ژەنگ لە قفڵی دەرگاکەی دابوو.دەرگای حەوشەکەی کەوتبووە سەر گازی پشت، ناو حەوشەکە یەکپارچە گیای خۆڕسك بوو، حەیواناتی وێڵ و سەرگەردان، کە گەرما یان باران و سەرما تەنگەتاوی دەکردن، یەکسەر خۆیان بەوێدا دەکرد.

دیواری خانووەکەی ئیڤان تومیلین خەریك بوو دەڕوخا. (کۆڵەکەیەکی چەند لقەی درا بووەبەر دەنا دەڕوخا) وا دیارە ڕۆژگار بەو جۆرە تۆڵەی لێدەسەندەوە، تۆڵەی ئەو هەموو ماڵە ئەڵمانی و رووسیەی کە ئەم تۆپچیە دلاوەرە، وێرانی کردبوون.

ئەمە دیمەن و حاڵی هەر کوچەو کۆڵانێکی گوند بوو، تەنیا لە خوارەوە نەبێ، لەوسەری گوندەوە، ماڵەکەی پانتلی پروکوفیوفیچ میلیخوف، لە چاو خۆیا، لەوانی دی باشتر مابووەوە، کەچی وێڕای ئەوەش جووتە کەڵەبابە سپیە ئاسنەکەی سەربانی عەماری دانەوێڵەکەیان، کەوتبوون و ژەنگ تێی دابوون، دیواری عەمارەکەش خوار بوو بوو، گەر یەکێك هەندێ ورد سەرنجی دابا، زۆر نیشانەی بێموبالاتی و بێخاوەنی دیکەشی دەبینی. ئەم پیرەمێرە تەنیا باڵە، لە عۆیەی هەموو کارەکان نەدەهات. ئاستی تۆودانی گەنم بەرە بەرە دابویە کەمی، خەسارەتی دیکە، ئەوەندە زۆر بوو لە ژمارە نەدەهات، بنەماڵەی میلیخوف، تاقە بنەماڵە بوو کە هیچ کەسێکیان نەفەوتا بوو: لەجیاتی پیوترو گریگۆری کە لەم شەڕگەوە بۆ ئەو شەڕگە ڕەوانە دەکران، ناتالیا، لە سەرەتای پایزی ڕابردوودا، بە سکێ کوڕو کچێکی بوو بوو، دیارە ئەمە مایەی دڵخۆشی خەزورو خەسووی بوو. ماوەی سکپڕییەکەی یەجگار سەخت و دژوار بوو، هەندێجار لە تاو ئازاری لاقەکانی، پەکی دەکەوت، بە چەند ڕۆژ نەیدەتوانی ڕێبکات. ئیدی هەر چۆنێ بوایە بە پێخشکێ خۆی بکێش دەکردو مەردانە تەحەمولی دەردو ئازاری دەکردو نەیدەهێشت، شوێنەواری ئازار بە ڕوخسارە لاوازو شادەکەیەوە دیاری بدات. کە ئازار زۆری بۆ دێناو لاجانگەکانی دەنیشتنە سەر ئارەقە، هەنگێ ئیلی نیچنا پەی بەوە دەبرد کە ئازاری هەیە، دەیبۆڵاند بەسەریا:

– بڕۆ پاڵ بکەوە، هەی بابان شێواو! دەتەوێ خۆت بکوژی؟

ڕۆژێکی خۆشی ئەیلول، ناتالیا کە هەستی کرد کاتی زاینی نزیك بووەتەوە،خۆی ئامادەکرد کە لە ماڵ بچێتە دەرێ. ئیلی نیچنای خەسووی لێی پرسی:

– بۆ کوێ دەڕۆی؟

– دەچم بۆ مێرگی گوێی ڕووبارەکە، تا سەرێکی مانگاکان بدەم.

بەلەز لە گوندەکە وەدەرکەوت، بەدەم ناڵە ناڵەوە دەستی بە ژێر زگیەوە گرتبوو، بەو حاڵەوە خۆی گەیاندە ناو چڕە دەوەنەجارێکی بەلاڵوکە کێویو لێی ڕاکشا. ڕۆژ ئاوا بوو بوو، دنیا تازە خەریك بوو تاریك دەبوو، کە لە پشت حەوشەکەوە خۆی بە ماڵا کرد. هەردوو منداڵەکەی، لە بەرانپێلە جاوەکەی خۆی نابوون و هێنابوونیەوە.

ئیلی نیچنا، کە چاوی پێکەوت، بە دەنگێکی گازاندە ئامێز گوتی:

– دایکت نەمرێ! ئەمە چیە؟ لە کوێ بووی؟ بۆچی ئەمەت کردووە؟

ناتالیا کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، بە عوزرخواییەوە گوتی:

– چبکەم، شەرمم دەکرد... لەبەر چاوی باوکە... بۆیە چوومە دەرێ... دایکە من پاك و تەمیزم، منداڵەکانیشم شتوون... هانێ بیانگرە...

دونیا، بەلەز ڕۆیی بە دووی ماماندا، داریا کەوتە خۆ کە پەڕۆو پاڵ لە بێژەنگێك بنێ و جێگا بۆ ساواکان ئامادە بکات. ئیلی نیچنا کە لە خۆشیا هەم دەگریاو هەم پێدەکەنی، هاواری بەسەرا کرد:

– داریا، ئەو بێژنگە لابە! چما بێچوە پشیلەن لە بێژەنگدا بیانخەوێنی؟... ئۆخەی خودایا، دوانەن! ئۆخەی خوایە گیان! یەکێکیان کوڕە! ناتالیا، گیانەکەم!... بچن جێگەی بۆ ڕاخەن.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە تەویلەی ولاخەکاندا بوو کە خەبەریان دایە بووکەکەی دوانەیەکی بووە. لە هەوەڵەوە بەسەرسامی هەردوو باسکی کردنەوە، ئەوجا لە کەیفان، لە کاتێکا دەستی ئۆخەی بە ڕدێنیا دێنا، دەستی بە گریانێ کرد، بە بێهیچ هۆیەکی دیار، ڕووی کردە مامانەکە، کە بەپەلە دەهات، گوتی:

– نەخێر پیرەژنی سەر ئاسنین (پانتلی، پەنجەی لەبەر لووتی پیرەژنی تایندا ڕادەوەشاند) تۆ ڕاست ناکەیت! ڕەگ و ڕەچەڵەکی میلیخوف وشك ناکات، بەم زوانە لەبن نایەت! بووکەکەم قۆزاقێك و کچێکی بۆ خستوومەتەوە. بووکە ئەمما بووك! ئەوەیە بووك! خوای گەورە، من چۆن چاکەی ئەم فریشتەیە بدەمەوە؟

ساڵەکەی، هاتە ساڵێکی پڕ بەرەکەت بوو: مانگاکەیان دوو گوێرەکەی بوو، مەڕەکان، لە جەژنی سان میخائیلدا سەروو دوو بەرخیان بوو، بزنەکانیش... پانتلی پروکوفیوفیچ کە سەری لەم ڕێکەوتانە سوڕما بوو، لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئەمساڵ، هاتە ساڵە، ساڵێکی پڕ بەرەکەتە، ساڵی جمکانانە! خێری خوامان بەسەرا دەبارێ. بەها! بەها!".

ناتالیا، تا یەك ساڵی تەواو شیری دایە منداڵەکانی، پاشان لە مانگی ئەیلولدا لە شیری بڕینەوە، بەلام بەخۆی، زۆر درەنگ، لە کۆتایی پاییزدا، کەمێك بوژایەوەو وەخۆ هاتەوە.

ددانەکانی لە ڕوخساری لاوازیا، وەکو شیر دەبریقانەوە، چاوەکانی کە بە هۆی لاوازیەوە، گەورە دەیان نواند، پرشنگێکی گەرم و فێنکیان دەدا. هەموو ژیانی خۆی بۆ منداڵەکانی تەرخان کردبوو، گوێی بەخۆی نەدەدا، کە لە کاری ناو ماڵ دەبووەوە هەموو وەختی خۆی بۆ سەرپەرشتی منداڵەکان تەرخان دەکرد. دەیشتن، جلی بۆ دەشتن، جلی بۆ دەچنین، ڕۆژی چەندینجار، لە قەراخ تەختەکە دادەنیشت، لاقێکی شۆڕ دەکردەوەو هەردوو منداڵەکەی لە بێشکە دەردێنان، هەردوو مەمکە گەورەو قوتەکانی، کە دەتگوت کاڵەکی سپی ئاماڵ زەردن لە یەخەی کراسە دەڵبەکەیەوە دەردەهێناو هەردوو منداڵەکەی پێکەوە شیر دەدان. ئیلی نیچنا، بە ئەسپایی دەیکێشا بە دەست و لاقی خرپنی نەوەکانیا و دەیگوت:

- ئەمانە تۆیان بە تەواوەتی خواردووە، شیریان زۆر دەدەیتێ.

پانتلی بە تووڕەیی هەڵیدەدایە:

- شیریان بدەیە! بۆچی هەڵیدەگریت، خۆ بە تەمانیت کەرەی لێبگریت.

ژیان، لەو ساڵانە وەکو ئاوی دۆنی پاش لافاوێن گەورە، دەنیشتەوە. ڕۆژگاری درێژ و خەمناک، بەدەم کاروباری بچووک، شادی کەم و، دڵەڕاوکەو نیگەرانی و خەمی بەردەوامی ئەو کەسانەوە کە چوو بوونە جەنگ، بە خاوی تێدەپەڕی. جارجار، نامەی پیوتەر و گریگۆری، لە زەرفێن چڵکن و پڵکنی مۆرکراو بە مۆری پۆستە، لە بەرەی شەڕەوە دەهات. دوا نامەی گریگۆری کەوتبووە دەستێکی بێگانە، چونکە نیوەی دەقەکەی بە ئانقەست، بە مەرەکەبێکی وەنەوشەیی ڕەش کرابووەوە، بە مەرەکەب، نیشانەیەکی نا مەفهووم لە پەراوێزی کاغەزە بۆرەکە نرابوو. پیوتەر، لە گریگۆری پتر نامەی دەنووسی، لە نامەکانیا هەڕەشەی لە داریا دەکردو، داوای لێدەکرد کە دەست لە هەرزەیی هەڵگرێت، دیارە، هەندێ شتی دەربارەی ڕەفتاری هەرزانەی ژنەکەی بەر گوێ کەوتبووەوە، گریگۆری دەگەڵ نامەکانیا پارەشی بۆ کەسوکارەکەی دەناردەوە. چونکە بەرەندەی خاچی سان جۆرج و میدالان بوو، مووچەو بەراتێکی باشی وەردەگرت. زۆرجار بەڵێنی دەدا کە بە مادوونی دێتەوەو سەریان دەدات، کەچی هەر نە دەهاتەوە. جووتە برا، بە دوو ڕێگای زۆر جیاوازدا ڕۆییشتن: جەنگ پشتی گریگۆری شکاند بوو، ڕەنگە سوورو ئاڵەکەی بردبوو، دەموچاوی زەرد، دەتگوت زەعفەرانی زەردە، باوەڕی نەدەکرد کۆتایی ئەم شەڕە بدینێ. بەڵام پیوتەر زۆر بە ئاسانی و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرز دەبووەوە، کەمێك بەر لە پاییزی ساڵی ١٩١٦ بوو بە ڕەیس عورەفا، چونکە بە دڵی فەرماندەی سریەکەی دەکردو فەرماندەی تابین لێی رازی بوو، تا ئەو کاتە دوو میداڵی وەرگرتبوو. لە نامەکانیا باسی ئەوەی دەکرد کە بەتەمایە بچێتە قوتابخانەی ئەفسەران. هاوین، بە ئانیکوشکادا، کە بە مادوونی (مۆڵەت) چوو بووەوە، کلاوخودێکی ئەڵمانی وپاڵتۆیەکی عەسکەری دەگەڵ وێنەیەکی خۆیدا بۆ کەس و کارەی ناردبووەوە. ڕاستە لە وێنەکەدا پیر دەینواند، بەڵام سەرو سیماو رووی گەش و ئاسوودە دیار بوو، سمێڵە زەردەکانی بۆ سەرەوە بادا بوو. بزەیەك نیشتبووە سەر لێوە ئەستوورەکانی و لە ژێر لووتە فسەکەیەوە دیار بوو. ژیان بەدەم پیوتەرەوە پێدەکەنی. ئەم شەڕەی پێخۆش بوو، چونکە ئاسۆیەکی تازەی لە بەردەمیا کردبووەوە: ئاخر ئەگەر ئەمە نەبوایە، لە کوێ کەسێك کە لە

منداڵییەوە بە دوای کلکی گاوگۆتاڵەوە بوو بێ، دەیتوانی خەو بەوەوە بدینێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێ بە ئەفسەرو ژیانێکی باشتری هەبێت؟ ئیدی ئاگری شەڕ هەڵگیرسا بوو و ئەویش لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئاگرەدا، ئایندەیەکی ئازادتری بۆ خۆی، دەبینی... تەنیا یەك شت ئەم خەون و خەیاڵەی لێشێواند بوو: لە گوندیدا، خراپیان لە ژنەکەی دەگێڕایەوە. ستیپان ستاخۆف، کە پاییزی ساڵی ١٩١٦، بە مادوونی چوو بووەوە، لە گەڕانەوەدا لەبەردەم هەموو سریەکەدا، لاف و گەزافی لێدابوو کە گوایە بەکامی دڵ دەگەڵ ژنەکەی پیوتەردا ڕای بواردووە. پیوتەر لە هەوەڵەوە باوەڕی بەو قسەو قسەلۆکانە نەکردبوو، ڕەنگی تێك چوو بووو بە دەم بزەوە دەیگوت:

- ستیپان درۆ دەکات! دەیەوێ تۆڵەی گریگۆری لە من بکاتەوە.

بەڵام ڕۆژێك کاتێ کە ستیپان لە سەنگەرەکەی دەهاتە دەرێ، بەدەم ڕێوە، دەستەسڕێکی گوڵدۆزی دانتێلی، ئیدی بە ڕێکەوت بوو یان بە ئانقەست، لێبەر بووەوە. پیوتەر کە لە دوایەوە بوو. دەستە سڕەکەی، کە، بە شێوەیەکی یەجگار جوان و هونەرمەندانە گوڵدۆزی کرا بوو، هەڵگرتەوە، یەکسەر دەسکاری ژنەکەی خۆی ناسییەوە. ئیدی دژمنایەتیەکەی نێوانیان تازە بووەوە. ئیدی پیوتەر لە دەرفەتی لە بارو گونجاو دەگەڕاو مەرگ بەسەر سەری ستیپاندا دەسوڕایەوە. ئەگەر پیوتەر بۆی لوابا و توانیبای بە تەما بوو ستیپان لە کەنارو بەستێنی باشووری روباری دڤینادا بکات بە قوربانی فیشەکێك و بیکوژێت.

بەڵام کارەکە بە شێوەیەکی دی کەوتەوە: دوای ماوەیەکی کەم، ستیپان، بە خوایشتی خۆی داوای کرد کە دەگەڵ مەفرەزەیەکدا هێرش بەرنە سەر پاسگەیەکی پێشەوەی ئەڵمانەکان، ئیدی ڕۆییشت و نەگەڕایەوە. ئەو قۆزاقانەی کە دەگەڵ ستیپاندا ڕۆیی بوون، دەیانگوت کە ئێشکگرێکی ئەڵمانی گوێی لێبوو بوو کە تەلە دڕکاویەکانیان دەبڕی، نارنجۆکێکی تێسرەواند بوون، بەو حاڵەشەوە قۆزاقەکان توانیبوویان، تەلەکە ببڕن و ڕێی خۆیان بکەنەوەو خۆ بگەیەننە یارۆی ئێشکگرو ستیپان بە مستێك تەختی عاردی کردبوو: بەڵام ئێشکگری دووەم تەقەی کردبوو و ستیپان بەر کەوتبوو. قۆزاقەکان بە قەمە ئێشکگری دووەمیان سەر بڕی بوو و ئەو ئەڵمانیەیان، کە ستیپان، کوشتبووی بە ڕاکێشان دەگەڵ خۆدا هێنا بوو و، ویستبوویان ستیپانیش لەگەڵ خۆدا بێننەوە، بەڵام لەبەر قورسی نەیان توانی بوو و بە ناچاری بە جێیان هێشتبوو.

ستیپان کە بریندار بوو بوو، زۆریان لێپاڕا بووەوە: "براینە! بە جێم مەهێڵن، با لێرە نەمرم! بۆچی بەجێم دێڵن و دەڕۆن؟"

لەم کاتەدا، دەستڕێژێکی ڕەشاش، دەوروبەری تەلبەندەکەی دابێژا. قۆزاقەکان بە سینگە خشکێ بۆی دەرچوون. ستیپان لە دواوە هاواری دەکرد: "قۆزاقینە! براینە!" بەڵام کێ بەکێیە، کوڕ ئەو کوڕیە خۆی دەرباز بکات.

پیوتەر بە بیستنی ئەو بەسەرهاتەی ستیپان، ئیسراحەتی کرد، باری لەشی سووك بوو، دەتگوت رۆنی سەگی لە قالب (بەدەن) دەدەن. وێڕای ئەمەش لێبڕا: "هەرکە بە مادوونی بڕۆمەوە، داریا دەکوژم. من وەکو ستیپان نیم. من ئەم شتانە قەبووڵ ناکەم" پیوتەر، لە بیری

کوشتنی داریادا بوو، بەڵام یەکسەر ژێوان بووەوەو ئەم بیرۆکەیەی لە مێشکی خۆی دەرکرد: "ئەگەر ئەم قەحپەیە بکوژم، هەموو ژیانی خۆم وێران دەکەم. لە زینداندا دادەڕزێم، بۆگەن دەکەم، هەموو هەوڵ و ڕەنجێکم بە فیڕۆ دەڕوات، دەستم لە بنی هەنبانەکەوە دەردەچێت...." بۆیە لێبڕا تەنیا لێی بدات، بەڵام لێدانێکی وەها کە بۆ هەتا هەتایە تەمێ خواردوو ببێت و جارێکی دی هەوەسی قوون بادانی نەکەوێتە سەر!.

پیوتەر کە لە سەنگەرەکەی خۆیدا، لە نزیکی کەناری روباری دڤینا دانیشتبوو، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "چاوێکی ئەم ئەژدیهایە دەردێنم، هەنگێ مەگەر شەیتان تەماعی تێبکات!".

پاییز دای بەسەر دارو درەخت و گیاو ڕووەکاندا، سیخواری بەیانیان هەڵی کوڕوزاندن، زەوی سارد بووەوە، شەوانی پاییز تاریکترو درێژتر بوون، قۆزاقان، لە سەنگەرەکان بێگارییان دەکرد، تەقەیان لە دژمن دەکرد، دەمبۆڵەو گەنگەشەیان دەگەڵ ڕەیس عورەفاکانی خۆدا، لەسەر جل و بەرگی گەرم دەکرد. خواردنی تەواویان نەبوو، وێڕای ئەوەش تاقە یەك کەسیان نەبوو، لێرە، لە پۆڵاندەوە، لەم دوورەوە، لەم غەریباتیەوە بیری کەس وکاری خۆو دەڤەری دۆن نەکات.

داریا، لە پاییزی ئەو ساڵەدا، قەرەبووی هەر هەموو ئەو ماوەیەی کردەوە کە بەبێ مێرد بەسەری بردبوو. ڕۆژی جەژنی شەفاعەتی مریەم، پانتلی پورکوفیوفیچ وەکو هەمیشە لە پێش هەموو ئەندامانی خێزانەکەیا، لەخەو ڕابوو و چووە نێو حەوشە. شتێکی سەیری بینی، بە سەرسامی سەری لە نێو هەردوو دەستی نا: هەردوو تاکی دەراوەزەکەیان، لە پاژنەوە دەرهێنرا بوون و برابوونە ناوەندی حەوشە. دیارە ئەمە مانای خۆی هەبوو. سووکایەتی بوو، نیشانەی ریسوایی بوو! پیرەمێرد سووکێ دەروازەکەی خستەوە جێگای خۆی و، دوای تێشت و قاوەڵتی داریای بۆ موبەقە هاوینەکە گازکرد. کەس نەی زانی ئەمانە چییان دەگەڵ یەکدا گوت. بەڵام دونیاشکا، دوای چەند دەقیقەیەك، داریای بینی بە لەچکێکەوە کە بەسەر شانیا داخزی بوو، بە قژی پەریشان و گریانەوە لە موبەقەکە هاتە دەرەوە، کە بەلای دونیاشکادا تێپەڕی شانەکانی هەڵتەکان و برۆ ڕەش و ناسکەکانی، بەسەر دەموچاوە گریاناوی و تووڕەکەیەوە دەلەرزی. لە بن لێوە ئەستوورەکانیەوە گوتی:

– بۆم ڕاوەستە شەیتانی پیر! بزانە چۆن ئەم درکەت لە ژێر پێیان دەربێنم!... شەرت بێ دەبێ کارێکی وەها بکەم قەت لە بیرت نەچێت!

کراسەکەی لەپشتەوە دڕا بوو، پەڵەیەکی شین و مۆری تازە، بەسەر شانە سپییە رووتەکانیەوە بوو. بە پەلە بە قاڵدرمەکانی بەر دەرگادا سەرکەوت، داوێنی تەنوورەکەی هەڵکرد بوو و لە ڕاڕەوەکەدا ون بوو. لە هەمان کاتدا پانتلی پروکوفیوفیچ، بە شەلە شەل و تورەتر لە شەیتان لە موبەقە هاوینەکەوە هاتە دەرێ. هەوسارێکی چەرمی تازەی بە دەستەوە بوو.

دونیاشکا، گوێی لێبوو کە بابی بە دەنگێکی گڕ دەیگوت:

– دێڵە سەگ، قەحپە، دەبوایە زۆر لەمە خراترت بەسەر بێنم.

زەبت و ڕەبت و زاکونی باڵی بە سەر ماڵەکەدا کێشایەوە. داریا بۆ چەند ڕۆژێك بوو بە ماستی مەییو، لە گیا نەرمتر بوو، هەموو شەوێك بەر لە هەمووان دەچووە ناو جێگای خەوەوە، بە

بزەیەکی سارد وەڵامی نیگا پڕ سۆزەکانی ناتالیای دەدایەوە. شانەکانی هەڵدەتەکاندو برۆکانی بەرز دەکردەوە وەکو ئەوەی بڵێت: "هیچ نیە، دەبینین" بەڵام ڕۆژی چوارەم شتێك رووی دا کە جگە لە داریاو پانتلی پیرەمێرد، کەسی دی پێی نەزانی. داریا، لەوەدوا سەرکەوتووانە پێدەکەنی، کەچی پێرەمێرد وەکو کەو چوو، تا هەفتەیەکی تەواو، پەشۆکاوو تەریق دیار بوو، رێك وەکو پشیلەیەك کە کارێکی خراپی کردبێ. پانتلی، هیچ شتێکی لەمبارەیەوە بە پیرەژنەکەی نەگوت. تەنانەت لە کاتی ئیعترافیش دا، ئەم روداوەو بیرو ئەندێشە گوناح ئامێزەکانی خۆی لە قەشە ڤیساریون شاردەوە.

ئەم رووداوە چ بوو؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، کە متمانەی بە تۆبە کردنو چاکبوونی داریا پەیدا کردبوو، دوای جەژنی شەفاعەتی مریەم، بە ئیلی نیچنای گوت:

– مدارای داشکا مەکە، بیخە ژێر کار، باشتر وایە کار بکات، ئەگەر مژوول بێت، فریای بەرەڵلایی و گەڕان ناکەوێ. ئەم جوانوو ماینە خشیکە قەحپەیە، تاوێ بەری داویە لە سەری، هەموو هۆشی لە کۆشیەتی.

بە خۆیشی، هەر بە مەبەستی مژوول کردن، داریای ناچار کرد کە شوێن خەرمانەکە گسك بدات، چڵو چێوو سووتەمەنی کۆن لە حەوشەکەی پشتەوەی ماڵەکەیاندا کەڵەکە بکات. بە دوو قۆڵی لۆدەی(کادێن) کایەکەیان پاك کردەوە. دەمەو خۆرئاوای رۆژی چوارەم هات بەسەریا کە مەکینەی بێژەکە لە عەماری گەنمەکەوە بگوازێتەوە بۆ ناو لۆدەکە، بووکەکەی بانگ کرد:

– داریا!

داریا لە نێو عەماری گەنمەکەوە وەڵامی دایەوە:

– چیە باوکە؟

– وەرە با ئەم مەکینەیە بگوازینەوە.

داریا لەچکەکەی چاك کردو ئەو کاوکۆتەی کە بە بەرۆکیەوە نووسا بوو، لە خۆی تەکاندو، بە شوێن خەرمانەکەدا بەرەو عەمارەکە ڕۆیی. پانتلی پروکوفیچ بە چاکەتێکی ڕەشی ناواخن لۆکەو شەڕواڵێکی شڕەوە، بە شەلە شەل لە پێش ئەوەوە دەڕۆیی. کەس لە حەوشەدا نەبوو، دونیاشکاو دایکی خەریکی شتنی خووری پایزە بوون. ناتالیا هەویری دەشێلا. زەردەپەڕی ئێوارێ لەو دیوی گوندەوە، بەرەو خامۆشی و ئاوا بوون دەچوو. زەنگی نوێژی ئێوارێ کەوتە لێدان. پەڵە هەورێکی ئەرخەوانی بە ناوەندی ئاسمانی ساف و بێگەردەوە وەستا بوو. قەلەڕەشان، لەوبەری روباری دۆنەوە، بەسەر لق و پۆپی رووتی سپیدارەکانەوە هەڵنیشتبوون و لە دوورەوە لە پەڕۆکۆنەی سووتاو دەچوون. ئێوارەیەکی کڕو کپ بوو، بچووکترین دەنگ لەو بێدەنگیەدا، گەورە دەهاتە گوێ. لە تەویلەکەوە بۆنی تیژی شیاکەو (ریخ) و وێنجە دەهات. پانتلی و داریا پێکەوە، مەکینە سوورە کاڵەکەیان هەڵگرت و بردیان بۆ ناو عەماری گەنمەکەو لە سووچێکەوە دایان نا. پانتلی تەپو تۆزی سەر مەکینەکەی تەکاندو خەریك بوو دەچووە دەرێ کە داریا بە ئەسپایی بانگی کرد:

- باوکە!

پانتلی، چووە پشت مەکینەکەوەو بێئەوەی هیچ گومانێك لە بووکەکەی بکات گوتی:

- چیە؟

داریا، لە بەرانبەریا وەستا، یەخەی کراسەکەی کرا بووەوە، هەر دوو باسکی بردبوونە دواوە تا قژەکەی ڕێکبخات. لە درزی دیواری عەمارەکەوە پرتەوی سورباوی زەردەپەڕی ئێوارێ دەیدا لە سەرو گەردنی، دەرگاکە لەسەر گازی پشت بوو، داریا، خۆی هەڵبڕی، لەسەر شانی خەزووریەوە، ڕوانیە دەرگاکەو گوتی:

- باوکە، وەرە ئێرەوە، وەرە با شتێکت نیشان بدەم، وەرە تەمەشا بکە.

پیرەمێرد لێی چووە پێشەوە، داریا لە ناکاوا، هەردوو دەستی لە گەردنی ئالاند، قامکەکانی توند تێك هەڵکێشان و پاشەو پاش ڕۆیی و پیرەمێردی دەگەڵ خۆیدا ڕاکێشاو لە بن لێوانەوە گوتی:

- ئێرە، باوکە... ئێرە... چەند فێنك و نەرمە. چەند خۆشە...

پانتلی پروکوفیچ، بەترس و نیگەرانیەوە گوتی:

- ئەوە چیتە کچەتیو؟

پانتلی، سەری بەملاو بەولادا تەکان دەداو دەیویست گەردنی لە نێو بازوانی داریادا دەربێنێ. بەڵام داریا زیاتر و توندتر سەری بۆ لای خۆی ڕادەکێشاو هەناسەی گەرمی دەکرد بە نێو ڕدێن و سمێڵیاو بەدەمیەوە پێدەکەنی و بە گوێیدا دەچپاند.

- بەرمدە، هەی قەحپە!

پیرەمێرد، خۆی ڕادەپسکاند کە خۆی لە دەستی دەربازبکات و لە هەمان کاتدا، هەستی بە نەرمی سکی بووکەکەی، لەسەر سکی خۆی دەکرد، داریا، زیاتر و زیاتر بۆ لای خۆی ڕایدەکێشا. خۆی بە پشتا خست و ئەویشی بۆ سەر خۆی ڕاکێشا، لە کاتێکا کە بە سەریا کەوتبوو گوتی:

- لاکەوە هەی شەیتان! شێت بووی! وازم لێبێنە!

داریا، باسکەکانی کردەوە. پاڵێکی بە پیرەمێردەوە ناو بە هانکە هانك گوتی:

- ناتەوێ؟ حەزی لێناکەی؟ یان پێت نەماوە؟ کەواتە بۆت نییە محاسەبەم بکەی!... گوێت لێیە؟

داریا، بە گورجی هەستایە سەر پێیان، بەلەز تەنوورەکەی ڕێکخستەوە، تەپو تۆزەکەی پشتی تەکان و ڕوو بە ڕووی پیرەمێردە تووڕەکە وەستاو هاواری کرد:

- بۆچی ئەو ڕۆژە لێتدام؟ ها، بۆچی، مەگەر من پیرەژنم؟ کە خۆت گەنج بووی، واهی نەبوویت؟ بە مێردم! یەك ساڵە نەمدیوە! دەتەوێ چبکەم، کسۆکان بکێشمە سەر خۆم؟ ڕەنگە ئەمەت پێباش بێ شەلەی پیر! دەبخۆ دەی!

حەرەکەیەکی هەرزەکارانەی نەنگینی بۆ کرد، بەدەم برۆ هەڵتەکاندنەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. لەویٚ جارێکی دی، چاوی بە خۆیدا گێڕاو گەردو تۆزی سەر کراس و لەچکەکەی تەکاند، بێئەوەی سەیری خەزووری بکات گوتی:

– من بەبیٚ پیاو هەڵناکەم، ناژیم... پیاوم دەویٚ پیاو، ئەگەر تۆ ناتەویٚ، بەخۆم پەیدای دەکەمو زیاتریش. تۆش ئیدی دەمت داخە!

بە پەلەو بەدەم سمتو کەفەڵ بادانەوە بەرەو خەرمانجاڕەکە ڕۆیی و، بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە چاو ون بوو. پانتلی پروکوفیچ، لە پاڵ مەکینەکەدا بە واقی وڕەوە وەستا بوو، ڕدێنە درێژەکەی دەبرد بە دەماو وەکو خەتاکارێك دەیڕوانیە ناو عەمارەکەو نووکی پێڵاوەکانی خۆی . لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "تۆ بڵێی هەق بەو بیٚ؟ یانی دەبوایە کاری ناشەرعی دەگەڵ بکەم؟".

"٦"

لە مانگی نۆڤەمبەردا، بوو بە سەهۆڵبەندانێك کە بەردی شەق دەکرد. بەفر زۆر زوو کەوت. ڕوباری دۆن، لە پێچەکەی سەرووی گوندی تاتارسکیەوە، بەستی. ناوبە ناو یەکێك ریسکی دەکردو بەسەر بەفرە شینباوەکەدا لەم بەرەوە بۆ ئەو بەری ڕوبارەکە دەپەڕییەوە. لە خوار گوندەوە، تەنیا توێژاڵە بەفرێکی تەنکی ئیسفەنج ئاسا، بە درێژایی کەنارەکەوە دەبینرا، ئاو بەناوەندی روبارەکەدا، بەدەم هاڕەو هاژەو پێل و شەپۆلانی ئامال سەوزەوە بەرز دەبووەوەو خۆی بە کەنارە کەوەییەکەدا دەکێشا. لە گۆلاوەکەی خوار تاوێرە ڕەشەکەوە، دەمیٚ بوو ماسی قەرموت و شەبووتان چوو بوونە حاڵی مت بوونی زستانەوەو خۆیان لە قوڵایی بیست مەتری گۆلاوەکەداو لە بەینی لق و پۆپی درەختانی ژێر ئاوکەوتەی مەڵبەندی زستانەی خۆیان مت کردبوو. تەنیا ماسیانی کراکی بەگژ شەپۆلاندا دەچوون و خۆیان بۆ تەنکاوەکان دەکوتاو ڕاوی وردە ماسییانیان دەکرد. سەگ ماسی، لەسەر زیخەڵانەکە پشوویان دەدا. ماسیگران چاوەڕوانی سەهۆڵبەندانی سەخت تر بوون تا بە مەجرەفان ماسی ڕاوبکەن.

ماڵباتی میلیخوف، لە مانگی نۆڤەمبەردا، نامەیەکی گریگۆریان پێگەیی. نامەکەی لە کوڤینسکی ڕۆمانیاوە نارد بوو، لە نامەکەدا وتبووی کە لە یەکەم شەڕا، لە ڕۆمانیا بریندار بووە، گوللەیەك بەر باسکی چەپی کەوتووەو باسکی شکاوە، بە مەبەستی چارەسەر نێردراوەتەوە بۆ دەڤەری خۆیان واتا بۆ ناوچەی کامنسکایا. ماڵباتی میلیخوف، کەمێك پاش ئەم نامەیە، تووشی بەڵاو چورتمێکی دیکە بوو. پانتلی پروکوفیوفیچ، نزیکەی ساڵ و نیوێك لەوە پێش پێویستی بە پارە دەبێت، ئیدی بە کۆمپیالە، سەد ڕۆبڵی لە سێرگی پلاتونوڤیچ موخۆف وەرگرتبوو. هاوین، ئاتیوپین تساتسا، پانتلی بانگ کردبوو بۆ فرۆشگاکە، کابرای خاوەن فرۆشگا، لە سەرووی چاویلکە چوار چێوە زێڕەکەیەوە، دەڕوانێتە سەرو ڕدێنی پیرەمێردو دەڵێت:

– پانتلی پروکوفیوفیچ، کاتی ئەوە نەهاتووە قەرزەکەمان بدەیتەوە؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، چاوێك بە ڕەفەی نیمچە بە تاڵ و پێشخوانی فرۆشگاکەدا دەگێڕێت و بە دوو دڵییەوە دەڵێت:

- كەمێكم لێبوەستە، تا بەروبوومەكەم خڕدەكەمەوە، هەنگێ دەتدەمەوە.

گفتوگۆیەكەیان، لەو شوێنەدا خەتم بوو بوو. بەلام پیرەمێرد نەیتوانی بوو بەڵێنەكەی خۆی بباتە سەر. بەروبوومو حاسلات خراپ بوو، مالات نەدەفرۆشران، لە ناكاوا، سەرو كەللەی ماموری دادگا پەیدا بوو بوو، هاتبووە نووسینگەی ئەنجوومەنی گوند، ناردبووی بە شوێن پانتلی پروكوفیچداو بێهیچ چەند چوونێك پێی گوتبوو:

- كوا، سەد ڕۆبڵەكەت دانە.

شتەكە، لە گفتوگۆو گەنگەشە دەرچوو بوو، نووسراوێكی دوورو درێژی فەرمی لەسەر مێزی ماموری جێ بەجێكاری نووسینگەی ئەنجوومەنی گوند دانرا بوو. پانتلی پروكوفیچ، هیچ چارێكی نەبوو جگە لەوەی گوێ لە كابرای مامور بگرێت كە دەقی نووسراوەكەی بۆ بخوێنێتەوە:

قەراری دادڤانی

بەناوی خاوەنشكۆ ئیمپراتۆرەوە، لە ڕۆژی ٢٧/ت١/١٩١٦دا دەرچووە. من قازی مەدەنی دادگای بەشی حەوتی ناوچەی دۆن، پاش تاوتوێكردنی داوای، بازرگان سێرگی موخوف، دژی عەریف پانتلی پروكوفیچ میلیخوف، دەربارەی بڕی سەد ڕۆبڵ، كە بە كۆمپیالە بە قەرز دراوە بە ناوبراو، دوای لیكۆڵینەوەی غیابی، بە گوێرەی مادەێن ٨١، ١٠٠، ١٢٩، ١٣٣، ١٤٥ لە یاسای دادگای مەدەنی ٢٧/١٠/ ١٩١٦، بڕیارم دا كە:

پێویستە لەسەر عەریف پانتلی میلیخوف، كە بڕی ئەو سەد ڕۆبڵەی لە كۆمپیالەكەدا تۆمار كراوەو لە ٢١/٦/١٩١٥دا ئیمزا كراوە، بداتەوە بە بازرگان سیرگی موخوف، هەروەها دەبێ سێ ڕۆبڵیش لەبری مەسرەفی دادگاش بدات. ئەم حوكمە بە غیابی دەرچووەو حوكمی یەكجارەكی نییە.

جا بە گوێرەی بەندی سێی مادەی ١٥٦ی یاسای مەدەنی، ئەم قەرارە، یەكسەر دەخرێتە واری جێبەجێكردنەوە. جا بە ناوی خاوەنشكۆ ئیمپراتۆرەوە،منی قازی دادگای حەوتەمی دەڤەری دۆن، بە هەموو كەسانو دامو دەزگا پەیوەندیدارەكانی ڕادەگەیەنم كە ئەم قەرارە خراوەتە واری جێبەجێكردنەوەو داوا دەكەم ئاسانكاری بۆ جێبەجێكردنی بكەن، داوا لە دامو دەزگا سوپاییو پۆلیسییەكانی ناوچەكە دەكەم، كە یارمەتی ماموری جێبەجێكاری ئەم قەرارە بدەن.

كاتێ پانتلی پروكوفیچ گوێی لە قەرارەكە بوو، داوای كرد كە مۆڵەتی بدەن بۆ ماڵ بڕواتەوەو بەڵێنی دا هەر ئەو ڕۆژە قەرزەكەی بداتەوە.

بەلام لە نووسینگەی ئەنجوومەنی گوندەوە یەكڕاست بەرەو ماڵی كورشونوف كەوتە ڕێ. لە سەر مەیدانەكەدا تووشی ئالیكسی شامیلی یەك قۆڵ بوو. شامیل لەجیاتی سەلام گوتی:

- میلیخوف، هێشتا هەر دەشەلێت؟

- ئاه، كەم دابێژێك.

- بۆ كوێ دەڕۆیت؟

- دەچم بۆ ماڵی خەزووری كوڕەكەم، بۆ ماڵی كورشونوف، كارێكم هەیە.

- ئاوا! ئەمڕۆ جەژنیانە. مەگەر نازانی؟ میتکا، کوڕەکەی میرون گریگۆروفیچ لە بەرەی شەڕ هاتووەتەوە. وەکو بیستوومە ئێستا لەوێ، لە ماڵە.
- بەڕاست؟

شامیل کە، گۆناو چاوی دەفڕین، گوتی:

- وام بیستووە.

ئەوسا کیسەی تووتنەکەی دەرهێناو لە پانتلی پروکوفیچ نزیک بووەوە.

- بابۆ، جگەرەیەك پێکەوە بکێشین؟ پەڕە سیغار لە منو تووتن لە تۆ.

پانتلی پروکوفیچ، سیغارێکی پێکرد، بەدەم سیغارکێشانەوە لە فکران ڕاچوو، لە خۆی دەپرسی ئایا بچێ بۆ ماڵی کورشونوف یان نا؟ ئەنجام لێبڕا کە بڕوات .خوا حافیزی لە یارۆی یەك قۆڵ کردو بە شەلە شەل کەوتە ڕێ. شامیل لە دواوە بانگی لێکرد:

- میتکاش میداڵێکی وەرگرتووە. دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە کوڕەکانی تۆ. ئەمڕۆ، لێرەدا، لە گوندیدا، بە قەد چۆلەکەی سەرداران، سوارچاکی خاوەن خاچ و میداڵی سان جۆرجمان هەن.

پانتلی پروکوفیچ، بە کاوەخۆ ڕۆیی بۆ ئەو سەری گوند. کە گەییە بەر ماڵی کورشونوف، تەمەشایەکی پەنجەرەکانی کرد، ئەوسا بەرەو دەروازەکە ڕۆیی. کورشونوف، بە خۆی هاتە پێشوازی، دەموچاوە نمووسەکەی لە کەیفان دەبریقایەوە، گوڵی لێدەباری، پاکتر دەینواند.

بە گەرمی تەوقەی دەگەڵ پانتلی پروکوفیوفیچدا کردو پرسی:

- دەتزانی، جەژن و خۆشیمانە؟
- کە دەهاتنم بۆ ئێرە، ئالیکسی شامیل پێی گوتم. بەڵام من بۆ کارێکی دیکە هاتووم...
- جاریێ واز بێنە! فەرموو وەرە ژوورەوە، جاریێ قۆزاقەکەمان بدینە. لێتی ناشارمەوە، بەو بۆنەیەوە دەمان خواردەوە.

خێزانەکەم قاپێ عەرەقی خۆماڵی بۆ ئەو جۆرە بۆنەخۆشانە تەقەت کردبوو.

پانتلی پروکوفیچ، کە پەڕەێن کەپووە درێژەکەی دەلەرزین، زەردەخەنەیەکی هاتێ:

- پێویستی بە وتن نەبوو، لەدوورەوە بۆنم کرد.

میرون گریگۆروفیچ، دەرگاکەی بە تەواوەتی کردەوەو خۆی لادایە لاوە تا ڕێگای پانتلی بکاتەوە کە وەژوور بکەوێ. پانتلی پروکوفیچ، لە ئاستانەی دەرگاکە وەژوورکەوت. یەکسەر نیگای لەسەر میتکا گیرسایەوە کە لە سەرووی خوانەکەوە، لای ئیکۆنەکەوە دانیشتبوو، باپیرە گریشکا، بە چاوانی تەڕی ڕوندکەوە بە دەنگێکی پڕ لە شانازییەوە گوتی:

- ئەمەش کوڕە سەربازەکەمان!

ڕێك لەو کاتەدا کە میتکا دەیویست هەستێ، دەستی خستە سەر شانی.

- بەخێر بێیتەوە کوڕی قۆز، چاومان ڕوون قۆزاقی!

پانتلی پروکوفیچ، دەستە درێژەکەی میتکای لە نێو دەستی خۆی ناو هەنگاوێك چووە دواوەو بەسەر سامی کەوتە تەمەشا کردنی. میتکا بە دەنگێکی گڕو بەدەم زەردەخەنەوە پرسی:

- بۆچی بەمجۆرە تەمەشام دەکەیت، هاپۆ؟
- بە دەستی خۆم نییە، ناتوانم تەمەشات نەکەم. زۆرم پێسەیرە: کاتێ کە ئێمە ئێوەمان، تۆو گریشکامان بۆ خزمەتی سەربازی بەڕێکرد، منداڵ بوون. بەڵام ئێستا، هەیهوو.... بووی بە قۆزاقێکی تەواو، شایستەی ئەوەی لە کەتیبەی گاردا خزمەت بکەیت.

لوکی نیچنا کە چاوانی بە فرمێسکی بڕی بوونە میتکا، بەدەم تەمەشا کردنەوە، پەرداخێ قۆدگای تێکرد، ئاگای لە خۆ نەبوو، پەرداخەکە سەر ڕێژ بوو. میرون گریگۆروفیچ هاواری کرد:

- پیرەژنی خرفت چیت کرد! خەریکە ئەو شتە نایابە بە فیڕۆ بدەی!
- بەخۆشی هەمووتان! بە سەلامەتی گەڕانەوەی خۆش‌و خوڕەمی تۆ میتکا!

پانتلی پروکوفیچ، گلێنەی چاوە سپیە ئامال شینەکانی بە هەموو لایەکا دەگێڕا، بە برژانگی لەرزۆکەوە، پەراخە چکۆلە ورگنەکەی هەڵگرت‌و بەیەك بین هەڵیدا. بە ئەسپایی دەم‌و لێوی بەدەست سڕی، چاوی بڕییە بنی پەرداخەکە، سەری بردە دواوە، پەرداخەکە یك جورعەی تیا مابووەوە، دەمی کردەوە، ددانە ڕەشەکانی دەرکەوتن، ئەو دوا جورعەیەشی هەڵدا. دوای ئەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو خەیار شۆرێکی هەڵگرت‌و قەپێکی لێدا. پیرەژن پێکێکی دیکەشی بۆ تێکردو لە پڕ مەست‌و سەرخۆش بوو، میتکا بەدەم زەردەخەنەوە تەمەشای دەکرد. بیلبیلەی چاوەکانی، کە لە چاوانی پشیلە دەچوون، هەندێجار بە ڕادەیەك بچووك دەبوونەوەو دەهاتنەوە یەك تەنیا درزێکی سەوزباویان لێدەمایەوەو هەندێجار دەکرانەوەو تاریکتر دەبوون.

گومان لەوەدا نەبوو کە میتکا لەم چەند ساڵەدا کە چوو بووە خزمەتی عەسکەری بە ڕادەیەك گۆڕا بوو کە نەدەناسرایەوە، هیچ لێکچوونێك لە نێوان ئەم قۆزاقە باڵا بەرزو بە شان‌و باهووە سمێڵ ڕەشەو ئەو میتکا لاوازو باریکەلەیەدا نەما بوو کە سێ ساڵ لەوە پێش بۆ خزمەتی سەربازی بە ڕێیان کردبوو. زۆر گەورە بوو بوو، ناوشانی پان بوو بوو، قەڵەو بوو بوو، بەلای کەمەوە هەشتا کیلۆ دەبوو، دەنگ‌و سیمای گڕو زبر بوو بوون، لە تەمەنی خۆی گەورەتر دیار بوو. تەنیا چاوی وەکو خۆیان مابوون: وەکو جاران نیگەران‌و پەشێو بوون، دایکی بەدەم پێکەنین‌و فرمێسك ڕشتنەوە، لەم چاوانەدا نقوم دەبوو، هەندێجار دەستە چرچ‌و لۆچ‌و سیسەکانی بە قژە کورت‌و نێوچەوانە تەنگ‌و سپیەکەی کوڕەکەیدا دێنا.

پانتلی پروکوفیچ، بەدەم بزەیەکی مەستانەوە پرسی:

- میدالت وەرگرتووە؟

میتکا، برۆی وێکهێنانەوەو گوتی:

- جا کام قۆزاقە ماوە کە میداڵی وەرنەگرتبێ؟ کریوچکوف، تەنیا لەبەر ئەوەی هاتوچۆی بارەگای سەرکردایەتی دەکردو ئیکلامی بۆ ئەم دەکردو دوولۆ بۆ ئەو دەنوشتایەوە، سێ میداڵی وەرگرت.

باپیرە گریشاکا، هەڵیدایە:

- وەکو ئێمەمانانە، نەفسی بەرزە. نا ڕەسەنە لە من دەچێت، چووەتەوە سەر باوە گەورەی خۆی، ناتوانێ سەر لەبەر کەس دانەوێنێ.

پانتلی پروکوفیچ گوتی:

- نا، لەسەر ئەو شتانە میدالّ بە کەس نادرێ.

خەریك بوو مجێزی تێکدەچوو، میرون گریگۆروفیچ بردی بۆ ژوورەکەی خۆی، لەسەر سەندوقێك دایناو لێی پرسی:

- ناتالیا چۆنە؟ منداڵەکانی چۆنن؟ هەموو لایەك ساغ‌و سەلامەتن؟ لە خوا بەزیاد بێ! ئەرێ تۆ نەتگوت بە ئیشێك هاتووی؟ ئیشەکەت چیە؟ ئێستا پێم بڵێ، دەنا کە دەست بە خواردنەوە بکەینەوە، سەرخۆش دەبین و دەرفەتی قسەکردنت نابێت.

پانتلی پروکوفیچ، بە زمانێکی پڕ پاڕانەوەی مەستانەی هێواش گوتی:

- بڕێك پارەم پێویستە، هەتە بمدەیتێ؟ بۆ خاتری خوا فریام بکەوە، دەنا ماڵ وێران دەبم.

میرون قسەکەی پێبڕی:

- چەندت دەوێ؟

- سەد ئەسکەناس.

- چ ئەسکەناسێك؟ ئەسکەناسیش جۆری هەیە.

- سەد رۆبڵ.

- باشە، دە وا بڵێ.

میرون گریگوروفیچ کورشونوف، کەوتە گەڕان بە ناو سەندوقێکدا، پریاسکەیەکی چڵکنی دەرهێنا، گرێکەی کردەوە، بەدەم خشەخشی کاغەزێن وشکەوە، دەدانە ئەسکەناسی سووری دە رۆبڵی ژمارد.

- زۆر سوپاس میرون گریگوروفیچ،... بە ڕاستی فریام کەوتی. ڕزگارت کردم.

- پێویست بە سوپاس ناکات، ئەدی خزمایەتی بۆ رۆژێکی وا نەبێ، بۆچی باشە.

میتکا، پێنج ڕۆژی لە گوندەکەی خۆیان بەسەر برد. شەوانی لە ماڵی ئانیکوشاو دەگەڵ ژنەکەی ئەودا بە سەر دەبرد، زۆری دڵ بە حاڵی نالەباری ژنان دەسووتا، بە تایبەتی بەزەیی بەم ژنەدا، کە ژنێکی ساویلکەو گوێڕایەڵ‌و خۆشباوەڕ بوو، دەهاتەوە. بە ڕۆژەوە، سەری کەسوکارو دۆست‌و برادەرانی دەدا. بە کەش‌و فشەوە، بەو قەدو باڵا بەرزەوە، بە تۆی کراسێکی عەسکەری، بە خۆ بادان بە کوچەو کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوەو کاسکێتەکەی بە تیلاگەی (لاسەر) سەریەوە دەناو بەخۆی دەفشی کە باکی بە سەرما نییە، شەوێك چوو بۆ ماڵی میلیخوف، سەرمای دەرێ‌و بۆنی تیژی عەتری سەربازانی دەگەڵ خۆیدا بردە ناو موبەقە گەرمەکەیانەوە. دانیشت، ماوەیەك باسی شەڕو دەنگوباسی ناو گوندی کرد. پێش ئەوەی هەستێت‌و بڕوات، بە چاوە سەوزەکانی کە لە ڕەنگی قامیش دەچوون، چاوێکی لە داریا داگرت. داریا، کە بۆ یەك ساتیش چاوی لێ نەگواستبووەوە، کاتێ کە میتکا دەرگای بە یەکاداو چووە دەرێ، لە ناخەوە وەکو گڕی مۆمێك

کەوتە سەما. لێوی نانە سەریەك و دەسماڵێکی دا بە شانیا، بەڵام ئیلی نیچنا، لەو کاتەدا لێی پرسی:

- داریا، بۆ کوێ دەڕۆی؟
- دەمەوێ بچمە سەر پێشاو.
- منیش لەگەڵتا دێم.

پانتلی پروکوفیچ، بێئەوەی سەر هەڵبڕی، بە دەقی خۆیەوە دانیشت و بە جۆرێ خۆی لە گێلی دا، لە تۆ وایە گوێی لە گفتوگۆیەکە هەر نەبوو. داریا کە نیگا رێوی ئاساکانی لە ژێر پێڵوە ماتەکانیا وەشارد بوو، بە بەردەمیا ڕۆیی. خەسووی بە لەقە لەق دوای کەوت. میتکا، لەپشت دەرگاکەوە، لە ناو حەشەودا وەستا بوو، جگەرەیەکی لە نێو دەستیا شارد بووەوەو ناوبە ناو کۆکەیەکی بۆ دەکرد. کە گوێی لە دەنگی دەرگاکە بوو، هەنگاوێکی بەرەو قالدرمەکانی بەر دەرگا نا. ئیلی نیچنا، بە تەشەرەوە گوتی:

- میتکا ئەمە تۆی؟ دەڵێی دەرگای حەوشەکەمانت لێتێك چووە؟ کە چوویتە دەرەوە، دەرگاکە توند لە دوای خۆتەوە ڕاکێشە، دەنا بەم بایە توندە تاکو بەیانی، بە تەق و هۆڕ، نایەڵێ بخەوین.

میتکا، کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوجا بە خەمباری گوتی:

- نا، دەرگام لێتێك نەچووە... هەر ئێستا دایدەخەم. کۆکەیەکی بۆ کرد، پێی هەڵگرت و، یەکڕاست بە کۆڵانەکەدا، بەرەو ماڵی ئانیکوشکا کەوتە ڕێ.

میتکا، وەکو باڵندەی ئاسمانان دەژیا، بێخەم و خەیاڵ بۆ ئەو ساتە دەژیا کە تیایا بوو. حازری ئەمڕۆ نەك قەرزی سبەینێ. زۆری کەیف لە سەربازی و خزمەتی سەربازی نەبوو، هەر چەندە کەسێکی بە جەرگ و چاو نەترس بوو، بەڵام دەستبەرداری کەیف و ڕابواردنی خۆی نەدەبووو خەمی پلەوپایە وەرگرتنی نەبوو، دنیای دابووە بەرکلکان.

کونیەی ژیانی سەربازیی زۆر پاك نەبوو: دوو جار درا بوو بە دادگای سوپایی، جاری یەکەم دەست درێژی ناموسی کردبووە سەر ژنە رووسێکی پۆڵاندی نەژادو جاری دووەم دزی و تالانی کردبوو. لە ماوەی ئەم سێ ساڵی شەڕەدا، دەیان جار سەرزەنشت و سەرکۆنە کرابوو و توندترین سزا درا بوو. جارێکیان چیوای نەما بوو، کە دادگای سوپایی، فەرمانی تیربارانی بۆ دەربکات، بەڵام میتکا توانی بووی خۆی رزگار بکات، هەرچەندە پێشینەی لە کەتیبەکەدا خراپ بوو، لەو نموونانە نەبوو کە چاوی لێبکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پیاوێکی رووخۆش و دەم بە پێکەنین و سوعبەتچی و سادە ڕەفیق دۆست و وەستای گۆرانی بێ پەردەو هەرزەکارانە بوو، قۆزاقەکان خۆشیان دەویست. ئەفسەرەکانیش، لەبەر ئازایەتی و بێباکی لە شەڕدا، خۆشیان دەویست. میتکا، بەدەم زەردەخەنەوە، بە هەنگاوی سووکی گورگ ئاساوە دەڕۆیی: گەلێك لە مجۆرە تەبیعەت و سروشتە حەیوانیەی تیادا بوو: ڕێکردنەکەی، نیگای ژێراو ژێری چاوە تیژە کەسکەکانی، تەنانەت شێوازی ئاوڕدانەوەشی، میتکا نەیدەتوانی ملی بە باشی وەرچەرخێنێ، پارچەی بەرکەوتبوو، بۆیە گەر ویستبای ئاوڕی پاشەوە بداتەوە، دەبوو هەموو بەدەنی

وەرچەرخێنیٚ. ئازای لەشی ماسولکە بوو. لە هەڵس و کەوتا، گورج و گوڵ و چاپوك بوو. وەکو زەویەکی ڕەش، کە جوان کێڵرابیٚ و وەردەوە درابیٚ، بەو ئاوایە بۆنی ژیانی لێدەهات. ژیان بۆ میتکاو لای میتکا، سادەو راستەوخۆ بوو، راست وەکو خەتی شۆو بوو، وەکو موڵکدارێکی ڕەها ژیانی بەخۆی ڕەوا دەبینی و ڕێگەی ژیانی دەگرتە بەر. بۆیە بیرو بیرکردنەوەشی سادەو سەرەتایی بوو: مرۆڤ کە برسی بوو، دەتوانیٚ و بگرە پێویستە دزی بکات، تەنانەت دزی لە هاوڕێکانی خۆیشی بکات، جا میتکا کە برسی دەبوو ڕێك وایدەکرد، دزی دەکرد. مرۆڤ کە پۆستاڵەکانی دڕا، باشترین کار ئەوەیە، کە دیلێکی ئەڵمانی بدۆزێتەوەو پۆستاڵەکانی لەپیٚ داکەنیٚ و لە پێی خۆی بکات. مرۆڤ کە هەڵەیەکی کرد، دەبیٚ باج و سزای هەڵەکەی خۆی بدات. میتکا، باج و سزای هەڵەو خەتاکانی خۆی دەدا: بە دەوریٚ دەردەچوو، پاسدارێن ئەڵمانی نیوە خنکی دەگەڵ خۆیدا دێنا، بە خوایشتی خۆی بەشداری ترسناکترین ئۆپەراسیۆنی دەکرد. لە ساڵی ١٩١٥دا، بە بریندا ری دەستگیر کرا بوو، بەڵام شەویٚ، بە نینۆك، کەلێنی خستبووە میچی ئەو کەپرەی کە تیایا زندانی کرابوو و هەڵاتبوو، زینێکێشی وەکو یادگاری دەگەڵ خۆدا بردبوو، میتکا لەو جۆرە ڕەفتارانەی زۆر بوو و زۆر جاریش تیایا سەرکەوتوو دەبوو. جا لەبەر ئەو جۆرە هەڵوێستانە، چاو پۆشیان لە زۆر کارو کردەوەی دەکرد.

میرون گریگوروفیچ، ڕۆژی شەشەم کوڕەکەی خۆی گەیاندە وێستگەی میلیروڤۆ. تا بەر دەرگای فارگۆنەکە بە ڕێیکرد. تا ڤیتارە سەوزەکە بە تەپە تەپ لە چاویش ون بوو، ئەو هەر لەویٚ مایەوە، بێئەوەی چاوانی بە فرمێسکی هەڵبریٚ، بە دەسکی قامچیەکەی دەستی، ئەو خۆڵەمێشە زوخاڵەی هەڵدەکۆڵی کە لە کەنار سەکۆی هێڵەکەدا کەڵەکە بوو بوو. لوکی نیچنا دەگریا، باپیرە گریشاکا، پژمیە ناو دەستی، ئەوجا دەستی بە داوێنی قاپوتە چڵکنەکەی خۆی سڕی. هەروەها ژنەکەی ئانیکوشاش کە بەدەنی بەهێزو هاوباخەڵی گەرم و گوڕی میتکای بیر دەکەوتەوە دەگریا، هەروەها بە ئازاری ئەو سوزەنەکەشەوە دەتلایەوە کە لەوەوە گرتبووی.

ڕۆژ هات، ڕۆژ ڕۆیی، پێش جەژنی لە دایکبوونی مەسیح، لە ناکاوا بەفر دەستی بە توانەوە کرد، بە درێژایی چەند ڕۆژێك، باران لە یەکبینە باری، ئاو لە گردو قەد پاڵەکانەوە بەخوڕ بەرەو دۆڵە وشکەکان هاتە خواریٚ،گیای پار، سەوز بووەوە، خەنەتیلکە، قەد پاڵە رووتەن و گەچوڕەکانی داپۆشی، کەف وەکو تڵپە ئەم بەروئەوبەری دۆنی گرت. بەفری ناوەڕاستی ڕوبارەکە، هێدی هێدی شی دەبووەوە، مردوو ئاسا شین هەڵدەگەڕاو، بەدەم ڕەوتی ڕوبارەکەوە نشێو دەبووەوە، بۆنێکی خۆش و لە وەسف نەهاتگ لە ئەرزە ڕەشەکەوە، کە بەفرەکەی سەری توابووەوە، هەڵدەستا، کۆنە چاڵێن جیٚ چەرخی گالیسکانی سەر جادە گشتیەکە پڕ بوون لە ئاو. گۆلاوەکانی ئەو دیوی گوند پڕ بوو بوون لە باراناو. بای باشوور لە ڕوباری چیرەوە بۆنی ناخۆش و قورسی گیاو ڕوەکێن بۆگەنی دەگەڵ خۆدا دەهێنا. لە کاتی نیوەڕواندا، تەنکە سێبەرێکی شینباو لە ئاسۆدا خۆی دەنواند، لە تۆ وایە دنیا بەهارە. لە نێو گوندا، دەوروبەری زبڵدان و خاك و خۆڵی کەڵەکە بووی پاڵ پەرژینەکان، بوو بە گۆلاو. لە خەرمانجاڕەکاندا، بەفری دەوروبەری گیشەکان بەرە بەرە توانەوە و بۆنی خۆشی پووشی باران چەشتە، دەچوو بە

کـەپووی ڕێبوارانـدا. بـە ڕۆژەوە، شووشـە سـەهۆڵی(چـلوورە) قـەد گوێسـەبانەکان دەتوایـەوەو دادەچۆڕایە خوارەوە، قەلەڕەشان لەسەر پەرژینەکانـەوە، بەردەوام، بە جۆرێ دەیانقڕاند، پیاو دڵی دەگوشرا. گا فەحلەکەی گوند، کە زستان لە ماڵی میرون گریگوروفیچ بوو، کە پێشوەختەو بەر لە بەهار هاڕوژا بوو، بە حەوشەکەدا دەهاتو دەچوو، قۆچی بە پەرژینەکەدا دەکێشا، سینگو بەرۆکی لە کۆنە هەوجاڕێکی ڕزیوی مۆرانە خواردوو هەڵدەسوو، غەبغەبەی ئاوریشمینی خۆی تەکان دەداو سمکۆڵانی لە بەفرە نەرمو نیمچە تواوەکەی ناو حەوشە دەکرد.

بەستەڵەکی ڕوباری دۆن، ڕۆژێك دوای جەژنی لە دایك بوونی مەسیح، تەقیو کردیەوە، ئیدی هەر پارچە سەهۆڵ بوو، دەیاندا بە یەکاو بە هاژە هاژو هاڕە هاڕو بەدەم شەپۆلی ئاوی ڕوبارەکەوە دادەگەڕا. پارچە سەهۆڵان، وەکو ماسی گەورەی خەواڵو، خۆیان بە کەنارەکاندا دەکێشاو لێرەو لەوێ لە گڵ دەچەقین. سپیداران، لەوبەری ڕوباری دۆنەوە، بە جۆرێ، بەدەم بای توندی باشوورەوە، دەشەکانەوە لە تۆ وایە هانکە هانکە غاردەدەنو، کەچی هەر لە جێی خۆدا بوون.

کەمێك بەر لە خۆر ئاوا، با لەسەر گردەکەوە بەگڤ و هۆڕ هەڵیکرد: گڤ ۊ ۊ ۊ ... قەڵەڕەش بە قاڕە قاڕ بەسەر گوندا دەسوڕانەوە. بەرازەکەی فرستیونیا، کە چەپکە وێنجەیەکی بەدەمەوە گرتبوو، بە ڕاکە ڕاك بە بەر ماڵی میلیخوفدا تێپەڕی، پانتلی پروکوفیچ، کە ئەمەی بینی گوتی: "نەخێر، بەهار بارگەی تێکنا، ڕەنگە سبەینێ سەرماو سۆڵە دەست پێبکاتەوەو بەفر ببارێت."

شەوێ سەمتی بایەکە بەرەو ڕۆژهەڵات گۆڕا، شەختەیەکی تەنك، بەستەڵەکی تێکشکاوی سەر گۆلاوەکانی، لەحیم کردەوە. بۆ سبەینێ با لە سەمتی مۆسکۆوە هەڵیکرد. سەرماو سۆڵەو سەهۆڵبەندانێکی بەترەف دەستی پێکرد، زستان سەر لە نوێ گەڕایەوە. تاقە یادگاری بەفر توانەوەکە، ئەو پارچە سەهۆڵانە بوو کە وەکو گەلای سپی، لە ناوەندی دۆندا، بەسەر ئاوەکەوە، دەشنانەوە. لە سەر ترۆپکی گردە ڕووتەکەوە، هەڵمی سەرماو سۆڵە دەچوو بە ئاسمانا.

کەمێك پاش جەژنی لە دایکبوونی مەسیح، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گوندا، یەکێك لە کاتبەکان بە پانتلی پروکوفیچی ڕاگەیاند کە گریگۆری لە کامنسکایادا دیتوەو گریگۆری داوای لێکردووە هەواڵ بە دایكو بابی بگەیەنێ کە بەو زووانە دێتەوە.

"٧"

سێرگی پلاتونـوفیچ موخـوف، بەدەسـتە چـکۆلە ئەسمـەرەکانی خـۆی، کـە تەنکـە موویـەك دایپۆشی بوو، هەموو لایەنو پێچو پەناکانی ژیانی تاقی کردبووەوە. ژیان جاری وا هەبوو بە دەمیەوە پێدەکەنیو جاری واش هەبوو، وەکو بەردێك بە گەردنی خنکاوەوە هەڵواسرێ، بە هەمان قورسی بەسەریا دەکەوتو نیوەخنکی دەکرد. سێرگی پلاتونوفیچ، زۆر شتی لە ژیانا دیتبوو، دەردی سەری زۆری تاقی کردبووەوە. کاتی خۆی، کە هێشتا خەریکی سەواو مامەڵەی دانەوێڵە بوو، گەنمو دانەوێڵەیەکی زۆری لە قۆزاقەکان کڕی بوو، هەڵبەتە بە هەرزان، بە نرخی خۆڵ کڕی بووی. پاشان ناچار چوار هەزار پوود گەنمی ڕزیوی ڕەشەوە بووی بێکەڵکی برد بوو

و لە خوار ئاواییەوە، خستبوویە ڕووبارەکەوە. هێشتاش ئەوەی بیر مابوو کە لەساڵی ١٩٠٥دا چۆن کەسێك خەڵکی ئاوایی، لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاوی پاییزدا، بەر تاپڕانی دابوو. بەڵام موخوف، پاش هەموو زەرەرو قازانجێك شەست هەزار ڕۆبڵێکی بۆ مابووەوە، ئەم پارەیەی لە بانکی فولگاکامادا، بۆ ڕۆژی نەهات و تەنگانە دانا بوو. چونکە بە گوێرەی ئەزموون و دنیادیدەیی خۆی، وای پێشنبینی دەکرد، کە دەورانی پەشێوی و ئاژاوەو پاشاگەردانی گەورە بە ڕێوەیەو نزیکە. پێشبینی ڕۆژانی ڕەشی دەکردو مەزەندەو پێشبینییەکەشی ڕاست دەرچوو.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٧دا، مامۆستا بالاندا، کە بەدەم نەخۆشی دیقەوە. بەرە بەرە بەرەو پیری مەرگ دەچوو، بە گلییەوە بۆی باسکردبوو:

– شۆڕش خۆی لە دەرکێ ناوین، بەڵام من لێرە دەبێ بەدەم ئەم نەخۆشیە سەخیفەوە بمرم. سێرگی پلاتونوفیچ، بە ڕاستی حەیفە، مایەی داخ و کەسەرە! مایەی داخە من ئەو ڕۆژە نەبینم کە دەست بەسەر دەستمایەو سەرمایەکانتاندا دەگیرێت و لە خانەو ئاشیانە گەرم و نەرمەکانتان دەردەکرێن.

– جا ئەمە داخی بۆ چییە؟

– چۆن نایەوێ؟ بە ڕاستی هەموو ئاواتێکم ئەوەیە، ئەو ڕۆژە بدینم کە تەخت و بەختی ئێوەگەل وەربگەڕێت، دەزانی چەند خۆشە؟!

سێرگی پلاتونوفیچ، لە حاڵێکا کە ڕق و کینەی خۆی دەشاردەوە، گوتی:

– دەترسم ئەو ڕۆژە نەبینی برادەر. چونکە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت دەمریت و، ئەو ئاواتەت دەبەیتە گۆڕەوە.

هەر لە مانگی کانوونی دووەمدا، هەمان مقۆ مقۆ دەنگۆی باوی پایتەخت، دەربارەی ڕاسپۆتین و ماڵباتی تزار، لە ئاوایی و شارۆچکەکانیشدا بڵاو بوو بووەوەو بوو بوو بە داستانی سەر زاران، لە سەرەتای مانگی ئازاردا، خەبەری ڕوخانی تزاریسم، وەکو کێوێك بەسەر سێرگی پلاتونوفیچدا ڕوخا. تووشی شۆك بوو. قۆزاقان، بە نیگەرانی و دوو دڵیەوە هەواڵی گۆڕینی حکوومەتیان وەرگرت. ئەو ڕۆژە، قۆزاقان، پیرو گەنج، لە دەوری فرۆشگاکەی موخوف، کە داخرا بوو، خڕبوونەوە.

ئاتامانی تازەی گوند، کیریوشکا ساڵداتوف (لە شوێنی مانیتسکوف، کە لە شەڕدا کوژرا بوو، دانرا بوو) کە قۆزاقێکی باڵا بەرزی، سمێڵ سووری، چاو کەمێك چەپ و خێل بوو، زۆر پەست و خەمبار بوو، مەگەر بەدەگمەن، دەنا بەشداری ئەو گفتوگۆو گەنگەشە گەرمانەی نەدەکرد کە لە دەوروبەری فرۆشگاکە دەکران. بەڵکو چاوە چەپ و خێڵەکانی بەسەر قۆزاقەکاندا دەگێڕاو جاربە جارێ هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و بە خەمبارییەوە دەیگوت:

– دنیا ژێرو ژوور بووە!.... هێشتا لە کوێمانە، مەگەر هەر خوا بزانێ چیمان بەسەر دێ!...

سێرگی پلاتونوفیچ، لە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆیەوە سەیری کرد، بینی خەڵکی لەبەر فرۆشگاکەی خڕبوونەتەوە، بۆیە لێبڕا بڕوات دەگەڵ ڕدێن سپیانی گوندا قسان بکات، شانێلە ئەستەر فەروەکەی لەبەر کرد، گۆچانە قاوەییەکەی، کە بەزیوو حەرفێن یەکەمی ناوی خۆی

لەسەر نەخشاندبوو، هەڵگرتو لەدەرگای پێشەوە، لە ماڵ وەدەرکەوت. ژاوە ژاوو هەراو هەنگامەیەکی زۆر لەبەر فرۆشگاکەوە دەهات. ماتڤی کاشولین، بە دەم بزەیەکی شەرمنانەوە، دەموولووتە سەرما بردەڵەکەی کرژ کردەوەو گوتی:

– دەی، سێرگی پلاتونوفیچ، تۆ کە پیاوێکی خوێنەوارو رۆشنبیری، وەرە بۆ ئێمەی نەخوێنەواری روون بکەوە، بزانین لەمەو دوا چی روو دەدات.

کە سێرگی پلاتونوفیچ موخوف، سووکە کڕنۆشێکی بردو سڵاوی لە حازری کرد، پیرەمێردەکان، شەپقەکانیان بۆ بەرزکردەوە، سڵاوەکەیان سەندەوە، هەموو تەکینە دواوە، تا لە ناوەندی خۆیاندا جێی بۆ بکەنەوە. سێرگی پلاتونوفیچ، دوای ساتێك دوودڵی،گوتی:

– ئیدی، بەبێ تزار دەژین..

پیرەمێرەکان، هەموو پێکەوە هاتنە قسان:

- چۆن، بەبێ تزار؟
- باوك و باپیرانمان لە ژێر فەرمانی تزاراندا ژیان، ئێستا ئیدی پێویست بە تزار نەماوە.
- کە سەر نەما، بێگومان لاق خۆ بە خۆ ناڕوات و ناژی!
- حکومەتی ئایندە چۆن دەبێ؟
- سێرگی پلاتونوفیچ! پێویست ناکا لە ئێمە بترسیت، چیت لە دڵدایە ڕێك و ڕاست بیڵێ.

ئاڤدیچ، کە بە "درۆزن" بە ناوبانگ بوو، بەدەم بزەیەکەوە کە گۆنا ئاڵەکانی چاڵ کرد، گوتی:

- ڕەنگە خۆیشی نەیزانێ.

سێرگی پلاتونوفیچ، بە چاوانی گێژەوە ڕوانیە پۆتینە کۆنەکانی خۆی، وەکو یەکێك، بە کەسەرێکی زۆرەوە، وشەکانی هەڵبژێرێ گوتی:

- ئەنجوومەنی دۆما وڵات بەڕێوە دەبات. حکومەتی کۆماریمان دەبێ.
- دەتخوا ئەوە حاڵە، بزانە ڕۆژمان بە چ ڕۆژگارێ گەیی! ئاڤدیچ لە سەری ڕۆیی:
- ئێستاش لە بیرمە کە چۆن خزمەتی خاوەنشکۆ، ڕەحمەتی ئەلکساندەری دووەممان دەکرد...

بەڵام بوگاتیریوڤ پیر، بە توندی قسەکەی پێبڕی:

- پێشتر ئەمەت بۆ گێڕاوینەتەوە، وەختی ئەم قسانە نییە.
- یانی ئیدی دەوری قۆزاقان تەواو؟
- ئەگەر، مانگرتن لە وڵاتا بەردەوام بێ، زۆری پێناچێت ئەڵمانیان دەگەنە پترسبۆرگ.
- خۆ ئەگەر، ئەو یەکسانیەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن، جێبەجێ بکەن، مانای وایە دەمانکەن بە هاوتای جووتیاران...
- یانی زەوی و زارو موڵکەکانمان لێدەسەننەوە؟

سێرگی پلاتونوفیچ، بەدەم بزەیەکی ساختەو دەستکردەوە، چاوێکی بە ڕوخساری نیگەرانی پیرەمێردانی گوندا گێڕا، هەستی کرد خەم و پەژارەیەکی، ڕەق و کینە ئامێز سەروو دڵی دەگرێت.

وەکـو هەمیشـە، بەدەسـت ڕدێنـە سـوورەکەی کـرد بـە دوو بەشـەوەو بـە پشـم و غەزەبێکـەوە کـە نەیدەزانی بەسەر کێیدا بڕێژێ، گوتی:

– ئیـدی ئـەوەتا بـە چـاوی خۆتـان دەیبینـن کـە ئەمانـە رووسـیایان بـەرەو کـوێ بـردووە. ئەمانە بە تـەمان دەگـەڵ جووتیاراندا یەکسانتان بکـەن. ئیمتیازاتتـان لێبسـەننەوەو کۆنـە قینـان تـازە دەکەنـەوە. ڕۆژگـارێکی ڕەش و دژوارمـان لـە پێشـە... ئیـدی دەبـێ چـاوەڕوان بـین، بـزانین دەسـەڵات دەکەوێتـە دەسـتی کیهـان، دوور نییـە تووشـی کارەسـاتێکی گەورەمان بکەن.

بوگاتیریوف، سەرێکی لەقاندو گوتی:

– کەسێ نەمرێ دەیبینین!

ئەوجا لە ژێر برۆ چڕەکانیەوە، نیگایەکی گومانامێزی سیرگی پلاتونوفیچی کردو لـە سـەری رۆیی:

– تـۆ لـە ڕوانگـەی بەرژەوەنـدی خۆتـەوە دەڕوانیـت، کـێ دەزانـێ، لەگینـە وەزعمـان زۆر باشـتر بێت...

سێرگی پلاتونوفیچ، بە تەشەرەوە گوتی:

–چۆن، بەم حاڵەوە وەزعتان باشتر دەبێت؟

– لەگینە حکوومەتی تازە ئەم شەڕە رابگرێت... ئەمە لەگینە یان نا؟

سێرگی پلاتونوفیچ، بە نەبەدڵییەوە دەستێکی هەڵتەکاندو، بە لەقە لـەق، وەکـو یـەکێك زوو پـیر بووبێ، بەرەو قاڵدرمە کەسك و جوانەکانی بەر دەرگای ماڵەکەی خۆی کەوتە ڕێ. هـەموو هـۆش و گـۆش و هـزرو بـیری لای پـارەو پـول و ئاشـەکەی و، ڕەوشـی سـەواو مامەڵـە بـوو کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ کەسادتر دەبوو، ئەوجا بیری لەوە کردەوە کە هەنوکە یلیزاڤیتا لـە مۆسـکۆیەوو فلادیمیر دەبـێ بـەو زووانـە لـە گونـدی نوڤوچرکاسـك بگەڕێتـەوە. ئـەم خەمـە، واتـە خـەمی منداڵـەکانی، نیگـەرانی موڵك و ماڵ و پارەو پولی لە بیر نـەبردەوە. کە گەییـە بەر دەرگـای ماڵـەوە، هەسـتی کـرد، لـە زەرفی شەوو رۆژێکا ژیـانی لێتاریك بووە، ڕونـاکی لـە دڵ و دەروونـی نەماوەو ڕوحـی نـا ئارامە. هەسـتی کرد دەمـی تاڵـە، تـامی ژەنگ دەدا. ئاوڕێکی پاشـەوەی دایـەوە، تەمەشـایەکی پیرەمێردەکانی بـەر فرۆشـگاکەی خـۆی کـرد، لـە موحەجـەرەی تارمـەی بـەر ژوورەکـەوە، تفێکـی کـرد، بـە پـێ خشـکێ بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیی.

ئانائیڤانوڤنـا، لـە ژووری نـانخواردن، پێشـوازی مێردەکـەی خـۆی کـرد. بـە بێموبالاتیـەوە، تەمەشایەکی کردو گوتی:

– بەر لە چای، هیچ دەخۆی؟

سێرگی پلاتونوفیچ، بە بێزارییەوە گوتی:

– نە بابە، خواردنی چی، کێ دڵی خواردن دەبا؟

شانێلەکەی داکەند. هێشتا دەمی هەر تاڵ بوو، هەستی دەکرد سەری قورسە.

– لیزا نامەی ناردووە.

ئانائیڤانوڤنا، بە پێ خشکان چوو بۆ ژووری نووستن. (ئانا هەمیشە بەو شێوەیە ڕێی دەکرد، چونکە لە هەوەڵ ڕۆژی شوو کردنیەوە، کەوتبووە ژێر باری قورسی کاروباری ماڵەوە) بە نامەیەکی کراوەوە، گەڕایەوە. سێرگی پلاتونوفیچ بۆ یەکەمجار بیری لە کیژەکەی کردەوە: "کچێکی سەر شێت و بگرە بێ ئەقڵیشە". کە بۆنی عەتری سەر زەرفی نامەکەی بەسەرا هات، لووتی خۆی کرژ کرد، ئەوجا نامەکەی بە پەلە خوێندەوە. کە گەییە سەر وشەی "مجێز" بە دەستی خۆی نەبوو، لەسەری وەستا، کەوتە بیرکردنەوە، هەوڵی دەدا مانا پەنهانەکانی وشەکە بدۆزێتەوە. لیزاڤیتا، لە کۆتایی نامەکەدا، داوای کردبوو، هەندێ پارەی بۆ بنێرن. سێرگی پلاتونوفیچ، کە ئەو دێڕانەی دوایی نامەکەی خوێندەوە، هەستی بە سەرەگێژکەو سەریەشەیەکی زیاتر کرد. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بە بێدەنگی بگری. تێکڕای ژیانی، بە هەموو بێهودەیی و نەزۆکیەکیەوە، لەم ساتی بۆشاییە دەرونیەیدا، لەبەر چاوی بەرجەستە بوو. لە دڵی خۆیدا بیری لە کچەکەی دەکردەوە: "بە یەکدی نامۆین، هەم ئەو بە من نامۆیە و هەم من بەو نامۆم. تەنیا ئەو کاتەی کە پێویستی بە پارە بێ، بیری دەکەوێتەوە کە کچی منە... بە ڕاستی کچێکی خوێڕییە، ئەدی کەپڵەکانی بۆ نالێی... کاتێ کە مندال بوو، قژ زەردێکی زەری جوان بوو، زۆرم خۆش دەویست... خودایا! بزانە چۆن هەموو شتەکان گۆڕان!... من لە منداڵیمەوە تا پیریم هەر کەر بووم، بە تەمای ژیانی خۆشتر بووم، کەچی ئێستا وەکو پەرستگەو نوێژخانانی چۆڵی سەر ڕێگاکان، بە تاقی تەنیا ماومەتەوە. بە هەزارو یەك حیلەو حیلەبازی سەروەت و سامانێکم پێکەوە نا (هەرچەندە سەروەت و سامان، بە پاکی و بێگەردی کۆ ناکرێتەوە)، گیرفانی خەڵکیم هەڵتەکاند، دزیم کرد، چروکی و ڕژدیم کرد، کەچی ئەوەتا شۆڕش بەر دەرگای لێگرتووین. سبەینێ هەر غولام و نۆکەرەکانی خۆم، لە قوڵم دەنەون و لە ماڵەکەم وەدەرم دەنەن، دارو نەدارم بە فیڕۆ دەڕوات!... منداڵەکانم! فلادیمیر کەرێکە لەو گۆڕە... ئەم ژیانە چیە، چ مانایەکی هەیە؟ هەر هەمووی بێهوودەیە. پووچە ئەم پیرە دنیایە... مەگەر خوا بزانێ...."

بەدەم ئەم بیرانەوە، ڕووداوێکی زۆر کۆنی بیرکەوتەوە کە کاتی خۆی لە ئاشەکەیدا ڕووی دابوو: مشتەرییەکی قۆزاق، ئیعتزازی گرتبوو کە هەقی ئاردەکە زۆرەو رازی نەبوو بوو کرێیەکە بدات. سێرگی پلاتونوفیچ کە لەو کاتەدا لە ژووری مەکینەکە دەبێت، بە دەم دەنگە دەنگەوە دێتە دەرێ، پاش ئەوەی دەزانێت مەسەلەکە چیە، بە ئاشەوان و قەپانچیەکان دەڵێت ئاردەکەی نەدەنێ. کابرای قۆزاقی کە کابرایەکی ڕیوەڵەی کورتە بالا دەبێت، لایەکی کیسە ئاردەکە دەگرێت و ڕایدەکێشێت، زاڤاری ئاشەوانیش، کە گەنجێکی بە قوەتی چوار شانە دەبێت، لایەکەی تری کیسە ئاردەکە ڕادەکێشێت. کابرای قۆزاقی کورتە بالا، مستێك بە ئاشەوانەکەدا دەکێشێت، ئاشەوانیش لێی هەڵدەگەڕێتەوە، یەك بۆکس دەکێشێت بە لاجانگیا. قۆزاقی تاین دەکەوێت، پاشان بەلارەلار هەڵدەستێتەوە، شوێنەواری جەزرەبەکە بەلاجانگی چەپیەوە نەخش دەبێت، لە ناکاوا بەرەو لای سێرگی پلاتونوفیچ دەڕوات و بە پەڵمە گریانەوەو بە ئەسپایی پێی دەڵێت:

– بیبە، ئاردەکەی من بەرە! بیخۆ، ئەمە خوایە لە گەروت بگیرێ!

بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە لەوێندەر ڕۆیی. بە ڕواڵەت هیچ هۆیەك لە ئارادا نەبوو کە سێرگی پلاتونوفیچ یادی ئەم چیرۆکە و لق و پۆپەکانی دیکەی ئەم ڕووداوە بکاتەوە: کە ژنی کابرای قۆزاقی کورتە بالاٌ هاتبوو و دەپاڕایەوە کە ئاردەکەی بدەنەوە، بە درۆوە گریەو زاری دەکرد تا سۆزی مشتەریەکانی دیکە بەلای خۆیدا بجوڵێنێ.

– ئاخر خەڵك و خوا، ئیمانداران، کەی ئەمە ڕەوای هەقە؟ ئەمە کەی شەرتی پیاوەتیە؟ کوا ئاردەکەم بدەنەوە.

زاڤار، بەتەوسەوە گوتی:

– دایەگیان، بڕۆ بەڕێی خۆتەوە، دەنا بێم سەرت دەتاشم.

چەند ناخۆش و ناشیرین بوو وەختێ کە بینیان "غولاٌم" کە وەکو ئەو قۆزاقە ڕیوەڵەو لەڕو لاواز بوو، پەلاماری زاڤاری داو پاش ئەوەی کوتەکێکی بێڕەحمانەی خوارد، ناچار بوو، بە یەکجاری واز لە کارەکەی بێنێ و هات هەق و حیسابەکەی خۆی وەرگرت. لە کاتێکا هەر هەموو ئەو دیمەنانە بە زەینی سێرگی پلاتونوفیچدا تێدەپەڕی، نامەکەی بەدەستیەوە وەردەچەرخاندو بێئەوەی هیچ شتێك ببینێ ڕێك دەیڕوانیە بەرانبەری خۆی.

پاشماوەی ئەو ڕۆژەی بەخەم و پەژارەیەکی تاڵەوە بردە سەر. خەوی ئەو شەوەی زۆر خراپ بوو، بەدەم هەزرێن بێمانا و، خەون و خەیاڵێن گۆنگ و سەیرەوە گینگڵی دەدا، دوای نیوەشەو ئەوسا خەوی پێیا کەوت. بەیانی پاش ئەوەی لەخەو ڕابوو و، خەبەری زانی کە یەڤگینی لیستنتسکی لەبەرەی شەڕ هاتووەتەوە، لێبڕا کە بچێت بۆ یاگودنویەو قسەی دەگەڵ بکات و وێنایەکی ڕوون لەمەڕ ڕەوشەکان پەیدا بکات و خۆی لەم پێشبینی و خەیالاٌتە ناخۆشانەی خۆی ڕزگار بکات. یەمیلیان، بەدەم جگەرەکێشانەوە، خزاکە چکۆلەکەی لە ئەسپە ڕەهوانەکە بەست و ئاغای سوار کردو یاگودنویە خۆت بگرە وا هاتم.

هەتاو وەکو زەردەلوویەکی زەرد. گەش و ڕوناك، بەرەو ناوەندی ئاسمانی گوند هەڵدەکشا، پەڵە هەورێن خوارو و سەرووی هەتاوەکە وەکو دووکەڵ لە دەوری دەڕەوینەوە. دنیا سارد بوو، بایەکی ساردو تیژی دەهات، بۆن و بەرامەی میوەی لێدەهات. زەمبەلیلکی (سیخوار) ژێر سمی ئەسپەکە خشەخشی دەکرد، بایەکە، ئەو هەڵمەی لە دەم و لووتی ئەسپەکەوە دەردەچوو، دەبردو لە شێوەی پروشە بەفردا بەسەر یاڵ و گەردنیا بلاٌوی دەکردەوە. سێرگی پلاتونوفیچ، کە لە سەرماو بە دەم هەژانی خزاکەکەوە خاو بوو بووە، پشتی دابوو بە پشتی خزاگەکەوە و وەنەوزی دەدا. لە مەیدانی گوندا کۆمەڵێك قۆزاقی پۆستین پۆش، ڕەش دەچوونەوە، هەروەها کۆمەڵێك ژنیش بە شانێلی نێوئاخنەوە لە سووچێکا کۆبووبوونەوە.

مامۆستا بالاندا، لە ناوەڕاستی ئاپۆڕاکەدا وەستا بوو، دەستەسڕێکی بەدەم و لێوە ئامال کەسکەکانیەوە گرتبوو، نەوارێکی سووری بە یەخەی پۆستینەکەیەوە کردبوو، بە چاوانێ کە لە نەخۆشیندا گریان لێدەبووەوە، قسەی بۆ دەکردن:

– ... ئیدی دەسەلاٌتی سەرکوتکاری قێزەون گۆڕ بە گۆڕ بوو! چیتر ڕۆڵەکانی ئێوە نانێردرێن تا بە زەبری شەلاخ و قامچیان، کرێکاران سەرکوت بکەن، ئیدی ئەو زەمانە ڕۆیی کە ئێوە

خزمەتی تزاری خوێن مژ بکەن، ئیدی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران، حوکمی رووسیای نوێ، ڕووسیای ئازاد دەکات و ژیانێکی نوێ، ژیانێکی پرشنگدار بۆ وڵات دابیندەکات!.

ماشقەکەی کە لە دوایەوە وەستا بوو، داوێنی پۆستینەکەی ڕادەکێشا و لە بن لێوانەوە دەپاڕایەوە:

– میتیا! بەسە! ئاخر ئەمە بۆ نەخۆشیەکەت خراپە! تووشی خوێن هەڵهێنان دەبیتەوە... میتیا!

قۆزاقەکان، گوێیان لە قسەکانی بالاندا دەگرت، چاویان دەبڕییە عاردی، دەکۆکین و بەخورتی زەردەخەنەکانیان پەنهان دەکرد. بەلام نەیان هێشت قسەکانی تەواوبکات یەکێك لە نێو جەماوەری خەڵکەکەوە، بەدەنگی بەرزو لە ڕووی دڵسۆزیەوە، هەڵیدایە:

– کاکە گیان، دوور نییە ژیانێکی خۆش و پرشنگدار بێتە ئاراوە، بەلام لەوە دەچێ تۆ نەیبینی، تا ئەو کاتە ناژیت، باشتر وایە بڕۆیتە ماڵەوە! هەواکەی زۆر ساردە!

بالاندا، لە کورتی بڕییەوە، شەکەت و ماندوو، بە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا، بەرەو ماڵ پەل بووەوە.

موخوف، نیوەڕۆ گەییە یاگودنویە، یەملیلیان هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشاو بردی بۆ سەر ئاخوڕە دارینەکانی ناو تەویلەکە. لەو کاتەدا کە ئاغای لە خزاکەکە دادەبەزی و یەخەی پۆستینەکەی هەڵدەدایەوە تا دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەربێنێ، یەمیلیان، لغاوی ئەسپەکەی دەرهێناو زین پۆشەکەی دا بەسەر پشتیا. تاژیەکی بەڵەکی زەلام، لەبەر قاڵدرمەکاندا وەرکەوتبوو، کە چاوی بە سێرگی پلاتونوفیچ کەوت، لە جێی خۆی هەستایە سەر لاقە درێژەکانی، کێشمانێکی خۆی دا، باوێشکێکی دا، لە دوای ئەوەوە، هەموو سەگەکانی دیکەش کە لەبەر قاڵدرمەکاندا وەرکەوتبوون، بە خاوی و تەمەڵی هەستان.

سێرگی پلاتونوفیچ، بە ترس و دوو دڵیەوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی و گوتی:

– شەیتان بە نەحلەت بی! چەند زۆرن!

وردە وردە بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت.

هۆڵی چاوەڕوانی، کە زۆر ڕوناك بوو، بۆنی سەگ و سرکەی لێدەهات. لە سەرووی یەخدانێکەوە، کڵاوێکی فەرووی هەشتەرخانی، ئەفسەرانی قۆزاقی، سەر کڵاوێکی ریشوو زیوین، قاپوتێکی لباد، بە شاخێن بڵاوی کەڵە کێویەکەوە، هەڵواسرا بوون. کە سێرگی پلاتونوفیچ چاوی بە قاپوتکە کەوت، بۆ ساتێك وای هەستکرد بوونەوەرێکی تووکنی ڕەش، لەسەر یەغدانەکە وەستاوەو بەسەرسامی شانەکانی هەڵبڕیوون. ژنێکی گۆشتنی چاو ڕەش لە دەرگای ژوورێکی تەنیشتەوە دەرکەوت و بە وردی ڕوانیە سێرگی پلاتونوفیچ کە خەریك بوو پۆستینەکەی دادەکەند، بێئەوەی حاڵەتی جدی ڕوخسارە ئەسمەرە جوانەکەی بگۆڕێت. لە سێرگی پرسی:

– بۆ لای نیکولای ئالیکسییوفیچ هاتوویت؟ دەچم پێی دەڵێم.

سێرگی پلاتونوفیچ، زۆر بە زەحمەت ئەکسینیای ناسی بووەوە، قەڵەوو جوانتر بوو بوو. بەلام ئەکسینیا، یەکسەر ئەوی ناسی بووەوە. لێوە ئاڵە گێلاس ئاساکانی کرژ کردنەوە، باسکە ڕووت و نەرمەکانی بە نازەوە باداو بە ویقارێکی دەستکردو ئانقەستەوە ڕۆیی، بێئەوەی لە دەرگا

بدات، وەژوور کەوت، دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، دوای یەك دوو دەقیقەیەك هاتەوە دەرێ، لیستنتسکی پیر بە دوایەوە بوو. بە رووخۆشی و بەدەم زەردەخەنەیەکی سەنگینەوە، بەرەو پیری سێرگی هات و گوتی:

– ها، جەنابی بازرگان! خێرە وا لەم ناوە پەیدا بووی؟ فەرموو... تکایە تەشریف بێنە ژوورەوە..

لە کەنارەوە وەستاو بە ئاماژەی دەست، میوانەکەی بۆ ژووری میوان خوڵك کرد.

سێرگی پلاتونوفیچ، بە ئەدەب و نەزاکەتێکەوە، کە لە مێژ بوو، لە هەنبەر، خەڵکانی لە خۆی دەوڵەمەندتر، خووی پێوە گرتبوو، کڕنۆشێکی بردو وەژوورکەوت، یەڤگینی لیستنتسکی، لە ژوورەوە بوو، کە چاوی بە سێرگی کەوت، لە ژێر عەینەکەکەیەوە کەپووی کرژ کردەوەو هەستاو هات بە پیرییەوە.

– زۆر بەخێر هاتی سێرگی پلاتونوفیچ، گەورەت کردین! حاڵت چۆنە؟ چیە دەڵێی پیری سەری لێداویت؟

– نە بابە نە، یەڤگینی گیان: من دڵنیام کە لە دوای تۆ دەمرم. ئەدی تۆ چۆنی؟ شوکر سەلامەتی؟

یەڤگینی، بە دەم بزەیەکەوە، کە ددانە زێڕەکانی دەنواند، باسکی میوانەکەی گرت و بەرەو لای کورسیەکی برد. بە دوو قۆڵی لە دەوری مێزێکی چکۆلە دانیشتن و بەدەم سوعبەت و فشقیاتەوە دەیانڕوانیە سەرو سیمای یەکدی و دەیانویست بزانن، چ گۆڕانێکیان بەسەر هاتووە. ئاغای پیر، ئەکسینیای ڕاسپارد کە چایان بۆ بێنێ. ئەوجا لە موخوف هاتە پێشەوە، سەبیلە گەورەو دەسك خوارەکەی بەددانەکەی گرتبوو و پەیتا پەیتا نەفەسی لێدەدا، دەستە درێژو ڕەقەڵەکەی نایە قەراخ مێزەکەو لێی پرسی:

– وەزعت لە گوندا چۆنە؟ هەواڵەکەت بیست؟.... خەبەرێکی خۆشە ها؟!

سێرگی پلاتونوفیچ، ڕوانیە چرچ و لۆچی گەردن و چەناگە، پاك تاشراوەکەی جەنەراڵ و، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئەی مەعنای چی!... ئەمە خەبەرێکە پیاو نەیبیستێ؟!

جەنەراڵی پیر نەفەسێکی قووڵی لە سەبیلەکەی دا، بەدەم قووتدانی دووکەڵەکەوە، گرێی قورتمی بەرزو نزم بووەوە، گوتی:

– تۆ بزانە ڕۆژمان بە چ ڕۆژگارێ گەیی!... من لە هەوەڵ ڕۆژی دەستپێکی شەڕەکەوە، پێشبینی ئەمەم کردبوو. ئیدی سەڵتەنەتی ئەم بنەماڵەیە روو لە نەمان بوو، دەبوایە نەمێنێ. من یەکسەر (میرزکوفسکی)م بیر کەوتەوە... لە بیرتە یەڤگینی؟ بەسەر هاتی "پترۆسی یەکەم ئەلیکسی". ئەلیکسی کە جێنشینی بابی بوو، دوای ئەوەی خرایە ژێر ئەشکەنجەوە بە بابی گوت: "خوێنی من داوێن گیری زوڕیەتەکانت دەبێ..."

سێرگی پلاتونوفیچ، کە زۆر پەشێوو پەریشان بوو، گوتی:

– هیچ زانیاریەکی تەواومان لەمەڕ مەسەلەکە نیە.

لەسەر کورسیەکەی تۆتکەی (ئۆقرە) نەدەگرت، سیغارێکی پێکردو لەسەری ڕۆیی:
– هەفتەیەکە، ڕۆژنامەمان نەدیتووە. مقۆ مقۆیەکی زۆر بڵاوبووەتەوە، خەڵکی شپرزە بوون، بەڵایەکە مەگەر هەر خوا سەری لێدەربکات! کە بیستم یەڤگینی نیکولایوفیچ بە مادوونی (مۆڵەت) هاتووەتەوە، لێپرام بێم بۆ لای تا بزانم چی ڕوویداوەو چ شتێکمان لە ڕێیە.
یەڤگینی کە ڕدێنی جوان تاشی بوو، ڕەنگی گۆڕا، شادیو گەشیەکەی روخساری بەرە بەرە ڕەوییەوەو گوتی:
– وەزعەکە زۆر خراپە... سەربازان بە تەواوەتی نەترەیان بەرداوە. نایانەوێ شەڕبکەن، بە تەواوەتی لە شەڕ وەڕەز بوون. یانی حاڵی حازر شتێك نییە ناوی سەرباز بێ، شیرازەی کاروباران پچڕاوە، سەربازی چی! کۆمەڵێك تاوانکاری، دڕندەن، لە هیچ شتێك ناپرینگێنەوە، هێز نییە جڵەویان بگرێت. بۆ نموونە تۆ تەمەشای باوکم بکە... بە خەیاڵیش تەسەوری ئەوە ناکات کە سوپا لە چ بێ سەرو بەرییەکدا دەژی، چەند بێخاوەنە، چۆن هەڵوەشاوەتەوە. سەربازان، بەبێ پرس سەنگەرەکانیان بە جێدێڵن، دەچنە تالانی، خەڵکی سڤیل دەکوژن، ئەفسەرەکانی خۆیان دەکوژن، دەڵە دزی دەکەن، سەرپێچی لە جێبەجێکردنی دەستورێن جەنگی، بووە بەشتێکی باو.
لیستنتسکی پیر، تۆپەڵە دووکەڵێکی لە دەمیەوە دەرداو گوتی:
– ماسی، هەمیشە لە سەرێ ڕا بۆگەن دەکات.
یەڤگینی برۆی وێکهێنانەوە، یەکێك لە پێڵوەکانی بە نیگەرانیەوە ڕاجفریو گوتی:
– من وا ناڵێم... نا، ناتوانم شتی وا بڵێم... سوپا لە خوارەوە بۆگەن دەکاتو بەلشەویکەکان گەندەڵیان کردووە. تەنانەت قۆزاقەکانیش، بە تایبەتی ئەو یەکانەی تەماسی نزیکیان لەگەڵ هێزێن پیادەدا هەیە، لە باری دەروونیەوە داڕوخاون، متمانەیان پێناکرێت، لە گیانی خۆیان بێزارن، بیری زێدو زاگەی خۆ دەکەن، خوا خوایانە بگەڕێنەوە بۆ ناو کەسو کاریان... لە هەموو ئەمانەش خراتر، ئەم بەلشەویکانەن.
سێرگی پلاتونوفیچ، کە ئیدی لەوەی پتر خۆی پێنەدەگیرا، هەڵیدایە:
– باشە پێم ناڵێی ئەمانە چییان دەوێ؟
لیستنتسکی، بزەیەکی تاڵی بۆ کرد:
– ئاه!... ئەوەی دەیانەوێ... لە میکرۆبی کۆلێرا پیسترە... خراپترە... خراپیەکەی ئەوەیە کە زۆر بە ئاسانی سیرایەت دەکات، بڵاودەبێتەوە... زۆر بە ئاسانی دەچێتە دڵو دەروونی سەربازانەوە. مەبەستم بیرو بۆچوونەکانیانە. هیچ قەرەنتینەیەك نییە ڕێگەی لێبگرێت. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە ئەم بەلشەویکانە خەڵکانی زۆر زیرەكو بەهرەمەندیان تێدایە. من هەندێکم لێبینیوون،
ئەوجا، بە هەڵچوونەوە لەسەری ڕۆیی:
– ... بەڵام زۆربەیان خەڵکانی بێسەرو بەرن، مل بۆ هیچ یاساو ڕێسایەك نادەن، باوەڕیان بە هیچ نییە. ئەمانە هیچ پەیوەندی و پابەندییەکیان بە ناوەڕۆکی بەلشەویزمەوە نییە، هەموو

خەمێکیان تەنیا تالان‌و بڕۆو سەنگەر چۆڵکردنە. خەمی سەرەکیان ئەوەیە کە دەسەڵات بگرنە دەست‌و بەهەر نرخێ بووە، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی ئاشتی تاك لایەنەشەوە بێ، خۆیان گوتەنی کۆتایی بە شەڕی "ئیمپریالیستی" بێنن‌و زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەش بکەن‌و کارخانان بە کرێکاران بسپێرن. هەڵبەتە ئەمە نەك هەر خەیاڵ پڵاوە، بگرە بیرکرنەوەیەکی گەوجانەشە. بەڵام بەو شێوازە سەرەتایی‌و پاشکەوتووانەیە توانیویانە سەربازان بۆ خۆ ڕاکێشن.

یەڤگینی بەدەم قسە کردنەوە، بە خورتی جڵەوی تووڕەیی خۆی دەگرت‌و یاری بەدار جگەرە عاجەکەی دەکردو لە نێو قامکیا هەڵیدەسوڕاند. سێرگی پلاتونوفیچ بە وردی گوێی بۆ دەگرت‌و بە جۆرێ خۆی هێنا بووە پێشەوە، لە تۆ وایە دەیەوێ لەسەر کورسییەکەیەوە باز بدات.

جەنەراڵی پیر، بە هۆڵەکەدا کەوتە هاتوچۆ، بەدەم ڕێکردنەوە دەنگی چەکمە ڕەشە نمەدیە (لباد) مەخمەلیەکانی دەهات‌و سمێڵە بۆزەکەی دەجوو.

یەڤگینی باسی ئەوەی کرد کە چۆن پێش گۆڕانی ڕژێمیش، ناچار بووە لە ترسی تۆڵەی قۆزاقان، لە کەتیبەکەی خۆی هەڵێت، هەروەها باسی ئەو ڕووداوانەشی کرد کە بە چاوی خۆی لە پترۆگرادا دیتبوونی، بۆ چەند دەقیقەیەك لە گفتوگۆ وەستان. لیستنتسی پیر، دەرفەتی هێنا، چاوی بڕینە کەپووی سێرگی پلاتونوفیچ، لە ناکاوا پرسی:

– ئێ، ئەو ئەسپە شێیە ڕەهوانەی، کە پایز تەمەشات کرد، دەکڕیت؟

موخوف، بڕۆی وێکهێنانەوە، بە نائومێدیەوە دەستێکی هەڵتەکاندو گوتی:

– نیکولای ئالیکسییوفیچ، بەم ئاخر زەمانە، بەم ئاخرو بوخرانە کەی وەختی ئەم قسانەیە؟

لەم کاتەدا، یەمیلیانی عارەبانەچی موخوف، لە جەناجی ڕەنجبەرو خزمەتکارەکاندا بەدەم چا خواردنەوەوە خۆی گەرم دەکردەوە. بە دەستەسرێکی سوور، ڕوومەتە سوورە چەوەنەر ئاساکانی دەسڕی‌و، باسی گوندو دوا هەواڵ‌و دەنگ‌و باسی گوندی دەکرد. ئەکسینیا کە شاڵێکی ئەستووری مەخمەری (کوڵکن) لە خۆوە پێچابوو، سینگی نابوو بە سەرینێکی سەر تەختێکی کەندەکاریەوە، پرسی:

– پێموایە، ماڵەکەی ئێمە، ئێستا ڕوخاوە؟!

یەمیلیان، بە کاوەخۆ بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، بۆچی ڕوخاوە؟ لەجێی خۆیەتی.

– ئەدی هاوسێکانمان، ماڵباتی میلیخوف چۆنن؟

– باشن.

– پیوتەر بە مادوونی (مۆڵەت) نەهاتووەتەوە؟

– نەم بیستووە.

– ئەدی گریگۆری؟

– گریگۆری دوای جەژنی نوئێل هاتبووەوە. ژنەکەی، پار جمکانەیەکی بوو... گریگۆری.. بەڵێ... بە هۆی بریندار بوونەوە هاتبووەوە.

– بریندار بوو بوو؟

– بەڵێ، گوللە بەر باسکی کەوتبوو. وەکو سەگێك شەڕی کردبێت، ئازای لەشی برین بوو. ئیدی پیاو نازانێ خاچ و میداڵی جەنگی زیاترە، یان برین و تەقەڵان.

ئەکسینیا، کە گریان ئەوکی گرتبوو، دەکۆکی تا قوڕگی پاك بکاتەوەو دەنگە لەرزۆکەکەی هێورو ئاسایی بکاتەوە، پرسی:

– ئەدی ئێستا چۆنە... مەبەستم گریشکایە؟

– عەیبی نییە. وەکو جارانە... کەپووی زەلام، ئەسمەر، تورکی کوڕی تورك.

– مەبەستم ئەمە نەبوو... پیر بووە یان نا؟

– چوزانم! ڕەنگە کەمێك داکەوتبێ. ژنەکەی جمکانەیەکی بووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پیرێکی وا نەبووە...

ئەکسینیا کە شانەکانی هەڵدەلەرزین، گوتی:

– کە ئەم ژوورە ساردە!

ئەوسا، چووە دەرێ.

یەمیلیان، کە چای هەشتەمی بۆ خۆی تێدەکرد، نیگای ڕەدووی ئەکسینیا خست و بە ئەسپایی، وەکو چۆن کوێرێك هەنگاو هەڵدێنێ، بەو ئاوایە بە ئەسپایی و لە بن لێوانەوە پرتاندی:

– ڕشکنەی پیسی بۆگەن، شتی وا خوێڕی لە دنیادا نەبووەتەوە. تا دوێنێش بە جووتێ نەعلە شڕی ژنە جووتیارانەوە لە گوندیدا دەسوڕایەوەو ئێستاش، وا غەرا بووە خۆی لێبووە بە خانم. "کە ئەم ژوورە ساردە!" پیف. تۆ خانمی خوێڕی لە بیرت چووەوە کە بە قەحپەیی لە دایك بوویت، بەڵێ! من تەحەمولی ئەم جۆرە ژنانە ناکەم. ئەگەر ڕووم بدانایە شێتم دەکردن!... ئاه، ماری خۆش خەت و خاڵ! لاف و گەزاف لێدەدات و دەڵێت: "کە ئەم ژوورە ساردە." ئەگەر نەم دیبا دایکت دەمردم لە عەزرەت باوکت، ها!

هێندەی ڕق هەستا بوو، نەیتوانی چایەکەی، چای هەشتەمی تەواو بکات، هەستا، ئاماژەی خاچی کێشا، بە کەش و فشەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆی، بە ئانقەست گڵ و خۆڵی وشکەوە بووی ژێرو قەد چەکمەکانی، لە ژوورە پاك و خاوێنەکەدا وەراند.

بە درێژایی ڕێگای گەڕانەوە، وەکو ئاغای پەست و دڕدۆنگ بوو. داخی ئەکسینیای، بە ئەسپەکە دەڕشت، بەسەری قامچییەکە دەیکێشا بە ناو گەڵی ئەسپەکەدا، هەزارو یەك جنێوی سەر بە کوڵکەی دەدایە: قون گران، تەمەڵ، بارگیرە قۆتر. ڕێك بە پێچەوانەی عادەتی خۆیەوە، تا گەییشتنەوە ناو گوند، تاقە قسەیەکی دەگەڵ سیرگی پلاتونوفیچدا نەکرد. ئاغاش، چوو بووە ژێری و، بێدەنگیەکی ترسناك سەراپای داگرتبوو.

تیپی (لیوا)یەکەمی، یەکێك لە فیرقە پیادەکانی بەرەی باشووری ڕۆژئاوا، کە لەلایەن کەتیبەی بیستو حەوتی قۆزاقێن دۆنەوە پشتیوانی دەکرا، بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی شوبات، داوا کرایەوە، تا ڕەوانەی پترۆگراد بکرێتو ئەو یاخی بوونو ڕاپەڕینانەی کە تازە لە وێندەر دەستی پێکرد بوو، سەرکوت بکاتو دایان بمرکێنێتەوە. تیپی ناڤبری گوازرایەوە بۆ پشتی بەرەی شەڕ، کەلوپەلو تفاقی تازەی زستانەیان بەسەرا دابەش کرا، ئەو ڕۆژە نانو خواردنێکی باشیان دانێ. بۆ سبەینێ بە پەلە سواری قیتار کرانو ڕەوانە کران، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان لەو کەتیبانە خێراتر بوو، کە بەرەو گوندی مینسك دەچوون. هەر ئەو ڕۆژەی کە تیپەکە کەوتە ڕێ، مقۆ مقۆو دەنگۆ بڵاو بووەوە کە گوایە تزار لە بارەگای فەرمانەدەی گشتی هێزێن چەکدارا، بەڵێننامەی پڕ کردووەتەوەو پەیمانی داوە کە واز لە کورسی دەسەڵاتو پاشایەتی دێنێت.

تیپی ناڤبری لە نیوەی ڕێگا بوو کە عازی درایە بگەڕێتەوە. لە وێستگەی ڕازگوندا، ئەمر بە کەتیبەی بسیتو حەوتی قۆزاقان درا، کە لە فارگۆنەکان دابەزن. قیتاری دیکە هێڵەکانیان گرتبوو، سەربازان کە قەیتانی سووریان بە پاڵتۆکانی خۆوە کردبوو، بەسەر شۆستەکانی وێستگاکەدا دەهاتنو دەچوون. تفەنگی تازەو مەحکەمی مۆدیلی ڕووسی، بەڵام دەستکردی ئینگلیستانیان بە شانەوە بوو. زۆربەیان بە نیگەرانیو ترسەوە دەیانڕوانیە ئەو قۆزاقانەی کە ریزیان نەبەستبوو.

دنیا بارانو تەڕو تووشی بوو، ڕۆژ بەرەو ئاوا بوون دەچوو. ئاو بەسەربانی بیناکانی وێستگەکەدا دەهاتە خوارێ، ئەو چاڵاوانەی بەینی ڕێڵەکان کە پەڵە نەوتیان بەسەرەوە وەستا بوو، ئاسمانی شینباویان عەکس دەکردەوە. دەنگی ئەو قیتارانەی کە خۆیان بۆ ڕۆییشتن ئامادە دەکرد، تێکشکاوو نزم بوو. کەتیبەی سواران، لە پشت عەماری کەلوپەلانەوە تووشی فەرمانەدەی لیواکە بوون، هەڵم، لەلاقی ئەسپەکانەوە کە تا گوزینگی پێیان تەڕ بوو، هەڵدەستا، قەلەڕەش، بێ هیچ ترسو سڵەمینەوەیەك لە پشت ڕیزەکانەوە نیشتبوونەوەو چینەیان لە تەرسی سووریاوی ئەسپان دەکرد. سەرتیپەکە، کە بەسەر ئەسپێکی ڕەشی بەرزەوە بوو، دەگەڵ سەرهەنگی، فەرمانەدەی کەتیبەکەدا بەرەو قۆزاقەکان هات. جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا، چاوی بە سریەکاندا گێڕا، ئەوسا دەستی بە قسان کرد. دیاربوو، هەوڵیدەدا وشەکان دانسقەو هەڵبژاردەبن:

– گەلی قۆزاقینە! ئەوا... بە عەزمو ئیرادەی میللەت، تەختی پاشایەتی تزار نیکولای دووەم وەرگەڕا. دەسەڵات بە شێوەیەکی کاتی، لەلایەن لیژنەیەکی ئەنجوومەنی دۆماوە بەڕێوە دبرێت. سوپا لەسەرێتی، کە ئێوەش بەشێکن لە سوپا، بە ئارامیو هێوری ئەم هەواڵانە وەربگرێت... ئەرکی قۆزاقان ئەوەیە کە داکۆکی لە نیشتمان بکەن، دژی بێگانانو دژمنانی دەرەکی بوەستێتەوە. ئێمە خۆمان لە هەموو ئەم ئاشوبو ئاژاوانەی کە حاڵی حازر لە ئارادایە، دوور دەگرینو مەسەلەی هەڵبژاردنو دامەزراندنی حکومەتی تازە بە خەڵکێن مەدەنی دەسپێرین. ئێمە دەبێ خۆمان لەو مەسەلانە دووربگرین! چونکە جەنگو سیاسەت بۆ سوپا دوو شتی جیاوازنو تێکناکەنەوە... لەم ڕۆژانەدا... هم... هوم... بناغەی کۆمەڵ بەتەواوەتی هەژاوە، جا ئێمە دەبێ وەکو پۆڵا...

لێرەدا، دەمی فەرماندەی تیپ کەوتە تەتەڵە، فەرماندەی تیپ، هیچ ئەزموونێکی خوتبەخوانی نەبوو، هەرچی دەکرد، وشەی گونجاوو لە باری بۆ نەدەهات، برۆکانی، بە سیمای قەڵەوو پرشنگداریەوە، بێدەسەڵاتانە دەجوڵاند.

... ئا دەبێ وەکو پۆڵا ڕەق و بتەو بین، ئەرکی سەربازی و قۆزاقیتان، وا دەخوازێ کە گوێڕایەڵی فەرماندەکانی خۆتان بن. ئێمە بە هەمان دلاوەری جاران شەڕی دژمن دەکەین. با لەوێ (سەرتیپەکە، بەدەست ئاماژەیەکی نامەفهوومی بۆ پاشەوە کرد) ئەنجوومەنی دۆما، چارەنووسی وڵات دیاری بکات. کاتێ کە لە شەڕ بووینەوە، هەنگێ ئێمەش دەتوانین بەشداری لە ژیانی ناوخۆی وڵات بکەین، بەڵام تا ئەو ڕۆژە، ئێمە... هۆم... هۆم... ناتوانین کاری وا بکەین. ناکرێ خیانە ت بە سوپا بکەین... سوپا بکەین بە قوربانی... نابێ سیاسەت بێتە ناو سوپاوە!

قۆزاقەکان، دوای چەند ڕۆژێك، هەر لەم وێستگەیەدا، سوێندی وەفاداریان بۆ حکوومەتی کاتی خوارد. لە کۆبوونەوە گشتی و میتینگەکاندا بەشداریان دەکرد، بە گوێرەی هاوزێدی و هاوناوچەیی لە دەوری یەکدی خڕ دەبوونەوە. بەڵام خۆیان لە سەربازانی پیادە، کە وێستگەکەیان پڕکردبوو، دووردەگرت. لە بەینی خۆیانا، گفتوگۆو گەنگەشەیان دەربارەی ئەو خوتبەو وتارانە دەکرد کە لە کۆبوونەوەو میتینگەکاندا، گوێیان لێدەبوو. وشە نامەفهوومەکانیان بە گومانەوە تاوتوێ دەکرد. ئیدی هەر هەموویان، بێئەوەی بە خۆ بزانن گەیی بوونە ئەو قەناعەتەی کە: "مادامێکی ئازادی لە ئارادایە، مانای وایە شەڕ تەواو بووە." ئەفسەرەکان،کە قەناعەتیان وا بوو، ڕووسیا پێویستە تا کۆتایی بجەنگێ، زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی بەرپەرچی ئەو قەناعەتەی سەربازەکان بدەنەوە.

ئەو سەرگەردانیەی کە دوای گۆڕانی ڕژێم، باڵی بەسەر سەرکردایەتی سوپادا کێشا بوو، کارێکی زۆر نەرێنی کردبووە سەر دەرەجەدارانی خوارەوەی سوپا، سەرکردایەتی فیرقە، تیپی ناڤبری، کە لە نیوەی ڕێگادا وەستا بوو، هەر لەبیر نەما. سەربازەکان، کە جیرەی خۆراك و ئازووقەی هەشت ڕۆژیان وەرگرتبوو، لەم ماوەیەدا هەموویان خوارد بوو. ئیدی دەستە دەستە و پۆل پۆل ڕوویان دەکردە گوندەکانی دەوروبەر، خواردنەوە، کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێت، لە بازاڕەکاندا پەیدا بوو. ئیدی دیمەنی سەربازان و ئەفسەرانی مەست و سەرخۆش بوو بە دیاردەیەکی ئاسایی و باو.

قۆزاقەکان، کە بێئیش و کار لە فارگۆنێن باریدا کەوتبوون، بێتاقەت بوون، چاوەڕوانی ئەوە بوون بۆ دەڤەری دۆنیان بنێرن. ( بانگەشەیەکی گەرم لە ئارادا بوو کە گوایە سەربازانی یەدەکی وەجبەی یەکەم بە یەکجارەکی مەرەخەس دەکرێن.) ئەوانە ئەسپەکانیان فەرامۆش کردبوو، ڕۆژ تا ئێوارێ بە بازاڕدا دەسوڕانەوە، هەموو ئەو کەلوپەلانەی، کە لە بەرەکانی شەڕەوە بەدەستیان هێنا بوو و بە ئاسانی لە بازاڕا ساغ دەبوونەوە، دەکڕی و دەفرۆشت: لە پەتۆی ئەڵمانیەوە بیگرە تا سەرەنێزە، هەڕە، پاڵتۆی عەسکەری، خورجین و جانتای چەرم و تووتن... هتد.

کاتێ کە دەستوور بۆ کەتیبەکە هات کە بۆ بەرەی شەڕ بگەڕێتەوە، پرتەو بۆڵەو ناڕەزایی دەستی پێکرد، سریەی دووەم لە سەرەتادا قاییل نەبوو بۆ بەرەی شەڕ بگەڕێتەوە. قۆزاقەکان

ڕێگـەیان لـە بەسـتنی فارگۆنـەکان بـە مەکینـەی قیتارەکـەوە، گـرت. بـەڵام فەرمانـدەی کەتیبەکـە هەڕەشەی چەککردنی لێکردن و ئەوانیش بەرە بەرە دایانە باریکی و کەوتنە نەرمکێشی و پاشان بـە تـەواوەتی دامرکانـەوە. ئیـدی قیتارەکـان، بـەرەو مەیـدانی شـەڕ وەڕێکـەوتن. ئیـدی گفتوگـۆو گەنگەشە لە هەر فارگۆنێکدا گەرم بوو:

– کوڕینە، ئاخر ئەمە چیە؟ ئازادی، ئازادی؟... بڕۆن ئازادن... بەڵام وەختێ مەسەلەی شەڕ دێتە ئاراوە، دەبێ دووبارە بڕۆنەوە بۆ مەیدان و خوێنی خۆ بە ڕشتن بدەن.

– هەمان زوڵم و زۆرە کۆنەکە دەست پێدەکاتەوە. هەمان تاس و هەمان حەمام.

– ئیدی بۆچی تزارمان لێخست؟

– خۆ ئێستاش، هەمان وەزع و حاڵەکەی سەردەمی تزارە!

– کەر هەمان کەری جارانە، بەڵام کورتانەکەی گۆڕاوە.

– خۆ وەللا ڕاست دەکەی!

– باشە، ئەمە تاکەی وا دەبێ؟

– سێ دانە ساڵە، لەگەڵ تفەنگا دەخەوین.

قۆزاقەکان، لە وێستگەیەکی چەپەك و لاوەکیدا، وەکو ئەوەی پێشوەختە تـەگبیریان کردبێـت، بە کۆمـەڵ لـە فارگۆنەکانـەوە دابـەزین و بێئـەوەی گـوێ بـە تکـاو ڕجـاو هـەڕو گیڤی فەرماندەکـەیان بدەن، بە خۆیان جڤینێکیان بەست، قۆماندانی سوپایی و بەڕێوەبەرە پیرەکەی وێستگاکە، بێهودە هەوڵیان دەداو، بە نێو ئاپۆڕای قۆزاقە خاکی پۆشـەکاندا، بە هەشـتاو دەهـاتن و دەچوون و لێیـان دەپاڕانەوە کە بچنەوە ناو فارگۆنـەکانی خۆیان و، ڕێگـەی قیتارەکـان چـۆڵ بکـەن. بـەڵام قۆزاقـەکان هـەموو هـۆش و گۆشـیان لای قسـەی عـەریفێکی سـریەی سـێیەم بـوو. دوای ئـەو قـۆزاقێکی کورتـە باڵای قەڵەو، بە ناوی مانجولوڤ، دەستی بە قسان کرد. هێنـدە بـە تـووڕەیی و پڕجۆشـەوە داخـاوت، هەموو لالغاوەی بوو بوو بە کەف:

– گەلی قۆزاقان، مەحاڵە ئەم ڕەوشە، بەمجۆرە بەردەوام ببێت! دیسـان لێمـان کەوتوونەتـە چـاو وڕاو! دەیانەوێ فێڵمان لێبکەن! ئەگەر ڕاستەو شۆڕش بەرپابووەو، جەماوەری میللـەت ئازادی خـۆی وەرگرتـووە، دەبـێ شـەڕ ڕابگـرن، چـونکە نـە میللـەت و نـە ئێمـەی قـۆزاق، کـەسمان خوازیاری شەڕ نین! هەق بە منە یان نا؟

– هەق بەتۆیە.

– نەفرەت لە شەڕ.

– بە ڕاستی بێزار بووین!

– پانتۆڵ بە کەمەرمانەوە بەند نابێ! ئاخر چۆن دەتوانین بەم حاڵەوە بجەنگین؟

– بڕوخێ شەڕ!

– دەمانەوێ بڕۆینەوە بۆ زاگەو ناو کەسوکاری خۆمان!

– مەکینەی قیتارەکە، لە فارگۆنەکان بکەنەوە، ئادەی فیدۆت، بڕۆ!

مـانجولوف، پـڕ بـه زار هـاواری دەكـرد و هەوڵیـدەدا دەنگـی بكەوێتـه سـەرووی هـەراو زەنـا و هاواری هەزاران نەفەرەوە:

– گـەلی قۆزاقـان! بوەسـتن، قۆزاقینـه! كوڕینـه! برادەرینـه پەلـه مەكـەن! دەسـت بـۆ قیتارەكـه مەبـەن! پێویسـت بـەوە ناكـات! ئەمـە كێشـەكەمان نیـە، كێشـە ئەمەیـە كـە دەیانـەوێ فریومـان بدەن! پێویسته كۆتایی بەم گاڵته بازاڕە بێنین... با جەنابی سەرهەنگ، فەرماندەی كەتیبەكە، بەڵگـەو نووسـراوی فـەرمیمان نیشـان بـدات، تـا بـزانین ئایـا بـە ڕاسـتی دەیانـەوێ بـۆ مەیـدانی شەڕمان بەرێبكەن، یان ئەمە تەنیا ئارەزوو و فەرمانی جەنابی سەرهەنگ خۆیەتی؟...

قۆزاقـەكان، كـاتێ كـە سـەرهەنگ، فەرمانـدەی كەتیبەكـە، كـە خـوای نـەما بـوو و لـە تووڕەییـدا زمانی گۆی نەدەكرد، بەدەنگی بەرز ئەو بروسكەیەی بۆ خوێندنەوە كە لە سەركردایەتی فیرقەوە هـاتبوو و داوای كـرد بـوو كەتیبـەی نـاوبراو بـۆ شـەڕگە بگەڕێتـەوە، ئەوسـا هێـور بوونـەوەو سەركەوتن و چوونە فارگۆنەكانەوە.

شـەش كەسـی خـەڵكی گونـدی تاتارسـكی، كـە هـەر هـەموویان لـە كەتیبـەی بیسـت و حەوتـدا بـوون، پێكـەوە لـە یـەك فارگۆنـدا بـوون: پیوتـەر میلیخـوف، نیكـولای كوشـیڤۆی (مـامی میشـكا كوشـیڤۆی بـوو)، ئانیكوشـكا، فیـدوت بودوفسـكوف، میركولـوف (قـۆزاقێكی ڕدێـن لـوولی، ڕدێـن ڕەشی، چاو قاوەیی، نیگا گەش بوو و زیاتر لە قەرەجان دەچوو) و ماكسیم گریـازنوڤ دراوسـێی ماڵباتی كورشونوف. ئەمە قۆزاقێكی قۆشمەی بێبەندو بارو بێموبالات بوو، كە لە پێش جەنگدا، لە سەرانسەری دەڤەرێن دۆندا، وەكو ئەسپ درزێكی بێباك و چاونەترس ناوبانگی ڕۆیی بوو. زۆر جار هاوڕێكانی سەریان دەكردە سەری و دەیانگوت: "دەبوایە ئەم میركولفە، بەو سەرو سیما قەرەجانییەوە ئەسپ دز بوایە... كەچی ئەو دز نییە، بەڵام تۆ، ماكسیم، كە چاوت بە ئەسپێك دەكەوێ خەریكە سوێت بیێتەوە، هەر ئەوەتا باڵ ناگریت!" گریازنوف سوور دەبووەوەو بە چاوە شـینەكانیەوە كـە لـە گـوڵی كـەتان دەچـوون، چـاوێكی دادەگـرت و بـەدەم سـوعبەت و شـۆخیەكی هەرزەكارانـەوە بەرسـڤی دەدایـەوە: "دایكـی میركولـوف، لـە گـەڵ قەرەجێكـدا خـەوتووەو ڕەنگـە دایكی من بەغیلی پێبردبێت و ئەگینا... نەدەبوو خواوەندی میهرەبان بیهێڵێت كە من دەست بدەمە ئەم جۆرە كارانە..."

گـژە بایـەكی سـەیر لـە درزی فارگۆنەكـەوە خـۆی بـە ژوورا دەكـرد. ئەسـپەكان بـە نەرمـە زینەكانیانـەوە، بـەدیار ئـەو ئاخوڕانـەوە وەسـتا بـوون كـە بـە پەلـە پـەل دروسـتكرا بـوون، كۆتـەرە دارێكـی تـەڕ، لـە ناوەنـدی فارگۆنەكـەدا، لەسـەر كۆمەڵـە خۆڵەكەوەیـەكی بەسـتوودا، دووكـەڵی دەكردو دووكەڵە تیژەكەی لە درزێن دەرگاكەوە، دەچووە دەرێ.

قۆزاقـەكان، بـەدەوری ئاگرەكـەدا، لەسـەر زینـەكانیان دانیشـتبوون و زەنگـاڵ و بەلـەك پێچـەكانی خۆیـان، كـە لـە ئارەقـەو ڕتوبـەتا بۆنیـان كردبـوو، دەدایـە ئاگرەكـەو وشـكیان دەكردنـەوە. فیـدوت بودوفسـكوف، لاقە خـوارو ڕووتـەكانی لەبـەر ئاگرەكـە گـەرم دەكـردەوە. بزەیـەكی شـادمانی كەوتـە سەر روخسارە كالموكی و گۆنا زەقەكانی. گریازنوف، بە هەشتاو، بنی یەكێك لە چەكمەكانی كە

هەڵتـەقی بـوو، بـەداوە سـیرمەیەك دەدوریـەوەو بـە دەنگێـك کـە دووکەڵەکـە گرتبـووی، کەسـێکی نادیاری دەدواند:

– کـە منـداڵ بـووم. زسـتانان دەچـوومە سـەر موغەیریەکـە (بوغـاری)و نـەنکم کـە ئـەو کاتانـە تەمەنی لە سەد ساڵ بوری بوو، بە کوێرە کوێر سەری دەدۆزیمو بۆ ڕشكو ئەسپێ دەگەڕاو دەیگـوت: "ماکسـیم گیـان، گوڵـە چکۆلەکەم! جـاران خـەڵکی وەکـو ئـەمڕۆ نـە دەژیـان: ژیانیـان خـۆشو بێکێشـە بـوو، خـەمیان نـەبوو... بـەڵام تـۆ لـە ڕۆژگارێکـا دەژی، دەبینـی سەرانسـەری زەوی بووە بـە تـەڵو ئاسـن، تـەڵو ئاسـن حوکم دەکات، ئاسمانی شینو ساف پڕ دەبێت لـە باڵنـدەێن ئاسـنین، وەکـو چـۆن قەلەباچکە ناوکـە شـووتی لـە عـاردی دەچـننەوە، بـەو ئاوایـە بەشـەران دەچـننەوە...و هـەنگێ تـاعوونو قـاتیو برسـێتی پەیـدا دەبێـتو بـرا بـە گـژ بـرادا دەچێو کوڕ لـە باب یـاخی دەبێتو... هـەنگێ وەکـو چـۆن ئاگرێك دەکەوێتـە پووشـەوەو تـەڕو وشـك دەسـووتێو بـە دەگمـەن لێـرەو لـەوێ ڕوەکـێ، گیایـەك دەمـێنێ، بەشـەریش بـەو ئاوایـە لەسەر زەوی دەمێنن."

گریـازنوف، هەڵوەسـتەیەکی کـرد، پاشـان لەسـەری ڕۆیـی: بـە ڕاسـتی قسـەی نـەنکم دەرچـوو، تەلـەگرافیان داهێنـاو ئـەوە تەلەکەیـە، باڵنـدەی ئاسـنینیش دەکاتـە فڕۆکـە. قاتو قڕیو برسـێتی بڵاودەبێتەوە، ئەمەش ڕاستە، بۆ نموونـە کەسوکاروماڵباتی من لـە ماوەی ئەم ساڵانەدا، نیوەی زەویو زارەکانیان ڕەعەمەل هێناوەو هـەموو شـوێنەکانی دیکـەش هەروایـە. تـەنیا منـداڵ و پـیر لـە گوندو ئاواییەکاندا ماون، ئەگەر تاقە یەك ساڵ، نەهاتی بێ، ئیدی قاتو قڕی دەست پێدەکات.

پیوتـەر میلیخـوف، کـەمێك چڵو چێوی خسـتە سـەر ئاگرەکـە، بـەدەم خۆشـکردنی ئاگرەکـەوە گوتی:

– بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە برا بەگژ برادا بچێت، هەندێك دوورە، وانیە؟

– کەمێك سەبر بکە، دەبینی خەڵکی ئەوەش دەکەن!

فیدوت بودوفسکوف هەڵیدایەو گوتی:

– ئەگەر سەرکردەیەك نەبێ، ئاژاوە دەست پێدەکاتو هەنگێ برا دەکەوێتە گیانی برا.

– هەنگی دەبێ شەڕی ئەم زۆڵانەش بکەین.

کوشیڤوی، بە پێکەنینەوە گوتی:

– با جارێ لە شەڕی ئەڵمانەکان ببینەوە، ئەوسا...

– چ قەیدیە، ماوەیەکی دیکەش دەجەنگین. کەرێ هەشت بەرێ، نۆش دەبات.

ئانیکوشـکا، ڕوخسـارە کۆسـەکەی گـرژ کـردو چـارەی دا بـە یـەکاو وای دەنوانـد کـە زۆر دەترسێت. گوتی:

– ئاخر خودایە، حەزرەتی مریەم، ئەی خانمەکەی دنیاو قیامەت، ئێمە تاکەی هەر بجەنگین؟

کوشیڤوی، بەدەم، دەمەلاسکێی ئەوەوە گوتی:

– تا ئەو ڕۆژەی تۆ ڕیشت دێت، هەی نێرەمووك!

ئەوانەی لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبوون، تێکڕا لە قاقای پێکەنینیان دا. ئانیکۆشا، شپرزە بوو. بەڵام گریازنوف، لە ناکاوا، بێئەوەی کەس تەسەور بکات، تووڕە بوو و هەڵیدایە:

– نەخێر بەسە! ڕوحمان گەییە کونە لووتمان! ماڵمان وێران بوو، خۆمان لێرە، ئەسپێ تێی داوین و خەریکە دەمرین و کەسوکارەکەشمان لەوێندەر، لە بەدبەختی و هەژاریدا دەژین. جا چۆن ژیانێك، کێردیان لێبدەی دڵۆپە خوێنێکیان لێنایەت.

پیوتەر، بەدەم جوینی سمێڵەکانیەوە، بە تەوسەوە گوتی:

– جا تۆ ئەم نەڕە نەڕەت لە چیە؟

میرکولوف، کە بزەیەك لە ژێر ڕیشە لوولە قەرەج ئاساکەیەوە پەنهان بوو، لە جیاتی گریازنوف، بەرسڤی دایەوە:

– نازانی ئەم نەڕە نەڕەی لە چیە؟ هەموو دەزانن کە قۆزاقان وەزعیان باش نییە... برینیان گەییوەتە سەر ئێسقان... تۆ خۆت چاك دەزانی، کاتێ کە گاوان، گایەل دەبات بۆ لەوەڕ، تا ئەو کاتەی کە هەتاو خەریکە خوناوی سەر گیاو ڕووەکان دەکات بە هەڵم، وڵساتەکە ئارامن و بۆ خۆ هێدی هێدی دەلەوەڕن، بەڵام هەرکە هەتاو بەرز بووەوە، گەییە ناوەندی ئاسمان، خەرەنگێزان. کەوتنە گیزە گیزو چزو وەشان، هەنگێ –(میرکولوف، چاوێکی لەوانی دی داگرت، پاشان ڕووی بۆ لای پیوتەرەوە وەرگێڕاو لەسەری ڕۆیی)– هەنگێ سەرکار ڕەیس عورەفا، گاوگۆتاڵەکە دەکەونە مێشان و هەڵتیزان، بێگومان تۆ بەخۆت ئەمە باش دەزانی! پێویست ناکات خۆت لە گێلی بدەیت! بە خۆت گاوانیت کردووەو شتی وات بە چاوی خۆت دیتووە... هەوەڵجار گۆلکە مێیەك کلکی دەخاتە سەر پشتی و دەبۆڕێنێ، کاتێ دەزانی دەکەوێتە هەڵتیزان و هەڵدەکاتە ڕاکردن. ئەوجا هەموو گاگەلەکە دوی دەکەوێ، گاوانەکە ڕادەکات کە گلیان بداتەوە، بەڵام فایدەی نییە، گاگەلەکە وەکو سریەیەك سوارە، کە بیەوێ هێرش بەرێ، تاو دەدات، ڕێك وەکو چۆن خۆمان لە نزیکی نیزفینسکایادا وەکو لافاو هێرشمان بۆ ئەڵمانەکان برد. لە کاتێکی وادا چ دەکرێ، هێز هەیە ئەو گاگەلە ڕابگرێت.

– مەبەستت لەم حیکایەتە چیە؟

میرکولوف، یەکسەر وەڵامی نەدایەوە، چەند داوێکی ڕیشە لوولە ڕەشە قیرئاساکەی لە قامکیەوە هاڵاندو بە توندی ڕایکێشا، پاشان بەجدی و بێهیچ بزەیەك هاتە قسان:

– سێ دانەساڵ دەجەنگین... سێ دانە ساڵە لە سەنگەرداین. لە پێناوی چیدا؟ کەس نازانێ. بۆیە دەڵێم بەو زووانە یەکێکی، بۆ نموونە وەکو گریازنوف یان میلیخوف، لە شەڕگە هەڵدێ و ئیدی هەموو کەتیبەکەو پاشان هەموو سوپا بە دوایانا... ئیدی بەسە وەڕەز بووین!

– یانی ئەمەت مەبەست بوو؟

– بەڵێ، دەقاو دەق ئەمەم مەبەست بوو. خو کوێر نیم، هەموو شتێك دەبینم: هەموو شتێك بە داوە موویەکەوە بەندە، هەرکە فوویەکت لێکرد، هەموو شتەکان، وەکو چۆن شڕە پاڵتۆیەکی کۆن، بە سووکە بایەك لەسەر شان دەکەوێتە خوارەوە، بەو ئاوایە دەکەون و هەرەس دێنن. جا سەبارەت بە ئێمەش دوای سێ ساڵ شەڕ، هەتاو گەییوەتە ناوەندی ئاسمان.

بودوفیسکوف، گوتی:

– تۆزێ لەسەر خۆ، ئاخر پیوتەر... ڕەیس عورەفایە.

پیوتەر سوور بووەوە:

– پێموایە، من هەرگیز کێشەم بۆ هاوڕێکانم دروست نەکردووە.

– تووڕە مەبە، بەسوعبەتم بوو.

بودوفیسکوف، تەریق بووەوە، تۆزێ قامکی پێیە ڕووتەکانی جولاندن و پاشان هەستاو بە پێی خشکان بەرەو لای ئاخوڕی ئەسپەکان ڕۆیی.

چەند قۆزاقێکی خەڵکی گوندەکانی دیکە، لە نزیکی چەند گورزە وێنجەیەکی پەستاوتەوە، لە سووچێکی نزیکی فارگۆنەکەوە بە ئەسپایی قسەیان دەکرد. دوانیان، فەدایەف و کارگین، خەڵکی گوندی کارگینسکایا بوون و هەشتی دیکەیان خەڵکی گوندو دەڤەرو شارۆچکەکانی دیکە بوون.

دوای تۆزێك هەڵیانکردە ستران و گۆرانی. ئالیموف، کە خەڵکی چیر بوو و، گۆرانی بێژی سەرەکیان بوو، بە گۆرانیەکی شاد دەستی پێکرد. بەڵام یەکێك لە خۆیان، شەپێکی بە پشتیاداو، بە دەنگێکی هەڵامەتاوی گوتی:

– واز لەمە بێنە!

کوشیڤوی، بانگی لێکردن:

– ئەهای کوڕینە، بێنە لای ئاگرەکەوە!

هەندێ تەڵاشە دارو چڵ و چێویان، کە لە دوا وەستانی قیتارەکە، لە پەرژینێکیان کردبووەوە، خستە سەر ئاگرەکە. ئیدی دەنگی گۆرانی، لەبەر ئاگرەکەدا، زوڵاڵترو خۆشتر بەرز بووەوە:

ئەسپی جەنگی، حازرو ئامادە
لەبەر دەرگای کڵێسادا چاوەڕوانە
خاوەنەکەی لە نوێژ بێتەدەر.
لە حەوشەدا دایە گەورەو نەوەکەی
دەگرین،
ژنی گەنجی جوان وەکو بارانی بوهار
فرمێسکان دەبارێنیێ.
کاتێ قۆزاقی، سەراپا نقومی چەك
لە دەرگای کڵێساوە دێتە دەرێ
ژنەکەی ڕکێفی ئەسپەکەی
بۆ دەگرێ.
کوڕەکەی، نێزەکەی
دەداتە دەستی.

لە فارگۆنەکەی تەنیشتیانەوە، نەوای وشك و نووساوی ئۆکوردیونێك بەرز بووەوە، کە ئاهەنگ و ڕیتمی سەمایەکی قۆزاقی دەژەن، ئیدی قۆزاقەکان، بە هەموو هێزی خۆیانەوە، پاژنەی

چەکمەکانیان دەکێشا بە زەمینەی فارگۆنەکەدا. یەکێك بەدەنگێکی ناخۆش‌و ناساز دەستی پێکرد:

هێی دنیای پڕ خەم
ئەی نیری قورسی تزاری
کە گەردنی قۆزاقان، دەسووی
کەس ناتوانێ هەناسەیەك بدات
کەس ناتوانێ ئاخێك هەڵکێشێت
پوگاچوف*، لەدەڤەری دۆن دا
جاڕی داوە:
"گەلی هەژاران دوام کەون،
دەی قۆزاقینە، دەی ئەتامانان!"

(* یەمیلیان پوگاچوف، لە ڕاپەڕینی جووتیارانی ساڵی ١٧٧٢– ١٧٧٥ دا ڕێبەرایەتی قۆزاق‌و جووتیارەکانی دژی تزار دەکرد).

یەکێکی دی بەدەنگە بەرزەکەی خۆی، دەنگی یەکەمی داپۆشی‌و بەمجۆرە تێی چریکاند:

بەدڵ‌و بە گیان خزمەتی تزارمان کرد
ئێستا ئێمەش بیری ژنەکانمان دەکەین
ئەگەر تزار بە خۆی قەپاتمەو
قەحپەی نەبا
قیروسیا، ئێمەش باسی
ژنمان نەدەکرد.

قۆزاقەکان، ماوەیەك بوو، لە گۆرانی گوتن وەستا بوون، گوێیان بۆ ئەو هەراو هەنگامەیە دەگرت کە لە فارگۆنەکەی تەنیشتیانەوە دەهات‌و، سات بە سات بەرزتر دەبوو، ناو بە ناو چاوێکیان لێکدی دادەگرت‌و بزەیان دەهاتێ‌و لە دڵی خۆدا پشتیوانیان دەکردن، پیوتەر میلیخوف کە لەوەی پتر خۆی پێنەگیرا لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– چیە، ئەمانە شەیتان چووەتە کلێشەیانەوە!

پرشنگی شادی لە چاوە قاوەییەکانی میرکولوف دەبووەوە. بەلەز هەستایە سەر پێیان، بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر نەزم‌و ڕیتمی سەمایەکە، چەند جارێك بە نووکی چەکمەکانی کێشای بە زەمینەی فارگۆنەکەدا، ئەوسا بە توندی کەوتە پێکوتان‌و سووك وەکو سپرینگ بە دەوری ئاگرەکەدا دەستی بە سەمای پریسیادکا کرد. ئیدی هەرکەسەو نۆرە سەمایەکی کرد. سەماکە گەرمی دەکردنەوە. دەنگی ئوکوردیونی فارگۆنەکەی تەنیشتیان، ماوەیەك بوو، خامۆش بوو بوو: لەوێ، بە دەنگی گڕو نووساو جنێویان بە یەکدی دەدا. بەڵام لێرەدا، لە پەستاو بێپسانەوە سەمایان دەکردو ئەسپەکان، گوێ قولاخ، لەجم‌و جۆڵەکەیان دەسڵەمینەوە. ڕەقس‌و سەما، کاتێ وەستا کە ئانیکوشکا، بەدەم سەمایەکی پڕجۆش‌و خرۆشەوە، ئاگای لە خۆ بڕاو بە قوونا

کەوتـە ئاگرەکـەوە. هاوڕێکـانی بـەدەم قاقـای پێکەنینـەوە هـەڵیان سـتانەوەو لەبـەر ڕونـاکی بنـە مۆمێکدا کەوتنە تەمەشاکردنی پانتۆڵە تازەکەی: لە پاشەڵەوە بە تەواوەتی سووتا بوو، لـە عەمەل کەوتبوو- هەروەها پاڵدمی (پشتەوەی داوێن) چاکەتە لۆکە ئاخنەکەشی سووتا بوو.

میرکولوف، لە ڕووی دڵسۆزی و خەمخۆریەوە گوتی:

- پانتۆڵەکەت داکەنە.

- مەگەر شێتی، قەرەج؟ ئەدی چی لەبەرکەم؟

میرکولـوف، کەوتـە گـەڕان بـە نێـو خورجینەکەی خۆیـدا، کراسێکی کـەتانی ژنانـەی دەرهێنـا. هاوڕێیـان، ئاگرەکـەیان تـازە کـردەوە. میرکولـوف، سـەری شـانە تـە سـکەکانی کراسـە ژنانەکـەی گرتبوو و، بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

- وەرە!... ها! ها! من لە یـەکێك لە وێستگەکاندا، ئەم کراسـەم لـە تـەنافێك کردەوەو دزیـم، گوتم ڕەنگە بۆ بەلەك پێچ دەست بدات. حەزم نەکرد بیدرم. وەرە بیبە بۆ خۆت!

ئانیکوشکا، ناچار بەدەم نەفرەت و جنێودانەوە پیرە کراسـی لەبەر کرد. هاوڕێیـان، بە جۆرێ لە قاقای پێکەنینیان دا، کە قۆزاقێن فارگۆنـەکانی دی لـە دەرگـای فارگۆنـەکانی خۆیانـەوە کەوتنـە سەرەتاتکێ و هاوار:

- ئەوە چیتانە؟

- نێرەکەرانی داماو!

- ئەو زەڕە زەڕەتان لە چیە؟ چ قەوماوە؟

- بەچی پێدەکەنن؟

- هیچ بووە، گەوجینە؟

لـە وێستگەکەی دواتـرا، ئوکوردیـون ژەنەکـەیان هێنایـە فارگۆنەکـەی خۆیـان. سـەربازان دەسـتە دەستە لە سەرانسەری قیتارەکەوە بۆ ئەوێندەر هاتن، هەرچی ئاخورو کۆلی ئەسپەکان هـەبوو، لـە ژێـر پاڵەپەسـتۆی ئەوانـدا کـەوتن و شـکان، ئەسـپەکانیان دەپەسـتایە پـاڵ دیـواری فارگۆنـەکان. ئانیکوشکا، لە ناوەڕاستی ئەڵقەیەکی بچووکی تەمەشاڤاناندا وەستا. بە کراسێکی سپی درێـژی درێـژەوە، کـە لـەلاق و لـە تـەری دەگیرا، کـە دەبـێ هـی ژنێکـی قەڵـەوی زەلام بـووبێ، کەوتـە سـەما، پێکەنین و هورای قۆزاقەکان، هێندەی دی هێنایانە جۆش، تا توانای لەبەر برا، هەر سەمای کرد.

ستێرانی ئاسمانی بێلـە ڕووسیای خڵتـانی خوێن، بـە داخ و کەسـەرەوە دەگریـان، تاریکییـەکی تاریك ڕژایە باوەشی شەوی خەواڵووەوە. شنە بایـەکی ئاوێتـە بـە بۆنی تـاڵی گـەڵای ڕژاوو، خـاکی نمسارو، بەفری مانگی ئازار، بە ئەسپایی هەڵیکرد.

"٩"

کەتیبەکە، لـە زەرفی بیست و چوار سەعاتاندا، گەییشتەوە دەوروبـەری شـەڕگەکە. قیتارەکـە لـە وێستگەیەکی چـەپەك و لاوەکـی وەسـتا. ڕەیـس عورەفاکـان، عازیـان بـە هـەموو قۆزاقـەکان دا، کـە بەپەلـە دابـەزن. ئیـدی قۆزاقـەکان لـەوح و دەپیـان نـا بـە دەرگـای فارگۆنەکانـەوەو ئەسـپەکانیان

داگرت و زینیان کردن. ئیدی هەر قۆزاق بوو و بە فارگۆنەکانا دەهاتن و دەچوون نە با شتێکیان لێ بەجێ مابێ. هەندێکی دی چەپکە وێنجەی نیوە خوراویان لەسەر چەوە نمسارەکەی نێوان ڕێڵەکان فڕێ دەدا. هەموو مژوول و سەرقاڵ، لە هاتووچۆدا بوون.

موراسیلەکەی سەرهەنگ، فەرماندەی کەتیبەکە، پیوتەر میلیخوڤ بانگکردو پێی گوت:

– بڕۆ بۆ وێستگەکە، سەرهەنگ تۆی دەوێ.

پیوتەر، قایشی شمشێرەکەی، لە سەر پاڵتۆکەی ڕێکخست و بە کاوەخۆ بەرەو وێستگەکە کەوتە ڕێ و بەدەم ڕێوە بە ئانیکوشکای گوت:

– ئانیکی گیان، ئاگایەکت لە ئەسپەکەم بێ.

ئانیکوشکا، بێئەوەی هیچ بڵێت، لە دواوە نیگای کرد. جۆرە نیگەرانی و بێزارییەکی ئاسایی بە سەرو سیمای گرژیەوە دیاربوو.

پیوتەر بە دەم ڕێوە، تەمەشای چەکمە قوڕاویەکانی خۆی دەکردو لە خۆی دەپرسی کە ئاخۆ سەرهەنگ چ کارێکی پێیەتی! سەرنجی لەسەر چەند کەسێك، کە لە کۆتایی وێستگەکەوەو لە نزیکی تەنکی ئاوە گەرمەکە، خڕبوو بوونەوە، گیرسایەوە. چووە پێشەوەو لە دوورەوە گوێی بۆ قسەکانیان هەڵخست. نزیکەی بیست سەربازێك دەوری قۆزاقێکی باڵا بەرزی موو سووریان دابوو، کە پشتی بە تەنکیەکەوە دابوو و، وەکو کەسێك تاقیبی بکەن، بەو ئاوایە سلۆك و سڵ دیار بوو. پیوتەر سەرێکی کێشا، لە سیمای تووکنی، نە تاشراوی یارۆ ورد بووەوە: قۆزاقی گارد بوو، سیماو قیافەی لا نامۆ نەبوو، ژمارە "٥٢" بە کەتافیە نیلیەکانیەوە بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم پیاوەی لە شوێنێك بینیوە.

سەربازێکی داوخواز، کە ڕوخسارێکی هۆشن و شمڵاوی هەبوو، بە پۆزەوە لە یارۆی قۆزاقی موو سووری دەپرسی:

– باشە تۆ بە چ خەیاڵێ، ئەم کارەت کرد؟ بە تایبەتی کە بابایەکی دەرەجەدارو عەریفی؟

پیوتەر دەستی خستە سەر شانی سەربازێکی بەردەم خۆی و پرسی:

– مەسەلە چیە؟

سەربازەکە، سەری وەرگێڕاو بە بێمەیلی بەرسڤی دایەوە:

– کابرایەکی فیرارەو گرتوویانە... لە ئێوەیە، قۆزاقە.

پیوتەر، هەوڵیدەدا، بیری خۆی بێنێتەوە کە ئەم قۆزاقە دەموچاو پانە، ڕدێن و سمێڵ سوورەی لە کوێ بینیوە. یارۆی قۆزاقی فیرار، بێئەوەی وەڵامی پرسیارە ناخۆشەکانی، سەربازە داوخوازەکە بداتەوە، جامێکی مسی، کە لە قەوانی گوللە هاوەن دروستکرا بوو، بەدەستەو بوو، نانێکی چەودەری (جۆرە دانەوێڵەیەکە) ڕەشی بەدەستەوە بوو، هەرجارەی تۆزێکی لێ دەنایە دەمی، هێدی هێدی دەیجوو و، قوم قوم ئاوی جامە مسکەی بەسەردا دەکرد. بەدەم جوون و قووتدانی پاروەکەیەوە، چاوە بڵاوو زەقەکانی دەهاتنەوەیەك و برۆکانی بەرزو نزم دەبوونەوەو دەیڕوانیە ئەرزەکەو دەوروبەری خۆی. سەربازێکی پیادەی بە تەمەن و کەتەی قەڵەو، کە تفەنگەکەی خۆی لەسەرەنێزەکەوە گرتبوو، ئێشکی دەگرت، یارۆی قۆزاقی کە لە نان و ئاو

خواردنەکەی بووەوە، نیگا ماندووەکانی برینە ئەو سەربازانەی کە لە دەوری خڕ بوو بوونەوەو وەکو نەدیو بدی تەمەشایان دەکرد. پرشنگی تووڕەبوونێکی لە ناکاو، نیشتەسەر چاوە شین و سادەو منداڵانەکانی. بەلەز دوا قومی هەڵدا، لیکاوەکەی دەمی قووت داو لێوەکانی لستنەوەو بە دەنگێکی بەرزو بێباك گوتی:

– ئەریٚ ئێوە نەدیو بدین، چما من حەیوانم؟ نایەڵن پیاو بە ڕەحەتی نانەکەی زەقنەبووت بکات، کەرانە؟ عەمرتان نەمێنیٚ. قەت بەشەرتان نەبینیوە؟!

سەربازەکان، تێکڕا لە قاقای پێکەنینیان دا. بەڵام پیوتەر هەرکە گوێی لە دەنگی قۆزاقە فیرارەکە بوو و، کەمێك لە فکران ڕاچوو، یەکسەر بیری کەوتەوە کە یارۆ خەڵکی گوندی روبژینی ناوچەی ئالانسکایایەو نێوی فومینە، بیری کەوتەوە کە چۆن دەگەڵ بابیا، لە پێش دەسپێکی شەڕا، لە بازاڕی ساڵانەی ئالانسکایادا، دوای مامەڵەیەکی زۆر، جوانەگایەکی سێ بەهارەی بەرجووتیان لێکڕی بوو. دڕی بە ئاپۆڕاکە داو چووە پێشترەوە، هاواری کرد:

– فومین! یاکوف!

کابرا، بە پەشۆکاوی جامەکەی نایە سەر قەراخی تەنکیەکە، بە دووچاوی سەر گەشتەوەو، بەدەم نان جوونەوە، ڕوانیە پیوتەر گوتی:

– ئەریٚ من تۆ ناناسمەوە، براله...

– تۆ خەڵکی ڕوبژینی، وانیە؟

– با، ئەدی تۆ، خەڵکی ئالانسکایای؟

– نەخێر، خەڵکی ڤیوشنسکایام. بەڵام من تۆ باش دەناسم. پێنج ساڵێك لەمەپێش، دەگەڵ بابمدا، جوانەگایەکمان لە تۆ کڕی.

فومین، کە بزە ناڕەحەت و منداڵانەکەی، هەر بە سەر لێوەوە بوو، بە ئاشکرا هەوڵیدەدا وەبیری بێنێتەوە، سەرەنجام بە داخ و کەسەرێکی ڕواڵەتیەوە گوتی:

– فایدەی نیە، بیرم ناکەوێتەوە... ناتناسمەوە.

– لە کەتیبەی پەنجاو دوو نەبوویت؟

– با.

– هەڵاتوویت؟ چۆن توانیت شتی وا بکەی، براله؟

فومین، کڵاوە فەروەکەی لەسەری داکەند، کیسە تووتنێکی شەپڕێوی دەرهێنا، دانەویەوە، کیسە تووتنەکەی نایە ژێر باخەڵی، پارچە کاغەزێکی سێ گۆشەی بڕی و، ئەوسا نیگایەکی جدی و نمداری پیوتەری کرد، بە دەنگێکی نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:

– برا گیان، ئیدی لە توانامدا نەما....

نیگای یارۆی قۆزاق، پیوتەری وەکو نەشتەر بڕی. پیوتەر کۆکەیەکی بۆ کردو کەوتە جوونی سمێڵە زەردەکانی.

کابرای پاسەوان، تفەنگەکەی کردەشانی، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– کوڕینە بەسە، قسەکانتان تەواوبکەن، دەنا بە هۆی ئێوەوە تووشی کێشە دەبم، دەی بابۆ تۆش هەستە بکەوە ڕێ.

فومین، بە هەشتاو جامە مسەکەی خۆی لە خورجەکەی هاویشت، بێئەوەی تەمەشای پیوتەر بکات، خوا حافیزی لێکردو بە خاوە خاوو هەنگاوی قورسی ورچ ئاساوە، دەگەڵ حەرەسەکەیدا بەرەو دایەرەی قوماندانی وێستگەکە ڕۆیی.

سەرهەنگ و فەرمانـدەێن دوو سـریەی سـوارەی دیکـە لـە شـوێنێکدا، کـە جـاران بوفیەیـەکی دەرەجـە یـەك بـوو، بەسـەر مێزێکـی چـکۆلەدا دانـەوی بوونـەوە. سـەرهەنگ چـاوە تـووڕەو ماندووەکانی هێنانەوە یەك و گوتی:

– میلیخوف، زۆر ماتەڵ بوویت.

بە پیوتەریان ڕاگەیاند کە سریەکەی ئەو دە ئختیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی فیرقەدایەو دەبـێ زۆر بـە جـدی و وردی چـاودێری قۆزاقـەکانی بکـات و هـەر جـۆرە گـۆڕانێکی لـە ڕەفتـارو کردارییانـدا بـەدی کـرد، دەبـێ زوو بـە زوو فەرمانـدەی سـریەکەی ئاگـادار بکاتـەوە. پیوتـەر، بـێ ئەوەی چاو بتروکێنێ، زەق زەق بڕی بوونیە دوڕ چاوانی سەرهەنگ و بە وردی گوێی بۆ گرتبوو، بەڵام چاوە تەڕەکانی فومین و دەنگە ئارامەکەی کە دەیگوت: "برا گیان، ئیدی لە توانامـا نـەما..." بە بەرۆکی هزرو یادگەیەوە نووسا بوو.

لە هۆڵە گەرمەکەی وێستگەکە وەدەرکەوت و بەرەو سریەکەی خۆی گەڕایەوە. فەسیلی بێگـاری کەتیبەکەش لە وێستگەکە بوو. پیوتەر، وەختێ گەییە فارگۆنەکەی خۆی، کۆمـەڵێك قۆزاقی بینی کـە لـە دەوری ناڵبەندەکـە خڕبـوو بوونـەوە. کـە چـاوی بـە ناڵبەندەکـە کـەوت، ئیـدی فـومین و گفتوگۆکـانی خـۆی دەگـەڵ فومینـدا، لـە بیر چـووەوە، هـەنگاوی هـەڵگرت تـا بـڕوات و دەربـارەی ئەسپەکەی خۆی، کە دەبوایە سەر لە نوێ ناڵبکرێتەوە، قسان بکات. نیگـەرانی و کێشـەو وردە سەریەشەی ڕۆژانە، دووبارە لەبەر چاوی بەرجەستە بوونەوە، بەڵام باش بوو زوو ڕەوینـەوە. لـەم ماوەیەدا لـە پشت یـەکێك لـە فارگۆنـە سوورەکانەوە پەیدا بوو، شاڵێکی مـەرەزی سپی دابـوو بـە سـەریاو جلـەکانی لـە جلـی ژنـانی ئـەم دەڤـەرە جیـاواز بـوون. ئـەم بیچم و ڕەفتـارە کـە زۆر لـە بـەر چاوی ئاشنا بـوو، ناچاری کرد وردتر تەمەشابکات و دیقەت بدات. ژنـەی تـاین، یەکسـەر ڕووی کردە ئەو، لە کاتێکا شان و ناو قەدە باریك و کچانەکەی بە ئاستەم بادەدا، بە هەشتاو بـەرەو ئـەو هـات. پیوتـەر پـێش ئـەوەی بـە تـەواوەتی دەموچـاوی بـدینێ، هـەر بـەرێکردن و سمـت و کەفـەڵ بادانەکەیا، ژنەکـەی خـۆی ناسییەوە. تەزوویـەکی خۆشـی بـە قالبـدا هـات. ڕزۆری دڵ خۆشـبوو، دڵخۆشیەکەشی زیـاتر لـەو ڕووەوە بـوو کـە چاوەڕوانی شـتی وا نـەبوو. بـەرەو پـیری چـوو، بـەڵام پاشان هەنگاوی خاوکردەوە، تا سەربازەکانی دی، کە چاویان لێیبوو، وا تەسـەور نەکـەن، کە زۆر بە هاتنی ژنەکەی خۆشحاڵە، پیوتەر، بە ویقارەوە دەستی لە ملی ژنەکەی کردو بە گوێرەی دابی بـاو سـێ کـەڕەتی ڕامووسـی. دەیویسـت شـتێکی لێبپرسـێت، بـەڵام سـۆزو گـودازی نـاخی سـەری کردو بە سەرو سیمایەوە دەرکەوت و لێوەکانی کەوتنە تەتەڵە، لە تۆ وایە زمانی لە گۆ کەوت. سەرەنجام بە هەر دەمەڵاڵکێیەك بوو، گوتی:

– تەسەورم نەدەکرد...

داریا دەستەکانی دان بە یەکاو گوتی:

– ئازیزەکەم! چەند گۆڕاویت!... لە پیاوەکەی جاران ناچیت! دەزانی، هاتووم هەواڵێکت بزانم. کەسوکار ڕێگەیان نەدەدام بێم:" کێ دەزانێ چ شتێك ڕوو دەدات." بەڵام لە دڵی خۆدا گوتم: هەر چۆنێك بێ دەڕۆم، دەڕۆم تابزانم، خۆشەویستەکەم چۆنە...

داریا، زۆری دەوت و خۆی لە مێردەکەی هەڵدەسوو و بە چاوانی فرمێسکاویەوە، چاوی دەبڕینە چاوانی.

ئەو سەربازانەی دەوری فارگۆنەکان، بە تامەزرۆییەوە، بە بەغیلییەوە تەمەشایان دەکردن، دەکۆکین، چاویان دادەگرت و گلەییان لە بەختی خۆیان دەکرد:

– ئەم پیوتەرە شانسێکی عەجیبی هەیە ها.

– دێڵە گورگەکەی من هەرگیز ناتوانێ بێت، بەو هەموو منداڵە سەرو پێچکەیەوە...

– هەڵبەتە لە غیابی تۆدا، دە زەلامی لە خۆی کێشاوە.

– هەقە پیوتەر بەزەییەکی بە حاڵی ئێمەی داماویشا بێتەوەو ژنەکەی بۆ شەوێك وەقفی دەستەکەمان بکات...

– کوڕینە، با بڕۆین بەلای کاری خۆمانەوە، کە دەبینم چۆن خۆی لە مێردەکەی هەڵدەسوێ، خەریکە سوێم دەبێتەوە.

پیوتەر لەو کاتەدا بیری چووەوە کە لێبڕا بوو، ژنەکەی بگەیەنێتە شەرای مەرگ و بۆ هەفتا بابی تەمبێی بکات، بە بەر چاوی هەموانەوە نەوازشی دەکردو کەڵەموستی کە لە دووکەڵی تووتندا زەرد هەڵگەڕا بوو،بە برۆ جوانە کەوانیەکانیا دێناو زۆریش خۆشحاڵ بوو. داریاش ئەوەی بیری خۆی بردەوە کە دوو شەو لەوەپێش، دەگەڵ بەیتاڵێکی هێزی سوارەدا، کە لە خارکۆفەوە هاتبوو تا پەیوەندی بە کەتیبەکەی خۆیەوە بکات، لە فارگۆنێکدا ڕایبوارد بوو.

ئەم بەیتاڵە کابرایەکی سمێڵ بابڕی سمێڵ ڕەش بوو. بەڵام ئێستا دوو شەو بەسەر ئەو بویەرەدا تێپەڕی بوو. داریا بەدەم فرمێسکی شادی ڕاستەقینەوە دەستی لە ملی مێردەکەی وەردێناو ماچی دەکردو بە دوو چاوانی ساف و پڕ وەفاوە تەمەشای دەکرد.

"١٠"

نەقیب یەڤگینی لیستنتسکی کە لە مادوونی گەڕایەوە، پەیوەندی بە کەتیبە کۆنەکەی خۆیەوە نەکرد، چونکە بەر لە شۆڕشی شوبات بە شێوەیەکی نا شەریفانە لە کەتیبەی ناڤبری هەڵاتبوو. بەڵکو ڕاستەوخۆ چوو بوو بۆ بارەگای سەرکردایەتی فیرقە، سەرۆکی سەرکردایەتی، سەرتیپێکی گەنجی سەر بە بنەماڵەیەکی خانەدانی بە ناوبانگی قۆزاقی بوو، ئاسانکارییەکی زۆری بۆ کردو نەقڵی کەتیبەی چواردەی قۆزاقی دۆنی کرد.

سەرتیپ، لیستنتسکی بانگ دەکاتە ئۆفیسەکەی خۆی و بە دوو قۆڵی پێی دەڵێت:

– نەقیب، من دەزانم کە تۆ بە ئاسانی لە کەتیبەکەی جارانتدا هەڵناکەیت، قۆزاقەکان کەیفیان پێت نایەت، ڕقیان لێتە، لە ناوو ناوبانگت بێزارن. جا ئاقڵانەترین کار ئەمەیە کە بڕۆیت بۆ کەتیبەی چواردە. ئەفسەرەکانی ئەوێ، خەڵکی زۆر چاکن. قۆزاقەکانیش پشتیان پێ دەبەستریٚ و کوڕی باشن. هێمنترو گوێڕایەڵترن، چاوو گوێیان زۆر نەکراوەتەوە. زۆربەیان خەڵکی ناوچەو شاروچکەکانی باشوورن، بەشی ئوست – مدڤیدیتسکایان، ئەوێ بۆ تۆ ئەهوەنترە.

سەرتەپیەکە، هەڵوەستەیەکی کردو ئەوجا پرسی: تۆ کوڕی هەمان جەنەراڵ نیکولای ئالیکسییوفیچ لیستنتسکی نیت؟ پاش ئەوەی یەڤگینی بەرسڤی دایەوە کە بەڵێ، سەرتیپ لەسەری ڕۆیی:

– من بەش بە حاڵی خۆم، دەتوانم دڵنیات بکەم کە ئێمە ڕێزو قەدری تایبەتیمان بۆ ئەفسەرانی وەکو تۆ هەیە. بەڵام ئەمڕۆکە، ڕیاو ڕووبینی و دەغەڵبازی لە نێو ئەفسەرانیشدا بڵاوبووەتەوە.

ئەوجا، بە کەسەرەوە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا: هەلپەرستی و بادانەوەو سەنگەر گۆڕکیٚ و دووفاقی و خزمەتکردنی دوو باوەڕی جیاواز لە هەمان کاتدا، بووە بە باوو ئاسانترین کار...

لیستنتسکی ئەم گوێزانەوەیەی زۆر پێخۆش بوو. هەمان ڕۆژ بەرەو کەتیبەی چواردە، کە لە دفینسك هەڵیدا بوو، ڕۆیی. دوای بیست و چوار سەعات خۆی بەسەرهەنگ بیکادوروڤ فەرماندەی کەتیبەکە ناساندو بەخۆشحاڵیەوە دروستی گوتەو قسەکانی سەرۆکی سەرکردایەتی فیرقەی بۆ دەرکەوت. زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەرەکان سەڵتەنەتخواز بوون، سێیەکی قۆزاقەکان پەیڕەوی کڵێسای کۆن بوون، بە زۆری خەڵکی دەڤەرەکانی ئوست – خوپرسکایا، کومیلژ نسکایاو، گلازونفسکایا بوون، هیچ کەڵکەڵەیەکی شۆڕشگێڕییان نەبوو، بە ناچاریو نە بەدڵی سوێندی وەفاداریان بۆ حکومەتی کاتی خوارد بوو. نە سەریان لەو هەراو هەنگامەو ڕووداوانەی دەوروبەریان دەردەکردو نەدەیانویست سەری لێدەربکەن. کۆمیتەی کەتیبەو کۆمیتەی سریەکان، لە قۆزاقانی ملکەچ و گوێڕایەڵ و سەلامەت پێکهاتبوون. لیستنتسکی، ئەم ژینگە تازەیەی پێخۆش بوو.

لە نێو ئەفسەرانی کەتیبەکەدا، تەنیا دوانی لە کۆنە هاوڕێکانی جارانی کەتیبەی ئاتامانسکی (گارد) بینییەوە، کە کەناریان گرتبوو و خۆیان لە دیاردەو بویەرەکان هەڵنەدەقورتاند، باقی ئەفسەرەکان، هەر هەموو یەك ڕەنگ و یەك دەنگ، بە ئاشکرا داوای گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتیان دەکرد.

کەتیبەی ناڤبری نزیکەی دوو مانگێك لە دڤینسك مایەوە، بوو بە یەکەیەکی سوپایی یەکڕیزی، خۆش مەشقی تەیارو ئامادە. جاران سریەکان، بە زۆری بە گەڵ ئەم فیرقەی یان ئەو فیرقەی پیادە دەخزان و سەرانسەری شەڕەگەکانیان لە ڕێگاوە تا دڤینسك دەدایە ژێر پێوە. بەڵام لە مانگی نیساندا، دەستێکی دڵسۆزو دووربین هەر هەموویانی یەکخستبوو و، کەتیبەکە ئێستا

ئامادەی هەر کارێك بوو. قۆزاقەکان، بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆو وردی ئەفسەرەکانیان مەشقی سەربازیان دەکرد، ئالیکی باشیان بە ئەسپەکانیان دەدا. بە خۆشیان، ژیانێکی سادەو ساکارانەیان هەبوو، ژیانێکی گۆشەگیرانەی دوور لە هەر باندۆرو کاریگەرییەکی دەرەکی.

مقۆ مقۆیەکی گۆنگ‌و نادیار، دەربارەی ئەرکی ڕاستەقینەی کەتیبەکەیان لە ئارادا بوو. ئەفسەرەکان بە ڕاشکاوی قسەیان دەکردو دەیانگوت تیپەکەیان، بەو زووانە بە ڕابەری خەڵکانی دڵسۆزو ئازموودە، بەو زووانە چەرخی مێژوو بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە.

شەڕگەکەیان زۆر لێوە نزیك بوو. هەر لەو نزیکانەو بە سەمتی رۆژاوادا، هێزو سوپاکان، زۆر پەریشان بوون بە دەست کەمی ئازووقەو تەقەمەنیەوە دەیان نالاند. ئیدی وشەی ئەفسوناوی "ئاشتی" بوو بوو بە وێردی سەر زاری زۆربەی هەرە زۆریان. هەڵوێستی سوپا سەربارەت بە کیرنسکی، سەرۆکی حکومەتی کۆماریی کاتی، گونگ‌و نادیار بوو، بە تایبەتی کە پاش ئەوەی بە هۆی بانگەوازە ئاگرین‌و هیستریاییەکانی ئەوەوە، سوپا تەواو هاتە جۆش‌و لە مانگی حوزەیراندا هێرشی کردو زیانێکی یەجگار گەورەی لێکەوت، ئێستا وەکو سەرچاوەیەك کە لە ژێرەوەو لە قولاییەوە هەڵبقولێ، بەو ئاوایە ژێراو ژێرو لە ناخەوە دەکولاو دەجۆشا.. کەچی قۆزاقەکان، لە سەربازگەی دڤینسکدا، بەوپەڕی ئارامی دەژیان. تالاوی ئەو کارەساتانەیان لە بیر چوو بووەوە کە لە شەڕگەدا چەشتبوویان. خۆیان تێرو ئەسپەکانیان تێر. ئەفسەرەکان بەردەوام کۆبوونەوەی خۆیان دەکردو هەموو پۆشتەو پەرداخ، تێرو پڕ، بە جۆش‌و خرۆشەوە گەنگەشەی چارەنووسی ڕووسیایان دەکرد.

کاروباران، تا سەرەتاکانی مانگی تەمووز بەو ئاوایە تێپەڕی. ڕۆژی سێی تەمووز، فەرمان هات کە بەپەلەو بێکەمترین دوا کەتن حەرەکەت بکەن. کەتیبەکە بە قیتار بەرەو پترۆگراد کەوتەڕێ. ڕۆژی حەوتەمی تەمووز، تەقو هۆڕی سمی ئەسپەکانی کەتیبەی ناڤبری لەسەر شۆستەی جادەکانی پایتەختدا، بەرز بووەوە.

کەتیبەکە، لە کۆمەڵە خانوویەکی سەر جادەی نڤسکی، دامەزرا.ساختمانێکی بازرگانی چۆڵ بۆ سریەکەی لیستنتسکی تەرخان کرا بوو. دیاردەو ڕووداوەکان ئەوەیان نیشان دەدا کە بەر پرسان‌و کار بەدەستانی پایتەخت، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی قۆزاقەکان بوون. دیوارەکان بۆیەی تازە کرابوون‌و سپی دەچوونەوە، ناو ژوورەکان کە بە جوانیماڵدرا بوون‌و شۆردرا بوون، دەبریقانەوە، تەختە بەندی ژوورەکان بۆنی کەتیرەو سیکۆتینی لێدەهات، ژێر زەمینەکان، پاك‌و خاوێن و تا ڕادەیەکی زۆر خۆش ودڵگیر بوون، لیستنتسکی، کە لە ژێر عەینەکەکەیەوە، کەپووی خۆی کرژ دەکردەوە، بە وردی چاوی بە شوێنەکەدا گێڕاو گەییە ئەو قەناعەتەی کە هیچ عەیبی نییەو شوێنی لەوە باشتر دەست ناکەوێ. لیستنتسکی لە وەزع‌و حاڵەکە ڕازی بوو، دوای پشکنین‌و تەفتیش، دەگەڵ نوێنەری شارەوانیدا، کە پیاوێکی کورتە بالای شیکپۆش بوو و ئەرکی پێشوازی قۆزاقەکانی پێسپێردرا بوو، بەرەو دەرگایەك چوو کە بەسەر حەوشەدا دەکرایەوە. بەلام لەوێدا ڕووداوێکی ناخۆش هاتە پێشێ. کاتێ کە دەستی نایە سەر دەسکی دەرگاکە، سەیری کرد بە ئامێرێکی نووك تیژ، وێنەی سەری سەگێك‌و گسکێك* لەسەر دیوارەکە

هـەڵکوڵراوە، هەڵبەتـە ئـەو کرێکارانـەی کـە ئـەم سـاختمانەیان چـاك کردبـووەوەو بـۆ سـوکنای قۆزاقەکانیان ئامادە کردبوو، لەوە ئاگادار بوون کە ئەم وێنەیە چ دەگەیەنیٚ و مانای چیە. (وێنـەی سـەگ و گسـك دەنـرا بـە زیـنی ئەسـپەکانی ئوپریچـینی فەرمانـدەی هێـزێن چـەکداری بـەدناوی، ئیڤانی ترسناکەوە، ئەو هێزەی بە دڕندەیی بە نێوبانگ بوو، ئەم وێنەیە ڕەمزی ئەوە بوو کە ئەم هێزانـە بـە دان دژمنـانی تـزار هەڵـدەدڕن و گسـکیان دەدەن.) لیسـتنتسـکی بـرۆی وێکهێنانـەوەو لـە یارۆی نوێنەری شارەوانی، کە دەگەڵیا بوو، پرسی:

– ئەمە چیە؟

نوێنەرەکـەی شـارەوانی، بـە چـاوە تیـژە کەوەییـەکانی، کـە لـە چـاوی مشـك دەچـوون، ڕوانیـە وێنەکە، هەناسـەیەکی ترسـناکی هەڵکێشا، خـوێن بـە جـۆرێ زاییە دەموچاوی، کە یەخـەی ڕەقـی کراسەکەی سووری دەنواند...

– ببورە، جەنابی نەقیب...هەڵبەتە دەبێ کەسێکی کینە لە دڵ...

– هیوادارم ئەم ئارمی ئوپریچینانە بەبێ عیلمی تۆ لێرە کێشرابێ.

– هەڵبەتە هەر وایە. ئەی چی؟ قابیلە بە ئاگاداری من ڕەسم کرابێ؟ ببـورە قوربـان... ئـەم کـارە کـاری بەلشــەویکەکانە، بزانــە چ خوێڕییــەك ئەمــەی کــردووە! هــەر ئێســتا دەســتوور دەدەم دیوارەکـە سـەر لـە نـوێ بۆیـە بکەنـەوە! بـە ڕاسـتی زۆرم پێناخۆشـە... ببـورن... بـاوەڕ بکـە کـە دەبینم خەڵکانێك دێنە ئەم ئاستە نزمە، من شەرمەزار دەبم...تەریق دەبمەوە...

لیسـتنتسـکی، لـە کانگـای دڵـەوە بـەزەیی بـەم کارمەنـدە بچـووکەدا هاتـەوە، کـە بـەو ڕادەیـە پەشۆکابوو، بۆیە بە نەرمیەوە گوتی:

– ئـەم نیگارکێشـەی کـە ئـەم وێنەیـەی کێشـاوە، نیشـانەی نـە پێکـاوە. چـونکە قـۆزاق وەکـو پێویست ئاگایـان لـە مێـژووی ڕووسـیا نیـە. بـەڵام ئەمـە مانـای وانیـە کـە ئێمـە چاوپۆشـی لـەم جۆرە هەڵوێستە بکەین...

نوێنەرەکەی شارەوانی، هەوڵیدا بە نینۆکە پاکەکانی، وێنەکەی سەر دیوارەکە بسڕێتەوە. کـە لەسەر نووکی پێ خـۆی بـەرزکردەوە تـا بـاڵای بگاتـە ئاسـتی وێنەکـە، تـۆزێکی سپی نیشـتە سـەر چــاکەتە ئینگلیزیــە جوانەکــەی. لیســتنتســکی بــەدەم زەردەخەنــەوە عەینەکەکــەی خــۆی پــاك دەکردەوە، بـەڵام لـە ناخـا زۆر پەسـت و خـەمبار بـوو. بەدەم ڕێوە کـە لـە حەوشـەکەوە بۆ تەویلەکـە دەڕۆیـی، بێئـەوەی گـوێ بـە قسـەکانی یـارۆی نوێنـەری شـارەوانی، کـە لـە دوای ئـەوەوە دەڕۆیـی، بدات، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "تۆ بزانـە چـۆن پێشوازیمان دەکـەن، بزانـە چ شـتێك لـە پشـت ئـەو ڕواڵەتەیانـەوە کـە بـە ئێمـەی نیشـان دەدەن، پەنهانـە!... بـەڵام تـۆ بڵێـی هـەموو ڕووسـیا بـە هـەمان چاوەوە کە سەیری ئوپریچینایان دەکرد، سەیری ئێمەش بکەن؟".

تیشـکی هەتاوەکـە، بـە شـێوەیەکی ئەسـتوونی دەیـدا لـە بیرە پـان و قووڵەکـەی نـاو حەوشـەکە، خــەڵکی لــە پەنجــەرەی خــانووە بــەرزەکانی خۆیانــەوە ســەریان هێنــابووە دەرێ و تەمەشــای ئــەو قۆزاقانەیان دەکرد کە حەوشەکەیان پڕکردبوو و ئەسپەکانیان بۆ تەویلەکە دەبرد. ئەو قۆزاقانەی

که لە کاری خۆ بوو بوونەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ، لە سێبەرێن کەنار دیوارەکاندا دانیشتبوون یان وەستا بوون. لیستنتسکی پێی گوتن:

– کوڕینە بۆچی ناچنە ژوورەوە؟

– جەنابی، نەقیب هێشتا زۆر زووە.

– لێرەش بێزار دەبن.

– کە گشت ئەسپەکانمان داکرد، هەنگێ دەچینە ژوورەوە.

لیستنتسکی، دوای ئەوەی تەمەشای ئەو عەمارەی کرد، کە لە جیاتی تەویلە دایان نابوو، ئاوڕێکی لە نوێنەرەکەی شارەوانی دایەوەو بە زمانێکی زبرو توندەوە گوتی:

– مراجەعەی کار بەدەستانی پەیوەندیدار بکەوە، تا دەرگایەکی دیکەشمان بۆ بکەنەوە. چونکە بە خۆت دەبینی کە دوو دەرگا بەشی سەدو بیست ئەسپ ناکات. هەرکە ئاژیر لێبدرێ، بەلای کەمەوە نیو سەعاتمان پێدەچێت تا ئەسپەکانمان بەرینە دەرەوە... ماقووڵ نییە! نازانم چۆن ئەم خاڵە ڕەچاو نەکراوە؟ ناچارم دەبێ سەرهەنگ، فەرماندەی کەتیبەکە ئاگادار بکەمەوە.

دوای ئەوەی لیستنتسکی دڵنیا کرایەوە کە هەر ئەمڕۆ، نەک دەرگایەک بەڵکو دوو دەرگا دەکرێتەوە، لیستنتسکی خوداحافیزی لە نوێنەرەکەی شارەوانی کردو سوپاسێکی وشکی کرد کە زەحمەتی لەگەڵدا کێشا بوون،هەندێ فەرمانی دەربارەی پاسداری‌و ئێشکگرتن داو چوو بۆ قاتی یەکەم کە بۆ سوکناو ئیسراحەتی ئەفسەرەکان تەرخان کرابوو. ئەوجا بە قاڵدرمەکانی پشتەوەدا سەرکەوت، بەدەم سەرکەوتنەوە، دوگمەی جلەکانی کردەوە، ئارەقەی ژێر قەراخی پێشەوەی کاسکێتەکەی سڕی. کە گەییە سەرەوە، فێنکییەکی خۆشی ژوورەکەی بەسەرا هات، جگە لە نەقیب ئاتارشچیکوف، کەسی دی لە ژووری ئەفسەرەکان نەبوو.

لیستنتسکی لێی پرسی:

– ئەدی ئەوانی دی لە کوێن؟

خۆی دا بەسەر یاتاخێکی عەسکەریی لە مشەماوە پێچراو، بە تەمەڵییەوە، بێئەوەی چەکمە خۆڵاویەکانی دابکەنێت، لاقەکانی لێکدی بڵاوکردنەوە.

– چوونە دەرێ، تا تەمەشای پترۆگراد بکەن.

– ئەدی تۆ بۆچی نەڕۆییشتی؟

– پێموایە، ئەوە نایەنێ، بە تایبەتی بەم ماندوویەتییە. خەریکی خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانەی، ئەم چەند ڕۆژەی ئەم دواییانەی ئەم شارە بووم. شتێکی خۆشە!

لیستنتسکی، بە بێدەنگی ڕاکشا بوو، کراسە ئارەقاویەکەی نیشتبووە سەر پشتی‌و هەستی بە فێنکییەکی خۆش دەکرد. ماندووی ڕێگا بوو، تاقەتی نەبوو، هەستێ‌و بڕوات خۆی بشوات. ئەنجام هەر چۆنێ بوو هەستا، موراسیلەکەی خۆی گازکرد. فانیلەو دەرپێی تازەی بردو چوو بۆ حەمام، ماوەیەکی زۆر لە حەمام مایەوە، پاشان هاتە دەرێ، بە خاولیەکی نەرمی کوڵکن کەوتە سڕینی سەرو ملە ئەستوورە تاوە گازەکەی‌و بە ئاتارشچیکوڤ گوت:

– فانیا بڕۆ خۆت بشۆ، لەشت سووك دەبێت. ڕۆژنامان چ دەڵێن؟

– ئا، ڕاستدەکەی، قسەی تۆیە، وەکو دەڵێن شتن ڕەنگ و ڕوو، ڕاستدەکەی پیاو هەست بە ئیسراحەت دەکات... ڕۆژنامان چ دەڵێن؟ باسی خۆپیشاندانی بەلشەویکان و کاردانەوەی حکومەت دەکات... هانێ بیخوێنەوە! .

لیستنتسکی، دوای خۆشتنەکە، وەخۆ هاتەوە، وەختێ ویستی دەست بداتە ڕۆژنامەکەو بکەوێتە خوێندنەوەی، بانگکرا بۆ لای فەرماندەی کەتیبەکە. بە بێمەیلی، جلێکی پاکی، کە بوونی سابوونی لێدەهات و لە کاتی سەفەرەکەیاندا چرچ و لۆچ بوو بوو، لەبەر کرد، شمشێرەکەی لە قەدی بەست و وەدەرکەوت. لە شەقامەکە پەڕییەوەو خۆی گەیاندە سەر شۆستەکەی بەرانبەر، ئاوڕێکی دایەوە تا تەمەشای ئەو ئەپارتمانە بکات کە سریەکەی تیا جێگیر بوو بوو. دیمەن و ڕووکاری دەرەوەی ئەپارتمانەکە، لە خانووەکانی دەوروبەری جیاواز نەبوو. بریتی بوو لە پێنج نهۆم و ڕووکاری دەرەوەی بە بەردێکی زبری خاکی پۆشرا بوو و کەوتبووە نێو ڕیزێك ئەپارتمانی هاو تزاری خۆیەوە. سیغارێکی پێکردو هێدی هێدی بەسەر شۆستەکەدا کەوتە ڕێ. ئاپۆڕایەکی یەجگار زۆر بە کلاوێن پووشی پیاوانەی ڕەنگاو ڕەنگ و کاسکێتەوە، بە کلاوی ژنانەی سادە بەلام شیکەوە، بەسەر شەقامەکەوە شەپۆلی دەدا. ناو بە ناو کاسکێتێکی سەربازی کەسکی دیموکراتانە دەردەکەوت و ون دەبوو، لە نێو شەپۆلە ڕەنگاو ڕەنگەکەدا نقوم دەبوو.

ناو بە ناو شنەبایەکی فێنك و خۆش لە دەریاوە دەهات و سەری دەکێشا بە بینا بەرزەکانداو بلاودەبووەوە. هەوران بە ئاسمانی شینی پۆلا ئاساوە بەرەو باشوور دەڕۆیین، قەراخی پەڵە هەورەکان گڕن گڕن بوو. گەرمایەکی نمسار کە مژدەی بارانی پێبوو، باڵی بەسەر شاردا کێشا بوو. بۆنی قیری گەرم و دووکەڵی بەنزینی سوتاوو دەریای نزیك و عەتری خۆشی ژنان و هەموو بۆن و بەرامەیەکی دیکەی شارانی گەورە، تێکەڵ بە هەواکە بوو بوو.

لیستنتسکی بەدەم جگەرەکێشانەوە، بەسەر شۆستەکەی دەستە ڕاستا، بە ئەسپایی ڕێی دەکردو ناو بە ناو ڕێبوارێك، بەرێزەوە سەرنجێکی دەدا. هەوەڵجار تا ڕادەیەك بە جلە چرچ و لۆچەکانی و، بە کاسکێتە پیسەکەی ناڕەحەت بوو، بەلام پاشان گەییە قەناعەت کە پیاوی شەڕگەو شەڕان نابێ شەرم لە جل و بەرگ و ڕواڵەتی خۆی بکات و لە ڕوو دابمێنێ، بە تایبەتی بۆ یەکێکی وەکو ئەو کە تازە لە قیتار دابەزیوە. چەرداخی دوکان و فرۆشگاو قاوەخانەکان، سێبەرێکی زەردی زەیتوونی خەواڵووی دەخستە سەر شۆستەکە. بایەکە لە چەرداخەکانی دەدا، پەردەی چەرداخەکان دەکەوتنە سەما، سێبەری سەر شۆستەکە، لە ژێر پێی ڕێبواراندا، دەشێوا.

شەقامی نیفسکی، هەرچەندە نیوەڕۆ بوو، لە خەڵکیدا جمەی دەهات. بەلام لیستنتسکی، هەر چەندە، بە هۆی شەڕەوە، لە شار دوور کەوتبووەوەو داب و نەریت و عادەتی شاری فەرامۆش کردبوو، بەلام ژاوە ژاوو هەراو زەنای خەڵکی وقاقای پێکەنین و دەنگی هۆڕنی ئوتومبیلان و بانگ و هاواری ڕۆژنامە فرۆشانی، زۆر پێخۆش بوو. کە چاوی بەم خەڵکە ئاسوودەو خۆشگوزەران و شیك پۆشانە ڕاهات، وایدەزانی یەکێکە لەوان و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئێوە، ئەی جەماوەری بازرگانانان و سەڕافان و کارمەندانی پایە جیاوازو موڵکداران و پیاو ماقوولان،

ئەمڕۆکە چەند ئاسوودەو خۆشحاڵن! چەند شادو دڵخۆشن! بەڵام سێ چوار رۆژ لەمە پێش هەستتان بەچی دەکرد، چیتان دەگوت؟ کاتێ کە گەجەرو گوجەران و سەربازان وەکو لافاوی ڕەش، ڕژابوونە ئەم شەقامەو کوچەو کۆڵانەکانی دیکەوە، هەستتان بەچی دەکرد، چ حاڵێکتان هەبوو؟ من بە دیتنی ئێوە هەم شادم و هەم شادنیم: نازانم بە شادمانی و خۆشگوزەرانی ئێوە شاد بم یان نا..."

هەوڵێدەدا، هۆیەك بۆ ئەم هەستە دوو فاقیەی خۆی بدۆزێتەوەو بچێتە بنج و بناوانی. ئەنجام گەییە ئەم قەناعەتەی کە شەڕو شەڕگەو کارەساتەکانی شەڕ کردویانەتە کارێك کە لەم جۆرە جەماوەرە، لەم هەموو ژن و پیاوە ئاسوودەو شادو خۆشحاڵە دابڕێت.

کە چاوی بە گەنجێکی قەڵەوی سمێڵ تاشراوی روومەت ئاڵ کەوت لە دڵی خۆیدا پرسی: "بۆ نموونە ئەم کوڕە، بۆچی لە بەرەی شەڕدا نییە؟ بێگومان کوڕی بابایەکی کارخانەدار یان بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەندە، بە هەر جۆرێ بووە خۆی لە خزمەتی عەسکەری دزیوەتەوەو هاواری دایکی نیشتمانی فەرامۆش کردووە! تۆ بڵێی لە بەرەی ناوخۆدا کاربکات؟ بەرەی ناوخۆی چی! نیشتمانی چی! بۆ خۆی وەکو دابەستە دەخوات و دەخەوێ و بە کەماڵی ئارەزوو، لە ژنان دەپەڕێ..."

ئەوجا لە خۆی پرسی: "باشە تۆ لە کام بەرەدای؟ لایەنگری چ لایەنێکی؟" بەدەم بزەیەکەوە بەرسڤی خۆی دایەوە: "ئەمەی بۆچیە، هەڵبەتە لەگەڵ ئەوانەدام! بەشێك لە من لە مانەدایە، من یەکێکم لەوان. من بەشێکم لە دنیای ئەوان... هاوچینی ئەوانەم، هەموو چاکی و خراپیەکی ئەوان، بە ڕێژەیەکی کەمتر یان زیاتر لە منیشدا هەیە. ڕەنگە لە باری بەدەنیەوە، کەمێك لەو بێچوە بەرازە قەڵەوە، لاوازتر بم، بەڵام لەو هوشیارترم، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە خۆم نەقڵ کرد بۆ بەرەی شەڕ، دەنا دەمتوانی لە بەرەی ناوخۆدا، لە بەرەی دواوە، بمێنمەوەو درێژە بە خزمەتی خۆم بدەم. هەر بۆیەش بەم زستانە ، بەم بەفرو سەهۆڵبەندانە، لە موگلیفدا، کاتێ کە تزاری لێخراوم بینی بە لێو بەباری و خەمباری بە خۆی و ئوتومبیلەکەیەوە لە بارەگای سەرکردایەتی سوپا وەدەرکەت و بێدەسەڵاتانەو بە شێوەیەکی لەوەسف نەهاتگ و دڵتەزێن دەستی نا ئومێدی نابووە سەر ئەژنۆی، بەزەییم بە حاڵیا هاتەوەو خۆم لە بەفرەکە وەرینا و وەکو منداڵ لە هۆڕژنی گریانم دا... گریام ئەمما گریان... نا، بە شەرەفم، من کەم و زۆر شۆڕشم قەبووڵ نیەو ناتوانم قەبووڵیشی بکەم. نە دڵم قەبووڵی دەکات و نە ئەقڵم دەیگرێت... ئامادەم ژیانم لە پێناوی رژێمی ڕابردوودا دانەم، ئەم کارە بێچەندو چوون، بێهیچ دوو دڵییەك، بێهیچ خۆنوێنیەك، وەکو هەر سەربازێکی سادە دەکەم. بەڵام ئاخۆ ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئامادەن ئەم کارە بکەن، زۆرن؟"

کاتێ کە بە ڕوونی زەدەرپەری ڕەنگینی ئەو ئێوارە درەنگ وەختەی ئەو رۆژەی مانگی شوبات و ماڵەکەی ستانداری موگیلفی بیرکەوتەوە، کە چۆن موحەجەرە ئاسنەکان، یەکپارچە شووشە سەهۆڵ بوون و چۆن بەفرەکەی ئەودیو موحەجەرەکان، تیشکی هەتاوی خۆر لە زەردەی، لە میانەی پەردەیەك هەڵمی سەهۆڵبەندانەوە عەکس دەکردەوە، دڵی گوشراو بە ئاشکرا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. لەوبەری کەنارە ڕك و نشێوەکانی دنیپەرەوە، ئاسمان بە جۆرەها ڕەنگێن

لازیـوەردی، سـوور، وەنەوشـەیی و سـووری زێـڕین خـۆی دەنوانـد، پرشـنگێن سـەر ئاسـۆ، هێنـدە ناسك بوون، چاو لە تەمەشایان دەهاتە گل. چەند کەسێك لە کەسایەتیانی سەکردایەتی گشتی، لە کارمەندان و سوپاییان لەبەر دەرگا وەستا بوون... ئوتومبیلێك هاتە دەرەوە، بە زەحمەت لەو دیـو پەنجـەرەی ئوتومبیلەکـەوە بـارۆن فـردریکس و تـزار، کـە شـانی دادابـووە سـەر دەسـکی کوشـنەکەی دواوە، دەبینـران و دەناسـرانەوە. دەموچـاوی لاوازی تـزار کـەوەیی دیـار بـوو. وەکـو قوزاقانی، گارد، کڵاوەفەروە ڕەشەکەی، هێنابووە سەر هەنیە ڕەنگ پەڕیوەکەی.

لیستنتسـکی، خـەریك بـوو، لـە ئاپۆڕای ئـەو خەڵکـە ڕەت دەبـوو، کـە بـە سەرسـامی لـە دواوە دەیانڕوانیە ئوتومبیلەکەی تزار، لە نێو قەرەباڵغیەکەوە، دەستی تزاری بینی کە تا قەراخ کڵاوە ڕەشەکەی، بە مەبەستی ئیکلامی سوپایی بەرزی کردەوە. گوێی لە دەنگی ئوتومبیلەکە بوو، بە چاوی خۆی بینی کە ئەو خەڵکە بە چ خامۆشییەکی بە سامەوە، دوا تزاری خۆیان بەڕێکرد...

بەکاوەخۆ، بە قاڵدرمەکانی ئەو خانووەدا سەرکەوت کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەتیبەکە تیایا جێگیر بوو بوو. گۆناکانی هێشتا دەلەرزین، چاوە ئاوساوە سوورەکانی تەژی ڕوندك بوون. لەبـەر قاڵدرمـەکانی نهـۆمی یەکەمـدا وەسـتا، دوو جگـەرەی، بانـەوبانی یـەك کێشـاو ئـەوجا عەینەکەکـەی پـاك کـردەوەو بـە هەشـتاو، هـەردوو پلـەی بـە هـەنگاوێك دەبـڕی، بـەرەو قـاتی دووەم هەڵگەڕا.

سەرهەنگ، نەخشەیەکی پتروگرادی بڵاوکردەوە، هەر هەموو ئەو دایـەرەو دەزگا حکومەتیانـەی نیشان دا کە دەبوایە سریەکەی لیستنتسکی پاسەوانی بکەن. هـەر هـەموو بیناکانی یـەك بـە یـەك دەسـت نیشـان کـردو بـە وردیو، بـە تێـرو تەسـەلی چـۆنیەتی دابەشـکردنی کـاتی پاسـەوانی پاسەوانەکان و کاتی گۆڕینیانی بۆ شەرح کرد. لە کۆتاییدا گوتی:

– لە کۆشکی زستانەدا، شوێنی کیرنسکی...

لیستنتسکی کە ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، لە بن لێوانەوە و بە دەنگێکی ئاشکرا گوتی:

– ناوی کیرنسکی لای من مەبە...

– یەڤگینی لیستنتسکی، پێویستە جڵەوی خۆت بگریت.

– جەنابی سەرهەنگ، تکات لێدەکەم...

– ئاخر عەزیزم....

– تکات لێدەکەم

– خۆت هێور بکەوە...

لیستنتسکی کە بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا پرسی:

– ئێستا دەورییەکان بنێرم بۆ کارخانەی پوتیلوف؟

سەرهەنگ، لێوی خۆی کرۆشت، بزەیەکی بۆ کرد، شانەکانی هەڵتەکاندن و بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، یەکسەر، بەپەلەو بێدواکەوتن، بە فەرماندەیی ئەفسەرێك.

لیستنتسکی، وەرچەرخاو وەدەرکەوت، زۆر پەست و خەمبار بوو، چ بیرەوەریەکانی خۆی و چ قسەکانی دەگەڵ سەرهەنگدا، بە جارێ دایان پلۆست بوو. لە نزیکی ئەو خانووەی کە کرابوو بە

بارەگای سریەکەی خۆی، تووشی گەشتییەکی (دەوریە) کەتیبەی چواری قۆزاقانی دۆن بوو کە بە ناو پترۆگرادا دەسوڕایەوە. کۆمەڵێك گوڵی چەرمسیو وشك بە دەمو لغاوی ئەسپی ئەفسەرەکەوە، بە شێوەیەکی خەمناك هاتبووە خوارەوە. ئەفسەرەکە، یەکێکی سمێڵ زەردی رووخۆش بوو. پیاوێکی پیر، بە جۆش و خرۆشەوە، لە شۆستەکە دەهاتە خوارێ، کڵاوەکەی خۆی هەڵبڕیو هاواری کرد:

– بژی فریاڕەسانی نیشتمان!

ئەفسەرەکە، لە رووی ئەدەبەوە، دەستی تا قەراخی کاسکێتەکەی خۆی بەرزکردەوەو ئیکلامی بۆ کێشا، گەشتییەکە بە رەوتە وەرێکەوتنو بە رێی خۆیاندا رۆییشتن. لیستنتسکی تەمەشایەکی روخساری بەجۆشو لێوێن تەڕو، بوینباخە رەنگاو رەنگە جوان بەستراوەکەی، ئەو پیاوەی کرد کە سڵاوی لە قۆزاقەکان کردبوو. ئەوسا برۆکانی ویکهێنانەوە و بەشانێن داچەکیوەوە، خۆی بە دەروازەی بارەگای سریەکەی خۆیدا کردو وەژوورکەوت.

"١١"

دانانی جەنەراڵ کورنیلوف، بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی سەرانسەری بەرەی باشووری رۆژئاوا، لەلایەن ئەفسەرانی کەتیبەی چواردەی قۆزاقەکانەوە، زۆر بە خۆشحاڵی و گەرمیەوە پێشوازی لێکرا. ئیدی زۆر بەرێزو حورمەتەوە باسیان دەکردو بە پیاوێکی ورە پۆڵاینیان دەژماردو بەو پیاوە بە توانایەیان دەزانی کە دەتوانێت وڵات لەو بن بەست و ئاژاوەیە دەرباز بکات کە لە سایەی حکومەتی کاتییەوە تووشی بووبوو.

لیستنتسکی، لە هەموو کەس پتر ئەم تەرفیعو بەرزبوونەوەیەی پێخۆش بوو. لە رێگای ئەفسەرانی سریەکەی خۆیەوە، بە تایبەتی ئەفسەرانی لە خۆی بچووکترو ئەو قۆزاقانەی کە لە نزیکەوە دەیناسین هەوڵیدەدا بزانێ کە قۆزاقەکان چۆن پێشوازی لەم دامەزراندنەی جەنەراڵ کورنیلوف دەکەن، بەڵام ئەو زانیاریانەی لەمبارەیەوە دەستی کەوتن، دڵخۆشکەرە نەبوون، چونکە قۆزاقەکان هیچیان نەدەگوت، یان وەڵامێکی لامسەرلایی ساردیان دەدایەوەو شتەکەیان لە کۆڵ خۆیان دەکردەوە:

– بۆ ئێمە هیچ فەرقێك ناکات.

– کەس نازانێ چتۆ پیاوێکە و بە نیازی چیە؟

– ئەگەر کارێکی وای کردبا، ئاشتی بەرپا ببێ، بێگومان ئەوسا...

– دڵنیابە، ئەم تەرفیعەی ئەو هیچی بۆ ئێمە لێشین نابێ...

دوای چەند رۆژێك، مقۆ مقۆ لە نێو ئەو ئەفسەرانەی، کە پەیوەندیو تەماسیان دەگەڵ هەندێ ئەنجوومەنو کۆڕێن سوپاییو مەدەنیدا هەبوو، بڵاوبووەوە کە کورنیلوف گوشاری خستووەتە سەر حکومەتی کاتیو داوای کردووە سزای ئیعدام لە بەرەکانی شەڕداو جێبەجێکردنی گەلێك لەو بڕیارانەی کە چارەنووسی تێکڕای سوپاو بردنەوەی شەڕی پێوە بەندە، وەکو خۆیان بمێننەوە. دەیانگوت کە کیرنسکی لە گورنیلوف دەترسێتو بێگومان هەوڵدەدات بە هەر

شێوەیەك بووە، لە پایەی فەرماندەیی گشتی بەرەی باشووری ڕۆژئاوا لایبدات و جەنەراڵێکی هەندێ گوێڕایەڵتر و نەرمتر لە جێی ئەو دابنێت. ناوی کۆمەڵێك جەنەراڵی بە ناوبانگی نێو ئەنجوومەنە سوپاییەکان، بۆ ئەو شوێن و پایەیە دەبرا.

بەڵام لە نۆزدەی تەمووزا، بڕیاری فەرمی دەوڵەت سەربارەت بە دامەزراندنی گورنیلوف بە فەرماندەی گشتی سوپا، هەمووانی غافڵگیرکرد. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو بڕیارە، نەقیب ئاتارشچیکوف، کە دۆست و بناژۆی زۆری دەنێو لیژنەی باڵای یەکێتیی ئەفسەراندا هەبوو،و بە گوێرەی سەرچاوەێن باوەڕپێکراو، پێی ڕاگەیاندن کە کورنیلوف، لە ڕاپۆرەکەیدا بۆ حکومەتی کاتی، جەختی لەسەر زەرورەتی جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە کردووە: دامەزراندنی دادگاێن سوپایی لە سەرانسەری وڵاتا، کە حوکمی بەسەر سەربازانی پشت شەڕگەو تەنانەت خەڵکی سڤیلیشدا بڕوات، دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کە قەراری ئیعدام دەربکات. گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ گەورە ئەفسەران، سنووردانان بۆ چالاکی کۆمیتەێن سەربازی لە ناو یەکە سەربازیەکاندا...

لیستنتسکی، عەسری هەمان ڕۆژ، گفتوگۆی دەگەڵ ئەفسەرانی سریەکەی خۆیداو سریەکانی دیدا کردو ڕاستەوخۆ ئەم پرسیارەی لێکردن: بە نیازن تەرەفداری و هاوکاری دەگەڵ کام لایەندا بکەن؟ لیستنتسکی بە هەڵچوونێکی پەنهانەوە گوتی:

– ئەفسەرانی بەڕێز! ئێمە وەکو یەك ماڵبات و خانەوادەین، هەموو یەکتر باش دەناسین. بەڵام هێشتا زۆر مەسەلەی گرینگ هەن کە یەك لاییمان نەکردووەتەوە. ئێستاش کە بەچاوی خۆمان دڕدۆنگی نێوان سەرکردایەتی گشتی سوپاو حکومەت دەبینین و پێکادانیان لە ئان و ساتدایە، دەبێ بە ئاشکرا خۆمان ساغبکەینەوە کە: لەگەڵ کێ و لایەنگری کێین؟ جا با دۆستانەو بێئەوەی هیچ شتێك لێکدی بشارینەوە، لەمبارەیەوە گفتوگۆ و گەنگەشە بکەین.

نەقیب ئاتارشچیکوف، یەکەمین کەس بەرسڤی دایەوە:

– من ئامادەم خوێنی خۆم و خوێنی خەڵکانی دیش لە پێناوی جەنەراڵ کورنیلوفدا بڕێژم. پیاوێکە تا حەزکەی دڵسۆز، لە پەڕەی گوڵ پاکترە، تاقە کەسێکە کە دەتوانێ ڕووسیا بخاتەوە سەر سکە. کارەکانی لە سوپادا باشترین بەڵگەن، کە دەبینن گەورە ئەفسەرانی سوپا، تا ڕادەیەك دەستیان دەڕوات، هەمووی بە هۆی ئەوەوەیە. پێشتر کۆمیتەو کۆمەڵەکان دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو، ئاژاوەیەکی سەیر سوپای گرتبووەوە، سازش دەگەڵ دژمنا دەکرا، هەر سەرباز بوو و لە شەڕگە هەڵدەهات. ئیدی چەندو چوونی ناوێ، هەموو خەڵکێکی بەڕێز تەرەفدای لە کورنیلوف دەکەن.

ئاتارشچیکوف، زۆر بە جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕییەوە قسانی دەکرد. ئاتارشچیکوف، لاقەکانی باریك، بەڵام سینگ و شانی زۆر پان بوون، دەگەڵ لاقە باریکەکانیا نەدەگونجان. دیار بوو ئەم مەسەلەیەی زۆر لەلا مەبەست بوو. دوای ئەوەی لە قسەکانی بووەوە، نیگایەکی ئەو ئەفسەرانەی کرد کە لە دەوری مێزەکە خڕبوو بوونەوە، جگەرەیەکی دەرهێناو، یەك دوو جار کێشای بە پشتی قوتووەکەیداو وای دەرخست کە چاوەڕوانی وەڵامە . لوویەکی چکۆڵەی قاوەیی

بەسەر پێڵوی خوارەوەی چاوی ڕاستیەوە بوو کە نەیدەهێشت پێڵوی سەرەوەی چاوی بە تەواوەتی بنوقێنێت. یەکێك هەوەڵجار دیتبای وایدەزانی گاڵتەو تەوس بە بەرانبەرەکەی دەکات.

– ئەگەر قەرار بێ لە نێوان بەلشەویکەکان و کیرنسکی و کورنیلوفدا یەکێکیان هەڵبـژێرین، بێگومان کورنیلوف هەڵدەبژێرین.

– پیاو نازانێ کورنیلوف بە تەمای چیە، چی لە خەیاڵدایە:ئایا هەر ئەوەی نیازە کە نەزم و نیزام و ئارامی لە رووسیادا بەر قەرار بکاتەوە یان بە تەمای گەڕاندنەوەی شتێکی دیکەیە...

– ئەمە وەڵامی پرسیارە گرینگەکە نییە! لە چ دەترسن، گەڕاندنەوەی رژێمی پاشایەتیە؟

– بۆچی وەڵام نییە، وەڵامە.

– ئەگەر وەڵامیش بێ، وەڵامێکی دبلوماتانەیە.

– جەنابی ملازم، تۆ لە چی دەترسیت؟ لەوەی کە رژێمی پاشایەتی دووبارە بێتەوە سەر حوکم؟

– من لەمە ناترسم، بە پێچەوانەوە، خوازیاری ئەمەم.

– کەوابێ، ئەم گەنگەشەو گفتوگۆیەی بۆ چیە؟

دولگوف، کە لەبەر خۆشخزمەتی لە شەڕگەدا، تازە لە ڕەیس عورەفاییەوە، بەرز بوو بووەوە بۆ نایب زابتی، لە دوای هەمووانەوە هاتە قسان و بە دەنگی بەرزو بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– بەرێزینە ئەم گەنگەشەو قەرەقەشەیەی بۆ چییە؟ با بە ئاشکرا ڕاستەوخۆ بە خۆ بڵێین ئێمەی قۆزاق هەقە وەکو چۆن منداڵ خۆی بە داوێنی دایکیەوە دەگرێت، بەو ئاوایە خۆمان بە جەنەراڵ کورنیلوفەوە هەڵواسین، با بە ڕاشکاوی، بێهیچ پێچ و پەنایەك ئەمە بڵێین! ئەگەر لەو دابڕێین، ئیدی کارمان دەکرێت و لێدەبینەوە. ڕووسیا وەکو چۆن شیاکە ڕادەماڵدرێ، بەو ئاوایە ڕاماندەماڵێت. شتەکە ڕوونە: بۆ هەر شوێنێ بڕوات، دوای دەکەوین و بڕایەوە.

ئاتارشچیکوف، بە جۆش و خرۆشەوە، بە نەوازشەوە دەستێکی دا بەشانی دولگوف داو گوتی:

– دەمخۆش، ئەمە جەوهەری مەسەلەکەیە! ئەوجا چاوە خەندانەکانی بڕینە لیستنتسکی، کە بە پێکەنین و هەڵچوونەوە، چرچ و لۆچی پانتۆڵەکەی ساف دەکردەوە. ئاتارشچیکوف دەنگی لێهەڵبڕی و گوتی:

– جا ئێستا ئەفسەرانی بەرێز! ئەتامانی بەرێز! ئێمە لەگەڵ کورنیلوفداین یان نا؟

– هەڵبەتە، لەگەڵیداین.

– دولگوف، گرێ کوێرەکەی کردەوە.

– هەموو ئەفسەرەکان لەگەڵیان.

– ئێمە هەموو شانازی بە لاڤر گیورکیوفیچ کورنیلوڤ ئازیزمانەوە دەکەین، هەر سەرفرازو پایەدار بێ!

ئەفسەرەکان، بەدەم پێکەنینەوە پەرداخەکانیان دا بەیەکداو کەوتنە چا خواردنەوە، ئەو نیگەرانیو دوودڵییەی باڵی بەسەرا کێشابوون ڕەویەوە. ئیدی قسەو باس هاتە سەر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژانەی دوایی.

دولگوف، بە دوودڵییەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئێمە هەموو تەرەفداری جەنەراڵین، بەڵام قۆزاقەکان دوودڵن...

لیستنتسکی پرسی:

– لە چ ڕوویەکەوە دوودڵن؟

– دوودڵنو تەواو... ئەم بەرازانە دەیانەوێ بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان، بۆ لای ژنەکانیان... لەم ژیانە سەختو دژوارە بێزار بوون...

ملازم چرنوکوتف، مستێکی کێشا بە مێزەکەداو گوتی:

– ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە قۆزاقەکان بەلای خۆمانا ڕاکێشین. ئەمە ئەرکی بنەڕەتی ئێمەی ئەفسەرە! خۆ بە خۆڕایی ئەم ئەستێرانەمان نەخراوەتە سەرشان!

– دەبێ زۆر بە شێنەیی قۆزاقەکان تێبگەیەنرێن کە قازانجیان لە تەرەفداری کێدایە.

لیستنتسکی، بە کەچکە چکۆلەکە، یەکێکی کێشا بە کووپەکەی خۆیدا، پاش ئەوەی سەرنجی هەموویانی ڕاکێشا، بە کاوەخۆ کەوتە قسانو گوتی:

– بەڕێزینە، تکام وایە ئەوەتان لە بیر بێ کە کاری ئێستای ئێوە، ئەمەیە، وەکو ئاتارشچیکوف گوتی: کە حەقیقەتی بارودۆخەکەی ئێستا، بۆ قۆزاقەکان ڕوونبکەنەوە. دەبێ لە ژێر کاریگەری و باندۆری کۆمیتەکان دەریان بێنین، ئەمەش بەوە دەبێ کە تەبیعەتو عادەتی خۆمان بگۆڕین، بە ڕادەیەکی زۆر بیگۆڕین، بەو ڕادەیەی کە زۆربەمان دوای ڕاپەڕینەکەی شوبات، هەستمان بە زەرورەتی گۆڕینی دەکرد. جاران، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩١٦دا، من دەمتوانی قۆزاقێك دارکاری بکەمو، تەنیا مەترسی ئەم کارە ئەوە بوو کە لە مەیدانی شەڕا، لە پشتەوە بمکوژن. بەڵام لە ڕاپەڕینو شۆڕشی شوبات بە دواوە، مەسەلەکە گۆڕا، دەبوو بە شێوەیەکی دی هەڵسو کەوتیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئەگەر ڕیسکم بکردایەو لە گەوجێکم بدایە، یەکسەر، هەر لەوێ و لە هەمان سەنگەردا، بێئەوەی چاوەڕوانی دەرفەتی لە باربکەن، دەیانکوشتمەوە. ئێستاش بارودۆخەکە، ڕەوشەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە، پێویستە لەسەرمان (لیستنتسکی تاکیدی لە قسەکەی خۆی دەکردەوە) برایانە ڕەفتار لەگەڵ قۆزاقەکاندا بکەین، چونکە هەموو شتەکان بەندە بەمەوە. ئاگادارن کە حاڵی حازر، لە هەردوو کەتیبەی یەکەمو چوارەمدا چ باسە؟ چ شتێك لە ئارادایە؟

– بە ڕاستی وەزعێکی ترسناك لە ئارادایە!

لیستنتسکی، لەسەری ڕۆیی:

– دەقاو دەق وایە... وەزعێکی ترسناکە. دەزانی بۆچی وایە، چونکە ئەفسەرەکانیان بە هەمان نەفەسی جارانیانەوە لێیان خوڕیوە. ئەو لەمپەرەی نێوان خۆیان و قۆزاقەکانیان نەڕوخاند، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە قۆزاقەکان، تێکڕا، کەوتنە ژێر کاریگەری

بەلشەویکەکان، نزیکەی سەدی نەوەدیان بوون بە بەلشەویك، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە ناتوانین ڕێگە لە بویەرێن ترسناك و چاوەنۆڕنەکراو بگرین... خۆپیشاندانەکانی ڕۆژانی سیّ و پێنجی تەمووز*( بریتی بوو لە زنجیرە خۆپیشاندێکی جەماوەری چەکدارانە، کە لەلایەن کرێکاران و سەربازان و دەریاوانانەوە، لە پترۆگرادا ئەنجام دران)، خۆی لە خۆیدا ئینزارێکی جدی بوو بۆ ئەوانەی خۆ لە گێلی دەدەن... ئیدی هیچ چارێك نییە یان دەبیّ لەگەڵ کورنیلوفدا بین و شەڕی سەربازانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بکەین، یان ڕێگە بدەین بەلشەویکەکان کە خەریکە نەفەس تازە دەکەنەوەو، هێزی خۆ خڕدەکەنەوە ،شۆڕشێکی تازە بەرپا بکەن. ئێمەش لە گوێی گادا نووستووین.. ئاخر ئەمە چۆن وا دەبیّ؟ ماقوولە ڕێگەی شتی وا بدرێت؟ ئێمە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ڕاپەرینانی ئاینده پێویستمان بە قۆزاقانی دڵسۆز هەیە، دەتوانن دەورێکی یەجگار گرینگ لە دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینانەدا بگێڕن کە لەگینە بەرپابن.

دولگوف ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئێمە بەبیّ خەڵکی، بەبیّ قۆزاق، سفری پاش فاریزەین. ناکەینە هیچ.

– ڕاستە، لیستنتسکی.

– نەك هەر ڕاستە، بەڵکو زۆریش ڕاستە.

– ڕووسیا، پێی بە لێوار قەبرەوەیە.

– پێتوایە ئێمە ئەمە نازانین؟ با، دەیزانین، بەڵام لە سەردەمێکاین کە ناتوانین هیچ شتێك بکەین. مەڕسوومی ژمارە یەك و* پراڤدای سەنگەر**، تۆوی خۆ دادەچێنن و ڕیشە دادەکوتن.

(*بەپێی مەرسوومی ژمارە یەك کە لە ۱۹۱۷/۳/۱دا لەلایەن کۆمیتەی تەنفیزی سۆڤیەتی پترۆگرادەوە دەرچوو، ڕێگە بە هەندیّ کۆمیتەی سیاسی لە ناو یەکە سوپاییەکاندا درا، کە ئیش و کاریان بریتی بوو، لە چاودێری کاروکردەوەی ئەفسەرەکانی ڕووسیای تزاری.)

(** پراڤداری سەنگەر، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بەلشەڤی بوو لە ساڵی ۱۹۱۷دا دامەزرا، و دەورێکی یەکجار گرینگی لە بڵاوکردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕیدا، لە ڕیزی سەربازاندا بینی).

ئاتارشچیکوف، هاواری کرد:

– ئێمەش لەجیاتی ئەوەی پایەماڵی بکەین و بیستووتێنین، بەدڵبەندیەوە تەمەشای چرۆکانی دەکەین!

– نا، بەدڵبەندیەوە تەمەشای ناکەین، بەڵام لە ڕادەبەدەر بێتواناو بێدەسەڵاتین!

– نا، جەنابی ملازم، تۆ درۆ دەکەیت، ئێمە کەمتەرخەمین!

– وانیە.

– بیسەلمێنە.

– بەڕێزینە، تۆزیّ هێدی تر!

– بارەگای ڕۆژنامەی پراڤدا تەواو، تالأن کرا... کیرنسکی تازە خەبەری بووەتەوە.

– ئەم چەلەحانێیە چیە؟ هەڕاجە بازاڕتان دروست کردووە. بەم شێوەیە ناگەینە هیچ ئەنجامێك!

ژاوە ژاوو هەراو هەنگامە بێماناکە بەرە بەرە هێور بووەوە. یەکێك لە ئامر سریەکان کە زۆر بە دیقەت گوێی لە لیستننتسکی دەگرت، بە کاوەخۆ گوتی:

– من پێشنیازدەکەم رێگە بە نەقیب لیستننتسکی بدرێت کە قسەو بۆچوونەکانی خۆی تەواو بکات.

– دەی باشە، قاییلین، بەردەوام بە.

لیستننتسکی، بەدەم شێلانی ئەژنۆ ڕەقەکانیەوە، سەر لە نوێ دەستی بە قسان کردەوە:

– من دەڵێم ئەوساکە. واتا لە شەڕەکانی داهاتوودا، مەبەست شەڕی ناوخۆیە ( کە ئێستا بە تەواوەتی بۆم دەرکەوتووە، ئەو شەڕە بمانەوێ و نەمانەوێ دەقەومێ) پێویستمان بە قۆزاقانی دڵسۆز دەبێت. بۆیە لەسەرمانە قۆزاقەکان، لە باندۆرو کاریگەری ئەو کۆمیتانە دوور بخەینەوە، کە بە خۆیان لە مەداری بەلشەویکەکاندا دەسوڕێنەوە. ئەمە کارێکی یەجگار پێویستە! پێویستە ئەوەتان لە بیربێ، کە ئەگەر کەمترین ئاژاوەو فەرتەنەی دیکە ڕووبدات ئەفسەرانی هەردوو کەتیبەی یەك و چوار بە دەستی قۆزاقەکانی خۆیان دەکوژرێن...

– دروستە، دەست ناپارێزن.

– ... ئێمە دەبێ سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین، دەبێ عیبرەت لە ئەزموونی تاڵی ئەوانەوە وەربگرین. پێویستە نیواو نیوی قۆزاقانی هەردوو کەتیبەی ناوبراو ئیعدام بکرێن. ئەوانە فریان بە قۆزاقەوە نەماوە، ناکرێ بەوانە بگوترێ قۆزاق... ڕەنگە بتوانم بڵێم پێویستە هەر هەموویان ئیعدام بکرێن. چاری گیاکەڵە تەنیا ڕیشەکەن کردن و بژارە. لەسەرمانە قۆزاقەکانمان لە هەڵە بپارێزین، لە هەڵەیەك کە ڕەنگە لە ئایندەدا ژیانی خۆیانی لە قەبەڵ بدەن.

لە دوای لیستننتسکی، ئەو فەرماندەی سریەیەی کە بەدڵ و گیان گوێی بۆ قسەکانی لیستننتسکی شل کردبوو، هاتە قسان. ئەم ئەفسەرە پیاوێکی پیر بوو، نۆ دانە ساڵ لە کەتیبەی ناڤبری دا خزمەتی کردبوو، چوار جار لە شەڕا برینداربوو بوو، باسی ئەوەی کرد کە کاتی خۆی، بەر لە شەڕ، خزمەتکردن لە کەتیبەێن قۆزاقیدا چەند دژوار و زەحمەت بووە. ئەفسەرانی قۆزاقیان لە پۆستی بێبایەخدا دادەنان، ژیانیان لێزەحمەت دەکردن، تەرفیعیان زۆر دوا دەخست، بە دەگمەن لە پلەی سەرهەنگی دووەم هێوەتر دەڕۆییشتن. بە بۆچوونی ئەو، ئەمە، کردیە کارێك فەرماندەێن قۆزاقان لە کاتی کەوتنی تزارا، لە جێی خۆ نەجوڵێن و هەڵوێستێکی ئەرێنیان نەبێت، بەڵام وێڕای ئەمەش ڕای وابوو، پێویستە بە هەر نرخێ بووە تەرەفداری لە کورنیلوف بکرێت و لە رێگەی یەکێتیی ئەفسەرانەوە، پەیوەندی نزیکی دەگەڵدا بگیرێت. لە کۆتایی قسەکانیا گوتی:

– با کورنیلوف دکتاتۆریش بێ! ڕزگاری قۆزاقان لەودایە. ڕەنگە وەزعمان لەگەڵ ئەمدا باشتر بێ تا لەگەڵ تزاردا.

شەوگار درەنگ بوو، زۆر لە نیوە تێپەڕی بوو. تەنکە هەورێکی سپی بەری ئاسمانی گرتبوو و شەوێکی سپیواژ باڵی بەسەر شاردا کێشابوو. لە پەنجەرەکانەوە، ترۆپکی بورجی بیناکەی وەزارەتی دەریاوانی دیار بوو کە لە ناوەندی دەریایەك ڕوناکی زەردەوە دەبریسکایەوە.

ئەفسەرەکان تاکو بەرەبەیان هەر خەریکی گەنگەشەو گفتوگۆ بوون. بڕیاریان دا هەفتەی سێ جار کۆبوونەوە بە قۆزاقەکان بکەن و باسی بابەت و پرسێن سیاسیان بۆ بکەن. داوا لە فەرماندەی فەسیلەکان کرا کە ڕۆژانە قۆزاقەکانی خۆیان بە وەرزش و خوێندنەوەوە خەریك بکەن، تا قۆزاقەکان هەم لە دەست بەتاڵی و هەم لە هاماج و کەش و هەوای سیاسی ورەڕوخێن، دوور بخەنەوە.

بەر لەوەی بلاوەی لێبکەن سروودی "دۆنی ئەرتەدۆکسی ئارام، بێدار دەبێتەوە، ڕادەبێ." یان گوت و دەیەمین سەماوەری چایان تەواو کردو ئەفسەرەکان بە تەنزەوە، کووپە چایەکانیان لە یەکدی دەداو هاواریان دەکرد چریۆ. پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەیان بێنن، ئاتارشچیکوف، پاش ئەوەی یەك دوو پسکە پسکی دەگەڵ دولگوفدا کرد، هاواری کرد:

– جا ئێستاش، لەجیاتی شەوچەرە، دەعوەتی گۆرانیەکی فولکلۆری قۆزاقیتان دەکەین، تکایە کەمێك بێدەنگ بن! پەنجەرەکەش بکەنەوە، چ چەرە دووکەڵێکە.

لە سەرەتاوە، دوو دەنگ، دەنگی گڕو کەرخی دولگوف و دەنگی زۆر دڵگیرو خۆشی ئاتارشچیکوف، بەر یەك کەوتن و تێکەڵاو بوون. لە هەوەڵەوە هەندێ دوو دڵ بوون، هەریەکەیان بە ئاوازی تایبەتی خۆی گۆرانیەکەی دەگوت، بەڵام پاشان زۆر بە جوانی تێکەڵ بوون و مۆسیقایەکیان هێنایە ئاراوە کە لە جوانیا دەگمەن بوو:

"... بەڵام بابی ئێمە، دۆن، دۆنی ئارام، سەرفرازە،
چونکە جارێ لە جاران سەری بۆ گاوران (موسوڵمانان) شۆڕ نەکردووە
پرسی بە مۆسکۆ نەکردووە کە ڕێگای ژیان چۆنە
سەبارەت بە تورکان، هەمیشە بە شمشێر
پێشوازی کردوون،
ساڵ بە ساڵ، سەرزەمینی دۆن، دۆنی دایکی ئێمە
لە ڕای دایکی داوێنپاکی مەسیح، لە پێناوی ئاینی
ئەرتەدۆکسی ئێمەدا،
لە پێناوی ئازادی دۆنی سەر بەرزا
بۆ جەنگی دژمنانی ،گازمان دەکات..."

ئاتارشچیکوف، ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو، لە یەکبینە گۆرانیەکی دەگوت و گرێی نەدەهێنایە بەر. سیمای زۆر جدی بوو، لیستنتسکی تەمەشای دەکرد، بینی لە کۆتایی گۆرانیەکەدا، فرمێسکێکی گەش، بەسەر لوە قاوەییەکەی سەر پێڵوی چاویا داخزی و بە ڕوومەتیا هاتە خوارەوە.

پاش ئەوەی ئەفسەرانی فەرماندەی سریەکان بڵاوەیان لێکردو ڕۆییشتن و ئەوانەی کە لەو بینایەشدا بوون چوون بۆ خەوتن، ئاتارشچیکوف هات و لە قەراخ قەرەوێڵە سەفەرییەکەی لیستننتسکی دانیشت، لە کاتێکا یاری بە شەیالەی پانتۆڵە نیلییە کاڵەوە بووەکەی دەکرد، لە بن لێوانەوە گوتی:

– یەڤگینی، دەزانی من ئاشقی دۆنم، شێت و شەیدای دۆنم، ژیانی قۆزاقیانەی ڕەسەنم لە کانگای دڵەوە خۆشدەوێ، من خێڵی قۆزاقیانم خۆشدەوێ، ژنە قۆزاقیانم خۆشدەوێ. هەر هەموو ئەم شتانەم خوشدەوێ! کە بۆنی گیای پێدەشتی دۆنم بەسەرا دێت، گریان دەمگرێ، هەستدەکەم پێویستم بە گریانە... کاتێ کە گوڵە بەڕۆژە گوڵ دەکات و کاتێ دنیا پڕ دەبێت لە بۆنی مێوو ڕەزی باران چەشتە... خەریکم بۆ هەر هەموو ئەمانە پەڕوباڵ دەگرم، شێت و شەیدا دەبم... هەڵبەتە تۆ لە مەبەستم دەگەیت... بەڵام من لە خۆم دەپرسم: ئایا ئێمە قۆزاقەکان فریو نادەین؟ ئایا بە ڕاستی گەرەکمانە واداریان بکەین کە ئەم ڕێگایە بگرنە بەر؟

لیستننتسکی، لە قسەکانی ئەو ورد بووەوەو پرسی:

– مەبەستت چیە، دەتەوێ چ بڵێی؟

گەردنی تاوەسووتی ئاتارشچیکوف، لە ملیوانی کراسە سپیەکەیەوە زۆر گەنجانەو جوان جیلوەی دەکرد. پێڵوە ئامال شینەکەی بە قورسی هاتبووەوە سەر زیادە گۆشتەکەی(لو) سەر پێڵوی خوارەوەی.

لیستننتسکی، لەلاوە، پرشنگی نمساری چاوە نیوە نوقاوەکەی دەبینی.

– من لەخۆم دەپرسم، ئایا قۆزاقەکان پێویستیان بەمەیە؟

– ئەدی پێویستیان بە چیە؟

– نازانم،... بەڵام بۆچی بەمجۆرەو خۆ بە خۆ لێمان دەڕەونەوەو دووردەکەونەوە؟ لەوە دەچێ شۆڕش لێکدی جیاکردبینەوە، عەینی مەڕو بزن. وەکو ئەوەی بەرژەوەندیمان جیا بێت.

لیستننتسکی بە پارێزەوە دەستی بە قسان کرد:

– نا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی جیهانبینی ئێمەو ئەوان، بۆ جیاوازی خوێندنەوەمان بۆ ڕووداوەکان. ئێمە هوشیارتر و خوێنەوارترین و دەتوانین ڕووداوو واریقاتەکان لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە هەڵبسەنگێنین. بەڵام لای ئەوان هەموو شتێك سادەو سەرەتاییە. بەلشەویکەکان بەردەوام بە گوێیاندا دەخوێنن کە پێویستە شەڕ تەواو بێت یان بگۆڕدرێت بۆ شەڕی ناوخۆ، ئیدی قۆزاقەکانمان لێهاندەدەن، جا چونکە قۆزاقەکان ماندوون، چونکە کەڵکەڵە حەیوانیەکەیان زیاترەو چونکە ئەو هەستی بەرپرسیاریەتیەی لای ئێمە بەرانبەر بە نیشتمان هەیە، لای ئەوان نیە، بۆیە ئاساییە ئەم پروپاگەندانە بە ئاسانی کاریان تێبکات. نیشتمان لای ئەوان و بۆ ئەوان دەکاتە چی؟ لە باشترین حاڵەتیدا دەکاتە زاراوەیەکی ڕووت، لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: "دەڤەری دۆن لە بەرەی شەڕەوە دوورەو ئەڵمانەکان نایگەنێ!" ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە. خاڵە لاوازەکە لێرەدا پەنهانە. دەبێ تێبگەیەنرێن کە گۆڕینی ئەم شەڕە بۆ شەڕی ناوخۆ چ ئەنجام و ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە...

لیستنتسکی لە دڵی خۆیدا هەستی دەکرد کە قسەکانی ئامانج ناپێکن و ئاتارشچیکوف خەریکە دەچێتە قاوغەکەی خۆیەوە. کە لە قسەکانی بووەوە، ئاتارشچیکوف، چەند ورتە ورتێکی لەبەر خۆوە کردو ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو. لیستنتسکی بێهودە هەوڵیدەدا، هزرو بیرکردنەوەی هاوڕێکەی بخوێنێتەوە. پەشیمان بوو لەوەی کە نەی هێشتبوو قسەکانی تەواو بکات، بۆیە لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبوایە ڕێگەم دابا، بیروبۆچوونەکانی خۆی بە تەواوەتی دەرببڕێت."

ئاتارشچیکوف، شەوباشی لێکردو بێئەوەی تاقە وشەیەکی دی بڵێت ڕۆیی بۆ سەر جێگاکەی تا بخەوێت. ویستبووی گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە بکات، سوچێکی پەردەی نهێنییەکانی هەڵدا بووەوە، ئەو پەردەیەی هەموو کەس خۆی پیێ لە کەسانی دی پەنهان دەکات، بەڵام زوو ئەو سوچەشی دادابووەوە.

لیستنتسکی، ڕاکشا، زۆر پەست و تووڕە بوو، لە خۆی، لەوەی کە نەیتوانی بوو پەی بە ڕازی بۆچوون و بیرکردنەوەی هاوڕێکەی بەرێت، هۆی نیگەرانیەکەی بزانێت. سیگارێکی پێکردو بۆ ماوەیەك چاوی بڕییە تاریکیە کەوەیی و مەخمەل ئاساکە. لە ناکاوا ئەکسینیای بیرکەوتەوە کە چەند بە خۆشی ڕۆژانی مادوونیەکەی دەگەڵدا ڕابوارد بوو. بە دەم ئەم یادگارەو بیرەوەری هەموو ئەو ژنانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەگەڵیان ڕایبوارد بوو، خاو بووەوەو، خەوی لێکەوت.

"١٢"

لیستنتسکی، لە کەتیبەکەی خۆیدا قۆزاقێکی هەبوو بە ناوی ئیڤان لاگوتین کە خەڵکی دەڤەری بوکانوفسکایا بوو. ئەم لاگوتینە لە یەکەمین هەڵبژاردندا، بە ئەندامی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕی کەتیبەکە هەڵبژاێردرا بوو. تا هاتنی کەتیبەکە بۆ پترۆگرادیش، هیچ شتێکی پێوە دیار نەبوو. بەڵام لە ئاخرو ئۆخری مانگی تەممووزدا، ئەفسەری فەسیلەکەی، بە یەڤگینی ڕاگەیاندبوو کە لاگوتین هاتوچۆی بنکەی سوپایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان دەکات و گومانی تیا نیە پەیوەندی نزیکی بە ئەنجوومەنەوە (سۆڤیەت) هەیە، چونکە زۆر جار دەبینرێ کە قسە بۆ سەربازانی فەسیلەکەی خۆی دەکات و بە ڕاستی کاریگەریەکی خراپی بەسەریانەوە هەیە. لە کەتیبەکەدا دووجار ڕێکەوتبوو کە قۆزاقان ملیان بۆ ئێشك گرتن یان چوونە دەوریە نەدابوو و ئەفسەری فەسیلەکە ئەم دوو ڕووداوەی بە فیت و هاندانی لاگوتین دەزانی.

لیستنتسکی، لێبڕا کە ئەم پیاوە لە نزیکەوە بناسێت و بزانێت چی لە هەگبەدایە. بانگکردنی ئەم کابرایەو قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵیا، کارێکی ئاقلانە نەبوو، بۆیە لێبڕا جاریێ سەبربکات. ئەوە بوو زۆر زوو دەرفەت هەڵکەوت. دوای چەند شەوێك، لە کۆتایی مانگی تەممووزدا نۆرە هاتە سەر فەسیلەکەی لاگوتین کە بە دەوریە دەربچێت و ئێشکی کوچەو کۆڵانەکانی دەوروبەری کارخانەی پوتیلوف بگرێت.

لیستنتسکی بە ئەفسەری فەسیلەکەی گوت:

– من ئەمجارە لەگەڵ قۆزاقەکاندا دەڕۆم. بڵێ ئەسپە ڕەشەکەم بۆ زینبکەن.

لیستننتسکی دوو ئەسپی هەبوو، یەکێکیان، خۆی گوتەنی "بۆ کاتی تەنگانە" دانا بوو. بە یارمەتی موراسیلەکەی، جلەکانی لەبەرکردو چوو بۆ حەوشە. قۆزاقانی فەسیڵەکە سواری ئەسەکانیان بوو بوون. قۆزاقەکان بە نێو تاریکیەکی تەمو مژاویدا، کە لێرەو لەوێ ڕوناکی چرایەك بەدیار دەکەوت، چەند جادەو شەقامێکیان بڕی. لیستننتسکی بە ئانقەست خۆی لە فەسیڵەکە دواخست و هەنگێ لاگوتینی گازکرد. لاگوتین، سەری ئەسپەکەی خۆی وەرگێڕاو چوو بۆ لای نەقیب لیستننتسکی و بە گۆشەی چاو، نیگایەکی پرسیار ئامێزی کرد. لیستننتسکی پرسی:

– دوا دەنگوباسی ناو کۆمیتەکەتان چیە؟

– هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە.

– لاگوتین، تۆ خەڵکی چ ستانێکی (پارێزگا)؟

– من خەڵکی ستانی بۆکانوفسکایام.

– کام گوند؟

– میتیاکین.

ئەسپەکانیان، شان بە شانی یەکدی دەڕۆییشتن. لیستننتسکی لەبەر ڕۆشنایی فانۆسانی شەقامەکە، بە گۆشەی چاو دەیڕوانیە سیمای ڕیشنی لاگوتین. چەپێك لە قژە خاوەکەی لە ژێر کاسکێتەکەیەوە هاتبووە دەرێ، ردێنێکی کورتی لوول، وەکو کندردڕك ڕووی داپۆشی بوو، چاوە زیتەکانی کە جۆرە حیلەگەرییەکیان پێوە دیار بوو، لە ژێر برۆ کەوانیەکانیاو لە قووڵیدا خۆیان مەڵاس دابوو.

لیستننتسکی لە دڵی خۆیدا گوتی: "بە ڕواڵەت کەسێکی سادەو ساکارە. بەڵام چ شتێکی لە دڵدایە، چی لە مێشکایە؟ بێگومان ڕقی لە منە، ڕقی لە هەموو شتێکە کە پەیوەندی بە ڕژێمی کۆنەوە هەبێ، پەیوەندی بە "کوتەکی زەبت و ڕەبتەوە" هەبێ... هەر لە خۆڕا، کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر کە ڕابردووی لاگوتین بزانێ.

– تۆ ژن و منداڵت هەن؟

– بەڵێ، جەنابی نەقیب، ژنێك و دوو منداڵم هەن.

– ئەدی فەلاحەتی و زەوی و زار؟

لاگوتین، بە تەوسێکی گاڵتەئامێزەوە گوتی:

– فەلاحەتی! ئیدی مەڕی و مەر گوزەران دەکەین، ژیانمان کولە مەرگییە.

ئەوسا هەڵوەستەیەکی کورتی بۆ کردو کەمێك لە فکران ڕاچوو، بە پەستیەوە لەسەری ڕۆیی:

– زەوی و زاری گوندەکەمان لمەلانیە.

لیستننتسکی بیری کەوتەوە، کە ڕۆژێك بۆ وێستگەی قیتاری سیبریاکۆڤۆ دەچوو، بە ستانی بۆکاخوفسکایادا تێپەڕی بوو. ئەم ئاواییە دوورە دەست و چەپەکەی، کە زۆر لە جادەی گشتیەوە دوور بوو، بە جوانی هاتەوە بەرچاو، لە باشوورە تا چاو هەتەربکات مێرگ و گیاجاڕێکی

تەختانی بێکەڵك بوو، لە تۆ وایە لە نێو پێچو پەنای ڕوباری خوپەردا گیرۆدە بووە. لیستنتسکی، بیری کەوتەوە کە چۆن لە ئاقاری ستانی ئالانسکایادا، لەسەر گردێکی دوورا، پەڵەیەکی سەوزی باخو باخاتی میوەو بورجێکی بەرزو سپی، زەنگێکی بینی بوو کە لە دوورەوە لە پارچە ئێسقانێکی جووراو دەچوو.

لاگوتین، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– بەڵێ، زەوی و زاری گوندەکەمان زۆر لمەلانە.

– حەز دەکەی بڕۆیتەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆت؟

– هەڵبەتە جەنابی نەقیب! حەزدەکەم. بە ڕاستی ئەم شەڕە بەلایە، هەموو بێزار بووین.

– پێموا نیە، بەم زوانە بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵو حاڵی خۆتان...

– بۆ! دەگەڕێینەوە.

– بەلام، شەڕ هێشتا تەواو نەبووە.

لاگوتین، بەپێداگرییەوە دووبارەی کردەوە:

– بەم زوانە شەڕ تەواو دەبێت... و هەنگێ هەرکەسەو دەچێتەوە سەر ماڵو حاڵی خۆی.

– هێشتا شەڕی خۆ بە خۆییمان ماوە، شەڕی ناوخۆ، تۆ چ دەڵێی؟

لاگوتین، بێئەوەی چاوی لەسەر قەڵپوسی زینی ئەسپەکەی هەڵبڕێ، دوای کەمێك بێدەنگی پرسی:

– یانی شەڕی کێ بکەین؟

– زۆر کەسو لایەن هەن کە شەڕیان بکەین... بۆ نموونە شەڕی بەلشەویکەکان.

لاگوتین، جارێکی دی، بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت، لە تۆ وایە بەدەم ریتمی دەنگی سمی ئەسپەکەی خۆیەوە، کەوتووەتە خەوە کوتکێ. پاشان بە نەرمیو بە کاوەخۆ گوتی:

– هیچ دژمنایەتیەکمان لەگەڵ بەلشەویکاندا نیە.

– ئەدی مەسەلەی زەوی زار؟

– زەوی و زار ئەوەندە زۆرە، بەشی هەمووان دەکات.

– دەزانی بەلشەویکان خوازیاری چین؟

– هەندێ شتی کەم بیستووە...

– باشە بە ڕای تۆ ئەگەر بەلشەویکەکان هاتنە سەرمانو ویستیان زەویو زارەکانمان داگیربکەنو قۆزاقەکان بکەن بە کۆیلەی خۆیان، ئێمە پێویستە چی بکەین؟ تۆ کە دژی ئەڵمانەکان شەڕ دەکەیتو بەرگری لە ڕووسیا دەکەیت، وانیە؟

– ئەڵمانەکان جیان.

– ئەدی بەلشەویکەکان؟

لاگوتین کە دیار بوو، لێبڕا بوو، بە ڕاشکاوی قسەی خۆی بکات، سەری هەڵبڕیو سوور بوو لەسەر ئەوەی چاو لە دوڕ چاوانی لیستنتسکی ببڕێت، هاتە قسانو گوتی:

– بەڵێ، جەنابی نەقیب، بەلشەویکان، تەماحیان لەو پارچە زەویە بچووکەی من نیەو مەحاڵە لێمی بسەنن،... بەڵام، هیوادارم پێت ناخۆش نەبیت، بۆ نموونە باوکی تۆ دە هەزار دسیاتین زەوی هەیە...

– دە هەزار نییە، چوار هەزارە.

– گریمانە چوارە، چوار هەزاریش کەم نییە، موڵکێکی زۆرە، وانییە؟ ئاخر ئەوە کەی ڕەوایە، چ عەدالەتێکی تیایە؟ جا خەڵکانی وەکو باوکت لە سەرانسەری ڕووسیادا، یەجگار زۆرن، جا قوربان من نایلێم تۆ بیلێ، هەموو کەسێك پاروەوە نانێکی دەوێ. ئێوە پێویستتان بە خواردنەو خەڵکیش پێویستیان پێیەتی. دەگێڕنەوە دەڵێن جارێك قەرەجێك هەوڵدەدات ماینەکەی فێر بکات کە خواردن نەخوات. دەیگوت: ڕادێت. حەیوانی داماو ڕاهات و هەشت نۆ ڕۆژێك هەڵیکرد، بەڵام دوای دە دوازدە ڕۆژ تۆپی.

جا لەسەردەمی تزاردا، کاروباران بە ڕێك و پێکی بەڕێوە نەدەچوون، خەڵکی هەژار، ژیانیان زۆر سەخت بوو... بۆ کەسێکی وەکو بابت چوار هەزار دسیاتین زەویان بڕی بووەوە، لەوان وایە قاژە کاڵەکێکە، لە کاتێکا ئەو دوو دەمی نییە، بەڵکو وەکو هەمووومان یەك دەمی هەیە. تۆش بی لە جیاتی ئەو خەڵکە هەژارە، ئەمەت لە دڵ گران دەبێت، بەلشەویکەکان لەسەر هەقن، ڕێگەی دروستیان گرتووەتە بەر، کەچی تۆ باسی شەڕی ئەوان دەکەیت...

لیستنتسکی، بەدەم شاردنەوەی هەڵچوونە دەروونیەکەی خۆیەوە، گوێی لە قسەکانی دەگرت. لە ئەنجامدا پەی بەوە برد کە هیچ وەڵامێکی قەناعەتبەخشی، لە هەنبەر بەڵگەکانی ئەودا پێ نییە. هەستیکرد، یارۆی قۆزاق، بەو بەڵگە زۆر سەرەتایی و سادانەی خۆی ڕێگا لەو دەبەستێتەوە. لە ناخی خۆیدا زۆر پەست و تووڕە بوو.

– باشە تۆ خۆت چیت؟ بەلشەویکی؟

لاگوتین، بە نەرمی، بەڵام بە تەوسەوە بەرسڤی دایەوە:

– ناو، گرینگ نییە... مەسەلەکە ئەمە نیە کە هەوم یان هەونیم. بەڵکو مەسەلەکە هەق و ناهەقە، عەدالەتە. ئەوەی خەڵکی داوای دەکەن و پێویستیان پێیەتی عەدالەتە... کەچی عەدالەت هەمیشە لە ژێرەوە بووە، هەمیشە زندەبەچاڵی دەکەن و خۆڵی بەسەرا دەکەن و دەڵێن دەمێکە عەمری درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشتووە.

– ئەگەر بەلشەویکەکان بەم قسانە مێشکیان ئاخنی بیت، مانای وایە هاتوچۆیەکەت بۆ لای ئەوان بێفایدە نەبووە.

– نا، جەنابی نەقیب، ژیان ئەم شتانەی فێری ئێمەی بەدبەخت و چەوساوە کردووە، بەلشەویکەکان تەنیا ئەوەندەیان کردووە کە فتیلەکەیان هەڵگیرساندووە...

لیستنتسکی، کە زۆر تووڕە بوو بوو، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– واز لەم حیکایەتخوانیە. بێنە. وەختی گاڵتەو شۆخی نیە!

ئەوسا بە تووڕەیی لەسەری ڕۆیی:

– وەڵامی من بدەوە: تۆ باسی زەویەکانی بابی من و بە شێوەیەکی گشتی زەوی موڵکداران و فیۆداڵانت کرد، بەڵام ئەمە موڵکیەتی تایبەتییە. باشە ئەگەر تۆ دوو کراست هەبن و من کراسم نەبێ، بە باوەڕی تۆ دەبێ یەکێکیانت لێبسێنم؟

لیستنتسکی چارەی لاگوتینی لێوە دیار نەبوو، بەڵام بە دەنگیا بۆی دەرکەوت کە پێدەکەنێ.

– من بە خوایشتی خۆم یەکێکیانت دەدەمێ. بۆ نموونە لە شەڕگەدا نەك کراسی زیادە، بەڵکو دوا کراسی بەری خۆم بەخشی بە یەکێك و پاڵتۆکەم لەسەر گۆشتی ڕووتەوە لەبەر کرد، بەڵام سەربارەت بە زەوی، تا ئێستا نەم بیستووە کەسێك دەستبەرداری ئەرزەکەی بووبێ.

لیستنتسکی، دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

– تۆ خۆت زەویت نیە؟ ئەو زەویەی هەتە بەشت ناکا؟

لاگوتین، زۆر تووڕە بوو، خەریك بوو لە تووڕەییدا هەناسەی دەرنەدەچوو، چیوای نەما بوو بکەوێتە هاوار:

– تۆ پێت وایە من تەنیا بیر لە خۆم دەکەمەوە؟ ئێمە لە پۆلاندا بووین، خەڵکی لەوێندەر چۆن دەژین؟ بە چاوی خۆت بینیت یان نا؟ ئەدی خەڵکی لای خۆمان، دەزانی جووتیارانی دۆن چۆن دەژین؟ من دەزانم، چۆن دەژین. پیاو جەرگ و دڵی بۆیان دەبێ بە ئاو... لاتوایە من دڵم بە حاڵیان ناسووتێ؟ سەبارەت بە پۆلاندیەکان، کاتێ بیر لەو تۆزقاڵە زەویە ڕەقەنە دەکەمەوە کە ناچارن لەسەری و پێی بژین، گریانم بۆیان دێت، لە حەژمەتا نەخۆش دەکەوم.

لیستنتسکی، خەریك بوو وەڵامێکی توندی بداتەوە. لەم ماوەیەدا لە کەرخی بینا ناقۆڵاو شینباوەکانی کارخانەی پوتیلوفەوە دەنگێك بەرز بووەوە: "ئەهای بیگرن!" نەخێر دەنگی سمی ئەسپان بەسەر شۆستەی جادەکەوە بەرز بووەوە. ئەوسا دەنگی تەقاندنی گوللەیەك بەرز بووەوە. لیستنتسکی، شریخەی لە قامچیەکەیەوە هەستاند، ئەسپەکەی بە چوارناڵە تاودا.

ئەوو لاگوتین، زوو بە زوو یەکیان گرتەوەو لە چوار ڕیانێکدا تووشی دەورێیەکە بوون کە لە دەوری یەکدی خڕ بوو بوونەوە. چەند قۆزاقێك، بەدەم شیر هەڵکێشانەوە، خەریك بوون لە ئەسپەکانیان دادەبەزین. کابرایەکیان دابووە ناو کە هەر ڕاپسك ڕاپسکی بوو. لیستنتسکی بە ئەسپەکەیەوە ڕەپێش کەوت و هاواری کرد:

– چیە، چی بووە؟

– ئەم قەحپە دایکە، بەردێکی خێواندینێ و هەڵات.

– ئارجانوف، تێی هەڵدە!

– خوێڕی.. دەتەوێ یەکێکمان بکوژیت؟ شاری بێحاکمە؟...

عەریف ئارجانوف، لەسەر ئەسپەکەیەوە خۆی دانەواند بوو، یەخەی کابرایەکی کورتە باڵای گرتبوو کە کراسێکی ڕەشی رووسی لەبەر بوو، ئەو سێ قۆزاقەی کە لە ئەسپەکانیان دابەزی بوون، لە پشتەوە قۆڵیان باداو قۆڵ بەستیان کرد. لیستنتسکی کە لە تووڕەییدا، چاوی پەڕی بووە تۆقی سەری هاواری کرد:

– تۆ کێی؟

کابرای یەخسیر دەموچاوە سپیەکەی هەڵبڕی، بەڵام لێوی بە جۆرێ نابوونە سەریەك، لە تۆ وایە بە کێردیش ناکرێتەوە. لیستننتسکی لێی دووبارە کردەوە:

– تۆ کێی؟ بەرد داوێی، بێشەرەف خوێڕی! قسە ناکەی؟ ئارجانوف...

ئارجانوف، بە گورجی خۆی لە ئەسپەکە هەڵدایە خوارێ، یەخەی یارۆی یەخسیری بەرداو بە هێزو قوەتی خۆیەوە، زللەیەکی بەبناگوێیدا ماڵی. لیستننتسکی، عازی (فەرمانی عەسکەری) دانێ:

– تێی هەڵدەن!

سێ یان چوار لەو قۆزاقانەی کە لە ئەسپەکانیان دابەزی بوون، کابرایان بە قۆڵێ بەستراوی لە عاردی تەخت کردو بە قامچی تێی بەربوون.

لاگوتین، خۆی لە ئەسپەکەی هەڵدایە خوارەوەو بە هەشتاو بەرەو لای لیستننتسکی ڕۆیی:

– جەنابی نەقیب... ئەوە تۆ چ دەکەی؟ جەنابی نەقیب!...

چنگە لە رزۆکەکانی کرد بە ئەژنۆی لیستننتسکیداو هاواری کرد:

– ئەمە کارێکی دروست نییە! ئەویش بەشەرە! تۆ چ دەکەی؟

بەڵام لیستننتسکی هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ئەسپەکەی بەر مامێزان داو ڕۆیی. لاگوتین، بەرەو قۆزاقەکان چوو و باوەشی کرد بە ناو قەدی ئارجانوفدا، کە بەدەم نوچدانەوە، پێی لە شمشێرەکەی خۆی دەگیرا، هەوڵیدەدا دووری بخاتەوە.

ئارجانوف، ملی نەدەداو دەی بۆڵاند:

– واز بێنە، هەقی ئەمەت نەبێ! دەتەوێ بەردمان تێبگرێت و قسەش نەکەین؟... وازبێنە، دەڵێم وازبێنە، باشتر وایە هەقت نەبێ!...

یەکێك لە قۆزاقەکان دانەوییەوە، تفەنگەکەی لە شانی داگرت و بە قۆناغە تفەنگ بەر بووە جەستەی نەرم و ناسکی کابرای یەخسیر. دوای تۆزێك هاوارێکی کێویانە لە کابراوە هەستا، ئەوسا بێدەنگیەکی کورت، جارێکی دی هاوارەکە هەستایەوە، بەڵام ئەمجارەیان تێکشکاو پچڕ پچڕ بوو، لە دوای هەر جەزرەبەیەك هاوارێکی کورت، بەرز دەبووەوە:

– بێشەرەفینە!... دژمنانی شۆڕش!... بێمنەت بن، چیتان لە دەست دێ بیکەن.

ئیدی قۆناغە تفەنگ بە قۆناغە تفەنگی دەگوت بەولاوە.

لاگوتین، بە هەشتاو چوو بۆ لای لیستننتسکی، باوەشی بە لاقیا کرد، چنگی لە زینی ئەسپەکەی گیر دەکرد، بە هانکە هانك دەیگوت:

– وازی لێبێنە با بڕوات، عەفووی بکە!

– لاچۆ، هەیدێ گوم بە لەبەر چاوم!

– جەنابی نەقیب!... لیستننتسکی!... گوێت لێمە؟ وەڵامم بدەوە!

لیستننتسکی، لە بن لێوانەوە گوتی:

– گوو مەخۆ!

و ئەسپەکەی بەرەو لاگوتین تاودا.

لاگوتین بەرەو ئەو قۆزاقانەی کە لە کەنارەوە وەستا بوون ڕایکردو گوتی:

– براینە! من ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشم... داواتان لێدەکەم ئەم پیاوە لە مردن رزگاربکەن!... دەنا بەرپرسیار دەبن!.... ئێستا زەمانی جاران نییە، ئەو زەمانە ڕۆیی.

کینەیەکی کوێرانەو بێمانا سەرو دڵی لیستنتسکی گرت، قامچیەکی کێشا بە ناوەڕاستی هەردوو گوێی ئەسپەکەی خۆیداو بەرەو لاگوتین تاوی دا، دەمانچەکەی کە دەتگوت زالووی (زەروو) ڕەشەو بۆنی گریسی لێدەهات، لەبەر لووتیا ڕاگرت و نەڕاندنی:

– بێدەنگ بە، هەی غایەن! بەلشەویك! دەنا دەتکەم بە قوربانی گوللەیەك!

بەڵام، بە هەر زەحمەتێك بوو خۆی کۆنترۆڵ کرد، قامکی لەسەر پەلەپیتکە لابرد، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕاو بە چوار ناڵە دوورکەوتەوە.

دوای چەند دەقیقەیەك، هەر سێ قۆزاقەکە دوای کەوتن.ئارجانوف و لاپین، کابرای گیراویان، لە نێوان ئەسپەکانیان ڕادەکێشا. کراسەکەی کابرا لە خوێنا هەڵکشا بوو و بە بەدەنیەوە نووسا بوو، هێندە بێهێز بوو لاقی لە دووی نەدەهاتن، هەرچەندە جووتە قۆزاق ژێر باڵیان گرتبوو، کەمێك بەلارە لار دەڕۆیی و ئەوسا لاقی بەسەر شۆستەکەدا بکێش دەکرد. سەری کە بە پشتا شکا بووەوە، یەك پارچە خوێن بوو، وەکو پارچە گۆشتێکی جنراو، لە بەینی هەردوو شانە بەرزەکەیەوە، تەکە تەکی بوو... قۆزاقی سێیەم، بە مەسافەیەکی کەم لە دوای ئەوانە دەهات. لە سووچی شەقامێکا، کە چرایەکی تیا دەسووتا، عەرەبانچیەکی بینی. قوت لەسەر ڕکێفەکە وەستاو بە لۆقە (یورغە) خۆی گەیاندە عەرەبانەکە. چەند قسەیەکی دەگەڵ عەرەبانچیەکەدا کرد، بە توندی قامچیەکی کێشا بە چەکمەکەی خۆیداو عەرەبانەکە بە هەشتاو خۆی گەیاندە ئارجانوف و لاپین و لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستا.

سبەی بەیانی، کاتێ کە لیستنتسکی لە خەو ڕابوو، هەستی دەکرد دوێنێ هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووەو زۆر زەحمەتە پینەبکرێت. کاتێ کە واریقاتی لێدانی ئەو کابرایەی کە بەردی گرتبووە قۆزاقەکان و، ئەوەی پاشان لە بەینی ئەو و لاگوتین دا رووی دابوو، بیرکەوتەوە، چارەی گرژ کردو لێوی گەست و لەفکران ڕاچوو. بەدەم جل لەبەرکردنەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی لەبەر ئەوەی نەبا پەیوەندی دەگەڵ کۆمیتەی کەتیبەدا خراتر ببێ، نابێ جارێ هیچ شتێك دەگەڵ لاگوتیند ا بکرێت و باشترین شت ئەوەیە سەبر بکات، تا بیرەوەری هەڵشاخانەکەی بە لاگوتیندا، لە بیری ئەو قۆزاقانە دەچێتەوە کە لەوێ بوون و هەنگێ بەبێ دەنگی، لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.

لیستنتسکی، لە دڵی خۆیداو بە تەنزەوە گوتی: "بەمە دەڵێن ڕەفتاری برایانە دەگەڵ قۆزاقاندا" بۆ ماوەی چەندی ڕۆژ نەیتوانی کاریگەری و باندۆری ئەم رووداوە ناخۆشە. لە خۆی دوور بخاتەوە. ڕۆژێکی خۆشی هەتاوی هەوەڵی مانگی ئاب، لیستنتسکی دەگەڵ ئاتارشچیکوف دا چوون بۆ پیاسەو گەڕانی ناو شار. دوای ئەو گفتوگۆیەی کە لە کۆتایی کۆبوونەوەی ئەفسەرەکانا کەوتبووە نێوانیان، هیچ شتێك نەهاتبووە ئاراوە کە ببێتە مایەی سڕینەوەی ئەو گومان و دڕدۆنگیەی کەوتبووە نێوانیانەوە.

ئاتارشچیکوف، چوو بووە قاوغی خۆیەوەو ڕاوبۆچوونی خۆی دەشاردەوە! چەند لیستنتسکی هەوڵیدەدا بیهێنێتە قسان و قسەی لێدەربێنێ، ئەو زیاتر پەنای دەبردە بەر ئەو دەمامکە ئەستوورەی کە زۆربەی خەڵکی، سیماو ڕوخساری خۆیانی لە چاوی بێگانان، پێ دەشارنەوە.

لیستنتسکی، هەمیشە وای هەست دەکرد کە خەڵکی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیاندا دەگەڵ کەسانی دیدا، دوو ڕوویان هەیە، ڕوویەکی دیارو ڕوویەکی نادیار، کە ڕووە نادیارەکەیان هەندێجار هەرگیز دەرناکەوێت. قەناعەت و باوەڕی وابوو هەرکاتێ ئەم دەمامکە ڕواڵەتی و دیارە لا ببرێت، دەتوانرێ ڕووی ڕاستەقینەی بەشەر، بە ڕووتی، وەکو خۆی، بێهیچ مکیاج و ئارایشتێك ببینرێ.

لەمبارەیەوە بەردەوام نیگەرانی ئەوە بوو کە بزانێت چ شتێك لە پشت ڕواڵەتی زبر، جدی، بێباك، گۆساخ، لە خۆبایی، گەش و خۆشی خەڵکییەوە پەنهانە. بەڵام ئێستا کاتێ کە بیری لە ئاتارشچیکوف دەکردەوە، تەنیا یەك شتی بە خەیاڵدا دەهات، ئەویش ئەمە بوو کە ئەم پیاوە لە هەواڵێکی دژواردا بوو تا لەو ناکۆکیانە ڕزگار بێت کە بە هەر چوار پەلەوە تێی کەوتبوو و هەوڵی ئەوەی دەدا قۆزاقان و بەلشەویکەکان ئاشت بکاتەوەو لێکیان نزیك بکاتەوە. ئیدی ئەم گومان و مەزەندەیەی لیستنتسکی کردیە کارێك، کە دەستبەرداری ئەوە ببێت لە ئاتارشچیکوف نزیك ببێتەوەو دۆستایەتی دەگەڵدا تۆخ بکاتەوە.

بە دوو قۆڵی بە جادەی نیڤسکیدا پیاسەیان دەکرد، ناو بە ناو قسەیەکی ڕەوتەنیان پێکەوە دەکرد. لیستنتسکی بە گۆشەی چاو دەرگای خوارنگەیەکی نیشانداو پێشنیازی کرد:

– با بچین شتێك بخۆین.

ئاتارشچیکوف، قاییل بوو و گوتی:

– خراپ نییە.

خۆیان بە خوارنگەکەدا کرد، وەستان، بەسەرسامی ڕوانیانە دەوروبەر. هەر هەموو مێزەکان گیرا بوون، مێزی بە تاڵ نەبوو. ئاتارشچیکوف، خەریك بوو بگەڕێتەوەو بڕواتە دەرێ، پیاوێکی شیکپۆشی، قەڵەوی دەموچاو گۆشتن، کە لە سەر مێزێکی بەر پەنجەرەیەکدا، دەگەڵ دوو خانمدا دانیشتبوو و بە دیقەت تەمەشای ئەوانی دەکرد، لە جێی خۆی هەستاو لێیان نزیك بووەوەو بەرێزەوە شەپقەکەی داگرت:

– قوربان ببورن، وەرنە جێگاکەی ئێمە، ئێمە لەسەر ڕۆییشتنین.

کابرا، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، دانە شاش و واشەکانی کە دووکەڵی جگەرە زەردی کردبوون، دەرکەوتن و بە ئاماژەی دەست خوڵکی کردن و گوتی:

– خۆشحاڵم ئەگەر بتوانم خزمەتێکی بچووکی ئەفسەران بکەم. ئێوە مایەی شانازی ئێمەن.

ئافرەتەکان هەستان. یەکێکیان بالا بەرزێکی ئەسمەر بوو، قژی چاك کردو کڵاوەکەی لەسەر کردو ئەویتریان کە گەنجتر بوو، بەدەم چاوەڕوانییەوە یاری بە چەترەکەی دەکرد.

ئەفسەرەکان، سوپاسی کابرایان کرد کە بەو هەموو ڕێزەوە مێزەکەی خۆی دابوونێ، ئیدی چوونو لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتن. تیشکی هەتاو لە میانەی پەردە دادراوەکەوە، وەکو دەرزی زەرد دەچوون بە سفرەی سەر مێزەکەدا. بۆنی خواردن، بۆنی خۆشو نەرمی ئەو گوڵە تازانەی دادەپۆشی، کە لەسەر مێزەکەیان دانابوو.

لیستنتسکی داوای بوتڤینیای* کردو (*- بوتڤینیا: گۆشتاوێکی ساردە کە بە کڤاسو گەڵای چەوەندەرو ماسی دروست دەکرێت) بە دەم چاوەڕوانی هێنانی خواردنەکەوە، چڵە گوڵێکی لە گوڵدانەکە دەرهێناو خەریك بوو،پەڕەکانی یەك یەك دەکردەوە.ئاتارشچیکۆف بە دەستەسڕەکەی، ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی. چاوە ماتو ماندووەکانی بڕی بووە تیشکی لەرزۆکی هەتاوەکە کە لە قاچی مێزەکەی تەنیشتیانی دەدا.

هێشتا بە تەواوەتی لە خواردن نەبوو بوونەوە، دوو ئەفسەر کە بەدەنگی بەرز قسانیان دەکرد ، خۆیان بە خوارنگەکەدا کرد.

ئەفسەری یەکەم کە چاوی بۆ مێزی چۆڵ دەگێڕا، ڕووە تاوەگازەکەی وەرگێڕا، چاوی لەسەر لیستنتسکی گیرسانەوە. لە خۆشیا چاوە ڕەشە بادەمیەکانی گەشانەوە. بە متمانەوەو بێهیچ دوو دڵیەك بەرەو ڕووی ڕۆیی و هاواری کرد:

- لیستنتسکی! ئەمە تۆی؟

ددانە سپیە بەفر ئاساکانی لە ژێر سمێڵە ڕەشەکەیەوە بریقانەوە.

لیستنتسکی یەکسەر نەقیب کالمیکوفو چوبوف هاوڕێی ناسینەوەو بە گەرمی تەوقەو چاکوخۆشیان دەگەڵ یەکدیدا کرد. لیستنتسکی، دۆستە دێرینەکانی خۆی بە ئاتارشچیکوف ناساندو ئەوسا پرسی:

- چۆنە، وا ڕێتان کەوتەوەتە ئەم ناوە؟

کالمیکوف، بەدەم بادانی سمێڵەکانیەوە، بە پارێزەوە تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد:

- بە ئەرکێکی تایبەتی هاتووین، پاشان بۆتی باسدەکەم. ئێ باسی خۆتمان بۆ بکە، دەگەڵ کەتیبەی چواردەدا چۆنی.

... پێکەوە لە خوارنگەکە هاتنە دەرێ. لیستنتسکیو کالمیکوف بە ئانقەست خۆیان لەوانی دی دواخستو خۆیان بە یەکەمین کۆڵانا کرد، دوای نیو سەعاتێك لە قەرەباڵغییەکەی شار دەرچوون، بەدەم رێوە، بە ئەسپایی قسەیان بۆ یەکدی دەکردو بە پارێزەوە دەیانڕوانیە دەوروبەر، کالمیکوف کە هاتبووە جۆش بە یەڤگینی گوت:

- فەیلەقەکەمان، فەیلەقی سێیەم، حاڵی حازر وەکو هێزی یەدەك لە شەڕگەی ڕۆمانیا ماوەتەوە. دە ڕۆژێك لەمە پێش فەرماندەی کەتیبەکەمان، دەستووری دامێ کە کەتیبەکەم بە ئەفسەرێکی دیکە بسپێرمو لەگەڵ ملازم چوبوفدا، خۆم بخەمە ئختیاری سەرکردایەتی فیرقەوە. ئیدی چۆنی ئەمر کرد بوو وامکرد.

بە دوو قۆڵی چووین بۆ سەرکرایەتی فیرقە. سەرهەنگ م... ئەفسەری ئیدارەی ئۆپراسیونەکان - کە دەبێ تۆش بیناسیت- بە دزییەوە پێی گوتم کە دەبێ یەکسەر بڕۆم بۆ لای جەنەراڵ

کریموڤی فەرماندەی فیرقە، چووین بۆ سەرکردایەتی فەیلەق. کریموف بانگی کردمو چونکە زانیاری تەواوی لەسەر ئێمە هەبوو، بە ڕاشکاویو بێچەندو چوون پێی گوتم: "خەڵکانێك جڵەوی حوکمیان گرتووەتە دەست کە بە ئانقەست وڵات بەرەو هەڵدێری لە ناوچوون دەبەن. دەبیٚ ئەم دارو دەستەیە لەسەر حوکم لابرێنو تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد، لە جیاتی حکوومەتی کاتی، حکومەتێکی دکتاتۆری سوپایی دابنرێت." بە گوتەی ئەو ئەگەری کاندید کردنی کورنیلوف بۆ ئەو پۆستە لە ئارادایە، ئەوسا داوای لێکردم کە بڕۆم بۆ پترۆگرادو خۆم بخەمە ئختیاری کۆمیتەی مەرکەزی یەکێتیی ئەفسەرانەوە. حاڵی حازر، چەند سەد ئەفسەرێکی باوەڕپێکراومان لە شاردا خڕکردووەتەوە. دەزانی دەوری ئێمە چ دەبێت؟ کۆمیتەی ناوەندی یەکێتیی ئەفسەران، لە تەماسو پەیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەنجوومەنی یەکێتیی هێزێن قۆزاقدا، ئیدی مەفرەزەو کەتیبەێن هێرشبەر، بەسەر چوارڕیانی سکەی قیتارانو فیرقەکاندا دابەش دەکرێن، هەموو ئەم شتانە بەم زوانە ئەنجام دەدرێن.

– باشە، ئەنجامی ئەم کارانە چی دەبێت؟ تۆ چۆنی بۆ دەچیت؟

– سەیرە ها! یانی ماقووڵە تۆ، کە بە خۆت لێرەبوویی، نەزانی وەزعو ڕەوشەکە چۆنەو بەرەو کویٚ دەڕوات؟ بێگومان حکومەت دەڕوخێت، کودەتا دەبێت، کورنیلوف دەسەڵات دەگرێتە دەست. سوپا هەر هەمووی لە پشتی ئەوە. بە باوەڕی ئێمە، دوو هێزی هاوتا لە ئارادایە، کورنیلوفو بەلشەویکەکان. ئیدی دوو ئەگەر لە ئارادایە، یا کورنیلوف یان بەلشەویکەکان. بەڵام کیرنسکی کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشەوە ئەگەر ئەمیان نەیهاڕێت ئەوا ئەوی دیکەیان دەیهاڕێت. بەڵام وازی لێبێنە با جاریٚ لەگەڵ ئالیس*دا بخەویٚ: (*– ناوی کیژەکەی ئالکساندر ئەڤیودوروڤنای هاوسەری نیکولای دووەم، ئالیس بوو.) تەمەنی خەلیفایەتی ئەو هەر یەك سەعات دەبێت.

کالمیکوف، کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوسا کەوتە یاریکردن بە ڕیشوی دەسکی شمشێرەکەیو بەکاوەخۆی لەسەری ڕۆیی: ئەوەی ڕاستی بیٚ ئێمەی ئەفسەر، بەردی شەترەنجین، بەردی شەترەنجیش نازانن کە دەستی یاریچی بەکام لادا دەیانجوڵێنیٚ. بۆ نموونە من نازانم لە سەرکردایەتی فەیلەقدا چ باسە. بەڵام دەزانم کەینو بەینو سەروسرێکی ژێراوژێر لە نێوان جەنەراڵان، کورنیلوف، لوکومسکی، رومانوفسکی، کریموف، دینکین، کالیدینو ئیردلی و گەلێك لە جەنەراڵەکانی دیکەدا هەیە...

لیستننتسکی، بەدەم پێهەڵگرتنەوە پرسی:

– ئەدی سوپا... یانی هەموو سوپا دوای کورنیلوف دەکەویٚ؟

– هەڵبەتە سەربازەکان نا. بەڵام ئێمە لە سەرمانە پێشیان بکەوین. ڕابەرییان بکەین.

– ئایا دەزانی، کیرنسکی لە هەوڵی ئەوەدایە لە ژێر گوشاری چەپدا، فەرماندەی گشتی هێزێن چەکدار لێبخات؟

– زات ناکات! ئەگەر شتی وا بکات. ناگاتە سبەینیٚ تیادەچیٚ. کۆمیتەی ناوەندی یەکێتیی ئەفسەران، ئەم مەسەلەیەی یەکلایی کردووەتەوەو ئاگاداریشیان کردووەتەوە.

لیستنتسکی بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– دوێنێ پێشوازی شاندێکی ئەنجوومەنی یەکێتیی هێزێن قۆزاقی کرد. پێیان ڕاگەیاند، کە قۆزاقەکان نەك لابردن و کەنارخستنی کورنیلوفیان قەبووڵ نییە، بەڵکو بیرکردنەوەشیان لەو مەسەلەیە قەبووڵ نییە. دەزانی چ وەڵامێکی دانەوە؟ گوتی: "ئەمانە هەمووی پڕوپاگەندەو دەنگۆیە. حکومەتی کاتی بە هیچ کلۆجێ پێوە نییە ئەمجۆرە کارە بکات." دەیەوێ بەم مەرایی و حیزخەنەی بۆ نوێنەرانی ئەنجوومەنەکانی (سۆڤیەت) دەکات، جەماوەری خەڵکەکە هێور بکاتەوە.

کالمیکوف، بەدەم ڕێکردنەوە، ڕۆژ ژمێرە ئەفسەریەکەی خۆی لە بەرکی دەرهێناو، بروسکەکەی بەدەنگی بەرز خوێندەوە:

– "فەرماندەی گشتی سوپای ڕووسیا، کۆنگرەی پیاوانی سیاسی و کۆمەلایەتی سلاوت لێدەکەن. کۆنگرە ڕای دەگەیەنێت، هەر هەوڵێك بۆ کەمکردنەوە و لاوازکردنی دەسەلاتی تۆ لە سوپای ڕووسیادا بە تاوان دەژمێرێت و لەمبارییەوە دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ئەفسەران، سوارەی سان جۆرج و قۆزاقان. لەم کاتە هەستیارەدا، لەم ڕۆژگاری تەنگانەیەدا، سەرانسەری منەوەرانی ڕووسیا، بە ئومێدەوە چاویان بڕیوەتە تۆ. خواوەند، لە ئەرکی گەورەی تازەکردنەوەی دام و دەزگای سوپایەکی بەهێزو نەجاتبەخشی ڕووسیا! یارو یاوەرتان بێت! ئیمزا "ڕودزیانکو" بەڵگە لەمە ڕوونتر دەبێت؟ کەواتە دوور خستنەوەی کورنیلوف لە ئارادا نییەو نابێت... دوێنێ بینیت چۆن گەییە ناو شار؟

– نە، شەوێ لە تسارسکۆیە گەڕاینەوە.

کالمیکوف، بزەیەکی کرد، ددانە ڕێکەکانی و پووکە پەمەیی و ساغڵەمەکەی دەرکەوتن. چاوە چکۆلەکانی هاتنەوە یەك، گۆشەی پێڵوەکانی بە ئاستەم چرچ بوون.

– دیمەنێکی کلاسیکی بوو! یەك سریەی تورکمان حەرەسی بوون. چەندین ئوتومبیلی ڕەشاش لەسەر. هەر هەموو ئەمانە بەرەو کۆشکی زستانە دەڕۆییشتن، کە کیرنسکی لەوێ بوو. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئینزارێك بوو ئاوی لێڵ نەدەکرد. خۆزگە سەرو سیمای ئەو تورکمانانەت، بە کلاوە قووچە فەروەکانیانەوە دەبینی! بە ڕاستی دیمەنێکی جوان بوو!

پاش ئەوەی پیاسەیەکی دەوروبەری گەڕەکەکانی مۆسکۆو نارڤایان کرد، گەڕانەوە بۆ ناوەندی شار، پاشان خوا حافیزیان لێکدی کرد. کالمیکوف لە کاتی خواحافیزیدا بە لیستنتسکی گوت:

– یەڤگینی، با ئیدی ئاگامان لە یەکدی هەبێت. وەزع و حاڵێکی زۆر دژوار بەڕێوەیە! دەبێ پێی خۆ توند لە عاردی قایم بکەی دەنا دەکەویت.

پاش ئەوەی لیستنتسکی دوورکەوتەوە، کالمیکوف لە دواوە بانگی لێکرد:

– بیرم چوو پێت بڵێم. میرکولوفت لە بیرە؟ نیگارکێشەکەی لەمەڕ خۆمان؟

– ئا،

– لە مانگی ئایار کوژرا.

– نا!

– جا چۆن کوژرانێك؟ به ڕێکەوت. مردنی وا بێمانا نەبووەتەوە. نارنجۆکێك لە ناو دەستی یەکێك لە کەشافەکانی ئێمەدا تەقییەوە، هەردوو باسکی یارۆی لە ئانیشکەوە پەڕاند، بەڵام میرکولوف کە لە تەنیشتیەوە وەستا بوو. تەنیا تۆزێ ڕیخۆڵەو عەینەکەکەی کە پارچە پارچە بوو بوو، دۆزرایەوە. سێ دانە ساڵ بوو خۆی لە مەرگ دەدزییەوە...

کالمیکوف، بەدەم هاوارەوە شتێکی دیکەشی گوت، لێ باو تەپوتۆز نەیهێشت جگە لە چەند وشەیەکی پچڕ پچڕی بگاتە گوێی لیستنتسکی. لیستنتسکی دەستێکی بۆ هەڵبڕی، پێی هەڵگرت‌و بەدەم ڕێکردنەوە ناو بە ناو ئاوڕێکی پاشەوەی دەدایەوە.

"١٣"

جەنەراڵ لوکومسکی، سەرۆکی سەرکردایەتی گشتی، لە ڕێگای جەنەراڵ رومانوفسکی، یاریدەدەری یەکەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی جەنگەوە، دەستورێکی پێگەیی کە فەیلەقی سوارەی سێیەم و فیرقەی قۆزاقانی سەر بەهەمان فەیلەق، لە ناوچەی نیڤل، نوڤوسوکولنیکی، ڤیلیکیەلوکی، دابمەزرێنێ.

لوکومسکی بەسەرسامیەوە پرسی:

– باشە بۆچی بۆ ئەو ناوچەیەیان بنێرین؟ خۆ ئەم هێزانە بەشێکن لە هێزی یەدەکی بەرەی رۆمانیا.

– ئەلکساندەر سیرگییوفیچ، من نازانم. من ئەوەندەم لەسەر بوو دەقی دەستوورەکەی فەرماندەی گشتیت وەکو خۆی پێبگەیەنم.

– کەی ئەم ئەمرەت وەرگرت؟

– دوێنێ. فەرماندەی گشتی سەعات یازدەی شەو لە دووی ناردم‌و ئەمری کرد کە ئەمڕۆ بەیانی، بە تۆی ڕابگەیەنم.

ڕۆمانوفسکی، لە سەر نووکی پێیان بە بەر پەنجەرەی ئۆفیسەکەی لوکومسکیدا دەهات‌و دەچوو، لە هەنبەر نەخشەیەکی ستراتیژی ئەوروپای ناوەندیدا کە نیوەی دیوارەکەی گرتبووەوە وەستاو زۆر بە دیقەت لێی ورد بووەوەو گوتی:

– بۆچی لێی ناپرسیت... ئێستا لە ژوورەکەی خۆیدایە.

لوکومسکی چەند نامەیەکی لەسەر مێزەکەی خۆی هەڵگرت‌و کورسییەکەی بردە دواوەو، بە هەنگاوی بتەوو پڕ متمانەوە وەکو هەر بابایەکی سوپایی بەتەمەنی قەڵەو بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. لەبەر دەرگاکەدا وەستا تا رۆمانوفسکی بڕواتە دەرەوە، وا دیار بوو لەسەر بیرکردنەوەی خۆی بەردەوام بوو، گوتی:

– دروستە، بەڵێ.

لەو کاتەدا سەرهەنگێکی زۆر باڵا بەرزی لۆق درێژ، کە لوکومسکی نەیدەناسی، لە ئۆفیسەکەی کورنیلوف هاتە دەرێ. زۆر بە ڕێزەوە هاتە دواوە تا ڕێگای لوکومسکی بکات.

ئەوجا بەدەم شەلینێکی زۆر دیارەوە بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆیی. شانەکانی بە شێوەیەکی کۆمیدیو ترسناک دەلەرزین، دیاربوو پارچە تۆپی بەرکەوتبوو، ئیدی بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیی و دوورکەوتەوە.

کورنیلوف کە کەمێك بە پێشا دانەوی بووەوەو هەردوو دەستی نابوونە سەر مێزەکە، بە ئەفسەرێکی پیری، کە لە بەردەمیا وەستابوو، دەگوت:

– ... دەبوایە چاوەڕوان بکەیت. تێدەگەی چی دەڵێم! تکایە هەرکە گەییتە پسکۆڤ ئاگادارم بکەوە. فەرموو ئێستا دەتوانی بڕۆیت.

کورنیلوف چاوەڕوانی کرد تا دەرگاکە لە دوای ئەفسەری ناڤبریەوە داخرا، هەنگێ بە گورجی لەسەر کورسیە نەرمەکەی دانیشت و کورسیەکی دیکەشی بۆ لوکومسکی ڕاکێشاو بردە پێشەوە.

– ڕۆمانوفسکی، ڕێنماییەکانی منی دەربارەی گوێزانەوەی فەیلەقی سوارەی سێیەم دایتێ؟

– بەڵێ، هاتووم تا لەو بارەیەوە قسەت لە گەڵدا بکەم. بۆچی ئەو ناوچەیەت بۆ دامەزراندنی فەیلەقەکە هەڵبژاردوە؟

لوکومسکی، بە وردی ڕوانیە ڕوخسارە ئەسمەرەکەی کورنیلوف، کە وەکو دەموچاوی ئاساییەکان، مەندو ئارام دەینواند. چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی، لە خوار گۆناکانیەوە، یان لە لووتیەوە تا دەمو لێوە ئەستوورەکەی کە سمێڵێکی تەنکی پێدا شۆڕ بوو بووەوە دەهاتە خوارێ. تەنیا چەپکە قژێك کە بەسەر هەنیەیدا ڕژابوو، جۆرە نەرمیەکی بە سیماو ڕوخساری زبرو جدی ئەو دەبەخەشیێ.

کورنیلوف، کە چەناگەی نابووە نێو دەستە چکۆلە ڕەق و تەقەکەی و ئانیشکی دادابووە سەر مێزەکە، چاوەگەش و مەغۆلییەکانی تروکاند، دەستی خستە سەر ئەژنۆی لوکومسکی و وەڵامی دایەوە:

– دەمەوێ هێزێن سوارە لە ناوچەیەکدا خڕبکەمەوە کە تەنیا پەیوەندی بە بەرەی باکوورەوە نەبێ، بەڵکو دەمەوێ لە ناوچەیەکدا بێ کە بشێت لە کاتی پێویستدا بۆ بەرەکانی باکوور یان ڕۆژئاوا بگوازرێتەوە. بە بۆچوونی من ئەو ناوچەیەی من هەڵمبژاردووە، لە بارترین ناوچەیە بۆ ئەو مەبەستە. هەموو ئەو مەرجانەی تیایە. تۆ چ دەڵێی؟ وانیە؟

لوکومسکی شانەکانی هەڵتەکاندن.

– سەمتی ڕاستی بەرەی ڕۆژئاوا هیچ مەترسیەکی لەسەر نییە.باشتر وایە هێزی سوارە لە ناوچەی پسکوفدا خڕ بکرێتەوە.

کورنیلوف دوویارەی کردەوە:

– پسکوف؟

زیاتر بە پێشا دانەوییەوە، برۆی وێکهێنانەوە، لێوی ژێرەوەی کەمێك هەڵکفا بوو. سەرێکی باداو گوتی:

– نا، ناوچەی پسکوف بە کەڵك نایەت.

لوکومسکی، وەکو پیرەمێرێکی ماندوو، هەردوو باسکی نانە سەر دەسکی کورسیەکە، لە کاتێکا وشەکانی زۆر بە دیقەت هەڵدەبژارد گوتی:

– یەکسەر فرمانی پێویست دەدەم لاڤر گیورگیوفیچ. بەڵام وا هەست دەکەم شتێکت شاردەوەو بەمنت نەگوت... ئەو شوێنەی تۆ بۆ خڕکردنەوەی هێزەکان هەڵتبژاردووە، تەنیا وەختێ باشە ئەگەر بە تەمابی بۆ سەر مۆسکۆ یان پرتوگرادیان بنێریت، بەڵام بەرەی باکوور بۆ ئەمە مەبەستە بە کەڵك نایەت، چونکە گوێزانەوەی سوارەکان یەجگار زەحمەت دەبێت. جا ئەگەر بە تەمای هێزەکانت بەم شێوەیە دابەش بکەیت و شتێك هەیەو لە منی دەشاریتەوە، ئەوا تکادەکەم یان بۆ بەرەی شەڕم بنێرە یان هەرچیت لە دڵدایە بە ڕاشکاوی پێمی بڵێ. چونکە سەرۆکی سەرکردایەتی جەنگ، تەنیا وەختێ دەتوانێ لەسەر کاری خۆی بەردەوام بێ کە جێگەی متمانەو باوەڕی تەواوەتی فەرماندەی گشتی بێت.

کورنیلوف، سەری بردبووە پێشێ و بە دیقەت گوێی دەگرت، دەموچاوی بە ڕواڵەت ئارامی لوکومسکی، بە ئاستەم سوور بووەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی هەڵچوونی دەروونی بوو، ئەمە لە چاوە تیژەکانی کورنیلوف پەنهان نەبوو. بۆ چەند ساتێك لە فکران ڕاچوو و پاشان گوتی:

– هەق بە تۆیە. هەندێ شت هەن کە من پێم نەگوتوویت... تکایە فەرمان بدە کە هێزی سوارە بگوازنەوە و یەکسەر جەنەراڵ کریموڤ فەرماندەی فەیلەق بانگبکە بۆ ئێرە. من و تۆ، پاش ئەوەی لە پترۆگراد گەڕامەوە، بە تێرو تەسەلی باسی ئەم بابەتە دەکەین. باوەڕم پێبکە ئەلکساندەر سیرگییوفیچ، حەزناکەم هیچ شتێك لە تۆ بشارمەوە.

کورنیلوف، جەختی لەسەر وشەی "لە تۆ" کردەوە. لەو کاتەدا لە دەرگا درا، بە خێرایی ئاوڕی دایەوە:

– فەرموو!

جەنەراڵ فونفیزینی یاریدەدەری کارگێڕی سەرکردایەتی گشتی سوپا، لەگەڵ جەنەراڵێکی کورتە باڵای قژ زەردا وەژوورکەوتن. لوکومسکی هەستا، کاتێ کە ڕۆیی گوێی لێبوو کە کورنیلوف زۆر بە وشکی وەڵامی پرسیارێکی فونفیزینی دەدایەوە:

– حاڵی حازر، دەرفەتی ئەوەم نییە بە کێشەکەی جەنەراڵ ملیرەدا بچمەوە... چی؟ بەڵێ، دەزانم. لەسەر ڕۆییشتنم...

لوکومسکی گەڕایەوە ئۆفیسەکەی خۆی، ماوەیەکی زۆر لەبەر پەنجەرەکەدا وەستا. بە قامکەکانی یاری بە ڕدێنە بۆزەکەی خۆی دەکرد. بە نیگای ئاوارەوە دەیڕوانیە باخەکەو دەیبینی چۆن بایەکە خۆی بە نێو لق و پۆپی چڕی دار بەڕووە زەلامەکاندا دەکات و کەروێشکە بەو سەوزە گیایە دەکات کە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقایەوە.

دوای سەعاتێك، فەیلەقی سێیەمی سوارە، لەلایەن فەرماندەی گشتی سەرکردایەتی جەنگەوە، ئەمری پێکرا کە خۆی بۆ گواستنەوە ئامادە بکات. هەر هەمان ڕۆژ، جەنەراڵ کریموف، فەرماندەی فەیلەقی سێیەم، کە پێشتر لەسەر داوای کورنیلوف، فەرماندەیی سوپای یازدەی ڕەفز کرد بوو، بە بروسکەیەکی جفرەدار، داواکرا کە لە بارەگای سەرکردایەتی گشتیدا ئامادە بێت.

کورنیلوف، ڕۆژی ٩/ ئاب، بە پاسەوانی یەك سریەی تورکمان، بە قیتاری تایبەتی بەرەو پترۆگراد وەڕێکەوت.

بۆ ڕۆژی دوایی لە بارەگای سەرکردایەتیدا دەنگۆ بڵاو بووەوە کە فەرماندەی گشتی نەك هەر لە پۆستەکەی لابراوە بەڵکو گیراویشە. کەچی کورنیلوف، بەیانی ڕۆژی یازدەیەمی مانگ بۆ موهیلیف گەڕایەوە.

هەرکە گەییشتەوە، یەکسەر داوای کرد کە لوکومسکی بچێتە دیدەنی، دوای ئەوەی چاوێکی بە بروسکەو هەواڵەکاندا خشاندو خوێندنیەوە، بە دیقەت سەری قوڵی کراسە زۆر سپی و بێگەردەکەی، کە دەگەڵ ڕەنگی زەیتوونی دەستیا تێکی نەدەکردەوە، هەڵدایەوە. یەخەکەی سەح کردەوە، ڕەفتارە خێراو ناشیانەکەی یەکسەر هەڵچوونە نا ئاساییەکەی کەشف کرد. بە ئەسپایی گوتی:

– ئێستا دەتوانین، گفتوگۆیە نیوە چڵەکەی ئەو ڕۆژەمان تەواو بکەین. مەبەستم ئەوەیە بێینەوە سەر گەنگەشەی ئەو فاکتەرو هۆکارانەی کە واداریان کردم فەیلەقی سێیەم بەرەو پترۆگراد بگوازمەوە، من لەو بارەیەوە هیچم بە تۆ نەگوت. لە کۆبوونەوەی سێی ئابی ئەنجوومەنی وەزیران لە پترۆگراد، کە منیش تیایا بەشدار بووم، کیرنسکی و ساڤنکوف ئاگاداریان کردمەوە کە نابێ باسی مەسەلە زۆر گرینگەکانی بەرگری بکەم، چونکە وەکو ئەوان دەیانگوت، لە ناو وەزیرەکاندا خەڵکانێك هەن کە کەمتر جێگەی باوەڕو متمانەن. بۆیە من وەکو فەرماندەی گشتی کاتێ کە ڕاپۆرتم بە دەوڵەت دەدا، نەدەبوایە باسی نەخشەو پلانی ئۆپەراسۆنە سوپاییەکان بکەم، چونکە هیچ زامنێك نەبوو کە قسەکانم، لە زەرفی چەند ڕۆژێکدا نەگەنە فەرماندەیی ئەڵمانەکان! توخوا ئەمەش بوو بە حکومەت؟ دوای ئەمە، دەتوانم باوەڕم بەوە هەبێ کە حکومەتێکی وا بتوانێ نیشتمان ڕزگار بکات؟

کورنیلوف، هەستا، بەلەز بەرەو دەرگا چوو، کیلی داو گەڕایەوە بۆ لای مێزەکەی. بە هەڵچوونەوە کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەیدا. گوتی:

– بەڕاستی حەیفە، جێی داخە کە ئەم خشۆك و مێروانە حوکمی وڵات بکەن! خەڵکی بێ ئیرادە، بێ شەخسیەت، بێ توانا، گەوج، ترسنۆك و دوودڵ، تەنانەت غایەن، ئا ئەمانە حکومەتایەتی وڵات، ئەگەر بشێت ناوی حکومەتی لێبنرێ، دەکەن. هەڵبەتە بە هاوسۆزی بەردەوام لەگەڵ کەسانی وەکو چیرنوف* و (چیرنوف، سەرکردەی حیزبی سوسیال–شۆڕشگێڕان بوو). خەڵکانی دیدا. بەلشەویکەکان، کیرنسکی لێدەخەن... جا ئەلکساندەر سیرگییوفیچ، ئەمە ئەو ڕەوشەیە کە ڕووسیا گیرۆدەی بووە. جا من بە تەمام، بە گوێرەی ئەو پرەنسیپانەی کە هەردووکمان باوەڕمان پێیەتی، وڵاتەکەمان لە هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکی تازە بپارێزم و دووربخەمەوە. مەبەستی سەرەکی من لە گوێزانەوەی فەیلەقی سێیەمی سوارە، ئەوەیە کە لە کۆتایی مانگی ئابدا لە نزیکی پترۆگراد بێت، تا هەرکاتێ بەلشەویکەکان پەلاماری پترۆگرادیان دا، بە یەکجارەکی حیسابی خۆمان لەگەڵ ئەم خاینانەی نیشتماندا پاك بکەینەوە. جا من لە لای خۆمەوە جەنەراڵ کریموف بۆ ڕێبەریی ڕاستەوخۆی ئەم

ئۆپەراسیۆنە دادەنەم. دڵنیام ئەگەر پێویست بکات، ئامادەیە بێچەندوچوون، بێهیچ دوو دڵییەك. هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنێن (سۆڤیەت/ کرێکاران‌و سەربازان، بگرێت‌و لە سێدارەیان بدات... سەبارەت بە حکومەتی کاتیش با بزانین چۆن دەبێت... من یەك لە باری خۆم هیچم بۆ خۆ ناوێ... تەنیا خەمی ڕووسیامە، دەبێ بە هەر نرخێ بووە، هەر چییەك دەبێ، ڕووسیا رزگاربکەین.

کورنیلوف، لە پڕ لە بەردەم لوکومسکیدا وەستاو پرسی:

– تۆش لەگەڵمای کە مەگەر تەنیا کارێکی واهی بتوانێت ئایندەی وڵات‌و سوپا دابین بکات‌و بپارێزێت؟ ئایا تا کۆتایی لەگەڵما دەبیت؟

لوکومسکی بە جۆشەوە هەستایە سەر پێیان، بە گەرمی دەستە ڕەق‌و تەق‌و گەرمەکانی کورنیلوڤ گوشی:

– دەقاو دەق هەمان بۆچوونی تۆم هەیە، سەدی سەد لەگەڵتام، تا دوا هەناسە لەگەڵتا دەبم. پێویستە بە وردی لە هەموو لایەنێکی مەسەلەکە وردبیینەوە، هەموو شتەکان بە دروستی هەڵسەنگێنین‌و ئەوسا دەستی خۆمان بوەشێنین. ئەمە بە من بسپێرە لاڤرگیورگیوفیچ.

– من نەخشەیەکی گشتیم داناوە کە سەرهەنگ لیبیدیڤ‌و ملازم رۆژنکو بە وردەکاریەکانیدا دەچنەوە، تۆ، ئەلکساندەر سیرگییوفیچ، کارت یەجگار زۆرە. باوەڕبکە هەرکاتێ پەرژاین، بە تێرو تەسەلی باسی هەر هەموو ئەم شتانە دەکەین و ئەگەر پێویست بکات گۆڕانکاریشی تیا دەکەین.

دەستەی سەرکردایەتی گشتی، چەند ڕۆژێکی پڕ مەشغەڵەتی بەسەر برد. هەموو ڕۆژێك ئەفسەرانی دەموچاو تاوەسووت بە جلی جەنگی تۆزاویەوە، لە هەر هەموو بەرەکانەوە، لە یەکە جیاوازەکانەوە، هەروەها نوێنەرانی پۆشتەو پەرداخی یەکێتیی ئەفسەران‌و یەکێتیی قۆزاقان دەهاتن بۆ شاری موهلیف‌و ئامادەگی‌و خزمەمتگوزاری خۆیان پیشان دەدا، هەروەها هەموو ڕۆژێ نامەی کالیدین، کە یەکەمین قۆزاق* بوو و، بە سەرۆك و بەرپرسی سوپای قۆزاقی دۆن دانرا بوو، دەهات.(* بەرپرسان‌و فەرماندەێن سوپای قۆزاق، عادەتەن حکومەت لە نێو ئەو جەنەراڵانەدا هەڵیدەبژاردن کە بە ئەسڵ قۆزاق نەبوون).

هەروەها خەڵکانی مەدەنی جیاوازیش، خەڵکانی دڵسۆز، دەهاتن بۆ ئەوێندەرو پشتیوانی خۆیان بۆ کورنیلوف دەردەبڕی‌و ئامادەبوون یارمەتی بدەن، تا ڕووسیای کۆن، کە لە مانگی شوباتا، لە پێ کەوتبوو، هەستێنێتەوە سەر پێیان. هەروەها کەمتیارانێکیش هەبوون کە پێشوەختە پێشبینی‌و بۆنی خوێنڕێژیەکی گەورەیان کردبوو و بە مەزەندەی ئەقڵی خۆ دەیانزانی چ دەستێکی بەهێز، شادەماری وڵات هەڵدەدڕێ، ئیدی بە تەماحی ئەوەی لەم بەینەدا شتێکیان پێ ببڕێ بە هەڵەداوان بەرەو موهیلف دەهاتن. ناوی دوبرنیسکی و زاڤویکۆ و عەلادین وەکو خەڵکانێك کە پەیوەندی نزیکیان دەگەڵ فەرماندەی گشتیدا هەبوو، زۆرجار لە بارەگای سەرکردایەتی گشتیدا، دەبرا. لە سەرکردایەتی گشتی‌و لە سەرکردایەتی ئەتامانی جەنگی*

(ئەتامان: بەرپرس، ئەتامانی جەنگی: لە کاتی جەنگدا هەر یەکەیەکی قۆزاقی، ئەتامانێکی بۆ خۆی هەڵدەبژارد، بەم بەرپرسانە دەگوترا ئەتامانی جەنگی.)

سوپای دۆندا، زۆرجار خەڵکی لە بەینی خۆدا ئەوەیان دەگوت و دەگوتەوە کە کورنیلوف، لە رادەبەدەر خۆشباوەڕەو کارێکی وایکردووە کۆمەڵێك خەڵکی سەرکێش و خۆسەرو رێسکباز دەوری بگرن. بەڵام زۆربەی ئەفسەرەکان دڵنیابوون کە کورنیلوف ڕەمزو ئالای ژیاندنەوەی ڕووسیای جارانە، ئەو رووسیایەی کە لە شوباتی ۱۹۱۷دا هەرەسی هێنا. ئیدی هەموو هەواداران و ئارەزوومەندانی گەڕانەوەی رژێمی پاشایەتی، لە هەر چوارنکالی وڵاتەوە، لە ژێر ئەم ئالایەدا خڕ دەبوونەوە.

کورنیلوف، لە ۸/۱۳دا چوو بۆ مۆسکۆ تا لە کۆنگرەی دەوڵەتیدا ئامادەبێت.

ڕۆژێکی گەرم بوو، تەنکە هەورێك لێرەو لەوێ بە ئاسمانەوە دیار بوو. ئاسمان، دەتگوت لە ئەلەمنیۆمی شین چێکراوە (دروست کراوە). هەورێکی مەخمەلی، مۆن و تووڕە بە تەشقی ئاسمانەوە بوو. نەخێر، باران دایکرد بەسەر کێڵگەکاندا، بەسەر ئەو قیتارەدا کە بە تەق و هۆڕ بە سەر ڕێڵەکاندا دەڕۆیی، بەسەر دارستانە جوانەکاندا، بە سەر لێڕەواری دارغانانی ڕەنگاوڕەنگا، بەسەر ئەو ئەرزەدا کە ڕەنگی خەمینی پایزێکی زوو وەختەی گرتبوو، خەمینییەك کە لە خەمی بێوەژنان دەچوو، بەسەر هەموو ئەوانەدا، بە نەرمی دایکرد و ئەوجا پەلکەڕەنگینە کەوتە سەرەتاتکێ.

قیتارەکە دەڕۆیی و لوولە دوکەڵێکی سورباوی لە دوای خۆیەوە بە جێدەهێشت. ئەفسەرێکی کورتە باڵا، لە یەکێك لە فارگۆنەکاندا، بە جلە خاکیەکەیەوە کە چەندین خاچی سان جۆرجی بە بەرۆکەوە بوو، لەبەر پەنجەرە کراوەکەدا وەستا بوو. سەری لە پەنجەرەکەوە دەرهێنا بوو و چاوە چکۆلە ڕەشە زوخاڵ ئاساکانی، نیوە نوقانێك، نوقاند بوو. تنۆکە بارانەکە سەخاوەتمەندانە، لە دەموچاوە تاوەسووتەکەی و سمێڵە ڕەشە شۆڕەکانی دەداو فێنکی دەکردەوە. چەپکێ لە قژەکەی کە وەکو هی منداڵ، بەسەر هەنیەیدا ڕژابوو، بەدەم بایەکەوە کەوتبووە سەماو بەرەو دواوە هەڵدەدرایەوە.

"١٤"

نەقیب لیستنتسکی، ڕۆژێك بەر لەوەی کورنیلوف بگاتە مۆسکۆ، چوو بوو بۆ مۆسکۆ، کۆمەڵێك بەڵگەنامەی زۆر گرینگی لەلایەن ئەنجوومەنی یەکێتیی سوپای قۆزاقیانەوە پێ سپێردرا بوو. کاتێ کە بەڵگەنامەکانی دابوو بەسەرکردایەتی کەتیبەی قۆزاقان لە مۆسکۆ، زانی بووی کە چاوەڕوانی ئەوەن سبەینێ کورنیلوف بگاتە ئەوێندەر.

لیستنتسکی بۆ سبەی نیوەڕۆ، بە مەبەستی پێشوازی فەرماندەی گشتی هێزێن چەکدار، چوو بۆ وێستگەی ئەلکساندروفسکی. هۆڵی چاوەڕوانی و کۆفیە دەرەجە یەك و دووەکان، لە خەڵکیدا ، بە تایبەتی خەڵکانی سوپایی، جمەیان دەهات. پاسەوانی شەرەف کە لەلایەن کۆلیجی سوپایی ئەلکساندروفسکییەوە فەراهەم کرابوو، لەسەر شۆستەی وێستگەکە ریزی بەست. فەوجی ژنانی

فیدایی مۆسکۆیی لە کەنار پردە هەواییەکە ریز بوو. قیتارەکەی کورنیلوف. نزیکەی سەعات سێی پاش نیوەڕۆ گەییە جێ. بێدەنگیەکی بەسام باڵی بەسەر جەماوەری خەڵکەکەدا کێشا.

دەنگی تیپی موزیك بەرزبووەوە، پێ بە عاردیدا کوترا. جەماوەرەکە هاڕوژا، بەرەو شۆستەکە هێرشی برد، لیستنتسکی دەگەڵ خۆیدا ڕامالێ. کاتێ خۆی لە ناو ئاپۆڕاکە دەرباز کرد، سەیری کرد دوو ریز تورکمان لە هەنبەر فارگۆنەکەی فەرماندەی گشتی هێزێن چەکدار وەستاون. پرتەوی قاپووتە سوورە تۆخەکانیان، لە قەد بۆدی فارگۆنە بریقەدارەکەدا، ڕەنگی دەدایەوە. لیستنتسکی، کورنیلوفی بینی لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا، پێشوازی شاندو نوێنەری یەکێتیی سوارەی سان جۆرج و یەکێتیی ئەفسەرانی سوپاو هێزی دەریاییو ئەنجوومەنی یەکێتیی هێزێن قۆزاقی کرد. لیستنتسکی، لە نێوان ئەو کەسانەدا کە بە سەرۆکی سەرکردایەتی گشتی دەناسێنران کالیدینی ئەتامانی دۆنو جەنەراڵ زاینوچکوفسکی ناسییەوە.

ئیدی ئەفسەرەکانی دەوروبەری کورنیلوف، ناوی ئەو کەسایەتیانەیان پێدەگوت کە هاتبوونە پێشوازی:

- کیسلیاکوڤ، وەکیلی وەزیری ڕێگاو بان.
- رودنیڤ، ستانداری شاری مۆسکۆ
- شازادە تروبتسکوی، راوێژکارو سەرۆکی کاروباری دەرەوەی بارەگای سەرکردایەتی سوپا.
- سوسین- پوشکین، ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری.
- سەرهەنگ کایو، پاشکۆی سوپایی فەرەنسا.
- شازادە مانسیرڤ.
- شازادە گولیتسن.

ئەم ناوانە بەرێزێکی ئاوێتە بە ڕووپامایییەوە، ناو دەبران.

کاتێ کورنیلوف، هاتە پێشەوە، ئەو ژنە تەڕپۆشانەی کە بەریز لەسەر شۆستەی سکەکە وەستا بوون، گوڵ بارانیان کرد. گوڵە مێخەکێك بە قەیتانی چاکەتەکەیەوە گیربوو، کورنیلوف، پەشۆکا، بە سووکە شەرمێکەوە گوڵەکەی فڕێ دا. ئەفسەرێکی پیری ڕیشنی خەڵکی ئورال، بە زمانێکی گیروناڕەوان، بە ناوی هەر دوازدە کەتیبەکەی قۆزاقانەوە کەوتە خێرهانین و قسەکردن. لیستنتسکی نەیتوانی کۆتایی قسەکانی بژنەوێ، چونکە هوڕوژمی ئاپۆڕاکە بەرەو دیوارەکە رایمالێو چیوای نەما بوو دەسکی شمشێرەکەی بشکێت. پاش ئەوەی رودیچڤی، ئەندامی دۆما، لە وتارەکەی بووەوە، کورنیلوف، بە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا کەوتە ڕێ. چەند ئەفسەرێك دەستی یەکیان گرتو پەرژینێکیان لە دەوری دروست کرد، بەڵام جەماوەرەکە ڕایانماڵین، دەیان دەست بەرەو کورنیلوف درێژ کران. ژنێکی قەڵەوی قژن لە نزیکیەوە دەڕۆییو هەوڵیدەدا تا سەری قۆڵی چاکەتە سەوزە کاڵەکەی جەنەراڵ ماچ بکات. کە لە وێستگەکە وەدەرکەوت، دەنگی هورای خێرهانین و پێشوازی بەرز بووەوە، کورنیلوف خرایە سەر شانو بەدەم هوراکێشانەوە برا.

لیستنتسکی، بە شان، پاڵی بە پیاوێکی پیری بەرێزەوە ناو جێگای خۆی کردەوەو توانی دەستی بگەیەنێتە یەکێك لە چەکمە بریقەدارەکانی کورنیلوفو بە تەڕدەستی لاقی بخاتە سەر

شـانی خـۆی. هەسـتی بـە قورسـی بارەکـەی سـەر شـانی نـەدەکرد، جـۆش و خرۆشـێکی وای پێکەوتبوو هەناسەی تەنگ بوو بوو، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت و بە ئاسانی ڕێبکات. ئیدی بە ناو پاڵەپەستۆی خەڵکەکەدا دەچووە پێشێ. هەراو زەناو هوڕاکێشانی خەڵکەکەو نەوای سازێن مسین گوێی کەڕ دەکرد. کە لە دەروازەی وێستگەکە وەدەرکەوتن، بەلەز چرچ و لۆچی کراسەکەی کە بە هۆی گوشارو قەرەباڵغی خەڵکەکەوە، لە پانتۆڵەکەی هاتبووە دەرەوە، چاك کردەوە، چەند پلەیەك هاتنە خوارەوە: گەیینە مەیدانەکە. ئاپۆڕای خەڵکی لە پێشەوەو پاشان سەربازان و سوارەێن قۆزاق، بە جلکی سەوزباوەوە، بەریز وەستا بوون، لە پەرژین دەچوون. لیستنتسکی دەستی بۆ قەراخی کاسکێتەکەی برد، چاوە فرمێسکاویەکانی لێکدا لێکدا دەتروکاند، لێوی کەوتبوونە تەتەڵە، بێهودە هەوڵیدەدا، لێوە لەرزێیەکەی ڕابگرێت، پاشان دیمەنی چرکە چرکی کامێرای وێنەگرتن و هەراوزەناو جۆش و خرۆشی جەماوەرو ڕێ پێوانی خوێندکارانی کۆلیجی ئەفسەران، لە زەین و یادگەیدا چەسپی، هەروەها، بەژن و بالای وردیلەو شووشـی جەنـەراڵ کورنیلـوف بـە چـاوە چـکۆلە ڕەشـە زوخـاڵ ئاسـاو روخسـارە مەنگولییەکەیەوە، لە زەینا چەسپی کە تەمەشای ڕێپێوانەکەی دەکرد.

***

لیستنتسکی ڕۆژی دوایی، بۆ پترۆگراد گەڕایەوە. لە فارگۆنەکەی خۆیدا، سەرکەوتە سەر تەختە بەرزەکـە، پاڵتۆکـەی خـۆی ڕاخسـت. لەسـەری ڕاکشـا، جگەرەیـەکی پێکـردو بـەدەم جگەرەکێشانەوە بیری لە کورنیلوف دەکردەوە: "گیانی خۆی خستە مەترسییەوەو لە ئەسارەتی دژمن هەلات. وەکو ئەوەی بزانێت کە ولات ڕۆژێ لە ڕۆژان بەم ڕادەیە پێویستی پێی دەبێت. چ هەیبەت و سەرو سیمایەکی هەیە! دەڵێی لە بەرد داتاشراوە. هیچ شتێکی ئاسایی نییە... ئەدی خوو خەسڵەتی بۆ ناڵێی. ئاگاداری هەموو شتێکە، تا هەموو شتێك لە بنج و بناوان نەکات ئۆقرەی نایەت. لە کاتی خۆیدا هەموومان بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت. سەیرە، من تەنانەت نازانم چ بیرو باوەڕێکی هەیە، ئایا سەڵتەنەتخوازە؟ سەڵتەنەتخوازی دەستوورییە... خۆزگە هەموومان وەکو ئەو متمانەو باوەڕمان بە خۆ دەبوو!"

تەقریبەن لە هەمان وەخت و کاتدا لە مۆسکۆ، لە ماوەی پشووی کۆبوونەوەی کۆنگرەی حکوومەتیا، دوو جەنەراڵ، یەکێکیان ئەندام وردیلە سەرو سیما مەغۆلی و ئەویتریان کەتەیەکی سەرزلی، کەللە چوار گۆشەی شان و مل قەوی، قژ گڤی، لاجانگ روتاوەی، گوێ بەسەرەوە نووسا بوو، ئەم دوورە لە خەڵکەکە دوور کەوتبوونەوە، بە ڕاڕەوە تەختە پۆشەکانی شانۆی گەورە*دا (شانۆی گەورە: مەبەست شانۆی بۆڵشۆیە.) هاتوچۆیان دەکردو بەدەم هاتوچۆوە قسانیان دەکرد:

– ئایا ئەم بەندەی بەیاننامەکە، هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەێن ناو یەکە سوپاییەکان، دابین دەکات؟

– بەڵێ.

– ئێمە پێویستمان بە بەرەیەکی یەکگرتووی یەکپارچەیە... بەبێ ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی من دەیڵێم، ڕزگار بوون مەحاڵە. سوپا، بێسەروبەرە، توانای شەڕی نییە. ئەم سوپا شڕو شەپڕێوە نەك هیچ سەرکەوتنێك بە دەست ناهێنێ، بگرە، بەرگەی هیچ سووکە هێرشێکی کەمیك جدیش ناگرێت. بانگەشەو پڕوپاگەندەی بەلشەویکان، هە ڕەسی بە هەموو یەکەکان هێناوەو تەواو ساردی کردوونەتەوە. لێرەدا، لە پشت بەرەی شەڕەوە؟ بە خۆت دەبینی کرێکاران چۆن دژی هەر هەڵێك دەوەستنەوە کە کار بۆ زەبت و ڕەبت کردنیان بکات؟. هەموو ڕۆژێ مانگرتن و خۆپیشاندانە! ئەندامانی کۆنگرە ناچارن بەپێیان هاتوچۆ بکەن... بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە! ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەمڕۆی ئێمە، ئەوەیە داوا بکەین کە پشتی بەرەش بخرێتە ئامادەباشی سوپاییەوە، سیستەمێکی پڕ زەبرو زەنگ بەرپا بکرێت و لەوارو وێخی بەلشەویکەکان و ئاژاوەگێڕەکانی دیکە بنشین و کەم و زۆر ڕەحمیان پێ نەکەین. باشە جەنەراڵ ئالیکسی ماکسیموڤیچ کالیدین، تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی، بتوانم پشتت پێببەستم؟

– بێ چەندو چوون لەگەڵتام. هەمان بۆچوونی تۆم هەیە.

– بە خۆیشم لەو باوەڕەدا بووم. سوپاست دەکەم. بە خۆت دەبینی هەر کاتێ پێویستمان بە ئیجرائاتی توندو بنجبڕ بێت، حکومەت خۆی لە گێلی دەدات و، بە چارەسەرێن نیوەچڵ و قسەی زل و بریقەدار خۆی دەپەڕێنێتەوە. حکومەت هەر دەمە، بە قسە هیچی نەهێشتووەتەوە، دەڵێت "ئێمە بە دەستێکی پۆڵایین لەوانە دەدەین کە وەکو ئەوانەی ڕۆژانی تەمووز هەڕەشە لە دەسەڵاتی میللەت بکەن." بەڵام ئێمە، هەوەڵجار کاردەکەین پاشان دێینە سەر قسە، کردارمان پێش قسەمانە. بەڵام ئەوان بەپێچەوانەی ئێمەوەن. باوا بکەن، بەم زووانە، بەری چارەسەرە نیوەچڵەکانی خۆیان دەدورنەوە... بەڵام من نامەوێ لەم گەمە نا شەریفانەیەدا بەشداری بکەم. من هەمیشە لایەنگری خەباتی ئاشکراو پراکتیکی بووم، من ئەهلی چەنەبازی و چاوو ڕاو نیم.

کورنیلوف، وەستا، یەکێك لە دوگمەکانی چاکەتەکەی کالیدینی ڕێکخستەوە، بە هەڵچوونەوە گوتی:

– ئەوانە بە خۆیان لوولەی تفەنگیان دوور خستەوەو ئێستاش ترسیان لە دیموکراسیەتە شۆڕشگێڕیەکەی خۆیان پەیدا کردووەو داوا لە من دەکەن، کە یەکە باوەڕ پێکراوەکان لە شەڕگە بێنمەوەو لە نزیکی پایتەختدا جێگیریان بکەم. لە کاتێکا خۆیان زات ناکەن بچووکترین ئیجرائی عەمەلی بکەن. هەنگاوێ بۆ پێشەوە، هەنگاوی بۆ دواوە... ئێمە تەنیا بە یەکخستنی ڕیزی هێزەکانمان و بە گوشاری مەعنەوی بەهێز، دەتوانین تەنازول بە حکومەت بکەین، دەنا... بە هەر حاڵ با بزانین. من ئامادەم هێزەکانی شەڕەگە کەم بکەمەوە، تا ئەڵمانیەکان دەرسێکی باش بەمانە بدەن.

– لاڤرگیورگیوفیچ، من ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ جەنەراڵ دوتوڤدا باسکردووە. قۆزاقەکان بە هەموو توانایەکەوە پشتیوانیت دەکەن. ئەوە ماوە لەسەر نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئایندەمان ڕێکبکەوین.

– من، دوای کۆبوونەوەکە، لە ژوورەکەی خۆم چاوەڕوانی تۆو ئەوانی دیکە دەکەم. دەنگوباسی دەڤەری دۆن، ورەی خەڵکی چۆنە؟

کالیدین، چەناگە چوار گۆشە تازە تاشراوەکەی نایە سەر سینگی، بە سیمایەکی گوماناوی پەژارە ئامێزەوە ڕوانیە ئەرزەکەی بەردەم خۆی، پاشان وەڵامی دایەوەو بە دەم قسەکردنەوە، لێوی لە ژێر سمێڵە چڕەکانیەوە دەبزوان:

– من ئەو متمانەیەی جارانم بە قۆزاقەکان نەماوە... سەبارەت بە ورەیان، پیاو بە دروستی نازانێ چۆنە، سازش زەرورییە: قۆزاقەکان دەبێ بۆ پاراستنی دەسەڵات و کاریگەری خۆیان بەسەر غەوارەکانی* دەرو دراوسێی خۆیانەوە، هەندێ ئیمتیازاتیان بدەنێ. (غەوارە: بەو کەسانە دەگوترا کە قۆزاق نەبوون، بەڵام لە ناوچەکانی دەوروبەری دەڤەری قۆزاقەکاندا دەژیان.) ئێمە هەندێ هەنگاومان لەمبارەیەوە ناوە، بەڵام من زەمانەتی سەرکەوتنی ناکەم. دەترسم ناکۆکی بەرژەوەندی نێوان قۆزاق و غەواران، ڕیسەکەمان لێبکاتەوە بە خوری... زەوی... هۆش و گۆشی هەر هەموویان لای زەویە.

– تۆ، بۆ ڕووبە ڕووبوونەوەی ئەگەری ڕووداوانی ناوخۆ، پێویستە چەند یەکەیەکی قوزاقی باوەڕپێکراوت لە خزمەتا بێ، کە هەمیشە حازرو ئامادەبن بە دڵ و بە گیان بتپارێزن. کە گەڕامەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی فەرماندەی گشتی، لەمبارەیەوە قسان لەگەڵ جەنەراڵ لوکومسکیدا دەکەم و ڕێگەیەک دەدۆزینەوە کە چەند کەتیبەیەکی قۆزاق لە شەڕگەوە بۆ دەڤەری دۆن بنێرین.

– ئەگەر ئەوە بکەی، زۆرت لێمەمنوون دەبم.

– دەی باشە، ئەم ئێوارەیە باسی ئەوە دەکەین کە چۆن دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئایندەمان، هەمئاهەنگی بکەین. من، لە سەرکەوتنی نەخشەکەی خۆمان دڵنیام، بەڵام جەنەراڵ، زەمانە بە قای پێناکرێ، ئەگەر پشتی تێکردم و بەدبەختی ڕووی تێکردم، تۆ دەتوانی لای خۆتان، لە ناوچەی دۆندا داڵدەو پەنام بدەیت؟

کالیدین، ئەتامانی قۆزاقان، بۆ یەکەمجار لە سەرەتای گفتوگۆکەیانەوە تا ئێستا، بزەیەکی بۆ کرد کە گرژی و مۆنی و بەدگومانیەکەی سەروسیمای ڕەواندەوەو گوتی:

– نەک هەر داڵدەو پەنات دەدەم، بەڵکو داکۆکیشت لێدەکەم. قۆزاقان لە قالوبەلاوە بە میوانپەروەری بە نێوبانگن.

دوای سەعاتێک کالیدین، ئەتامانی قۆزاقێن دۆن، لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی کۆنگرەدا، بەیاننامەی هەر دوازدە کەتیبەکەی قۆزاقانی خوێندەوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە مەترسی پیلانێکی گەورە، باڵی بەسەر ناوچەی دۆن، کوبان، تیریک، ئۆراڵ و ئوسوری و سەرانسەری خاکی قۆزاق

نشیندا عەینی داوی جاڵجاڵۆکەیەکی ڕەش، لەم مەرزەوە بۆ ئەو مەرز، لەم ستانەوە بۆ ئەو ستان، لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند کەوتە تەنین.

"١٥"

لە دووری یەك فرسەخی ویرانەو کەلاوانی گوندێکی چکۆلەدا کە لە هێرشەکانی مانگی حوزەیراندا، بە هۆی تۆپبارانەوە وێران بوو بوو، ڕیزێ سەنگەری چەپ و ڕاستی سەیر، لە کەنار بێشەیەکدا لێدرابوو. ناوچەیەکی کەناری بێشەکە لەلایەن سریەیەکی تایبەتی قۆزاقەوە پاسەوانی دەکرا.

لە پشتیانەوە، لەودیو بێشەیەکی سەر سەوزی دارچنار و نەمامێن غانەوە، کانە زوخاڵێك هەبوو کە لە ڕۆژانی بەر لە جەنگدا، بەهرەی لێوەردەگیرا، بەڵام ئێستا چۆڵ و هۆڵ، لە دوورەوە وەکو پەڵە قوڕاوێکی ژەنگن دەهاتە بەرچاو. بەری بنە نەستەران لە دوورەوە سوور دەچووەوە. بەدەستی ڕاستا، لە پشت بارستە گڵی بەردەم درەختەکانەوە، جادەیەك تێدەپەڕی کە گوللە تۆپ و هاوەن دای بێژا بوو و یەکپارچە چاڵ و قۆرتان بوو. ئیدی کەناری بێشەکە یەکپارچە تەنکە گیای بە بۆمبا کێڵراو، کۆتەرە داری سوتاو، گڵەسووری زەرد هەڵگەڕاوی قەراخ سەنگەرەکان بوو. ئیدی لێرەوە، تا چاو بڕدەکات، هەر سەنگەر بوو و لە ناو کێڵگە پان و بەرین و مەکشووفەکاندا لێدرا بوو، ئیدی کۆنە کانە خەڵوزەکە، ڕێگا وێران بووەکە، بۆنی ژیان، بۆنی چالاکی بە تۆبزی ڕاگیراویان لێدەهات. بەڵام زەوی و زاری کەنارو ئەوسەری بێشەکە دیمەنێکی تاڵ و خەمناکی دەنواند.

ڕۆژێك ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کۆنە میکانێکییەکەی ئاشەکەی موخوف، چوو بۆ گوندێکی نزیکی ئەو ناوە، کە بنکەی ئیدارەی تەداروکاتی سریەکەی لێبوو و نزیکی ئێوارە گەڕایەوە. لە کاتێکا بەرەو سەنگەرەکەی خۆی دەڕۆیی، تووشی زاخارکورولیوۆ بوو کە ڕووبە ڕووی ئەو دەهات و شمشێرەکەی تەکە تەك، لە کیسە خۆڵەکانی سەر سەنگەرەکان گیر دەبوو، بە نیمچە ڕاکردن، ڕای دەکردو بێهیچ مەبەستێکی دیار دەست و باسکی هەڵدەتەکاند. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، خۆی دایەلاوە تا ڕێگای بکات کە تێپەڕێت، بەڵام زاخار یەکێك لە دوگمەکانی قەمسەڵەکەی گرت. چاوە زەردەکانی لە دوڕ چاوانی بڕی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئاگاداری؟ ئەو پیاوانەی سەمتی ڕاستمان بە تەمان بڕۆن، پێمولیە جەبهەکە چۆڵدەکەن.

ڕدێنە ڕەشەکەی زاخار، بە شێوەیەکی سەیر چنگی بەیەکا کردبوو و چاوەکانی سۆزێکی شپرزەیان دەنواند.

– مەبەستت چیە: "جەبهەکە چۆڵدەکەن."؟

– خەریکە دەڕۆن، بەڵام نازانم بۆ.

– ڕەنگە بیانگۆڕن. با بچین بۆ لای فەرماندەی ڕەعیلەکەو لێی بپرسین.

زاخار، گەڕایەوە، بەرەو پەناگەی فەرماندەی ڕەعیلەکە ڕۆیی، پێی لەسەر ئەرزە تەڕو لێنجەکە دادەخزی.

دوای سەعاتێك ئەو سریە سوارەیەی کە بە هێزی پیادە گۆڕا بوو گەییە گوندەکەو، قۆزاقانی سوارە، ڕۆژی دوایی، بەیانیەکەی، سواری ئەسپەکانیان بوون‌و بە هەشتاو بەرەو پشتی شەڕگە وەڕێکەوتن.

بارانێکی نەم دەباری، دار غانەکان، بە شێوەیەکی خەمناك سەریان دانەواند بوو. ڕێگاکە بە ناو دارستانێکدا دەڕۆیی. یەکپارچە بۆگنخ‌و بۆنی گەڵای وەریوی پار بوو، ئەسپەکان کەوتنە پرمەپرم‌و زیاتر پێیان هەڵدەگرت. هێشووە گوڵی مرواری ئاسا بەسەر بنچك‌و دەوەنەکانەوە دەدرەوشایەوە، سەری شەبدەرو سێپەڕەی باران چەشتە، بە شێوەیەکی سەیر سپی دەچووەوە. باراناوی سەر لق‌و پۆپی درەختەکان، بەدەم بایەکەوە، دەرژا بەسەروچاوی سوارەکاندا. جیّ تکەی باراناو بەسەر پاڵتۆو کاسکێتەکانیانەوە ڕەش دەچووەوەو، لە تۆ وایە ساچمەزەنیان پێوەنراوە. دووکەڵی تووتنی هەرزان بەها، بە سەریاندا شەپۆلی دەداو لە هەواکەدا ون دەبوو.

– خوا دەزانیّ بۆ کوێمان دەبەن. لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن هەڵماندەدەن.

– چما ناو سەنگەر زۆر خۆش بوو؟

– ڕاستە، بەڵام تۆ بڵێی بۆ کوێمان بەرن.

– هەڵبەتە بۆ شوێنێکی تازەمان دەبەن.

– لەوە ناچێت.

– دەی کوڕەکانم، با جگەرەیەك بکێشین‌و خەمی خۆ فەرامۆش بکەین.

– من خەمەکانم لە خورجینی زینەکەم ناوە...

– جەنابی نەقیب، دەتوانین گۆرانی بڵێین؟

– گوتی دەتوانن، ها؟

– ئەرخیب دەست پێبکە.

یەکێك لە نەفەرەکانی پێشەوە گەرووی خۆی پاك کردەوەو هەڵیکردە گۆرانی:

قۆزاقان لە شەڕگەوە دەگەڕانەوە

بە نەجمەی سەرشان‌و

میداڵ‌و خاچ بە سینگ‌و بەرۆکەوە.

دەنگەکان، بەخاوی بەسەر دارستانەکەدا بەرز بوونەوەو پاشان خامۆش بوون. زاخار کورولیوف کە بە تەنیشت ئیڤان ئالیکسییوفیچەوە ڕێی دەکرد، خۆی ڕاستکردەوەو لە سەر ڕکێفەکە هەستایە سەر پیّ‌و بە تەسەوە گوتی:

– دەڵێی کۆمەڵە پیاوێکی نابینان! ئاخر ئەمەش بوو بە گۆرانی، لە وڵاتی ئێمەدا بەمجۆرە گۆرانی دەڵێن؟ بۆ ئەوە باشن سەرو کاسەی گەدایی بە دەستەوە بگرن‌و لەبەر دەرگای کڵێساکاندا، بپاڕێنەوەو بلاڵێنەوە! ئەمەش بوو بە گۆرانی!

– دەی کەوایە خۆت بیڵیّ.

– ملی زۆر کوڵە، دەنگی دەرنایە، جێی گۆرانی تیا نابێتەوە.

– چیە بەو هەموو لاف‌و گەزافەوە دەترسیت؟

کوروليـوف، ڕدێنـه ڕەشـه ئەسـپێونەکەی خـۆی گـرت، بـۆ سـاتێك چـاوی نوقانـدن، بـه تونـدی جڵەوی ئەسپەکەی تەکانداو هەڵیکردە گۆرانیەکی بە جۆش:

ئەهای! قۆزاقانی دلاوەری دۆن، مژدەتان لێبێ.

سوارەکان کە بەڕاستی لەم دەنگە بێدار بوو بوونەوە، هاواریان کرد:

شانازیو سەربەرزی بۆ ئێوەیە.

ئەوسا ئاوازو گۆرانیەکە بەرز بووەوەو گەییە ترۆپکی درەختە نمسارەکان:

ئەهای! بە هەموو دۆستانی نیشان بدەن

کە چۆن، بە تفەنگان، وەکو بارانی بوهار

گوللە دەبارێنن بەسەر دژمنا!

بێئەوەی خۆ شپرزە بکەین،

دژمن دەکوتین

جگە لەو فرمانەی پێمان دەدرێ

گوێ لە هیچ شتێکی دی ناگرین.

فەرماندەکانمان، کە لە جێی بابمانن

بۆ کوێ بڵێن

بێ چەندو چوون بۆ ئەوێندەر

دەڕۆین

شمشێر دەوەشێنین.

نێزە داوێژین!

سەرانسـەری ڕێگاکـەیان بـەدەم گـۆرانی گوتنـەوە بـڕیو زۆر خۆشـحاڵ بـوون بـەوەی خۆیـان گوتـەنی لـە "گۆڕسـتانی گورگـان" ڕزگـار بـوون، سـەنگەرو مەتـەرێزەکانیان ناونـا بـوو گۆڕسـتانی گورگـان. دەمـەو ئێـوارەی هـەمان ڕۆژ، سـواری قیتارێـك بـوون بـەرەو پسـکوف، لـە سـێیەمین وێستگەدا بۆیان دەرکەوت کە سریەکەیان دەگەڵ کەرتو یەکەکانی فەیلەقی سێیەمی سوارەدا بۆ پترۆگراد گوێزراوەتەوە، تا ئەو ڕاپەڕینو یاخیبوونـەی کە دەستی پێکرد بـوو، سـەرکوتبکەن. کە ئەم هەواڵەیان بیست، هەموو بێدەنگ بوون. ماوەیـەکی زۆر بێدەنگیـەکی خـەمناك لـە نێـو فارگۆنـە سوورەکاندا، بەردەوام بوو. بەڵام یەکێکیان کە کابرایەکی درێژ بوو، لە جیاتی هەموویان گوتی:

– لەدەمی سەگ بەر بووین، کەوتینە دەمی گورگ!

ئیڤـان ئالیکسـییوفیچ کـە لـە مـانگی شـوباتەوە بـە فـەرمی بـوو بـوو بـە سـەرۆکی هەمیشـەیی کۆمیتەی سریەکە، لە یەکەم وێستگەدا، چوو بۆ لای فەرماندەی سریەکەو گوتی:

– جەنابی نەقیب، قۆزاقەکان هەموو نیگەرانو ناڕەحەتن.

تەمەشایەکی ئیڤانی کردو بە دەم بزەیەکەوە گوتی:

– منیش نیگەرانم، برادەری ئازیزم.

– بۆ کوێمان دەبەن؟

– بۆ پترۆگراد!

– بۆ سەرکەوتکردنی ڕاپەڕینەکان؟

– ئەدی چی، خۆ بۆ ئەوەمان نابەن بەشداری ڕاپەڕینەکان بکەین؟

– ئێمە نە ئەمەمان دەوێ، نە ئەوە.

– خۆ لێمان ناپرسن چیمان دەوێ.

– بەڵام قۆزاقەکان.

نەقیبەکە سوور بووەوە، بە تووڕەیی قسەکەی پێبڕی:

– قۆزاقەکان چی؟ من دەزانم کە قۆزاقەکان چۆن بیردەکەنەوە. یانی تۆ پێت وایە من ئەم مامۆریەتەم پێ خۆشە؟ وەرە، ئەمە بەرەو بۆ کەتیبەکەی بخوێنەوە. من لە وێستگەی دواترا قسە بۆ قۆزاقەکان دەکەم.

نەقیبەکە، بروسکەیەکی قەدو نوشت کراوی دایە دەست. خەریك بوو تۆزێ گۆشتی قوتووی دەخوارد، چەوریەکەی بەسەریەوە تۆپەڵ تۆپەڵ بوو بوو، کە خستیە دەمیەوە، لەبەر ناخۆشی ڕووی گرژکرد.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بۆ ڤارگۆنەکەی خۆی گەڕایەوە، بروسکەکەی هێندە بە پارێزەوە، بەدەستەوە گرتبوو، لە تۆ وایە پشکۆیەك ئاگری هەڵگرتبوو: "قۆزاقانی فارگۆنەکانی دیکەش بانگ بکە."

ڤیتارەکە کەوتە ڕێ. ژمارەیەك لە قۆزاقەکان، لە فارگونەکانی دیکەوە، خۆیان گەیاندە فارگۆنەکەی ئیڤان. ژمارەیان گەییە نزیکەی سی کەس.

ئیڤان پێی گوتن:

– نەقیب، بروسکەیەکی بۆ هاتووە، دایمێ کە بۆتانی بخوێنمەوە.

– دەی بیخوێنەوە، با بزانین چی تیا نووسراوە!

– دە بیخوێنەوەو تەواو، منجە منجی پێناوێ.

– دەربارەی ئاشتییە؟

– دە کەمێك سەبرتان بێ هەی گلاراو بگرن!

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، پاش ئەوەی هەموو کڕو کپ، بێدەنگ بوون و فزە لە کەسەوە نەدەهات، بروسکەکەی فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار، جەنەراڵ کورنیلوڤ بەدەنگی بەرز بۆ خوێندنەوە. دوای ئەوە، کاغەزی بروسکەکە، دەستاو دەست بە سەر هەمووان‌دا گەڕاو بە ئارەقەی دەستیان تەواو خوسایەوە:

"من، جەنەراڵ کورنیلوف، فەرماندەی گشتی هێزێن چەکدار، لەبەردەم هەموو میللەتدا ڕای دەگەیەنم کە ئەرکی سەربازیم، وابەستەگی و پابەندیم وەکو هاووڵاتیەك بە ڕووسیای ئازادەوە، خۆشەویستی بێپایانم بۆ وڵات، وڵاتپارێزیم وام لێدەخوازن، لەم ساتە هەستیارانەدا، لەم ساتە چارەنووس سازانەدا، سەرپێچی لە هەموو قەرارو بڕیارەکانی حکومەتی کاتی بکەم و فەرماندەیی گشتی سوپاو هێزی دەریایی بپارێزم. جا لەبەر ئەوەی فەرماندەی هەموو بەرەکان، لەم

هەڵوێستەدا لەگەڵمان، بەسەرانسەری میللەتی ڕووسی ڕادەگەیەنم، مەگەر بە مردن دەنا دەستبەرداری پۆستی فەرماندەی گشتی نابم."

کوڕی دڵسۆزو وەفاداری میللەتی ڕووس، لە مەرگ ناترسێتو بە ئەرکی خۆی دەزانێ، لە پێناوی خاکی بابو باپیراندا گیانی خۆی بەخت بکات.

لەم ساتە، بە ڕاستی ترسناکانەدا، کە خاکی باو باپیرانمان پێیدا تێدەپەڕێت، لە کاتێکا کە ڕێگای هەردوو پایتەختەکەمان (پترۆگرادو مۆسکۆ) تەقریبەن لە بەردەم پێشڕەوی سەرکەوتوانەی دژمندا کرایەوە، حکومەتی کاتی، مەسەلەی سەربەخۆیی وڵاتی فەرامۆش کردووەو جەماوەری خەڵك بەوە دەترسێنێ کە گوایە مەترسی شۆڕشی پێچەوانە لە ئارادایە، کە ئەگەر شتی وا هەبێت، هەڵبەتە زادەی بێتوانایی ڕێبەرانی دەوڵەتو لاوازیو گەندەڵی حکومەتە.

من کە ڕۆڵەی دڵسۆزو وەفاداری میللەتو وڵاتی خۆمو بە بەرچاوی هەمووانەوە ژیانی خۆم وەقفی خزمەتی بێ چەندو چوونی وڵات کردووە، لەوانە نیم بەرگری لە ئازادیو خۆیبوونی ئایندەی مەزنی میللەتی خۆ نەکەم. بەڵام حاڵی حازر ئەم ئایندەیە کەوتووەتە دەستی خەڵکانی بێ تواناو بێ ئیرادەوە. دژمنی چاو قایمو گۆساخ خۆی خزاندووەتە ڕێزەکانمانەوە، لە وڵاتا وەکو خاوەن ماڵ ڕەفتار دەکات، وەکو مۆرانە لە ڕێگای بەرتیلو خیانەتەوە، کرمۆڵمان دەکات، نەك هەر هەڕەشە لە ئازادی، بەڵکو هەڕەشە لە قەوارەو بوونی میللەتی ڕووسیش دەکات. جا کوڕانی ڕووسیا، میللەتی ڕووسیا، بێدار ببنەوەو تەمەشا بکەن کە وڵاتی ئێمە بەرەو چ هەڵدێرێکی ترسناك دەبرێت.

جا بە مەبەستی ڕێگرتن لە هەر فەرتەنەو بشێوی و ئاژاوەیەك، بە مەبەستی ڕێگرتن لە ڕشتنی خوێنی میللەتی ڕووسو هەرجۆرە جەنگێکی ناوخۆ، من چاوپۆشی لە هەموو ئەو جنێوانەی پێم دراون، لە هەر سووکایەتیەك کە پێمکراوە، دەکەمو لە بیری خۆمی دەبەمەوەو ڕوو لە حکومەتی کاتی دەکەمو دەڵێم: "وەرن بۆ بارەگای سەرکردایەتی (فەرماندەیی) گشتی، شەرت بێ بەشەرتی پیاوان ئازادیو سەلامەتیتان پارێزراو دەبێت، تادەگەڵ مندا بکەونە سازدانو فەراهەم کردنی نەخشەیەکی بەرگری ئەوتۆ لە نیشتمان کە وێرای دابینکردنی ئازادی، بتوانین میللەتی ڕووس بەرەو ئایندەیەکی مەزنی شایستە بە میللەتێکی ئازادو بە هێز بەرین.

جەنەراڵ کورنیلوف"

قیتارەکە، لە وێستگەی دواترا، بۆ ماوەیەك وەستا. قۆزاقەکان لە فارگۆنەکان دابەزین، دەستە دەستە لە دەوری یەکدی خڕ بوونەوە، حایرو سەرگەردان باسی بروسکەکەی کورنیلوفو، بروسکەیەکی کیرنسکیان دەکرد کە نەقیبەکەیان بۆی خوێندبوونەوەو لەو بروسکەیەدا باسی ئەوە کرا بوو کە کورنیلوف، بابایەکی غایەنو ئەنتی شۆڕشە.

فەرماندەی سریەکەو، ئەفسەرانی فەرماندەی ڕەعیلەکانیش تیا مابوون نەیاندەزانی چ بڵێن.

مارتین شامیل، بە گلەییەوە گوتی:

— من سەرم لێشێواوە، هەموو شتەکانم لێتێکەڵ و پێکەڵ بووە. مەگەر شەیتان بزانێ کێیان ڕاستەو کێیان هەڵەیە!

– ئەوان بە گڕ یەکا دەچن و دەبێ ئێمە باجەکەی بدەین.
– هەردووکیان شینی کورسیەکەیانە.
– وەختێ کەللە زلەکان دەبێ بە شەڕیان، دەبێ قۆزاقان کوتەك بخۆن.
– گێژەلوکەیە، بە ڕاستی، نەگبەتیە!
چەند قۆزاقێك هاتن بۆ لای ئیڤان ئالیکسییوفیچ و داوایان لێکرد:
– بچۆ بۆ لای نەقیبەکەو لێی بپرسە. ئێمە چی بکەین.
هەموو بەرەو فارگۆنەکەی فەرماندەی سریەکە چوون. سەیریان کرد ئەفسەرەکان هەموو لای ئەو خڕ بوونەتەوەو خەریکی گفتوگۆو باسن. ئیڤان ئالیکسییوفیچ وەژوورکەوت:
– جەنابی نەقیب، قۆزاقەکان دەپرسن کە چی بکەن.
– هەر ئێستا دێم بۆ لاتان.
سریەکە بلبتون (تێکڕا) لەبەر دوا فارگۆندا کۆبوو بوونەوەو چاوەڕوانیان دەکرد. فەرماندەکەیان خۆی بە نێویاندا کرد، دڕی پێدان و خۆی گەیاندە ناوەڕاستیان، دەستی بەرز کردەوەو گوتی:
– ئێمە لە ژێر فەرمانی کیرنسکیدا نین، ئێمە لە ژێر فەرمانی فەرماندەی گشتی و فەرماندە ڕاستەوخۆکانی خۆماندابن. وایە؟ کەواتە لەسەرمانە بێ چەندو چوون فەرمانی فەرماندەی گشتی و فەرماندەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین و بەرەو پترۆگراد بڕۆین. بە هەر حاڵ هەرچیەك بێ کەنگێ گەیینە وێستگەی دنۆ، لەوێ جەنەراڵ فەرماندەی فەیلەقی یەکی دۆن دەبینین و هەموو شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بۆیە داواتان لێدەکەم خۆ شپرزە مەکەن، نیگەران مەبن. ئیدی ئەمە ڕۆژگارێکەوە تێی کەوتووین.
نەقیبەکە، ماوەیەکی زۆر باسی ئەرکی سەربازی، نیشتمانپەروەری و شۆڕشی کردو هەوڵیدا قۆزاقەکان هێور بکاتەوە، ئیدی توانی بە هەر چاوو ڕاوێك بوو، وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوەو قەناعەتیان پێبکات، لەو کاتەدا کە قسەی بۆ قۆزاقەکان دەکرد مەکینەیەکیان لە قیتارەکە بەست. قۆزاقەکان، کە نەیاندەزانی دوو ئەفسەری سریەکەی خۆیان، بە دەمانچەوە چوونەتە سەر بەرپێوەبەری وێستگەکەو هەڕەشەیان لێکردووە، زووتر قیتارەکە بە ڕێبکات، بڵاوەیان لێکردو سواری فارگۆنەکانی خۆ بوون.
قیتارەکە، دوای ڕۆژێکی تەواو ئەوسا گەییە وێستگەی دنۆ. لەوێ وەستا، خرایە سەر سکەیەکی دی، تا قیتارێکی دی کە هەردوو کەتیبەی ئوسوری و داغستانی هەڵگرتبوو، بتوانێ تێپەڕێ. قیتاری کەتیبەی داغستانیەکان، هەموو چراکانی هەڵکرد، لە تاریکی شەودا دەبریقایەوە، وردە وردە کەوتە ڕێ، بەدەم ڕێوە دەنگی زوڕناو ئاوازی ناموٚی لێبەرز بووەوە.
نیوە شەو بوو کە قیتارەکە دووبارە کەوتەوە ڕێ. مەکینە چکۆلەکە دەمێك بوو لای ترومپای ئاوەکەوە وەستا بوو، پریشکێکی ناخۆش لە کوورەکەیەوە دەهاتە دەرێ. کابرای شوفێر، سەری لە پەنجەرەی کابینەکەی خۆیەوە هێنا بووە دەرێ و سیگاری دەکێشا، دەتگوت چاوەڕوانی شتێك دەکات. قۆزاقێك سەری، لە فارگۆنەکانی پێشەوە دەرهێناو هاواری کرد:

– ئەهای ئیڤان بکەوە ڕێ، دەنا بەر فیشەکت دەدەین!

سایەقەکە، سیگارەکەی فڕێ دا، تەمەشای کرد کە چۆن لە تاریکیەکەدا بەدەم سەماوە بەرەو خوار دەبووەوە، ئەوسا قوڕگی خۆی پاك کردەوەو گوتی:

– ناتوانن هەموو کەسێك بەر فیشەك بدەن.

ئەوسا لەبەر پەنجەرەکە لاچوو.

دوای چەند دەقیقەیەك قیتارەکە لەپڕ جولاّ، چەك و چۆڵی ناو قیتارەکە بە تەقوهوڕ کەوتن بە سەریەکا، ئەسپەکان کە بە هۆی جولاّنی کوت و پڕی قیتارەکەوە هاوسەنگی خۆیان لە دەست دابوو، بە تەق و هوڕ سمیان دەکێشا بە زەمینەی فارگۆنەکاندا. قیتارەکە بە بەر ترومپای ئاوەکەو هەندێ پەنجەرەی چوارگۆشەی چکۆلەی ڕوناکاو بە بەر دارغانە تاریکەکاندا تێپەڕی. قۆزاقەکان، ئەسپەکانیان ئالیك دابوو و بەخۆیان خەوتبوون، تەنیا هەندێکیان نەبێ کە بێدار بوون و لەبەر دەرگا نیمچە کراوەکاندا دانیشتبوون و بەدەم سیگارکێشانەوە چاویان بڕی بووە ئاسمانی پڕ شکۆو لەفکران ڕاچوو بوون.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە تەنیشت کورولیفەوە ڕاکشا بوو و لە درزی دەرگاکەوە دەیڕوانیە ئەستێرە ڕەوتەنیەکان، بە درێژایی ئەو ڕۆژە بیری کردبووەوەو گەیی بووە ئەو قەناعەتەی کە بە هەر نرخێ بێ، نەیەڵێت قۆزاقەکان بەرەو پترۆگراد بڕۆن. بیری لەوە دەکردەوە، چۆن قۆزاقەکان بێنێتە ڕەداو کاریان تێبکات.

پێش بروسکەو بەیاننامەکەی کورنیلوفیش، قەناعەتی وا بوو، کە ڕێگای قۆزاقان، ئەو ڕێگایە نییە کە ئەو داینـاوە، بە سەلیقەش بۆی دەرکەوتبوو کە بەرگری کردن لە (کیرنسکی)ش لە بەرژەوەندی ئەواندا نیەو هیچی لێنادورنەوە. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەییە ئەم ئەنجامەی کە نابێ بێڵێ سریەکەیان بۆ پترۆگراد بڕوات. خۆ ئەگەر قەراربێ بە ناچاری بە گژ لایەکدا بچن و شەڕی لایەنێك بکەن، دەبێ ئەولاو لایەنە کورنیلوف بێ، بەلاّم نەك لەبەر کیرنسکی و بەرژەوەندی حکومەتەکەی. بەڵکو لە پێناوی ئەو حکومەتەی کە لە دوای ئەوەوە دێت. قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کە ئەو حکومەتەی ئەو دەیەوێ، لە دوای ڕوخان و نەمانی حکومەتەکەی کیرنسکی دێتە سەر حوکم. هاوین چوو بوو بۆ بەشی سوپایی لیژنەی تەنفیزی حیزب. سریەکە لەسەر ئەوەی ناکۆکیەك کەوتبووە بەینی ئەوان و نەقیب، فەرماندەی سریەکە، ئەویان بە نوێنەرایەتی خۆ بۆ ئەوێندەر نارد بوو. لەوێ کاری لیژنەکەی بینی بوو، دەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەلشەویکدا قسەی کردبوو و لە دڵی خۆیدا گوتبووی: "با ئەم ئێسکە پەیکەرە گۆشت بگرێت، دوای ئەوەی گۆشت و پێستی کرێکارانمان داپۆشی، هەنگێ حوکم دەگرێتە دەست و دەبین بە خاوەنی حکومەتی ڕاستەقینەی خۆمان! ئیڤان ئەگەر مردوویت وازیان لێمەیەنە، دەستبەرداریان مەبە، وەکو چۆن منداڵ دەستبەرداری مەمکی دایکی نابێت!".

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، ئەو شەوە کە لەسەر نەرمە زینی ئەسپەکەی ڕاکشا بوو، بە قووڵی و، لە کانگای دڵەوە، بە میهرو سۆزێکی گەرم و گوڕو بیۆێنەوە، بیری لەو پیاوە دەکردەوە کە بە هۆی ئەوەوە. ڕێگای سەخت و دژواری خۆی دۆزی بووەوە. لە کاتێکا بیری لەوە دەکردەوە کە سبەینێ

چی بە قۆزاقەکان بڵێ، ئەو قسانەی ستوکمانی بیرکەوتنەوە کە دەربارەی قۆزاقەکان کردبوونی، لە دڵی خۆیدا دووبارەو چەند بارەی کردنەوە: "قۆزاقان، خەڵکانێکن تا سەر مۆخ موحافەزەکار. ئاگادار بە، کاتێ کە دەتەوێ دروستی بیرو ئەندێشەیێن بەلشەویکیان بۆ شەرح و شرۆڤە بکەی، دەبێ زۆر وریاو بە پارێز بیت: هەوڵبدە بە گوێرەی هەلومەرجی هەڵوێستەکە ڕەفتار بکەیت. لە سەرەتاوە هەمان گومانیان لێت دەبێ، کە تۆو میشکاکوشیڤۆی لە منتان هەبوو، بەڵام نابێ کۆڵ بدەیت. سوور بە لەسەر کارکردن. ئەنجام سەرکەوتن هەر بۆ خۆمان دەبێت."

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، وای وێنا دەکرد ئەگەر هەوڵی ئەوە بدات قەناعەت بە قۆزاقەکان بکات کە دوای کورنیلوف نەکەون و بە گوێی نەکەن، ڕەنگە بە گژیا بێنەوەو ڕووبەڕووی ببنەوە، بەڵام بۆ بەیانی کاتێ کە سەری قۆزاقەکانی داو لە فارگۆنەکاندا، قسەی دەگەڵ کردن، پێشنیازی کرد داوا بکەن کە لەجیاتی ئەوەی بۆ پتروگرادیان بەرن و شەڕی براکوژییان پێبکەن، بیانگێڕنەوە بۆ شەڕگە، قۆزاقەکان نەك هەر بەگژیا نەچوونەوە، بەڵکو بە کەماڵی ئارەزوو پێشنیازەکەیان قەبووڵ کردو ئامادەبوون، هەر لەوێوە بگەڕێنەوە و نەچن بۆ پتروگراد. زاخارکورولیوف و قۆزاقێکی دیکەی خەڵکی ستانی چرنیشفسکایا، بە ناوی توریلین، لەوانی دیکە پتر هاوکاری ئیڤان ئالیکسییوفیچ- یان دەکرد. بە درێژایی ڕۆژەکە، لەم فارگۆنەوە بۆ ئەو فارگۆن دەچوون و قسەیان دەگەڵ قۆزاقەکانی دیدا دەکرد. دەمەو ئێوارێ، کاتێ کە قیتارەکە بە خاوی بە وێستگەیەکی بچووکا، بە نێوی پیشەنیچنیکوفدا تێپەڕی، عەریفی ڕەعیلی سێیەم بە هەشتاو خۆی کرد بە فارگۆنەکەی ئیڤان ئالیکسییوفیچداو بە هەڵچوونەوە هاواری کرد:

- سریەکە، لە یەکەمین وێستگەدا دادەبەزێ، تۆ چۆن سەرۆك کۆمیتەیەکی کە نازانی قۆزاقەکان بە تەمای چین! ئەگەر پیاوەتیە بەسەو ئەگەر کەرێتیە هەر بەسە! لەوەی زیاتر ناڕۆین! ئەفسەرەکان خەریکە ڕستمان دەکەن و تۆش ئاگات لە مەحموودی بێ زەواد نییە، لە کەری ناو زەماوەند دەچیت! یانی ئێمە بۆ ئەمە هەڵمان بژاردیت؟ چییە، بۆچی پێدەکەنی؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:

- دەبوایە زۆر زووتر ئەم قسەیەت کردبا.

لە یەکەم وێستگەی دواتردا، یەکەم کەس بوو کە لە فارگۆنەکە دابەزی. دەگەڵ توریلیندا چوو بۆ لای بەڕێوەبەری وێستگەکە.

- ئێمە لێرە دادەبەزین. پێویست ناکات قیتارەکە هێوەتر بنێرێ.

بەڕێوەبەری وێستگەکە، حەپەسا، پرسی:

- چۆن؟ من ئەمرم پێکراوە کە بەپەلە ڕەوانتان بکەم...

توریلین، بە ڕوویا هەڵشاخی و گوتی:

- قسەی زیاد مەکە!

پاشان بە دووقۆڵی کەوتنە تاقیبی کۆمیتەی وێستگاکە، دوای ئەوەی دۆزییانەوە، دەگەڵ بەرپرسی کۆمیتەکەدا، کە کابرایەکی بێتەلی، مووسووری درێژ داهۆڵ بوو، گفتوگۆیان کرد.

دوای چەند دەقیقەیەك یارۆی شوفێری قیتارەکە، بەخوایشتی خۆی قیتارەکەی لەسەر سکەیەکی لاوەکی ڕاگرت.

قۆزاقەکان، بە هەشتاو، دەپ و لەوحیان نا بە فارگۆنەکانەوەو دەستیان بەداگرتنی ئەسپەکان کرد. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ لاقی لێکدی بلاوکردبوونەوەو بە ڕووی خەندانەوە ئارەقەکەی سەروچاوی دەسڕی. فەرماندەی سریەکە بە هەڵەداوان (پەلەی زۆر) هات بۆ لای:

– ئەوە تۆ چ دەکەی؟ بە خۆت دەزانی کە ئەمە...

ئیڤان ئالیکسییوفیچ قسەکەی پێبڕی:

– دەزانم! تۆش جەنابی نەقیب، گاڵەگاڵ (هەرا هەرا) مەکە!

ڕەنگی تێك چوو، پەڕەی کەپووی کەوتنە لەرزین، بە کاوەخۆ لەسەری ڕۆیی:

– بابە گیان تا ئێستا تۆ ئەمرت بە ئێمە دەکرد، لە ئێستا بە دواوە نۆرەی ئێمەیە و تەواو!

نەقیبەکە، کەوتە زمانەلاڵکێ:

– ئاخر فەرمانداەی گشتی، جەنەراڵ کورنیلوف...

لێ ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەدەم تەمەشاکردنی پۆستاڵە کۆنەکانی خۆیەوە، کە چوو بووە لمەکەدا، دەستێکی هەڵتەکاندو پێی گوت:

– تۆ دەتوانی، فەرماندەی گشتی بکەیت بە میداڵو لە جیاتی خاچ لە ملی خۆتی بکەیت، بەڵام ئێمە پێویستمان پێی نییە.

نەقیبەکە، لەسەر پاژنەی پێ وەرچەرخاو بە هەڵەداوان بەرەو فارگۆنەکەی خۆی ڕۆیی.

دوای سەعاتێك، سریەکە، بێئەوەی هیچ ئەفسەرێکیان لەگەڵدا بێ، بەریزو زۆر بەڕێك و پێکی وێستگاکەیان بەجێهێشت و بە تەواوی نەزمو تەکووزی جەنگییەوە، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا وەڕێکەوتن.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە ریزی پێشەوەی فەسیلی یەکەمدا، دەگەڵ مەفرەزەی ڕەشاشچیەکاندا ڕێی دەکردو بە هاوکاری توریلینی کورتە باڵای تۆکمە، ڕێبەرایەتی دەکردن.

بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە لە نەقیبەکەیان وەرگرتبوو.ڕێیان دەکرد، بە زەحمەت ڕێگاکانیان دەدۆزییەوە، بە زەحمەتێکی زۆر گەیینە گوندی گورلویە، شەویان لەوێندەر بەسەر برد. کۆبوونەوەیەکی گشتییان کرد، بڕیاریان دا بۆ شەڕگە بگەڕێنەوەو هەرکەسێك ڕێی پێگرتن، دەستی لێبکەنەوەو شەڕی بکەن.

پێوەندیان، لە پێی ئەسپەکان کردو پاسەوانیان دانا. ئەوسا ڕاکشان کە بخەون، ئاگریان نەکردەوە، دیار بوو زۆربەی هەرە زۆریان، لەباری دەروونییەوە ناڕەحەت بوون. بێئەوەی وەکو جاران بکەونە گفتوگۆو شۆخی و سوعبەتان ڕاکشا بوون، کەس گرێی دڵی خۆی بۆ کەس نەدەکردەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ کە خۆی لە ژێر پاڵتۆکەیەوە قانگڵە کردبوو، بە نیگەرانیەوە لە خۆی دەپرسی: "باشە ئەگەر ڕای خۆ بگۆڕن و بابدەنەوە، چ بکەین؟!".

توریلین، وەك بڵێی ئەو خەیاڵەی ئەوی خوێندبێتەوە، هات بەلایەوەو گوتی:

– ئیڤان، خەوتوویت؟

– هێشتا نەخەوتووم.

توریلین، لەلایەوە، بە چیچکانەوە دانیشت، سیغارێکی پێکردو لە بن لێوانەوە گوتی:

– قۆزاقەکان نیگەرانن.. ئێستا کە کار لە کار ترازاوە، دەترسن. تۆ پێت وانیە، بەم کارە خۆمان تووش کرد؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە کاوەخۆ بەرسڤی دایەوە:

– با بزانین. خۆ تۆ ناترسیت؟

توریلین، دەستی برد، لە ژێر کاسکێتەکەیەوە سەری خوراند، بزەیەکی ساردی بۆ کرد.

– پیاو ڕاست بڕوات، خەیاڵم ڕەحەت نییە، دەترسم... لە سەرەتاوە وا نەبووم، بەڵام ئێستا کەمێك دوو دڵم.

– لەوە ناچیٚ پیاوێکی بە ورە بی، وایە؟

– چبکەین ئیڤان؟ ئەمانە بە هێزن

ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون، چراکانی گوند بەرە بەرە کوژانەوە. لە دوورەوە، لە نێو پەڵە چنارەکانەوە، دەنگی نێرە مراویەك بەرز بووەوە، توریلین بە دەم خەیاڵەوە گوتی:

– بانگی مێیەکەی دەکات.

دووبارە بێدەنگ بووەوە.

بێدەنگی و کپی شەو باڵی بەسەر مێرگوزارەکاندا کێشا. گیایەکان لە ئاونگا (شەونم) هەڵکشان و سەریان قورس بوو. شنەبایەك هەڵیکرد، بۆنی گیا وڕووەکی قۆپی و زەلکاوەکانی، بۆنی زەلی رزیوو وزەوی تەڕو گنخاوو سەوزەگیای لە شەونما هەڵکشاوی بەرەو ئۆردوگای قۆزاقەکان دێنا. جار جار زڕە زڕی پێوەندی ئەسپێك، یان پڕمەو هۆڕی ئەسپێك، یان خۆ گەوزاندنی ئەسپێك لەسەر سەوزە زارەکە دەهاتە گویٚ و دوای تۆزێك بێدەنگییە خەواڵوەکە، دەستی پێدەکردەوە، ئەوجا دەنگی بانگی نێرەمراویەکی کێوی لە دووری دوورەوە بە ئاستەم دەهات و مێیەکەی لە مەودایەکی نزیکترەوە، وەڵامی دەدایەوە. ئەوسا فڕەی کوت و پڕی باڵێن نادیار، لە ناوجەرگەی تاریکیەکەوە هەڵدەستا. دنیا، لە شەوو خامۆشی و ڕتوبەتی سەوزەزارو تەمومژدا نقووم بوو بوو، لە قۆڵی رۆژئاواوە، ڕێك لە تاقی ئاسماندا، پەڵە هەورێکی وەنەوشەیی، عەینی هەویری هەڵاتە بەسەر خاکی کەوناری پسکۆفدا، لە قوڵایی ڕێگای پان و بەرین و درەخشانی کاکێشاندا سەرەتاتکێی بوو.

سریەکە، سپێدە زوو دووبارە وەڕێکەوتەوە. بە ناو گوندی گورلویەدا تێپەڕین، ئەو ژن و منداڵانەی کە گاوگۆتاڵیان بۆ لەوەڕگەو ناو گاڕان ڕەوان دەکرد، ماوەیەکی زۆر لە دواوە تەمەشایان کردن. سریەکە دەگەڵ یەکەم گزنگی بەیاندا، گەییە سەر گردێك کە لەبەر گزنگی خۆرەکەدا وەکو خشتی سوور، سوور دەچووەوە. توریلین، بە ڕێکەوت ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، بە نووکی پیٚ ژەنی بە رکێفەکەی ئیڤان ئالیکسییوفیچ داو گوتی:

– تەمەشای دواوە بکە، چەند سوارێك لە دوومانن.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد سێ سوار لە گوندەکەوە دەرکەوتوون و بە ناو تەپۆتۆزێکی خاکیدا بەتاو، بە چوار ناڵە دێن. یەکسەر فەرمانی دا:

– سریە، بوەستە!

قۆزاقەکان، خێرا، لە شێوەی چوار گۆشەیەکی کەوەییدا ریز بوون. کاتێ سوارەکان نزیک بوونەوە، گەیینە نیو فرسەخی ئەمان، تاوی ئەسپەکانیان خاو کردەوە، کەوتنە ڕەوتە. یەکێکیان کە ئەفسەرێکی قۆزاق بوو، دەستەسرێکی سپی لە بەرکی دەرهێناو بەرزی کردەوە. قۆزاقەکان، چاویان لەم سێ سوارە نەدەگواستەوە. ئەفسەرەکە کە جلی خاکی جەنگی لەبەر بوو، لە پێشەوە دەهات و دووانەکەی دی کە قاپووتی چەرکەسییان لەبەر بوو، کەمێك لە دوای ئەوەوە دەهاتن.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە ئەسپەکەیەوە بەرەو ڕوویان چوو و پرسی:

– چیتان دەوێ؟

ئەفسەرەکە ئیکلامێکی بۆ کێشاو گوتی:

– هاتووین دان و سانتان دەگەڵ بکەین. کێتان فەرماندەیی سریەکەی لە ئەستۆ گرتووە؟

– من.

– من نوێنەری سەلاحیەتداری فیرقەی یەکەمی قۆزاقی دۆنم و ئەمانەش نوێنەری فیرقەی ناوچەیین.

بە گۆشەی چاوهەردوو کابرای کوێستانی نیشاندا. پاشان جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا، بەدەست کەوتە نەوازشی گەردنی ئەسپەکەی کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو و، لەسەری ڕۆیی:

– ئەگەر حەزدەکەی دان و سان بکەین، ئەمر بە سوارەکانت بدە کە لە ئەسپەکانیان دابەزن. من هاتووم ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی فەرماندەی فیرقە، جەنەراڵ گریگوفتان پێ ڕابگەیەنم.

قۆزاقەکان، لە ئەسپەکانیان دابەزین. نوێنەرەکانی فیرقەش دابەزین. بە ناو ئاپۆڕای قۆزاقەکاندا ڕۆییشتن و لە ناوەندیاندا وەستان. قۆزاقەکان ڕێیان بۆ کردنەوەو ئەڵقەیەکی بچووکیان بە دەوریاندا دروست کرد. ئەفسەرە قۆزاقەکە یەکەمجار قسەی کرد:

– قۆزاقینە! ئێمە هاتووین داواتان لێبکەین کە وەخۆ بێنەوەو، بەم کارەی خۆتانا بچنەوەو، خۆتان لە ئاقیبەت و ئاکامی خراپی ئەم کارە دوور بخەنەوە. سەرکردایەتی فیرقە، دوێنێ هەواڵی زانی کە ئێوە بە فیت و هاندانی تاوانکارانەی هەندێ کەس، تەفرەتان خواردووەو خۆسەرانە لە قیتارەکە دابەزیون، جا ئەمڕۆکە سەرکردایەتی فیرقە ئێمەی نارد تا ئەم فرمانەتان پێڕابگەیەنین: بە پەلەو بیدواکەوتن بۆ وێستگەی دنو بگەڕێنەوە. سەربازانی فیرقەی ناوچەیی و هێزێن سوارەی دیکە ،دوێنێ پترۆگرادیان گرتووە. ئەمڕۆ بروسکەیەکمان پێگەییووە کە هێزەکانی پێشەوەمان گەییونەتە ناو شارو هەموو بینا حکومەتیەکان، بانقەکان، تەلەگرافخانە، تەلەفۆنخانەو هەر هەموو دام و دەزگا گرینگەکانیان گرتووە. حکومەتی کاتی قوچاندوویەتی و تەواو بووە. جا هاونشتمانانی بەرێز، باش بیری لێبکەنەوە! ئەگەر مل بۆ فەرمانەکانی فەرماندەی فیرقە نەدەن، هێزی چەکدارتان دەکرێتە سەر، ئیدی ئەم هەڵوێست و ڕەفتارەتان بەخیانەت، بەسەرپێچی لە ئەرکی سەربازیتان دێتە حیسابکردن و

تەنیا بە ڕادەستبوونی بێ قەیدو شەرت دەتوانن خۆێنی خۆتان بکڕنەوەو ڕێگە لە خوێنڕێژی بگرن.

کاتێ کە نوێنەرە ئەفسەرەکان هاتن‌و لێیان نزیك بوونەوە، ئیڤان ئالیکسییوفیچ، هەستی کرد پێویستە لەگەڵیاندا بکەوێتە دانوسان‌و گفتوگۆ، چونکە دان‌وسان نەکردن، ئاکامی خراپ‌و نەرێنی لێدەکەوێتەوە. بۆیە دوای بیرکردنەوەیەکی کەم فەرمانی بە سریەکەدا کە لە ئەسپەکان دابەزن، بەدزییەوە چاوێکی لە توریلین داگرت‌و بە خۆی، بە نێو ئاپۆرای قۆزاقەکاندا ڕۆیی‌و بەرە بەرە لە نوێنەرەکان نزیك بووەوە. قۆزاقەکان، خەمبارو مات‌و مەلوول گوێیان لە قسەکانی یارۆی ئەفسەر دەگرت‌و هەندێکیان دەیان پسکاند بە گوێی یەکدیدا، زاخارکورولیوف بە ڕدێنە ڕەشەکەیەوە کە عەینی قوڕقوشمی تواوە بەسەر کراسەکەیەوە پان بوو بووەوە، بزەیەکی حەپەساو نیشتبووە سەر لێوی، بورشچوف، یاری بە شەلاقەکەی دەکردو پێڵوی چاوی دێنایەوە یەك، عەریف پشەنیچنیکوف، دەمی داچەقاند بوو و حایرو حەپەساو چاوی بڕی بووە چاوانی ئەفسەرەکە. مارتین شامیل، بە دەستە چڵکنەکانی، ڕوومەتەکانی خۆی دەخوراندو لێکدا لێکدا چاوی دەتروکاند، ڕوخساری زەردو سادەو ساکاری باگروف لە پشت ئەوەوە دیار بوو. کراسینکوف، بە خۆی‌و ڕەشاشەکەیەوە، چارەی گرژ کردبوو و لە تۆ وایە چاوەڕوانی شتێك دەکات، توریلین، کەوتبووە هانکەهانك، ئوبنیزوف، کە ڕوخساری یەکپارچە نمووس‌و وردە خاڵان بوو، کاسکێتەکەی بردبوو بە پشتا‌و وەکو گایەك لە ژێر نیرا بێت، سەری بە قژو کاکۆڵە درێژەکەیەوە، بەم لاو بەولادا بادەدا. هەموو سەربازەکانی فەسیڵی دووەم، سەریان داخستبوو و دەتگوت لە ڕیزی نوێژدا وەستاون. ورتە لە کەسەوە نەدەهات، هەناسەیان بەزەحمەت دەهات‌و دەچوو، ترس‌و سەرگەردانی بە ڕوخساریانەوە شەپۆلی دەدا.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، هەستی کرد، قۆزاقەکان، ورەیان بەرداوەو ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت دوای چەند دەقیقەیەکی دی ئەم ئەفسەرە زمانلوس‌و دەمتەڕە بەلای خۆیا ڕایان دەکێشێت‌و هەڵیان دەگەڕێنێتەوەو کارێکی وەها دەکات بگەڕێنەوە. دەبوایە بە هەر نرخێ بووە، ئەفسوونی قسەکانی بە تاڵ بکرێتەوەو نیازی نەگوتراوی قۆزاقەکان هەڵبوەشێنرێتەوە. ئیڤان ئالیکسییوفیچ دەستی هەڵبڕی، چاوانی، کە کرابوونەوەو بە شێوەیەکی سەیر سپی دەچوونەوە، بەسەر ئاپۆرای قۆزاقەکاندا گێڕا:

– کوڕینە، دەققەیەك سەبر بکەن!

ئەوسا ڕووی کردە ئەفسەرەکەو پرسی:

– بروسکەکەت پێیە؟

ئەفسەرەکە بەسەرسامی گوتی:

– کام بروسکە؟

– ئەو بروسکەیەی کە دەڵێت پترۆگراد گیراوە.

– بروسکە؟... هەڵبەتە نا، بروسکەت بۆ چیە؟

– ئاوها! کەواتە بروسکەی پێ نییە!...

تێکڕای سریەکە، هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا. زۆربەی قۆزاقەکان سەریان هەڵبڕیو چاوی ئومێدیان بڕییە ئیڤان ئالیکسییوفیچ. ئەمجارەیان نۆرەی ئەو بوو، متمانەی بە خۆ پەیدا کردەوە، بەوپەڕی دڵنیایی، دەنگی دلێری لێهەڵبڕیو سەرنجی هەموویانی بۆ لای خۆی راکێشا.

– وتت بروسکەکەت پێ نییە ها! ئەدی چۆن باوەڕت پێبکەین؟ دەتەوێ فریومان بدەیت؟ نا، خەیاڵت خاوە بتوانی تەفرەمان بدەیت!

هەموو سریەکە بە یەك دەنگ گوتیان:

– درۆیە، هەر هەمووی کەڵەکە!

ئەفسەرەکە، دەستی خستە سەر سینگی تا وەڵامی ئامادەبووان بداتەوەو گوتی:

– قۆزاقینە، ئەوەی ڕاستی بێ، بروسکەکە بۆ خودی من نەهاتبوو.

بەڵام ئیدی کەس گوێی لێنە دەگرت. ئیڤان ئالیکسییوفیچ کە بینی سەر لە نوێ متمانەی قۆزاقەکانی بە دەست هێنایەوەو هاوسۆزیانی بەلای خۆیدا ڕاکێشایەوە، وەکو چۆن ئەڵماس شووشە دەبڕێت بەو ئاوایە لەسەری ڕۆیی:

– تازە، ئەگەر بروسکەکەشت لەلابێ، پترۆگرادیش گیرابێ، ئێمە لەگەڵتا نین و نابین. ئێمە شەڕی براکوژی ناکەین، ئێوە دەتانەوێ بەگژ یەکترماندا بکەن. ئەو کەرایەتیە ناکەین. ئێمە نامانەوێ حکومەتێکی سوپایی بە سەرۆکایەتی جەنەراڵان بێنینە سەر حوکم و تەواو!.

قۆزاقەکان، تێکڕا خرۆشان، بە دەنگی بەرز، هاواریان کرد:

– ڕاستە!

– ڕێك نیشانەکەی ئەنگاوت.

– زۆر ڕاستە...

– بڕۆن گوم بن، هەیدێ...

– چ خوازگارانێکیان بۆمان ناردووە!

– لە پترۆگرادا سێ کەتیبە قۆزاق هەن، بەڵام نایانەوێ شەڕی میللەت بکەن!

– ئەهای ئیڤان! پێویست ناکات لەگەڵ ئەمانەدا نەرم بیت، دەریان بکە. با لەبەر چاومان گوم بن!

ئیڤان ئالیکسییوفیچ چاوێکی بە نوێنەرەکاندا گێڕا، ئەفسەرە قۆزاقەکە، بە تاسەوە چاوەڕوانی دەکردو لێوی خۆی دەگەست. دوو ئەفسەرە کویێستانیەکەش، شان بە شانی یەکدی لە پشت ئەوەوە وەستا بوون، یەکێکیان ئەفسەرێکی گەنجی باریکەلەی خەڵکی ئینگوش و باسکەکانی لەسەر چەرکەسکایە (قاپووتی لبادی دەستکردی چەرکەسان) جوانەکەی تێك هاڵاند بوو و چاوە بادەمیە خوارەکانی لە ژێر کڵاوە ڕەشە فەروەکەیەوە، کسکە کسك دەبریسکانەوە. بەڵام دووەمیان کە پیرەمێردێکی موو بۆزی ئوسیتانی بوو، لاقێکی دەرهاویشتبوو و دەستی بە دەسکی شمشێرەکەیەوە گرتبوو، بە نیگایەکی تەنز ئامێزەوە چاوی بە قۆزاقەکاندا دەگێڕا. ئیڤان ئالیکسییوفیچ خەریك بوو کۆتایی بە گفتوگۆو گەنگەشەکە دێنا، بەڵام ئەفسەرە قۆزاقیەکە

پێشی کەوتەوەو پاش ئەوەی پسکە پسکێکی دەگەڵ ئەفسەرە ئەنگۆشیەکەدا کردو بە دەنگی بەرز گوتی:

– قۆزاقانی دۆن! ئایا ڕێگە دەدەن، کە ئەم نوێنەرەی فیرقەی ناوچەیی، دوو کەلیمە قسەتان دەگەڵ بکات؟

ئەفسەرە ئەنگۆشیەکە، بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، بە چەکمە بێناڵچەکانیەوە خۆی گەیاندە ناوەندی ئەڵقەکە و پشتێنە باریکە، بە تەرەقە زیوەکەی، ڕێکخستو گوتی

– برایانی قۆزاق! ئەم هەراو هەنگامەیەی بۆ چیە؟ پێویستە بە شێنەیی قسان بکەین. ئێوە جەنەراڵ کورنیلوفتان ناوێ؟ شەڕتان دەوێ؟ زۆر باشە شەڕ دەکەین. ئێمە ناترسین! هیچ ترسێکمان نییە! لەمڕۆ زووتر نییە، ئادارتان بەسەر پادارەوە نایەڵین. دوو هەنگی کوێستانیمان لە دواوەیە! بەڵێ، هەراو زەنای ناوێ.

لە سەرەتاوە، بە ئارامیەکی دەسکردەوە کەوتە قسان، بەڵام کە بەرە بەرە گەرم بوو، وشە وەکو بە ڕوو لەدەمیا دەتەقیەوە، کۆمەڵێك وشەی زمانی زگماکی خۆی، تێکەڵ بە ڕووسیەکی سەروگوێ شکاو کردو لەسەری ڕۆیی:

– ئێوە دژمنی خۆتان ناناسن، ئا ئەو قۆزاقیە لە خشتەتان دەبات، ئەوە بەلشەویکە، هەرما دوای بابایەکی بەلشەویك بکەون!؟ خێرا دەستگیری بکەن، چەکی بکەن!.

بەوپەڕی بێباکی ئاماژەی بۆ لای ئیڤان ئالیکسییوفیچ دەکرد. چاوی بە ئامادە بووەکاندا دەگێڕا، ڕەنگی پەڕی بوو، بە هەڵچوونەوە، لە ناوەندی ئەڵقەی قۆزاقەکاندا بێهیچ مەبەستێك دەستی دەجوڵاند. هاوڕێ ئوسیتانیە قژ بۆزەکەی هێدی‌و هێمن مێشێك میوانی نەبوو. ئەفسەرە قۆزاقیەکە گەمەی بە گێزو گوڵینگ‌و ڕیشوی دەسکی شمشێرەکەی دەکرد. بێدەنگی دیسان باڵی بەسەر قۆزاقەکاندا کێشایەوە. نیگەرانی‌و شپرزەیی نیشتەوە سەر چاویان. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، دەیڕوانیە ئەفسەرە ئەنگۆشیەکە، دەیڕوانیە ددانە سپیەکانی کە وەکو دانی دڕندان دەبریسکانەوە، دەیڕوانیە ئەو ئارەقە شین‌و مۆرەی کە بەلاجانگی چەپیا ڕێچکەی بەستبوو. بە نیگەرانیەوە بیری لەوە دەکردەوە کە دەیتوانی بە یەك کەلیمە کۆتایی بەگەنگەشەکە بێنێ‌و قۆزاقەکان دوای خۆی بخات‌و بڕۆن کەچی نەیکرد. بەڵام توریلین فریاکەوت‌و مەسەلەکەی یەکلایی کردەوە. بەلەز خۆی گەیاندە ناوەندی ئەڵقەکەو بەتوندی کەوتە دەست جوڵاندن، بەجۆرێ هاڕوژا بوو، کەف کەوتبووە لالغاوەی، بە دەنگێکی هێندە تووڕە هاواری کرد کە دوگمەی کراسەکەی پچڕا:

– مارمێلکانە! بەدبەختانی دەبەنگ!... ئەمانە مەراییتان دەکەن‌و وەکو قەحپە گەرەکیانە بتانخەنە داوەوەو کەچی ئێوە گوێتان هەڵخستووەو گوێیان لێدەگرن! دەیانەوێ بە دەمتانەوە بگرن! غافڵگیرتان بکەن. ئێوە چ دەکەن؟ خەریکی چین؟ لە جیاتی بە شمشێران تێیان بەربن‌و لەت‌و پەتیان بکەن، کەچی بە دیاریانەوە وەستاون‌و گوێیان لێدەگرن! لە ملیان بدەن، خوێنیان برێژن! ئا ئێستا کە ئێوە خەریکی گفتوگۆن، ئەوان خەریکن دەورمان دەگرن، گەمارۆمان دەدەن، بە ڕەشاشان پاکومان دەدەن!... کە ڕەشاش کەوتە کار کەس فریای خۆی

ناکەویٚ! ئەمانە هاتوون چاوبەستەکیٚتان لیٚدەکەن و چاوەڕوانن تا هیٚزەکانیان دەگاتە ئیٚرە. ئاخر ئیٚستا وەختی گفتوگۆو گەنگەشەیە! ئیٚوە بە خۆتان دەڵیٚن قۆزاق! لە ژن کەمترن، بۆ میٚبازی ئازان.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە دەنگیٚکی بە سام هاواری کرد:

– سوار بن!

هاوارەکەی، وەکو بومبا لە نیٚو ئاپۆراکەدا تەقیەوە. قۆزاقەکان بە هەشتاو بەرەو لای ئەسپەکانیان چوون. لە چاو تروکانیٚکا قۆزاقە پەراگەندەکان بە گویٚرەی فەسیلْ ڕیزیان بەست.

ئەفسەرە قۆزاقەکە، شپرزە بوو، هاواری کرد:

– قۆزاقیینە گویٚ بگرن!

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، تفەنگەکەی لە شانی خۆ هیٚنایە خواریٚ. بیٚهیچ دوودڵیەك دەستی نایە سەر پەلەپیتکە. لە کاتیٚکا لغاوەکەی دەکردە دەمی ئەسپەکەی، هاواری کرد:

– تەواو، گفتوگۆ تەواو بوو. ئیٚستا بمانەویٚ قسەتان لەگەڵ بکەین، بە زمانی تفەنگ دەیکەین.

تفەنگەکەی، بەرز کردەوە.

سریەکە، فەسیلْ بە فەسیلْ کەوتە ڕیٚ. کاتیٚ کە ئاوڕی پاشەوەیان دایەوە، سەیریان کرد، سواری ئەسپەکانیان بوون و لە بەینی خۆیاندا ڕاویٚژ دەکەن، یارۆی ئەنگۆشی بەدەم دەست جوڵاندنەوە زۆر بە گەرمی گەنگەشەی دەکرد. قۆڵی هەڵکراوی کراسەکەی، لە دوورەوە، وەکو بەفر سپی دەچووەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە دوا ئاوڕی دایەوەو ئەم پەڵە زۆر سپیەی بینی، بیٚئەوەی بزانیٚت بۆ، لە پڕا سینەی پەشیٚواوی دۆنی، هاتە بەرچاو کە بەدەم بایەکی وشکەوە شەپۆلی دەدا، شەپۆلی یالْ سەوز هەر یەك بە قەد بالاٚ زەلامیٚك، باڵی سپی نەورەسیٚك، کە بەسەر ترۆپکی شەپۆلەکانەوە دەڕۆیی، لەبەر چاویا بەرجەستە بوو.

"١٦"

کورنیلوف، لە رۆژی ٨/٢٩ دا، بە ناوەڕۆکی ئەو بروسکانەدا کە کریموف بۆی دەنارد، بۆی دەرکەوت، کە کودەتا سوپاییەکە، شکستی هیٚناوە.

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، ئەفسەری کارگیٚڕی نوسینگەکەی کریموف، بە خۆو کۆمەڵیٚك نامەوە گەییە بارەگای فەرماندەیی گشتی. کورنیلوف، ماوەیەکی زۆر قسەی دەگەڵ کرد، ئەوسا ناردی بە شویٚن جەنەراڵ ڕومانوفسکیدا، لە کاتیٚکدا کە بە تووڕەیی پارچە کاغەزیٚکی گرمۆڵە دەکرد، پیٚی گوت:

– هەموو شتیٚك هەرەسی هیٚناوە، تەواو گەمەکەمان دۆڕاند... کریموف ناتوانیٚ لە کاتی دیاریکراودا، هیٚزەکانی خۆی بگەیەنیٚتە پترۆگراد، ئیدی دەرفەتەکەمان لە کیس دەچیٚت. ئەو شتەی کە وام ویٚنا دەکرد زۆر بە ئاسانی دیٚتەدی، هەزارو یەك کۆسپ و تەگەرەی هاتووەتە

ڕێ... دەبوایە پێشبینی ئەمەمان بکردایە... شکستەکەمان مسۆگەرە.. تۆ تەمەشای جمو جۆڵی قیتارە سوپاییەکان بکە! بزانە لە کوێن!

نەخشەیەکی هێنا، کە تازەترین شوێنی قیتارەکانی فەیلەقی سێیەمی سوارەو فیرقەی ناوچەیی قۆزاقانی لەسەر دەست نیشان کرابوو، نەخشەکەی دایە دەست جەنەراڵ رومانوفسکی.

تەزوویەك بە سیمای بتەویا، کە بێخەوی و ماندوویەتی پێوە دیار بوو، هات. لە سەری ڕۆیی:

– ئەم هیچ و پوچانە، کرێکارانی سکەی قیتار، بەردەوام کۆسپ و تەگەرەمان دەخەنە ڕێ. غافڵن لەوەی کە ئەگەر سەر بکەوم، لە هەر دە کەسیان، یەکێکیان یەکسەر لە سێدارە دەدەم. فەرموو ئەم ڕاپۆرەی کریموف بخوێننەوە.

لەو ماوەیەدا کە ڕۆمانوفسکی خەریك بوو ڕاپۆرەکەی دەخوێندەوەو دەستە زەلامەکەی خۆی، بەدەمو چاوە هەڵکفاوەکەیدا دێنا، کورنیلوف بەلەز کەوتە نووسین:

نوڤوچرکاسك

بو ئەتامانی قۆزاقی دۆن ، ئالیکسی ماکسیموفیچ کالیدین

ناوەڕۆکی ئەو بروسکەیەتم پێگەییوە کە بۆ حکومەتی کاتیت ڤڕێ کردووە. قۆزاقانی سەربەرز، کە بە هۆی خەباتی نەزۆك و بێوەرەوە دژی خیانەتکاران و پەیمان شکێنان، کاسەی سەریان سەر ڕێژ بووە، لە هەنبەر ئەو کارەساتەدا کە هەڕەشە لە وڵات دەکات، چەك بە دەست، بەدڵ و بەگیان ئامادەن، بەرگری لە ژیان و مان و ئازادی خاکی باب و باپیران بکەن، ئەو خاکەی کە بە ڕەنج و ئارەق و خوێنی ئەوان نەشونماو گەشەی کردووە. تا ماوەیەك تەماس و پەیوەندیمان کەم دەکەینەوە. هیوادارم بە گوێرەی ئەرکی نیشتمانپەروەری و شەرەڤ قۆزاقیانەی خۆت هاوئاهەنگیم لەگەڵدا بکەیت. ژمارە، ٦٥٨ بە رواری ١٩١٧/٨/٢٩

جەنەڕاڵ کورنیلوف."

کە لە نووسینەکە بووەوە، بە ڕومانوفسکی گوت:

– یەکسەر ئەم بروسکەیە بنێرن.

– دەتەوێ، بروسکەیەکی دی بۆ میرباگراتیون بنێرم. کە لە ڕێگای زەمینییەوە درێژە بە ڕێڕەوە سوپاییەکە بدات؟

– بەڵێ، بۆی بنێرە.

رومانوفسکی، کەمێك بێدەنگ بوو، بەسەرو ڕوویەکی ڕامانئامێزەوە لە سەری ڕۆیی:

– لاڤرگیورگیوفیچ، بە ڕای من پێویست بەم ڕەشبینییە ناکات.

پێدەچێ بە ناهەق پێش ڕووداوەکان بکەویت...

کورنیلوف، دەستی برد تا ئەو پەپولە وەنەوشەییە بگرێت کە بەسەر سەریا دەسوڕایەوە. بێهودە دەستی دەنوقاندو دەکردەوە، ڕوخساری گرژو کەمێك ماندوو دیار بوو. پەپولەکە، بەدەم جولەی بایەکەوە، پەشێوو پەریشان دەخولایەوە، باڵەکانی هێنانەوە یەك، جولەی لێبڕین، دەیویست خۆی بگەیەنێتە پەنجەرەکە. بەڵام کورنیلوف، ئاقیبەت گرتی، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو بەکەماڵی ئیسراحەت پشتی دا بە پشتی کورسیەکەیەوە.

ڕومانۆفسکی چاوەڕوانی وەڵامی سەرنجەکەی خۆی بوو، بەڵام کورنیلوف، بەدەم بزەیەکی ڕەشبینانەوە گوتی:

– دوێشەو خەوێکی سەیرم بینی. لەو خەوەدا، لە فیرقەیەکی تفەنگدارا، فەرماندەی لیوا بووم. لە ناوچەی کارپاتدا، ڕیبەرایەتی هێرشێکم دەکرد. سەرکردایەتیەکەمان، لە نزیکی خانوو و مەزرایەکی سەر ڕێگاکە وەستا. کابرایەکی پیری ئۆکرانی، کە جل و بەرگی تازەی، لەبەر بوو، بەرەو پیرمان هات، خوڵکی شیری کردم، سەرکڵاوە لبادە سپیەکەی لەسەر داکەندو بە زمانێکی ئەڵمانی ڕەوان گوتی: "جەنەراڵ، بیخۆوە، ئەم شیرە دەرمانێکی سەیرە!".

لە خەوەکەدا، شیرەکەم خواردەوە، کاتێ کە یارۆی ئۆکرانی بێهیچ سڵکردنەوەیەك و زۆر خۆمانە دەستی بە شانما دەدا، هیچ بەلامەوە سەیر نەبوو. پاشان بە کۆسارەکاندا هەڵگەڕاین، لە کۆسارەکانی کارپات نەدەچوو، بەڵکو کۆسارێك بوو لە ئەفغانستاندا... بە بزنە ڕێیەکدا هەڵگەڕاین،... بەڵێ بزنە ڕێی تەواو بوو. بەردو کەڤرێن قاوەیی لە ژێر پێماندا دەخزین و بەرەو خوار غل دەبوونەوە. لە خواری خوارەوە، لە قوڵایی خەرەندێکدا، دیمەنێکی سروشتی پڕ شکۆی، دیمەنە جوانەکانی خاکی باشوور، لە باوەشی تیشکی زیوینی هەتاوا، دەبریقایەوە..."

شنە بایەك لە پەنجەرە وازەکەوە (کراوە) وەژوورکەوت و کاغەزەکانی سەر مێزەکەی خستە سەما، نیگای لێڵ و تەماوی کورنیلوف فڕی، ڕۆیی، دوور ڕۆیی، بەسەر ناوچەیەکی ئەو دیوی دەنیپەردا، بەسەر قەدپاڵ و کەندارو قوڵکەو شیوەڵە ئاودڕەکانەوە، بەسەر مێرگە سەوزە مس ئاساکانەوە، لەنگەری دەگرت، دەسوڕایەوە.

ڕومانۆفسکی، نیگای دووی نیگای ئەو خست، ئەوسا ئاهێکی بێدەنگی هەڵکێشاو، چاوانی خۆی بەرەو دەنیپەری ساف و شەفاف عەینی شووشە، کە وەکو میکا (جۆرە بەردێکە) دەدرەوشایەوە، هەڵدا، بەرەو کێڵگەو مەزرا سەر بە تەمەکانی هەڵدا، کە خەزانی نزیك پەردەیەکی جوانی ناسکی بەسەرا دابوون.

"١٧"

هەموو یەکەکانی فەیلەقی سێی سوارەو فیرقەی ناوچەیی کە کورنیلوف ناردبوونی بۆ گرتنی پترۆگراد بەسەر تۆڕێکی یەجگار بەرینی هێڵی ئاسندا، بەسەر هەشت هێڵدا، بەرەو باکووری ڕۆژئاوا، دابەش بوو بوو. هەموو وێستگە سەرەکی و لاوەکیەکانی وەك: ڕیڤڵ، ویزنبورگ، نارڤا، یامبۆرگ، گاچینا، سومرینۆ، ڤیرستا، چودوڤ، گدوڤ، نوڤگورود، دنو، پسکوف، لوگا، پڕ بوون لە قیتار کە یان بەخاوی دەڕۆییشتن یان بە تەواوەتی وەستا بوون. کەتیبەکان، لە کۆنترۆڵی مەعنەوی فەرماندەی گشتی دەرچوو بوون، سریە پەراگەندەکان لێکدی دابڕابوون، قەرەباڵغی و هەراو هەنگامەیەکی ئەوتۆ بوو کەس دەفتەری کەسی نەدەخوێندەوە، کەس بە کەس نەبوو، ئەم پاشاگەردانی و پەشێویە، وەختێ زیاد بوو کە قەرار بوو فەیلەقی سێی سوارە و فیرقەی ناوچەیی، بەدەم ڕێگاوە یەکتر بگرنەوەو یەك قۆشەن پێکبهێنن، بۆیە دەبوایە جێگۆڕکێ بە هەندێ لە یەکەکان بکرێت و یەك بخرێن و هەندێ لە قیتارەکان سەر لە نوێ پۆلێن بکرێن. ئەمە

دەبووە مایەی پەشێوی و پاشاگەردانی و دەستووروو ڕێنمایی بێماناو نابەجێ و زۆرجار هەڤدژ، و بارودۆخەکەی کە خۆی لە خۆیدا پەشێوو نالەبار بوو، هێندەی دی گرژدەکردو دەشێواند.

هێزەکانی کورنیلوف، زۆر بە خاوی بەرەو پترۆگراد دەجولان، بەردەوام دەگەڵ کرێکاران و کارمەندانی وێستگەکاندا تێکدەگیران و کێشەی تازەیان بۆ چێدەبوو، بۆیە ناچار. بە خاوی بەرەو پترۆگراد دەجولان و لە وێستگەو دوو ڕیانەکاندا کەڵەکە دەبوون.

سەربازانی برسی: قۆزاقانی دۆن، ئوسووری، ئۆرینبۆرگ، فرچینسک و ئامووروو سەربازانی ئینگوش و چەرکەسی و ئوسیتی و داغستانی، دەگەڵ ئەسپە برسیەکانیاندا، لە نێو فارگۆنە سوورەکانی خۆدا کەڵەکە بوو بوون. قیتارەکان، بە سەعاتان لە وێستگەکاندا دەمانەوە، سوارەکان، دەستە دەستە لە فارگۆنەکان دادەبەزین و وەکو کوللە بەسەر هۆڵێن چاوەڕوانیدا دادەبارین یان بەسەر سکەکاندا دەکەوتنە هاتوچوۆ، هەر خواردنێك لە قیتارەکانی پێش ئەوان بەجێ مابوو، لووشیان دەکرد، شتی خەڵکیان دەدزی و عەمارێن خوارن و ئازووقەیان تالان دەکرد.

قەیتانی زەردو سووری شەرواڵی قۆزاقان، قەمسەڵەی جوانی پڕ بە بەری سەربازانی سوارە، قاپووتی درێژو ناو قەدباریکی کوێستانیان... بە هەموو ڕەنگەکانەوە تێکەڵ بوو بوو و، هیچ کاتێك سروشتی یەکنەوای باکوور، ئەم ڕەنگامێزیە دەوڵەمەندەی بە خۆوە نەبینی بوو.

ڕۆژی ٨/٢٩، لە نزیکی پاشلوڤسك، تیپی سێیەمی فیرقەی ناوچەیی، بە فەرماندەیی میر گاگارین، دەگەڵ دژمندا تێگیرا. هەردوو کەتیبەی ئینگوش و چەرکەس کە هێزی پێشەوەی فیرقەکە بوون، گەیینە شوێنێك کە ڕێڵەکان هەڵکەندرا بوون، ناچار لە قیتارەکە دابەزین و بە سواری ئەسپ بەرەو تسارسکویە بە ڕێکەوتن. گەشتیانی ئینگوش تاکو وێستگەی سومرینوش ڕۆییشتن. هەردوو کەتیبەی ناوبراو بە هێواشی دەچوونە پێشێ و سەربازانی گاردیان دەدایە دواوە. ئەمانە چاوەڕوانی گەییشتنی یەکەکانی دیکەی فیرقەکە بوون کە لە دنو مابوونەوەو چاوەڕوانی ئەوە بوون دەرفەت هەڵبکەوێ و بکەونە ڕێ. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێ لە یەکەکانیش هێشتا نەگەیی بوونە ئەو وێستگەیە.

میر باگراتیون، فەرماندەی فیرقەی ناوچەیی، لە مەزرایەکی نزیکی وێستگەکە لایدا بوو و چاوەڕوانی خڕ بوونەوەی یەکەکانی دیکە بوو و جورئەتی نەدەکرد، لە ڕێگای زەمینییەوە بۆ ڤیریتسا بڕوات.

ڕۆژی ٨/٢٨ لە سەرکردایەتی بەرەی باکوورەوە، نوسخەی ئەم بروسکەیەی خوارەوەی بە دەست گەیی بوو: " تکایە ئەم فرمانەی خوارەوە کە لەلایەن فەرماندەی گشتیەوە دەرکراوە، بە فەرماندەی فەیلەقی سێ و بەفەرماندەکانی فیرقەی یەکی دۆن و فیرقەی ئوسووری و فیرقەی ناوچەیی قەفقاز ڕابگەیەنن: هەرکاتێ، هەر هێزێك لە بەر هەندێ لەمپەرو کۆسپێن پێشبینی نەکراو، نەی توانی بە قیتار درێژە بە ڕێگای خۆی بدات، بە فەرموودەی فەرماندەی گشتی دەبێ پاشماوەی ڕێگاکە بە سواری ئەسپ بڕن. ژمارە، ٦٤١١ بە ڕواری ١٩١٧/٨/٢٧. ڕومانوفسکی."

باگرایتون، نزیکی سەعات نۆی بەیانی بە بروسکە کورنیلوڤ ئاگادار کردەوە کە لە سەعات شەش‌و چل دەقیقەدا دەستورێکی کیرنسکی پێگەییوە دەربارەی گەڕاندنەوەی سەربازەکان لەلایەن سەرهەنگ باگرایتونی ی سەرۆکی سەرکردایەتی ناوچەی سوپاییەوە، لەلایەکی دیکەشەوە قیتارەکان، ئەوانەی فیرقەکەیان هەڵگرتووە لە نێوان وێستگای دووڕیانی گاچکاو وێستگای ئۆرەدژا ماتەڵ بوون، چونکە کارمەندانی ڕێگای ئاسن، بە گوێرەی فەرمانی دەوڵەتی کاتی کلیلی ڕێنماییان نادەنێ. سەربارى دەستووری کورنیلوف ("میر باگرایتون- بە قیتار درێژە بە حەرەکەتی سەربازەکان بدە، ئەگەر مەیسەر نەبوو، لە ڕێگای زەمینییەوە خۆتان بگەیەننە لوگاو خۆتان بە تەواوەتی بخەنە ئختیاری جەنەرال کریموفەوە.") باگرایتون قاییل نەبوو کە بە ڕێگای زەمینیدا حەرەکەت بکات‌و بەڵکو فەرمانی بە هێزەکەی خۆی دا دیسان سواری قیتار ببنەوە.

ئەو کەتیبەیەی کە جاران یەڤگینی لیستنتسکی خزمەتی تیا کردبوو، دەگەڵ کەتیبەکانی دیکەی فیرقەی یەکی قۆزاقاندا، لە ڕێگەی هێڵی ریڤیل -ڤیزنبورگ- نارڤاوە بەرەو پتروگراد دەڕۆیی. ڕۆژی ٨/٢٨، سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ، دوو سریەی فیرقەی پێنجەم بە قیتار گەیینە نارڤا، بە فەرماندەی ئەو هێزە ڕاگەیەنرا کە مەحاڵە بتوانن ئەو شەوە بڕۆن، چونکە ڕێڵەکانی نێوان نارڤاو یامبۆرگ دەرهێنراوەو مەفرەزەیەکی ڕێگای ئاسن بۆ ئەوێندەر ڤرێ کراوە کە هێڵەکە چاك بکەنەوە، ئەگەر بتوانن چاکی بکەنەوە، ئەوا سبەی بەیانی قیتار دەردەچێت‌و هێزەکە دەتوانێ بڕوات‌و درێژە بە ڕێگای خۆی بدات.

ئیدی فەرماندەی هێزەکە، ناچار بوو مل بدات. بەدەم بۆڵە بۆڵەوە چوو بۆ فارگۆنەکەی خۆی‌و هەواڵەکەی بە ئەفسەرەکانی دیکەش ڕاگەیاند‌و ئەوسا دانیشت‌و کەوتە چا خواردنەوە.

شەوێکی زۆر تاریك بوو. کزە بایەکی ساردی لە کەنداوی فنلەندیەوە دەهات. قۆزاقەکان، لە فارگۆنەکاندا خڕ بوو بوونەوەو بە هێواشی قسانیان دەکرد. ئەسپەکان، کە لە شووتی قیتارەکان هەراسان بوون، سمیان بە زەمینەی تەختە پۆشی فارگۆنەکاندا دەکێشا. لە کۆتایی فارگۆنەکانەوە، دەنگ‌و ئاوازێکی قۆزاقانەی گەنج لە جەرگەی تاریکیەکەوە بەرز بووەوە کە گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد:

بە دوعا ئەی شارو دێهات
بە دوعا ئەی زاگە ئازیزەکەم!
خوا حافیز، خۆشەویستە چکۆلەکەم
مخابن، سەد حەیف و مخابن، ماڵاوا
ئەی گوڵە وەنەوشەکەم
جاران، لە هەوەڵی شەوێ را
تا سپێدە
دەگەڵ یارە جوانەکەما
سەر لە سەر باسکی ئەو

دەنووستم...
کەچی ئێستا
لە هەوەڵی شەوێ ڕا.
تاسپێدە
دەست بە تفەنگ
دەوەستم...

پیاوێك، لە پشت عەماری کەل‌و پەلەکانەوە، هاتە دەرێ. ئەوجا وەستا، گوێی بۆ ئاوازو گۆرانیەکە ڕادێرا. بەدەم گوێ گرتنەوە، تەمەشایەکی هێڵەکەی کرد، کە لێرەو لەوێ تیشکێکی زەردی کز، ڕوناکی دەکردەوە. ئەوسا بە دڵنیاییەوە بەرەو قیتارەکە ڕۆیی. دەنگی پێیەکانی بەسەر سکەکەدا بە ئاستەم دەگەییە گوێی سەربازە نوستووەکان، بەلام کە بەسەر لمەکەی نێوان ڕێڵەکان دەکەوت، دەنگی پێیەکانی خەفە دەبوو. کە گەییە ئاست دوا فارگۆن، قۆزاقەکە، کە لەبەر دەرگاکەی وەستا بوو، لەگۆرانی چڕین وەستا و تێی خوڕی:

– زەلام کێی؟

زەلامەکە، بێئەوەی بوەستێ، بە نە بەدڵی بەرسڤی دایەوە:

– زۆر حەزت لێیە بزانی کێم؟

– بەم شەوە لە چ دەگەڕێی؟ لە دەڵە دزی دەگەڕێی؟ دزان بگرین، پێستیان دەگروین!

کابرا، بێئەوەی وەلام بداتەوە، خۆی گەیاندە ناوەندی ریزی فارگۆنەکان، لە درزی دەرگایەکەوە، سەری کێشایە ژوورەوەو پرسی:

– ئێوە کام سریەن؟

یەکێك لە تاریکیەکەوە، بە پێکەنینێکی تەشەر ئامێزەوە گوتی:

– ئێمە زندانین!

– بێ سوعبەت، کام سریەن؟

– سریەی دووەم.

– ئەدی فەسیلی چوار لە کوێیە؟

– فارگۆنی شەشەم، لە پێشەوە.

سێ قۆزاق، یەکێکیان هەڵتروشکا بوو و دووەکەی دی بە پێوە وەستا بوون، لەبەر دەرگای فارگۆنی شەشەمدا سیگاریان دەکێشا. بە بێدەنگی دەیانڕوانیە ئەو پیاوەی کە بەرە بەرە لێیان نزیك دەبووەوە.

– سلاوتان لێبێ، قۆزاقینە!

بەدەم تەمەشا کردنی سەرو سیمای کابراوە وەلامیان دایەوە:

– سلاو.

– ئەرێ نیکیتا دوگین ماوە؟ لێرەیە

ئەو پیاوەی کە هەڵتروشکا بوو، بە هەشتاو هەستایە سەر پێ، قونکە جگەرەکەی فڕێ داو بە پاژنەی پێ پانی کردەوە و بەدەنگێکی دلێر گوتی:

– منم، بەڵام من تۆ ناناسم، تۆ کێی، لە چ یەکەیەکی، لە کوێوە دێی؟

ڕوخساری ڕیشنی خۆی بردە پێشێ تا کابرای غەریب، کە پاڵتۆو کاسکێتێکی سەربازی چرچ و لۆچی لەبەر بوو، لە نزیکەوە ببینێ و بیناسێتەوە. لە ناکاوا، بەسەرسامی هاواری کرد:

– ئیلیا! بونچوك! لە کوێوە پەیدا بوویت، تۆ و ئێرە کوجا مەرحەبا!؟

دەستە تووکنەکانی بونچوکی لە نێو دەستە زبرەکانی خۆی ناو. دەمی وەپەنا گوێی ناو لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەمانە دۆستی خۆمانن، مەترسە. باشە چۆن هاتوویت، لە کوێوە هاتوویت؟ قسە بکە هەی بەدفەڕ!

بونچوك، تەوقەی دەگەڵ قۆزاقەکانی دیکە کرد، بە دەنگێکی قەبەی ماندوو، کە دەتگوت دەنگی ئاسنە، بەرسڤی دایەوە:

– لەپتروگرادەوە هاتووم. دنیات بۆ گەڕاوم. مەسەلەیەکی زۆر گرینگ لە ئارادایە، پێویستە قسەی لەسەر بکەین. زۆر خۆشحاڵم کە بە ساغی و سەلامەتی دۆزیمیتەوە برای ئازیز!

بزەیەکی بۆ کرد، ددانە سپیەکانی، بە دەمو چاوە پانە سپیکەلەکەیەوە، لە ژێر برۆ گەورەکانیەوە بریسکانەوە. چاوەکانی شادمانیەکی پەنهانیان دەنواند.

یارۆی قۆزاقی ڕیشن، بە سەرسامی پرسی:

– دەتەوێ قسەمان دەگەڵ بکەیت؟ باشە تۆ کە ئەفسەریت، لە خۆت دەگریت قسە لەگەڵ ئێمەماناندا بکەیت؟ مەمنونم ئیلیا، بارەکەڵڵا، خوا ڕاوەستاوت بکات. ئێمە بە دەگمەن مامەڵەو قسەی خۆشمان دیتووەو گوێ لێبووە.

جۆرە تەنزو شۆخیەك بە قسەکانیەوە دیار بوو. بونچوکیش بە سوعبەتەوە بەرسڤی دایەوە:

– دە بەسە هەتیو! کەی سوعبەت و شۆخی تەرك دەکەی، بەو هەموو ڕیشەوە کە تا سەر ناوکت هاتووە، هەر خەریکی سوعبەتی، عەیب ناکەی!

– ڕیش هیچ نییە، هەر کاتێ بمەوێ دەتوانم بیتاشم. ئێ دەنگ و باسی پترۆگراد چیە؟ ڕاپەڕین و هەراو فەرتەنە هەیە، نیە؟

بونچوك، بە سەرو ڕوویەکی خۆشەوە پێشنیازی کرد:

– با بچینە ناو فارگۆنەکە.

چوونە ناو فارگۆنەکە. دوگین، نووکە پێیەکی بە قەبرغەی یەکێك لە قۆزاقەکانەوە ژەندو بە ئەسپایی گوتی:

– کوڕینە هەستن! میوانێکی ئازیزمان هاتووە. دەی پەلەکەن، بجوڵێن!

قۆزاقەکان، بەدەم خوتەو بۆڵەوە هەستان، دوو دەستی گەورە کە بۆنی تووتن و ئارەقەی ئەسپیان لێدەهات، لە ناو تاریکیەکەوە هاتن و دەموچاوی بونچوکیان، کە لەسەر زینێك دانیشتبوو، گرت. دەنگێکی گڕ گوتی:

– بونچوکی؟

– بەڵێ، ئەدی تۆ چیکوماسوف نیت؟

– با، سلاو، بەخێر هاتی، چاوم ڕوون برادەری ئازیز. بڕۆم برادەرانی فەسیڵی سێیەم خەبەر بکەمەوەو بۆ ئێرەیان بانگبکەم؟

– ماقووڵە، بڕۆ.

هەر هەموو قۆزاقانی فەسیڵی سێیەم، جگە لە دوانیان کە بەدیار ئەسپەکانیانەوە مابوونەوە، هاتن. قۆزاقەکان لە بونچوك هاتنە پێشیٰ و بە دەستە زبرەکانیان تەوقەیان دەگەڵ کردو لێی ورد بوونەوە تا دەموچاوە پان وجدیەکەی جوانتر بدینن. یەکێك بە بونچوك، یەکێك بە ئیلیا میتریچ و یەکێك بە ئیلیوشا بانگی دەکرد. بەڵام گیانێکی برایانەی گەرم، بەدەمو دوو وچاکوخۆشی هەر هەموویانەوە دیاربوو.

فارگۆنەکـە پـڕ بـوو لـە خـەڵکی، ژوورەوە زۆر گـەرم بـوو. پەڵـە ڕونـاکی بەسـەر دیـواری تەختەبەندی فارگۆنەکەوە، سەمای دەکرد، سێبەرێن دێو ئاسا بە دەرو دیواری فارگۆنەکەوە بڵاو دەبووەوەو گەورە دەبوو. ڕوناکیەکی دوکەڵاوی لە فانۆسە نەوتیەکەوە دەردەچوو.

(بونچوك)یان لە بەرانبەر فانۆسەکەدا داناو لەدەوری خڕبوونەوە. ئەوانەی لێوەی نزیك بوون، لەسەر چۆکان دانیشتن و ئەوانی دی بەپێوە وەستان. دوگین، گەروی پاك کردەوەو گوتی:

– ئیلیا میتریچ، چەند ڕۆژێك لەمە پێش نامەکەتمان پێگەیی. بەڵام حەزمان دەکرد لە نزیکەوە بت بینین و پرست پێبکەین کە چی بکەین. چونکە ئەوەتا خەریکە بۆ پترۆگرادمان دەبەن. جا بەڕای تۆ چی بکەین؟

قۆزاقێك کە لەبەر دەرگای فارگۆنەکە وەستا بوو و گوارەیەکی بە نەرمەی گوێچکە چرچەکەیا کردبوو (هەمان ئەو قۆزاقە بوو کە کاتی خۆی لیستنتسکی، لەسەر ئەوەی چای لەسەر پلێتی سەر سەنگەرەکە لێنابوو، لێی تووڕە بوو بوو) هەڵیدایەو گوتی:

– دەزانـی، مـیتریچ، مەسـەلەکە بەمجۆرەیـە: جۆرەهـا بانگەشەچـی و پڕوپاگەندەچـی دێـن بـۆ لامان، هانمان دەدەن، پێمان دەڵێن: "مەڕۆن بۆ پترۆگراد" پێمـان دەڵێن نـابێ شـەڕی براکوژی بکـەین، نـابێ بەگـژ یەکدیـدا بچین و زۆر قسـەی دیکـەی لـەو بابەتـە. گوێیـان لێـدەگرین، بـەڵام متمانەیان پێناکەین، نایانناسین، لـە خۆمـان نین. دەترسـین تووشـی گۆبەندێکمان بکـەن. بەڵام ئەگەر نەچین بۆ پترۆگراد، هەنگێ کورنیلوف، چەرکەسەکانمان دەنێرێتـە سەرو تووشـی شـەڕو خوێن ڕشتن دەبین. بەڵام تۆ لە خۆمانی، قۆزاقیت، لە هەموو کـەس پتر متمانـەت پێدەکەین. بە ڕاسـتی مـەمنوونی تـۆین کـە لـە پترۆگـرادەوە نامـەت بـۆ نووسـین و ڕۆژنامـەت بـۆ نـاردین... لـە ڕاستیدا پەڕە سیغارمان نەمابوو، سوودێکی زۆرمان لە ڕۆژنامەکان بینی.

قۆزاقیەکی دی، بە تووڕەیی قسەکەی پێبڕی:

– ئـەوە وڕینـەی چـی دەکـەی کـەرە؟ خـۆت خوێنـەواریت نیـە، وا دەزانـی هـەموو کەسـێك وەکـو خـۆت کــەرە؟ لــە یــەکێك وایــە ئــەو ڕۆژنامانــەمان تــەنیا بــۆ سیغارپێچــانەوە وەرگرتــووەو بەکارهێناوە! ئیلیا میتریچ، هەوەڵجار لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەمان خوێندنەوە.

– خوێڕی بەرەڵلاّ، هەرچییەکی بەدەما بیّ دەیڵێت.

– بۆ سیغار پێچانەوە! ها، نۆرەی ئەو قەوانەیە!

– کەسێك ئەوەندە کەر بیّ، ئیدی...

قۆزاقە گوارە لە گوێیەکە، دەیویست پاکانە بۆ قسەکانی خۆی بکات، گوتی:

– کوڕینە، من مەبەستم وانەبوو.هەڵبەتە لە پێشا دەمانخوێندنەوە...

– تۆ خۆت دەتخوێندەوە؟

– من سیواتم نییە..مەبەستم ئەوەیە پێکەوە دەمانخوێندنەوەو پاشان لە جیاتی پەڕەسیغار، سیغارمان پیّ دەپێچایەوە...

بونچوك، کە لەسەر زینەکە دانیشتبوو، بەدەم سووکە بزەیەکەوە تەمەشایەکی یارۆی قۆزاقی کرد. حەزی نەدەکرد بە دانیشتنانەوە قسە بکات. هەستایە سەر پیّ، پشتی کردە فانۆسەکە، بە ئەسپایی و هێمنی کەوتە قسان:

– ئێوە هیچ کارێکتان لە پترۆگراد نیە. هیچ جۆرە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانێك لە ئارادا نیە. دەزانن بۆچی بۆ ئەوێتان دەنێرن؟ بۆ ئەوەی حکومەتی کاتیتان پیّ سەرنگون بکەن... لەوە زیاتر نییە! کیّ بۆ ئەوێتان دەنێریّ؟ کورنیلوف جەنەراڵی تزاری. بۆچی دەیەویّ کیرنسکی لابەرێت؟ بۆ ئەوەی خۆی بچێتە شوێنەکەی. قۆزاقینە گویّ بگرن، ئەمانە دەیانەویّ، نیرە دارینەکەتان لە مل بکەنەوەو یەکێکی ئاسنینتان لە مل بکەن! پێویستە لە نێو دوو شەڕا، ئاسانەکەیان هەڵبـژێرن، لە نێو دوو بەلاّیا، سووکەکەیان هەڵبـژێرن، وانیە؟ ئیدی بە خۆتان بیری لێبکەنەوە: لە زەمانی تزاردا (قەیسەر، قەڕاڵ)بەشەق ناچاریان دەکردن کە خۆتان بۆ وان بە کوشت بدەن. لە زەمانی کیرنسکیدا، هێشتا هەر ئاو لە ئاشی خەڵکی دەکەن، بەلاّم شەقەکەیان لەسەر هەڵگرتوون. دوای کیرنسکی، کاتیّ کە بەلشەویکەکان جڵەوی حوکم بگرنە دەست، بارودۆخەکە بە تەواوەتی دەگۆڕێت، بەلشەویکەکان شەڕیان ناویّ، ئەگەر بێنە سەر حوکم، یەکسەر شەڕ دەوەستیّ و ئاشتی بەرپا دەبێت. من هەواداری کیرنسکی نیم، بۆ ئەو ناپاڕێمەوە، چاوی دەرەهات! تاژیش برای سەگە.

بونچوك، بزەیەکی بۆ کرد، بە قوڵی کراسەکەی، ئارەقەکەی سەرهەنیەی سڕی و لە سەری ڕۆیی:

– بەلاّم من داواتان لێدەکەم کە خوێنی کرێکاران نەڕێژن، شەڕی کرێکاران مەکەن. ئەگەر کورنیلوف سەر بکەویّ، لافاوی خوێنی کرێکاران لە ڕووسیادا هەڵدەستیّ، خوێن دەگاتە چۆکان. هەنگیّ زۆر زەحمەتە دەسەلاّت لە دەستی ئەو دەربهێنریّ و بدرێتە دەست جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجبەر.

قۆزاقێکی گەنج، کە وەکو بونچوك تۆکمەو بەخۆوە بوو، لە ریزەکانی کۆتاییەوە هاتە دەریّ و گوتی:

– ئیلیا میتریچ، دەقێقەیەك!...

یارۆ کۆکەیەکی بۆ کرد، قورگ و سینەی خۆی ساف کرد، دەستە درێژەکانی، کە لە ڕەگ و ریشەی باران خواردەی دار بەڕوویەکی کۆنە ساڵ دەچوون، پێکدا ماڵین و، بە نیگا خەنۆڵ و گەشەکانی کە لە گەشی و روونی گەلایەکی سەوزی نەوڕەس دەچوون، بونچوکی دابێژت:

– تۆ باسی نیرت کرد... باشە بەلشەویکەکان، ئەگەر هاتنە سەر حوکم چ نیرێکمان، دەخەنە گەردن؟

– باشە کەس هەیە، بە دەستی خۆی، نیر بخاتە سەر ملی خۆی؟

– مەبەستت چیە؟ چۆن بە دەستی خۆ نیر بخەمە سەر ملی خۆم؟

– باشە، لە سەردەمی بەلشەویکاندا کێ دێتە سەر حوکم؟ تۆ، ئەگەر هەڵببژێریی، یان دوگین یان ئەو هاوڕێیە. دەسەلات بە هەڵبژاردن دەبێت، دەسەلاتی شورا (ئەنجوومەن) دەبێت. تێدەگەی؟

– ئەدی کێ دەبێت بە سەرۆک؟

– سەرۆکایەتیش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبێت، کێ بێتە هەڵبژاردن و دەنگ بێنێ، ئەوە دەبێت بە سەرۆک. بۆ نموونە ئەگەر تۆ هەڵببژێردرێی، تۆ دەبیت بە سەرۆکی سەرکردایەتی.

– نا؟ ئەوە بە ڕاستتە ئیلیا یان گاڵتە دەکەیت؟

قۆزاقەکان، تێکڕا لە قاقای پێکەنینیان دا، هەموو پێکەوە کەوتنە قسان، تەنانەت پاسەوانی بەر دەرگاکەش، شوێنەکەی خۆی بۆ ساتێك بەجێهێشت تا بەشداری قسەکان بکات.

– ئەدی مەسەلەی زەوی زار؟

– زەویەکانمان لێناسەنن؟

– کۆتایی بە شەڕ دێنن؟ یان هەر قسەیە و بۆ ئەوەیانە دەنگیان بدەینێ؟

– ڕێك و ڕەوان بۆمانی باس بکە.

– بەڕاستی هیچ شتێکمان لا ڕوون نیە.

– دوێنێ دەریاوانێك هاتبوو و بۆ کیرنسکی دەپاڕایەوە، گوێمان گرت و بە پاڵ کردمانە دەرەوە.

– کەچی ئەو کەرە بە ڕوومانا هەڵشاخی و هاواری کرد: "ئێوە ئەنتی شۆڕشن!" بە ڕاستی کۆمیدی بوو.

– ئێمە نازانین ئەو قسەیە چیەو مانای چیە؟

بونچوك، چاوێکی بە ڕاست و بە چەپی خۆیدا گێڕا، چاوەڕوانی ئەوە بوو قۆزاقەکان بێدەنگ ببن. ئەو دوودڵیەی لە هەوەڵەوە دەربارەی سەرکەوتنی خۆی لەم کارەدا هەی بوو، ڕەوییەوە. ئیدی بەگوێرەی مجێزی قۆزاقەکان بۆی دەرکەوت و دڵنیا بوو، کە تەواو، قیتارەکە لە نارڤا ناجوڵێ. دوێنێ کە لە بەردەم کۆمیتەی ناوچەی پترۆگرادی حیزبدا، خۆی هەڵبژارد بوو کە بە مەبەستی پروپاگەندە بچێت بۆ ناو یەکەو مەفرەزەکانی فیرقەی یەکەمی دۆن، کە بەرەو پترۆگراد بەڕێوەبوون، دڵنیا بوو لە سەرکەوتنی خۆی، بەڵام کە گەیی بووە نارڤا گومانی لە خۆی پەیدا کردبوو. دەیزانی دەبێ بە زمانێ دەگەڵ قۆزاقەکاندا بدوێ کە تێیبگەن، دەترسا نەتوانێ ئەو

زمانــە بدۆزێتــەوە، چــونکە نــۆ مــانگی خشــت بــوو، شــەرگەی بــەجێ هێشــتبوو و هــەموو هەڵسوکەوتێکی دەگەڵ جەماوەری کرێکاراندا بوو و شارەزای عادەت و تەبیعەت و زمان و دەم و دوو و ئاستی تێگەییشتنیان بوو بوو، کە قسەی دەگەڵ دەکردن هەستی دەکرد بە وشەیەك، بە ڕستەیەکی کـورت لـە مەبەسـتی حـاڵی دەبـن. بـەڵام، لێـرەدا، دەگـەڵ هاونیشـتمانانی خۆیـدا، پێویستی بە زمانێکی دیکە بوو، زمانێك کە خەریك بوو لە بیری دەچووەوە، پێویستی بە زمانی زەوی ڕەش بـوو، بـە چـاپوکی مارمێلکـەو توانـای دەمتـەڕی و حـازر وەڵامـی هـەبوو، تـەنیا هەڵگیرسانی ئاگرەکە بەس نەبوو، بەڵکو بەردەوامااندنی ئاگرەکە پێویست بوو تا ئەو ترس و دوو دڵیەی بە درێژایی سەدان ساڵ لەدڵ و دەروونیان، لە هزرو بیریاندا کەڵەکە بوو بوو، بڕەوێنێتەوە، لەوەی پتر بە قاڵب و قاوغان قاییل نەبن، جورئەت پەیدا بکەن، متمانە بە دروستی هەڵوێستی خۆ پەیدا بکەن، و بە بەڵگەی قەناعەتبەخشەوە، بیانخاتە سەر سکەو بەرەو پێشیان بەرێت.

هەوەڵجار کە دەستی بە قسان کرد، وای هەست دەکرد دەنگی بە باشی دەرنایەت، قسەی بۆ نایـەت، بەڵگـەو هەنجەتـەکانی لاوازن، وای هەسـت دەکـرد، ئـەو وشـەو ڕسـتانە لـە زاری یـەکێکی دیکەوە دەژنەوێ. ئیدی مێشکی خۆی دەگوشی، تا وشەی قەبەو قەڵەو بدۆزێتەوەو لەمپەرەکانی بەینی خۆی و ئەوان بڕوخێنێ. بەڵام جگە لە چەند وشەیەکی بۆش و بەتاڵ، عەینی بڵقی کەف سابوون، هیچی تری بەزاردا نەدەهات، دنیایەك بیری تێکەڵ و پێکەڵ، پەڕاگەندەو نەزۆك، وەکو گێژەلووکە بە مێشکیا دەخولایەوە. ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو و بە ئاستەم هەناسەی بۆ دەدرا. بەدەم قسەکردنەوەو لەدڵی خۆیدا خۆی سەرزەنشت دەکرد: "ئەم ئەرکە گرینگەیان بە من سپاردووەو کەچی بە ناخێرم خەریکە بەدەستی خۆم، ڕیسەکە دەکەمەوە بە خوری... ناتوانم دوو وشە بە ڕێك و پێکی ڕیز بکەم... عەمرم نەمێنێ!... هەر کەسێکی دی لە جیاتی من بوایە، دەیتوانی هەزار جار لە من باشتر قسە بکات و قەناعەت بەو خەڵکە بکات... تڕحێو! کە پیاوێکی بێبەهرەو گەمژەم!"

گوتـەکانی یـارۆی قـۆزاقی چـاو کەسـك دەربـارەی نـیر، لـەم خـەو و خەیاڵـە ترسـناکەی وەئاگـا هێنایەوە. ئیدی گفتوگۆکانی دوای ئەوە کردبوویە کارێك کە وەخۆبێتەوەو زات و جورئەت پەیدا بکاتـەوە، ئیـدی گـەرم بـوو، دەرگـای پـەیڤ و وشـەێن درەخشـان و کاریگـەرو بنجـبڕی لـێ ڤـەبوو. قسەی زۆر باشی بۆ دەهات. هەڵچوون و سۆزو گودازی خۆی لە ژێر پەردەی ڕواڵـەتێکی ئارامـەوە، دەشاردەوە، ئیدی هـەر پرسیاری قورس بوو و بە سەریا دادەباری، بەلام زۆر وەستایانە، وەکو سـوارێك، کـە ئەسـپێکی چـەموش و سەرکێشـی ڕام کردبێـت، بـەو ئاوایـەو بـە کـامی دڵ ئیـدارەی گەنگەشەکەی دەدا.

– باشە، ئەنجوومەنی نیشتمانی خراپیەکەی چی بوو؟

– باشە ئەو لینینەی ئێوە، ئەڵمانەکان بۆ ئێرەیان نە ناردووە؟ نا؟ ئەدی لە کوێوە پەیدا بووە؟ لە بازاڕی دەڵاڵانەوە هاتووە؟

– میتریچ، تۆ لە خۆتەوە بۆ ئێرە هاتوویت یان ناردوویانیت؟

– زەوی و زاری قۆزاقان دەدرێتە کێ؟

– بۆچی دەڵێی کە لە زەمانی تزارەکاندا ژیانێکی خراپمان هەبوو؟
– ئەدی مەنشەویکەکانیش، هەواداری جەماوەری زەحمەتکێشی خەڵکی نین؟
– ئێمە بۆ خۆمان ئەنجوومەنێکی سوپایی تایبەتی و حکومەتێکی میللیمان هەیە، ئیدی چ پێویستیەکمان بە سۆڤێتانە؟

بونچوك، وەلامی یەك بە یەکی پرسیارەکانی دایەوە. کات لە نیوە شەو تێپەڕی بوو، بڕیاردرا سبەی بەیانی کۆبوونەوەیەکی گشتی دەگەڵ هەردوو سریەکەدا بکرێت. ئەوسا بڵاوەیان لێکرد. بونچوك، شەویٚ لە فارگۆنەکەدا مایەوە. چیکاماسوف، لە تەنیشت خۆیەوە، جێی کردەوە. چیکاماسوف وەختیٚ ڕاکشاو ئاماژەی خاچی کێشا، بە بونچوکی گوت:

– ئیلیا میتریچ، پێدەچیٚ زۆر گویٚ بە شوێنەکەت نەدەی، بەلام ببورە، ئێمە ئەسپێمان زۆرە. ئەگەر ئەسپیٚ ناڕەحەتی کردیت، گلەییمان لێمەکە. ئەوەندەمان ئەسپیٚ هەیە، تەواو بێزار بووین.

دوای بێدەنگیەکی کەم، بە ئەسپایی لەسەری ڕۆیی:

– ئیلیا میتریچ، لینین لە چە قەومێکە، مەبەستم ئەوەیە لە کویٚ لە دایك بووەو لە کویٚ گەورە بووە؟

– لینین؟ ڕووسە.

– نا؟

– باوەڕ بکە، ڕووسە.

چیکاماسوف، بە دڵنیاییەوە گوتی:

– نا، برا، تۆ هەڵەیت، لەوە ناچێت شتێکی ئەوتۆی دەربارە بزانیت. دەزانی کوێندەریە؟ خەڵکی لای خۆمانە، لە قۆزاقی دۆنە، لە سالسکی سەر بە ستانی ڤیلیکوکناجیسکایا لە دایك بووە، تێدەگەی؟ وەکو دەڵێن لە سوپادا توپچی بووە. بە سەرو سەکوتیا دیارە کە لە قۆزاقانی دۆنی خوارووە: تۆ دیقەتی گۆنا بەرزو چاوەکانی بدە.

– ئەمەت لە کیٚ بیستووە؟

– چەند جارێك ئەمەم لە قۆزاقەکان بیستووە.

– نەخێر، چیکاماسوف، ڕووسە، خەڵکی ستانی سیمبرسکە.

– نەخێر، باوەڕت پێناکەم. باوەڕ ناکەم دەزانی بۆ؟ بۆ نموونە پوکاچوف، قۆزاق نەبوو؟ یان ستنکارازین؟ هەروەها یرماك تیمونیوفیچ، ئەوە مەسەلەکەیە! تا ئێستا هەر هەموو ئەوانەی خەڵکی هەژاریان دژی تزار هانداوە، قۆزاق بوون. کەچی تۆ هاتووی بە من دەڵێی خەڵکی ستانی سیمبرسکە؟ ئیلیا... من کە گوێم لەم جۆرە قسەیە دەبیٚ تەریق دەبمەوە.

بونچوك، بزەیەکی هاتیٚ و گوتی:

– کەواتە، ئەوان دەڵێن قۆزاقە؟

– بەلیٚ، بە ڕاستیش قۆزاقە، بەلام خۆی وا ناڵێت. من بەسەرو سیمادا خەڵکی دەناسم.

چیکاماسوف، سیغارێکی پێکرد، لە فکران ڕاچوو، لە کاتێکا دووکەڵی چڕی تووتنی خراپی بەسەرو چاوی بونچوکدا دەکرد، کۆکەیەکی بۆ کردو گوتی:

– بەڵام من سەر لە یەك شت دەرناکەم. ئێمە لێرەدا ئەوەندەمان باسی ئەم شتە کردووە کە تەنانەت لێمان بووە بە قەرقەشەش.

باشە ئەگەر لینین وەکو ئێمە قۆزاق بوایە، بابایەکی تۆپچی بوایە، ئەم هەموو خوێنەوارییەی لە کوێ پەیدا کردووە؟ دەڵێن ئەڵمانەکان، لە هەوەڵی جەنگەکەوە، بە دیلی گرتوویانەو لەوێندەر دەرسی خوێندووەو، ئەم هەموو زانستە فێر بووە. بەڵام پاشان کە کەوتووەتە هاڕوژاندنی کرێکارانی ئەڵمانیو بۆ شۆڕشی هانداونو ڕۆشنبیرەکانیانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئیدی لێیان بووە بە ئیزراعیلو پێیان گوتووە: "بەم سەرە زلەتەوە بڕۆوە بۆ وڵاتەکەی خۆتو خوات لەگەڵ، ئەگەر لێرە بمێنیتەوە، ئاژاوەیەکی وامان بۆ دەنەیتەوە، کە قەت بۆمان ڕانەگیرێت." ئیدی بەو جۆرە لە ترسی ئەوەی نەبا کرێکارەکانیان لێهەڵگەڕێنیتەوەو بۆ شۆڕشیان هان بدات، ناردوویانەتەوە بۆ ڕووسیا. ئاوایە کاکە، پیاوێکی زیرەكو زرینگە!

چیکاماسوف، ئەو وشانەی بە کەشو فشێکی زۆرەوە گوت. لە تاریکییەکەدا پێکەنیو لەسەری ڕۆیی:

– میتریچ، تۆ قەت نەتدیتوە، ها؟ نەء ؟ حەیفێ. دەڵێن کەللەی زۆر زلە.

چیکاماسوف، کۆکەیەکی بۆ کرد، دوو لوولە دووکەڵی شینی لە کونە کەپووەکانیەوە دەرداو لەسەری ڕۆیی:

– خۆزگە هەر ژنێك کوڕێکی وای دەبوو. بە ڕاستی یەکێکە لەو جەربەزانەی، کە لە جیاتی تزارێك، دەتزارت بۆ سەرنگون دەکات.

ئاهێکی هەڵکێشاو لەسەری ڕۆیی:

– ... نا، ئیلیا، پێویست بە گەنگەشە ناکات: لینین قۆزاقە... بۆچی حاشا لەمە دەکەیت؟ خەڵکی وا، مەحاڵە لە ستانی سیمبرسکدا هەڵبکەون.

بونچوك هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، بزەیەکی کاڵ نیشتبووە سەر لێوی. تاماوەیەکی زۆر خەوی لێنەکەوت: ئەسپێ هێرشیان بۆ هێنا بوو،خزی بوونە ژێر کراسەکەیەوەو ئازای ئەندامی هاتبووە خورروو.

چیکاماسوف، بەدەم باوێشك دانەوە خۆی هەڵدەکڕاند. حیلەی ئەسپێکی هاڕوژاو خەوی زڕاند، ئیدی پەیتا پەیتا لەسەر جێگاکەی گینگڵی دەدا، کاتێ خەو زۆری بۆ هێناو چاوانی چوونە خەو، لە پڕ دوو ئەسپ بە پرمو هۆڕ بەر بوونە یەکدیو بەدەم حیلاندنەوە کەوتنە سمکۆڵان. دەنگێکی خەواڵو، هاواری کرد:

– ئارام بگرە، هەی بەدفەڕ! هۆ... هۆ... ش! حەیوانی نەگریس!

دوگین، بە تەکانێك هەستایە سەر پێیانو بە دارێك بەر بووە وێزەی ئەسپە نزیکەکە.

بونچوك، کە ئەسپێ حەواندنەوەی لێهەڵگرتبوو، لە جێگاکەدا گینگڵی دەدا، سەرەنجام تووڕە بوو، بۆی دەرکەوت کە بەو زووانە خەوی لێناکەوێت. بۆیە کەوتە بیرکردنەوە لە کۆبوونەوەکەی

سبەینێ. هەوڵیدەدا، ئەوە بێنێتە بەر چاوی خۆی کە پەرچە کرداری ئەفسەرەکان چۆن دەبێت. برۆی ویێکهێنانەوەو بزەیەکی بۆ کرد: "گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر قۆزاقەکان بە کۆمەڵ رووبەرووییان ببنەوە، ئەوان. ناچاردەبن کە هەڵێن. بەڵام کێ چوزانێ چ دەبێ؟ باشتر وایە هەر بۆ ئحتیات تەماس دەگەڵ کۆمیتەی پایەگادا (حامیە، سەربازخانە) بگرمو قسەیان لە گەڵدا بکەم."

لە پڕێکا خۆیشی نەیزانی چۆنو بۆ، رووداوێك، هێرشێکی جەنگی مانگی دەی ساڵی ١٩١٥ی بیرکەوتەوە، لەوە دەچوو ئەمەی لە گیان خۆشبێ، یادگەی بە پێداگرییەکی سەیرەوە، دیمەنە پەرت و پەراگەندەکانی، لەلا زندوو دەکردنەوە: سیماو دیمەنی درێوو سامناکی کوژراوانی رووسی و ئەڵمانی، هەندێ دەنگ کە یەکتریان دەدواند، شوێنەواری هەندێ دیمەنی سروشتی کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کاڵ بوو بووەوە، دەنگدانەوەی تۆپباران کە بە ئاستەم دەبیسترا، قرمو هۆڕی ئاشنای دەسرێژی ڕەشاشان و دەنگی شریتی فیشەکان، ئاوازی موزیقایەکی سوپایی، دیمەنی کەمێك کاڵەوە بووی، دەمو لێوی ژنێك کە ڕۆژێ لە رۆژان خۆشی ویستبوو. ئەوجا هەندێ دیمەنی پەراگەندەی دیکەی جەنگ: کوژراوان، تەپە گڵ و خۆڵی کەمێك نیشتوو کە جەنازەی بە کۆمەڵی سەربازانی کوژراویان بە ژێرەوە کرا بوو.

بونچوك هەستا، دانیشت و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم یادگاریانە تا مردن لەگەڵما دەبن، قەت بیرم ناچنەوە، نەك هەر لەگەڵ مندا، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەبن کە وەکو من تیایا ژیاون و دەربارز بوون، ئۆف! چییان بەسەر هێنایین، ژیانیان لێشێواندین! نەفرەتیان لێبێ! تەنانەت مەرگیش پەڵەی ئەم تاوانانەی ئەوان ناشواتەوە..."

ئەوسا لوشای بیرکەوتەوە. ئەم لوشایە کیژێکی دوازدە ساڵان بوو، کیژی کرێکارێکی بەڕادی خەڵکی پتروگراد بوو کە لە شەڕا کوژرا بوو. ئەم پیاوە هاوڕێی بوو، کاتی خۆی لە تولادا پێکەوە کاریان دەکرد. شەوێك کە بە جادەیەکا تێدەپەڕی، کچەکەی لەسەر تەختێك بینی بوو، بێ شەرمانە لنگی لێ فش کردبووەو جگەرەی دەکێشا. ڕەنگ و روو سیسەڵەو چرچەڵە،چاوانی خەمین، لێوەکانی کە مێیاتیەکی زوو ڕەسیان پێوە دیار بوو، سوور کردبوو، پیاو دەیتوانی بەدبەختیەکی پەنهان بە گۆشەی لێوەکانیەوە بەدی بکات. بە دەنگێکی تێکشکاوو بەدەم خەندەیەکی دەستکردی وەکو خەندەی ئافرەتانی لەشفرۆش، گوتی: "نام ناسیتەوە هاپۆ؟" لە جێی خۆی هەستا، سەری نایە سەر باسکی بونچوك و وەکو منداڵێك کە هیچ پشت و پەنایەکی نەبێت، بەوپەڕی نا ئومێدی لە هۆڕژنی گریانێکی بە کوڵی دا.

کە ئەم دیمەنەی هاتەوە بەرچاو، خەریك بوو لە داخا بخنکێ، دڵی بتەقێ. ڕەنگی تێکچوو، دانەکانی لێکدی سوو، ناڵاندی. پاشان ماوەیەکی زۆر، بە دەست سینگە تووکنەکەی شێلا، لێوانی کەوتنە تەتەڵە، هەستی دەکرد، ڕق و کینەیەك لە دڵ و دەروونیا وەکو گڕکان، بە جۆرێ دەجۆشێ کە بە زەحمەت هەناسەی پێدەدرێت و ئازارێکی تیژ لەلای چەپیەوە، ڕێك لە ژێر دڵییەوە، هەڵدەستێ.

تاکو بەرەبەیان خەوی لێنەکەوت، بەیانی زوو، خەواڵوو ڕەنگ زەردتر لە جاران، چوو بۆ لای کۆمیتەی کارمەندانی وێستگەکە و لەگەڵیاندا ڕێکەوت کە ڕێگەی قیتارەکە نەدەن، قۆزاقەکان بۆ

وێستگەی نارڤا بگوازنەوە، پاشان کەوتە گەڕان بە دووی کۆمیتەی پادگانەکەدا (حامیە، سەربازخانە) کە ئەوانیش هەمان هەڵوێستی کارمەندانی وێستگەکە وەربگرن و یارمەتیان بدەن.

سەعات هەشت گەڕایەوە بۆ لای قیتارەکە. فێنکی هەوای بەیانی ختوکەی ئازای ئەندامی دەدا، لە ناخا بە کەیف و شادمان بوو، لەبەر ئەوەی پێدەچوو هەم لە ئەرك و کارەکەیدا سەرکەوتوو بێ، هەم لەبەر ئەو هەتاوە خۆشەی کە لە شێروانییە ژەنگنەکەی عەماری کەلوپەلەکانی دەدا، هەم لەبەر ئەوای دڵگیری ژنێك کە لەو دەوروبەرە گۆرانی دەچڕی. بەر لە سپێدەی بەیانی ڕێژنە بارانێکی توندو کەم باری بوو. بەسەر گڵە نەرمەی بەینی ڕێڵەکاندا جۆگەلەی بەستبوو و شوێنەوارەکەی بەسەر گڵەکەوە دیار بوو. زەوی بۆنی کەسکونی بارانی دەداو هێشتا شوێنی دوا تنۆکە بارانەکە، وەکو ئاوڵە بە ڕوویەوە دیار بوو.

لە کاتێکا بە دەوری فارگۆنەکاندا دەسوڕایەوە، ئەفسەرێکی پاڵتۆ لەبەری، پۆستاڵ قوڕاوی، بەرەو ڕووی دەهات.

بونچوك، نەقیب کالمیکوڤ ناسییەوەو کەمێك هەنگاوی قورس کرد، تیا مابوو چی بکات. تووشی یەکدی بوون. کالمیکوف وەستا، چاوە ڕەشە قیچەکانی، پرشنگێکی ساردیان دا.

– نایب زابت بونچوك؟ هێشتا ئازادی؟ ببوورە، من ناتوانم تەوقە لەگەڵ تۆدا بکەم...

لێوەکانی هەڵقورتاندن، دەستی لە گیرفانی پاڵتۆکەی نان، بونچوك بە تەوسەوە گوتی:

– باش بوو، دەست پێشکەریت کرد، دەنا منیش بە نیاز نەبووم تەوقەت لەگەڵدا بکەم.

– چی دەکەی لەم ناوە؟ هاتووی خۆت رزگار بکەیت؟ یان... لە پترۆگرادەوە هاتوویت؟ خۆ کیرنسکی برادەرمان نەی ناردوویت؟

– چیە، تەحقیقە؟

– تەنیا کونجکاویەکی ڕەوایە دەربارەی چارەنووسی هاوڕێیەك کە لە شەڕگە هەڵات.

بونچوك، بزەیەکی بە ماناوەی هاتێ، شانەکانی هەڵتەکاندن و گوتی:

– خاترجەم بە کە بە نوێنەرایەتی کیرنسکی نەهاتبووم.

کالمیکوف، کە پەڕەی کەپووی کەوتبوونە لەرزین، بە نیگایەکی سووکی بەزەیی ئامێزەوە ڕوانیە قەدو قەڵافەت کەمێ خواری بونچوك و گوتی:

– بەڵام وا دیارە ئەو مەترسییەی کە بەڕێوەیە باش هەمووتانی یەکخستووە. باشە تۆ ئێستا چیت و چ کارەیت، بۆچی هاتوویت؟ نە نیشانەیەکت بەسەر شانەوەیەو بە پاڵتۆی سەربازیشەوەی، دەڵاڵ و مامەڵەچی سیاسی گەرۆکی؟ باشی بۆ چووم؟

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، لەسەر پاژنەی پێ وەرچەرخاو بە هەنگاوی هەراو (گەورە، گوشاد) دوورکەوتەوە.

بونچوك، گەییە ئاستی فارگۆنەکەی شەوێ، سەیری کرد دوگین لەوێ چاوەڕوانی دەکات.

– لە کوێ بووی؟ کوبوونەوەکە دەستی پێکرد.

– چی؟ دەستی پێکرد؟

– چاك. فەرماندەی سریەکەمان، نەقیب کالمیکوف، کە لە پترۆگراد بوو، ئەم بەیانیە بە قیتار هاتووەتەوە. قۆزاقەکانی بۆ کۆبوونەوە بانگ کردووەو تۆزێك لەمەپێش رۆیی تا قسەیان بۆ بکات.

بونچوك، چەند دەقیقەیەك دەگەڵ دوگیندا وەستاو لێی پرسی کەی کالمیکوف بە ماموری بۆ پترۆگراد نێردراوە... دوگین وەڵامی دایەوە کە نزیکەی مانگێك دەبێ...

لە کاتێکا دەگەڵ دوگیندا بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە دەچوون، لە دلی خۆیدا دەیگوت: "ئەمەش یەکێکە لەو دژمنانەی شۆڕش، کە کورنیلوف، بە بیانووی دەورەی فێربوونی تەکنیکی بەکارهێنانی تۆپەوە بۆ پترۆگرادی ناردووە. هەڵبەتە نۆکەری سەر سپاردەی کورنیلوفە. ئەمە رۆژەکەیە، دەیبینین!"

لە پشت کۆگاکەوە، قۆزاقەکان، بە کراس و قەمسەڵە وپاڵتۆی خاکی چڵکنەوە، ئەڵقەیان بەستبوو. کالمیکوف لە ناوەڕاستیاندا، لەسەر بەرمیلێکی سەرەونخون، کە چەند ئەفسەرێك دەوریان دابوو، وەستا بوو. بە دەنگێکی دلێرو هێدی قسەی بۆ دەکردن:

– ... ناوەستین تاسەرکەوتنی یەکجارەکی! ئەوان هەموو هیواو ئومێدێکیان بە ئێمەیە، متمانەی تەواویان بە ئێمەیە، دەبێ بیسەلمێنین کە شایستەی ئەو متمانەیەین. ئێستاش ئەم بروسکەیەتان بۆ دەخوێنمەوە کە جەنەراڵ کورنیلوف بۆ قۆزاقانی ناردووە.

بە پەلە، کاغەزێکی چرچ و لۆچی لە گیرفانی قەمسەڵەکەی دەرهێناو چەند وشەیەکی بە گوێی بەرپرسی قیتارەکەدا چپاند.

بونچوك و دوگین گەیینە جێ و خۆیان بە نێو ئاپۆڕاکەدا کرد. کالمیکوف بە دەنگێکی دلێرو پڕ جۆش دەستی بە خوێندنەوە کرد:

"قۆزاقان، هاونیشتمانانی بەرێز! ئایا ئەم رووسیایە لەسەر ئێسك و پروسکی ئاباو ئەژدادی ئێوە ڕۆنەنراوە، بە خوێنی ئەوان ئاواو ئاوەدان نەکراوەتەوە؟ ئایا ڕووسیای مەزن، قەرزاربارى عەگیدی و دلاوەری و خۆڕاگری ئێوەو قارەمانیەتی گەورەی ئێوەو فیداکاری و قوربانیدانی ئێوە نییە؟ ئێوە ئەی ڕۆڵەو فەرزەندانی ئازاو ئازادی دۆنی ئارام و جەنگاوەرانی کۆڵنەدەری خاکی جوانی کۆبان و ڕووباری تیریکی خرۆشاو، ئەی هەڵۆیانی باڵ تیژی دەشتان و کێوانی ئۆراڵ و ئورنبرگ و هەشتەرخان و سمیرچینك و سیبریاو پێدەشتەکانی ئەوبەری بایکال و ئامووروو ئوسوری، ئێوە هەمیشە شەرەف و شانازی ئالای خۆتان پاراستووە، خاکی ڕووسیا پڕ لە داستان و چیرۆکی کارێن قارەمانانەی باب و باپیرانی ئێوەیە. ئێستا ڕۆژ ڕۆژی ئێوەیە کە بە هانای نیشتمانەوە بێن.

من حکومەتی کاتی بە حکومەتێکی ڕاڕاو بێتوانا دەزانم. حکومەتێکە بێدەسەلات، قاییلە ئەڵمانەکان بە کەماڵی ئارەزوو تەراتێن لە وڵاتی ئێمەدا بکەن، دەست لە هەموو کاروبارێکی ناو خۆی وڵاتەکەمان وەربدەن، وەکو خاوەن ماڵ ڕەفتار بکەن. بەڵگەشم تەقینەوەکەی قازانە کە لەو تەقینەوەیەدا نزیکەی یەك ملیۆن بۆمبا تەقیەوە، دوازدە هەزار ڕەشاش تیا چوو. من هەر بەمەوە ناوەستم، هەندێك لە ئەندامانی حکومەتەکە بە خاین دەزانم و بەڵگەشم بە دەستەوەیە: لە

کۆبوونەوەی ٣/٨ی کابینەی حکومەتا لە کۆشکی زستانە (کۆشکی زستانە: کۆشکی تزارەکانی ڕووس بوو لەپترۆبورگ) کە من بە خۆم لەوێ ئامادە بووم ،کیرنسکی و سافینکوڤ داوایان لێکردم کە نابێ هەموو قسەیەك بکەم، چونکە خەڵکانی نا دڵسۆز لە نێوان وەزیرەکاندا هەن و جێگەی باوەڕنین. ئاشکرایە کە حکومەتی وا ولآت بەرەو وێرانی و نابووتی دەبات، کە حکومەتی وا جێگەی باوەڕ نییەو مەحاڵە بتوانێ ڕووسیای نەگبەت رزگار بکات... لەبەر ئەمە پاش ئەوەی حکومەت لە بەر خاتری دژمن و بە قازانجی دژمن، داوای لە من کرد کە دەستبەرداری پۆستی فەرماندەیی گشتی هێزێن چەکدار بم، منی قۆزاق، بە حوکمی ویژدان و ئابڕووی قۆزاقانەی خۆم، ناچار بووم، ئەم داوایە ڕەتبکەمەوە، مردن لە مەیدانی شەڕدا هەڵبـژێرم نەك خیانەت بە نیشتمانی دایك. گەلی قۆزاقان، قارەمانانی خاکی ڕووسیا! ئێوە بەڵێنتان بە من داوە، هەرکاتێ بە پێویستم زانی، دوام بکەون و قۆڵێ بەرگری لە نیشتمان هەڵبکەن. جا ئێستا ئەو کاتە هاتووەو خاکی باب و باپیرانمان لە مەترسیدایە! من بە گوێی حکومەتی کاتی ناکەم و لە ڕای ڕزگاری ڕووسیای ئازادا، ڕووبە ڕووی حکومەت و راوێـژکارە ناموسئولەکانی کە ولآت دەفرۆشن، دەبمەوە. گەلی قۆزاقان، شەرەف و شانازی هێـزێن دلاوەری قـۆزاق بپارێزن، قارەمانیەتی بێ وێنەی گەلەکەتان بسەلمێنن، نیشتمان و دەسکەوتەکانی شۆڕش ڕزگاربکەن. بە گوێی من بکەن، بە فەرمانی من بکەن! دووی من بکەون!

١٩١٧/٨/٢٨

فەرماندەی گشتی هێزێن چەکدار

جەنەراڵ کورنیلوف".

کالمیکوف، هەڵوەستەیەکی کرد. کاغەزەکەی قەدو نوشت کردو گوتی:

– نۆکەرانی بەلشەویکەکان و کیرنسکی، لە ناو یەکەکانی ئێمەدا، لە ڕێگای هێڵی ئاسنەوە کۆسپ و تەگەرەمان بۆ دروست دەکەن. جا ئێمە ئەم دەستوورەمان لە فەرماندەی گشتیەوە وەرگرتووە کە دەڵێت: "هەر کاتێ هێزەکان نەیانتوانی بە قیتار بێن بۆ پترۆگراد، پێویستە بە سواری ئەسپ خۆ بگەیەننە پترۆگراد." جا ئێمەش ئەمرۆ دەکەوینە ڕێ، خۆتان کۆبکەنەوەو لە قیتارەکە دابەزن:

بونچوك، دڕی بە ئاپۆڕای خەڵکەکەدا، ڕێگای بۆ خۆی کردەوە، بێئەوەی لە ئەڵقەی ئەفسەرەکان نزیك ببێتەوە، بە دەنگێکی دلێر هاواری کرد:

– هاوڕێیانی قـۆزاق، کرێکاران و سەربازانی پترۆگراد، منیان بۆ لای ئێوە ناردووە. ئەفسەرەکانتان ئێوە بەرەو شەڕی براکوژی دەبەن. دەیانەوێ شۆڕشەکەتان پێسەرکوت بکەن. جا ئەگەر دەتانەوێ دژی میللەت بوەستنەوە، ئەگەر دەتانەوێ ڕژێمی پاشایەتی بگێڕنەوە بۆ سەر حوکم، فەرموو دوایان بکەون! بەڵام کرێکاران و سەربازانی پترۆگراد، چاوەڕوانی ئەوەتان لێدەکەن، کە هەمان کاری (قابیل) دووبارە نەکەنەوە. سڵاوی گەرمی برایەتیان بۆتان هەیە و چاوەڕوانی برایەتی ئێوەن نەك دژمنایەتی...

نەیان هێشت قسەکانی تەواو بکات. بوو بە هەراو زەنایەکی سەیر، کالمیکوف، لەسەر بەرمیلەکە،خۆی هەڵدایە خوارەوە، لە تۆ وایە تەوژمی هورای خەڵکەکە، هەڵیدایە خوارەوە، بە هەشتاو بەرەو ڕووی بونچوك ڕۆیی، کە نزیك بووەوە، لەسەر پاژنەی پێ وەرچەرخاو گوتی:

– قۆزاقینە! هەمووتان دەزانن کە نایب زابت بونچوك، پار لە شەڕگە هەڵات. ماقوڵە ئێستا گوێ لە قسەی ئەم خیانەتکارە ترسنۆکە بگرین، باوەڕی پێبکەین؟

سەرهەنگی دووەم سوخین، فەرماندەی سریەی شەشەم، بە دەنگێکی بەرز، کە دەنگی کالمیکوڤ کردە ژێرەوە، هاواری کرد:

– ئەم خوێڕیە دەستگیر بکەن! کاتێ ئێمە لە شەڕگەکاندا خوێنی خۆمان دەڕشت، ئەو لە بەرەکانی پشتەوە خۆی دەشاردەوە، ئادەی دەستگیری بکەن!

– پەلە مەکە تۆش!

– واز بێنە با قسەی خۆی بکات!

– هەموو کەسێك هەقی قسەکردنی هەیە، وازی لێبێنن با قسەی خۆی بکات.

– دەستگیری بکەن!

– ئێمە خەڵکی فیرارمان ناوێ؟

– دەی بونچوك، قسەی خۆت بکە!

– میتریچ! تۆش بۆیان بسەلمێنە!

– مردن بۆ فیرار!

– چەنەچەن!

– بونچوك، بەردەوام بە، بەردەوام بە، چەپکێ قوڕ بدە بە دەمیانا! دەمکوتیان بکە.

کۆمەڵێك دەنگی هەڤدژ لە نێو قۆزاقەکانەوە بەرز بووەوە. قۆزاقێکی سەر تاشراوی بێ کاسکێت، کە ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کەتیبەکە بوو، چووە سەر بەرمیلەکە. بە زمانێکی پڕ جۆش داوای لە قۆزاقەکان کرد کە بە فەرمانی جەنەراڵ کورنیلوڤ دژە شۆڕش نەکەن و باسی ئەنجام و ئاکامە خراپەکانی شەڕی میللەتی کردو ئەوسا ڕووی کردە بونچوك و بەدەنگی بەرز گوتی:

– تۆش هاوڕێ، دڵ لە دڵ مەدە، ئێمە وەکو ئەفسەرەکان نین کە سووکایەتیت پێبکەین. ئێمە بەدیدارت خۆشحاڵین، ئێمە ڕێزت دەگرین چ وەکو نوێنەری میللەت و چ وەکو ئەوەی لەسەردەمی عەسکەریتا، تفێکت لە هیچ قۆزاقێك نەکردووە، وەکو برا ڕەفتارت لەگەڵ دەکردین، تەسەور نەکەیت، لەبەر ئەوەی نەخوێنەوارین، جیاوازی نێوان ڕەفتاری باش و خراپ ناکەین، حەیوان، بە حەیوانی خۆی فەرقی ڕەفتاری باش و خراپ دەکات، چ جای بەشەر. ئێمە سەری ڕێزت بۆ دادەنەوێنین و تکات لێدەکەین بە کرێکاران و سەربازانی پترۆگراد بڵێ کە ئێمە دەست لەوان ناکەینەوە و دژایەتیان ناکەین.

هوراو هەڵهەڵە وەکو دەنگی دەهۆڵ بەرز بووەوە. هورای پشتیوانی بەرز بووەوە، گەییە حەلحەی ئاسمان و پاشان وردە وردە نزم بووەوەو خامۆش بوو.

کالمیکوف، جارێکی دی خۆی گەیاندە سەر بەرمیلەکە، بەسەر بەرمیلەکەوە لەقەلەق، قۆڵەکانی لێهەڵماڵین، ڕەنگ زەردو هەناسەسوار ڕووی کردە قۆزاقەکان، کەوتە ستایش و پیاهەڵدانی شەرەف و شانازی دۆن و دۆنیان، ئەرکی مێژوویی قۆزاقان، کەوتە باسی ئەو خوێنەی کە سەربازان و ئەفسەران پێکەوە، لە ڕای نیشتماندا ڕشتوویانە.

قۆزاقێکی کەتەی زەلامی قژ زەرد، لە دوای کالمیکوفەوە هات و دەستی بە وتارێکی زۆر توندو کینە ئامێز دژی بونچوك کرد. بەڵام هەراو زەنای خەڵکەکە، بەسەر دەنگی ئەودا زاڵ بوو... نەیانهێشت قسەکانی تەواو بکات، لە باسکی نەوین و لەسەر بەرمیلەکە هێنایانە خوارەوە. چیکاماسوف، بە تەکانێك خۆی هەڵدایە سەر بەرمیلەکە، لە کاتێکا بە جۆرێ دەست و بازووی تەکان دەدا، لە تۆ وایە دار دەشکێنێ، نەڕاندی:

– ناڕۆین! لە قیتارەکە دانابەزین! لە بروسکەکەدا وتراوە کە قۆزاقەکان بەڵێنیان داوە یارمەتی کورنیلوف بدەن، بەڵام شتی وا نیە، نە کەس داوای شتی وای لە ئێمە کردووەو نە ئێمەش بەڵێنی وامان داوە! ئەفسەرانی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەفسەران ئەو بەڵێنەیان داوە، نەك قۆزاقەکان. ئەم جەنەراڵ کریموفە کە کەوتووەتە کلکە لە قێ، با خۆی بە تەنیا بچێتە هیمدادی کورنیلوف.

ئیدی هەر وتاربێژ بوو، دەهاتە سەر بەرمیلەکەو بەلەز خۆی خاڵی دەکردەوەو دادەبەزی. بونچوك، لە جێی خۆی وەستا بوو و سەری دانەواند بوو. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، دەماری لاجانگ و لاملی ئەستوور بوو بوون و خێرا خێرا لێیان دەدا. جەوەکە بارگاوی بوو، لە ئان و ساتا بوو بتەقێتەوە. لەگێن بوو کەمترین بەدحاڵی بوون و بچووکترین هەڵە، خوێنی لێبکەوتایەوە. هەموو سەربازانی سەربازخانەکە بە کەڕەتێ ڕوویان کردە وێستگەکە، ئەفسەرەکان کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت.

دوای نیو سەعاتێك دوگین، بە هانکە هانك خۆی گەیاندە بونچوك:

– میتریچ، چ بکەین؟... کالمیکوف شتێکی بەدەستەوەیە، ئوینێکی لە ژێر سەردایە. خەریکە ڕەشاشەکان لە قیتارەکە دادەگرن، تەتەرێکیانیش بە سواری ئەسپێکەوە بۆ شوێنێك نارد.

– با بڕۆین. پازدە بیست قۆزاقێك لەگەڵ خۆدا بێنە. خێراکە.

کالمیکوف و سێ ئەفسەری دیکە، لەبەر فارگۆنی ئەفسەرەکاندا. ڕەشاشەکانیان لە ئەسپان بار دکرد. بونچوك، لە پێش ئەوانی دیکەوە خۆی گەیاندنێ، ئاوڕێکی لە قۆزاقەکان دایەوە، دەستی بە گیرفانی پاڵتۆکەی خۆیدا کردو دەمانچەیەکی ئەفسەری، کە زۆر بە جوانی پاك کرابووەوە، دەرهێنا و گوتی:

– کالمیکوف، تۆ دەست بەسەری، دەس هەڵبڕە!

کالمیکوف، بەلەز لە ئەسپەکەی دابەزی، دەستی بۆ کەمەری برد تا دەمانچەکەی لە کیف دەربینێ، بەڵام فریای دەرهێنانی دەمانچەکەی نەکەوت، کە فیشەکێك بەسەر سەریا گیزەی کرد.

بونچوك دووبارە، بە دەنگێکی گڕی هەڕەشە ئامێز گوتیەوە:

– دەست هەڵبڕە!

چەکوشی دەمانچەکەی تا نیوە سوار کرد. کالمیکوف ژێراو ژێر سەیرێکی کرد، ئەوسا بە ناچاری دەستی هەڵبڕی، قامکەکانی دەلەرزین. ئەفسەرەکانی دیکەش بە ناچاری چەکەکانیان دانا.

نایب زابتێکی گەنجی ڕەشاشچی، بە ئەدەبەوە پرسی:

– شمشێرەکانیشمان تەسلیم بکەین؟

– بەڵێ.

قۆزاقەکان، بارەکانیان لە ئەسپەکان داگرتو ڕەشاشەکانیان بردەوە ناو فارگۆنەکە. بونچوک بە دوگینی گوت:

– پاسەوان بە دیار ئەمانەوە دابنە. تۆش چیکاماسوف، بڕۆ ئەفسەرەکانی دی دەستگیر بکەو بیانهێنە بۆ ئێرە. گوێت لێبوو چم گوت چیکاماسوف؟ دوگین خۆیشت لەگەڵ منا وەرە با کالمیکوف بۆ کۆمیتەی شۆڕشی سەربازگەکە بەرین. کاپتن (نەقیب) کالمیکوف، تکایە پێشمان بکەوە!

ئەفسەرێك کە خەریك بوو دەچووە ناو فارگۆنەکەوە، بە ستایشەوە گوتی:

– زۆر جوانە! زۆر جوان!

ئەوسا نیگای دووی بونچوك‌و دوگین خست کە دوور دەکەوتنەوە.

سەرهەنگ سوخین، بە تورەیی ڕوانیە ئەفسەرەکانی دیکە، دەستی بۆ قوتووی جگەرەکەی برد تا جگەرەیەك دەربێنێ، لە تووڕەییدا پەنجەکانی دەلەرزین‌و پێش ئەوەی بە ئاسانی جگەرەکەی دەربێنێ، گوتی:

– بەڕێزینە! برادەرینە! بە ڕاستی شەرمە! ڕەفتاری ئێمە زۆر منداڵانە بوو. کەسمان ئەوەمان بە بیرا نەهات، ئەو خوێڕیە بکەین بە قوربانی فیشەکێك! کە هەڵیکێشایە دەمانچە لە کالمیکوف، دەبوا فیشەکێکی پێوە بنەین‌و، هەموو شتێك بە ئاسانی دەبڕایەوە.

ملازمێکی گەنج، بە خاکسارییەوە گوتی:

– ئەوانیش فەسیڵێکی تەواو بوون... دەیانتوانی هەموومان بکوژن.

ئەفسەرەکان، بە بێدەنگی سیگاریان دەکێشا، ناو بە ناو تەمەشایەکی یەکتریان دەکرد. سەریان لەو تەڕدەستی‌و دەس وەکەریەی بونچوك سووڕ مابوو.

کالمیکوف، بەدەم جووینی سەری سمێڵە ڕەشەکەیەوە، ماوەیەك ڕۆیی‌و هیچی نەگوت. گۆنای چەپی بە جۆرێ سوور بوو بووەوە، لە تۆ وایە بەر زللە دراوە. ڕێبواران، کە ئەمانیان دەبینی، دەوەستان، بە سەرسامی سەیریان دەکردو بە ئەسپایی قسەیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد. ئەو ئێوارەیە، هەورێکی توند بەری ئاسمانی نارڤای گرتبوو، گەڵاێن دار غانان کە بە هۆی گەرمای مانگی ئابەوە وەری بوون، عەینی قاڵبەزێڕی سوور، بەسەر ڕێگاکەدا ڕژا بوو. قەلەڕەشان. بە سەر گومەزی سەوزی کڵێساکەدا دەسوڕانەوە. لەودیو وێستگەکەوە، لەوبەری مەزراو کێڵگەکانەوە، تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشا، شەو تایك داهات، کزەبایەکی سارد هەڵیکرد. چەند گەواڵە هەورێکی پەراگەندەی سپیواژی، کەوەیی، لە سەمتی باشوورەوە، لە

نارڤاوه بەرەو پسکوف و لوگا دەڕۆیین. ئیدی شەو دڕی بە بوڵیڵی ئاسۆ داو، تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشا.

که له وێستگەکە ڕەتبوون، کالمیکوف له ناکاوا ئاوڕی دایەوە و تا دەمی گرتی تفێکی کردە چارەی بونچوك‌و گوتی:

– هەی نامەرد!...

بونچوك، خۆی لەبەر تفەکەی لادا، بڕۆی وێکهێنانەوە ماوەیەکی زۆر بیری لەوە کردەوە کە دەست بەرێت‌و دەمانچەکەی لە گیرفانی دەربێنێ... بەڵام جڵەوی خۆی گرت‌و زۆر بە کورتی پێی گوت:

– ڕێکە!

کالمیکوف، کەوتەوە ڕێ، بەدەم ڕێوە، هەزارو یەك جنێوی سەر بەکوڵکەی دەدا. ناو بە ناو دەوەستا، ئاوڕێکی لە بونچوك دەدایەوەو هاواری دەکرد:

– تۆ غایەنی! هەی غایەن! ئەم خیانەتەت لێبەسەر ناچێت!

ئیدی هاواری دەکرد، ئاوڕی دەدایەوە، لە بونچوك دەچووە پێشەوە. بونچوکیش هەموو جارێ لێی دووبارە دەکردەوە:

– تکایە، ڕێبکە....

کالمیکوف، کۆڵەمستی دەگوشی‌و دەکەوتەوە ڕێ. وەکو ئەسپی چەموش جەنەی (مان)دەبەست. گەیینە تەنکی ئاوەکە. کالمیکوف، دانەکانی لێکدی هەڵسوون‌و هاواری کرد:

– ئەمە حیزب نیە کە ئێوە هەتانە، کۆمەڵێك گەجەرو گوجەرو شەقاوەو چەقۆکێشن. سەرکردەکانتان کێن؟ سەرکردایەتی سوپای ئەڵمان! بەلشەویك! ها! کۆمەڵێك خوێڕی‌و تۆڕی! حیزبەکەتان عەینی قەحپەیە،هەموو کاتێ دەشێت بکڕدرێ! بێشەرەفینە!... خاکی باب‌و باپیرانتان فرۆشتووە! دەبێ پاکو بدرێن!... ئەگەر دەستم بڕۆیشتبا هەمووتانم بە یەك دارا هەڵدەواسی... کەسێ نەمرێ ئەو ڕۆژەش دێ. یانی دەتانەوێ بڵێن لینینەکەتان ڕووسیای بە سی مارکی ئەڵمانی نەفرۆشتووە؟ یەك ملیۆنی کاشی نایە تەنکەی باخەڵی‌و خۆی ون کرد... تاوانبار!

بونچوك، پەست‌و تووڕە پێی گوت:

– بڕۆ لە پاڵ دیوارەکەدا بوەستە!

دوگین، پەشۆکا! دەستی تەکان داو گوتی:

– ئیلیا میتریچ، هێواش! چی دەکەی؟ هێواش، ئاخر!

بونچوك، لە ڕقا شین‌و مۆر بووەوە، پەلاماری کالمیکوڤی داو تا هێز لە بازوویدا بوو، زللەیەکی بە پەنا گوێیدا کێشا. کاسکێتی ئەفسەرەکەی (کالمیکوف) کە بەدەم زللەکەوە کەوتبووە سەر ئەرزەکە، نایە ژێر پێ، کالمیکوڤی بۆ پاڵ دیواری تەنکیە ئاوەکە ڕاکێشاو گوتی:

– لێرەیا بوەستە.

کالمیکوف، کە هەوڵیدەدا بەگژیا بچێتەوە، هاواری کرد:

– چی دەکەی؟ بە چ هەقێ لێم دەدەی؟ هەقی ئەوەت نیە لێم بدەیت!...

کە پشتی بە ئەسپایی بەر دیواری تەنکی ئاوەکە کەوت، خۆی ڕاستکردەوەو هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت:

– یانی، دەتەوێ بمکوژیت؟

بونچوك بە پێشا دانەوی بووەوەو خەریك بوو دەمانچەکەی، کە پەلە پیتکەکەی لە ئەستەڕی گیرفانی پاڵتۆکەی گیر بوو بوو، زوو دەربێنێ.

کالمیکوف هەنگاوێك هاتە پێشەوە و خێرا دوگمەکانی پاڵتۆکەی لە سەرێ ڕا تا خوارێ کردەوە:

– دەستی پێیا بنە، حەرامزادە! بێمنەت بە دەستی پێیا بنە!...بزانە ئەفسەرانی رووس چۆن دەمرن..! من بە گژ مەرگا...

گوللەکە بەدەمیا چوو، دەنگی گوللەکە، لە دەوری تەنکیە ئاوەکەدا دەنگی دایەوە، کالمیکوف لەترێکی دا، لە تۆ وایە دەیەوێ هەنگاوێکی دی بۆ پێشەوە بنێت. دەستی چەپی بۆ سەری برد، دوولـۆ کۆمایەوە، کەوت. ددانەکانی کە لە خوێنا ڕەش هەڵگەڕا بوون، بەسەر سینگیا ڕژان، زمانی، وەکو ئەوەی تامی شتێکی بەتام بکات، بەو ئاوایە بەدەمو لێویا هێنا. هەرکە پشتی گەییە سەر چەوو لمە تەڕەکە، بونچوك فیشەکێکی دیکەی پێوەنا، ئازای ئەندامی کالمیکوف گرژ بوو، بەسەر خۆیا گرمۆڵە بوو، بەلایا کەوت، ئەوسا وەکو مەلێك خەوی لێبکەویت، سەری بە سەر سینگیا شۆڕ بووەوەو پرخەیەکی کورتی لێوە هات.

بونچوك ڕۆیی، دوگین لە یەکەمین چوار ڕیاندا گرتیەوە:

– ئیلیا... ئەمە چی بوو؟... بۆ کوشتت؟

بونچوك، هەردوو شانی دوگینی گرت، چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی، بە زمانێکی نەرمو ئارامی سەیر، گوتی:

– یا ئێمە یان ئەوان! هیچ ڕێگایەکی دی نیە. خوێن بە خوێن. یان ئەمە یان ئەوە... تێگەییشتی؟ خەڵکانی وەکو کالمیکوف نابێ بمێنن، دەبێ وەکو مار سەریان پان بکرێتەوە... پێویستە ئەو کەسانەش بکوژرێن کە بەزەییان پێیاندا دێتەوەو هاوسۆزیان لەگەڵدا دەکەن... تێگەییشتی؟ بۆچی چرو چارەت داوە بە یەکا؟ بۆ کێ دەگریت؟ وەخۆ وەرەوە، پیاو بە پیاو! خۆ ئەگەر ئێمە بەر دەستی کالمیکوف بەدفەڕ کەوتباین، دەیکوشتین‌و خۆی شێلو نەدەکرد، لە خۆی نەدەگرت جگەرەکەی لالێویشی لا بەرێت، کەچی تۆ، تۆ منداڵیت، لە گریان زیاتر هیچی دی نازانی!.

دوگین تا ماوەیەك سەری بەدەم هەنسك هەڵدانەوە دەلەرزی و دانەکانی پێکا دەکەوتن. پێیە گەورەکانی لە ناو چەکمە کۆنەکانیا، تێك دەئالان.

بە بێدەنگی بە شەقامێکی چۆڵا ڕێیان دەکرد. بونچوك ناو بە ناو ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە. هەورێکی ڕەش بەسەر سەریانەوە، بەنزمیەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیی. لە گۆشەیەکی ئاسمانی مانگی ئابەوە، مانگ لە درزی پەڵە هەورێکەوە، وەکو چاوێکی کەسك کە بارانەکەی دوێشەو

شۆڕدبێتی، سەیری خوارەوەی دەکرد. لە چوار ڕیانێکی دواترا، سەربازێك و ژنێك کە شاڵێکی سپی بە شانیا دابوو، خۆیان لێکدی هەڵدەسوو. سەربازەکە، ژنەکەی لە ئامێز گرتبوو و بەرەو خۆی ڕایدەکێشاو شتێکی بە گوێیدا دەچپاند و ژنە دەستی نا بە سینگی سەربازەکەوەو لە خۆیی دوور خستەوەو سەری خۆی هێنایە دواوەو، بە دەنگێکی پچڕ پچڕو هێواش دەیگوت: "نا، باوەڕت پێناکەم! باوەڕم بە قسەکانت نیە!" ئەوسا ناسکە پێکەنینێکی نەرم لە زاریەوە ڕژا.

"١٨"

جەنەڕاڵ کریموف، کە لەلایەن کیرنسکییەوە بۆ پترۆگراد بانگکرابوو، ڕۆژی ٨/٣١ خۆی کوشت.

پاشان نوێنەری یەکەکانی سوپای کریموف و فەرماندەی ئەو یەکانە، دەستە دەستە چوون بۆ کۆشکی زستانە تا داوای بوردن بکەن و گوێڕایەڵی خۆیان ڕابگەیەنن. ئەو پیاوانەی تا دوێنێ دژایەتی حکومەتی کاتیان دەکردو هەڕەشەی کودەتاو ڕاپەڕینیان دەکرد، هەنووکە هەر هەموویان کڕنۆشیان بۆ کیرنسکی دەبردو کلکە سوتێیان بۆ دەکردو وەفاداری و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ دووپات دەکردەوە. سوپاکەی کریموف کە لە باری ڕوحی و دەروونیەوە تەواو تێکشکا بوو، ئێستا لە حاڵی مەرگا بوو. هەندێ لە یەکەکانی سوپای ناڤبری، بە ناچاری بەرەو پترۆگراد دەچوون، بەڵام چوونەکەیان هیچ مانایەکی نەبوو، چونکە کودەتاکەی کورنیلوف، دوا دوایی بوو. ئاگری تۆپی کۆنەپەرستیەت لە کوژانەوەو دواین دەمی دامرکانەوەی خۆیدا بوو. سەرۆکی کاتی حکومەت، کە ئەلهەقی کەسێکی سەختگیر بوو، بە پاو پوزەوانەوە وەکو ناپلێون بە خۆی دەفشی و خۆی دەنواند، لە کۆبوونەوەکانی کابینەی وزیراندا دەمی لە "بەرقەرار کردنی ئارامی سیاسی لە سەرانسەری ڕووسیادا" دەکوتا

شەوی پێش خۆ کوژییەکەی کریموف، جەنەراڵی ئالیکسییڤ بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دامەزرا. بەڵام ئالیکسییف کە پیاوێکی ناسك تەبیعەت و دروستکارو سەر ڕاست بوو و دەیزانی ئەم پۆستە چ ناوزڕانێکی لێدەکەوێتەوە، لە سەرەتاوە بە هیچ جۆرێ ملی بۆ نەدا. بەڵام سەرنجام تەنیا لە بەر یەك شت قەبووڵی کرد، ئەویش ئەوەبوو بەلای کەمەوە بتوانێ سزای سەر کورنیلوف و ئەو خەڵکانەی کە لە هەراو یاخبوونە ئەنتی حکومەتیەکا، هاودەستیان کردبوو، سووك بکات.

ئالیکسییف، تەماسی تەلەفۆنی دەگەڵ سەرکردایەتی گشتیدا گرت تا لە هەڵوێستی کورنیلوف، دەربارەی دامەزراندنەکەی خۆی و چوونی بۆ سەرکردایەتی گشتی، ئاگادار بێ. ئەم گفتوگۆیە دژوارە، زۆری درێژە کێشا، بە پچڕ پچڕی تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو.

کورنیلوف، هەر ئەو ڕۆژە، ئەفسەرانی سەرکردایەتی و هەموو ستاف و یاریدەدەرەکانی خۆی کۆکردەوەو پرس و ڕاوێژی پێکردن، زۆربەیان دەگەڵ ئەوەدا بوون کە درێژە بە یاخبوون و دژایەتی حکومەتی کاتی بدەن.

کورنیلوف، ڕووی لە لوکومسکی کە لە هەوەڵی گەنگەشەکەوە تا کۆتایی بێدەنگ بوو، کردو پرسی:

– ئەلکساندر سێرگییوفیچ، تۆ چ دەڵێی؟

لوکومسکی، بە کورتی و بێپێچ و پەنا، دژایەتی خۆی بۆ بەردەوامبوونی یاخی بوونەکە ڕاگەیاند. کورنیلوف بە توندی قسەکەی پێبڕی:

– یانی خۆ بە بەدەستەوە بدەین؟

لوکومسکی شانی هەڵتەکاندن و گوتی:

– واقیعەکە وا دەڵێت.

گەنگەشەو گفتوگۆیەکە، نیو سەعاتێکی دیکە بەردەوام بوو. کورنیلوف، بێدەنگ بوو، دیار بوو هەوڵیدەدا بە خورتی جڵەوی خۆی بگرێت. ئیدی زوو کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێناو پاش سەعاتێك ناردی بە شوێن لوکومسکیداو پێی گوت:

– هەق بە تۆیە ئەلکساندر سیرگییوفیچ...

قامکەکانی خۆی تەقاند، نیگای خەمینی، کە دەتگوت خوڵ و دۆیان بەسەرا کردووە، بڕییە شوێنێکی نادیار:

– ... هەر جۆرە بەرخودان و بەرگرییەك، ئەوپەڕی گەوجێتییە، تاوانە.

ماوەیەکی زۆر، بەسەری قامکان کێشای بەسەر مێزەکەدا، لە تۆ وایە گوێ لە شتێك دەگرێت.. پێدەچوو گوێ لە دەنگی ئەندێشە بروسکەییەکانی خۆی بگرێت. ئەوجا پرسی:

– باشە، میخائیل ڤاسیلییوفیچ (ئالیکسییف) کەی دێت؟

– سبەینێ.

ئالیکسییف، ڕۆژی یەکەمی ئەیلول گەییە بارەگای سەرکردایەتی .ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کورنیلوف، لوکومسکی و ڕۆمانوفسکی بە فەرمانی حکومەتی کاتی دەستگیرکران.

پێش ئەوەی دەستگیر کراوەکان ڕەوانەی ئوتیلی متروپول بکرێن، تا لەوێندەر بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، ئالیکسییف بۆ ماوەی بیست دەقیقە گفتوگۆیەکی دوو قۆڵی دەگەڵ کورنیلوفدا کرد. کاتێ کە لە ژوورەکە وەدەرکەوت، زۆر تووڕەو پەشێو بوو، بە زەحمەت خۆی پێزەوت دەکرا.

کاتێ ڕۆمانوفسکی ویستی بچێتە ژووری کورنیلوف بدینێ، ژنەکەی کورنیلوف، ڕێگەی نەداو گوتی:

– ببورە، لاڤرگیورگیوفیچ، (کورنیلوف) ڕای سپاردوم کە ڕێگەی کەس نەدەم بچێتە لای.

ڕۆمانوفسکی نیگایەکی خێرای سەروچاوی پەشێوی ژنەکەی کردو بەدەم چاو تروکاندنەوە، بە گۆنای سوور هەڵگەڕاوەوە، ڕۆیی.

بۆ سبەینێ، لە بیردیچڤدا، جەنەراڵ دینکینی فەرماندەی گشتی بەرەی باشووری ڕۆژئاوا، جەنەراڵ مارکون، جەنەراڵ مانۆڤسکی و جەنەراڵ ئەردیلی، فەرماندەی سوپای تایبەتی دەسگیرکران.

بەمجۆرە، ڕاپەڕین و یاخیبوونەکەی کورنیلوف، لە قوتابخانەی ناوەندی کیژانی شاری بیخوفدا ، بە ناکامی کۆتایی هات و بە دەستی مێژوو دامرکێنرایەوە. بەڵام شتێکی تازە، یاخیبوونێکی تازەی لێکەوتەوە: چونکە نەخشەی شەڕی ئایندەی ناوخۆو هێرشی بەرفراوان دژی شۆڕش، لە ڕاستیا، لە سەردەمی کورنیلوفدا، زەمینەی بۆ فەراهەم کرابوو.

"١٩"

نەقیب لیستنتسکی، بەیانی زووی ڕۆژێکی ئاخرو ئۆخری مانگی ئۆکتۆبەر، لەلایەن فەرماندەی کەتیبەکەیەوە، فەرمانی پێکرا کە بەخۆی و سریەکەیەوە، بە پێیان بڕۆن بۆ مەیدانەکانی بەرانبەر کۆشکی زستانە.

لیستنتسکی ڕێنمایی پێویستی بە ڕەیس عورەفاکەی داو بە پەلە جلەکانی لەبەر کرد. ئەفسەرەکانی دی بەدەم باوێشکدان و بۆڵژن و جنێودانەوە ڕابوون.

– مەسەلە چیە؟

– بەلشەویکەکان!...

– برادەرینە، کێ فیشەکەکانی منی بردووە؟

– بۆ کوێ بڕۆین؟

– گوێتان لێیە: دەنگی تەقە دێ!

– تەقەی چی؟ خەڵەفاوی...

ئەفسەرەکان چوون بۆ حەوشە. سریەکە، فەسیل فەسیل ریز بوو. لیستنتسکی بە هەڕوەڵە لە حەوشەکە بردنیە دەرێ. شەقامی نوڤسکی چۆڵ بوو، ناو بە ناو، لە دوورەوە دەنگی فیشەکێك دەهات. زرێپۆشێك بە دەوری مەیدانی کۆشکی زستانەدا دەسوڕایەوە. خوێندکارانی کۆلیجی ئەفسەری ئێشکیان دەگرت. بێدەنگیەکی چوون بێدەنگی بیابان باڵی بەسەر شەقام و جادەکاندا کێشا بوو. سریەکەی لیستنتسکی، لەبەر دەرگای کۆشکدا، تووشی مەفرەزەیەکی خوێندکاران و ئەفسەرانی قۆزاقی سریەی چواری قۆزاقان بوو. یەکێك لە ئەفسەرەکان، کە فەرماندەی سریەکە بوو، لیستنتسکی بردە لایەکەوەو گوتی:

– هەر هەموو سریەکەت لەگەڵ خۆدا هێناوە؟

– بەڵێ، بۆ؟

– سریەی دووەم و پێنجەم و شەشەم نەهاتوون، ڕەفزیان کردووە بێن، بەڵام ئێمە مەفرەزەی ڕەشاشمان لەگەڵ خۆدا هێناوە.ئەدی ورەی قۆزاقەکانت چۆنە؟

لیستنتسکی، بە نە بەدڵی و نا ئومێدییەوە، دەستێکی هەڵتەکاندو گوتی:

– باش نییە!... ئەدی کەتیبەی یەکەم و چوارەم لە کوێن؟

– نایەن. دەزانی لەوە دەچێ بەلشەویکەکان، ئەمڕۆ دەست بە هێرش بکەن؟ مەگەر خوا بزانێ چ شتێك چاوەڕوانمانە!

بە سەرو ڕوویەکی خەمبارەوە ئاهێکی هەڵکێشاو لە سەری ڕۆیی:

– خۆزگە ئێستا لە دۆنەکەی لەمەڕ خۆمان دەبووم‌و چیتر ئەم کەربازاڕەم نەدەبینی...

لیستنتسکی، سریەکەی خۆی بردە حەوشەی کۆشکەکەوە. قۆزاقەکان تفەنگەکانی خۆیان هەڵپەسادرو کەوتنە پیاسە بە حەوشە گەورەکەدا، کە بە ئەندازەی یەك مەیدانی مەشق دەبوو.

ئەفسەرەکان، لە گۆشەیەکی دووری کۆشکەکەدا خڕبوونەوەو بە دەم سیگارکێشانەوە قسانیان دەکرد.

دوای سەعاتێك، کەتیبەیەکی خوێندکارانی کۆلیجی ئەفسەری لەگەڵ فەوجێکی ژناندا هاتن. خوێندکارەکان، لە ڕاڕەوەکانی کۆشکدا، بە خۆو ڕەشاشەکانیانەوە دامەزران، ژنەکان لە حەوشەدا خڕبوونەوە. قۆزاقەکان بەدەوروبەریانا دەسوڕانەوەو تەشەری بازاڕییان لێدەدان، عەریف ئارجانوف، دەستی بە پشتی ژنێکی خەپە تۆڵەی گۆشتندا، کە پاڵتۆیەکی تەسکی سەربازی لەبەر بوو، داو گوتی:

– پوریێ گیان، هەق بوو لەماڵەوە دانیشیت‌و منداڵ بێنی، ئەم کارەی تۆ دەیکەی، کاری پیاوانە.

پوریێ، دانی لێگڕ کردوەوەو بە دەنگێکی ساف گوتی:

– تۆ بڕۆ منداڵ بێنە!

توکوڤنوڤ، کە یەکێك بوو لە وشکە ئیمانداره مێبازەکان، بە سوعبەتەوە گوتی:

– باشە کچینە. ئێوەو ئەم ئیشە کوجا مەرحەبا!

– ئەم قەحپانە هەقە پێستیان بگروی.

– کە سەربازی جوانن!

– باشە ئەمانە بۆ لە ماڵەوە دانانیشن، ئیشێکی لەمە باشتر بکەن؟

– لە پێشەوە لە سەرباز دەچن. بەڵام لە دواوە لە قەشە دەچن. یان لە شتێکی دیکە دەچن کە کەس نازانێ چیە، پیاو حەز دەکات تفیان بکاتە چارە...

– ئەهای، ژنی جەنگاوەر! سمت‌و کەفەڵت کەمێك بەرە ناوەوە، دەنا بە قۆناغە تفەنگێك بۆتی دەبەمە ناوەوە!

قۆزاقەکان هەموو لە قاقای پێکەنینیان داو بە دیتنی ژنەکان خۆشحاڵ بوون. بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی نیوەڕۆدا، کەیف‌و پێکەنینەکەیان نەما. "ژنانی جەنگاوەر" دەستە دەستە دابەش بوون، دار سنۆبەری زەلامیان دێنا‌و لە پشت دەروازەکانی کۆشکەوە هەڵیاندەچنی. ژنێکی کەتەی زەلامی پیاو ئاسا، فەرماندەیی دەکردن، میداڵێکی سان جورج بە یەخەی پاڵتۆ بەدەن چەسپەکەیەوە بوو. زرێپۆشەکە لە جاران زیاتر بە دەوری مەیدانەکەدا دەسوڕایەوە. خوێندکارانی ئەفسەری پەیتا پەیتا سەندوقە فیشەك‌و شریتی فیشەکی ڕەشاشیان بەدەست دەگواستەوە.

– دەی، کوڕینە ئاگاتان لە خۆ بێ، جەوەکە بۆنی شەڕی لێدێت!

– یانی دەبێ شەڕ بکەین؟

– ئەدی بۆچیان هێناوی بۆ ئێرە؟ بۆ ئەوەی دڵداری لەگەڵ فەوجی ژناندا بکەیت؟

کۆمەڵێك لە دەوری لاگوتین کۆبوو بوونەوە: هەموو هاودەڤەری ئەو بوون، خەڵکی ستانی بوکانوفسکایاو سلاشچوفسکایا بوون، پێکەوە قسانیان دەکرد. ئەفسەرەکان دیار نەما بوون، جگە لە قۆزاقەکانو ژنە جەنگاوەرەکان کەسی دی لە حەوشەکەدا نەمابوو. چەند ڕەشاشێك، بەبێ خاوەن لەبەر دەرگای حەوشە بەجێ هێڵرا بوو، پلێت وسوپەری ڕەشاشەکان، لە تەڕەشوعا، ڕەشهەڵگەڕا بوون.

دەمەو خۆرئاوا، نەرمە بارانێك دایکرد. قۆزاقەکان بەرە بەرە بێزار دەبوون، چونکە بەبێ خۆراك بەجێ هێڵرا بوون.

– ئەمە چیە؟ ئێمەیان هێناوە بۆ ئێرەو خواردنمان نادەنێ.

– لیستنتسکی لە کوێیە؟

– بۆ خۆی لە ژوورەوەیە! بڕۆ تەمەشاکە، ڕێگەی ئەو دەدەن بەلاّم ڕێگەی ئێمە، خوێندکارانی ئەفسەری نادەن بچینە ژوورەوە.

– با یەکێك بنێرین بە شوێن ئاشپەزخانە گەڕۆکەکەدا، تا بێت بۆ ئێرە.

دوو قۆزاق بۆ ئەو کارە هەڵبژێردران، لاگوتین پێی گوتن:

– تفەنگەکانتان مەبەن، نەبا لێتانی بسەنن.

قۆزاقەکان دوو دانە سەعات چاوەڕوانیان کرد. نە ئاشپەزخانەکە هاتو نە دوو قۆزاقەکە هاتنەوە، پاشان دەرکەوت کەدەستەیەك لە سەربازانی کەتیبەی سیمونوفسکی کاتێ ئاشپەزخانەکە لە حەوشەکە وەدەرکەوتبوو، ڕێیان پێگرتبوو و گەڕاندبوویانەوە بۆ ناو حەوشەکە. دەمەوخۆر ئاوا ژنانی جەنگاوەر، کە لەبەر دەرگای کۆشکەکە کۆ بوو بوونەوە، لە پشت دارەکانەوە بەریز ڕاکشانو بەسەر حەوشی کۆشکەکەدا کەوتنە تیرەندازی. قۆزاقەکان بەشداریان لەم تیرەندازیەدا نەکرد، بە بێزارییەوە سیگاریان دەکێشا. لاگوتین، سریەکەی لەپاڵ دیوارەکەداخڕ کردەوە. بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە پەنجەرەکانی کۆشك. گوتی:

– قۆزاقینە گوێ بگرن! ئێمە بە خۆڕایی لێرە ماوینەتەوە. هیچ کارێکمان لێرە نییە. پێویستە بڕۆین، دەنا دەبین بە گاوگەردونی خەڵکانی دی، ئەوەتا تەقە لە کۆشکەکە دەکەن، ئەم بایە لەم کونەوە بێ دەیڕوخێنن. ئێمە چی بکەین لێرە؟ کەس نازانێ ئەفسەرەکان کێوە چوون... یەك کەسیان دیار نییە... ئاخر ئێمە گوناحمان چیە لێرە بمێنینەوەو بە خوتو خۆڕایی بکوژرێین؟ وەرن با بگەڕێینەوە بۆ ناو کەسو کاری خۆمان. مانەوەمان لێرە هیچ مانایەکی نییە! سەبارەت بە حکومەتی کاتی... چ خێرو بێرێکی بۆ ئێمە بووە؟ ها، چ دەڵێن کوڕینە؟

– هەرکە، لە دەرگای حەوشە وەدەربکەوین، گاردی سوور، بەلشەویکەکان، بە ڕەشاشان دروێنەمان دەکەن.

– تاقوبڕمان دەکەن.

– نە، بابە... بۆچی دەمانکوژن؟

– ئیدی خۆت بیری لێبکەوە.

– نا، با تا کۆتایی لێرە بمێنینەوە.

– ئێمە لێرەدا، عەینی پەزی ناو ئاغەڵ چاوەڕوانی قەساب دەکەین.

– ئێوە کەیفی خۆتانە، بە دڵی خۆتان بکەن، بەڵام ڕەعیلەکەی ئێمە دەردەچین، دەڕۆین.

– ئێمەش دەڕۆین!

– با چەند کەسێك بنێرین بۆ لای بەلشەویکەکان، ئەگەر ئەوان هەقیان بەسەر ئێمەوە نەبێ، ئێمەش هەقمان بەسەر ئەوانەوە نابێت.

قۆزاقانی سریەی یەکەم و چوارەمیش هاتن بەسەرا، دوای گفتوگۆیەکی کورت، سێ قۆزاق، هەر یەك لە سریەیەك، لە دەروازەی کۆشکەکە وەدەرکەوتن. دوای ماوەیەك دەگەڵ سێ دەریاواندا گەڕانەوە. دەریاوانەکان، چوونە سەر ئەو دارانەی کە لەپشت دەروازەکە هەڵچنرا بوون و بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەك بە حەوشەکەدا تێپەڕین. لە قۆزاقەکان نزیك بوونەوەو سڵاویان لیکردن. یەکێك لە دەریاوانەکان، کە گەنجێکی جوانی سمێڵ ڕەش بوو، یەخەی قەمسەڵەکەی کرابووەوەو شەپقەکەی بەپشتا بردبوو، خۆی بە نێو ئاپۆڕای قۆزاقەکاندا کردو گوتی:

– هاوڕێیانی قۆزاق، ئێمە نوێنەری هێزی دەریایی شۆڕشگێڕی باڵتیکین و هاتووین پێتان ڕابگەیەنین کە کۆشکی زستانە بەجێ بێڵین. بۆچی بەرگری لە حکومەتێکی بۆرژوایی دژمنی خۆتان دەکەن؟ با کوڕە بۆرژواکان، خوێندکارانی ئەفسەری بەرگری لێبکەن! تاقە یەك سەرباز نەهاتووە بەرگری لە حکومەتی کاتی بکات، و برایانی ئێوە، قۆزاقانی هەردوو کەتیبەی یەکەم و چوارەمیش پەیوەندییان بە ئێمەوە کردووە. جا ئێستا کێ دەیەوێ لەگەڵ ئێمەدا بێت، با لە دەستی چەپا بوەستێ!

عەریفێکی سریەی یەك هاتە پێشەوەو گوتی:

– ڕاوەستە، برا، بۆ مەسەلەی ڕۆییشتن لێرە، ئێمە سەرمان پێوە نییە، بە کەماڵی ئارەزوو ئامادەین. بەڵام ئەگەر گاردی سوور، بەلشەویکەکان، تەقەمان لێبکەن چی بکەین؟

– هاوڕێیان! بە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سوپایی پتروگرادەوە بەڵێنتان دەدەینێ کە بەوپەڕی سەلامەتی لێرە دەردەچن. هیچ کەسێك دەستتان بۆ نایەنێت.

دەریاوانێکی دیکەی قەڵەوی دەموچاو کونج، هاتە پێشێ و لەلای هاوڕێ گەنجە سمێڵ ڕەشەکەیەوە وەستا. چاوێکی بە قۆزاقەکاندا گێڕاو ملە ئەستوورەکەی کە لە ملی گا دەچوو، وەرگێڕاو دەستی بە سینگە بەرزەکەی خۆیدا کێشاو گوتی:

– ئێمە لەگەڵتانا دێین، پێویست بە دوودڵی ناکات کوڕینە، نە ئێمە دژمنی ئێوەین و نە ڕەنجبەرانی پتروگراد دژمنایەتیان لەگەڵتاندا هەیە، دژمنانی ئێوە ئەوانەن...

بە کەڵەموستی ئاماژەی بۆ لای کوشکەکە کردو بە دەم زەردەخەنەیەکەوە، ددانە سفتەکانی دەرکەوتن، قۆزاقەکان دوودڵ بوون. ژمارەیەك لە ژنانی فەوجی ژنەکان هاتنە پێشەوە، ماوەیەك گوێیان هەڵخست و پاشان بۆ لای دەروازەکان گەڕانەوە. قۆزاقیەکی ڕیشن لە دواوە بانگی لێکردن:

– ئەهای ژنینە، ئێوە لەگەڵ ئێمەدا دێن؟

لاگوتین، گوتی:

– دەی تفەنگەکانتان. هەڵگرن و ڕیز بن!

قۆزاقەکان، چەکەکانیان هەڵگرت و ڕیزیان بەست. قۆزاقێکی ڕەشاشچی، لە دەریاوانە سمێڵ ڕەشەکەی پرسی:

– ڕەشاشەکانیش بێنین یان نا؟

– بەڵێ بیهێنن، نابێ بۆ کادێتەکانی* بەجێ بێڵن. (*– کادێت: حیزبی مەشروتەخوازی دیموکرات) حیزبی سەرەکی بورژوازی ڕووسیا بوو).

لەو کاتەدا کە قۆزاقەکان خەریك بوو بڕۆن، ئەفسەرەکانیان، واتە ئەفسەرانی هەر سێ سریەکە دەرکەوتن. هەموو پێکەوە وەستان و کەوتنە تەمەشای دەریاوانەکان، سریەکان بەرەو دەرێ کەوتنە ڕێ. مەفرەزەی ڕەشاشچیەکان، بە خۆو چەکەکانیانەوە لە پێشەوە ڕێیان دەکرد. چەرخی چکۆلەی ڕەشاشەکانیان بەسەر بەردە تەڕەکاندا، جیڕەجیڕیان بوو. یەکێك لە دەریاوانەکان، کە چاکەتی لەبەر بوو، شان بە شانی ڕەعیلی پێشەوەی سریەی یەکەم ڕێیدەکرد. قۆزاقێکی باڵا بەرزی موو زەردی خەڵکی ستانی فیدوسیڤسکایا، قۆڵی چاکەتەکەی گرت و بە هەڵچوونێکی زۆرەوە، وەکو یەکێك بیەوێ پاکانە بکات پێیگوت:

– پێتوایە ئێمە دەمانویست دژایەتی میللەت بکەین؟ ئەسڵەن کەرێتیمان کرد کە هێشتمان بۆ ئێرەمان بێنن. بە فێڵ ئێمەیان بۆ ئێرە هێنا، ئەگەر بە مەسەلەکەمان زانیبا هەرگیز نەدەهاتین.

بە خەمینییەوە، سەرە قژنەکەی لە قاندو لە سەری ڕۆیی:

– باوەڕ بکە، هەرگیز نەدەهاتین! خوا شایەدە نە دەهاتین!

سریەی چوارەم، لە دوای دواوە کەوتە هەرەکە، لەبەر دەرگای کۆشکدا، کە فەوجی ژنانەکە هەموو لەوێ خڕ بوو بوونەوە، وەستا. قۆزاقێکی تێکسمڕاوی زەلام، چووە سەر دارەکان، بەدەم ڕاوەشاندنی قامکە ڕەشە نینۆك درێژەکەیەوە هاواری کرد:

– ژنینە گوێ بگرن! ئێمە دەڕۆین! ئێوە بە کەرێتی ژنایەتی خۆتان لێرە دەمێننەوە. ئاگاتان لە خۆ بێ، هەوەسی ژنانە نەتانگرێت، لە دواوە تەقەمان لێبکەن، ئەگەر شتی وا بکەن، بۆتان دەگەڕێینەوە و لە قیمەتان دەدەین. حاڵی بوون؟ دەیسا خوداحافیز، بە هیوای دیدار!.

ئەوسا خۆی لەسەر دارەکان هەڵدایە خوارەوە، بە ڕاکە ڕاك خۆی گەیاندە فەسیڵەکەی، بەڵام ناو بە ناو ئاوڕێکی پاشەوەی دەدایەوە. قۆزاقەکان تازە گەیی بوونە ناوەندی مەیدانەکە، یەکێکیان ئاوڕی پاشەوەی دایەوەو بە هەڵچوونەوە گوتی:

– کوڕینە تەمەشاکەن! یەکێك لە ئەفسەرەکان بە ڕاکردن لە دوومان دێت!

گەلێك لە قۆزاقەکان، بە دەم ڕێکردنەوە، ئاوریان دایەوە، ئەفسەرێکی باڵا بەرز، بە ڕاکە ڕاك بە مەیدانەکەدا تێدەپەڕی، شمشێرەکەی بە دەستێکیەوە گرتبوو و بە دەستەکەی دیکەی ئیشارەتی دەکرد.

– ئاتارشچیکوڤ، ئەفسەری سریەی سێیە.

– کێ؟

– ئەو کابرا باڵا بەرزەی، کە لووەکە بە پێڵوی چاویەوەیە.

– دەیەوێ لەگەڵ ئێمەدا بێت.

– کوڕێکی باشە!

– ئاتارشچیکوف، بەلەز بە دووی سریەکەدا دەهات، لە دوورەوە دیار بوو کە بزەیەك بە ڕوویەوە سەمای دەکرد. قۆزاقەکان بەدەست ئاماژەیان بۆ کردو بە دەمیەوە پێدەکەنین.

– ڕوحەکەی، جەنابی نەقیب، ڕاکە!

– خێراکە.

لەبەر دەرگا گەورەکەی کۆشکەکەوە، دەنگی تاقە فیشەکێك بەرز بووەوە. ئاتارشچیکوف، هەردوو دەستی بڵاوکردنەوە، بە پشتا شکایەوەو ئەوسا لەسەر پشت کەوتە سەر عاردی، کەوتە لەقە فرتێ، سەری بەر شۆستەکە کەوت، دەیویست هەڵسێتەوە. هەر سێ سریەکە وەکو ئەوەی ئەمریان پێکرابێ، ڕووەو کۆشکەکە گەڕانەوەو ڕەشاشەکانیان خستەکار، قرمژنی دەستڕێژ بەرز بووەوە، بەڵام هیچ کەسێك لەبەر دەرگاکەو لەپشت دارەکانەوە نەبوو. لەوە دەچوو دەستڕێژی گولله هەموو ئەفسەرەکان و ژنە جەنگاوەرەکانی، کە توزێ پێشتر لەوێندەر خڕ بوو بوونەوە، ڕاو نابێت. سریەکە، بەلەز، سەر لە نوێ ڕیز بوونەوەو کەوتنەوە ڕێ. دوو قۆزاقی فەسیلەکەی دوای دواوە، کە چوو بوونە دیار جەنازەکەی ئاتارشچیکوف، بە پەلە گەڕانەوە. یەکێکیان بە دەنگێکی بەرزی ئەوتۆ کە هەموو سریەکە گوێیان لێی ببێت، هاواری کرد:

– گوللەکە بەر ژێر شانی چەپی کەوتووە. بەڵێ، مردووە!

قۆزاقەکان، بە هەنگاوی بتەوترەوە دەڕۆییشتن. دەریاوانە چاکەت لەبەرەکە فەرمانی دا:

– بەرەو چەپ وەرگەڕێ... بڕۆ!

بەو جۆرە، بە دەم ڕاکێشانی ڕەشاش و دۆشکاکانەوە، دوور کەوتنەوەو کۆشکەکەیان، بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی لێوە بێت، بەجێهێشت.

"٢٠"

پایز بەرەو کۆتایی دەچوو. باران دەباری. هەتاوی ڕەنگزەرد بەدەگمەن، بە ئاسمانی شارۆچکەی بیخوفەوە دەر دەکەوت، کۆچی باڵندەێن کێوی و کۆچەری لە مانگی دەدا، بەرەو باشوور، بەرەو گەرمەسێر دەستی پێکرد. دەنگی خەمناك و نیگەرانئەنگێزی قورینگان، تەنانەت بە شەوانیش، بە ئاسمانی زەوی ساردو ڕەشی دەڤەرەکەوە، دەنگی دەدایەوەو نەدەبڕایەوە. کاروانی مەلانی کۆچەری، بە لەز دەڕۆییشتن تا خۆ لە سەرماو سۆڵەو زەمهەریری ئایندەو بای ساردی باکوورو زۆزان دەربازبکەن.

ئەو جەنەراڵانەی کە لە سۆنگەی مەسەلەکەی کورنیلوفەوە دەستگیر کرابوون، ڕەهەنەی بیخوف کرابوون، مانگ و نیوێك بوو، چاوەڕوانی دادگایی بوون. ژیانیان لە زنداندا، ئەگەرچی زۆر ئاسایی نەبوو، بەڵام خراپ نەبوو، تارادەیەك پێی ڕاهاتبوون. جەنەراڵەکان، دوای تێشت دەچوونە پیاسە. دوای گەڕانەوە، هەرکەسەو پۆستەی خۆی، ئەو نامانەی بۆی هاتبوو، دەخوێندەوە، پێشوازی کەسوکارو دۆستانی خۆیان دەکرد، پاشان فراڤینیان دەخوارد، دوای

ئسراحەتێکی یەك سەعاتە، هەرکەسەو بەجیا لە ژووری خۆیدا دەستی بەکار دەکرد. شەوان، عادەتەن لە ژوورەکەی کورنیلوفدا خڕ دەبوونەوەو شەوگاریان بە دەمو گفتوگۆو گەنگەشانەوە شەق دەکرد.

ژیانیان لەم ناوەندی کچانەدا کە ئێستا لەوێدا زندانی کرابوون، تا ڕادەیەك ئارامو باش بوو.

ئێشکی دەرەوەی ئەم بینایە لەلایەن فەوجی سان جورجەوە دەگیراو، ئێشکی ناوەوە بە سەربازانی تورکمان ئەسپێردرا بوو. هەرچەندە ئەم ئێشکگرتنە تا ڕادەیەك ئازادی زندانیەکانی سنووردار دەکرد، بەڵام بە جۆرێ ڕێکخرابوو کە زندانیەکان هەر کاتو ساتێ بیانویستبا، دەیانتوانی بە ئاسانی و بێئەوەی ڕووبە ڕووی هیچ مەترسیەك ببنەوە، هەڵێن. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە بیخوفدا بوون، بەردەوام پەیوەندیان دەگەڵ دنیای دەرەوەدا هەبوو، گوشاریان لە ناوەندە بۆرژوازیەکان دەکردو داوایان دەکرد، کە زووتر تاقیقیان لەگەڵ بکرێتو دادگایی بکرێن. هەموو بەڵگەو نیازێکی پیلانگێڕی خۆیان دەشاردەوە و سیخوڕی تایبەتی خۆیان ڕادەسپارد کە دەنگوباسی ئەفسەرەکانیان بۆ بێننو زەمینەیان خۆشدەکرد، تا لە کاتی خۆیدا بتوانن هەڵێن.

کورنیلوف، کە دەیویست تورکمانەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێتو وەفاداریان بۆ خۆی زامن بکات، پەیوەندی دەگەڵ کالیدینـدا گـرت، کالیـدین لـە سـەر داوای کورنیلـوف، چـەندین لۆریـە گەنمی بۆ بنەماڵە هەژارو برسیەکانی تورکستان ڤڕێ کرد.

کورنیلوف، بە مەبەستی کۆمەكو یارمەتیدانی خانەوادەێن ئەو ئەفسەرانەی کە لە کودەتا ناکامەکەی ئەودا بەشداریان کردبوو، نامەیەکی زۆر توندی کردە سەر بانکدارە گەورەکانی مۆسکۆو پترۆگراد. ئەوانیش بۆ ئەوەی دەستیان نەکەوێتە ڕوو و نهێنییە حەیا بەرەکانیان ئاشکرا نەبێت، خێرا دەیان هەزار ڕۆبڵیان دابەشکرد. کورنیلوف، تا مانگی تشرینی دووەم، پەیوەندی و تەماسی بەردەوامی دەگەڵ کالیدیندا هەبوو. کورنیلوف، لە نامەیەکی دوورو درێژا کە لە نیوەی مانگی ئۆکتۆبەردا بۆ کالیدینی نارد بوو، سۆراخی بارودۆخی دەڤەری دۆنی کردبوو و پرسی بووی کە ئەگەر ئەو بگاتە ئەوێندەر، کاردانەوەو هەڵوێستی قۆزاقان لە هەنبەر وی چۆن و چ دەبێ. بەرسڤی کالیدین، ئەرێنی بوو.

بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕیسەکەی لە جەنەراڵە زندانیەکانی بیخوڤ کردەوە، بە خوری. بۆ بەیانی هەمان ڕۆژ، پەیك و تەتەران بە هەموو نکالاندا ڤڕێکران، دوای هەشت ڕۆژ، بە هۆی ترسو نیگەرانی هەندێ کەسەوە دەربارەی چارەنووسی زندانیەکان، کالیدین، نامەیەکی بۆ جەنەراڵ دۆخین– کە خۆ بە خۆ، خۆی کردبوو بە فەرماندەی گشتی – نارد کە بە پێداگرییەوە داوای لێدەکرد کورنیلوف و جەنەراڵەکانی دیکە، بە کەفالەت ئازاد بکات. ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەفسەرانی هێزەکانی قۆزاقو لیژنەی کارگێڕی یەکێتیی ئەفسەرانی سوپاو هێزی دەریاییش،داوانامەیەکی لەو بابەتەیان بۆ دوخین ناردبوو. بەڵام دوخین، دوودڵ بوو،وەختی بە ڕێدەکردو نەدەچووە ژێر بار.

کورنیلوف، ڕۆژی یەکەمی نۆڤەمبەر، نامەیەکی بۆ نارد، سەرنجەکانی دوخین، لە پەراوێزی ئەو نامەیەدا، نیشانەو بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوە بوو کە سەرکردایەتی گشتی، بەکردەوە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر سوپاوە نەماوەو دوا ڕۆژانی تەمەنی خۆی بە ڕێدەکات.

"بەرێزو پایەبەرز، نیکولای نیکولاییوفیچ!

قەدەر، تۆی خستووەتە پێگەو پایەیەکەوە، کە لە سەرتە ئیدارەی ئەو ڕووداو و بویەرانە بدەیت کە، بە هۆی بێموبالاتی و دوودڵی و خەمساردی گەورە سەرکردەکانەوە، وڵات بەرەو وێرانی و هەڵدێر دەبەن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پیاوێکی وەکو تۆ، فریا بکەویٚ و ڕیسکێکی گەورە بکات، یان واز بینیٚ و بچێتە ماڵەوە، دەنا هەموو بەرپرسیاریەتی وێرانبوونی وڵات و هەرەسی یەجگارەکی سوپا دەکەوێتە ئەستۆی تۆ، ئیدی ڕۆژ ڕۆژی تۆیە، ئەم دەرفەتە دووبارە نابێتەوە.

بە گوێرەی ئەو زانیاریە کەم و پچڕ پچڕانەی کە دەگەنە من، بارودۆخەکە هەرچەندە پڕ مەترسییە، بەڵام هێشتا کار لە کار نە ترازاوەو مایەی نا ئومێدی یەکجارەکی نییە. بەڵام ئەگەر ڕێگە بدەیت بەلشەویکەکان، دەست بەسەر بارەگای سەرکردایەتی باڵای سوپادا بگرن، یان خۆت بە خوایشتی خۆت دان بە فەرمیەتی دەسەڵاتی ئەواندا بنەیت، ئیدی کار لە کار دەترازیٚ و هیچ ئومێدێك نامێنیٚ.

ئەو یەکەو هێزانەی کە لە بەردەستی تۆدان: یانی هەم فەوجی سان جۆرج کە نیوەیان پتر لە ژێر کاریگەری و باندۆری بانگەشەو پروپاگەندەدا ورەیان ڕوخاوەو، هەم کەتیبەی تورکمانان، یەجگار بێتوانان.

جا بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ڕێڕەوی ئایندەی ڕووداوەکان، بە پێویستی دەزانم، زۆر بەپەلە، کۆمەڵێك ئیجرائات بکەیت کە هەم بەردەوامی بارەگای سەرکردایەتی گشتی زامن بکات و هەم یەکێتیی ریزەکانی خەبات دژی ئەو پەشێوی و پاشاگەردانیەی کە هەڕەشە لە سەلامەتی وڵاتمان دەکات دابینبکات، من پێموایە ئیجرائاتەکان دەبیٚ بەم شێوەیە بن:

١- پێویستە، بە پەلەو بیٚ دواکەوتن، یەکێك لە کەتیبەکانی چیك و کەتیبەی نێزەدارانی پۆلۆنیەکان، یەکسەر بۆ موهیلف بگوازرێتەوە.

پەراوێزی دوخین: سەرکردایەتی گشتی پێی وا نییە بکریٚ وەکو پێویست پشت بەو دوو کەتیبەیە ببەستریٚ. ئەم کەتیبانە، لە پێش هەموو کەتیبەکانی دیکەدا، پەیمانی ئاگر بەستیان لەگەڵ بەلشەویکەکاندا، بەست.

٢- پێویستە ئورشا، سمولنسك، ژولوبین، گومیل، لەلایەن چەند یەکەیەکی سوپای پولۆنیەوە، بێتە گرتن، بە مەرجیٚ پێشوەختە لەلایەن تۆپخانەیەکی، هێزی تۆپخانەی قۆزاقانەوە پشتیوانی کرابێت.

پەراوێز: بۆ گرتنی ئورشاو سمولنسك فیرقەی دووەمی کوبان و تیپی قۆزاقانی هەشتر خانمان، هێناوەو ئامادەمان کردووە. بەڵام سەبارەت بە کێشانەوەی کەتیبەیەکی فیرقەی یەکەمی پۆلاندی لە بیخوف، ئەمەیان بۆ سەلامەتی زندانیەکان، کارێکی پەسند نیە. سەبارەت بە

یەکەکانی فیرقەی یەکەم، لە ڕووی ئەفسەران و دەرەجەدارانەوە زۆر لاوازن و لەبەر ئەوە ناکرێت بە هێزی کاراو ڕاستەقینە دابنرێن. فەیلەقەکانی پولۆنیا، بڕیاری تەواویان داوە، کە خۆ لە کاروباری ناوخۆی ڕووسیا هەڵنەقورتێنن.

٣- پێویستە تێکڕای یەکەکانی چیك و کەتیبەکەی کورنیلوف، لە گەڵ یەك یان دوو فیرقەی باوەڕ پێکراوی قۆزاقاندا، بە درێژایی هێڵی ئورشا –موهیلف– ژولوبین، بە بیانووی گواستنەوەیان بۆ پترۆگرادو مۆسکۆ، دابمەزرێن.

پەراوێزی دوخونین: قۆزاقەکان، بڕیاری یەکجارەکیان داوە کە شەڕی بەلشەویکان نەکەن.

٤- پێویستە تێکڕای زرێپۆشە ئینگلیزی و بەلچیکیەکان، لە هەمان ناوچەدا خڕبکرێنەوە، بە مەرجێ تەنیا بە ئەفسەران بسپێردرێن.

٥- پێویستە تفەنگ و ڕەشاش و تەقەمەنی و تفەنگی ئوتوماتیکی و نارنجۆکێکی زۆر لە موهیلف و شوێنێکی دیکەی نزیك لەوێندەرەوە، عەمار بکرێت و پاسەوانی باشی بەسەرەوە دابنرێ، تا لە کاتی پێویستدا بەسەر ئەو ئەفسەرو خۆ بەخشانەدا دابەش بکرێت، کە بێگومان لەو ناوچەیە خڕدەبنەوە.

پەراوێزی دوخونین: رەنگە ئەمە توندو تیژی لێبکەوێتەوە.

٦- پێویستە پەیوەندیەکی بتەو لەگەڵ ئەتامانانی هێزەکانی دۆن و قوەتەکانی تیریك و کوبان و هەردوو کۆمیتەی پۆلۆنی و چیکیدا بەرقەرار بکرێت. قۆزاقەکان بڕیاری تەواویان داوەو ئامادەیی تەواویان دەربڕیوە، کە نەزم و زاکونی و زەبت و ڕەبت بۆ وڵات بگێڕنەوە. بەڵام سەبارەت بە پۆلۆنی و چیکەکان، بوونیان بەندە بە گەڕانەوەی تەناهی و ئاسایش بۆ ڕووسیا.

***

هەموو رۆژێ هەواڵ و دەنگوباسی ترسناکتر دەگەیی. نیگەرانی و ترس باڵی بەسەر خودی (بیخوف)شدا کێشا بوو. دۆستان و موریدانی کورنیلوف، بەردەوام بە ئوتۆمبیلەکانیان، لە نێوان موهیلف وبیخوف دا، لە هاتوچۆدا بوون، بە پێداگرییەوە داوایان لە دوخونین دەکرد کە زندانیەکان ئازاد بکات. ئەنجوومەنی یەکێتیی سوپاێن قۆزاق، بە ئاشکرا هەڕەشەیان دەکرد.

دوخونین، کە لە ژێر باری بویەرو ڕووداوەکاندا، تەواو شپرزەو پەریشان بووبوو. ڕۆژی ١٨/ت٢ بڕیاری دا کە زندانیەکان بۆ دەڤەری دۆن بگوازرێنەوە، بەڵام زوو لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان بووەوە.

بەیانی ڕۆژی دوایی، ئوتومبیلێك کە سەراپای لە قوڕاو هەڵکێشرا بوو، لەبەر دەرگای ئامادەیی بیخوف کچان کە کرابوو بە زندان، ڕاوەستا. شوفێرەکە، بەو پەڕی گوێڕایەڵی و خۆشخزمەتیەوە دەرگای ئوتوبیلەکەی کردەوە و ئەفسەرێکی ناڤساڵی خۆشئەندام هاتە دەرێ. ئەو ئەوراقانەی کە دانیە دەست ئەفسەری ئێشکگر، ناوی سەرهەنگ روکن کوسونسکی پێوە بوو.

– من له سەرکردایەتی گشتییەوه هاتووم. نامەیەکی تایبەتیم بۆ جەنەراڵ کورنیلوف هێناوه. فەرماندەی ئێشکگران له کوێ بدینم؟

فەرماندەی ئێشکگران، سەرهەنگی دووەم (موقەدەم) ئیرهاردت، کە ئەفسەری کەتیبەی تورکمانان بوو، یەکسەر میوانەکەی بۆ لای کورنیلوف برد. کوسونسکی، دوای ئەوەی خۆی ناساند، بە زمانێکی بڕێك دەستکردو هەندێك مەترسیئامێز گوتی:

– دوای چوار سەعاتی دی، موهیلف، بێتەقە لەلایەن فەرمانـدەیی گشـتییەوه ڕادەست دەکرێت. جەنەراڵ دوخونین، ڕای سپاردووم ئاگادارتان بکەمەوه، کە پێویستە هەموو زاندانیەکان، یەکسەر بیخوف بەجێ بێڵن.

کورنیلوف، پاش ئەوەی هەواڵی باروددۆخی موهیلفی له کوسونسکی پرسی. موقەدەم ئیرهاردتی بانگکرد. له کاتێکا قورسایی خۆی دابوو، بەسەر دەستی چەپیا، کە له لێواری مێزەکەی دانابوو، پێی گوت:

– هەر ئێستا جەنەراڵەکان ئازاد بکە. با تورکمانەکان خۆ ئامادە بکەن و نیوەشەو هەرەکە بکەن. من لەگەڵ کەتیبەکەدا دەڕۆم.

به درێژایی ڕۆژەکە، موشەدەمەی کوورەی کەتیبەکە لە گەڕابوو. پشکۆیان سوور دەچوونەوه، تەق و هۆڕی چەکوشان سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی. ئەسپەکان لە تەویلەکەو لەبەردەم سندانەکاندا دەیان حیلاند. تورکمانەکان، هەر چوار پەلی ئەسپەکانیان ناڵ دەکردو زینەکانیان چاك دەکردەوەو تفەنگاکانیان پاك دەکردەوەو خۆیان ئامادە دەکرد.

ئەو ڕۆژە جەنەراڵەکان، تاك تاك زندانەکەیان بەجێهێشت. لە نیوە شەودا کە تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشاو شار لە باوەشی تاریکی و بێدەنگیدا نقوم بوو. سوارەکان بە سواری ئەسپەکانیان، بە سێ ڕیزی لە حەوشی قوتابخانەی ئامادەیی کچان وەدەرکەوتن. لە تاریکیەکەدا لە تاپۆ دەچوون. وەکو باڵندەی زەلامی ڕەش، لە سەرما بەسەر زینی ئەسپەکانەوه هەڵکوڕما بوون و کڵاوە خوریەکانیان تا سەر برۆکانیان هێنابووە خوارەوە، دەموچاوە ئەسمەرو بریقەدارەکانیان هەڵپێچا بوو، کورنیلوف لە ڕیزی ناوەڕاستا، بە تە نیشت سەرهەنگ گوگلگن، فەرماندەی کەتیبەکەوه، بەسەر ئەسپێکی باڵا بەرزەوە خۆی کووڕ کردبووەوەو هەڵتەك هەڵتەك دەڕۆیی. کە بایەکە لە جادە تەسکەکانی بیخوفەوه هەڵی دەکردو لە دەموچاوی دەدا، گرژ دەبوو، چاوە بادەمیەکانی چکۆلە دەکردنەوەو دەیڕوانیە ئاسمانی سپی کە دەتگوت بە بار ئەستێرانی پێوەرکراوه.

تەقە تەق و خرم و هۆڕی سمی تازە ناڵکراوی ئەسپان، لە جادەکاندا دەنگی دەدایەوەو پاشان لە قەراخ شاردا، خامۆش دەبوو.

"٢١"

دوو ڕۆژ بوو کە کەتیبەی دوازدەی قۆزاقان لە پاشەکشەدا بوو، هەڵبەتە بە خاوی و بەدەم شەڕەوە پاشەکشەی دەکرد. کاروانی گەلابەو گالیسکەی گواستنەوەی کەلوپەی هەردوو سوپای

رووسـی و ڕۆمـانی بـه جـاده گـڵ و هەورازەکانـدا، بـه ڕێـز مەسـافەیان وەرگرتبـوو. هێـزە یـەکگرتووەکانی نەمسـا وئـەڵمانیا، لـە دوو لاوە دەوری هێزەکـانی ڕووسـیاو ڕۆمانیایـان دەداو هەوڵیاندەدا بە تەواوەتی تەوقیان بدەن.

دەمـەو ئێـوارە، قـاو داکـەوت کـە کەتیبـەی دوازدەو لیـوا ڕۆمانیەکـەی دوای ئـەو، هەڕەشـەی گـەمارۆی تـەواویان لەسـەرە. لـە گـەڵ خـۆر ئـاوادا، دژمـن، ڕۆمانیـەکانی لـە گونـدی خوڤینسـکی ڕاوناو بوو تا مله (بستوی کێو، زینو) ژمارە چوار سەدو هەشتای هاوسنووری گولش پێشڕەوی کردبوو. کەتیبەی دوازدە، کە تۆپخانەیەکی جەوەڵی پشتیوانی دەکرد، فەرمانی بۆ هات کە بە مەبەسـتی پارێزگـاری لـە پاشـینەی هێزەکـە لـە دۆڵـی گولشـدا سـەنگەر بگـرن، کەتیبەکـە دوای ئەوەی، پاسـەوان و ئێشـکگرانی دانا، خۆی ئامادەو تـەیار کرد، کە بە گژ دژمندا بچێتەوە. ئەو شەوە میشکا کوشیڤوی ویەکێکی دیکە، کە گەنجێکی شێتۆکەی خەڵکی گوندی تاتارسکی بوو، بە نـاوی ئالیکسـی بشـنیاك، بە کـەمین نێردران بۆ سـەنگەرێکی پێشـی پێشـەوە. لـە نزیکـی کۆنـە بیرێکی تەرك کراوا، خۆیان لە چاڵێکا مات دا، کزە بایەکی ساردو خۆشی دەهات. ناو بە نـاو پۆلـە قورینگێکی لە ڕەو دێرکەوتە، بە ئاسمانی پڕ هـەوری مەخمەلیدا تێدەپـەڕی و قیڕەیەکی غـەریبی بۆ دەکردو دنیای لە کۆچەکەی خۆی ئاگادار دەکردەوە. کوشیڤوی کە بۆ جگەرەیـەك گزوفتی بـوو و نەیدەتوانی بەوشەوە جگەرە داگیرێنیٚ، زۆر بێتاقەت بوو، لەبن لێوانەوە بە هاوڕێکەی گوت:

– ئەلیکسـی ژیـانیش سـەیرە!... خـەڵکی وەکـو کـوێران دێـن و دەچـن، دەگەنـە یەکـدی، جیـا دەبنەوە، هەندێجار یەکتر پـان دەکەنـەوە... زۆرجـار ئینسـان خۆی لە لێوار مـەرگا دەبینێتـەوە. ئەنجام لە خۆی دەپرسێت باشە ئەم هەموو زەحمەت و شەڕە شەقە لە پای چی، بە کەڵکی چی دێت. باوەڕ ناکەم لە دنیادا هیچ شتێك لە دەروونی ئینسـان ترسـناکترو ئاڵۆزتر بیٚ، هەرچیەك بکـەیت، پـەی بـە نهێنییـەکانی نابـەیت، ناگەیتـە قـولاّیی و، ناخیـت بـۆ ڕۆشـن نابێتـەوە... بـۆ نموونـە، مـن ئێسـتا کـە لـە تەنیشـت تـۆوە ڕاکشـاوم بـەڵام نـازانم تۆ بیر لـە چـی دەکەیتـەوەو بـە عەمراتیشم نایزانم. هەروەها نـازانم چۆن ژیاویت، تۆش هـیچ شتێك دەربـارەی من نازانیت... لەگینـە مـن ئێسـتا بـیر لەکوشتنت بکەمـەوە، کەچـی تـۆ کولیچـەم دەدەیـتیٚ، بێئـەوەی کـەمترین ئاگاداریـت لـەوە هـەبێت کـە مـن چـم لـە خەیاڵدایـەو بـە نیـازی چـیم... خـەڵکی شـتێکی ئـەوتۆ دەربارەی یەکدی نازانن. ئەم هاوینـە لـە خەسـتەخانە بـووم سـەربازێکی پیـادە لـە قەرەوێڵەکـەی تەنیشت منەوە بوو. گەنجێکی خەڵکی مۆسکۆ بوو. زۆری پرسـیار دەکـرد. بـەردەوام پرسـیاری قۆزاق و چۆنیەتی ژیانی قۆزاقانی لێدەکردم، ئەمـە چیە، ئـەوە چۆنە، هـەموو وا تەسـەوردەکەن کـە قـۆزاق، جگـە لـە شـەلاق هیچـی دی ناناسـن و هـەموویان هـۆڤین و لـە جیـاتی دڵ و دەروون سـەرو بوتـڵ ڤۆدگایـان لـە سـینگ دایـە. بـەڵام ئێمـەش وەکـو هـەکوو خـەڵکی بەشـەرین، وەکـو خـەڵکی حـەزمان لـە ژنـە، بـە دەوری کچانـدا دێـین، بـۆ بـەخت ڕەشـی خۆمـان دەگـرین، خۆشـی خـەڵکیمان پێخۆشـە. تـۆ چ دەڵێـی ئەلیکسـی؟ دەزانـی، مـن ژیـانم لا خۆشەویسـت بـووە، حـاڵی حازر تینووی ژیـانم. کە بیر لەم هەموو ژنە جوانەی دنیا دەکەمەوە دڵم دەگوشرێت... کـاتیٚ کە هەسـتدەکەم نـاتوانم لەگـەڵ هەموویانـدا، بـە درێـژو کـورت و لاوازو قەڵەویانـەوە بخـەوم، حـەز

دەکەم لە داخا هاوار بکەم. بە جۆرێ بەرانبەر بە ژنان هەستیار بووم، بە من بێ لە گەڵ هەر هەموویاندا بخەوم و کوڵ و جۆشی دڵم دابمرکێنمەوەو هیچم لە دڵا نەمێنێ... ئەلهەقی ئەو راستەو پڕگاڵەی ژیانی پێ پێوانە دەکەن، قۆڕە. ئاخر ئەمە چیە یەك جار و بۆ هەمیشە ژنێکت بەکلکەوە دەبەستن و دەبێ تامردنت پێتەوە بێ... دەشیانەوێ لێی بێزار نەبی، لەبەر چاوت نەکەوێ! دەکەوێ و ئەولاتریش... سەرباری هەر هەموو ئەمەش، ئەم شەڕەیان بۆ ناویتەوە، ئەمەش...

– ها، گاجووت، هێشتا تێر لێدان نەبووی؟

کوشیڤۆی، کە لەسەر گازی پشت ڕاکشا بوو، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. ماوەیەکی زۆر چاوی بڕینە ئاسمان. بەدەم بزەوە لە فکران ڕاچوو بوو و بە میهرەبانییەکی نیگەرانیئامێزەوە بە هەردوو دەستان، نەوازشی ئەرزە ساردو سەختەکەی دەکرد. بە نزیکەی سەعاتێك پێش ئەوەی نۆرە پاسەوانیەکەیان تەواو بێ، ئەڵمانیەکان غافڵگیریان کردن. بشنیاك فریای تەقەیەك کەوت، ئەوسا بە دەما هات ، وەکو ئەوەی کڕنۆش بۆ مەرگ بەرێت: سەرەنێزەیەکی ئەڵمانی کرا بە ورگیا، میزڵدانی بڕی و گەییە مۆرەغەی (بڕبڕە) پشتی، لە تاو ئازار بەدەم دانە کروژێوە، بەسەر خۆیا گرمۆڵە بوو. قۆناغە تفەنگێك کوشیڤۆی لوول کرد. سەربازێکی کەتەی زەلام دای بە کۆڵیاو نزیکەی نیو فرسەخان بردی. کوشیڤۆی وەخۆ هاتەوە، هەستی کرد گوشاری خوێن خەریکە خەفەی دەکات، لێ وەختایە کە نەفەسی تازە کردەوەو گوڕی وەبەر خۆنا، زۆر بە ئاسانی خۆی لە کۆڵی کابرای ئەڵمانی هەڵدایە خوای، پێی وەغارێوەنا، بەر تەقەیان دا، بەڵام تاریکی شەوو دەوەنانی دەشت و دەرەکە فریای کەوتن: بە سەلامەتی دەرباز بوو.

پاش ئەوەی پاشەکشەکە کۆتایی هات و هێزێن رووسی و ڕۆمانی، خۆیان لە بازنەی گەمارۆیەکە دەرباز کرد، کە تیپەی دوازدە بۆ پشتی جەبهە سەحب کرایەوە، بۆ چەند فرسەخی سەمتی چەپی ناوچەکەی جارانی خۆی، ڤڕێکرا. بە ئەمری سەرکردایەتی ڕێگاکان گیران، دەورێ و گەشتیان دەرکران، تا ڕێگا لە فیراریان بگرن و ئەگەر پێویستی کرد تەقەشیان لێبکرێت و سەربازانی فیرار بگرن و بە چاودێری نیگابانان بۆ بارەگای سەرکردایەتی فیرقەیان ڕەوانە بکەن.

میشاکوشیڤۆی، یەکێك بوو لە هەوەڵین کەسانێك کە بۆ دەوریەو پاسگەێن دیدەوانی، بەیانی، خۆی و سێ نەفەری دی لە گوندی وەدەرکەوتن. بە گوێرەی فەرمانی عەریفەکەیان لە کۆتایی مەزرایەکی زوڕاتا (گەنمە شامی) کە لە جادەی گشتیەوە دوور نەبوو، خۆیان لە بۆسە نا. جادەکە بە تەنیشت بێشەیەکی چکۆلەدا تێپەڕی و لە دەشتێکی ناهەمواردا، کە بەسەر کێڵگەێن چوارگۆشەدا دابەشکرابوو، دەبڕایەوە. قۆزاقەکان بە نۆرە ئێشکیان دەگرت. لە نیوەڕۆدا، دەستە سەربازێکی دە نەفەرییان بینی کە بەرەو ئەوان دەهاتن. دیار بوو نەیاندەویست بەو گوندەدا تێپەڕن کە لە پشت گردەکەی ئەوێندەرەوە دیار بوو. کە گەیینە ئاست بێشەکە وەستان و سەرو جگەرەیان پێکرد، دیار بوو لە نێوان خۆیاندا، باسی ڕێگاکەیان دەکرد، لە پڕ بە سەمتی چەپا، بایاندایەوە.

کوشیڤوی، لە نێو کێڵگە زوڕاتەکەوە هەستا، بە هاوڕێکەی خۆی گوت:

– بانگیان بکەین؟

– پێویستە تەقەیان بەسەردا بکەین.

– ئەهای کوڕینە! بوەستن!

سەربازەکان، ئەو کاتە هەر سەد شەقاوێك لە قۆزاقەکانەوە دوور بوون. هەڵوەستەیەکیان کردو دووبارە کەوتنەوە ڕێ. بەڵام زۆر بە خاوی دەڕۆییشتن، لەوە دەچوو بێگاریان پێبکرێت.

یەکێك لە قۆزاقەکان تێی خوڕین.

– ئەهای بوەستن.

و یەك ساجور (خەشاب، دەراغ) فیشەکی بەسەرا تەقاندن.

هەر چوار قۆزاقەکە، تفەنگ بەدەست، بە ڕاکە ڕاك کەوتنە ڕێ تاخۆ بگەیەننە دەستە سەربازەکە کە خاوە خاو ڕێیان دەکرد.

عەریف کولیجف، کە فەرماندەی دەوریەکە و بەرپرسی پاسگەی دیدەوانیەکە بوو، لە دوای قۆزاقەکانەوە، خۆی گەیاندە سەربازەکان و هاواری کرد:

– بۆچی ناوەستن؟ سەر بە کام یەکەن؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟ کوا ناسنامەکانتان!

سەربازەکان، وەستان. سێ دانەیان، بە کاوەخۆ تفەنگەکانیان لە شانیان داگرت. نەفەرێکی دیکەیان دانەوییەوە و بە وایەرێکی تەلەفۆن، بنی یەکێك لە پۆستاڵەکانی، کە بەر بوو بوو، بەست. هەر هەموویان شڕپۆش و چڵکن و پڵکن بوون، بە داوێنی پاڵتۆکانیانا، کە هەر دڕك و داڵ بوو، دیار بوو کە شەوێ لە لێرەوارەکەدا خەوتبوون. دوانیان کاسکێتی هاوینەیان لەسەر بوو، ئەوانی دی کڵاوی فەروی چرچ و لۆچ و چڵکن و پڵکنیان لەسەر بوو، کە سەر گوێیەکانیان نەبەستبوو و پەتی ژێر چەناگەیان تەکە تەکی بوو. سەربازێکی درێژ داهۆڵی، کووڕ کە پێدەچوو بەرپرسیان بێت، گۆنا ڕەق و تەقەکانی کەوتنە لەرزین و بە دەنگێکی منگنی تووڕە گوتی:

– چیتان دەوێ؟ خراپەمان بۆتان بووە؟ بۆچی تاقیبمان دەکەن؟

عەریفەکە، بە تووڕەییەکی ڕواڵەتیەوە گوتی:

– کوا ناسنامەکانتان دەربێنن؟

سەربازێکی چاو شینی، دەمو چاو سوور، نارنجۆکێکی لە قەد خۆی کردەوە،لە سەرو چاوی عەریفەکەی نزیك خستەوە، ئاوڕێکی لە هاوڕێکانی خۆی دایەوەو بەلەز، بە زمانی یاروسلاڤی گوتی: (یارۆسلاڤل، شارێکە لە ڕووسیای ناوەڕاستا)

– وەرە کوڕی باش، ئەمە ناسنامەی منە! ئەمە مۆڵەتێکی کراوەیە بە درێژایی ساڵ پێمە! جا ئاگات لەخۆ بێ، کە کێشام بەسەرتا دەبێ بە پرپۆڵە، تێگەییشتی؟ تێگەییشتی یان نا؟ تێگەییشتی ها؟

عەریفەکە، چارەی گرژ کرد، گوتی:

– کەر مەبە

دەستی نا بەسینگیەوە و پاڵێکی پێوە نا.

– کەر مەبە! ناتوانی بمان ترسێنی. ئێوە فێرارن، دەی پێشمان بکەون بۆ سەرکردایەتی، ئیدی ئێوەو ئەوان، لەوێ شەفاعەت بۆ خۆ بکەن.

سەربازەکان، تەمەشایەکی یەکیان کرد، وەکو ئەوەی ڕاوێژو تەگبیر بکەن، تفەنگەکانیان بە دەستەوە گرت. یەکێکی ڕەقەڵەی باریکەلەی سمێڵ ڕەشیان، کە پێدەچوو کرێکاری مەعدەن بووبێ، چاوێکی بە سەراپای هەموو قۆزاقەکاندا گێڕاو بۆڵژنێکی بۆ کرد:

– ئاگاتان لە خۆ بێ، نەخەڵەتابن بێنە پێشەوە، بە زاتی خوا هەر کەسێك بێتە پێشەوە، دەیکەم بە قوربانی فیشەکێك!

سەربازە چاو شینەکە، نارنجۆکەکەی بەسەر سەریا بادەدا، کابرا درێژ داهۆڵە کووڕەکە، نووکی قەمە ژەنگنەکەی کرد بە پاڵتۆکەی یارۆی عەریفدا، ئەوەی کە سەرو سەکوتی لە کرێکاری مەعدەن (کان، کانە خەڵوون) دەچوو، بە دەم جوێندانەوە، قۆناغە تفەنگەکەی لە کوشیڤۆی هەڵبڕی. قامکی کوشیڤۆی لە سەر پەلە پیتکەی تفەنگەکەی دەلەرزی. یەکێك لە قۆزاقەکان، یەخەی پاڵتۆی سەربازێکی کورتە بالای گرتبوو و ڕایدەکێشاو لە هەمان کاتدا بە نیگەرانیەوە ئاوڕی دەدایەوە، کە نەبادا لە پشتەوە جەزرەبەیەکی بگەیەنێ.

گەلای وشکی کێڵگە زوڕاتەکە، بەدەم بایەکەوە خشەخشی دەکرد. لەودیو دۆڵو دەشتە ناهەموارەکەوە، زنجیرەیەك کێوی شینباو دیاربوو، کۆمەڵێك چێلو مانگای سوور، لە لەوەرگەیەکی نزیکی گوندەکە، دەلەوەڕین. لەودیو بێشەکەوە بایەك هەڵیکرد، وردە وردە هەرچی خاكو خاشاکی ئەو ناوە هەبوو، لە گەڵ خۆیا بردی بە ئاسمانا و بوو بە گەردەلوول و گێژەلوکە. مانگی ئۆکتۆبەر بوو، دنیا کپ و ئارام بوو، گوندەکە لە باوەشی هەتاوا ئارامی گرتبوو.

دەستەیەك زەلام، لە نزیکی جادەکەدا، چوو بوون بە تەوقی نەحلەتاو، بەسەر کێشییەکی گەوجانەوە، ئامادە بوون بە خوێنی خۆیان، عاردە داچێنراوەکە کە باران پاراوی کردبوو، سوور بکەن.

پاش ئەوەی کەمێك هێور بوونەوە، سەربازان و قۆزاقەکان، بە شێوەیەکی ئارامتر کەوتنە گفتوگۆ، کوشیڤۆی بە تووڕەیی گوتی:

– تەنیا سێ ڕۆژە ئێمە هێنراوینەتەوە بۆ بەرەی پاشەوە. ئێمە لەوانە نین هەڵێین! بەڵام ئێوە هەڵاتوون، ڕاتان کردووە، زۆر شەرمە هاوڕێکانتان بەجێدێڵن و ڕادەکەن. باشە هەر کەسێك هەستێ و ڕابکات، ئەدی کێ بەرگری بکات؟ یانی مەیدان چۆڵ بکرێت؟ کە ئێوە نامەردن!...

من هاوڕێیەکم هەبوو، لە تەنیشت منەوە بە سەرەنێزە کوژرا، هێشتا تۆ بە ئێمە دەڵێی کە شەڕمان نەدیتوە. خۆزەگە تۆش وەکو ئێمە شەڕت دەبینی!

قۆزاقیەکی دیکە، قسەکەی پێبڕی و هەڵیدایە:

– جا ئەم مشت و مڕو دەحکەیەی بۆ چیە؟ با بڕۆین بۆ سەرکردایەتی و بڕایەوە.

ئەو سەربازەی کە لە کرێکاری مەعدەن دەچوو، بە هەڕەشەوە گوتی:

– قۆزاقینە، بۆ خوا پێتان دەڵێم وازمان لێبێنن، دەنا بە زاتی خوا تەقەتان لێدەکەین.

عەریفەکە، بە نائومێدی هەردوو دەستی بڵاوکردنەوە:

– برای ئازیز ئێمە ناتوانین کاری وابکەین، ئەگەر بشمان کوژیت، ناتوانن لێرەوە بڕۆن، چونکە سریەکەمان، لەوێ، لە گوندیدا هەڵیداوە...

سەربازە درێژ داهۆڵە کووڕەکە، جارێك هەڕەشەی دەکردو جارێك گەنگەشەی دەکرد، جارێك دەپاڕایەوە. سەرەنجام دەستی برد بوتڵێکی حەسیر پۆشی لە خورجینە چڵکنەکەی خۆی دەرهێناو چاوێکی پڕ مەرایی لە کوشیڤۆی داگرت و بە چپەوە گوتی:

– گوێ بگرن قۆزاقینە، پارەتان دەدەینێ، تەمەشا، ئەمەش ڤۆدگای ئەڵمانی.. شتی دیکەشتان بۆ کۆ دەکەینەوە... بیکەن بە خاتری مەسیح ڕێمان بکەن با بڕۆین، منداڵی وردمان هەن و لەماڵەوە چاوەڕوانی ئێمەن. بێگومان بەخۆتان لەمە دەگەن... لە تواناماندا نەماوە، لەوەی پتر تەحەمول ناکەین... ئاخر تاکەی لە شەڕا بین؟ کەی شەڕ دەبڕێتەوە؟ ئەی خوا گیان! باشە بە ڕاستتانە کە نایەڵن بڕۆین؟!.

کابرا، بەلەز، لە ساقی چەکمەکەی خۆیدا، کیسەیەکی تووتنی دەرهێناو دوو ئەسکەناسی چرچ و لۆچی دەرهێناو بە خورتی لە دەستی کوشیڤۆی ناو گوتی:

– بیگرە! بیگرە، توخوا!... گوێی مەدەیە. هەر چۆنێ بێ تەگبیری حاڵی خۆمان دەکەین. پارە هیچ نییە، ئێمە بۆ خۆمان پەیدای دەکەینەوە، بیگرە!

کوشیڤۆی، لە شەرما سوور بووەوە، دەستەکانی خستە پشتی و پاشەوپاش کشایەوە، هێدی هێدی سەری دەلەقاند. گۆناکانی سوور بووبوونەوە، ڕوندك زاییە چاوانی: "من خەریك بوو بە کوشتنەکەی بشیناك شێت بم! کەچی عارم نە ناوەو گیرمان لەم پیاوانە بەستووە، دەمەوێ دیلیان بکەم! ئاخر ئەمە بۆ؟ خۆ من کابرایەکم دژی جەنگ، بە چ هەقێ ئەمە لەگەڵ ئەو داماوانەدا دەکەم؟ کە شتێکی بێشەرم و تووڕەهاتم!"

چوو بۆ لای عەریفەکە، بردیە لاوە، بێئەوەی تەمەشای سەروچاوی بکات، گوتی:

– کولیچف، بۆ ڕێیان نەکەین بڕۆن ها؟ چ دەڵێی؟ ئیزنیان بدەین؟

عەریف کولیچف، بە چاوانی ئەبڵەقەوە، وەکو ئەوەی کارێکی پڕ شەرمەزاری بکات، گوتی:

– دەی با بڕۆن... چیان لێبکەین؟ ڕەنگە خۆیشمان بەم زووانە تووشی هەمان هەڵوێست ببین... بۆ درۆ لەگەڵ خۆدا بکەین؟ با زۆریش بە خۆ نەفشین.

ئەوجا ئاوڕی لای سەربازەکانی دایەوەو بە تووڕەیی گوتی:

– گەجەرو گوجەرینە ئێمە وەکو پیاو بەرێزو حورمەتەوە مامەڵەتان لەگەڵ دەکەین، کەچی ئێوە دەتانەوێ بەرتیلمان بدەنێ! بۆ وا دەزانن سواڵکەرین، بۆ پارە مردووین؟

عەریفەکە، سوور بوو بووەوە، بە تووڕەیی لەسەری ڕۆیی:

– جزدانەکەت بخەوە شوێنی خۆی، دەنا دەتبەم بۆ سەرکردایەتی!

قۆزاقەکان دوور کەوتنەوە. سەربازەکان کەوتنەوە ڕێ. کوشیڤۆی لە دوورەوە تەمەشایەکی کوچە تەنگ و چۆڵەکانی گوندەکەی کردو هاوای کرد:

– ئەهۆی، کەرینە بەم ڕۆژی ڕوناکە بۆ کوێ دەڕۆن؟ لەوێیا. بێشەیەکی بچووک هەیە، خۆتان بەو بێشەیەدا بکەن، ڕۆژەکە لەوێ بەسەر بەرن، پاشان شەوێ بەڕێبکەون، دەنا بەم ڕۆژی ڕوناکە، تووشی پاسگەیەکی دیکە دەبن و دەستگیر دەکرێن.

سەربازەکان، حایرو دوودڵ ماوەیەك ڕوانیانە دەوروبەری خۆیان، پاشان چڵکن و پڵکن، بەریز وەکو گورگ بەرەو بێشەکە نشێو بوونەوەو لە نێو دارو دەوەنەکاندا لە چاو ون بوون.

***

لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەردا، قاو داکەوت کە لە پترۆگراد کودەتا بووەو، پەیامنێرانی سەرکردایەتی کە لەسەرچاوەێن هەواڵەوە نزیك بوون، دووپاتیان دەکردەوە کە حکومەتی کاتی بۆ ئەمریکا هەڵاتووە. ئەو دەنگۆیەشیان بڵاوکردەوە کە دەریاوانەکان، (کیرنسکی) یان دەستگیر کردووە، بە گوێزان سەریان سفر کردووە، قەترانی ڕەشیان پێدا کردووەو دوو ڕۆژی تەواو وەکو قەحپە بەجادەو کۆڵانانی پترۆگرادا گێڕاویانە.

دوای ماوەیەکی کەم، وەختایەك کە هەواڵی فەرمی ڕوخانی حکومەتی کاتی و هاتنە سەر کاری کرێکاران و جووتیاران بڵاوبووەوە، قۆزاقەکان بە پارێزێکی زۆرەوە بێدەنگیان هەڵبژارد. زۆریان لە دڵەوە پێیان خۆشبوو، چونکە وایان وێنا دەکرد کە شەڕ بە زوویی کۆتایی دێت. بەڵام وێڕای ئەمەش، بەو دەنگۆیەش نیگەران بوون کە گوایە فەیلەقی سێی سوارە، دەگەڵ کیرنسکی و جەنەراڵ کراسنوفدا بەرەو پترۆگراد دەڕوات و (کالیدین)ش کە پێشوەختە چەند کەتیبەیەکی قۆزاقانی بردبووەوە بۆ دەڤەری دۆن، لە باشوورەوە، پشتیوانیان دەکات.

بەرەی شەڕ، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هەرەسی دێنا، سەربازان، لە هەوەڵی مانگی ئۆکتۆبەردا، تاك تاك و بەدەستەی بچووك و پەراگەندە لە شەڕگە هەڵدەهاتن، بەڵام لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەرا، ئیدی بە فەسیل و بە فەوج و بە کەتیبە، سەنگەرەکانیان بە جێدەهێشت. جا ئەم یەکانە هەندێکیان تەنیا چەکی سووك و تەقەمەنیان دەگەڵ خۆدا دەبرد، بەڵام زۆربەیان، هەر هەموو چەك و چۆڵ و کەلوپەلەکانی کەتیبەکەیان دەگەڵ خۆدا دەبردو عەمارو جبەخانەکانیان تاڵان دەکردو ئەفسەرەکانی خۆیان دەکوشت و لە کاتی پێویستدا دزیان دەکردو وەکو لافاوی بێئامان هەرچییەکیان هاتبا ڕێگا ڕایاندەماڵی و بۆ ناو کەسوکاری خۆ دەگەڕانەوە.

لەم بارودۆخە تازەیەدا، بەکار هێنانی کەتیبەی دوازدە، بۆ ڕێگرتن لە فیراریان، کارێکی نابەجێ بوو. بۆیە جارێکی دیکە ناردیانەوە بۆ شەڕگە، کەتیبەی ناڤبری بێهودە هەوڵیدەدا، تا ئەو بۆ شاییانە پڕبکاتەوە کە بە هۆی هەڵاتنی هێزێن پیادە لە شەڕگەدا چێبوو بوو. کەتیبەکە لە مانگی کانوونی یەکەمدا جارێکی دی لە شەڕگە سەحب کرایەوەو دوای ڕێ پەیماییەکی رێك و پێك وبە نەزم و نیزام، گەیینە نزیکترین وێستگەو هەرچی کەلوپەلی سوپایی و جبەخانەو دۆشکەو ڕەشاش و زەخیرەو یەدەکی تەقەمەنی و ئەسپیان هەبوو لە فارگۆنەکانیان بارکردو بەرەو مۆسکۆ، کە لە گەرمەی شەڕدا بوو، وەڕێکەوت...

قیتارە سوپاییەکە، کە هەموو کەتیبەی دوازدەی هەڵگرتبوو، بە ئۆکرانیادا تێپەڕی و بەرەو دەڤەری دۆن ڕۆیی. لە دەوروبەری زنامنکادا، گارد (حەرەس)ی سووری بەلشەڤ هەوڵیاندا

کەتیبەی ناڤبری چەکبکەن، دان‌و سان‌و گفتوگۆیان نیو سەعاتێکی خایاند، کوشیڤۆی‌و پێنج قۆزاقی دیکە کە سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سریەکان بوون، داوایان کرد کە ڕێگەیان بدەن بە چەکەکانیانەوە تێپەڕن. ئەندامانی سۆڤیەتی (ئەنجوومەن) وێستگەکە پرسیان:

– باشە چەکتان بۆ چیە؟

کوشیڤۆی، بە ناوی هەموویانەوە بەرسڤی دایەوە:

– دژایەتی بۆرژوایان و جەنەراڵەکانی خۆمانی پێدەکەین! پشتی کالیدینی پێ دەشکێنین!

قۆزاقەکانیش، بە تووڕەیی‌و بە یەك دەنگ هەڵیاندایە:

– چەك، چەکی خۆمانە، هی سوپای قۆزاقە، چۆن ڕادەستی دەکەین!

ڕێگەیان دان کە بڕۆن. لە کرمنچوگدا، جارێکی دی هەوڵی چەك کردنیان درایەوە. کاتێ ڕێگەی تێپەڕبوونیان دان کە ڕەشاشچیەکان، ڕەشاشەکانیان لەبەر دەرگای کراوەی فارگۆنەکەدا، ڕوو لە وێستگەکە دابەست‌و سەربازانی یەکێك لە سریەکان، دابەزین‌و بە درێژایی سکەکە دامەزران، لە نزیکی یەکاترینوسلاڤدا، بێئەوەی دەگەڵ مەفرەزەی گاردی سووردا ، بە شەڕبێن‌و تەقە بکەوێتە بەینەوە، کەتیبەکە نیمچە چەك کردنێك، چەك کرا: ڕەشاشەکان‌و پتر لە سەد سەندووق فیشەك‌و ئامێرێکی بێتەل‌و چەند تۆپە سیمی دڕکاویان لێسەندن. بەڵام کە داوایان لێکرا ئەفسەرەکانی خۆیان بگرن، قۆزاقەکان قەبووڵیان نەکرد. بە درێژایی ئەو ڕێگایە تەنیا یەك ئەفسەریان زایە بوو، ئەویش چیرکوفسکی یاریدەدەری فەرماندەی کەتیبەکە بوو، کە قۆزاقەکان خۆیان حوکمی مەرگیان دابوو و بە دەستی ئوریوپین (قژنە) و دەریاوانێکی گاردی سوور گوللە باران کرا.

ڕۆژی ۱۷/ کانوونی یەکەم بوو، دەمەو ئێواریێ، بەر لە خۆ ئاوا بوون، لە وێستگەی سینلنیکوڤۆدا، قۆزاقەکان، یەخەی یاریدەدەری فەرماندەکەیان گرت‌و لە قیتارەکەیان هێنایە دەرێ.

دەریاوانێکی کونجی دان شاش‌و واشی دەریای ڕەش، کە دەمانچەیەکی ماوزەڕو تفەنگێکی یابانی پێبوو، بە شادیەوە پرسی:

– ئەمە بوو کە خیانەتی لە قۆزاقەکان کرد؟

ئوریوپین (قژنە) بە دەنگێکی نزم بەرسڤی دایەوە:

– یانی پێتوایە دەموچاوی ناناسینەوە؟ بەڵێ، خۆیەتی!

ئەفسەرەکە، نەقیبێکی گەنج بوو. وەکو نێچرێکی گیرۆدەو گرفتار، دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی‌و بەدەستە ئارەقاویەکەی قژەکەی هەڵدەدایەوەو ڕێکدەخست. نە هەستی بەو کزە سەرمایە دەکرد کە بە دەموچاویا دەچزاو نە هەستی بە جەزرەبەی ئەو قۆناغە تفەنگە کرد کە پێیاندا کێشا.

ئوریوپین (قژنە) و دەریاوانەکە، لە قیتارەکەیان دوورخستەوە. ئوریوپین، لە ژێر لێوانەوە گوتی:

– به فیتی ئەم بێشەرفانەیە کە خەڵکی یاخی دەبن، ئاژاوە دەنەنەوەو کودەتا بەرپا دەکەن...
گیانە مەلەرزە، ورەت بەرز بێ!
ئەوسا کاسکێتەکەی لەسەر خۆی داگرت و نیشانەی خاچی کێشا!
– جەنابی نەقیب، ئامادە بە.
دەریاوانەکە، کە گەمەی بە دەمانچەکەی دەکرد، بزەیەکی زۆڵانەی بۆ کرد، دانە سپیەکانی دەرکەوتن، گوتی:
– ئامادەی؟
– ئامادەم.
ئوریوپین (قژنە) بۆ جاری دووەم، نیشانەی خاچی کێشاو بە گۆشەی چاو ڕوانیە یارۆی دەریاوان کە لاقێکی بردبووە پاشەوەو بە دەمانچەکەی سێرەی لە ئەفسەرەکە گرتبوو، بزەیەکی دزێوی بۆ کردو بە خۆی یەکەم فیشەکی تەقاند.
کەتیبەکە، لە نزیکی چاپلینۆ، بە ڕێکەوت تووشی شەڕێك بوو کە لە نێوان ئەنارشیستەکان و کۆمەڵێك خەڵکی ئۆکرانیادا، هەڵگیرسابوو. لەو شەڕەدا، سێ قۆزاقی خۆی لە دەست دا، دوای ئەوەی بە زەحمەتێکی زۆر هێڵەکانیان لەو فارگۆنانە چۆڵ کرد کە فیرقەیەکی هێزی پیادەیان هەڵگرتبوو، توانیان ڕێگای خۆ بکەنەوەو خۆ لەو گێروداره دەربازبکەن.
دوای سێ رۆژ، یەکەم دەستەی کەتیبەکە، لە وێستگەی میلرۆڤ لە قیتارەکە دابەزین... ئەوانی دی لە لوگانسك ماتەڵ بوو بوون، نیوەیان زیاتر، یەکسەر لەوێندەرەوە، لە وێستگەکەوە، سواری ئەسپەکانیان بوو بوون و بۆ ماڵی خۆ ڕۆیی بوونەوە. پاشماوەی کەتیبەکە گەیی بوونە گوندی کارگین، بۆ ڕۆژی دوایی، قۆزاقەکان هەرچی دەسکەوتی جەنگی خۆیان هەبوو خستبوویانە هەڕاجەوە. ژمارەیەك ئەسپیان لە نەمساویەکان گرتبوو و دەگەڵ خۆدا هێنابوویانن، هەروەها هەرچی دارایی و جبەخانەو کەلوپەلی سوپایی کەتیبەکە هەبوو، لە نێو خۆیاندا دابەشیان کرد.
کوشیڤۆی و قۆزاقەکانی دیکەی خەڵکی تاتارسکی ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەرەو گوندەکەی خۆیان وەڕێکەوتن. دەبوایە بە گوندی کارگیندا بڕۆن، بەر لەوەی بگەنە گوندی ناڤبری، گەیینە سەر گردەکەی دیار ئاوایی، ئەم گوندە کە جوانترین گوندی دەڤەری دۆنی بالا بوو، کەوتبووە سەر هەردوو ڕەخە بە پێچ و دەورانەکەی ڕووباری چیرەوە کە لە بەفرو بەستەڵەکدا سپی دەچووەوە. دووکەڵ، لە دووکەڵکێشی ئاشەکەی ئاواییەوە لە شێوەی دەسپێچکدا دەردەچوو و دەچوو بە ئاسمانا. ئاپۆڕایەکی زۆر لە مەیدانی گوندەکەدا ڕەش دەچووەوە، زەنگەکانی، زەنگی نوێژی ئێوارەیان لێدەدا، لەودیو هەورازەکانی کارگینەوە، ترۆپکی دار بیەکانی چوار دەوری گوندی کلیموفسکی بە ئاستەم دەبینرا، لەولاترەوە، لەودیو هێڵی شینباوی ئاسۆی بەفر پۆشەوە، هەتاوی خۆر لە زەردەی ئێوارێ، بەرۆکی ئاسمانی بە هەزار و یەك هێڵی ڕەنگاو ڕەنگ و ئەرخەوانی دەڕازاندەوە.
هەژدە سوار بە بەرانبەر ئەو گردەدا، کە سێ دار سێوی کێوی لە خۆ گرتبوو، بە یۆرغە (جۆرە ڕەوتێکی ئەسپە) تێپەرین، زینەکان لە ژێریاندا کەوتنە جیرە جیڕ. بەرەو باکوری ڕۆژئاوا نشێو

دەبوونەوە. شەوی تۆف و سەهۆڵبەندان، وەکو دز لە پشت ترۆپکی گردەکانەوە خۆی بۆ مات دابوون. سوارەکان سەروچاویان لە کڵاوە قوچەکانیانەوە پێچا بوو، ناو بە ناو ئەسپەکانیان بەرمامێزان دەداو هەڵیاندەکردە چوارناڵە. دەنگی سمی ئەسپەکان، لە سەر ئەرزە سەختەکە، کە جادەکەیان بەرەو باشوور دەپێچایەوە، یەجگار ناخۆش بوو. تەنکە سەهۆڵی ئەم بەرو ئەوبەری جادەکە، کە بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرماوە، تازە توابووەوە، بە ساقەتەی ڕوەکەکانەوە خۆی هەڵواسی بوو و لەبەر تریفەی هەیڤە شەوەکەدا وەکو بڵێسەی ئاگر دەتروسکایەوە.

قۆزاقەکان، بە بێدەنگی ئەسپەکانیان دەڕانی، جادەکە بەرەو باشوور نشێو دەبووەوە. جەنگەڵەکەی دۆڵی دوبوڤنکی، دەبریقایەوە. شوێن پێی کەروێشکان، عەینی تۆڕ بەسەر بەفری قەراخ جادەکەدا نەخش بوو بوو. بە ئاسمانی پێدەشتەکەوە، ڕێگەی کاکێشان وەکو نیتاقێکی قۆزاقی زیو ڕێژ، لە پشتی ئاسمان دەئالا.

## بەشی پێنجەم

"١"

لە ئاخروئۆخری پایزی ساڵی ١٩١٧وە، قوزاقەکان بەرە بەرە لەشەڕگەوە، کەوتنە گەڕانەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆیان. خریستونیا، کە بەڕواڵەت پیر بوو بوو دەگەڵ سێ قوزاقی دیکەی کەتیبەی پەنجاو دوودا گەڕایەوە. پاش ئەو ئانیکوشا، کە هێشتا هەر کۆسە بوو، لەگەڵ دوو قوزاقی تۆپچیدا ئیڤان تومیلین و یاکوف ناڵە ئەسپ، هاتەوە. دوای ئەوان مارتین شامیل و ئیڤان ئالکسیوفیچ و زاخارکارولیوف و بروشچوفە درێژ هاتنەوە، کە هەر هەموویان ئیحالەی یەدەك کرابوون.

لە مانگی دوازدەدا، لە پڕا سەروسەکوتی میتکا کورشونفش پەیدا بوو. بە هەفتەیەك دوای ئەو جەماعەتێك لە قوزاقانی کەتیبەی دوازدە پەیدا بوون: میشا کوشیڤوی، پروخرزیکوف، ئاندریێ کوشولین، ئیڤان ماکسایف و یگورسینلین بە جاریێ هاتنەوە. فیدوت بودوفسکوف کە سەروسیمای لە کالموکان دەچوو، هەر لە فورونیچەوە، لە کەتیبەکەی خۆی جیابوو بووەوەو یەکسەر بەسواری ئەسپە شێیەکی جوان، کە لە ئەفسەرێکی نەمساوی گرتبوو، هاتبووەوەو تا ماوەیەکی زۆر لەوە دواش دەیگێڕایەوە کە چۆن بە زەبری ڕەهوانی وخۆشبەزی ئەسپەکەی توانیویەتی لە مەفرەزەکانی گاردی سوور دەربازبێ و بە ناو دێهایەکانی ستانی فورونیچدا، کە شۆڕش سەراپای گرتبوونەوە، تێبپەڕێت.

پاشان میرکولوف و پیوتەر میلیخوف و نیکولای کوشیڤوی- ش کە لەکامنسکایادا، لە کەتیبەی بیست و حەوت، کە پەیوەندی بە بەلشەویکەکانەوە کرد بوو، هەڵاتبوون، هاتنەوە. ئیدی لە زمانی ئەمانەوە داکەوت کە گریگوری میلیخوف، کە لەو دواییانەدا نەقڵی کەتیبەی دووەمی یەدەك بوو بوو، پەیوەندی بە بەلشەویکەکانەوە کردووەو لە کامنسکایا ماوەتەوە. هەروەها ماکسیم گریازنوف، قوزاقی بێباك و کۆنە دزی ئەسپانیش کە لە کەتیبەی بیست و حەوتدا گیرسابووەوە، بەهۆی تازەیی ئەم دەورانە پڕ ئاشوبەو بە ئومێدی ژیانێکی ڕەهاو خۆش، بەلای بەلشەویکەکاندا دیکێشابوو. دەیانگووت کە ئەسپێکی یەجگار ناشیرین، بەڵام زۆر سەرکێش و خۆشبەزی بەدەست هێناوە. دەیانگوت کە ئەسپەکەی ماکسیم هەر بەزکماك، ڕیزە موویەك لەم سەر تا ئەوسەری گازەرای پشتی ڕوابوو. چوارپەلی بە شێوەیەکی گشتی کورت بوون، بەڵام پشتی درێژ بوو، ڕەنگی سوور وەکو ڕەنگی مانگا بوو. کەمتر باسی گریگۆرییان دەکرد، حەزیان نەدەکرد باسی بکەن، چونکە دەیانزانی ڕێگایەکی جیاواز لە ڕێگای خەڵکی گوندەکەی هەڵبژاردووەو لەوە ناچوو جارێکی دیکە هەرگیز بێتەوە سەر ڕێگای ئەوان.

ئەو ماڵانەی کە پیاوەکانیان دەگەڕانەوە ئیدی کوڕیان با یان سەرگەورەی خێزان، پڕ دەبوو لەخۆشی و شادی. بەڵام دەردی ئەو ماڵباتانەی کە باوك و کەسوکاریان بۆ هەمیشە لەدەست دابوو، یەجگار گران و ناخۆش دیاربوو. قۆزاخێکی زۆر لەبەرەکانی شەڕ نەگەڕانەوە،

جەنازەکانیان لە مەیدانەکانی جەنگی گالیسیاو بوکوڤین و پروسیای ڕۆژهەڵات و چیاکانی کارپات و ڕۆمانیادا کەوتبوو و بەدەم نەوای شیوەن ئاسای تۆپانەوە بۆگەنی دەکرد و دەڕزی. ئێستا گیا کوریشك گۆڕە بەکۆمەڵەکانی داپۆشی بوون، لە گەڵ هەر بارانێکدا بارستایی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان دەنیشێت و، دەکەوێتە ژێر ڕەنوە بەفرێن با هاوردەوە. ژنانی قوزاقٔ چەندیش بەسەری کۆتەوە، بچنە سەری کۆڵانانی ناو گوند، دەستان بکەن بە ساباتی چاو، بڕواننە ئاسۆ، جارێکی دی نابینن، ئازیزانیان بە سواری ئەسپ بێنەوە. چەند فرمێسك و ڕوندکان لە چاوانی هەڵماساویان بڕژێ، هێشتا خەم و پەژارەیان ناشواتەوە! چەند لە بۆنەو ساڵیادی مەرگیاندا، بگرین، بلورێنن، هاواربکەن، بای ڕۆژهەڵات هاوارو فیغانیان ناگەیەنێتە گالیسیا یان پروسیای ڕۆژهەڵات، ناگەیەنێتە بارستایی نیشتووی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان! وەکو چۆن گیاو ڕووەکان، گۆڕان دادەپۆشن و دەیشارنەوە، ڕۆژگاریش بەو ئاوایە خەم و پەژاران دادەپۆشێ و دەسڕێتەوە. وەکو چۆن با، جێ پێی ڕێڤینگان دەسڕێتەوە ڕۆژگاریش بەو ئاوایە، کول و کوڤان، دەردو خەمی خوێنینی یادو یادگاری لە دڵی ئەو کەسانە دەسڕییەوە کە بێهوودە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانیان دەکردو سوور دەیانزانی کە جارێکی دی هەرگیز نایان بیننەوە، چونکە ژیانی بەشەر کورتە، کەس ئەوەندە تەمەن ناکات کە بەشی بکات...

ژنەکەی پروخور شامیل، کە دەیبینی مارتینی شوو برای، یانی برای مێردە لەدەست چووەکەی ئەو، ژنە دووگیانەکەی خۆی دەلاوێنێ و دەست بەسەر منداڵەکانیا دێنێ و دیاریان دەداتێ، سەری خۆی بە عاردیدا دەکێشا، خۆی لە خاك و خۆڵ وەردەدا، قەپی بە عاردیدا دەکردو خۆی دەگەوزاند و منداڵەکانی وەکو بەرخ لە دەوری خڕەبوونەوە، بەچاوانی ئەبڵەقەوە لێیان دەڕوانی و بەدیاریەوە دەگریان.

تۆ ئەی ژنی بێنەوا، یەخەی دوا کراست دادڕە! قژەکەت دەسکەنە بکە، ئەو قژەی کە ژیانی سەخت و دژوارت، ژیانی دوور لە شادیت، تەواو تەنکی کردووەتەوە. لێوانت بگەزە تا خوێنیان لێدێت، دەستەکانت کە بەدەم کارەوە شەقار شەقار بوون سەری خۆت بکێشە بە ئاستانەی درگای ماڵە چۆڵەکەتا! ماڵەکەت ئیدی بێخاوەنە، سەرگەڤاری نیە. مێردەکەت ڕۆیی خۆت بێوەژن و منداڵەکانت هەتیو کەوتوون. لەبیرت نەچێ کە ئیدی هیچ کەسێك تۆو هەتیوەکانت نالاوێنێ کەس لە کاری قورسا یارمەتیت نادات و کەس لە هەژاری و بێوەژنکۆشی ڕزگارت ناکات. هیچکەسێك، شەوانە کاتێ شەکەت و ماندوو دەچیتە ناو جێگا، سەرت ناخاتە سەر سینگی خۆی و کەس ئەو قسەیەی ئەوت بە گوێدا ناداتەوە کە دەیگوت: "ئانیسکا، خەفەت مەخۆ، ئەمەش تەواو دەبێ. هەرچۆنێ بێ تەگبیری حاڵی خۆمان دەکەین" ئیدی مێرد بەخۆتەوە نابینی، چونکە کارو نەبوونی و خەفەت و منداڵ لەبنیان هێناویت، وشکیان کردوویتەوە، پیریان کردویت. منداڵە نیمچە ڕووت و قووتەکانت، منداڵە چڵمنەکانت ئیدی باوك بەخۆوە نابینن. ئیدی دەبێ بەخۆت هەموو کارێکی فەلاحەتی، جووت کردن و، تۆو داچاندن و بژارو درەویش بکەی، ڕەنجی فەرهاد بدەیت. ئیدی دەبێ بەشەنە مەڵۆی گەنمان لە شەپشەپەوە (مەکینەی درەو) بخەیتە خوارێ و پاشان لە گالیسکەی باربکەی. کاتێ کە بە شەنەی ئاسنی سێ لقە باقە گەنمان

بـەرز دەکەیتـەوە، هەسـت دەکـەیت هـەناوت دادەتـەکێ، ئـازارێکی تیـژ بـە نـاو گـەڵتا دێـت، لـوول دەبێـت، خـوێن بـەژێر جلـە شـڕەکانتدا دێتـە خـوارێ. دایکـی ئالیکسـی بیشـنیاك، کـە ژێـر جامـە کۆنەکانی کوڕەکەی لە بوخچەدا ئەم دیوو ئەو دیو دەکرد، هێدی هێدی ڕوندکی دەڕشت، دەینـان بـەدەم و کەپوویـەوە، بـۆنی دەکـردن، هیچـیان بـۆنی ئارەقـەی کوڕەکـەیان لێنـەدەهات، تـەنیا دوا کراسـی نـەبێ، کـە میشاکوشـیڤۆی لەگـەڵ خۆیـدا هێنابوویـەوە. پـیرەژن سـەری تێدەژەنـدو خـۆی دەهەژانـد و بـە دەنگێکـی خـەمناك دەگریـاو، بـە فرمێسـکان ئـەو کراسـە چڵکنەی دەنەخشـاند.
خانەوادەو ماڵباتێن ماتیسکوف، ئوزیروف، کالینین، بنچوفیدوف و یەرماکوف و زۆر خانەوادەی دیکە کۆستیان کەوت و هەتیو کەوتن.
بەڵام ستیپان ستاخوف، کەس بۆی نەدەگریا. کەسی وای نەبوو بۆی بگری، ماڵە نیمچە وێران بووەکەی، دەرگاو پەنجەرە داخراو، داڕوخاو، کە لە هاوینیشدا هەر تارێك دیار بوو، چۆڵ و هۆڵ بوو. ئەکسینیا لـە یاگودونـەدا دەژیـا، هـیچ کەسـیکی گونـد. مەگـەر بەدەگمـەن، ئاگـای لـە هـاڵ و هەواڵی نەبوو. بەخۆیشی هەرگیز هاتوچۆی گوندی نەدەکرد، لەوە دەچوو حەز نەکات.
قوزاقـانی دەڤـەرێن دۆنـی باڵـا، دەسـتە دەسـتە بـە گوندەکانـدا بـەرەو مـاڵی خـۆ دەگەڕانـەوە. لـە مانگی کانوونی یەکەمدا، تەقریبەن هەموو قوزاقانی دەڤەری ڤیشنسکایا، گەڕابوونـەوە سـەر ماڵ و حاڵی خۆیان.
قوزاقان شەو و ڕۆژ، بەدەستەو پۆلی دە تا چل کەسی بەگوندی تاتارسکیدا تێدەپەڕین و بەرەو سەمتی کەناری چەپی دۆن دەڕۆیشتن. پیرەمێرانی گوند دەچوونە ڕێگایان و لێیان دەپرسین:
– ئەهای سەربازینە، ئێوە خەڵکی کوێن؟
بەمجۆرە وەڵام دەدرانەوە:
– چرنایارچکا.
– زیموفنایا.
– دوبرۆڤکا.
– رشاتوفسکی.
– دودارڤکا.
– گوروخوفکا.
– ئالیموڤکا.
پیرەمێردەکان بە تەشەرەوە دەیانگوت:
– یانی شەڕ تەواو، بەسە؟
هەندێ لە سوارەکان، بە ڕووی خۆشەوە، بەدەم پێکەنینەوە، وەڵامیان دەدایەوە:
– بابۆ زۆرمان چەشت، ئەگەر هەوەسە، ئەوەندە بەسە.
– تاحەزکـەی بەدبـەختیمان کێشـا، ئێسـتا کـاتی ئـەوە هـاتووە بگەڕێینـەوە سـەر مـاڵ و حـاڵی خۆمان.

بەڵام هەندێکی دیکەیان کە خەڵکانی تووڕەو تڕۆ و گرژو پەست بوون، هەزاورو یەك جنێوی سەر بە کۆڵکەیان دەدانێ و پێیان دەگوتن:

– ئەگەر خۆت بای، هەر زوو کلکت لە گەڵۆزت دەناو هەڵدەهاتی.

– ئەم هەموو پرسیارەی بۆچیە، ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، بڕۆ خۆت تاقی بکەوە. خۆ مەیدان مشك نەیخواردووە؟

– کە خەڵکانێکی چەنەبازو فزوڵن.

لە ئاخرو ئۆخری زستانداو لە دەوروبەری نوڤوچرکاسکدا سەرەتای شەڕی ناوخۆ، بەرە بەرە چەکەرەی کرد، بەڵام دەڤەر و گوندەکانی ناوچەی دۆنی باڵا، ئارام و بێدەنگ لە گۆڕستان دەچوون، بەڵام وێڕای ئەمەش، لە ناو ماڵە گوندییەکاندا ناو بە ناو سووکە کێشما کێش و ناکۆکی خانەوادەیی بە بێدەنگی ڕووی دەدا، کە هەندێجاران سەری دەکردو ئاشکرا دەبوو: پیرەکان دەگەڵ ئەو قوزاقانەدا، کە لە مەیدانی شەڕ گەڕابوونەوە نە دەسازان.

خەڵکی گوندەکان، هیچیان دەربارەی ئەو شەڕە نەدەزانی کە لە نزیکی پایتەختی هەرێمی سوپای دۆندا هەڵگیرسابوو، مەگەر لە ڕێگای پرۆپاگەندەوە شتێکیان بەر گوێ کەوتبا. خەڵکەکە سەریان لە ڕەوت و ڕەوشە تازەو جیاوازەکان دەرنەدەکرد و ئیدی گوێ تەقێی ئەوە بوون کە بزانن سەمتی ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕوات.

ژیان لە تاتارسکیدا تا مانگی کانوونی دووەم. بە ئارامی بوری. ئەو پیاوانەی کە لە مەیدانی شەڕ گەڕابوونەوە، لە ناو ماڵ و منداڵ و لە پاڵ ژنی خۆدا بێخەم و خەیاڵ ژیانیان دەگوزەراند و کەمێك بوژابوونەوەو ڕەنگ و ڕوویان گەشابووەوەو هەرگیز ئەوەیان بەخەیاڵ و بە بیردا نەدەهات، کە دەردو بەڵایەکی زۆر تاڵترو دژوارتر لەوەی لە شەڕەکەدا چەشتبوویان. ژێراو ژێر، بەردەرکەی پێگرتوون.

"٢"

گریگوری میلیخوف، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٧دا، بە هۆی عەگیدی و دلاوەری و قارەمانیەتی لە شەڕدا، بەرزکرایەوە بۆ پلەی نایب زابت و لە کە تیبەی دووی یەدەکدا بوو بە فەرماندەی فەسیلێ. لە مانگی ئەیلولدا، پاش ئەوەی تووشی نەخۆشی دەردەباریکە (سیل و ددیق) بوو، بە مادوونی (مۆڵەت) بۆ ماڵ هاتەوەو شەش هەفتەی لە نێو کەسوکارەکەیدا بەسەر برد، پاشان لیژنەی پزیشکی بڕیاری چاکبوونەوەی مۆرکردو نێردرایەوە بۆ کەتیبەکەی خۆی. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەرزکرایەوە بۆ پلەی فەرماندەی سریە.

لەو سەروبەندەدا، بە هۆی ڕووداوەکانی دەوریەوەو، بە هۆی پەیوەندی نزیکی دەگەڵ ملازم یفیم ئیزڤارین، کە یەکێك بوو لە ئەفسەرانی کەتیبەکەی، گۆڕانکارییەکی ئاشکرا بەسەر بیرو هزرینیدا هات.

گریگوری، هەمان ئەو ڕۆژەی کە لە مادوونیەکەی گەڕابووەوە، ئاشنایەتی دەگەڵ ئیزفاریندا پەیدا کرد بوو. ئیدی لەوە بە دواوە چ لە کاتی دەواماو چ لە دەرێی دەواما، زوو زوو دەیبینی، بێئەوەی بەخۆی بزانێ کەوتبووە ژێر باندۆرو کاریگەری ئەوەوە.

یفیم ئیزڤارین کوڕی کابرایەکی قۆزاقی دەوڵەمەندی خەڵکی دەڤەری گوندوروڤسکایا بوو، کۆلیجی سوپایی نوڤوچرکاسکی تەواو کرد بوو و پاشان بۆ شەڕگە ڤرێکرا بوو، نزیکەی ساڵێك لە کەتیبەی دوازدەی قوزاقاندا خزمەتی کرد بوو. جا لەوێ خۆی گوتەنی "میداڵێکی سان جۆرج بە سینگ و بەرۆکیەوە کراو دوازدە پارچە نارنجۆکیش بەر سەراپای کەوت، بەرشوێنی خراپ و باشی کەوت." پاش ئەوە بۆ کەتیبەی دووەمی یەدەك گوێزرایەوە.

ئیزڤارین، پیاوێکی زۆر بە تواناو فرە بەهرە بوو، زۆر لە ئەفسەرانی قوزاقی دیکە، ڕۆشنبیرترو هۆشنتر بوو، لایەنگیرێکی دوو ئاتەشەی ئۆتۆنۆمی ناوچە ودەڤەرە قوزاق نشینەکان بوو. شۆڕشی شوبات تەواو بێداری کردبووەوەو دەرفەتی خۆنوێنی بۆ ڕەخساند بوو، پەیوەندی بەشانەو ئەنجوومەنە جودایی خوازەکانی قوزاقەوە کردبوو، زۆر بەجدی کارو بانگەشەی بۆ ئوتونومی تەواوی ناوچەکانی سوپای قوزاڤ دەکردو داوای گەڕانەوەی ئەو حکومەت و دەسەڵاتەی دەکرد، کە بەر لە هاتنی سیستەمی ئوتوکراتی (استبدادی) تزاریسم بۆ ناوچە قوزاقەکان، لەم دەڤەرەدا حوکمڕانی دەکرد. شارەزاییەکی باشی لە مێژوودا هەبوو، هەرچەندە کابرایەکی پڕ حەماس بوو، بەڵام خودانی بیرکردنەوەیەکی ڕوون و هاوسەنگ بوو، وێنەیەکی زۆر جوان و دڵگیری بۆ ئەو ژیانە ئازادەی خاکی ئازیزی دۆن دەکێشا، کە لە ئایندەدا و لەسایەی حکومەتی ئوتونومی خۆیدا دەیبینێت، کاتێ کە دەڤەرەکە هیچ ڕووسێکی تیا نامێنێ، کاتێ میللەتی قوزاق بە درێژایی سنووری حکومەتەکەی خۆی پاسگە دادەنێت، بە شێوەیەکی یەکسان و بێئەوەی کڵاو لەسەر دابگرن و کڕنووش بەرن و ئیکلام بکێشن، دەگەڵ ئۆکرانی و ڕووسدا قسە دەکەن و بازرگانی و سەوداو ئاڵو وێریان دەگەڵ دەکەن. ئیزڤارین، بەو قسانە قوزاقانی سادە و ئەفسەرانی کەم سیواتی ئەفسوون دەکردو ختوکەی سۆزی دەدان هەر بۆیەش گریگۆری کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەوەوە. ئەم دوانە لە هەوەڵەوە گەنگەشە و گفتوگۆی زۆر گەرم و جدیان پێکەوە دەکرد، بەڵام گریگۆری کۆڵکە خوێنەوار، هاوتای ئەوی نەدەکردەوە، ئیزڤارین هەمیشە لە مشت و مڕو گەنگەشەکانیا سەردەکەوت. ئەمانە بە زۆری لە سووچێکی سەربازخانەکەدا گەنگەشەیان دەکردو گوێگرەکان هەمیشە تای ئیزڤارینیان دەگرت و بەلای ئەودا دایان دەشکاند. بە بەڵگەی قەناعەتبەخشەوە دەیدواندن و هێندە بە ئاو و تاو باسی خۆیبوون و ئایندەی بۆ دەکردن، دڵی زۆربەی قوزاقە دەوڵەمەندەکانی دەڤەری دۆنی ژێری بۆی دەهاتە جۆش.

گریگۆری لێی دەپرسی:

– بەڵام چۆن بە بێ ڕووسیا دەتوانین بژین، ئاخر ئێمە جگە لە گەنم چیمان هەیە؟

ئیزڤارین، بەوپەڕی شێنەیی بۆی ڕوون دەکردەوە:

– خۆ من ناڵێم، دەڤەری دۆن، لە دنیا دادەبڕین و حەسارێکی لە دەور بکێشین، نا. ئێمە دەگەڵ کوبان، تیریك و خەڵکی چیاکانی قەفقازدا، فیدراسۆنێك پێکدەهێنین و لە سەر بنەمای فیدراڵیەت دەژین. قەفقاز لە ڕووی کان و کانزاوە دەوڵەمەندە، دەتوانین هەموو شتێك لە وێ پەیدا بکەین.

– زوخاڵیش؟

– مەڵبەندی دۆنتس، بەرد هاوێژێك لێمانەوە دوورە.

– بەڵام ئەوە هی ڕووسیایە!

– مەسەلەی ئەوەی هی کێیە و لە خاك و ئاقاری چ کەسێکدایە، ئەمە جێگای موناقەشەیە، بەڵام ئەگەر مەڵبەندی (دۆنتس)ش بدرێ بە ڕووسیا، شتێکی ئەوتۆ لە دەست نادەین و پەکمان ناکەوێت. چونکە فیدراڵیەتەکەی ئێمە فیدراڵیەتێکی پیشەسازی نابێت. ئێمە وڵاتێکی کشتوکاڵین. بەشی ئەو پیشەسازیە چکۆلەیەی کە هەمانە، زوخاڵ لە ڕووسیا دەکڕین. نەك هەر زوخاڵ، بەڵکو دەبێ زۆر شتی دیکەش لە ڕووسیا بکڕین: دارو تەختە، کانزا، زۆر شتی تەکنەلوژی دیکە و لە جیاتی ئەوە گەنمی زۆر باش و نەوتیان پێدەفرۆشین.

– باشە ئەگەر لەوان جیاببینەوە چ قازانجێك دەکەین؟

– ئەمە ئاسانە! پێش هەموو شتێك لە سەروەسێتی سیاسی ئەوان ڕزگار دەبین. ڕژێمی تایبەتی خۆمان کە بە دەستی تزارەکانی ڕووسیا نابووت بوو و تیاچوو، سەرلە نوێ دادەمەزرێنینەوە و هەرچی غەوارەو بێگانە هەن، لە وڵاتی خۆ وەدەریان دەنەین. تراکتۆر و مەکینە لە هەندەران دەکڕین و لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە، لە زەرفی دە ساڵێکدا، ئاستی ئابووریمان دەگەیەنینە ئاستێك کە دە هێندەی جاران دەوڵەمەند ببین. خاك، خاکی ئێمەیە، بە خوێنی ئاباو ئەژدادمان ئاودراوە، بە ئێسك و پروسکی ئەوان پیتێنراوە، بەڵام چوار سەد دانە ساڵە ئێمە بندەستەی ڕووسیاین و داکۆکیمان لە بەرژەوەندیەکانی ئەو کردووەو کەم و زۆر لە بیری خۆماندا نەبووین. ئێمە ڕێگای دەریامان هەیە. سوپایەکی جەنگاوەری بە هێزمان دەبێت، هەنگێ نە ڕووسیا و نە ئۆکرانیا، شتاقیان زات ناکەن دەست درێژیمان بکەنە سەر.

ئیزڤارین، نموونەیەکی گەشی قوزاق بوو: دەستە باڵا، باریکەلە، شان و شەپیلك پان. قژەکەی لوولێکی زەردباو، هەر لە ڕەنگی فەریکە جۆ دەچوو. دەموچاوی ئەسمەر، تەوێڵی سپیواژێکی خوار، هەتاو تەنیا سەرگۆناکانی و دەوروبەری برۆکانی برد بوو. دەنگی بەرزو ڕەسا بوو، عادەتی وابوو لە کاتی قسەکردنا، لەپڕ برۆی چەپی هەڵدەبڕی و لووتە چکۆلە بەرانیەکەی کرژ دەکردەوە، لە تۆ وایە بۆنی شتێك دەکات. گووجوگۆڵ، قەدو باڵای قیت و، متمانە بەخۆیی و، چاوە قاوەییەکانی و تەمەشاکردنە زەقەکەی، لە ئەفسەرەکانی دیکەی کەتیبەکە جیابوون. قوزاقەکان ڕێزی تایبەتیان دەگرت، لە سەرهەنگ، فەرماندەی کەتیبەکە زیاتر ڕێزیان دەگرت. گفتوگۆیەکی دوورو درێژ لە نێوان ئیزڤارین و گریگۆریدا ڕووی دا، گریگۆری هەستی دەکرد، دیسان زەویەکەی ژێر پێی دەلەرزێ، یانی بە هەمان ئەزموونەدا تێپەڕی کە کاتی خۆی لە خەستەخانەی چاوی سنگیریوفدا، لە مۆسکۆ، تووشی گراناژا بوو بوو.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بە ماوەیەکی کەم، گەنگەشە و گفتوگۆیەکی دوورو درێژ لە نێوان گریگۆری و ئیزڤاریندا چێبوو بوو، بە هۆی ئەو ناکۆکیانەوە کە لە دەروونیا هەبوو، بە پارێزەوە، کۆمەڵێك پرسیاری سەبارەت بە بەلشەویکەکان لە ملازمەکە کرد بوو:

– باشە، یفیم ئیڤانیچ، تۆ پێتوایە بەلشەویکەکان لەسەر هەقن یان نا؟

ئیزڤارین. بڕۆی بەرزکردەوە، بە شێوەیەکی کۆمیدی کەپووی گرژ کردەوە، بەپێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:

– ئایا لەسەر هەقن؟ ها!.. ها! گیانە تۆ دەڵێی تازە لەدایك بووی.. بەلشەویکەکان بۆ خۆ بەرنامەی خۆیان، پلان و نەخشەی خۆیان، ئامانجی خۆیان هەیە، ئەوان لە نۆڕینی خۆیانەوە لە سەر هەقن، ئێمەش لە ڕوانگەی خۆمانەوە لەسەر هەقین. تۆ دەزانی ناوی ڕاستەقیەنەی حیزبی بەلشەویك چیە؟ نایزانی؟ چۆن دەبێ؟ ناوی حیزبی کرێکاری سوسیال دیموکراتی ڕووسیایە. تێگەیشتی؟ کرێکار! ڕاستە پشی پشی بۆ جووتیاران و بۆ قوزاقان دەکەن، نەوازشیان دەکەن، بەڵام هێزی سەرەکیان چینی کرێکارە. ڕاستە ئازادی بۆ چینی کرێکار دێنن، بەڵام بۆ جووتیاران، ڕەنگە کۆیلایەتیەکی تازە، خراتر لە کۆیلاتیەکەی جاران بێنن، مەحاڵە هەموو یەکسان بن، شتی وا لە ژیاندا نیە. ئەگەر بەلشەویکەکان سەر بکەون بۆ کرێکاران باشە و بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە، بەڵام بۆ خەڵکانی دی خراپ دەبێ. ئەگەر ڕژێمی پاشایەتی بگەڕێتەوە، بۆ فێودالْ و مۆڵکداران و هاودەستانیان باشەو بۆ خەڵکانی دی خراپە. جا ئێمە نە ئەمەیانمان دەوێ نە ئەوەیان. ئێمە پێویستمان بە حکومەتی تایبەتی خۆمان هەیە، دەمانەوێ پێش هەموو شتێك لە هەر جۆرە سەروەسێتییەك ڕزگار بین، هیچ سەروەسێتکمان بەسەرەوە نەبێ، ئیدی ئەو سەروەسێتە کورنیلوف بێ یان کیرنسکی یان لینین بێ. ئیمە لە وڵاتی خۆمانا، خاك و ئاقاری خۆماندا پێویستمان بە وانە نییە. خوا لە شەڕی دۆستانمان بپارێزێت، دژمنان ئاسانە، بەخۆمان دەرەقەتیان دێین.

– بەڵام دەزانی... زۆربەی قوزاقەکان، لایەنگری بەلشەویکانن؟

–گریشا، برادەری ئازیز، دەزانم، ئەمە شتێکی ئاساییە، دەبێ ئەمە بزانی کە حاڵی حازر، لەم قۆناغەدا، بە هەمان ڕێگای بەلشەویکاندا دەڕۆن، دەزانی بۆچی؟

ئیزڤارین، کەپووی کرژ کردەوەو بەدەم پێکەنینەوە لە سەری ڕۆیی:

– چونکە بەلشەویکەکان لایەنگری ئاشتین، ئاشتی یەکسەری و قوزاقەکان، حاڵی حازر لە شەڕ بێزار بوون.

ئیزڤارین، شەپێکی قایمی بەلاملە ئەستوور و ئەسمەرەکەی خۆیدا کێشاو برۆ کەوانیەکەی خۆی هێنایە خوارێ و گوتی:

– لەبەر ئەمەیە کە ئەمڕۆ قوزاقەکان تەرفداری بەلشەویکان دەکەن و هاوڕێیەتیان دەکەن... بەڵام هەرکە شەڕ تەواو ببێ و بەلشەویکەکان دەست بە سەر موڵکەکانی قوزاقدا بگرن،هەنگێ ڕێگایان لێکدی جیادەبێتەوە. ئەمە شتێکە چەندو چوون هەڵناگرێت، حوکمی مێژووە. یانی دۆڵێکی

گەورە لە نێوان ژیانی ئێستای قوزاقان و سوسیالزمدا هەیە کە ئامانجی شۆڕشی بەلشەویکیە، ئەو دۆڵ و بۆشاییە بە ئاسانی نایەتە بڕین، بە ئاسانی پڕ نابێتەوە. تۆ ڕات چیە؟

گریگوری لە بن لێوانەوە گوتی:

– حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە هیچ سەر لەم شتانە دەرناکەم. هەڕی لە بڕی جیاناکەمەوە. دەڵێی لە بیابانێکی بێپایاندا، لە نێو بەفروبۆراندا گیرم خواردووە.

– لەم حاڵەتەداو ئەگەر وا بمێنیتەوە، ناتوانی بەرەی خۆت لە ژێر پێیاندا دەربێنی. ژیان ناچاریان دەکات کە پەی بەم پرس و مەسەلانە ببەیت، کە دەڵێم "ناچارت دەکات" مەبەستم ئەوەیە کە بە خورتی بەملادا یان بەولادا ڕاتدەکێشێت.

ئەم گفتوگۆ و گەنگەشانە لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئوکتوبەردا ڕوویان دا. گریگۆری لە مانگی نۆڤەمبەردا و بە ڕێکەوت تووشی قوزاقێکی دیکە بوو، کە دەبوا ڕۆڵێکی گەورە لە مێژووی شۆڕش لە دەڤەری دۆندا بگێڕێت. ئەو پیاوە ناوی ڤیودور پودتیولکوڤ ناو بوو، ئیدی گریگۆری دوای ماوەیەکی کورتی گومان و دوودڵی ، گەڕایەوە سەر بیرو بۆچوونەکانی جارانی خۆی.

ئەو ڕۆژە، لە نیوەڕۆوە، نەرمە بارانێك دایکرد. دەمەو ئێوارە بارانەکە خۆشی کردەوە .گریگۆری لێبڕا کە سەردانی دروزدوف بکات. ئەو پیاوە خەڵکی ناوچەی خۆیان بوو، نایب زابت بوو لە کەتیبەی بیست و هەشت. دوای نیو سەعاتێك گەییە بەر دەرگای ژوورەکەی دروزدوف، پێڵاوەکانی پاك کردنەوەو لە تەقەی دەرگای دا. دروزدوف، لە ژوورەکەی خۆیدا، کە پڕ بوو لە گوڵدان و مێزو کورسی کۆن و شەق و شڕ، بە تەنیا نەبوو. قوزاقێکی کەتەی باڵا بەرز، کە نیشانەی ڕەیس عورەفای تۆپخانەی گاردی بەسەر شانەوە بوو، لەسەر تەختێکی سەفەری پشت لە پەنجەرەکە، دانیشتبوو، لاقەکانی بە پانتۆڵە ماهووتە ڕەشەکەیەوە، بڵاو دانا بوون. دەستە زەلامەکانی کە یەکپارچە مووی سوور بوون، نابوونە سەر ئەژنۆ خڕ و ئەستوورەکانی. قەمسەڵە عەسکەریەکەی ئەوەندە تەسك بوو، تیایا جەڕی بوو، ژێر باڵەکانی لۆچ بوو بوون و خەریك بوو لە ئاستی سنگیەوە دەتەقی. هەرکە دەنگی دەرگاکە هات، ملە کوڵ و قەڵەوەکەی وەرچەرخاند و بە ساردی ڕوانیە گریگوری، ئەوسا تیشکی چاوە ساردەکانی لە ژێر پێڵوە هەڵماساوەکانیەوە پەنهان کرد.

– با پێکتان بناسێنم. گریشا، ئەم گەنجە تەقریبەن هاوسێی خۆمانە: پودتیولکوف، خەڵکی ئوست – خوپرسکایایە.

گریگۆری و پودتیولکوف، بە بێدەنگی تەوقەیان دەگەڵ یەکدیدا کرد. گریگۆری دانیشت. ڕوویکردە خانەخوێیەکەی و بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– ببوورە، ناو ژوورەکەتم قوڕاوی کرد!

– گوێی مەدەیە، خاوەن ماڵەکە پاکی دەکاتەوە... چای دەخۆیتەوە؟

دروزدوف، پیاوێکی کورتە باڵای چاپوك و چەلەنگ بوو. قامکی کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد هەڵگەڕا بوو نا بەسەماوەرەکەوە و بە کەسەرەوە گوتی:

– دەبێ بەساردی بیخۆیت.

– ناخۆم، زەحمەت مەکێشە.

گریگۆری، قوتووە جگەرەکەی بۆ پودتیولکوف ڕاگرت کە جگەرەیەك دەربێنێ. پودتیلکوف ماوەیەکی زۆر خەریك بوو بە قامکە ئەستوورەکانی جگەرەیەك لەو ڕیزە جگەرە سپیەی کە لە ناو قووتوەکەدا لەپاڵ یەکدی ڕیز کرابوون، دەربێنێ، لەشەرما سوور بووەوە و گوتی:

– چیە، بەدەستەوە نایەت!

ئەنجام جگەرەیەکی دەرهێنا، چاوی هەڵهێناو بەدەم بزەیەکەوە ڕوانیە سەرو سیمای گریگۆری. گریگۆری ڕەفتارە خۆمانیەکەی بە دڵ بوو، لێی پرسی:

– خەڵکی کام گوندیت؟

پودتیلکوف، بە ڕووخۆشی وەڵامی دایەوە:

– لەدایکبووی کروتوفسکیم لەوێ گەورە بووم، بەڵام لەم دواییانەدا لە ئوست کالینوفسکی دەژیام. کروتوفسکی پێدەزانی، دەبێ ناوت بیستبێ؟ تەقریبەن هاوسنووری ئالانسکایایە. پلیچاکوفسکی پێدەزانی؟ دوای ئەوێ دەگەیتە ماتڤیڤ، ئیدی تیوکوڤونوڤسکی دێت کە بەشێکە لە ستانی ئێمە، دوای ئەوەی گوندەکانی ئێمە دێن، کروتوفسکی ژووری و ژێری، من لەوێ لەدایك بووم.

بەدرێژایی ماوەی گفتوگۆیەکەیان، هەندێجار بەگریگوری دەگوت "تۆ"و هەندێجار دەیگوت "ئێوە"، زۆر ئازادانەو خۆیی قسەی دەکرد، تەنانەت جارێك گەیاندیە ئەوەی کە دەستە قورسەکەی نایە سەر شانی گریگۆری. شوێنەواری ئاوڵەیەکی سووك بەدەموچاوە پان و تاشراوەکەی پودتیلکوفەوە دیار بوو. زۆر بەدیقەت سمێڵەکانی بادابوو. قژە تەڕو شانە کراوەکەی، لەسەر گوێچکە چکۆلەکانی کەڵەکە بوو بوو. چەپکێك لە قژەکەی بەسەر برۆی چەپیا ڕژا بوو. جگە لە لووتە زلە هەڵگەڕاوەکەی ، ئیدی سەروسیمای بە شێوەیەکی گشتی دەچووە دڵەوە. یەکەمجار هیچ شتێکی نائاسایی لە چاوانیا بەدی نەدەکرا، بەڵام گریگۆری کاتێ بە وردی لێیان ڕاما، هەستی بە قورسییان کرد، وەکو قورقوشم قورس بوون. چکۆلەو خڕ وەکو ساچمە، دەتگوت لە درزی حەسارێکەوە دەدرەوشێنەوە و بەرانبەرەکەیان ناچار دەکەن کە چاو دابخات کە نیگای شتێکیان دەکرد، تا ماوەیەکی زۆر نەدەتروکان.

گریگۆری، بەکونجکاویەوە لەم زەلامە ورد دەبووەوە. هەستی کرد، خەسڵەتێکی تایبەتی لەم پیاوەدا هەیە، تەقریبەن چاوی نەدەتروکاند. کە قسەی بۆ دەکرا نیگای خەمناکی دەبڕییە دەم و دووی بەرانبەرەکەی، کاتێ کە خۆیشی قسەی دەکرد، چاوانی لە سەر شتێکەوە بۆ سەر شتێکی دیکە دەگواستەوە، بەڵام بژۆڵە چڕە کاڵەکانی نەدەجوڵان، پێڵوە ئەستوورەکانی ناو بە ناو نەبێ، ئیدی نەدەجوڵان. بەڵام لەپڕێکا هەڵیدێنان و بە چاوە ساچمەییەکانی بەرانبەرەکەی دادەبێژت.

گریگۆری ڕووی کردە پودتیلکوف و سەری قسانی کردەوە:

– کوڕینە مژدەتان لێبێ، بەم زوانە شەڕ تەواو دەبێت و ژیانێکی تازە دەست پێدەکەین. لە ئۆکرانیادا ڕادا (پەرلەمان) و حکومەتی تایبەتی دادەمەزرێ و لای خۆشمان لە دەڤەرێ دۆندا ئەنجوومەنی قوزاقان دادەمەزرێ.

پودتیلکوف، به هێمنی قسەکەی بۆ ڕاست کردەوە:

– مەبەستت حکومەتی ئاتامان کالیدینە.

– بەڵێ فەرقیان چیە؟

پودتیلکوف گوتی:

– وایە، هەر یەکن، فەرقیان نیە.

گریگۆری، کەوتە دووبارە کردنەوەی قسەکانی ئیزڤارین، دەیویست بزانێت دروزدوف و ئەم یارۆی تۆپخانەی گاردە چ کاردانەوەو پەرچە کردارێکیان دەبێت، لەسەری ڕۆیی:

– بە ڕووسیای دایە گیانمان دەڵێین: بە دوعا. بۆ خۆمان حکومەتی تایبەتی و یاساو ڕێسای خۆمان دادەمەزرێنین. با ئۆکرانیەکان لە خاکی قوزاقان وەدەربکەون. پاسەوانی سنوور دادەنەین و ڕێگەی بێگانان نادەین پێ بنەنە وڵاتمان. هەنگێ وەکو جاران، وەکو پێشینانی خۆمان دەژین. من باوەڕم وایە ئەم شوڕشە بە قازانجی ئێمەیە. دروزدوف تۆ چ دەڵێی؟ دروزدوف، بزەیەکی فێڵاوی بۆ کردو خۆی بۆ جوڵاند و گوتی:

– هەڵبەتە، بۆ ئیمە زۆر باشە. جووتیاران تەواو شوڵیان لێهەڵکێشا بوو تەنگیان پێهەڵچنی بووین. نابێ ڕێگایان بدەین لە خاکی ئێمەدا کوێخاییمان بەسەردا بکەن. ئەمە جگە لەوەی هەموو ئەتامانەکان ئەڵمانی بوون، بۆ نموونە ڤۆن تاوبی و ڤون گرابی و ڤۆن نازانم چی و چی! هەرچی زەوی و زارمان هەبوو درا بوو بەو ئەفسەرانەی سەرکردایەتی، ئاخر ئەمە بۆ؟ ئێستا بۆ خۆ دەتوانین هەناسەیەك بدەین.

بودتیلکوف، بە کاوە خۆ، بێئەوەی ڕووی پرسیارەکەی لەکەس بێت، گوتی:

– باشە، ڕووسیا، ئەمە قەبووڵ دەکات؟

گریگۆری، بەمتمانەوە بەرسڤی دایەوە:

– هیج خەمت نەبێ، قەبووڵی دەکات و ئەولاتریش. پێموایە ناچار دەکرێت قەبووڵی بکات.

– کەواتە هەمان کاسەو هەمان ئاشی جاران دەمێنێ. ڕەنگە ئاشەکە کەمێك تراوتر بێ (شل تر).

– یانی چۆن؟

– یانی باش، هەر وا دەبێ کە گوتم.

پودتیلکوف بەپەلە چاوە ساچمەییەکانی گێڕدا، پاشان نیگا قورسەکانی برییە گریگۆری و لە سەری ڕۆیی

– ئەتامانەکان (بەرپرس) وەکو جاران بە ڕیشی خەڵکی زەحمەتکێش پێدەکەنن. بەردەوام دەبن لەسەر چەوساندنەوەیان، تۆش دەستە و نەزەر لە بەردەم گەورە پیاواندا ڕادەوەستی تا بکێشێت بەدەم و لووتتدا. جا ئەمە کەی بوو بە ژیان، چ خۆشیەکی تێدایە... هەقە پیاو دەستاڕێك بە ملی خۆیەوە ببەستێ و خۆی هەڵداتە ڕووبارێکەوە.

گریگۆری هەستایە سەر پێیان ،بە ژوورە چکۆلەکەدا کەوتە هاتوچۆ ،چەند جارێك خۆی بە ئەژنۆ بڵاوەکانی پودتیلکوفدا کێشا، پاشان لەبەردەمیا وەستا و پرسی:

– ئەدی تەگبیر، چ بکەین؟

– ئیدی دەبیٚ تا کۆتایی لەگەڵیا بڕۆین.

– تا کام کۆتایی؟

– کە دەستت بە جووتکردن کرد، دەبیٚ ئەرزەکە هەمووی بکێڵی. جا ئێستا کە دەستمان پێکردووە، نابیٚ بوەستین. ئێستا کە تزارو ئەنتی شۆڕشان کەوتوون، دەبیٚ دەسەڵات بدرێتە دەست میللەت. بەڵام باسی ڕۆژگاری جاران و ئەو شتانە ئەفسانەیە. جاران، لە زەمانی کۆنا، تزاران دەیان چەوسانینەوە. ئێستا کە تزاران نەماون خەڵکانی دیکە دەمان چەوسێننەوە...

– باشە، پودتیلکوف، تەگبیرمان چیە، بە ڕای تۆ چۆن لەم ئاستەنگە دەرباز ببین؟

جارێکی دی چاوە ساچمەییەکانی بە ژوورە تەنگەکەدا گێڕان، دەتگوت بۆ مەفەڕێك دەگەڕێن کە لەم ژوورە تەسکە وەدەربکەون

– حکومەتێکی میللی جەماوەی هەڵبـژێردراو. ئەگەر خۆمان بە جەنەڕاڵان بسپێرین. دیسان شەڕمان بۆ دەنەنەوە، بێئەوەی پێویستمان بەشەڕ بێت، بۆمانی دەنەنەوە.. خۆزیا دەمانتوانی لە سەرانسەری دنیادا حکومەتێکی میللی دابمەزرێنین و چیتر خەڵکی نەدەچەوسێنرانەوەو نەدەکران بە سووتەمەنی شەڕ. بەڵام ئێمە لەکویٚ و ئەمە لەکویٚ؟ تۆ ئەگەر پانتۆڵە کونەکەت، بە بەرو پشتیش لەبەر بکەیت، کونەکانی هەمان کونەو ناشاردرێتەوە. پودتیلکوف، دەستەکانی بە توندی کێشان بە سەری ئەژنۆکانی خۆیاو بزەیەکی زیرەکانەی بۆ کردو ددانە وردو سفت و سپییەکانی دەرکەوتن و لە سەری ڕۆیی.

– دەبیٚ هەموو پەیوەندیەکان دەگەڵ ڕابردووا، دەگەڵ جارانا ببڕین، دەنا کورتان و پاڵانێکمان لێدەکەن، هەزار خۆزگە بە سەردەمی تزار بخوازین.

– باشە کیٚ حوکممان دەکات؟

بودتیلکوف بە هەڵچوونەوە گوتی:

– خۆمان! خۆمان دەسەڵات دەگرینە دەست، خۆمان حکومەتی خۆمان دەبین! هەر ئەوەندەمان زەحمەتە کەمێك تەنگ و پاڵوەکەمان شل بکەنەوە. هەنگیٚ دەبینی چۆن دەتوانین کالیدین و نموونەکانی دیکەی وەکو کالیدین، لە سەر پشتی خۆ بخەینە خوارەوەو لە شەڕیان ڕزگار ببین.

گریگۆری لەبەر پەنجەرە هەڵم گرتووەکەدا وەستا بوو. ماوەیەکی زۆر تەمەشای جادەکە، ئەو زارۆکانەی گەمەیان دەکرد. سەربانە تەڕەکانی خانووەکانی ڕوو بە ڕووی پەنجەرەکەو لق و پۆپی ڕووتی دارچنارەکەی ناو باخەکەی ئەودیوی دیوارەکەی کرد. ئاگای لە گفتوگۆو گەنگەشەکەی نێوان بودتیلکوف و دروزدوف نەمابوو. زۆر بەجدی هەوڵیدەدا خۆی لە ناو گێژاوی هزرو بیرە تێکەڵ و پێکەڵەکانی خۆیدا بدۆزێتەوەو باوەڕێك هەڵبژێریٚ و بڕیارێك بدات.

نزیکەی دە دەقیقەیەك بەو جۆرە بە بێدەنگی ڕاوەستاو بە قامکان حەرفی یەکەمی هەندیٚ ناوی لە سەر شووشەی پەنجەرەکە نەخشاند. لە دەریٚ ڕا، زەردەپەڕی خۆرئاوای، ڕۆژی کورتی زستان، لە سەربانی نزمی ماڵەکەی بەرانبەریەوە، کز کز بەرەو کەل دادەکشاو بەرە بەرە ئاوا دەبوو. گۆی هەتاوەکە. لەوە دەچوو ڕێك لەسەر ترۆپکی سەربانە جەمەلۆنیە ژەنگنەکەی ماڵەکەی بەرانبەرا وەستابێت و ها ئێستا ها نەختێکی دی بەم دیوا یان بەو دیوا خل ببێتەوە.

کۆمەڵێك گەڵای زەردو زبر کە بەدەم ڕێژنەی بارانەوە کەوتبوونە سەر عاردی، بە خشە خش لە باخەکەی شارەوانیەوە هاتن و بەدەم بایەکەوە کە لە قوڵی ئۆکراین و لە سەمتی بوگانسکەوە دەهات کەوتنە سەما، بایەکە سات بە سات توندتر بوو وبە گڤ و هۆڕ هەموو ناوچەکەی تێکنا.

"٣"

شاری نوڤوچرکاسك، بوو بوو بە قیبلەی ئومێدی هەموو ئەو کەسانەی کە لە شۆڕشی بەلشەویکی هەڵدەهاتن. گەورە جەنەڕاڵان، ئەوانەی جاران چارەنووسی سوپا هەڵوەشاوە -کانی ڕووسیان بەدەست بوو، بە لێشاو ڕوویان دەکردە ناوچەی دۆنی ژێری و بە هیواو ئومێدی ئەوە بوون کە پشتیوانی کۆنەپەرستانی قوزاقێن دۆن بەدەست بێنن و دۆن بکەن بە مەڵبەندی هێرشی خۆیان بۆ سەر ڕووسیای سۆڤیاتی.

جەنەڕاڵ ئالیکسییف دەگەڵ نەقیب چاپروندا، ڕۆژی دووەمی مانگی نۆڤەمبەر گەییە شاری نوڤوچرکاسك و پاش ئەوەی هەندێ گفتوگۆی دەگەڵ کالیدیندا کرد قوڵی هیمەتی لێهەڵماڵی بۆ ئەوەی مەفرەزێن خۆبەخش ڕێك بخات و دابمەزرێنێ. ئەفسەران و خوێندکارانی کۆلیچی ئەفسەری و قوتابیان و سەربازانی کۆماندۆیی و سەربازانی دەرکراو، کە لە باکوورەوە دەهاتن، دەگەڵ چالاکترین قۆزاقێن دژە شۆڕش. یان خەڵکانی ڕیسکبازو سەرکێش و نۆکەرو کرێگرتە و عەوداڵانی پارەی زۆر، ئەگەر بە ڕوبڵی کیرنسکی -ش بووە، بڕ بڕەی پشتی ئەم سوپا خۆبەخشەیان پێکدێنا.

لە ئاخرو ئۆخری هەیڤی تشرینی دووەمدا، لەو کاتەدا کە ژمارەی نەفەرانی مەفرەزەکانی ئالیکسییف گەییبووە پتر لە هەزار سەرباز، جەنەڕاڵان دنیکین و لوکومسکی و مارکوف و ئیردیلی-ش هاتن.

ڕۆژی ١٢/٧، سەرو کەللەی کورنیلوف لە نوڤوچرکاسك پەیدا بوو. پاسەوانە تورکمانەکانی لەڕێگا بەجێهێشت بوو و سەرو سیماو ڕواڵەتی خۆی گۆڕی بوو و بەو شێوەیە خۆی گەیاند بووە، سنوورو ئاقاری دۆن، کالیدین، ئەو کاتە توانی بووی هەر هەموو یەکەو کەتیبەو قوەتە قوزاقیەکان لە مەیدان و شەڕگەکانی ڕۆمانیاو ئەڵمانیاو نەمسا سەحب بکاتەوەو لە ناوچەی دۆن دا کۆیان بکاتەوە. بە درێژای هێڵی ئاسنی نوڤوچرکاسك -چرتوکوڤ -ڕۆستوف و تیخورتسکایادا دابەشی کردبوون. بەڵام قوزاقەکان، کە شەڕی سێ ساڵی ڕابردوو تەواو بێزار و وەڕەزی کردبوون، بە گیانێکی شۆڕشگێڕییەوە لە مەیدانی شەڕ گەڕابوونەوە، ئارەزووی شەڕی بەلشەویکانیان نەدەکرد. لە هەر کەتیبەیەکدا تەقریبەن سێ یەکی سەربازەکان مابوونەوە. ئەوانەی کە کەمتر زەرەریان دیتبوو: کەتیبەکانی ٢٧، ٤٤، ٢ی یەدەگ لە ناوچەی کامنسکایا جێگیر بوو بوون. هەروەها کەتیبەکانی ئاتامانسکی گاردو کەتیبەی قوزاقی گاردیش پاشان بۆ ئەوێندەر نێردران. کەتیبەکانی: ٥٨،٥٢،٤٣،٢٨،١٢،٢٩،٣٥،١٠،٣٩،٢٣،٨،١٤هەروەها تۆپخانەێن ٦ ،٣٢ ٢٨، ١٢ و ١٣ش کە هەر هەموویان لە مەیدان و شەڕگە گەڕابوونەوە، لە چرتکوڤ و میلیرۆڤو ولیخایاو گلوبوکایاو زڤەروڤ و هەروەها ناوچەی کانان دابەشبوو بوون.

کەتیبەکانی قوزاقێن بەشی خوپەر و ئوست مید ڤیدیتسکایا. ماوەیەك لە وێستگەکانی فیلنوڤ و ئوریوپینسکایاو سبریاکوڤ مانەوەو پاشان بڵاوەیان لێکرد.

ئاگری کوانگەی ماڵەکانیان، بەپێداگیریەوە بانگی دەکردنەوەو هێز نەبوو ڕێگەی گەڕانەوەی قوزاقان بۆ گوندەکانیان بگرێت. لە تێکڕای کەتیبەکانی دۆندا تەنیا کەتیبەێن ١،٤،١٤ لە پترۆگراد مابوونەوەو ئەوانیش زۆر لەوێ نەمانەوە. هەندێ یەکە هەبوون جێگەی باوەڕو متمانە نەبوون، کالیدین هەوڵیدەدا هەڵیان بوەشێنێتەوە یان دەیخستنە بەینی دوو یەکەی بە هێزو باوەڕپێکراوی خۆیەوە تا بەو شێوەیە گەمارۆیان بدات.

لە ئاخرو ئۆخری مانگی تشرینی دووەمدا. کاتێ کالیدین بۆ یەکەمجار ویستی ژمارەیەك لە مەفرزەکانی مەیدان بۆ سەرکوتکردنی شاری شۆڕشگێڕی روستوف ڤرێبکات، قوزاقەکان دوای ئەوەی گەیینە ئاکسائیسکایا، ئیدی هێوەتر نەڕۆیشتن و بە هەمان ڕێگادا گەڕانەوە.

کاری سازدانەوەی فراوانی فیرقە پەراگەندەکان سەری گرت: ڕۆژی بیست و حەوتی تشرینی دووەم، کالیدین هێزێکی گەورەی لە خۆبەخشانی دڵسۆز پێکەوە نابوو وتوانی چەندین مەفرەزەش لە هێزەکانی ئالیکسییف کە لەو سەروبەندەدا چەندین فەوجی خڕ کردبووەوە، وەربگرێت و دەست بە چالاکی و ئۆپەراسۆن بکات.

ڕۆژی دووی کانوونی یەکەم، ڕۆستوف، لەلایەن هێزێن سوپای سپییەوە پەلامار دراو گیرا، پاش ئەوەی کورنیلوف گەییە ئەوێندەر، ئیدی شار بوو بە مەڵبەندی ڕێکخستن و سازدانی سوپای خۆبەخشان. کالیدین خەریکی کاری خۆی بوو، یەکە قوزاقیەکانی بەدرێژایی سنوورەکانی ناوچەی دۆندا دابەش کردو تەنانەت بۆ تزاریتسین و دەوروبەری دەڤەری ساراتوفیشی ڤرێکردن. بەڵام بۆ کارێن خێراو پێویست تەنیا مەفرەزەی ئەفسەرانی پارتیزانی بەکاردێنا، چونکە هێزی حکومەتی سەربازی کە ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبوو، بۆ ئەو کارە هەنووکەییانە، نەیدەتوانی جگە لەو یەکانە پشت بە هیچ هێزێکی دیکە ببەستێت. بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی بزوتنەوەی کرێکارانی کانەکانی دونتیسك. ئەو سەربازانەیان نارد کە تازە بە عەسکەری گیرابوون. نەقیب چرنتسوف لە ناوچەی ماکاییفدا، کە چەند یەکەیەکی کەتیبەی پەنجاو هەشتی هێزی سوپایی قوزاقیشی لێبوو. دەست بەکار بوو و ناوبانگی دەرکرد. لە نوڤوچرکاسك -ش بە سەرپەرشتی و سەرکردایەتی سیمیلیتوف و گرکوف، جۆرەها یەکەی دیکە بەپەلە پێکدەهێنرا. لەناوچەی خوپەردا، کۆمەڵێك ئەفسەر و پارتیزان "سوپای شنکارازین" یان دروست کرد (ستیپان (ستینکا)رازین ١٦٣٠ – ١٦٧١) ئەمە ئەتامانێکی قوزاقی و سەرکردەی شەڕی جووتیاران (١٦٧٠ – ١٦٧١)بوو) بەڵام سێ ستون لە هێزی گاردی سوور، لە سێ قۆڵەوە بەرەو ئەو دەڤەرە دەڕۆیی. لە خارکوف و ڤورڤینجدا هێز کۆدەکرایەوە، بۆ ئەوەی لە ناوچەی دۆندا، شەڕی دژمنانی شۆڕشیان پێبکرێت. هەوری توندو تاریك بەری ئاسمانی دۆنی گرت. بایەکە لە قۆڵی ئۆکرانیاوە، ڕمبەی تۆپێن یەکەم شەڕەکانی دەگەڵ خۆیدا دێنا.

گەواڵە هەورێن سپی ئامال زەرد، سکی دادا بوو و بە کاوە خۆ بە ئاسمانی نوڤۆچرکاسکدا، دەخزی. پەڵە هەورێکی بۆری چڵکن بەسەر گومەزی ڕەخشانی کڵێساکەوە، وەکو کوڵکەی شیکراوە، بە ئاسمانەوە وەستا بوو. کلکەی پەڵە هەورەکە دادەچۆڕاو بەدەم شەپۆلدانەو دادەگەڕاو دەهاتە خوارێ و لە ئاستی ناوچەی کریڤیانسکایادا، ڕەنگێکی زیوینی گوڵینی لە خۆ دەگرت.

هەتاو تازە هەڵهاتبوو، پرشنگدار نەبوو، بەڵام پەنجەرەکانی کۆشکەکەی ئەتامان، لەبەر تیشکە کزەکەیا دەدرەوشانەوە. شێروانی و سەربانی جەمەلۆنی ماڵەکان دەدرەوشانەوە، پەیکەرە برونزیەکەی یرماك. (یرماك تیموفیویچ، لە ساڵی ١٥٨٥ دا کۆچی دوایی کردووە. یەکێك بوو لەو ئەتامانانەی کە بە هێزی قوزاقان سیبریای گرت و خستیە سەر ڕووسیا. کەسێکی خۆشەویست و بە ناوبانگ بوو، هێشتا لە ژیانا بوو کە بوو بە قارەمانی زۆر شیعر و گۆرانی میللی.) کە تاجی سیبریای بەرزکردبووەوە، هێشتا تەڕی بارانی دوێشەو بوو.

فەسیلێکی قۆزاقی پیادە، بە قەد پاڵی گردی کرشچنسکیدا هەڵدەگەڕا، تیشکی هەتاو بەسەر قەمەی (نێزە) تفەنگەکانیانەوە سەمای دەکرد. قوزاقەکان، زۆر بە ڕێك و پێکی ڕێیان دەکرد، بە ئاستەم دەنگی پێیان دەهات، مەگەر دەنگی پێی ڕێبوارێك، یان تەقوهۆڕی چەرخی گالیسکەیەك، ناو بە ناو، خامۆشی و کپی بلورینی ئەو سپێدەیەی بشڵەقاندبایە.

ئیلیا بونچوك، ئەو بەیانیەو لەو کەش و هەوایەدا، بە قیتاری مۆسکۆ گەییە نوڤۆچرکاسك. ئیلیا بونچوك کە بە جلی مەدەنیەوە نارەحەت بوو، چمکی بارانیە کۆنە پایزەییەکی هەڵکرد ودوا کەس لە فارگۆنەکە دابەزی.

جەندرمەیەك و دوو کچۆڵە، کە هیچ دیار نەبوو بەچی پێدەکەنن، بەسەر شۆستەی سکەکەدا پیاسەیان دەکرد. بونچوك، چوو بۆ ناو شار، جانتایەکی هەرزان بەهاو زۆر کۆنی بەدەستەوە بوو. تا ئەوپەڕی جادەکە ڕۆیی و تەقریبەن تووشی هیچ کەسێك نەبوو. دوای نیو سەعات، لەبەردەم خانوویەکی چکۆلەی نیمچە وێراندا وەستا. دیمەنی ئەم خانووە کە زۆر لە مێژ بوو، نۆژەنکردنەوەی بەخۆوە نەبینی بوو، دڵی بینەری دەگوشی. چەپۆکی ڕۆژگار کاری تێکرد بوو، سەربانەکەی داڕوخا بوو، دیوارەکانی سکیان دابوو، گوێسەبانەکانی دالەقی بوون، پەنجەرەکانی خەریك بوو کوێر دەبوونەوە. بونچوك دەرگای کردەوە. نیگایەکی لەزی خەمین و خەمناکی خانووەکە و حەوشە چکۆلانەکەی کرد، ئەوسا بە هەشتاو بەپلەکاندا سەرکەوت.

لە ڕاڕەو و داڵانەکەدا تووشی یەخدانێکی پڕ لە شتومەك و وردەو پردەی جۆراو جۆر بوو کە نیوەی ڕاڕەوەکەی داگیرکردبوو. ئەژنۆی بونچوك، لە تاریکیەکەدا بەر سووچی یەخدانەکە کەوت، بەڵام هیچ ئازارو ئاسیوێکی نەگەیشتێ و دەرگاکەی کردەوە. هیچ کەسێك لە ژووری یەکەما، کە ژوورێکی نزم بوو، نەبوو بەرەو ژووری دووەم ڕۆیی، چونکە کەسی لە ژوورەوە نەبینی لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا. بۆنێکی توندی ئاشنا. کە تایبەت بوو بەم خانووە، سەری وەگێژەوە هێنا. چاوی بە سەرانسەری شتەکانی ناو ژوورەکەدا گێڕا: سەندوقی قورسی ئیکۆنە

چوارچـێوە زێڕینـەکان کـە لـە پێشـەوەی ژوورەکـەدا بـوو، تەختـە خەوەکـە، ئـەو مێـزەی کـە ئاوێنەیەکی چکۆلەی کۆنی تۆزاوی بەسەرەوە بوو، چەند وێنەیەك، چەند کورسیەکی شـەق و شڕی پوڵاندی، مەکینـەی خـەیاتی و سـەماوەرێك کە لەسـەر موغەیریەکە دانرابوو. سـەماوەرەکە هێنده کۆن بوو کـەس نەیدەزانی چ ڕەنگە. بونچوك کـە لـەپڕ دڵی کەوتە پەلـە پـەل و لـە یـەکێك دەچوو خەریك بێ بخنکێ، بە توندی هەناسەی هەڵدەکێشا، جانتاکەی دانا، گەڕایەوە و چاوی بە سەرانسەری موبەقەکەدا گێڕا: سۆپا ورگن و سەوزەکە بە هەمان میوانپەروەری جارانەوە مابوو. پیرە پشیلەیەکی ڕەش بەڵەك، لەپشت پەردەیەکی چیتی شینەوە، بە کونجکاویـەکی زیرەکانـەی بەشەریانەوە، تەمەشای دەکرد و چاوەکانی کسکە کسك دەبریسکانەوە. لەوە دەچوو ئەو ماڵـە بە دەگمـەن میوانی بەخۆوە دیـتبێ. قـاپ و ئامانەکان بـە پیسـی لـە سـەر مێزەکە کـەوتبوون، کڵافـە دەزویەك لەسەر چارپایەیەك کەوتبوو، چەند قولاپێکی چنین، لە چوار سووچی گۆرەویـەکی نیوە چڵەوە سەریان هێنابووە دەرێ و چریسکە چریسك دەبریسکانەوە.

بەدرێژایی هەشت دانە ساڵ هیچ شتێك نەگۆڕا بوو. دەتگوت بونچوك دوێـنێ لێرە ڕۆیـی بـوو. لەوسەری حەوشەکەوە، پیرەژنێکی کۆماوەی ژێـر باری کارەساتی ڕۆژگار، لە عەمارەکەوە وەدەر دەکـەوت. "دایکمـە! تـۆ بڵێـی خـۆی بێ؟ یـانی ئەمـە دایکمە، خۆیـەتی؟ نـا، مەحاڵـە" بونچوك بـە لێوانی لەرزانـەوە، بـە هەشـتاو بەرەو پیری چـوو. کڵاوەکـەی لـە سـەری داکەند. پیرەژن، بێئـەوەی لەجێی خۆی ببزوێ، دەستی کرد بە ساباتی ئەبرۆ کاڵەکانی و بە شپرزەیی پرسی.

– کێت گەرەکە؟

بونچوك، بە دەنگێکی لەرزۆکی پچڕ پچڕ هاواری کرد:

– دایکە نامناسیتەوە؟

بـەدەم نوچدانەوە، بـە هەشـتاو بـەرەو پـیری دایکـی چـوو، سـەیری کـرد بـە هـۆی هاوارەکـەی ئەمەوە. وەکو ئەوەی جەزرەبەیـەکی تونـدی لێدرابێ، لارەلاری پێکەوتووە. پیرەژن دەیویست غار بدات، بەڵام توانای نـەبوو و لاقی لە دووی نـەدەهات و بە لەقە لـەق وەکو یـەکێك ڕووەو بایـەکی توند بێت، بەو ئاوایە هێدی هێدی دەهاتە پێشێ. کاتێ کە خـەریك بوو بەربێتـەوە، بونچوك فریـا کـەوت، لـە هـەمێزی گـرت، لـە کاتێکـا کـە بـە بێتاقـەتی چـاوانی دەتروکانـد، کەوتـە ڕاموسـانی دەموچـاوە چرچـەکەی و چـاوە لێڵـەکانی کـە تـەژی هـەم تـرس و هـەم شـادی بـوون. پـیرەژن کـە دەیویست پشت ڕاست بکاتەوەو لەسەر لاقە لاوازەکانی خۆی بوەستێت لە بن لێوانەوە دەیگوت:

– ئیلیا! ئیلیوشنکا!.. کورەکەم! ئەیەڕۆ خۆ نەمناسیتەوە... خودایا لە کوێوە پەیدا بوویت؟

بەدوو قۆڵی چوونە ژوورەوە.

دوای تۆزێك، بۆنچۆك لە ناو پاڵتۆ بارانیەکەیدا کە بە بەری تەسك بوو و ژێر باڵـەکانی دەگـرت، هەستی بە ناڕەحـەتی کرد، جا بۆ ئەوەی کەمێك بهێورێ، پـاڵتۆ بارانیەکەی داکەند و لـە هەنبـەر مێزەکەدا دانیشت.

– باوەڕم نەدەکرد جارێکی دی بتبینمەوە!.. ساڵانێکە نەمدیویت گیانەکەم! لـەکوێ بتناسمەوە؟ زۆر گەورە بوویت، پیریش بوویت!

بونچوك، بەدەم زەردەخەنەوە پرسی:

– ئیٚ، ئەدی تۆ چۆنی دایکە؟

وەڵامەکانی دایکی پچڕ پچڕ بوو. بەردەوام دەهات و دەچوو، مێزەکەی دەڕازاندەوە، خەڵوزی لە سەماوەرەکە دەکرد، هەر سا ناساتیٚ دەهات بۆ لای کوڕەکەی، تا دەست بە سەریا بێنیٚ و لە هەمێزی بگرێت، بەدەستە خەڵوزاویەکەی دەموچاوە بە فرمێسکەکەی خۆی دەسڕی و لە خاکەی ڕەژوودا ڕەش دەبوو. ئیدی بە دەوریا دەهات، خۆی تێهەڵدەسوو. ئاوی گەرم کرد و بە دەستی خۆی سەری بۆ شۆرد. پاشان ڕۆیی و لەبنی یەغدانەکەدا، ژێر جامە سپییەکانی، کە لە کۆنیدا زەرد هەڵگەڕابوون، بۆ دەرهێنا. ئەوجا نانی دایە میوانە ئازیزەکەی، تا نیوەشەو بێئەوەی چاوی لێبگوازێتەوە، لەلایەوە دانیشت و بەردەوام پرسیاری لێدەکرد و بە خەمینییەوە سەری دەلەقاند.

زەنگی کڵێساکەی تەنیشتیانەوە، سەعات دووی ڕاگەیاند، بونچوك چووە ناو جێگاوە، یەکسەر خەو بردییەوە. خەوی بینی، لە خەوەکەیا بوو بووەوە بە قوتابی قوتابخانەی پیشەیی، هێندەی ڕاکەڕاك و گەمە و یاری کرد بوو، هیلاك و شەکەت بەسەر کتێبەکانیەوە خەوی لێکەوتبوو. دایکی دەرگای موبەق دەکاتەوە و بەتووڕەیی لێیدەپرسێت: "ئیلیوشا دەرسی سبەینێت دەورکردوونەتەوە؟" بەمجۆرە بونچوك خەوی لێکەوتبوو و بزەیەکی خۆشی نیگەرانی ئامێز نیشتبووە سەر دەموچاوی.

دایکی، بە درێژایی شەوەکە چەند جارێك چوو بووە دیارسەری، پەتۆیەکەی سەری چاك کردبوو و دابویەوە بەسەریا، هەنیەی کە چەپکیٚ لە قژە زەردەکەی بە سەریا ڕژابوو، ماچ کرد بوو و بە ئەسپایی گەڕا بووەوە.

بونچوك، یەك ڕۆژ لەماڵ مایەوە. سبەینیٚ دانی بەیانی هاوڕێیەکی بە پاڵتۆیەکی سەربازی و کاسکێتێکی ئامال سەوزی تازەوە هاتە دیدەنی و بەچپە هەندیٚ قسەی دەگەڵ کرد، دوای ئەوەی کابرا ڕۆیی بونچوك بەلەز کەوتە کۆکردنەوەی شتەکانی و ئەو ژێر جامانەی، کە دایکی بۆی شۆرد بوو، لە جانتاکەی نا، بە نارەحەتی پاڵتۆ بارانیەکەی لەبەر کرد، ئەوجا بەپەلە خواحافیزی لە دایکی کردو بەڵێنی دایە کە مانگێکی دیکە دەگەڕێتەوە.

– ئیلیو شا، کوڕەکەم، ئێستا بۆ کویٚ دەڕۆیت؟

– بۆ روستوف دەڕۆم دایکە، زوو دەگەڕێمەوە... خەمت نەبیٚ دایکە.

دایکی بە پەلە خاچێکی چکۆلەی لە ملی خۆی داکەند، لە کاتێکا کە ماچی دەکرد و دوعای خێری بۆ دەکرد، بە قامکی لەرزۆکەوە خاچەکەی لە ملی ئەو کرد و پەتەکەی لە ملیا ڕێکخست

– ئیلیوشا، با ئەم خاچەت هەمیشە پێبیٚ. خاچی موفەڕکی سان نیکولای میرلیسییە.

هەنگیٚ، بە نیگا خاچەکەی دابێژت و لەبن لێوانەوە گوتی: ئەی بابی پیرۆز، ئەی میهرەبان و دلۆڤان، یارو یاوەری بە، ڕزگاری بکە، ڕاوەستاوی بکە... لە دارای دنیادا هەر ئەو تاقانەیەم هەیە...

بە تاسەیەکی زۆرەوە کوڕەکەی لە هەمێز گرت و لەوەی پتر بەرگەی نەگرت. لێوی کەوتە تەتەڵە و داچەکی. ڕوندوك وەکو بارانی بوهار لە چاوانی هاتە خواریٚ و بەسەر دەستە تووکنەکەی

بۆنچووکدا ڕژا. پاشان دەستی دایکی لە گەردنی خۆی کردەوەو، بە هەشتاو و، بە پەستی و خەمباری لە ماڵ وەدەرکەوت.

** *

وێستگەی روستوف، لە خەڵکیدا جمەی دەهات. قونکە جگەرەو توێکڵە گوڵە بە ڕۆژە، تا قولە پێیان دەهات. لە مەیدانی وێستگەکەدا، کۆمەڵێك سەربازی پاسخانەکەی (حامیە) شار خەریکی کڕین و فرۆشتنی شتومەکی سەربازی و تووتن و ئەو شتانە بوون کە دزی بوویان. ئیدی ئاپۆڕایەکی هەمە جۆری وەکو ئەو ئاپۆڕایانەی کە لە بەندەرەکانی باشووردا دەبینران، بە بەرچاویەوە دەهاتن و دەچوون. کوڕیژگەیەك هاواری دەکرد:

– وەرە بۆ جگەرە، جگەرەی ئاسلونوف! ئاسلونوف!

پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی کە بە سەروسەکوتیا لە قاچاخچیان دەچوو، بە گوێی بونچوکیا چپاند:

– ئاغای هاوشاری هی هەرزانمان هەیە.

بەگۆشەی چاو، تەمەشایەکی داوێنی هەلاوساوی پاڵتۆکەی خۆی کرد.

لەبەر دەروازەی وێستگەکەدا، کچۆڵان و ژنان، بە زمانی جیاواز هاواریان دەکرد:

– گوڵە بەڕۆژەی وشك، گوڵەبەڕۆژەی برژاو، وەرە بۆ گوڵە بەڕۆژە!

شەش دەریاوانی، دەریای ڕەش کە بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد و پێدەکەنین، دڕیان بە ئاپۆراکە دەدا. جلی نمایشیان لەبەر بوو، بە قەیتان و دوگمەی زێرکفت و پانتۆڵی دەلنگ دەڵبی بەڵەکەوە، بە ناوخەڵکەکەدا، بە ڕیزەوە ڕێیان دەکردن.

بونچوك، بە ئەسپایی ڕێگایەکی بۆخۆی کردەوە. سەربازێکی کورتە باڵای لاوازی سەر بە یەکەیەکی مخابەرە (بێتەل)، بە دەنگێکی تەنز ئامێزەوە گوتی:

– گوتت، زێڕکفتە؟ گاڵتە مەکە بابە! لەو زەردانەیە کە دەیکەن بەسەماوەر... وا دەزانی غەشیمم! بۆچی نایبینم؟

فرۆشیارەکە. لەکاتێکا زنجیرەکەی دەستی بادەدا، بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە:

– مەگەر چاوت نیە؟.. زێڕە، زێڕی ئەشرەفی، فەرموو تاقیبکەوە. لە ماڵی سەرۆکی دادگاوە دەرهاتووە... دەبڕۆ گوم بە، ڕشکنە! دەتەوێ مارکەکەی ببینی... پێت نیشان نادەم، ها؟

یەکێك لەو نزیکانەوە دەیگوت:

– هێزی دەریایی ڕازی نابێ... قسەی خۆڕایی مەکە!

– بۆچی ڕازی نابێت؟

– لە ڕۆژنامەکانی ئێرەدا...

– ئەهای کوڕۆ، وەرە.

– ئێمە دەنگمان بە لیستی پێنجەم دا. هیچ چارێکمان نەبوو، تەنیا ئەم یەکەیان تیایە باش بێ (لیستی پێنجەم، لیستی بەلشەویکەکان بوو لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی ١٩١٧دا)

– مامالیگا! وەرە بۆ مامالیگا. تا نەیخۆی نایزانی! (مامالیگا: زوڕات بە شیرەوە.)

– بەڕێوەبەری قیتارەکە بەڵێنی داوینەتێ کە سبەینێ دەردەچین.

بۆنچوك، بینای بارەگای کۆمیتەی حیزبی دۆزییەوە. دڕی بە حەشاماتەکە دا و بە قاڵدرمەکاندا بۆ قاتی دووەم سەرکەوت. سەربازێکی گاردی سوور، کە تفەنگێکی ژاپۆنی بە دەستەوە بوو و قەمەیەکی کێرد ئاسای بە لوولەکەیەوە بەستبوو، ڕێگەی پێگرت:

– ئیشت بەکێیە هاوڕێ؟

– دەمەوێ هاوڕێ ئابرامسۆن ببینم، لەوێیە؟

– ژووری سێیەم، بە دەستی چەپا.

بونچوك، دەرگای ژووری سێیەمی کردەوە، پیاوێکی کورتە باڵای ڕەشتاڵەی قژڕەشی کەپوو گەورە، دەستی چەپی خستبووە ژێر یەخەی چاکەتەکەی و دەستی ڕاستی لێکدا لێکدا تەکان دەدا، کرێکارێکی پیری ڕێگای ئاسنی بەگیر هێنا بوو و سەرزەنشتی دەکرد:

– ئەمە نەبوو بە ئیش! ئەوە ڕێکخستن نیە! ئەگەر پروپاگەندەکە وا بڕوات، ئەنجامێکی دەبێ ڕێك پێچەوانەی ئەو ئەنجامەی کە گەرەکمانە.

کابرای کرێکار، دەیویست شتێك بڵێت، بە سەرو سیمای تەریق و شەرمەزاریەوە دیار بوو کە دەیەوێ پاکانە بۆ کارەکەی خۆی بکات. بەڵام کابرای کورتە باڵای ڕەشتاڵە، نەیدەهێشت زار هەڵێنێ، زۆر تووڕە دیار بوو، هاواری دەکرد:

– یەکسەر میتچنکۆ لە سەر کارەکەی لابەرن! ئێمە ناتوانین چاو پۆشیتان لێبکەن، ئەوەی لە بەشەکەی ئێوەدا ڕوو دەدا قابیلی قبوول نیە. دەبێ ڤورخوتسکی لەسەر ئەمە بدرێتە دادگای شۆڕش. دەستگیرتان کردووە؟ بەڵێ؟

بەتوندی و بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێنا:

– سوور دەبم لەسەر ئەوەی تیر باران بکرێت.

هەنگێ، بەرلەوەی بە تەواوەتی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ڕووی بۆلای بونچوك وەرگێڕا، بەتوندی گوتی:

– چیت دەوێ؟

– تۆ ئابرامسونی؟

– بەڵێ.

بونچوك. ناسنامەو بەڵگەنامەکانی خۆی نیشان دا، ئەوجا نامەی هاوڕێیەکی زۆر گەورەی پترۆگرادی دایەو لە قەراخ پەنجەرەکەدا دانیشت.

ئابرامسون، نامەکەی بە وردی خوێندەوە، پێدەچوو ژێوان بێ لەوەی کە بەو توندیە مامەڵەی دەگەڵ کرد بوو. بزەیەکی خەمناکی بە ڕووی بونچوکدا داو گوتی:

– تۆزێك چاوەڕاون بکە، دوای یەك دوو دەققەی دی قسە دەکەین.

کرێکارەکەی ڕێگای ئاسنی، کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، مەرەخەس کرد. کرێکارەکە چووە دەرەوە، دوای کەمێك دەگەڵ ئەفسەرێکی باڵا بەرزی تۆکمەی ڕدێن تاشراودا، کە شوێنەواری جەزرەبەی شمشێر بەچەناگەیەوە دیار بوو، ڕەفتاری لە ڕەفتاری ئەفسەری پیشەیی دەچوو، هاتەوە ژووری.

– ئەمە ئەندامێکی لیژنەی عەسکەری شۆڕشمانە. یەکتر بناسن.

– تۆ هاوڕێ... ببورە، ناوتم لەبیر چووەوە...

– بونچوك.

– تۆ، لەبواری ڕەشاشدا شارەزای، وایە،

– بەڵێ

یارۆی ئەفسەر بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– ئێمە بۆ کەسێکی وەکو تۆ دەگەڕاین.

بەدەم ئەو قسەیەوە، شوێنەواری شمشێرەکەی سەر چەناگەی لە چەناگەیەوە تا بناگوێی سوور بووەوە.

ئابرامسون پرسی:

– ئایا دەتوانی بە زووترین کات، چەند مەفرەزەیەکی ڕەشاشچیمان لە کرێکارانی گاردی سوور بۆ دروست بکەیت؟

– هەوڵدەدەم. بەڵام کاتی دەوێ.

کابرای سەرباز، بەدەم بزەیەکی دۆستانەوە، سەری لە بونچوك بردە پێشێ و گوتی:

– باشە، چەندت وەخت دەوێ؟ هەفتەیە، دوان، سییان؟

– چەند ڕۆژێك.

– زۆر چاکە.

ئابرامسون. نێوچەوانی خۆی گوشی و بە پەستیەکی ئاشکراوە گوتی:

– مەفرەزەکانی، حامیەی شار، زۆر بێورەن، بە هیچ جۆرێ پشتیان پێنابەستریێ. هاوڕێ بۆنچوك وابزانم هەموو شوێنەکانی دیکەش وەکو ئێرەن. جا لێرە هەموو هیواو ئومێدکمان بە کرێکارانە. دەریاوانەکانیش خراپ نین، بەڵام سەربازەکان هەر نەیانکردبێ... بۆیە دەمانەوێ ڕەشاشچی خۆمان هەبن، تێگەیشتی؟

ئابرامسون، کە یاری بە ڕدێنە چڕو ڕەشەکەی دەکرد، بە دڵسۆزیەوە گوتی: ڕەوشی مادیتان چۆنە؟ گرینگ نیە، تەگبیری دەکەین، ئەمڕۆ نانت خواردووە؟ هەڵبەتە، نە!

بونچوك، دەیڕوانیە ئەو پەڵە سپییەی کە کەوتبووە لای چەپی قژە ڕەشەکەی ئابرامسون و بە میهرو سۆزێکی پڕجۆشەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "برای ئازیز، ئاخۆ خۆت لە ژیانا چەندت برسێتی کێشابێ، کەوا بە نیگایەك تێر لە برسی جیا دەکەیتەوە، ئاخۆ چەندت دەردو ئازار چەشتبێ کە ئەو چەپکە قژەت بەو جۆرە سپی بووە!" کاتێ دەگەڵ دەلیلێکدا بەرەو ماڵەکەی ئابرامسۆن دەڕۆیی، دیسان لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (ئەمەیە پیاو! ئەمەیە بەلشەویك. چەند سەختگیرە، ئەوەندەش میهرەبان و مرۆڤدۆستە. بێهیچ دوودڵیەك، حوکمی مەرگی خراپکارێك، کەسێکی وەکو ڤورخوتسکی دەدات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەزانێ چۆن مدارای هاوڕێیەکی خۆی دەکات و پێی ڕادەگات و مشوری دەخوات."

هێشتا، گەرم و گوڕی ئەم یەکەم دیدارەی خۆی دەگەڵ ئابرامسوندا، لە دڵ و دەروون نەڕەوی بووەوە، کە گەییە ماڵەکەی ئابرامسون، کە کەوتبووە کۆتایی جادەی ڤاگانروگ. نامەیەکی ئابرامسۆنی دا بە کەیبانۆی ماڵێ، شیوی خوارد. ئەوجا لە ژوورێکی بچکۆلەی تەژی کتێباندا، پاڵکەوت تا ئیسراحەت بکات، ئیدی زوو بە زوو خەوی پێیا کەوت.

(٥)

بۆنچوک، چوار دانە ڕۆژی تەواو، لە بەیانیەوە تا ئێواریێ، لە یەکبینە، کاری دەگەڵ ئەو کرێکارانەدا کرد کە کۆمیتەی حیزب بۆی ناردبوون. ژمارەیان شازدە کەس بوو. پیاوانی بە پیشەو، تەمەن و، تەنانەت نەژادو میللەتیش، جیاواز. دوانیان حەماڵ و کۆڵبەر بوون: خڤیلیچکوی ئۆکرانی کە خەڵکی پولتاڤابوو و، میخالیدی کە بە ئەسڵ یۆنانی بوو. کرێکارێکی چاپخانە بە ناوی: ستیپانوڤ. هەشت کرێکاری ئاسنگەر، کرێکارێکی کارخانەکانی بارامونوف بە ناوی زلنکۆ، نانەوایەکی ئەرمەنی باریك و بنێس بە ناوی کیڤورکیانتس. میکانیکییەکی پسپۆڕی ئەڵمانی ئاکنجی ڕووسیا بە ناوی: ریبیندەر و دوو کرێکاری عەماری سکەی قیتار. پاشان هەڤدەمین کەس بەخۆ و نامەیەکی تایبەتیەوە هات، ئەمەیان ژنێك بوو کە پاڵتۆیەکی سەربازی ناوداری لەبەر بوو، جووتێ چکمەی لەپێدا بوون کە بەپێی گەورە دیار بوون.

بونچوك، کە نامە قەد کراوەکەی لە ژنەی تاین وەرگرت، بێئەوەی بزانێت بۆچی و بەچ کارێك هاتووە پێی گوت:

– دەتوانی لە گەڕانەوەدا، لە سەر ڕێگای خۆتەوە سەرێکی سەرکردایەتی بدەیت؟

ژنەکە بزەیەکی بۆ کرد، لە کاتێکا بەشەرمەوە چەپکێك لە قژەکەی کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبوە دەرێ، ڕێکدەخستەوە. بە پەشۆکاویەوە گوتی:

– منیان بۆلای تۆ ناردووە.

ئەوجا، کەمێك هێور بووەوە، پە شۆکانەکەی ڕەوییەوەو لە سەری ڕۆیی:

– بۆ مەفرەزەی ڕەشاشچیان.

بونچوك سوور بووەوەو گوتی:

– یانی چی، لەوێوە؟ چما شێت بوون؟ خۆ ئێرە فەوجی ژنان نیە؟ داوای بوردن دەکەم. ئەم کارە بۆ تۆ نابێ: کارێکی قورسە، هێزو قوەتی پیاوانەی دەوێ... ئاخر ئەمە ئیشە؟ نەخێر، ناتوانم، قەبوڵت بکەم.

بە سەرو ڕوویەکی گرژەوە نامەکەی کردەوەو بەلەز خوێندیەوە. لە نووسراوەکەی تەجنیدا زۆر بەکورتی نووسرابوو. هاوڕێ ئانا پوگودکۆ، ئەندامی حیزبەو بۆ سنفی ڕەشاشچیان دانراوە. ئابرامسونیش نامەیەکی شەخسی لەگەڵدا نارد بوو. بونچوك چەندینجار نامەکەی ئابرامسونی خوێندەوە:

"هاوڕێی ئازیزم، بونچوك.

هـاوڕێی شایسـتەو قـەدرگرانی خۆمـان، ئانـا پوگودکـۆت بـۆ دەنێـرین. لەسـەر داواو پێـداگری ناوبراو خۆی، بۆ لای تۆمان ناردووە، هیوادارین، بیکەیت بە ڕەشاشچیەکی کارامەی جەنگاوەر. من ئەم کچە دەناسم و متمانەی تـەواوم پێی هەیەو بە تۆی دەسپێرم. خـەباتکارێکی بـەڕێزە، بـە ڕاسـتی تێکۆشـەرە. بـەڵام هەندێك خوێنگـەرم و بڕیـك سەرکێشـە ( ئـەویش لەبـەر ئەوەیـە هێشـتا گەنجـەو تەمـەنی هـەرزەکاری ڤڕێنـەکردووە) بۆیـە تکـات لێدەکـەم چـاودێری بکـەو نەیـەڵی کـاری خۆسـەری و سەرکێشانە بکات. هەڵبەتـە هـەوێنی سـەرەکی مەفرەزەکـەی تـۆ لـە هەشـت کرێکـارە ئاسنگەرەکە پێکدێت. بەڵام لە ناو ئەواندا یەکێك هەیە بە نێوی هاوڕێ بۆگـۆڤی، زۆر ئاگـات لێـی بـێ. هاوڕێیـەکی زۆر کارامەیـەو فرە دڵسـۆزی شۆڕشـە. جا مەفرەزەکـەی تـۆ باشـیەکەی لەوەدایـە ئینتەرناسیونالییە، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا توانـای شـەڕڤانی جەنگاوەرەکانت زیـاتر دەکـات. پەلـە بکـە لـە ڕاهێنـان و مەشـقدانیانا. بـەگوێرەی هەنـدێ زانیـاری و دەنگوباسـان، بیسـتوومانە کـە کالیدین خۆی تەیار دەکات کە پەلامارمان بدات.

دەگەڵ ڕێزی هاوڕێیانەدا

س. ئابرامسون"

بونچـوك، قـەدەرێك لـە کچـەی تـارین، کـە لەبـەردەمیا وەسـتا بـوو، ڕامـا و ورد بـووەوە. بـەڵام لـە تاریکی ژێرخانەکەدا، نەیتوانی بە تەواوەتی سیمای ببینێ. (ئەم ژێـر خانـە کـەوتبووە شـەقامێکی مۆسکۆوە، بونچوك ئەوێندەری کردبووە بارەگا و لەوێ مەشقی بە نەفـەرەکانی دەکرد) بنچوك بـێ هیچ ڕووبینی و مجامەلەیەك گوتی:

– دەیسـا باشـە! مـادامێکی خـۆت حـەز دەکـەیت و... ئابرامسـونیش نامـەی نـاردووە، دەتـوانی بمێنیتەوە.

***

هەموو نەفەرەکان، لە هەرچوار لاوە لە دەوری ڕەشاشی مارکەی "ماکسیم" خڕبووبوونـەوەو وەکـو هێشـووە تـرێ بەسـەر یەکدا کەڵەکـە بـوو بـوون، بـە تاسـەوە دەیانڕوانیـە دەسـتەکانی بونچـوك کـە پارچە پارچە هەڵیدەوەشاندەوەو پاشان بۆنچوك، بە ئانقەست، بـە خـاوی و ورد ورد پارچـەکانی سـەرلە نـوێ لێکدەدانـەوەو چـۆنیەتی کـارو بـەکارهێنان و تەبیعـەت و گرینگـی هـەر یـەکێك لـە پارچەکانی بۆ ڕوون دەکردنـەوەو فێـری بـەکارهێنانی ڕەشاشـەکەی دەکـردن. چۆنیـەتی سـوارکردن و نیشانە گرتنەوەی نیشاندەدان، چۆنیەتی کورت هێنان و سـەرکردن و دوا بوردی نیشـان دەدان. پێی دەگوتن کە لە کاتی شەڕدا دەبێ چۆن بوەستن، تا لە سێرەی دوژمن بە دوور بن و نـەپێکرێن. خۆی لە ژێر سپەری ڕەشاشەکەدا، کە بە مەبەستی دیار نەبوون، بەڵەك بەڵەك کرا بوو، ڕادەکێشا. باسی چۆنیەتی هەڵبژاردنی باشترین جێگاو چۆنیەتی دانـانی سـەندوقی شریتی فیشـەکەکانی بـۆ دەکردن.

هەر هەموویان جگە لە گورکیانتس، یارۆی نانەوا، بەخێرایی و بە ئاسانی فێر دەبوون، بۆنچوك چـەندی هـەوڵ لـە گـەڵ دەدا فایـدەی نـەبوو، لـەم گوێیـەوە دەهـات و لـەو گوێیـەوە دەردەچـوو. شتەکانی لە بیر دەچووەوە، لێی تێکەڵ دەبوو و تەریق دەبووەوەو لە بن لێوانەوە دەکەوتە بۆڵژن:

– ئای، بۆ گیر دەبیٚ؟ ئای... بەخوا کەرم... ئەم پارچەیە هی ئەوێیە... ئای، ئەدی بۆ بۆی نابیٚ؟. دیسان نەبوو!

بوگوڤوی، کە پیاوێکی ڕەشتاڵە بوو. هەموو سەرو چاوی پەڵەی شینی بارووت بوو، دەمە لاسکەی دەکردەوەو دەیگوت:

– دەبڕۆ، تۆش بەم بۆ ، بۆیە ناخۆشت کردووە. بۆیە لێت گیر بووە چونکە گەوجیت. تەمەشا، دەبیٚ بەمجۆرە دای بنەیت (بە دەم دانانی پارچەی ڕەشاشەکەوە، پێی نیشان دەدا کە دەبیٚ چۆن دای بنیٚ) ئەوسا لە سەری دەڕۆیی:– من لە منداڵیمەوە حەزم لە شتی سوپایی بوو ( ئیدی بەدەم پیکەنینی هەموویانەوە ئامازەی بۆ پەڵەکانی دەموچاوی دەکرد) تۆپێکم دروست کرد، تەقییەوەو بە پەنا گوێما تێپەڕی، ئیدی لەوەوە قالٌ بوومەوەو بۆیە ئێستا بەم ئاسانیە فێر دەبم.

لە ڕاستیدا، لە هەموویان زووترو خێراتر فێری تەکنیکی بەکارهێنانی ڕەشاشەکە بوو. گورکیانتس لە دوای هەر هەموویانەوە بوو، هەمیشەی خوا هەر بۆڵژنی بوو:

– ئای، دیسان نەبوو! چی بکەم؟ نازانم بۆ

میخالیدی، کرێکارە یونانیەکە بە تەشەرەوە دەیگوت:

– چ کەرێکی! کەر! کەر! لە هەموو نەخچەوانا دوو کەری وەکو تۆ پەیدا نابێت.

ریبندری ئەڵمانیش، بە هەموو کەم دوپی خۆیەوە، پشتیوانی کردو گوتی:

– بە ڕاستی زۆر گەوجە.

خوفیلیچکو، بەپێکەنینەوە گوتی:

– ئەمە هەویر شێلان نیە!

هەر هەموو بێهیچ بەدخواییەك دەستیان بەپێکەنین کرد تەنیا ستیپانوڤ نەبیٚ، کە بە پەستی گوتی:

– دەبیٚ هاوڕێکەتان فێر بکەن، نەك گاڵتەی پێبکەن و پێی ڕابوێرن.

کروتوگوروف، کرێکاری عەماری هێڵی ئاسن، کە زەلامێکی باڵا بەرزی چوار پەل درێژی، چاو زەق بوو و لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، هەمیشە لایەنی ئەوی دەگرت، کۆڵەمستی کە لە گورز دەچوو دەگوشی و بە دەنگی بەرز دەیگوت:

– گەوجینە ئێوە بەم چەنەبازی و گاڵتەبازیە، کارەکەمان لیٚ دوادەخەن! کار وا ناڕوات. هاوڕیٚ بونچوك. ئەم حەیوانانە یا بێدەنگ بکە یان دووریان بخەوە! شۆڕش لە مەترسیدایەو ئەمانە لە حیلکە حیلکی خۆ ناکەون!

ئانا پوگودکو بە کونچکاویەوە پرسیاری هەموو شتێکی دەکرد، بونچوکی لە پرسیاران دەگرت، قۆڵی پاڵتۆ تەسکەکەی ڕادەکێشا، بەردەوام بە دەوری ڕەشاشەکەدا دەسوڕایەوە دەیگوت:

– باشە ئەگەر ئاوی مەخزەنەکە بیبەستیٚ چ دەبیٚ؟ ئەگەر بایەکی توندی هەبیٚ، گۆشەی ئینحراف دەبیٚ چەند بیٚ؟ ئەمە، هاوڕیٚ بونچوك، ئەمە چیە؟

چاوە درشت و ڕەش و پرسیار ئامێزەکانی، کە پرشنگێکی گەرم و گۆنگیان لێدەبووەوە، بەرەو ئەو هەڵدەبڕی.

بونچوك، لە حوزوری ئەودا هەستی بە جۆرە ناڕەحەتیەك دەكرد، وەكو یەكێك بیەوێ تۆڵە بكاتەوە، زۆر لە گەڵیا سەختگیر و لە ڕادەبەدەر سارد بوو، بەڵام كە بەیانیان، ڕێك لە سەری سەعات حەوتا، خۆی بەژێر خانەكەی ئەودا (بونچوك) دەكرد، دەستە ساردەكانی لە قۆڵی پاڵتۆ ئامال سەوزە سەربازیەكەیدا دەشاردنەوە و پۆستاڵە (چەكمە) زلە سەربازیەكەی بە عاردیدا دەخشاند، بونچوك لە ناخی خۆیا هەستی بە ئاشوبێكی نائاسایی دەكرد. ئانا پوگودكۆ، كەمێك لەو كورتە باڵاتر بوو. تا ڕادەیەك گۆشتن و توند و تۆڵ بوو. هەمان توندوتۆڵی و ساغی و سەلامەتی ئەو كیژە گەنجانەی پێوە دیار بوو، كە لە زەحمەت و كاری بەدەنیدا قاڵ بوونەتەوە. شانەكانی كەمێك كووڕ بوون، خۆ ئەگەر چاوە گەشە پرشنگدارەكانی نەبوایە، كە جوانیەكی ئەفسووناویان بە سەروسیمای بەخشی بوو، بێگومان جوان نەبوو.

بونچوك، لەچوار ڕۆژی یەكەما سەیری نەكرد بوو. ژێرخانەكە ڕوناك نەبوو. دەرفەتی ئەوەی نەبوو بە وردی دیقەتی سەروسیمای كیژێ بدات، ئەگەر دەرفەتیشی هەبوایە، حەزی لە كاری وا نەدەكرد. ئێوارەی ڕۆژی پێجەم بە دووقۆڵی لە ژێرخانەكە هاتنە دەرەوە. كیژەكە لە پێشەوە دەڕۆیی. لە سەر دوایەمین پلەی قاڵدرمەكە وەستا، ئاوڕی دایەوە تا شتێك لە بونچوك بپرسێت، بونچوك كە لەبەر تیشكی زەردەپەڕا سەرو سیمای ئەوی بینی، هەناسەیەكی بێدەنگی هەڵكێشا. ئانا بە شێوەیەكی ئاسایی قژەكەی بۆ سەرەوە هەڵدایەوە، سەری كەمێك دانەواند و چاوانی لە دوڕ چاوانی بونچوك بڕین و چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بوو. بەڵام بونچوك گوێی لە پرسیارەكەی نەبووبوو. بەكاوەخۆ بە قاڵدرمەكەدا هەڵدەگەڕا، هەستێكی ناسك و كۆنگ و بەئازار ناخی داگرت. ئانا، دیسان ویستی قژەكەی ڕێكبخاتەوە، هەرچی دەكرد، لە ژێر لەچكەكەیەوە ئەمەی بۆ نەدەكرا. (ناچار بوو لەچكەكەی دابكەنێ) بە دەم داكەندنی لەچكەكەی و ڕێكخستنی قژیەوە، پەڕەی ئاڵی كەپووی لەبەر تیشكی زەردەپەڕی خۆر لە زەردەی ئێوارەدا بە ئاستەم دەلەرزی. دەم و لێوە ئەستوورو پیاوانەكەی، میهرو ناسكیەكی منداڵانەی پێوە دیار بوو. گەنە موویەكی ناسك و بەسەر لێوە ئەستوورەكەی سەرەوەیا بوو و هێندەی دی ڕەنگی سیمای، مات دەنواند.

بونچوك وەكو یەكێك بەر كوتەك بدرێ، سەری داخست و بەسوعبەتەوە گوتی:

– ئانا پوگودكۆ... ڕەشاشچی ژمارە دوو، تۆ وەكو مەلی شادی جوانیت.

ئانا بزەیەكی بۆ كرد و هێندەی دی خاكی و سادە هاتە بەرچاو و زۆر خۆمانە گوتی:

– هاوڕێ بونچوك، ئەم گاڵتەیە چیە! لێم پرسیت سبەینێ، كەیەكەی دەچین بۆ مەشق و مەیدانی تیرەندازی.

بونچوك، لە تەنیشتیا وەستا، چاوی بڕییە كۆتایی جادەكە، كە هەتاو باڵی ئەرخەوانی بەسەر هەموو شتێكدا كێشا بوو. ئەوسا بە نەرمی بەرسڤی دایەوە:

– مەیدانی تیرەندازی؟ سبەینێ. بۆ كوێ دەڕۆیت؟ ماڵت لە كوێیە؟

ئانا، ناوی جادەیەكی چكۆلەی قەراخی شاری برد. بە دوو قۆڵی بە ڕێكەوتن. بوگوڤوی، لە سەر چوار ڕیانێك تووشیان بوو و گوتی:

– بونچوك. سبەینێ كەی و لە كوێ خڕدەبینەوە؟

بونچوک بەدەم ڕێکردنەوە بۆی ڕوون کردەوە کە سبەینێ سەعات هەشت هەموو لە دارستانەکەی تیخایاروشچا کۆدەبنەوە. کروتوکوروۆ و خڤیلیچکو، ڕەشاشەکە بە عەرەبانە دێنن. بوگوڤوی تا سێیەمین چوار ڕیان لە گەڵیاندا ڕۆیی و ئەوسا لێیان جیابووەوە.

بونچوک و ئاناپوگودکۆ، ماوەیەک بەبێدەنگی ڕێیان کرد. ئەنجام ئانا نیگایەکی ژێراو ژێری کردو لێی پرسی:

– تۆ قوزاقیت؟

– بەڵێ

– ئەفسەر براویت؟

– نەخێر، ئەفسەری چی.

– خەڵکی کوێیت؟

– نوڤوچرکاسک.

– دەمێکە لە ڕۆستوڤی؟

– چەند ڕۆژێکە.

– ئەدی پێشتر لە کوێ بوویت؟

– لە پترۆگراد بووم.

– لە کەیەوە ئەندامی حیزبیت؟

– لەساڵی ١٩١٣ وە.

– ئەدی کەسوکارو خانەوادەکەت لە کوێن؟

بەپەلە و لەبن لێوانەوە گوتی:

– لەنوڤوچرکاسکن.

ئەوسا، دەستی ڕاکێشا

– بوەستە، نۆرەی منە، با منیش پرسیارێك لە تۆ بکەم. تۆ خەڵکی ڕۆستوفیت؟

– نا، من لە ناوچەی یەکاترینوسلاڤ لە دایك بووم. بەڵام ماوەیەکە لێرە دەژیم.

– ئێستا نۆرەی منە لە پرسیارت بگرم... ئۆکرانیت؟

ئانا، سووکە هەڵوەستەیەکی بۆ کردو پاشان بە متمانەوە گوتی:

– نەخێر.

– جولەکەیت؟

– بەڵێ، چۆنت زانی؟ بە زمانەکەما دیارە؟

– نا.

– ئەدی چۆنت زانی کە من جولەکەم؟

بونچوك هەوڵی دا. سووکتر بڕوات و پێ بەپێی ئانا بڕوات.وەڵامی دایەوە:

– گوێچکەت، شێوە گوێیەکانت، چاوەکانت، دەنا زۆر لە هاونەژادانی خۆت ناچیت.

بونچوک، بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو و لە سەری ڕۆیی:

– زۆر باشە کە تۆمان لە گەڵدایت.

ئانا، بە تاسەوە پرسی:

– بۆچی؟

– چونکە جولەکە، عادەت و ناوبانگێکی تایبەتیان هەیەو... دەزانم زۆربەی کرێکاران باوەڕیان بەوە هەیە، چونکە من خۆم کرێکارم.. جولەکە عادەتیان وایە هەر ئەمردەکەن و خۆیان ناچنە مەیدانی شەڕەوە. گوایە لە ناو دەخۆن و لەپەڕ دەخەون، بەڵام ئەمە ڕاست نیە، ئەوەتا تۆ بە پراکتیکی، پێچەوانەی ئەو عادەتە دەسەلمێنی. باشە تۆ خوێندنت کردووە؟

– بەڵێ، پار خوێندنی ئامادەییم تەواوکرد. ئەدی تۆ چیت خوێندووە؟ بۆیە ئەم پرسیارە دەکەم، چونکە دەم و دووت لە هی کرێکاران ناچێت.

– من کتێبم زۆر خوێندووەتەوە.

بە کاوەخۆ ڕێیان دەکرد. ئانا بە ئانقەست بە کوچەو کۆڵانەکانا دەڕۆیی، تا ڕێگاکە درێژ بکاتەوە. دوای ئەوەی بە کورتی باسی خۆی بۆ کرد، کەوتە پرسیاری هێرشەکەی کورنیلوف و هەڵوێستی کرێکارانی پترۆگراد و شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

لەدوورەوە، لە بەندەرەکەوە دەنگی تەقەی تفەنگێك هاتە گوێ، ئەوسا دەسرێژی ڕەشاشێك بێدەنگیەکەی شڵەقاند. ئانا، لە بونچوکی پرسی:

– ئەوە دەنگی چ جۆرە ڕەشاشێکە؟

– لویس.

– شریتەکەی کۆنە؟

بونچوك وەڵامی نەدایەوە. بە سەرسامی دەیڕوانیە ئەو کەشتیە ڕاوییەی کە لەنگەری گرتبوو و تیشکی بلاجکتۆرەکەی دەگەییە ئاسمانی سوورباوی خۆر لە زەردەی ئێواریێ.

نزیکەی سێ سەعاتێك بە جادە چۆڵەکانی شاردا پیاسەیان کرد. ئەنجام، لەبەر ماڵەکەی ئانادا لێکدی جیابوونەوە.

بونچوك، بەسەرو دڵێکی خۆشەوە، کە خۆیشی نەیدەزانی هۆیەکەی چیە، بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "هاوڕێیەکی باشە، کیژێکی زیرەکە! باش بوو قسەم لەگەڵی کرد، دڵم کرایەوە. لەم ساڵانەی دواییەدا، زۆر ئاڵۆز بووم. پیاو دەبێ پەیوەندی دۆستانەی لە گەڵ خەڵکیدا هەبێت، دەنا وەکو سەمونی عەسکەری وشك دەبێت..." بەو جۆرە خۆی فریو دەداو دەیزانی کە خۆی فریو دەدات.

ئابرامسون کە تازە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شۆڕشگێری گەڕابووە، هەواڵی دەورەی مەفرەزەی ڕەشاشچیەکانی لە بونچوك پرسی، بە تایبەتی لە ئاناپوگودکۆی پرسی:

–وەزعی چۆنە؟ ئەگەر بەکەڵك نایەت، دەتوانین کارێکی دیکەی بۆ بدۆزینەوەو کەسێکی دیکەت، لە جیاتی ئەو، بۆ بنێرین.

بونچوك، بە نیگەرانیەوە گوتی:

– نا، بۆچی وا دەڵێیت؟ کیژێکی زۆر شایستەیە.

هەستی دەکرد، حەزدەکات زیاتر باسی ئانا بکات، بە تۆبزی و خورتیەکی زۆر، توانی ئەم حەزە چەتوونەی خۆی، زەوت بکات.

"٦"

نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥/ت٢، کالیدین، هێزەکانی خۆی لە نوڤوچرکاسکەوە ڤڕێکرد. هێزەکان لە هەنبەر رۆستوفدا خڕبوونەوەو ئامادەی هێرش کردن بوون. هەندێ لە مەفرەزە ئەفسەرییەکانی ئالیکسییف، بە درێژایی هەردوو دیوی سکەی قیتارەکە، کەوتنە پێشڕەوی. لە قۆڵی ڕاستەوە قووەتێکی گەورەی خوێندکارانی کۆلێژی سەربازی پشتیوانیان دەکردن. لە قۆڵی چەپەوە مەفرەزە خۆبەخشەکانی جەنەڕاڵ پوپوف، لە دوورەوە وەکو کڵافە دەزووی کەوەیی، خۆیان بە ئاودڕکەکەدا دەکرد و دەپەڕینەوەو لە دەوری یەك خڕ دەبوونەوەو چاوەڕوانی ئەوانی دیکەیان دەکردو پاشان دەکەوتنە ڕێ.

نیگەرانی و هەڵچوونێکی زۆر لە ڕیزی گاردی سووردا، کە لە دەوروبەری شاری نەخچەوان دامەزرابوون، بڵاوبووبووەوە. کرێکارەکان کە زۆربەیان یەکەمجار بوو تفەنگیان هەڵگرتبوو، دەترسان، بە سینگەخشکێ، بە ناو قوڕو گڵی پایز دەکەوتن و پاڵتۆ ڕەشەکانیان قوڕاوی دەبوو. هەندێکیان سەریان بەرز دەکردەوەو دەیانڕوانیە زەلامەکانی گاردی سپی کە لەبەر دووری لە دوورەوە لە تاپۆو تارمایی دەچوون.

بونچوك، بەدیار ڕەشاشەکەی خۆیەوە چۆکی دادابوو و بە دووربین تەمەشای دەکرد. دوێنێ، پاڵتۆ بارانیە مەدەنیە تەنگ و تەسکەکەی گۆڕی بوو بە پاڵتۆیەکی سوپایی و بەم پاڵتۆ عەسکەرییەوە هەستی بە ئازادی و ئارامی دەکرد.

زەلامەکانی گاردی سوور، بێئەوەی چاوەڕوانی فەرمان بکەن، دەستیان بە تەقە کرد، نەیاندەتوانی لەوەی پتر تەحەمولی چاوەڕوانی بکەن. بونچوك. دەگەڵ یەکەم دەستڕێژا، دەمرێژێك جنێوی دا، هەستایە سەر پێیان و هاواری کرد:

– تەقە مەکەن!

هاوارەکەی لە ناو تەقو تۆقی گوللەبارانداا توایەوە. ناچار وازی هێنا. فەرمانی بە بوگوڤوی دا کە ڕەشاشەکەی بخاتە کار. بوگوڤوی، چارەی خەنۆل و تەپوتۆزاوی خۆی بە بەدەنەی ڕەشاشەکەیەوە نا، پەنجەی بە پەلەپیتکەدا نا. قرم و هوڕی دەستڕێژی ڕەشاش لە گوێی بونچوکدا دەنگی دایەوە. تەمەشایەکی ڕیزەکانی دوژمنی کرد تا ڕادەی کاریگەریی تەقەکانی خۆیانی بۆ دەربکەوێ. ئەوجا. بە ڕاکردن چوو بۆ لای ڕەشاشەکانی دیکە

– تەقە بکەن!

خڤیلیچکوڤ، بۆڵژنێکی کرد:

– زۆر باشە! ها. ها. ها. ها!

ئەوسا ڕووی ترساو و لە هەمان کاتدا خۆشحاڵی خۆی کردە بونچوك. ئەو گەنجانەی لەسەر ڕەشاشی سێیەم بوون، زۆر زاڵ نەبوون بەسەر کارەکەیاندا، بۆنچوك بەغار بەرەو لای ئەوان

ڕۆیی. لە نیوەی ڕێگادا وەستا، دانەوییەوە، چاوی نا بە چاوی دووربینە تەم گرتوو و لێڵەکەیەوە، لە دوورەوە دەی بینین کە چۆن بە یەکا دەهاتن. دەسترێژێك بە سەریا هاژەی کرد، ناچار خۆی بە عاردیدا دا، بە دەم پاڵکەوتنەوە سەیری کرد کە نیشانە گیری ڕەشاشی سێیەم خراپە، بە سینگە خشکێ و بە ناو گوللە باراندا دەڕۆیی، هاواری کرد:

– نزمتر، نزمتر بەد بەختینە!

گووللە بەگیزو هۆڕ، بە نزمیەکی خەتەرەوە بەسەریا تێدەپەڕین. هێزەکانی ئالیکسیف، یانی هێزی دوژمن، زۆر بە دروستی تەقەیان دەکرد، لە تۆ وایە لە مەیدانی مەشقان. ئەندامانی مەفرەزەکەی ڕەشاشی سێیەم کە زۆر بە بەرزییەوە نیشانەی گرتبووەوە، هەموو لە دەوری ڕەشاشەکە بە دەما خۆیان بە ئەرزەکەوە چەسپاند بوو. میخالیدی، یارۆی کرێکاری یونانی، بەردەوام و بە بەرزییەوە تەقەی دەکرد، فیشەکەکانی بە فیڕۆ دەدا. ستیپانوف، کە لە ترسا ڕەنگی پێنەمابوو، لە تەنیشتی ئەوەوە هەر خوتە خوتی بوو. یەکێك لە کریکارەکانی هێڵی ئاسن کە دۆستی کروتوگورف بوو، لە دوای ئەوانەوە، سەری خستبووە ئەرزەکە، لاقی گرمۆڵە کرد بوون، پشتی کووڕ کردبووەوەو لە کیسەڵ دەچوو.

بونچوك، میخالیدی وەلاخست، ماوەیەکی باش خەریکی ڕەشاشەکە بوو، جوان هێنایە سەر پێ، ئەوجا دەستی بە تیرەندازی کرد، ڕەشاشەکە بەدەم قرم و هۆڕی دەسترێژەوە، بەجۆرێ دەلەرزی لە تۆوایە لەسەر ڕیتمی تەقەکان سەما دەکات، یەکسەر کاریگەرییە ئەرێنییەکەی دەرکەوت. کۆمەڵێك لە خوێندکارانی ئەفسەری کە بە ڕاکردن هێرشیان بۆ دێنان، خۆیان بە شیوەڵەیەکدا کردو هەڵاتن، تەنانەت یەکێکیان لەد وای خۆیان و لە ناو گڵ و قوڕەکەدا بەجێهێشت.

بونچوك، ڕەشاشەکەی ڕادەست کردنەوەو ئەوسا بۆ لای ڕەشاشەکەی خۆی گەڕایەوە. سەیری کرد بۆگوڤوی، کە ڕەنگی بە ڕووەوە نەما بوو و پەڵە باروتەکانی سەر گۆناکانی لە جاران شینتر دەنوێنێ، لە سەرلا کەوتووەو، بە دەم دەمرێژی جنێوەوە، بەلەکی خۆی کە بریندار بوو بوو، دەبەستێ، گاردێکی سووری قژ زەردی ئاگرین، بە چوار چنگۆڵە بە دەوریا، شپرزە و پەرێشان دەخولایەوەو هاواری دەکرد:

– دە تەقە بکە، هەی دایك حیز!... تەقە بکە! مەگەر نابینی وا هێرش دێنن؟

دەستەی هێرشی یەکە ئەفسەرییەکان، بەپاڵ بارستایی سکەی قیتارەکەدا، ڕێك وەکو ئەوەی لە مانۆڕدا بن، بەو ئاوایە دەهاتنە پێشێ.

ریبیندر هاتە جێی بوگوڤوی و زۆر بەکارامەیی و بێئەوەی فیشەك بە فیڕۆ بدات یان تووڕەبێ، دەستی بە تەقان کرد. گورکیانتس لە قوڵی چەپەوە، عەینی کەروێشك بە هەڵقوون هەڵقوون دەهات و لە گەڵ هەر گوللەیەکا کە بە سەریا گیزەی دەکرد، خۆی بە عاردیدا دەداو هاواری دەکرد:

– ئاخر ناتوانم نا... ئاسێ بووە! تەقە ناکات، سەقەت بووە.

بونچـوك، بـە هەڵـەداوان، بێئـەوەی بـە تـەواوەتی خـۆی دانـەوێنێ، خـۆی گەیانـدە ڕەشاشـە سەقەتەكە. پێش ئەوەی بە تەواوەتی بگاتە ڕەشاشـەكە. ئانای بینی كە بە دیار ڕەشاشـەكەی خۆیەوە چۆكی دادابوو، دەستێكی كرد بوو بە سێبەر بۆ چاوی و بە دەستەكەی دیكەی، چەپكێ لە قژەكەی كە كەوتبووە سەرچاوی لادەبردو تەمەشای دژمنی دەكرد. بونچوك كە لە خـەمی گیانی ئەودا، سوور بوو بووەوە، بانگی لێكرد:

– پاڵكەوە! خۆت بدە بە عارديدا!

ئانا، تەمەشایەكی كردو لەجێی خۆی نەبزوا. بونچوك، بە خورتی ئەو جنێوە پیسەی گێڕایەوە كە هاتبووە سەر زاری. بە ڕاكردن خۆی گەیاندە ئاناو، بە توندی پاڵی ناو، لە ئەرزەكەدا تەختی كرد.

كروتوگوروف، لەپشت سپەری (مەتاڵ)ڕەشاشەكەوە بە كۆكە كۆك ڕاكشا بوو، بە لێوە لەرزێوە گوتی:

– گیربووە، كار ناكات!

ئاوڕی دایەوە تا بزانێ گوركیانتس كێوە چوو. خەریك بوو لە داخا شەقی دەبرد:

– خوێڕیە هەڵات! بەخوتە خوت و بۆڵە بۆڵ كوشتمی... خۆ نایەڵێ پیاو كاربكات!

گوركیـانتس، بـە ماتـە مـات، عـەینی مـار بـە پیچـاو پـێچ بـۆڵای ئـەوان دەهاتـەوە. ڕدێنـە ڕەشـە چڕەكەی یەكپارچە قوڕی وشكەوە بوو،بوو. گروتوگوروۋ، ملە ئەستوورەكەی كە لە ملی جوانەگا دەچوو، بۆڵای ئەو وەرگێڕاو تەمەشایەكی كردو ئەوجا وەكو گوللە بەڕوویا تەقیەوە:

– شریتەكانت لە كوێ داناوە؟.. حەیوان.. بونچوك! بونچوك، ئەمەم لە كۆڵ بكەوە، دەنا دەیكوژم!

بونچوك، ڕەشاشـەكەی فـەحس كـرد. گوللـەیـەك بـەر سپـەری ڕەشاشـەكە كـەوت. بۆنچـوك، بەپەلـە بەجۆرێ دەستی كێشایەوە، وەكو ئەوەی ئاگری پێیا چزابێ. پاشان ڕەشاشـەكەی چاك كردەوە، ئیدی بەخۆی دەستی بە تیرەندازی كردو زەلامـەكانی ئالیكسییڤی، كە بێپـەروا و بـەپێوە دەهاتنـە پێشـی، ناچاركرد، كـە خـۆ بـە عاردیـدا بـدەن. ئـەوجا بەسـینگە خشـكێ لەوێنـدەر دووركەوتـەوەو بەچاو بۆ پەناگەیەك دەگەڕا.

هێـزی دوژمـن. نزیـك و نـزیكتر دەبـووەوە. خۆبەخشـەكان، بـە دووربـین بـە باشـی دەبینـران كـە تفـەنگ بەشـان دەهاتنـە پێشـێ و بـە دەگمـەن، خۆیـان پـەنا دەدا. هێرشـەكەیان زیـادی كـرد. سـێ چەكداری گاردی سوور كوژران. هاوڕێكانیان، بە سینگە خشكێ خۆیان گەیاند بوونێ، تاقم و تفەنگەكانیان هێنابوونەوە: مردوو پێویستی بە تاقم و تفەنگ نیە.

بەبەرچاوی ئاناو بونچووكەوە، كە لەپاڵ ڕەشاشەكەی كروگوروفدا، خۆیان داگرتبوو، گوللەیەك بەر كوڕێكی منداڵكاری گاردی سوور كەوت. ماوەیەكی زۆر بە ئازارەوە تلایـەوە، هەناسـەی سوار بوو، خنكە خنكی پێكەوت، لاقەكانی، كە لە بەلەك پێچاكانیا جەڕاندبوونی، لەعاردی خشاندو ئـەنجام هەسـتایە سـەر بـازووە لێـك بڵاوەكـانی، سـەری بـەرزكردەوە، كۆكەیـەكی بـۆ كـردو دوا هەناسەی داو گیانی دەرچوو. بونچوك، بەگۆشەی چاو تەمەشایەكی ئانای كرد. ترسێكی سەیر لە چاوانی درشت و ئەبڵەقی ئاناوە هەڵدەقوڵا. بێئـەوەی چاوانی بتروكێنێ، زەق زەق تەمەشای

لاقی کوڕە کوژراوەکەی دەکرد، کە لە بەلەك پێچە ڕیشالْ ڕیشاڵەکانیا جەڕی بوو، هیچ ئاگای لەوە نەبوو، کە کروگوروف هاواری لێدەکرد:

– شریتەکە!.. کوا شریتەکەم بدەیە! کچیٚ شریتێکی تازەم بدەیە!

قوەتەکەی کالیدین. پێچێکی گەورەی کردەوەو قوەتی گاردی سووری ناچار کرد کە پاشەکشە بکات. پاڵتۆی ڕەشی کرێکارەکان و پاڵتۆی سەربازی گاردێن سوور، لە کاتی پاشەکشەدا، لە کوچەو کۆڵان و جادەکانی نەخچەواندا، دەردەکەوت و پاشان لە چاو ون دەبوون.

ڕەشاشەکەی، ئەوپەڕی سەمتی ڕاست، کەوتە دەستی لەشکری سپی میخالیدی، کرێکارە یونانیەکە، بەدەستی خوێندکارێکی ئەفسەری، کە لە نزیکەوە تەقەی لێکرد بوو، کوژرا. پەیکەری یاریدە دەرەکەشی وەکو داهۆلْ، بە قەمەو سەرەنێزان کرا بە سەرەندو بێژنگ. لە مەفرەزە سیٚ کەسییەکە، تەنیا ستیپانوف، یارۆی چاپچی، توانی بە سەلامەتی دەربازببێت.

دوای ئەوەی یەکەمین تۆپ، لە کەشتیە مین ماڵەکانی سەر بە سوپای سوورەوە، تەقێنرا، ئیدی قوەتی گاردی سوور لە پاشەکشە وەستا.

ئەندامێکی کۆمیتەی شۆڕش، کە بونچوك باشی دەناسی، هاواری کرد:

– ڕیزبن! دوام کەون!

ڕیزی گاردی سوور لە هەوەڵەوە کەمێك پەشۆکا، ئەوسا وەخۆهاتنەوەو دەستیان بە هێرش کرد.

ئاناو کرتوگوروف و گورکیانتس، خۆیان بە بونچوکەوە چەسپاندبوو. لەوکاتەدا سیٚ کەس لە لە چەکدارانی گاردی سوور بەلایاندا تێپەڕین، یەکێکیان جگەرەی دەکێشا، یەکێکیان بەدەم ڕێوە قۆناغی تفەنگەکەی بەر ئەژنۆی دەکەوت، سێیەمیان، بە وردی دەیڕوانیە داوێن و پاڵدمی پاڵتۆ قوڕاوییەکەی خۆی. بزەیەکی پەشێو بە دەموچاو و سمێڵەکانیەوە سەمای دەکرد، کە دەتبینی قەت تەسەورت نەدەکرد کە بەرەو ڕووی مەرگ دەڕوات، بەڵکو وات وێنا دەکرد، لە کۆڕێکی بادەلووشی دۆستانە دەگەڕێتەوەو بە جۆریٚ تەمەشای پاڵتۆ پڕپەڵەکەی دەکات تا بزانیٚ ژنە چەتوونەکەی چ سزایەکی دەدات.

کروتوگوروف، لەپڕێکا، ئاماژەی بۆلای پەرژینێکی دوورە دەست کرد، کە خەڵکانێك بەجل و بەرگی خاکیەوە، خۆیان دەدایە پەنای و هاواری کرد:

– ئا، ئەوەتان.

– سەنگەر بگرن!

بونچوك ورچ ئاسا، دەستی دایە ڕەشاشەکە، نیشانەی گرتەوە، قرمژنی دەستڕێژی ڕەشاش دنیای پڕکرد. ئانا هەردوو گوێی خۆی گرت. بەچیچکانەوە دانیشت و، سەیری کرد جم و جوڵی دژمن لەو دیو پەرژینەکەوە، لەپڕ نەما، دوای ساتێك سپییەکان لەوێندەرەوە، دەستیان بە تەقە کرد. گوللە بە گیزو هۆڕ بە سەریاندا تێدەپەڕی و بۆ ساتێکی کەمخایەن پەردەی تاریکی ئاسمانی شەق دەکرد.

دەستڕێژی تفەنگان وەکو دەهۆڵ دەنگی دەدایەوە. قرمژنی ڕەشاش هەترەشی پیاوی دەبرد. لورەی ئەو خومپارانەی کە دەریاوانانی هێزی دەریایی دەریای ڕەش دەیان هاویشت و بەسەر جەنگاوەرەکاندا تێدەپەڕی، گوێی پیاوی کەڕ دەکرد، هەترەشی دەبردن، ناچاری دەکردن خۆ بە عاردیدا بدەن و خۆ مت بکەن. ئانا، یەکێکی گاردی سووری بینی (پیاریکی باڵا بەرز، کڵاویکی فەروی هەشترەخانی لەسەر بوو و سمێڵەکانی، بە مۆدی ئینگلیزی چاك کرد بوو) لە گەڵ تێپەڕبوونی هەر خومپارەیەکا بەسەر سەریا، بێئختبار سەری دادەنەواندو هاواری دەکرد:

– دایگرەوە، ڕوحەکەی! بیکوتە! بۆ حەوت پشتان تەمێیان بکە.

دەریاوانەکان، کەوتبوونە سەر بارەکەی، فاسیلەیان نەدەدان. هێزەکانی کالیدین، کە بڕ بڕو دەستە دەستە پاشەکشەیان دەکرد، کەوتبوونە ژێر ڕەحمەتی تۆپبارانێکی بێئامانەوەو تەواو شپرزە بوو بوون، ڕێك لەو کاتەدا تۆپێك هات و کەوتە ناوەندی جماعەتێکیانەوە، بەدەم دووکەڵێکی ڕەشەوە، هەر هەموویانی برد بە ئاسماناو پارچە پارچەی کردن.

ئانا، دووربینەکەی لەدەست کەوت و هاوارێکی کرد، بە دەستە پیسەکانی چاوانی خۆی گرت: گەردەلوولی تەقینەوەکەو مەرگی زەلامەکانی لە مەدای دووربینەکەیدا بینی بوو. گریان ئەوکی گرت. بونچوك هاواری کرد:

– چیتە؟

بە سەریا دانەوییەوە.

ئانا، دانەکانی چوون بەیەکا، چاوە درشتەکانی ئەبڵەق بوون

– تەواو، ناتوانم. لە توانامدا نەما...

بونچوك، بەدەنگی بەرز، داوای لێکرد:

– غیرەتت بێ ئانا! گوێت لێمە ئانا؟... نابێ وابی، غیرەت بنە بەرخۆت!

هەندێ لە سەربازانی پیادەی دژمن، لە قوڵی ڕاستەوە، لە دۆڵێکاو لە قەد پاڵی گردێکی بچووکدا خڕبوو بوونەوە. بونچوك پێی زانین. ڕەشاشەکەی هەڵگرت و بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە شوێنێکی لەبار، پیرە ڕەشاشی دابەست و دۆڵ و قەد پاڵەکەی بەدەستڕێژ داگرتەوە. ڕەشاشەکەی ریببیندر، بە پچڕ پچڕی و ناڕێك و پێکی تەقەی دەکرد: "تا تا تا... تا تا تاك!"

لە دووری بیست شەقاوێکەوە، دەنگێکی توورە بەرز بووەوە:

– دەستەبەرە! دەستەبەرە نیە؟... دەستەبەرە!

دەنگی دوورو درێژی سەربازێکی جارانی جەبهە کە بووبوو بە فەرماندەی فەسیل، بەرزبووەوە:

– نمرە... هەژدە! فەسیل، تەقە بکەن!

دەمەو خۆرئاوا بەفر دەستی پێکرد، نەخێر زیادی کرد، عەینی دەستپێچەکەخوری، بەدەم بایەکەوە لوولی دەخوارد و، بە سەر زەوی ماتەم زەدەدا دادەباری. لە زەرقی یەك سەعاتدا بەفرێکی ئاوداری لینج سەرانسەری کێڵگەکەو هەموو ئەو کوژراوانەی کە لەو گۆڕەو لە ناو قوڕا کەوتبوون، داپۆشی. هێزەکانی کالیدین، جگە لە پاشەکشە هیچ چارێکی دیکەیان نەما.

بونچـوك، بـه درێــژایی ئـەو تۆفەشــەوە، بـەو بـەفرە، بـەدیار ڕەشاشـەكانەوە ئێشـكی گـرت. كروتوگـوروف، جلـه ئەسـپێكی لـه شـوێنێكا دزی بـوو و خـۆی لـەو جلـه ئەسـپەوە پێچـابوو. گۆشـتێكی ڕیشـاڵ ڕیشـاڵی بێتـامی لاسـتیك ئاسـای دەجـوو، دەی تفانـدەوەو لـه ژێـر لێوانـەوە جنێـوی دەدا. گیفوركیـانتس پـەنای بردبـووە بـەر دەرگـای ماڵـه دێهاتیـەك، دەسـته شـینەوە بووەكانی خۆی بە ئاگری جگەرەكەی گەرم دەكردەوە. بونچوك لەسـەر سـەندوقێكی ئاسنجاوی فیشەكان دانیشبوو، داوێنی پاڵتۆكەی خۆی، دەدا بە سەر ئانادا كە لە سەرماندا هەڵدەلەرزی، ئانا دەستە نمدارەكانی بەچاوی خۆیەوە گرتبوون، بونچوك دەستەكانی هەڵبڕین و ماچی كردن. كۆمەڵێك وشەی ناسك و نەوازش ئامێزی، كە زمانی پێی ڕانەهاتبوو، بەگوێدا دا:

– بەسە، بەسە، ئاخر چی بووە؟ خۆ تۆ كەسێكی بەورە بوویت! جاران وانەبوویت، ئانیا گیان گوێ بگرە، غیرەت بدە خۆت! هیچ نییە، ڕادێی! ئەگەر شەهامەت ڕێگەت نادات لێرە بڕۆیت و سووریت لەسەر ئەوەی لێرە بمێنیتەوە، دەبێ خۆت بگۆڕیت. نابێ بەو جۆرە تەمەشای مردوان بكەیت... لامسەرلایی بەلایاندا تێپەڕەو تەواو.. مەیەڵە بیرت بەم لایەدا بڕوات! جڵەوی بكە. خۆت زەوت بكە.. دەزانـی وێڕای هـەموو ئـەو قسانەی دەتكـردن، خەریكـە تەبیعـەتی ژن بـە سـەرتا زاڵ دەبێت؟

ئانا، بێدەنگ بوو. دەستەكانی بۆنی خاكی پایزەو گەرمای ژنانەی لێدەهات.

تەنكە بەفرێك، نـاو بـە نـاو، وەكـو تارایـەكی ناسك و تـەنكی سپی ڕووی ئاسمـانی دادەپۆشـی. بێدەنگیــەكی خـــەواڵوی قورســی ســارد، ماڵــە دێهاتیــەكان و كێڵگــە نزیكــەكان و شــارە كــزو دامركاوەكەی پێچایەوە.

"٧"

شەڕ دە دانە ڕۆژ لە ڕۆستوف و دەوروبەری ڕوستوفدا بەردەوام بوو. لە جادەو چاوار ڕیانەكاندا شـەڕ بـوو. هێـزێن گـاردی سـوور دووجـار وێـستگەی قیتارەكـەیان بەدەسـتەوە داو دووجـاریش لـە دژمنیان گرتەوە. لەم دە ڕۆژەدا هیچ لایەك دیلیان نەبوو.

ڕۆژی ٢٦/نۆڤەمبـەر، دەمــەو ئێـوارێ، كـاتێ بونچـوك و ئانـا بـە بـەر وێـستگەی گوێزانـەوەی كەلوپەلانـدا تێدەپـەڕین. بینیـان دوو گـاردی سـوور، ئەفسـەرێكی دیـل گوللـە بـاران دەكـەن. ئانـا ڕووی وەرگێڕا. بەڵام بونچوك بە ئانای گوت:

– هـەقی خۆیـەتی! پێویسـتە ئەمانـە بكوژرێن و ڕەحمیـان پێدا نـەكرێ و نـەهێڵرێن. چونكـە ئـەوان ڕەحم بە ئێمەدا ناكەن و هەڵبەتە ئێمەش پێویستمان بە ڕەحمـی ئـەوان نیـە. ئیدی هـیچ مانایـەكی نیە لە گیانیان خۆشبین. پێویستە زەوی لەم پوخڵەواتانە پاك بكرێتـەوە. كە چارەنووسـی شۆڕش بكەوێتە مەترسییەوە، بە هیچ جۆرێ دەرفەتی سۆزو بەزەیی نامێنێ. ئەم كوڕانە هەقیانـە، كـە ئـەم ئەفسەرە دەكوژن!

بونچوك، سێ ڕۆژ لەوە دوا نەخۆش کەوت، بەڵام هەرچەندە بەردەوام دڵی تێکهەڵدەهات و ئازای بەدەنی خاو بووبووەوەو گشت جومگەکانی دێشان و سەری درینگە درینگی لێوە دەهات و هێندە قورس بوو بوو تەحەمولی نەدەکرد، یەك ڕۆژی تەواو خۆی گرت و بۆی نەکەوت.

ئەو دوو مەفرەزەیەی گاردی سوور کە بە تەواوەتی ماندوو بوو بوون، بەرە بەیانی ڕۆژی ٢/ك١ شاریان بەجێهێشت و هەڵاتن. ئاناو کروتوگوروف، ژێر باڵی بونچوکیان گرتبوو و بەدوای ئەو عەرەبانەیەدا، کە ڕەشاشێك و بریندارەکانی هەڵگرتبوو، دەڕۆیشتن. وەزعی بونچوك بەردەوام خراپتر دەبوو، زۆر بە زەحمەت خۆی پێبکێش دەکرا. وەکو یەکێك بەدەم خەوەوە بڕوات، بەو ئاوایە سست و خاو هەنگاوی هەڵدەهێنا. کە نیگا گەش و نیگەرانەکانی ئانای دەبینی، وایدەزانی لە دووری دوورەوە تەمەشای دەکەن. دەنگی وەکو ئەوە بوو لە دوورەوە بگەنە گوێی:

– ئیلیا، سواری عەرەبانەکە ببە، ئیلیا گوێت لێمە؟ ئیلیا تێدەگەی چیت پێدەڵێم؟ تکا دەکەم سواربە، ئاخر زۆر نەخۆشیت.

لێ بۆنچوك لە قسەکانی ئەو نەدەگەیی و نەیدەزانی کە تووشی تیفۆ (گرانەتا) بووە. دەنگە ئاشنا و نائاشناکان وەکو ئەوە بوون لە شوێنێکی دووری دوورەوە بێن و بە ئاستەم لە دەرگای گوێی ئەو بدەن. چاوە ڕەشەکانی ئانا، لە بەر چاویا، ئاشقانە و نیگەران لە دوورەوە پرشنگیان دەدا. ڕدێنی کروتوگوروف، لە بەرچاویا لە دوورەوە، وەکو دێوێك دەجوڵا.

بونچوك، سەری دەخستە نێو هەردوو دەستی. دەستە گەورەکانی دنا بە دەموچاوە گەرمەکەیەوە، دەموچاوی گڕی لێدەبووەوە، وای هەست دەکرد خوێن لە چاوانی دێت. پەردەیەکی نادیار سەرانسەری دنیای لێ دابڕیوەو دنیا لە ژێر پێیەکانیا دەخزێت و دەڕوات. دیمەن و وێنەی سەیرو باوەڕنەکردەنی دەهاتنە بەرچاوی. ناو بە ناو دەوەستا. لە هەنبەر کروتوگوروفدا دەوەستایەوە کە هەوڵیدەدا بیخاتە عەرەبانەکەوە. دەستی لە دەستی ئانا ڕادەپسکاندو هاواری دەکرد:

– نا! بوەستە!... تۆ کێی؟ ئانا لە کوێیە؟ کلۆیەك خۆڵم بدەیە. دەبێ ئەمانە قەتڵ و عام بکرێن. بە فەرمانی من، ڕووی ڕەشاشەکەیان تێبکە!... بوەستە! زۆر گەرمە!

بە تۆبزی هەڵیانگرت و لە عەرەبانەکەیان نا. دوای تۆزێك ئاوێتەیەك لە بۆنی جیاوازی بەسەرا هات. بە ترسێکی زۆرەوە هەوڵیدەدا وەخۆبێتەوەو خۆی زەوت بکات، بەڵام نەیتوانی. بۆشاییەکی ڕەش و کپ باڵی بەسەرا کێشا. هەتاو لە شێوەی تیلماسکە ڕوناکیەکی سپیواژی ئامال شیندا بە بەرزایی ئاسمانەوە، لە بەرچاویا سەمای دەکردو شەلاقی سوورو پڕ پێچاو پێچی برووسکان، پێکیاندا دەدا .

"٨"

چلوورەو شووشە سۆڵی لە کاوکۆتا زەرد هەڵگەڕاو، لە سەربان و گوێسەبانەکانەوە دەکەوتە خوارێ و شووشە ئاسا دەشکا. لەگەڵ توانەوەی بەفرو بەستەڵەکاندا، گۆلاو و ساکە ئەرزی ناو گوندەکە دەرکەوتنەوە. گاوگۆتاڵ و ماڵات، کە هێشتا جلی زستانەیان پێوە بوو، بە دەم مڵ و موش و بۆنکردنەوە، بە ناو کوچەو کۆڵانان کەوتن. چۆلەکەو تەیروتو، وەکو ئەوەی لە بەهارا بن،

بەو ئاوایە کەوتنە جریوە جریوو خوێندن، لە ناو حەوشەو بانان کەوتنە چینە. مارتین شامیل، لە مەیدانی گوندا. دوای ئەسپێکی سوورخنی قەڵەو کەوتبوو کە لە تەویلە هەڵاتبوو. ئەسپەکە، کلکە درێژ و چڕەکەی بەرز دەکردەوە، یاڵی پەرێشانی دابووە دەست بایەکەو جووتەی دەوەشاندو، بەدەم سمکۆڵانەوە، بەفرە تەڕەکەی بەچوار دەوری خۆیدا بەبا دەکرد و بە دەوراو دەوری مەیدانەکەدا هەڵی دەتیزاند. پاشان لەبەر حەوشەی کڵێساکەدا وەستا. کەوتە بۆنکردنی کەرپووچی(خشتی سوور) دیواری کڵێساکە. وەستا تا خاوەنەکەی تەواو لێی نزیک بووەوە، بەچاوە وەنەوشەییەکانی ڕوانیە ئەو هەوسارەی کە بەدەست خاوەنەکەیەوە بوو، ئەوجا خۆی کۆکردەوەو شێتانە هەڵیتیزاند وهەڵیکردە چوارناڵە. لە مانگی کانوونی دووەمدا، دنیا بە هەورو بڕێك گەرم بوو. قوزاقان دەیانڕانیە ڕوباری دۆن و پێشبینی لافاو و سێڵاوی پێشوەختەیان دەکرد. ئەو ڕۆژە میرون گریگوروفیچ، ماوەیەکی زۆر لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەیا، مایەوەو دەیڕوانیە مێرگ و کێڵگە دوورەکان کە لە ژێر بەفرا سپی دەچوونەوە. ڕوانیە دۆن کە یەکپارچە سەهۆڵ و بەستەڵەکی سەوزی کەوەیی بوو. لەدڵی خۆیدا گوتی: "لەوە دەچێ ئەمساڵیش وەکو پار لافاو و سێلاو تەنگمان پێ هەڵبپچنێ و بەر دەرکەمان پێبگرێت. عەردو بەرد هەر بەفرە، تا چاو هەتەربکات هەر بەفرە! بەفر، بەفر، نەبڕیاوە! بەفرێکی هێندە ئەستوور کەوتووە، ئەرز هەڵی ناگرێت، لە ژێر ئەو بارە قورسەدا هەناسەی بۆ نادرێت."

میتکا، قەمسەڵەیەکی خاکی لەبەر کردبوو و تەویلەی ماڵاتەکەی پاك دەکردەوە، کڵاوە فەروە سپییەکەی بەجۆرێ بە پشتا کەوتبوو، پیاو نەیدەزانی چۆن بەسەریەوە وەستاوەو ناکەوێت. قژە زبرە ئارەقاویەکەی بەسەر هەنیەیدا ڕژابوو، بەدەستە پیسەکانی کە بۆنی شیاکەو تەرسی لێدەهات، هەڵیدایەوە. بزنێکی تووکن، لەبەر دەرگاکەدا، لە سەر کۆمەڵێك پاشەڕۆی یەخبەستەی حەیواناتدا، سمکۆڵانی دەکرد. مەڕەکان خۆیان بە پەرژینەکە دەخوراند. بەرخێك کە لەدایکی گەورەتر بوو، هەوڵیدەدا گوانی بمژێت، بەڵام دایکەکەی بەر کەللەی داو لەخۆی دووری خستەوە. بەرانێکی ڕەشی قۆچ لوول، لە سووچێکا خۆی بە هەوجارێك دەخوراند.

تاژیەکی زەلامی دەمو قەپۆز تووکنی، زەرد بەڵەك. لەبەر دەرگا قوڕاویەکەی عەماری دانەوێڵەکەدا. لە بەر هەتاوەکە وەرکەوتبوو. تۆڕو پەتێن ماسیگرتن، بە دیوارەکانەوەو لەژێر گوێسەبانەکاندا هەڵواسرا بوون. باپیرە کریشاکا، لەوێدا وەستا بوو، خۆی دابوو بەسەر گالۆکەکەیداو دەیڕوانیە تۆڕەکان، دیار بوو بیری لە هاتنی بەهارو پینەو پەڕۆو چاککردنی تۆڕەکان و ڕاوە ماسی دەکردەوە.

میرون گریگوروفیچ، سەرێکی کادێنەکەی دا، تەمەشایەکی وردی ئەو گیشە گیایانەی کرد کە مابوونەوە. خەریك بوو بە سێ لقە ئەو پووشە زوڕاتانەی کۆدەکردەوە کە بزنەکان بڵاویان کردبووەوە. لەوکاتەدا هەندێ دەنگی بێگانەی هاتە گوێ، سێ لقەکەی (شەنەی ئاسن) هەڵدایە سەر گیشەکەو چوو بۆ ناو حەوشە.

میتکا، ڕاوەستا بوو، لاقەکانی لێکدی بڵاو گرتبوون، کیسە توتنە گوڵدۆزیەکەی کە دیاریی ماشقەکەی بوو، بە دوو قامکان گرتبوو و خەریك بوو سیغارێکی دەپێچایەوە. خریستونیاو

ئیڤان ئالیکسییوفیچ لەگەڵیا وەستا بوون. خریستونیا، لە تویێی کاسکێتە شینەکەیا، کە تایبەت بوو بە سەربازانی کەتیبەی ئاتامانسکی، دەفتەرێکی پەڕەی سیغاری چڵکنی دەرهێنا. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە شانی بەلاشیپانەی دەرگا تەختەکەی حەوشەوە دابوو، دوگمەکانی پاڵتۆ عەسکەریەکەی کرابوونەوە، پەیتا پەیتا گیرفانی پانتۆڵە عەسکەریەکەی دەگەڕا. جۆرە تووڕەیی و خەمینییەك بە سیمای تازە تاشراوو چاڵی چەناگەیەوە دیار بوو. لەوە دەچوو شتێکی بیرچووبێ یان ون کردبێت.

خریستونیا گوتی:

– میرون گریگوروفیچ. هیوادارم شەوێکی خۆشت لێگوزەرابێ!

– لەخوا بە زیادبێ!

– نا فەرمووی سیخارێکمان لەگەڵدا بکێشیت؟

– خوا ڕاوەستاوتان بکات، تازەم فڕێ دا.

میروف گریگوروفیچ، تەوقەی دەگەڵ کردن، کڵاوە فەرووە ئەستەڕ سوورەکەی داکەند و قژە سپییە بژەکەی ڕێکخستەوەو بە دەم بزەیەکەوە گوتی:

– ئێ، سەربازانی گارد، خێرە وا ئەمڕۆ لەم ناوە پەیدا بوون؟

خریستونیا، تەمەشایەکی سەراپای کرد. یەکسەری وەڵامی نەدایەوە. زمانە زل و زبرەکەی، کە لە زمانی گا دەچوو، چەند جارێك خوارو ژوور بە پەڕە سیخارەکەیدا هێنا، پاش ئەوەی سیخارەکەی پێچایەوە، بە دەنگە گڕەکەی بەرسڤی دایەوە:

– ئەوەی ڕاستی بێ کارمان بە میتکا هەبوو.

باپیرە گریشاکا، بەپێ خشکی. لە کاتێکا تۆڕی ماسیگرەکەی دابوو بەسەر قۆڵیا، بە بەرانبەریاندا تێپەڕی. ئیڤان ئالیکسییوفیچ و خریستونیا، بەڕێزەوە کڵاوەکانیان داگرت و سڵاویان لێکرد. باپیرە گریشاکا، تۆڕەکەی تاسەر قاڵدرمەکانی بەردەرگاکە برد، لەوێ داینا و پاشان بۆلای ئەوان گەڕایەوە.

– سەربازینە، خێرە وا لەماڵەوە داتان کوتاوە؟ باخەڵی ژنەکانتان زۆر گەرمە، وا خۆشتان لێ هاتووە؟

خریستونیا گوتی:

– بۆچی؟

–خریستونیا تۆ وس بە! نەڵێی نایزانیت!

خریستونیا سوێندی بۆ خوارد:

–خوا شایەدە نایزانم، بە هەقی خاچی پیرۆز نایزانم باپیرە.

– چەند ڕۆژێك لەمەپێش، یەکێك لە فورونیچەوە هاتبوو، بابایەکی بازرگان بوو، نازانم ناسیاوی سیرگی پلاتونوفیچ موخوف بوو، یان خزمی بوو. لێم ئەسەح نیە. دەیگوت لە چرتکوف، سوپایەکی بیانی، کە پێدەچێ بەلشەویکەکان بن، خڕبوونەتەوەو لەوانەیە ڕووسیا بەو زوانە پەلامارمان بدات و ئێوەش بێخەم و خەیاڵ، لە ماڵی خۆ پاڵتان لێداوەتەوە! ئەدی تۆ میتکا، هەی

کوڕی کەر، گوێت لێیە؟ بۆچی دەمت تێکناوەو هیچ ناڵێی؟ تۆ چ دەڵێی؟ ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەپێکەنینەوە گوتی:

– ئێمە، نە ڕەئیمان هەیەو نە ئەقڵ.

باپیرە گریشاکا، تووڕە بوو:

– نەگبەتیەکە لەمەدایە کە بیر لەمە ناکەنەوە! بە ڕاستی شەرمە بۆ ئێوە! کاتێ بەخۆ دەزانن وەکو کەو دەتانخەنە داوەوە. فەلاح و جووتیاران پەلامارتان دەدەن و هەمووتان بەدیلی دەگرن و هەنگێ خۆتان دەبیننەوە!

میرون گریگوروفیچ، ژێراو ژێر بزەیەکی کرد. خریستونیا بە دەست، کەوتە خوراندنی دەموچاوە ڕیشنەکەی کە لە مێژ بوو نەی تاشی بوو. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەدەم سیخارکێشانەوە تەمەشای میتکای دەکرد. پرشنگێکی سەیر بەچاوانی میتکاوە، کە لەچاوی پشیلە دەچوون، دەبینرا، کوڕم دەویست بزانێ کە ئایا چاوە ئامال کەسکەکانی پێدەکەنن یان ڕق و کینەیەکی لەبن نەهاتوویان لێوە هەڵدەقوڵێ.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ و خریستونیا، پاش ئەوەی ماوەیەکی دی بە دەم قسانەوە مانەوە، ئەوسا خواحافیزیان لە پیرەمێرەکان کردو ڕۆیشتن.. کە گەیینە بەر دەرکە چکۆلەکە میتکایان بانگکرد، ئیڤان ئالیکسییوفیچ بە توڕەیی لێی پرسی:

– بۆچی دوێنێ نەهاتیت بۆ کۆبوونەوەکە؟

– وەختم نەبوو.

– بەڵام وەختت هەبوو بچی بۆ ماڵی میلیخوف ها!

میتکا، بە توندی سەرێکی لەقاند، کڵاوە فەرووەکەی تا سەر هەنیەی هات. بە تووڕەییەکی پەنهانەوە گوتی:

– نەهاتم و تەواو، جارێکی دیکەش باسی نەکەن.

– هەر هەموو سەربازانی گوند، ئەوانەی لە شەڕگە گەڕاونەتەوە، جگە لە تۆو پیوتەر میلیخوف لەوێ بوون. بڕیارمان دا چەند نوێنەرێك لەجیاتی هەموو گوند بۆ کامنسکایا بنێرین، تا لەوێ، لەکۆنگرەی سەربازانی دێریندا، کە لە ڕۆژی دەی کانوونی دووەمدا دەبەسترێ بەشداری بکەن. تیروپشکیان کرد، ئێمە هەرسێکمان من و تۆو خریستونیا دەرچووین.

میتکا، بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– من ناڕۆم.

خریستونیا، تووڕە بوو، کردی بە دوگمەی قەمسەڵەکەیاو گوتی:

– ئەوە چ دەڵێی؟ دەتەوێ خۆت لە هاوڕێکانت جیا بکەیتەوە، ئێمەت بەدڵ نیە، لە ئێمە زیاتری؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، گوتی:

– خۆی و پیوتەر میلیخوف تەگبیریان کردووە. دوو دەستن لە یەك دەستکێشدا...

ئەوسا قۆڵی پاڵتۆ عەسکەرییەکەی خریستونیای ڕاکێشاو لەکاتێکا بە ئاشکرا ڕەنگی تێکچوو گوتی:

– با بڕۆین. چ بکەین لێرە. میتکا کەواتە ناڕۆیت ها؟

– نەخێر، یەکجار گوتم ناو، بڕایەوە.

خریستونیا، سەری وەرگێڕاو گوتی:

– کەواتە خواحافیز! سەرکەوتوو بیت.

– خواحافیز.

میتکا، بێئەوەی تەمەشای چاوانی بکات ،تەوقەی دەگەڵ کردو ئەوسا وەرچەرخاو ڕووی کردە ماڵەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ لەبن لێوانەوە گوتی:

– کرێتی چەپەڵ!

بەدەم ئەو قسەیەوە پەڕەکانی کەپووی کەوتنە لەرزین. جارێکی دی لەپشتەوە ڕوانیە میتکا، کە دوور دەکەوتەوە، بە دەنگی بەرز گوتی:

– کرێتی چەپەڵ، سیسە مارە!

لەسەر ڕێگای خۆیانەوە، کە بۆ ماڵ دەڕۆیشتنەوە، تووشی هەندێك لەسەربازانی شەڕگە بوون، پێیان ڕاگەیاندن کە کورشونوف لەگەڵیانا ناڕوات و ئەمان سبەینێ بە دوو قۆڵی دەڕۆن و بەشداری کۆنگرەکە دەکەن.

سپێدەی ڕۆژی ٨/ك٢، لە گوندی تاتارسکیەوە وەڕێکەوتن. یاکوڤ ناسراو بە ناڵە ئەسپ، قەولی دا کە خۆبەخش بیان گەیەنێتە کامینسکایا. دوو ئەسپی خۆشبەزو بەقوەتی لە خزاگەکەی بەست بوو، بەپەلە لە گوندی وەدەرکەوتن و گەیینە پای گردە بەرزەکە. جادەکە بە هۆی توانەوەی بەفرو بەستەڵەکەوە. تەواو دەرکەوتبوو. تیغەی ژێر خزاگەکە لە قوڕ دەچەقین و زۆر بەزەحمەت و ناڕێکی دەڕۆیی. ئەسپەکان بەزەحمەت بۆ پێشەوە تەکانیان دەداو خزاگەکەیان ڕادەکێشا. هەرسێ زەلامەکە لە دوای خزاگەکەوە ڕێیان دەکرد. یاکوف (ناڵە ئەسپ) بەدرێژایی ڕێگا، بەسەر بەفرو سەهۆڵەکەدا دەڕۆیی و سەهۆڵەکە لە ژێر چەکمەکانیا قرچە قرچ دەشکا. کزەبای ساردی ئەو بەرەبەیانە زووە، دەیدا لە دەموچاوی و هەموو دەموچاوی، جگە لەو پەڵە هێلکەییە شینەی بە دەموچاویەوە بوو، سووری سوور بوو بووەوە. خریستونیا، کە لە ساڵی ١٩١٦دا لە نزیکی دوبنۆ، گازی ئەڵمانی لێی دابوو، سیپەلاکی ئاسێوی دیتبوو، بە قەراخ جادەکەدا و بە نێو بەفرو بەستەڵەکەکەدا، بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕا و بە هەموو هێزو قوەتی خۆیەوە هەناسەی هەڵدەکێشا و هەستی دەکرد، خەریکە دەخنکێ.

کە لە هەورازەکە سەرکەوتن، بایەکە توندتری کرد، دنیا ساردتر بوو. هەرسێکیان بە بێدەنگی ڕێیان دەکرد. ئیڤان ئالیکسییوفیچ سەرو دەموچاوی لە یاخەی پۆستینەکەیەوە پێچا بوو. ئەو بێشە چکۆلەیەی کە هێشتا دوور دیاربوو، بەرە بەرە نزیك دەبووەوە. جادەکە بە نێو بێشەکەدا دەڕۆیی و دەگەییە سەر گردێك. بایەکە بە گڤ و هوڕ خۆی بە نێو بێشەکەدا دەکردو لە تۆ وایە هاڕەو هاژەی ڕوبارێکی نادیارە. قەدی گرێ گرێیاوی دار بەڕووەکان، تویژاڵێك گەردو تۆزی زەردیان لێنیشتبوو و لە تۆ وایە ژەنگیان گرتووە. قەلە ڕەشێك لە دووری دوورەوە دەیقیڕاند.

دوای تۆزێك بەدەم فڕینەوە بەسەر جادەکەدا تێپەڕی. بایەکە ڕێگەی پێدەگرت و ناچار دەبوو سەمتی خۆی دەگۆڕی، پەڕەکانی بەدەم بایەکەوە گڤ دەبوونەوە و بە ئاسمانەوە دەبریقانەوە.

"تاڵە ئەسپ" کە لەوەتای لە گوندی وەڕێکەوتبوون هیچ قسەیەکی نەکرد بوو، ڕووی کردە ئیڤان ئالیکسییوفیچ و بەکاوەخۆ، نەرم نەرم کەوتە قسان، هەر وشەیەکی بەجیا دەردەبڕی، پێدەچوو، دەمێ بێ وشە و ڕستەکانی لەدڵی خۆیدا، ئامادە بکات، گوتی:

– هەوڵبدەن لە کۆنگرەدا. مەسەلەکان بەلای شەڕو جەنگا نەشکێتەوە، چونکە کەس تاقەتی شەڕی نەماوە.

خریستونیا، کە بە هەستی خۆزیاخوازی و بەغیلییەوە، دەیڕوانیە فڕینی قەڵەکەو لەدڵی خۆیدا ژیانی خۆش و بێخەم و خەیاڵی باڵندانی دەگەڵ ژیانی ئادەمیاندا بەراورد کرد، قسەکەی ئەوی سەلماند و گوتی:

– هەڵبەتە.

دەمەو ئێوارەی ڕۆژی ١٠/ك٢ گەیینە کامنیسکایا. ئاپۆڕای قوزاقان،بە جادەکانا، بەرەو ناوەندی شار پەل دەبوونەوە. جم و جوڵێکی فرە بە هەموو شوێنێکەوە دیار بوو. ئیڤان ئالیکسیوفیچ و خریستونیا، چوون بۆ ئەوماڵەی کە گریگۆری میلیخوڤ تیا بوو. ماڵەکەیان دۆزییەوە، بەڵام خۆی لەماڵ نەبوو. خاوەن ماڵەکە، کە ژنێکی قژ زەردی گۆشتن بوو، پێی گوتن کە کرێچییەکەی چووە بۆ کۆنگرە.

خریستونیا پرسی:

– باشە، ئەم کۆنگرەیە لە کوێیە؟

ژنەی خاوەن ماڵ، بەرسڤی دایەوە:

– یان لە بینای ناحیەیە یان لە پۆستە خانەکەیە.

ئەوجا، دەرگاکەی تەق بە ڕوویاندا داخست. کە گەیینە ئەوێندەر، کۆنگرە دەستی پێکرد بوو. هۆڵە گەورەکە کە تەنیا یەك پەنجەرەی هەبوو، لە خەڵکیدا جمەی دەهات، جێگەی هەموو نوێنەرەکانی تیا نەدەبووەوە. قوزاقەکان، لەسەر قاڵدرمە و لە ڕاڕەو و لە ژوورەکانی تەنیشتەوە کەڵەکە بوو بوون. خریستونیا بە ئەسپایی بە ئیڤانی گوت:

– بەدووی منا وەرە.

ئەوجا بە ئانیشکان کەوتە دڕدانی خەڵکەکە. ئیڤان ئالیکسیوفیچ دوای کەوت و خۆی کرد بەو باریکە ڕێگایەدا کە ئەو لە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا دەیکردەوە. لە نزیکی دەرگای هۆڵی کۆنگرەکەدا، قوزاقێك کە بە زمانیا دیار بوو خەڵکی دەڤەری دۆنی ژێرییە وەکو تاوێر لە بەردەم خریستونیادا چەقی و بە توندی پێی گوت:

– لەسەرخۆ برادەر، ئەوە چییە!

– دەباشە، ڕێمبکە با بڕۆم.

– ئەگەر لێرە بوەستی باشترە. مەگەر نابینی لە ژوورەوە جێ نیە.

– ڕێکە بابچینە ژوورەوە فیسقە گولە، دەنا پان و پلیشت دەکەمەوە. زۆر بە ئاسانی کابرای قوزاقی کورتە باڵای هەڵگرتوو کە ناری خست و درێژەی بە ڕێگای خۆی دا.

– چ ورچێکە!

– لە ملهوڕەکانی گاردە!

– شەقاوەیە، دەتوانێ یەك تۆپی چوار ئینجی بخاتە سەرشانی و بیباو هەر بەخۆیشی نە زانێ.

– بینیت چۆن لە شوێنی خۆی بەرزی کردەوە؟

ئەو قوزاقانەی کە لەبەر دەرگاکە کەڵەکە بوو بوون، بە دەم زەردەخەنەوە، زۆر بە ڕێزەوە دیانڕوانیە خریستونیا کە سەرو گەردنێك لە هەموویان بەرزتر بوو.

گریگۆری نزیکی دیوارەکەی ئەوسەری هۆڵەکە بە چیچکانەوە دانیشتبوو. بەدەم سیغارکێشانەوە گفتوگۆی دەگەڵ نوێنەری کەتیبەی سی وپێنجدا دەکرد، کەچاوی بە هاوشاریەکانی خۆی کەوت. سمێڵە شۆڕە ڕەشە خەڵوزییەکانی بەدەم بزەی شادیەوە کەوتە بسکە بسك.

– ئەوە چیە، لەکوێوە پەیدابوون؟ مەرحەبا ئیڤان ئالیکسییوفیچ، هاپو خریستونیا، چۆنی حاڵت باشە؟

خریستونیا دەستی گریگۆری خستە نێو هەردوو دەستە گەورەکانی خۆی و بەپێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:

– باشم، بەڵێ عەیبم نیە.

– ئەدی خەبەری ماڵی ئێمەتان هەیە، باشن؟

– لەخوا بە زیادبێ، هەموو باشن. هەموو سڵاویان هەبوو بۆت. باوکت دەیگوت بچیت سەرێکیان بدەیت.

– ئەدی پیوتەر چۆنە؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بزەیەکی بە تەشەرەوەی کرد و گوتی:

– پیوتەر... پیوتەر لەگەڵ ئێمەماناندا نیە.

– دەزانم. ئەدی ناتالیا، منداڵەکانی؟ بەم زوانە دیتوتانن؟

– هەموویان باشن. سڵاویان لێدەکردی، بەڵام باوکت لەمە ناڕەحەتە کە...

خریستونیا، دەیڕوانیە دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەکە کە لەپشت مێزێکەوە دانیشتبوون. هەرچەندە لە دوای دواوە بوو، بەڵام زۆر بە باشی هەموویانی لێوە دیاربوون. گریگۆری، ئەو سووکە پشووەی، کە لەکاتی کۆنگرەکەدا پێیان درا بوو، قۆزتەوەو زۆر شتی دی لێپرسین. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، باسی هەواڵی گوندی بۆ گێڕایەوە، زۆر بە کورتی باسی کۆبوونەوەی سەربازانی دێرینی شەڕگەی بۆ کرد کە چۆن ئەو و خریستونیایان بە نوێنەرایەتی خۆ بۆ ئێرە نارد بوو. بەڵام کاتێ کە ویستی پرسیاری وەزع و حاڵ و باردودۆخی کامنسکایا لە گریگۆری بپرسێت، یەکێك لەوانەی کە لەپشت مێزەکەوە دانیشتبوون، ڕایگەیاند:

– گەلی قوزاقان، ئێستاش نوێنەری کرێکارانی کانەکان قسان دەکات. تکایە بەوردی گوێ بگرن و ئارامی هۆڵەکە ڕەچاوبکەن.

کابرایەکی دەستە باڵا، قژە زەردەکەی کە هاتبووە سەرشانی ڕێکخست و دەستی بە قسان کرد. ژاوەژاوی دەنگی ناو هۆڵەکە کە زیاتر لە وزە وزی مێش هەنگ دەچوو، یەکسەر بڕاو نەما. گریگۆری و قوزاقەکانی دیکە، هەر لەیەکەم وشەوە پەیان بە دروستی قسەکان و قووڵی بیروبۆچوونەکانی یارۆی نوێنەری کرێکارانی کانەکان برد. باسی سیاسەتی خیانەتکارانەی کالیدینی کرد کە قوزاقەکانی بۆ شەڕی دژی کرێکاران و جووتیارانی ڕووسیا هاندەدا. باسی بەرژەوەندی هاوبەشی قوزاقان و کرێکارانی کرد، باسی مەبەست و ئامانجی بەلشەویکانی کرد کە بۆچی دژی قوزاقانی ئەنتی شۆرش دەخەبتین.

– ئێمە دەست بۆ قوزاقانی زەحمەتکێش درێژ دەکەین، هیواداریین لە خەباتی خۆمانا، دژ بە دارو دەستەێن گاردی سپی، لە نێو جەنگاوەرانی قوزاقانی دێرینی شەڕگەدا، دۆست و لایەنگری دڵسۆز و بە ئەمەك پەیدابکەین. کرێکاران و قوزاقان لە بەرەکانی شەڕی تزاریدا، پێکەوە گیانی خۆیان بەخت کردووە و خوێنی خۆیان شاباش کردووە. جا پێویستە لە جەنگی ئەو جووجە بورژوایانەدا کە لە ژێر پەڕو باڵی کالیدیندا سەریان لە هێلکە دەرهێناوە، پێکەوە بین و هاوسەنگەر دژیان بوەستینەوە!

ئەوسا بەدەنگێکی بەرزی شەیپور ئاسا لەسەری ڕۆیی:

– جا ئێمە دەست لە دەستی یەکدیدا، دژی ئەو کەسانە دەوەستینەوە کە سەدان ساڵە زەحمەتکێشان دەچەوسێننەوە.

خریستونیا، لەبن لێوانەوەو، بەجۆش و خرۆشەوە گوتی:

– قەحبە دایکە! باشی تەزاندن!

بەجۆرێ ئانیشکی گریگۆری گوشی، کە گریگۆری لە ئازارا چارەی گرژ کرد.

ئیڤان ئالیکسیوفیچ، بەدەم گوێگرتنەوە، زاری بەش کردبووەوەو لێکدا لێکداو لەبن لێوانەوە دەیگوت:

– ڕاستە! ئەمەشیان ڕاستە!

پاش ئەوەی نوێنەری کانەکان لە قسەکانی بووەوە، کرێکارێکی دیکەی کانان هەستا، پیاوێکی باڵا بەرز بوو، وەکو شەنگە بی بەربا، بەدەم ڕێگاوە لەنجەی دەکرد، لەسەر تریبۆنەکە وەستا، قەدی ڕاست کردەوە، چاوی بڕییە ئەو هەموو چاوەی لە هۆڵەکەوە تەمەشایان دەکرد، ماوەیەکی باش چاوەڕوانی کرد تا ژاوە ژاوی ناو هۆڵەکە بنیشێتەوە. وەکو کندڕی بەستنەوەی کەشتیان مکوم و بەتین دیاربوو. دەموچاوی هەر گەردو تۆزی زوخاڵ بوو، کە تەمەشات دەکرد سەوز دەینواند، لە تۆ وایە بە ڕوحی گۆگرد شۆردویانە. چاوە مات و بەقوڵا چووەکانی هەمان ڕەنگ و پرشنگی زوخاڵیان هەبوو. قژێکی کورتی هەبوو، سەرێکی لەقاند، کۆڵە مستی بەرزکردنەوە، لە تۆ وایە کولینگ و چەکوشان دادەوەشێنێ، گوتی:

– کێ لە بەرەکانی شەڕدا، سزای ئیعدامی بۆ سەربازان دانا؟ کورنیلوف. کێ یارمەتی کالیدین دەدات کە خەفەمان بکات؟ کورنیلوف!

یارۆی وتار بێژ، ئاهەنگی وتەکانی خێراتر کردو لەناکاوا هاواری کرد:

– گەلی قوزاقان! براینۆ! براینۆ! ئێوە لایەنداری کێ دەکەن؟ کالیدین، دەیەوێ ئێمە خوێنی برایانی خۆمان بخۆینەوە. نا، نا، دەبێ ئەم ئاواتە ببەنە گۆڕەوە. گسکیان دەدەین! ئەم مارە حەوت سەرانە تووڕ دەدەینە دەریاوە!

خریستونیا کە بسکەی سمێڵی دەهات و لە کەیفان دەمی داچەقاند بوو. دەستەکانی هەڵگڵۆفتن و گوتی:

– دەك بتڕەژم!

ئەوجا خۆی پێنەگیراو بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– ئەوەیە قسە... بڕۆ، دایان پڵۆسە!

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە تووڕەبوونەوە گوتی:

– دەمت داخە خریستونیا، ئەوە چیتە؟ ئاگادار بە دەنا بە شاپان لە هۆڵەکەت دەکەنە دەرێ!

ئەوسا لاگوتین، کە قوزاقێکی خەڵکی بوکانوفسکی و سەرۆکی بەشی قوزاقی سەر بە لیژنەی مەرکەزی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران و سەربازانی سەرانسەری ڕووسیا بوو، لە ماوەی دووەمی کۆبوونەوەکەدا، بە قسەکانی، هەرچەند کەمێك پچڕ پچڕ بوون، بەڵام کاریگەربوون، هەموو قوزاقەکانی هێنایە جۆش. دوای ئەوە نۆرەی پودتیلکوف، سەرۆکی کۆبوونەوەکە هات، دوای ئەو شچادنکۆ، کە گەنجێکی قۆز بوو و، سمێڵێکی چکۆلەی، ئینگلیزی مۆدی دانا بوو، قسەی کرد.

خریستونیا، بازووی خۆی کە لەخڕماشەی باخەوان دەچوو بەرزکردەوەو لە گریگۆری پرسی:

– ئەوە کێیە؟

– شچادنکویە، یەکێکە لە ڕابەرانی بەلشەویك.

– ئەدی هۆوە؟

– ماندلستام.

– کوێندەریە؟

– مۆسکۆییە.

خریستونیا، ئاماژەی بۆ لای دەستەیەك لە نوێنەرانی فورونوفیچ کردو پرسی:

– ئەدی هۆوانە؟

– خریستونیا، کەمێك بێدەنگ بە.

– ئەی خوایە. باشە نابێ بزانم کێن؟ بڵێ بزانم ئەوەی لەلای بودتیلکوفەوە دانیشتووە، ئەو درێژە، ئەوە کێیە؟

– ئەوە کریوشلیکوفە، خەڵکی دەڤەری ئالانسکایایە، گوندی گورباتوف، ئەوانەی پشتی ئەویشەوە جماعەتی خۆمانن، کودینوف و دونتسکوف.

– تەنیا یەك پرسیاری دی... ئەدی ئەو یەکە..؟ نەخێر. ئەوەنا. ئەوەی دوای دواوە، ئەوەی کە قژەکەی بەسەر هەنیەیدا ڕژاوە؟

– ئیلیسیف... نازانم خەڵکی کوێیە.

خریستونیا، خۆشحاڵ بوو، بێدەنگ بوو. زۆر بە وردی گوێی بۆ قسەی هەموو گوتار بێژە تازەکان دەگرت و لەپێش هەموو گوێگرەکانی دیکەوە، بەدەنگە بەرزەکەی خۆی هاواری دەکرد: "دروستە، قسەی تۆیە!"

دوای یارۆی قوزاق، بەلشەویکێك بە نێوی ستیوخین، نوێنەری کەتیبەی چل و چوار، دەستی بە قسان کرد. وشەو ڕستە خاو و زبرەکانی لە گەرویا دەگیران، هەر وشەیەکی دەگوت لە تۆ وایە پشکۆ و ئەسکڵە و دەموزاری دەسووتێنێ، ئەوجا دەوەستاو هەناسەیەکی دەدا. بەڵام قوزاقەکان بە مەحەبەت و سۆزەوە گوێیان لێدەگرت، جارجار بە هورای تەئید ئامێزەوە قسەکەیان دەبڕی. دیار بوو، قسەکانیان زۆر بەدڵ بوو. بە ئەسپایی، وەکو یەکێك زمان بگرێت، گوتی:

– براینە! کۆنگرەکەمان، پێویستە ئەم پرسە هەستیارە بەجۆرێ چارەسەر بکات کە سەریەشە بۆ خەڵکی دروست نەکات و کارەکە زۆر بە باشی و بە هێمنی کۆتایی بێت. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەمەیە کە دەبێ تا دەکرێت خۆمان لە شەڕو خوێنرێژی دووربگرین. هەرچۆنێ بێ چارەسەرێکی ئاشتیانە بدۆزینەوە. وەکو دەزانن سێ ساڵ و نیوە لە سەنگەردا دەژین، ئەگەر قەرار بێ سەرلەنوێ دەست بەشەڕ بکەینەوە، ئەوا دڵنیاتان دەکەم کە قوزاقەکان بێزار بوون... شەڕبە قازانجی ئەوان نیە..

– دروستە!

– دەقاو دەق وایە!

– ئێمە شەڕمان ناوێ!

– دەبێ هەم دەگەڵ بەلشەویکەکانداو هەم لەگەڵ سوڤیەتی سوپایی ناوچەکەش گفتوگۆ و هەماهەنگی بکەین.

– دەبێ پێکەوەو دۆستانە ئەم پرسە چارەسەر بکەین... بە قسەی زل نابێت

پودتیلکوف، هەردوو مستی کێشان بەمێزەکەدا و دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوەکە نیشتەوە. نوێنەرەکەی کەتیبەی چل و چوار کە دەستی بە ڕدێنە بزنیەکەیدا دێنا، لەسەر قسەکانی بەردەوام بووەوە:

– پێویستە، نوێنەرانی خۆمان بۆ نوڤوچرکاسك بنێرین و داوا لە هەموو یەکە خۆبەخشە پارتیزانەکان، ئیدی هەر کێیەك هەن بکەین،کە لێرە بڕۆن و خاکی ئێمە بەجێبێڵن. بەلشەویکەکانیش پێویستە لێرە بڕۆن، هیچ کارێکیان لێرە نیە. ئێمە خۆمان دەتوانین دژمنانی جەماوەری ڕەنجبەرو زەحمەتکێش بەرهەق بکەین. حاڵی حازر پێویستمان بە یارمەتی کەس نیە. هەرکاتێ پێویستمان بەکۆمەکی ئەوان ببێ، بە خۆمان لە شوێنیان دەنێرین.

– لەمەیاندا ڕاست نیە.

– ڕاستە!

– تۆ ڕاوەستە، ڕاستیەکەی لەچیدایە؟ وەختێ تەنگمان پێهەڵچنرا و بەتەواوەتی گەمارۆ دراین، هەتا ئێوارێ هاوار بکەین، فایدەی نیە، کەس بەدەنگمانەوە نایەت. قسە شتێکەو واقیع شتێکی دیکەیە.

– ئێمە حکومەتێکمان دەوێ کە لەخۆمان بێ.

– بەقسە ئاسانە، بەڵام بەکردەوە گرانە.

– تۆ گەرەکتە هێلکەکە بەرلەوەی لە مریشکەکە بێتە دەرێ، بخۆی...پەنا بەخوا! هەندێ کەس زۆر کەرن!

لاگوتین، لەدوای نوێنەرەکەی کەتیبەی چل و چوارەوە، وتارێکی ئاگرینی بۆ ئامادە بووان دا. چەند جارێك بە هورا کێشانەوە قسەکەیان پێبڕی. پێشنیازی پشوویەکی دە دەقیقەیی کرا. بەڵام هەرکە خەڵکەکە بێدەنگ بوون پودتیلکوف، ڕووی کردە جەماوەرە هاڕوژاوەکە:

– برایانی قوزاق! لە کاتێکا کە ئێمە لێرە ئەم قسانە دەکەین، دژمنانی جەماوەری زەحمەتکێش نەنووستوون، بێدارن.ئێمە هەموو گەرەکمانە نەشیش بسووتێ و نە کەباب، نە گورگ برسی بن و نە بەرخ بخورێن. بەڵام کالیدین وەکو ئێمە بیرناکاتەوە. ئێمە نوسخەیەکمان لەو فەرمانەی کە ئەو دەری کردووە، بەر دەستکەوتووە، بەگوێرەی ئەو فرمانە دەبێ هەر هەموو ئەو کەسانەی لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن، دەستگیر بکرێن. فەرموون، ئێستا فەرمانەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

کاتێ فەرمانەکەی کالیدینی خوێندەوە، ئاپۆڕای نوێنەرەکان بە جارێ هاڕوژان، بوو بە هەراو زەنایەك، لە هیچ هەڕاجە بازاڕێکی ناوچەکەدا، شتی وا بەرگوێ نەکەوتبوو.

– قسە هەزارە دوانی بەکارە. ئێمە هەر دەمین، کردەوەمان نیە. کردار شەرتە...

– بێدەنگ، بێدەنگ!

– بۆچی بێدەنگ بن! با قسە بکەن.

– لوبوڤ، لوبوڤ! دوو قسەیان بۆ بکە!..

– کەمێك لە سەرخۆ!

– بەڵام کالیدین، گەوج نیە!

گریگوری، بەبێدەنگی گوێی دەگرت، کە سەیری ئاپۆڕاکەی دەکرد، سەریان لە هۆڵەکەدا شەپۆلی دەدا، هەر دەست بوو بەرز و نزم دەبووەوە. ئەنجام خۆی پێنەگیرا، هەستایە سەر نووکی پێیان و هاواری کرد:

– بێدەنگ بن، گلاراوینە! چما ئێرە هەڕاجە بازاڕە؟ وازبێنن با بودتیلکوف قسە بکات.

ئیڤان ئالیکسیوفیچ، یەخەی نوێنەرێکی کەتیبەی هەشتی گرتبوو و گەنگەشەی دەگەڵ دەکرد. خریستونیا، دەی بۆڵاند و هەوڵیدەدا خۆی لە دەستی هاوڕێیەکی سەردەمی سەربازیی خۆی، کە بەری نەدەدا، ڕزگار بکات.

– دەبێ وریا بین! ئەم قسە پوچانە بۆ من مەکە! ئاخر کوڕی باش ئێمە زۆر لەوە بێتواناترین کە بە تەنیا دەرەقەت بێین.

ئەنجام ژاوە ژاو و هەراو زەناکە کپ بووەوە، ڕێك وەکو بایەکی توند لە تەبارە گەنمێك بدات و بیخەوێنێ. دەنگی ناسك و ژنانەی کریفوشلیکوف، لەسەر تریبۆنەکەوە، بێدەنگیەکەی شڵەقاند:

– مردن بۆ کالیدین! بژی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕی قوزاقان!

ئاپۆراکە خرۆشا، هاوار و هوراکێشانی پشتیوانی بەرزبووەوە و گوێی کەڕ دەکرد. کریوشلیکوف، دەستی بەرزکردبووەوەو ڕاوەستا بوو. قامکەکانی وەکو گەڵای داربی بە ئاستەم دەلەرینەوە. هاوارو هەراو زەناکە نیشتەوە، دەنگە ناسکەکەی لێبەرز کردەوەو گوتی:

– پێشنیازی ئەوە دەکەم لێرەدا و لە ناو ئەم نوێنەرانەدا، هەڵبژاردنێك بکەین و کۆمیتەیەکی سوپایی شۆڕشگێڕی قوزاقان هەڵبژێرین. ئەوان ئەرکی خەباتی دژ بەکالیدین و.. بگرنە ئەستۆ.

جەماوەرەکە، پێشنیازەکەیان بە دڵ بوو، کەوتنە هوراکێشانێکی ئەوتۆ، وەکو ئەوەی بۆمبێك بتەقێتەوە، بەو ئاوایە، هۆڵەکە دەنگی دایەوەو لەچەند لایەکەوە توێژاڵە گەچی بن میچەکە بەربووەوە.

ئامادەبوان یەکسەر دەستیان بەهەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕش کرد. بەشیکی کەم لە قوزاقەکان، بەرێبەرایەتی نوێنەری کەتیبەی چل و چوار،داوای چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکیەکانیان دەگەڵ حکومەتە ناوچەییەکەی کالیدیندا، دەکرد. بەڵام زۆرینەی نوێنەرەکان پشتیوانیان نەکردن. قوزاقەکان لەو فەرمانەی کالیدین تووڕە بوون کە داوای دەستگیر کردنی هەموو نوێنەرانی بەشداری کۆنگرەی دەکرد. بۆیە زۆر بەجدی دژی حکومەتی نوڤوچرکاسك بوون و داوای ڕوو بە ڕووبوونەوەی کالیدینیان دەکرد.

گریگۆری، نەیتوانی تا کۆتایی هەڵبژاردنەکە لەوێ بمێنێتەوە، داواکرابوو کە بەپەلەو بێ دواکەوتن بگاتە سەرکردایەتی کەتیبە. لەکاتی ڕۆیشتنا، بەخریستونیاو ئیڤان ئالیکسیوڤیچی گوتبوو:

– کە کۆبوونەوەکە تەواو بوو، وەرنەوە بۆ ماڵەکەی من. حەز دەکەم بزانم کیهان هەڵدەبژێردرێن.

ئیڤان ئالیکسیوفیچ، شەوێ چوو. هەر لەبەر دەرگاوە گوتی:

– پودتیلکوف بەسەرۆك و کریوشلیکوف بە سکرتێر هەڵبژێردران!

– ئەدی ئەندامانی کۆمیتە؟

– ئیڤان لاگوتین، گولوڤاچوڤ، مینایەڤ، کودینوف و چەند نەفەرێکی دی کە لەبیرم نین.

گریگۆری لێی پرسی:

– ئەدی خریستونیا لە کوێیە؟

– دەگەڵ چەند کەسێکی دیدا ڕۆییوە، بەرپرسانی حکومەتی کامنسکایا بگرن. زۆر گەرم بووە. بووە بە پشکۆو سکڵ، تفی بکەیتە سەر یەکسەر چزەی لێهەڵدەستێ.

خریستونیا لە گەڵ بولێڵی بەیانیدا هاتەوە. خۆی وەژوورا کرد. بەدەم داکەندنی پێڵاوەکانیەوە هەر مشە مشی بوو، دەی بۆڵاند و لەبەرخۆیەوە ورتە ورتی دەکرد. گریگۆری چراکەی داگیرساند، سەیری کرد دەموچاوی خوێناویەو سەرووی تەوێڵی بەگوللە ڕوشاوە.

گریگۆری، ڕاپەڕی، لەسەر تەختەکەی هاتە خوارەوە، جانتاکەی کردەوە، تا لەزگەو پلاستەر دەربێنێ. گوتی:

– کێ وای لێکردوویت؟... پلاستەری لێبنەم؟

خریستونیا، بۆڵاندی:

– هیچ نیە، وەکو برینی کسۆکان بەخۆی چاك دەبێتەوە. فەرماندەی سوپایی، تەقەی لێکردم. ئیمە پێکەوە وەکو میوان لە دەرگای پێشەوە چووینە ژوورەوە، کەچی ئەو دەستی کردەوەو تەقەی لێکردین. قوزاقێکی دیکەشی بریندار کرد. دەمویست گیانی دەربێنم تا بزانم گیانی ئەفسەر چۆنە، ئەوانەی لەگەڵما بوون نەیانهێشت... دەنا دەمکوشت... تاڵاوی مەرگم پێ دەنۆشت.

"٩"

کەتیبەی دەی قوزاقان، بە ڕۆژێك دوای کۆنگرەی کامینسکایا گەییە کامینسکایا. کالیدین ناردبووی تا هەموو بەشدارانی کۆنگرەکە دەستگیر بکات و ئەو یەکە قوزاقیانە چەك بکات کە لەوانی دی شۆڕشگێڕترن.

لەوکاتەدا میتینگێگ لە وێستگەی قیتارەکەدا لە ئارادا بوو. قوزاقانیکی زۆر لەو ناوە خڕبوو بوونەوەو، جۆرە کاردانەوەیەکیان لە هەنبەر قسەو وتارێن، وتار بێژەکاندا هەبوو. پودتیلکوف چووە پشت تریبۆنەکەو گوتی:

– باوکان، برایان. من ئەندامی هیچ حیزبێك نیم و بەلشەویکیش نیم. من تەنیا لەپێناوی یەك شتدا دەخەبتم (خەبات دەکەم): لە ڕای عەدالەت، لە پێناوی بەختەوەری و یەکێتیی برایانەی هەموو زەحمەتکێشاندا، بۆ ئەوەی هیچ جۆرە زوڵم و گوشارو چەوسانەوەیەك لە ئارادا نەمێنێ. فیودالْ و بورژواو موڵکدارو دەوڵەمەند نەبێ، هەموو خەڵکێك بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆی بژی... جا بەلشەویکان ئەمەیان گەرەکەو لە ڕای ئەمەدا دەخەبتن. بەلشەویکانیش وەکو ئێمەی قوزاق، کۆمەڵێك کرێکارو زەحمەتکێشن. ئەوەندە هەیە کە کرێکارانی بەلشەویك لە ئێمە هۆشیارترو یەکگرتووترن: ئێمە لە تاریکیدا ژیاوین، نەیان هێستووە چاو و گویمان بکریتەوە. ئەوان لەشاردا ژیاون، لە ئێمە باشتر لە ژیان گەیشتوون. جا بەم پێودانگەو لەم ڕوانگەیەوە من بەلشەویکم، هەرچەندە هیچ وابەستەگی حیزبیم پێیانەوە نیە.

قوزاقانی کەتیبەی ناڤبری لە قیتارەکە دابەزین، لە دەوری میتینگەکە خڕبوونەوە. هەموو خەڵکی ستانی گوندورۆفسکایا بوون، بە تایبەتی هەڵبژێردرا بوون، هەموو باڵا بەرز و خۆش هەیکەل و قۆز بوون، نیوەی قوەتەکە لەوان بوو. تێکەڵ بە قوزاقانی یەکەو کەتیبەکانی دیکە بوون. یەکسەر کەوتنە ژێر باندۆرو کاریگەری پروپاگەندەی ئەرێنی لایەنگرانی بەلشەویکەکانەوە، بۆیە فەرمانی، فەرماندەی کەتیبەکەی خۆیان ڕەفز کرد، کە دەیویست فەرمانەکەی کالیدین جێبەجێ بکەن، لەم کاتەدا کامنسکایا جم و جۆڵێکی تایبەتی تێکەوتبوو چەندین یەکەو مەفرەزەێن قوزاق، کە بەپەلە پێکهێنرا بوون، بە مەبەستی داگیرکردنی وێستگاکان

ڕەوانەی دەرەوەی شار کران. هەر قیتاری عەسکەری بوو و بەرەو زڤرۆڤو-لیخایا هەرەکەتی دەکرد. فەرماندەێن تازە بۆ یەکەو مەفرەزەکان هەڵبـژێردران. ئەو قوزاقانەی کە مایل بەشەڕ نەبوون، بە دزییەوەو ژێراو ژێر کامسنکایایان چۆڵ دەکردو لە شار دەردەچوون. هێستا ئەو نوێنەرانەی کە دێر کەوتبوون، لە گوندو شارۆچکەکانەوە، بەرەو کامنسکایا دەهاتن. جادەو بانەکانی کامنسکایا، قەت قەرەباڵغی و جەنجاڵی وایان بەخۆوە نەبینی بوو.

ڕۆژی ١٣/ك٢، شاندێکی (وەفد) گاردی سپی، حکومەتی دۆن بە مەبەستی گفتوگۆو دان و سان گەییە کامنسکایا، شاندی ناوبراو بە سرۆکایەتی ئاگاییفی سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوچەیی و ئەندامیەتی شوتوزاروف، ئولانوف، کارۆڤ، باژولوف و سەرهەنگی دووەم کوشناریوف بوو، کە هەر هەموویان ئەندامی ئەنجوومەن بوون.

جەماوەرێکی زۆر لە وێستگاکەدا، پێشوازیان کردن، ئیسکۆرتێکی (حیمایە) قۆزاقی سەر بە کەتیبەی گاردی ئەتامانسکی، (پاسەوانی سەرکردایەتی)، شاندەکەیان تا ئیدارەی پۆستەخانە بە ڕێکردو زۆربەی شەوەکەیان لەوێندەر لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشدا، بە گفتوگۆو دان و سان بردە سەر. هەڤدەکەس لە ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشی سوپایی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون. پودتیلکوف، زۆر بە توندی بەرپەرچی ئاگاییفی دایەوە کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سوپایی بەوە تاوانبار دەکرد کە گوایە خیانەتی لە خاکی دۆن کردووەو دەستی دەگەڵ بەلشەویکەکاندا تێکەڵ کردووە. دوای ئەو کریوشلیکوف و لاگوتین قسەیان کرد. قسەکانی موقەدەم کوشناریوف، چەندینجار، بە هۆی هاوارو هەراو هەنگامەی ئەو قوزاقانەی کە لە ڕارەوەکاندا کەڵەکە بوو بوون، هاتە بڕین. یەکێك لە ڕەشاشچیەکان، بە ناوی قوزاقانی شۆڕشگێڕەوە داوای کرد شاندە حکومەتیەکە دەستگیربکەن.

گفتوگۆو دانوسانەکە هیچی لێشین نەبوو. نزیکی سەعات دووی بەرەبەیان پاش ئەوەی دەرکەوت کە ئەگەری هیچ ڕێکەوتنێك لە ئارادا نیە. کاروڤ ئەندامی شاندی ئەنجوومەنی ناوچەیی، پێشنیازی ئەوەی کرد کە کۆمیتەی سوپایی شۆرش شاندێك بۆ نوڤوچرکاسك ڤڕێ بکات بۆ گفتوگۆ دەربارەی چارەسەری یەکجارەکی سەبارەت بە حکومەتی ئایندەو پێشنیازەکە پەسەند کرا.

شاندی نوێنەرانی حکومەتی دۆن ڕۆیشتنەوە. لە دوای ڕۆشتنەوەی شاندی ناڤبری، نوێنەرانی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕ بەسەرۆکایەتی پودتیلکوف بەرەو نوڤوچرکاسك کەوتنەڕێ. پودتیلکوف، کویوشلیکوف، لاگوتین، سکاچوف، گولڤاچوف و مینایەڤ، بەتێکڕای دەنگ بۆ ئەم کارە هەڵبژێردران، ئەفسەرانی کەتیبەی ئەتامانسکیش کە گیرابوون، وەکو بارمتە لە کامنسکایادا هێڵرانەوە.

"١٠"

لەودیو پەنجەرەی فارگۆنەکەوە، بەفرو بۆرانێك بوو ئەوسەری دیار نەبوو. ئەو بەفرە زۆرەی کە بەدەم باوە هاتبوو و وەکو دیوار بەرز بوو بووەوە، گەیی بووە بەر محەجەرەی پاسگەکان و، جێ پەنجەی تەیروتو بە شێوەیەکی سەیر لەسەریا نەخشابوو.

وێستگە لاوەکیەکان و دار تەل و سەرانسەری دەشتە بێپایانەکە، هەر هەمووی لە بەفرا نقووم بوو بوو، ترسناك و بەسام وادەهاتە بەر چاو کە بەرەو باکوور بڕوات.

پودتیلیکوف، چاکەتێکی چەرمی تازەی لەبەر کرد بوو و لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. کریوشلیکوف، لە هەنبەر ئەوا، شانە بچووك و لاوازەکانی، کە لە شانی منداڵێکی تازە پێ گەیشتوو دەچوو، دادابووە سەر مێزە چکۆلەکەی ناو فارگۆنەکەو دەیڕوانیە پێدەشتەکە. جۆرە نیگەرانی و چاوەڕوانیەکی سەیر لە چاوە ساف و منداڵانەکانیا بەدی دەکرا. لاگوتین تەنکە ڕیشە زەردەکەی شانە دەکرد. مینایەف، کە قۆزاقێکی کەتەی تۆکمە بوو، دەستی خۆی لە سەر لوولەی گەرمی شۆڤاژەکە، گەرم دەکردەوەو شپرزەو ناڕەحەت بەردەوام لەسەر کورسیەکەی دەجولا. کولوڤاچوف و سکاچکوف لەسەر تەختە خەوە بەرزەکان ڕاکشا بوون و بە هێمنی داخاوتن.

تەنکە تەمێك، بە هۆی دووکەڵی جگەرەو سەرماوە پەنجەرەی فارگۆنەکەی گرتبوو. ئەندامانی شاندەکە، کە بەرەو نوڤوچرکاسك دەڕۆیشتن، هیچ متمانەیەکیان بە سەرکەوتنی کارەکەیان نەبوو. زۆر بەکەمی داخاوتن، بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەرا کێشابوون. ڤیتارەکە، لە لیخایا تێپەڕی. ئەنجام بودتلیکوف، هاتە قسان و ئەوەی دەربڕی کە لە دڵی هەموویاندا بوو:

– فایدەی نیە، ناگەینە هیچ ڕێکەوتنێك.

لاگوتین هەڵیدایە:

– وەخت بەفیڕۆ دانە.

دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشانەوە. پودتلیکوف بەردەوام مەچەکی دەجوڵاند، لە تۆ وایە مەکوکێك بە بەینی تان و پۆی قوماشێکدا ڕەت دەکات. ناو بە ناو دەیڕوانیە پرتەوی لێڵی چاکەتە چەرمیەکەی خۆی کە زۆری بەلاوە جوان بوو.

لە نوڤوچرکاسك نزیك بوونەوە، مینایەف، ڕوانیە ڕووباری دۆن و لەبن لێوانەوە دەستی بە ئاخاوتن کرد:

– لە بیرمە، کە جاران، کاتێ قوزاقانی گاردی ئەتامان خزمەتی سوپاییان تەواو دەکرد، لە گەڕانەوەدا هەر هەموو پێویستیەکانی خۆیان کۆدەکردەوەو هەرچیەکیان پێویست بوایە دەیاندانێ. ئیدی سەندوق و جانتا وئەسپ و هەرچی پێویستیەکانی تریان هەبوو لە ڤیتاریان باردەکردو ماڵەوە خۆت بگرە واهاتم. ڤیتار هەرەکەتی دەکرد. پێش ئەوەی بگەنە فورونیج، یانی ئەو شوێنەی کە یەکەمجار ڤیتارەکە بەسەر دۆندا تێدەپەڕێ، شۆفێری ڤیتارەکە، تا دەیتوانی سووك دەڕۆیی... ئیدی دەیزانی پێویستە چیبکات. هەرکە ڤیتارەکە دەگەییە سەر پردەکە، ئیدی قوزاقەکان دەهاڕوژان، شێت ئاسا هاواریان دەکرد: "دۆن! دۆنی ئارام! دۆنی باب و باپیران. باوکی میهرەبان. بابی ژیانبەخشی هەموومان! مایەی شانازیمان. بژی دۆن." بەدەم هوراکێشانەوە، لە پەنجەرەی فارگۆنەکانەوە، لەسەر پردەکەوە، لە سەر ڕێڵەکانەوە، کاسکێت، کۆنە پاڵتۆو قەمسەڵە، پانتۆڵ، بەرگە بالیف، کراس و هەرچیەکیان بهاتایە دەستەوە هەڵیاندەدایە ڕووبارەکەوە. بە ڕاستی دیمەنێکی سەیرو جوان بوو: کاسکێتانی شینی کەتیبەی

گاردی سەرۆکایەتی، سەر ڕووبارەکەی دادەپۆشی، واتەزانی پۆلیّ قوو یان گولّ بە سەر ئاوەکەوە مەلە دەکەن. یانی لەگەڕانەوەدا دیارییان پیّشکەشی دۆن دەکرد. ئەم دابە، ڕەسمیّکی زۆر کۆن بوو.

قیتارەکە خاوی کردەوە، وەستا. ڕیّڤینگەکان (ڕیّبوار)دابەزین. کریوشلیکوف، پشتیّنی پالّتۆکەی بەست، دەبەم بزەیەکی ساردەوە گوتی:

– باش بوو، گەیشتین.

سکاچکوف، بەشۆخیەوە(سوعبەت) گوتی:

– باوەڕ ناکەم، بەچەپکە گولّ پیّشوازی لە ئیّمە بکەن، یان تاقیان بۆ لیّدابین.

نەقیبیّکی قوزاقی، بالّا بەرزی زەلام، بیّئەوەی لە دەرگای فارگۆنەکە بدات، وەژوورکەوت. بەچاوانی کونجکاوو بەدخوایانەوە ڕوانیە ئەندامانی شاندەکەو بەگرژییەکی ئانقەستەوە گوتی:

– منیان ڕاسپاردووە کە هاوڕیّیەتیان بکەم. برادەرانی بەلشەویك بیّزەحمەت خیّرا لە فارگۆنەکە دابەزن. من ناتوانم زەمانەتی کارو کردەوەی جەماوەری خەلّك و... سەلامەتی گیانی ئیّوەم پیّناکریّت.

ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە پودتیلکوف، یان بە وتەیەکی دی چاوی بڕیە چاکەتە چەرمە ئەفسەرییەکەی و ئەمجارەیان بە دژمنایەتیەکی ئاشکراترەوە گوتی:

– خیّرا، لە فارگۆنەکە بیّنە دەرەوە.

کە دابەزین، ئەفسەریّکی سمیّلّ بابڕ کە لەسەر شۆستەی قیتارەکە وەستا بوو، لە نیّو ئاپۆڕای خەلّکەکەوە هاواری کرد:

– ئا ئەمانە. ئەم خویّڕییانە خاینانی میللەتی قوزاقن!

پودتلیکوف، ڕەنگی تیّکچوو، ژیّراو ژیّر تەمەشایەکی کریوشلیکوڤ کرد. کریوشلیگوف کە لە دوای ئەوەوە ڕیّی دەکرد، بزەیەکی بە ڕوویاداو لەبن لیّوانەوە گوتی:

– "بە وشەی شیرین و ستایش ئامیّز، پیّشوازی ناکریّین، بەلّکو بە سەگوەڕی ڕق و کینە، پیّشوازی دەکریّین..." ئاگات لیّیە فیودور؟

پودتیلکوف، هەرچەندە گویّی لە وشەکانی دوایی نەبوو، بەلّام بزەیەکی بۆ کرد.

یەکەیەکی گاردی بەهیّزی ئەفسەری بە گەلّ شاندەکە کەوتن. جەماوەریّکی هەوسار پچڕیوی تینووی خویّن، تا بەر بینای بارەگای حکومەت دوایان کەوت و داوای ئیعدامکردنی بەپەلەی دەکردن. جەماوەرە تووڕەو دەم بەجنیّوەکە ، تەنها ئەفسەران و خویّندکارانی ئەفسەری نەبوون، بەلّکو زۆر قوزاق و ژنانی تەڕپۆش و قوتابی ئامادەییشیان تیابوو.

لاگوتین کە ئەم وەزعەی لەبەر گران بوو، بەتووڕەیی ئاوڕی دایەوەو بە یەکیّك لە ئەفسەرە یئسکۆرتەکانی (حمایە) گوت:

– باشە، چۆن ڕیّگەی ئەم ڕیسواییە دەدەن!

ئەفسەرەکە نیگایەکی پڕ کینەی کردو لەبن لیّوانەوە گوتی:

– مەمنوونی خوابە کە هیّشتا زندوویت... ئەگەر بەدەستی من بوایە، بیّشەرەف... بۆگەن..

نیگای سەرزەنشت ئامێزی ئەفسەرێکی گەنجتر لە خۆی، ناچاری کرد کە بێدەنگ بێت.
سکاچکوف، کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت، لەبن لێوانەوە بەگولوڤاچوڤ گوت:
– باش بووین بەتەڵەوە!
– پێدەچێ بیانەوێ بمانبەن بۆ پای قەنارە.
هۆڵی، بارەگای حکومەت ئەو هەمو خەڵکەی نەدەگرت. کاتێ ئەندامانی شاندەکە، بە ڕێنمایی ملازمێك کە بۆ ئەو کارە دانرابوو، لە سووچی مێزێکدا دانیشتن، ئەوجا شاندی حکومەت هات. کالیدین، دەگەڵ بوگایفسکیدا، هۆڵەکەیان تەی کرد. بە ماتە مات وەکو گورگ ڕێی دەکرد، پێی بە تەواوەتی دەنایە عاردی. کورسیەکەی خۆی ڕاکێشایە دواوەو دانیشت. بە کاوەخۆ کاسکێتە خاکیەکەی، کە نیشانەیەکی ئەفسەری سپی پێوە بوو، لە سەر مێزەکە دانا. قژەکەی هەڵدایەوە لە کاتێکا بە دەستی چەپ دوگمەی یەکێك لە گیرفانە کراوەکانی قەمسەڵەکەی دادەخست، کەمێك بە لای بوگایفسکی یەوە دانەوییەوەو بەچپە شتێکی پێگوت. هەر جوڵەو ڕەفتارێکی، گوزارشت بوو لە متمانە بە خۆبوونێکی ڕیشەدار و هێزێکی پتەو: یانی هەمان ڕەفتاری ئاسایی کەسانێك کە دەگەنە دەسەڵات و بە درێژایی ساڵان، حاڵەتێك پەیدا دەکەن کە لە خەڵکانی دی جیاوازە. بەڵام بوگایفسکی، کە لە چاو کەسایەتی بە هەیبەتی کالیدیندا زۆر بێنموود بوو، لەوە دەچوو، سەبارەت بە گفتوگۆیەکە ، زۆر هەستیار بێ، چونکە هەڵچوون و هاڕوژانی بەزەقی پێوە دیار بوو. لەبەر خۆیەوەە شتێکی دەگوت، بە ئاستەم لێوی لە ژێر سمێڵە شۆڕە زەردەکەیەوە دەبزواند، چاوە چکۆلەو تیژەکانی لە پشت عەینەکەکەیەوە پرشنگیان دەدا، بەجوڵەی دەستەکانیا دیار بوو کە تووڕەیە. جاریێ یەخەکەی چاك دەکرد، جاریێ دەستی بە چەناگە زلەکەیدا دێنا، ئەوسا برۆ چڕەکانی کە لەباڵی مەل دەچوون، دەجوڵاند.
ئەندامانی شاندی حکومەتی ناوچەیی لەم دیوو و لەودیوی کالیدینەوە دانیشتن. هەندێکیان هەر هەمان ئەو سیماو دەمو چاوانە بوون کە هاتبوون بۆ کامنسکایا، لەوانە: کاروف، سفتوزاروف، ئولانوف و ئاگایەف. ئیلاتونتسڤ، میلینکوف، بوسیە، شوشنیکوف و پولیاکوف کەمێك دوورتر دانیشتن.
پودتیلکوف، گوێی لێبوو کە بوگایفسکی شتێکی بە گوێی کالیدیندا چپاند. ئەوجا جەنەڕاڵ کالیدین، چاوێکی تروکاندو نیگایەکی توندی پودتیلکوڤ کرد کە لە هەنبەریا دانیشتبوو، گوتی:
– پێموایە دەتوانین دەست بە قسان بکەین.
پودتیلکوف، بزەیەکی بۆ کردو بە دەنگێکی بەرزو بەکاوەخۆ باسی لە مەبەستی هاتنی شاندەکەی خۆیان کرد. کریوشلیکوف، ئەو یاداشتنامەیەی کە لەلایەن کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕیەوە دەرکرا بوو، خستە سەر مێزەکە. لێ کالیدین بەدەستە سپیەکەی خۆی کاغەزەکەی لابرد و لێبڕاوانە گوتی:
– پێویست ناکات وەختی خۆمان بە فیڕۆ بدەین و یەك بە یەکی ئەندامانی شاندی حکومەت ئەم یاداشتنامەیە بخوێنینەوە. تکایە یاداشتنامەکەی خۆتان بە دەنگی بەرز بخوێنەوە تا هەموو گوێمان لێی بێ و پاشان گەنگەشەی لەسەر بکەین. پودتیلکوف، پێی گوت:

– بیخوێنەوە.

ڕەفتاری سەنگین بوو، بەڵام دیار بوو کە وەکو ئەندامەکانی دیکەی شاندی نوێنەران، نارەحەتە کریوشلیکوف لە جێی خۆی هەستا. دەنگە ناسکە ژنانیەکەی لە هۆڵە قەرەباڵغ و جەنجاڵەکەدا بەرز بووەوە:

"لەبەرواری ١٠/ك٢/١٩١٨ وە هەر هەموو دەسەڵاتێکی سوپایی لە هەرێمی دۆندا لە حکومەت و ئەتامانی ناوچەییەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمیتەی سوپایی شۆڕش. هەر هەموو ئەو یەکە سوپاییانەی کە دژی سەربازانی شۆڕشگێڕ وەستاون، دەبێ تا ١٥/ك٢، چەك بکرێن و بچنەماڵەوە. هەروەها هەموو یەکە خۆبەخش و داوخوازەکان و خوێندکارانی کۆلیجە سوپاییەکانیش. هەر هەموو ئەندامانی ئەو دام و دەزگایانەی کە لە سەرێ ڕا ناوبران، ئەوانەی کە خەڵکی ناوچەی دۆن نین. دەبێ بگەڕێنەوە بۆ دیارو دەڤەری خۆیان.

سەرنج: دەبێ هەر هەموو چەك و جبەخانەو ئەسپاباتی شەڕ و جل و بەرگی سوپایی، ڕادەستی سەرپەرشتیاری کۆمیتەی شۆڕش بکرێت و سەر پەرشتیاری کۆمیتەی سوپایی شۆڕش مۆڵەتی چوونە دەرەوە لە نوڤوچرکاسکیان بۆ دەکات.

شاری نوڤوچرکاسك بە فەرمانی کۆمیتەی سوپایی شۆڕش، لە لایەن هێزێن قوزاقەوە داگیر دەکرێت.

ئەندامانی ئەنجوومەنی شورای هەرێم لە ١٥/ك٢/١٩١٨ هیچ دەسەڵاتێکیان نامێنێ.

دەبێ هەر هەموو ئەو پۆلیسانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی دۆنەوە لە کان و کارخانەکانی ناوچەی دۆندا دانراوان، سەحب بکرێنەوە.

پێویستە لەسەر حکومەتی ناوچەیی، لە سەرانسەری گوند و ستانەکانی هەرێمدا ڕای بگەیەنێ، کە بە مەبەستی ڕێگری لە شەڕو خوێنرێژی ناوخۆیی، بە خوایشتی خۆی دەستی لە کارکێشاوەتەوەو هەموو دەسەڵاتێکی خۆی، بە شێوەیەکی کاتی و تا دامەزراندنی حکومەتێکی هەمیشەیی زەحمەتکێشان بۆ سەرانسەری خەڵکی ناوچەکە، دەدات بە کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕی قوزاقان."

هەرکە کریوشلیکوف لە قسەکەی بووەوە، کالیدین، دەنگی لێهەڵبڕی:

– کام قوەت و یەکەی سوپایی، ئەم نوێنەرایەتیەیان بە ئێوە داوە؟

پودتیلکوف، تەمەشایەکی کریوشلیکوفی کردو بە دەنگی بەرز کەوتە ژماردن:

– کەتیبەی ئاتامانسکی گاردی تزاری، گاردی قوزاقی، تۆپخانەی شەش، کەتیبەی چل و چوار، تۆپخانەی سی و دوو، سریەی سوارەی تایبەتی ژمارە چواردە...

لەگەڵ ژماردنی هەر یەکە یەکدا، قامکێکی دەستە چەپی بە جۆرێ دەنوشتانەوە لە تۆ وایە دەیویست بیشکێنێ. پێکەنین و قاقای تەوس وتەنزئامێز لە هۆڵەکەدا دەستی پێکرد. پودتیلکوف، زۆری لەبەر گران بوو، دەستەکانی کە یەکپارچە مووی زەرد بوون، نانە سەرمێزەکەو دەنگی لێهەڵبڕی: کەتیبەی بیست و هەشت، تۆپخانەی بیست و هەشت، تۆپخانەی دوازدە، کەتیبەی دوازدە...

لاگوڤین، دەمی لەپەنا گوێی ناو، بەچپە پێی گوت:

– کەتیبەی بیست و نۆ.

پودتیلکوف، بە دەنگێکی بەرزتر و مکومتر لە سەری ڕۆیی:

–... کەتیبەی بیست و نۆ، تۆپخانەی سیازدە، پاسگەی (حامیە) ناوچەیی کامنسکایا، کەتیبەی دە، کەتیبەی بیست و حەوت، فەوجی دووەمی پیادە، کەتیبەی دووەمی یەدەگ، کەتیبەی هەشت، کەتیبەی چواردە...

کە لێبووەوە، کالیدین هەندێ پرسیاری کەمبایەخی لێکرد. ئەوجا سینگی نا بە مێزەکەوەو چاوانی بڕینە پودتیلکوف و پرسی:

– باشە ئێوە ئیعتراف بە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی کۆمیسەرانی میللیدا دەنەن؟

پودتیلکوف، پەرداخێك ئاوی خواردەوەو سوراحیەکەی خۆی دانایەوە، بە سەری قۆڵی سمێڵەکانی سڕی، ئەوجا خۆی لەگێلی داو بەرسڤی دایەوە:

– وەڵامی ئەو پرسیارە لای میللەتە. میللەت دەبێ ئەو بڕیارە بدات.

کریوشلیکوف، لە ترسی ئەوەی نەبادا پودتیلکوف، لە ڕووی ساکارییەوە، زیاد لەپێویست بڕوات، خۆی لە قسەکان هەڵقورتاند:

– قوزاقان، هیچ حکومەت و دەسەڵاتێکیان قەبوول نیە کە نوێنەرانی حیزبی ئازادی گەلی تیابێ ( ئازادی گەل: ناوی فەرمی حیزبی مەشروتە خوازی دیموکرات – کادێت. ئەم حیزبی کادیتە دژی شۆڕش بوو.) ئێمە قوزاقین، دەبێ حکومەتەکەمان حکومەتیکی قۆزاقی بێ و لە خۆمان بێ.

– جا چۆن باوەڕ بەم قسەیە بکەین، لە کاتێکا خەڵکانی جولەکەی وەکو ناخامکس، لەسەرکردایەتی و سەروکاری سۆڤیەتەکاندان؟

– ڕووسیا، متمانەی پێکردوون و ئێمەش متمانەیان پێدەدەین.

– پەیوەندیتان لە گەڵ ئەوانەدا هەیە؟

– بەڵێ.

پودتیلکوف، گەرووی بۆ پاك کردەوە، پشتیوانی لە کریوشیلکوف کردو گوتی:

– ئێمە مامەڵە لەگەڵ شەخسدا ناکەین، بیرو بیرکردنەوەمان لاگرینگە.

یەکێك لە ئەندامانی شاندی حکومەتی ناوچەیی، زۆر ساکارانە پرسی:

– ئایا، شورای کۆمیسەرانی میللی کار بۆ بەرژەوەندی گەل دەکات؟

پودتیلکوف، تەمەشایەکی کردو بزەیەکی بۆ کرد. سوراحیە ئاوەکەی هەڵگرت، پەرداخێکی تەژی کرد، بەپەلە خواردیەوە، هێندەی تینوو بوو، لە تۆ وایە گڕ لە هەناویایە و دەیەوێ بەو ئاوە زوڵاڵە دای بمرکێنێتەوە. کالیدین بە قامکان دەیکێشا بە مێزەکەداو درێژەی بە پرسیارەکانی دەدا:

– ئێوە چ خاڵێکی هاوبەشتان لەگەڵ بەلشەویکەکاندا هەیە؟

– ئێمە دەمانەوێ لە خاکی خۆمانا، لە دەڤەری دۆندا قوزاقان، حوکمی زاتی، ئوتونومی خۆمان هەبێت.

– بەڵێ، هەڵبەتە ئەوە دەزانن کە لە چواری شوباتدا، ئەنجوومەنێکی سوپایی تازە دادەمەزرێت و ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە نوێ هەڵدەبژێردرێنەوە، ئایا ئێوە بە حکومەت و دەسەڵاتێکی هاوبەش قاییل دەبن؟

بودتیلکوف سەری هەڵبڕی و بە توندی بەرسڤی دایەوە:

– نا! ئەگەر ئێوە کەمینە بن، ئێمە ویستی خۆمان بە سەرتاندا دەسەپێنین.

– بە زۆرداری؟

– بەڵێ

بوگایفسکی، چاوانی لە پودتیلکوفەوە گواستەوە بۆ سەر کریوشلیکوف و گوتی:

– باشە ئێوە ئیعتراف بە ئەنجوومەنی سوپایی دەکەن؟

پودتیلکوف، شانە پانەکانی هەڵتەکاندو بەرسڤی دایەوە:

– تەنیا کاتێك ئەگەر... کۆمیتەی سوپایی شۆڕشی ناوچەکە کۆنگرەیەك بۆ نوێنەرانی گەل، بە چاودێری و سەرپەرشتی هەموو هێزێن سوپایی ساز بکات.. ئەگەر ئەم کۆنگرەیە مەرجەکانی ئێمە دابین نەکات، دانی پێدا نانەین.

کالیدین برۆکانی وێك هێنانەوەو پرسی:

– باشە کێ داوەر دەبێ لەم مەسەلەیەدا؟

پودتیلکوف، بە کەش و فشەوە سەری بەرز کردەوەو پشتی دا بە پشتی نەخشینی کورسیەکەوەو چاکەتە چەرمەکەی کەوتە خشە خش و بە کاوەخۆ گوتی:

– گەل

دوای پشوویەکی کورت، کالیدین هەستا بۆ قسەکردن. ژاوە ژاو و هەراو زەنای ناو هۆڵەکە نیشتەوە. لە نێو خامۆشی و بێدەنگی ئامادەبووواندا، دەنگی خەمبارو خەمین، عەینی خەمباری پایز، بەرز بووەوە

– حکومەت، ناتوانێ بە گوێرەی داوای کۆمیتەی سوپایی شۆڕش، دەستبەرداری هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی ببێت. ئەم حکومەتەی ئێستا، لە لایەن هەموو خەڵکی دەڤەری دۆنەوە هاتووەتە هەڵبژاردن. تەنیا خەڵك دەتوانن، نەك چەند دارو دەستەیەکی پەراگەندە، داوای ئەوەمان لێبکەن کە دەستبەرداری دەسەڵات ببین. ئێوە لە ژێر کاریگەریی پرۆپاگەندەی جینایەتکارانەی بەلشەویکەکاندا، کە گەرەکیانە بەخورتی دەسەڵات و ڕژێمی خۆیان بەسەر ئەم دەڤەرەدا بسەپێنن، داوامان لێدەکەن کە دەسەڵات و حکومەت بە ئێوە بسپێرین. ئێوە ئالەتی دەستی بەلشەویکەکانن. ئێوە ویست و خواستی نۆکەرانی ئەڵمانیا جێبەجێ دەکەن، بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانن چ خیانەتێکی گەورە دەرهەق بە میللەتی قوزاق دەکەن، من ئامۆژگاریتان دەکەم تا زووە بە هەڵوێستی خۆتانا بچنەوە. چونکە دژایەتی کردنی ئەم حکومەتە کە نوێنەری ویست و ئیرادەی هەموو خەڵکییە، ئاقیبەتێکی خراپی دەبێ و ماڵوێرانی و بەڵایەکی گەورە بۆ زاگەو مەرزوبۆی خۆتان فەراهەم دەکەن، من بەش بەحاڵی خۆم ئاشقی دەسەڵات نیم. بەم زوانە ئەنجوومەنی گەورەی سوپای قوزاق کۆدەبێتەوەو چارەنووسی وڵات دیاری دەکات، بەڵام دەبێ

تا ئەو کاتە من لەپۆستەکەی خۆما بمێنمەوە بۆ دواجار ئامۆژگاریتان دەکەم کە بیری لێ بکەنەوەو بەخۆتانا بچنەوە.

ئەوسا ئەندامانی حکومەت لە قوزاق و غەیرە قوزاق قسەیان کردو خوتبەیان دا. بوسییەی ئەندامی حیزبی سوسیال شۆڕشگێڕ، خوتبەیەکی دوورو درێژی پڕ لە مژدەی بەسەر نوێنەرانی کۆمیەتەی سوپایی شۆڕشدا داباراند.

لاگوتین، بە دەنگی بەرز قسەکانی پێبڕی:

– داوای ئێمە، ئەوەیە کە حکومەت و دەسەڵات ڕادەستی کۆمیتەی سوپایی شۆڕش بکەن! ئەگەر ڕاستەو حکومەتی ناوچەیی دۆن، لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەیە ئەمە چاوو ڕوای ناوێ...

بوگایفسکی بزەیەکی بۆ کرد:

– مەبەستت؟

– دەبێ بە ڕاشکاوی و لە هەموو شوێنێ دان بەوەدا بنەن کە دەسەڵاتتان بە کۆمیتەی سوپایی شۆڕش سپاردووە. چونکە ناتوانین پازدە ڕۆژی دی چاوەڕوانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئێوە بین! چونکە حاڵی حازر وەکو بە خۆتان دەبینن، جەماوەری خەڵك خرۆشاوەو زۆر تووڕەیە.

قسەکانی کاروف، جاوە جاوێکی زۆریان تیا بوو. سڤوتوزاروف لە سازشێك دەگەڕا.

پودتیلکوف، بە نیگەرانیەوە گوێی لە قسەکانیان گرت. نیگایەکی خێرای ئەندامانی شاندەکەی خۆیانی کرد، سەیری کرد لاگوتین ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوەو تووڕەیە، کریوشلیکوف چاوی بڕیوەتە مێزەکەو گولوڤاچوف، بێتاقەتەو دەیەوێ شتێك بڵێت. دوای تۆزێك کریوشلیکوف دەرفەتی هێناو بە گوێیا چپاند:

– قسە بکە!

وادیار بوو پودتیلکوف، چاوەڕانی ئەمە بوو. کورسییەکەی بردە دواوە بە نیگەرانیەوە، لەکاتێکا، لە هەڵچوونا زمانی دەیگرت، دەستی بە قسان کرد. بۆ وشەێن کاراو کاریگەرو قەناعەتبەخش دەگەڕا:

– ئێوە هەڵەن، لە هەر هەموو حیسابەکانتاندا هەڵەن. زۆر لە واقیعەوە دوورن، خۆ ئەگەر ئەم حکومەتە ناوچەییەی ئێوە جێگەی باوەڕو متمانە بوایە، من بەش بەحاڵی خۆم، بە کەماڵی ئارەزوو چاوپۆشیم لە هەموو داواکانی خۆمان دەکرد.. بەڵام جەماوەری خەڵك، گەل باوەڕیان پێی نیە! بۆیە ئێوە بە ڕپرسیارێتی شەڕی ناوخۆتان دەکەوێتە ئەستۆ نەك ئێمە. بۆچی ئەو هەموو جەنەڕاڵە هەڵاتوانەتان لە خاکی قوزاقدا پەناداوە؟ لەبەر ئەمەیە بەلشەویکەکان پەلاماری دۆنە ئارامەکەمان دەدەن. ئێمە نایەینە ژێر باری حوکمی ئێوە. هەرگیز ڕێگەی شتی وا نادەین. مەگەر بەسەر جەنازەکەمدا بڕۆن. ئێمە هەرچیەکمان هەیە ڕێك و ڕاست بەرەو ڕووی خۆتان دەیڵێین. من یەك لە باری خۆم باوەڕ ناکەم حکومەتی سوپایی ناوچەیی بتوانێ دەڤەری دۆن ڕزگار بکات! ئێوە چ هەڵوێستێکتان دەربارەی ئەو یەکەو قوەتانە دەبێت کە گوێڕایەڵیتان ناکەن؟ ئا، ئەمەیە! بۆچی سەربازانی داوخوازی خۆتان دەنێرنە سەر کرێکارێن کانەکان؟ ئێوە بەم کارەتان ئاژاوە دەنەنەوە. پێم بڵێن، زەمانەت چیە کە حکومەتی ناوچەیی، شەڕی ناوخۆیی

ناکات؟ هیچ زەمانەتێکتان لەمبارەیەوە پێ نیە! جەماوەری گەل و سەربازانی دێرینی شەڕگە هەموو لەگەڵ ئێمەدان.

دەنگی پێکەنین، عەینی شەپۆلە بایەك، لە هۆڵەکەدا هەڵیکرد. بۆڵە بۆڵ، دژی پودتیلکوف دەستی پێکرد. پودتیلکوف بەسەرو سیمای تووڕەوە ئاوڕی لێدانەوە، بێئەوەی تووڕەیی خۆ بشارێتەوە هاواری کرد:

– ئەمڕۆ پێدەکەنن، بەڵام سبەینێ دەگرین!

پاشان ئاوڕی بۆ لای کالیدین دایەوەو نیگای تیژی تێبڕی و لە سەری ڕۆیی:

– ئێمە داواتان لێدەکەین، حوکم ڕادەستی ئێمە ، نوێنەرانی جەماوەری چەوساوەی گەل بکەن و هەموو بوژروایان و سوپای داوخواز لێرە دووربخەنەوە... دەبێ حکومەتەکەشتان دەست لە کار بکێشێتەوە!

کالیدین، شەکەت و ماندوو سەری دانەواند و گوتی:

– من بەنیاز نیم نوڤۆچرکاسك بەجێ بێڵم و لێرەش ناڕۆم.

دوای پشوویەکی کورت، کۆبوونەوەکە، لە لایەن قسەکەرێکی حکومەتیەوە، لە لایەن ملنیکوفەوە، دووبارە دەستی پێکردەوە.

– مەفرەزەکانی گاردی سوور بە مەبەستی نابووتی خاك و قەڵەمڕەوی قۆزاق، هێرش دێنن. ئەوانە بە ملهوڕی خۆیان ڕووسیایان وێران کرد، ئێستاش بە تەمان هەمان کارەسات بەسەر ئێرەشدا، بەسەر ناوچەکەی ئێمەشدا بێنن. لەمێژوودا تاقە یەك نموونە نیە، کە وڵات بە ماقووڵی و بەریك و پێکی لەلایەن کۆمەڵێك داگیرکارو ئاژاوەچی و گێرە شێوێن و سەرکێشەوە بەڕێوەبرابێ، بە قازانجی گەل بەڕێوە برابێ. ڕووسیا بێدار دەبێتەوەو ئەم ئۆترێپیڤانە*، تڕۆ دەکات: (گریگوری ئۆترێپیڤ، کەشیشێکە کە بە درۆ ناوی خۆی نابوو دیمتری و خۆی بە کوڕی ئیڤانی ترسناك لە قەڵەم داو بەناوی دیمتری پێنجەمی ئیڤانوفیچەوە هاتە سەر تەخت و دوای ماوەیەك گیرا. جا لێرەدا ناوی ئوترێپیڤ وەکو نموونەیەکی داگیرکار هێنراوەتەوە.) ئێوە کە دوای هەڵای دەستکردی بیگانان کەوتوون، دەتانەوێ دەسەڵات، لە دەست ئێمە دەربێنن و دەرگا بۆ بەلشەویکەکان بخەنە سەر گازی پشت! بەڵام ئێمە ڕێگای ئەمەتان نادەین!

پودتیلکوف گوتی:

– ئێوە دەسەڵات بە کۆمیتەی سوپایی شۆڕش بسپێرن. سوپاییانی گاردی سووریش، هێرشەکەیان ڕادەگرن.

نەقیب شاین، لە نێو ئاپۆرای گوێگرەکانەوە هەستا، چوار میداڵی نیشانەی سان جورجی بە سینگ و بەرۆکەوە بوو. هەوەڵجار قەمسەڵەکەی وەکو ئەوەی لە نمایشدابێ، ڕێکخست، ئەوجا وەکو ئەوەی بەسواری ئەسپ تاو بدات چووە پێشێ، ئەوجا وەکو ئەوەی شمشێران دابوەشێنێ، کەوتە قۆڵ بادان، مۆڵەتی لە کالیدین وەرگرت و کەوتە ئاخافتن:

– گەلی قوزاقینە! بۆچی گوێیان لێبگرین! ئێمە هیچ کارێکمان بە بەلشەویکان نیە. ڕێگامان جیایە! تەنیا خاینانی دۆن و میللەتی قوزاق، دەتوانن باسی ئەوە بکەن کە حکومەت و دەسەڵات

ڕادەستی سوڤیاتەکان بکرێت و داوا لە قوزاقان بکەن کە بە گەلٚ بەلشەویکان بکەون. کەمێك بۆ پێشەوە دانەوییەوەو ڕێك و ڕاست ڕوو لە پودتیلکوف هاواری کردو گوتی:

– پودتیلکوف، ئەوە تۆ بەجدیتە، وا وێنا دەکەیت، خەڵکی دۆن، دوای کەسێکی کۆلکە خوێنەواری وەکو تۆ دەکەون؟ مەگەر چەند کەسێکی سەرکێشی ئاژاوەچی، بیٚ شەخسیەتی لە برسا مردووی بیٚ ناو ونیشان، لە کەسوکار تۆراو دووی تۆ بکەون، ئەوانەش درەنگ یان زوو بێدار دەبنەوەو تۆڵەی خۆیانت لێدەکەنەوەو لە سێدارەت دەدەن!

هەموو ئامادەبووان، وەکو چۆن گوڵی گوڵە بە ڕۆژە ڕوو دەکاتە تیشکی هەتاو، بەو ئاوایە سەریان وەرگێڕاو هاواری پشتیوانی بەرز بووەوە. شاین، گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و دانیشت. ئەفسەرێکی باڵا بەرز کە نیو کۆتێکی لەبەر بوو و نیشانەی موقەدەمی بەسەر شانەوە بوو، بە هەڵچوونەوە دەستی ئافەرین و ستایشی دا بەسەر شانیا. کۆمەڵێك ئەفسەری دیکەشی لیٚ خڕبوونەوە. دەنگێکی ژنانە، بە شێوەیەکی هیستریانە بەرزبووەوە:

– سوپاس، شاین! سوپاس!

– ئافەرین، نەقیب شاین!

یەکێکی دیکە، لە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەوە، بە دەنگێکی گەنجانەی، وەکو دەنگی خوێندکاری ئامادەیی هاواری کرد:

– ئافەرین! نەقیب شاین!

ئیدی نوێنەران و خوتبەخوێنانی حکومەت ماوەیەکی زۆری دیکەش هەوڵیاندا، قەناعەت بە ئەندامانی شاندی کۆمیتەی شۆرشی کامنسکایا کە تازە دامەزرا بوو، بێنن. هەوای ناو هۆڵەکە لە دووکەڵە جگەرەدا شین هەڵگەڕا بوو و پەنگابووەوە. لەشکری هەتاو لەودیو پەنجەرەکانەوە، بەرەو پاشەکشە دەچوو و جێگای بۆ لەشکری شەو چۆلٚ دەکرد. تەنکە سەهۆڵێك لە شێوەی وردە گەڵای دار کاژاند، بە شووشەی پەنجەرەکانەوە چەسپی بوو. ئەوانەی لای پەنجەرەکانەوە و لە قەراخ پەنجەرەکان دانیشتبوون گوێیان لە زەنگی کڵێساکان بوو، کە کاتی نوێژی ئێوارەیان ڕادەگەیاند. بایەکی توندی دەهات، تەوژمی با وەکو شووتی نووساوی قیتاران دەیلوراند.

لاگوتین. گەیی بووە تینی، لەوەی پتر بەرگەی نەدەگرت. قسەی بە یەکیك لە وتاربێژەکان بڕی و ڕوو لە کالیدین گوتی:

– قەراری خۆ بدەن، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە خۆتان یەکلایی بکەنەوە.

بوگایفسکی، بە زمانێکی نەرم، ئەوی لەجێی خۆی دانیشاندەوە:

– لاگوتین، تووڕە مەبە! پەرداخیٚ ئاو بخۆرەوە. تووڕە بوون بۆ باوکان و کەسانی توندە تەبیعەت باش نیە، بۆ سەکتە خراپە. ئەمە جگە لەوەی قسە بڕین بەخەڵکی کارێکی جوان نیە، خۆ ئێرە ئەنجوومەنی سۆڤیتات نیە.

لاگوتین–ش بەچەند وشەیەکی ڕەق وەڵامی دایەوە. بەڵام کالیدین، جارێکی دی سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. بە هەمان شێوازی هەوەڵی، وەستایانە دەستی بەگەمە

سیاسیەکەی خۆی کردەوە، بە کەش و فش و خۆ پەسندییەوە بەرپەرچی وەڵامە سادە، بەڵام جێگیرو نەگۆڕەکانی بودتیلکوفی دەدایەوە.

– گوتت، ئەگەر ئێمە، دەسەڵات و حکومەت بە ئێوە بسپێرین، بەلشەویکەکان هێرشی خۆیان بۆ قەڵمڕەوی دۆن ڕادەگرن. بەڵام ئەمە تەنیا تەسەورو ڕەئی تۆیە. ئەگینا نازانی، بەلشەویکەکان، دوای ئوەی دەگەنە دۆن چی دەکەن.

– کۆمیتە دڵنیایە کە بەلشەویکەکان، هەمان ئەو شتە دەکەن کە من گوتم. تاقیبکەنەوە، ئێوە دەسەڵات ڕادەستی ئێمە بکەن، داوخوازو خۆبەخشانی دۆن بنێرنەوە سەر کارو کاسبی خۆیان، هەنگێ دەبینن کە بەلشەویکەکان چۆن شەڕ ڕادەگرن.

کالیدین، دوای تۆزێك لە جێی خۆی ڕابوو. جوابی خۆی پێشوەختە ئامادە کردبوو: فەرمانی بە چرنتسوف دابوو کە قوەتەکەی خۆی ئامادە بکات بۆ هێرش کردن بۆ سەر وێستگەی لیخایا. بەڵام بە مەبەستی فەراهەمکردنی کاتی پێویست بۆ ئەو کارە، بە ئانقەست دەسی دەسی پێدەکردن و ئیدی بە پێشنیازێکی فێڵاوی کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێناو گوتی:

– حکومەتی دۆن، پێشنیازەکەی کۆمیتەی سوپایی شۆڕش تاوتوێ دەکات و سبەینێ سەعات دە، بە نووسراوێك وەڵامیان دەداتەوە.

"١١"

دەقی ئەو وەڵامەی کە حکومەتی سوپایی دۆن، بۆ ڕۆژی دوایی دای بە شاندی نوینەرانی کۆمیتەی شۆڕش، بەمجۆرە بوو:

"حکومەتی سوپایی ناوچەیی دۆن، ئەو داوایانەی تاوتوێ کرد کە لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سوپایی قوزاقانەوە، بە ناوی کەتیبەکانی ئاتامانسکی و قوزاقی گارد و کەتیبەکانی ٤٤، ٢٨، ٢٩ ویەکەکانی کەتیبەکانی ١٠، ٢٧، ٢٣، ٨، دوی (یەدەگ)و ٤٣ و سریەی سوارەی تایبەتی ١٤ و تۆپخانەکانی شەشی (گارد)و ٣٢، ٢٨، ١٢، ١٣ و فەوجی دووی پیادەو پاسگەی ناوچەیی کامنسکاوە، پێشکەش کراون، حکومەت ڕایدەگەیەنێ کە نوێنەری سەرانسەری میللەتی قوزاقی دەڤەرەکەیە. جا ئەم حکومەتە بەو حیسابەی کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، مافی ئەوەی نیە تا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی تازەی دەڤەرەکە، دەستبەرداری دەسەڵاتی خۆی ببێت و بە خەڵکانی دیکەی بسپێرێت.

حکومەتی سوپایی ناوچەیی دۆن، بە پێویستی دەزانێت، ئەنجوومەنی پێشوو هەڵبوەشێنێتەوەو لە سەرانسەری ناوچەکەدا، بە بەشداری نوێنەری هەموو ستان و دێهاتەکان و یەکە سوپاییەکان، هەڵبژاردنی تازە بکرێت. ئەنجوومەنی تازە، ئازادانە ( بە دابینکردنی بانگەشەی ئازادو تەواوەوە) لەلایەن سەرانسەری خەڵکی قوزاقەوە، بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ و یەکسان و نهێنی دێتە هەڵبژاردن، ڕۆژی چواری ئەم شوباتە/١٩١٨ ( بەگویرەی تەقویمی کۆن) لە نوڤوچرکاسکدا هاو زەمان لە گەڵ کۆنگرەی سەرانسەری خەڵکی غەیرە قوزاقدا ئەنجام دەدرێت. تەنیا ئەنجوومەن، واتە ئەو دامەزراوە یاساییەی کە شۆڕش زندووی کردەوە، وەکو نوێنەری

یاسایی میللەتی قوزاقی دەڤەرەکە، مافی ئەوەی دەبێت کە حکومەتی ناوچەیی لێبخات و حکومەتیکی دیکەی لە جێگادا دابنیٚ. ئەم ئەنجوومەنە، مەسەلەی فەرماندەیی یەکە سوپاییەکان و چارەنووسی هێزە داوخوازو خۆبەخشەکان و مانەوە یان نەماوەیان بە مەبەستی پیشتوانی حکومەت تاوتویٚ دەکات. سەبارەت بە مەسەلەی سەربازگیری و چالاکی هێزێن داوخواز، ئەم حکومەتە ئیئتلافیەی ئیٚستا، بڕیاری داوە بە هاوکاری لە گەلٚ کۆمیتەی سوپایی هەرێمایەتیدا سەرپەرشتی و چاودێری بکات.

سەبارەت بە کشانەوەی هێزی پۆلیس لە دەڤەری کانەکاندا، کە حکومەتی ناوچەیی لەکانەکانی داناون. ئەوا حکومەت ڕایدەگەیەنیٚ کە ئەو مەسەلەیە لە ڕۆژی ٢/١٤ دا دەخرێتە گفتوگۆ و گەنگەشەوە.

حکومەت ڕایدەگەیەنیٚ کە تەنیا خەلٚکی دەڤەرەکە بۆیان هەیە لە ڕێکخستن و بە ڕێوەبردنی ژیانی ناوچەکەی خۆیاندا بە شداری بکەن. جا لەم ڕووەوە، بە گوێرەی بڕیارو ویستی ئەنجوومەن، بە پێویستی دەزانێت، هەر ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ دژایەتی تەشەنەکردنی دەسەلاٚتی بەلشەویکان، کە گەرەکیانە بە خۆرتی ڕژێم و دەسەلاٚتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن. تەنیا میللەت بۆی هەیە و دەتوانیٚ بڕیار دەربارەی چارەنووسی خۆی بدات.

حکومەت خوازیاری شەڕی ناوخۆ نیەو تا بۆی بکرێت، مەسەلەکان لە ڕێگای ئاشتیانەوە چارەسەر دەکات، جا بەم مەبەستە پێشنیاز بۆ کۆمیتەی سوپایی شۆڕش دەکات، کە لە شاندێکی نوێنەرایەتیدا، کە بەدەستەوەیە بنێردرێت بۆ لای دارو دەستەی بەلشەویکەکان، بەشداری بکات.

حکومەت باوەڕی وایە، ئەگەر ڕێگەی هێزی بیانی نەدرێت، بێنە قەلٚەمڕەوی هەرێمەکە. شەڕی ناوخۆ ڕوو نادات، چونکە حکومەت جگە لە داکۆکی لە خاکی دۆن هیچ کارێکی دیکە ناکات و نیازی هیچ جۆرە هێرشێك و کارێکی دژمنانەی نیەو پێوەنیە ویستی خۆی بە سەر ناوچەکانی دیکەی ڕووسیادا بسەپێنیٚ. بۆیە نایەویٚ هیچ دارو دەستەیەکی بێگانەش ویستی خۆیان بەسەر دۆندا بسەپێنن.

حکومەت، لە هەموو ناوچەکان و، لە ناو هەموو یەکە سوپاییەکاندا ئازادی تەواوی هەلٚبژاردن، بۆ خەلٚکی دابین دەکات و هەرکەسێك دەتوانیٚ لە کاتی هەلٚبژاردنی ئەنجوومەنی ناوچەییدا، بە ئارەزووی خۆی پرۆپاگەندە بکات و داکۆکی و بەرگری لە ڕاو بۆچوونی خۆی بکات.

بە مەبەستی تاوتویٚ کردنی پێداویستی قوزاقەکان لە هەر هەموو فیرقەکاندا، پێویستە لیژنەی تایبەتی لە نوێنەرانی هەموو یەکەکان لە ئیٚستاوە چێبکرێت.

حکومەتی سوپایی ناوچەی قوزاقێن دۆن، داوا لە هەر هەموو ئەو یەکانە دەکات کە نوینەریان بۆ کۆمیتەی سوپایی شۆرش ناردووە، بگەڕێنەوە سەر کاری ئاسایی خۆیان کە بریتیە لە داکۆکی کردن لە دەڤەرو قەلٚمڕەوی دۆن.

حکومــەتی ســوپایی ناوچــەیی، ســوپای قــوزاقی دۆن، بــە مــاقووڵی نازانێــت هەنــدێ یەکــەێن سوپایی دژی حکومەت بوەستنەوە و زەمینەی شەڕی ناوخۆیی خۆشبکەن و ناوچەی دۆنی ئارام بخەنە گێژەلووکەی شەڕێکی ماڵوێرانکەرەوە.

پێویســتە کۆمیتــەی شۆڕشــگێڕی ســوپایی لەلایــەن ئــەو یەکانــەوە کــە هــەڵیان بــژاردووە، هەڵبوەشێتەوەو پێویستە هەر هەموو ئەو یەکانە نوێنەری خۆیان بۆ ئەو کۆمیتە سوپاییە بنێرن کە حاڵی حازر لە ناوچەکەدا هەیەو هەموو یەکەکان لە چوارچێوەی ئەو کۆمیتەیەدا یەکبخرێن.

حکومــەتی ســوپایی قوزاقــان، داوا دەکــات هــەر هــەموو ئــەو کەســانەی کــە لەلایــەن کۆمیتــەی سوپایی شۆڕشگێڕەوە، دەستگیر کراون، بەپەلەو بێ دواکەوتن ئازاد بکرێن. جا بۆ ئەوەی ژیانی ئاسایی بۆ هەرێمەکە بگەڕێتەوە، دەبێ ڕێگە بە دام و دەزگاو دایەرەکان بدرێت، دەست بەکاری خۆ بکەنەوە.

کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕ، کە تەنها نوێنەری ژمارەیەکی کەمی یەکە قوزاقیەکانە. بۆی نیە بە ناوی هەر هەموو یەکەکانەوە قسە بکات، چ جای هەموو میللەتی قوزاق. حکومەتی سوپایی قوزاق (حکومەتی ناوچەیی)، هەرگیز ئەوەی قەبوڵ نیە کە کۆمیتە پەیوەندی لەگەڵ ئەنجوومەنی نوینەرانی گەلدا ببەستێ و یارمەتی داراییان لێوەربگرێت، چونکە ئەوە زەمینە بۆ ئەنجوومەنی نوێنــەرانی گــەل خۆشــدەکات کــە دەســەڵاتی خــۆی لــە هــەرێمی دۆنــدا بڵــاو بکاتــەوە. لــە کاتیکــا ئەنجوومــەنی قــوزاق و کــۆنگرەی میللــەتانی غــەیرە قــوزاق، لــە سەرانســەری هەرێمەکــە دەســەڵاتی سۆڤیاتەکانیان بەلاوە ڕەفزە، وەکو چۆن هێزەکانی ئۆکرانیا و سیبریا و قەفقازو تێکڕای هێزێن قوزاقیش ڕەفزیان کردووە. سەرۆکی حکومەتی عەسکەری و جێگری ئەتامانی ناوچەکە

م. بوگایفسکی

و فەرماندەکانی سوپایی قوزاقی دون:

ئیلا تونتسف، پولیاکوف، ملنیکوف"

لاگوتین و سکاچکوف، وەکو دوو ئەندامی کۆمیتــەی سوپایی شۆڕشگڕی کامنسکایا، بە گەڵ ئەو شاندە کەوتن کە حکومەتی دۆن بۆ تاگانروکی نارد تا دانوسان و گفتوگۆ دەگەڵ نوێنــەرانی دەسەڵاتی سۆڤێتاتدا بکات. پودتیلکوف و ئەندامانی دیکەی کۆمیتــەی سوپایی، بە شێوەیەکی کاتی لە نوڤوچرکاسك گلدرانەوە. لەم ماوەیەدا، هێزەکانی کالیدین، بە ڕابەرایەتی چرنسوف، کە بریتی بوو لەچەند سەد جەنگاوەرێك و تۆپخانەیەکی قورس و دوو تــوپی بچووك، بە هێرشێکی خێراو کوت و پڕ هەردوو وێستگەی زڤیریڤۆ و لیخایایان گرت، فەوجێك و دوو تــۆپی سووکیان بۆ حیمایەی خۆیان لەوێندەر جێگیر کردو بەرەو کامنسکایا وەڕێکەوتن. چرنتسوف، مقاوەمەی یەکە شۆڕشــگێڕیەکانی قــوزاقی لــە نزیکی سیڤرنی –دونتسدا تێك شکاندو لــە ڕۆژی ١٧/ك٢/دا کامنســکایای گــرت. دوای چــەند ســەعاتێك لــە گــرتنی کامنســکایا، هــەوڵ گــەیی کــە گوایــە تابوورەکانی گاردی سوور، بە فەرماندەیی سابلین، هێزەکانی چرنتسوڤ لە زڤیریڤوو دواتر لە لیخایا وەدەرناوە. چرنتسوف، بە هەڵەداوان (بەلەز، بەپەلە) خۆی گەیاندە ئەوێندەر. بە سووکە هێرشێکی بەرەیی، تابووری سێی مۆسکۆی تەفرو تونا کرد و کوشتارێکی قورسی لە تابووری

خارکوف کردو، گاردی سووری ڕاوناو، بە گویٚ پچڕ گوٚی پچڕ، گەیشتنەوە ئەو شوێنەی کە هێرشیان لێوە هێنا بوو.

چرنتسوف، پاش ئەوەی ناوچەی لیخایای گرتەوەو بارودۆخەکەی کۆنترۆڵ ،کردەوە، دووبارە گەڕایەوە بۆ کامنسکایا. لە ڕۆژی ۱۹/ك۲ دا هێزی کۆمەکی لە نوڤوچرکاسکەوە پێگەیی و بۆ سبەینیٚ بڕیاری دا بەرەو گلوبوکایا هێرش بەرێت.

لە ئەنجوومەنی جەنگداو لەسەر پێشنیازی نەقیب لینکوف، بڕیاردرا کە گلوبوکایا، لە ڕێگای هێرشێکی چەند قۆڵییەوە بێتە گرتن. چرنتسوف، ترسی لە قۆڵی ڕێگەی ئاسن هەبوو، دەترسا لەم قۆڵەوە ڕووبە ڕووی مقاوەمەتی یەکەکانی کۆمیتەی عەسکەری شۆڕشگێڕی کامنسکایا و تابوورە کۆمەکیەکانی گاردی سوور ببێتەوە کە لە چرتکوڤۆوە هاتبوونە هیمدادی یەکەکانی کۆمیتەی ناڤبری.

هێرشە چەند قۆڵیەکە هەر ئەو شەوە دەستی پێکرد. تابوری ئەو داوخوازانەی کە چرنتسوف بەخۆی فەرماندەیی دەکردن، بەر لە سپێدەی بەیانی گەییەوە دەوروبەری گلوبوکایا. ڕەتڵەکە (تابوور، ستوون) بە پەلە تەشکیلاتی خۆی گۆڕی و بەڕیز، بڵاوبوونەوە. چرنتسوف، بۆ ئەوەی سڕی پێی دەرچێت لە ئەسپەکەی دابەزی، بە دەنگێکی دلێر عازی بە یەکیك لە فەرماندەی فەوجەکان دا:

– نەقیب، بتبینم ها. دەست نەپارێزی، لە مەبەستم تیگەیشتی؟

چەکمەکانی، لەسەر بەفرە سفتەکە جیڕە جیڕیان دەکرد. کڵاوە فەرووە هەشتەرخانیەکەی بە لایەکدا خست تا گوێچکە پەمەییەکانی بخورێنیٚ. لەبەر بێخەوی ئەڵقەیەکی شینباو، لە ژێر چاوە گەشەکانیا خەرمانەی دابوو. لێوەکانی لە سەرما هەڵقورتا بوون، تویژاڵە بە فرێکی زۆر تەنك سەری سمێڵە کورتەکانی گرتبوو.

دوای ئەوەی تۆزێك گەرم بووەوە، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی، چرچ و لۆچی قەمسەڵە عەسکەرییە خاکیە ئامال سەوزەکەی ڕێکخست و هەوساری ئەسپەکەی لەسەر قەڵپوسی زینەکە هەڵگرت، دەی لە ئەسپە کوێتەکەی کردو بەدەم زەردەخەنەیەکی قووڵ و پڕ متمانەوە گوتی:

– بڕۆ! با دەست پیبکەین!

"۱۲"

ڕێك پێش بەستنی گۆنگرەی جەنگاوەرانی دێرینی قوزاقان لە کامنسکایا، نەقیب ئەزڤارین، دۆستی گریگۆری لە کەتیبەکەی خۆی هەڵات. شەوی پێشتر سەردانی گریگۆری کرد بوو و بە کیانەیەو ناڕاستەوخۆ لە نیازو هەڵوێستی خۆی ئاگاداری کردبوو.

– بەڕاستی خزمەتکردن لەم باردۆخەدا، لەم کەتیبەیەدا دژوار بووە. قوزاقان، کەوتوونەتە بەینی دوو لایەن و جەمسەری توند ڕەوەوە، یانی کەوتوونەتە بەینی بەلشەویکان و ڕژێمی پاشایەتی جارانەوە. کەس ئامادە نیە پشتیوانی لە حکومەتەکەی کالیدین بکات. بە تایبەتی کە سوورە لە سەر یەکسانی (مەبەست یەکسانی قوزاق و غەیرە قوزاقە لە مەسەلەی هەڵبژاردندا) لە کاتێکا

ئێمە پێویستمان بە پیاوێکی بە زەبت و زاکونە کە غەواران بگەڕێنێتەوە سەر شوێنی خۆیان... بەڵام وێڕای ئەوەش لەو باوەڕەدام بۆ ئێستاو سەبارەت بەم قۆناغە، بۆ ئەوەی دەستمان لە بنی هەنبانەوە دەرنەچێت و لە قەلان و لە کۆترانش نەبین، باشترە پشتیوانی کالیدین بکەین.

کەمێك بێدەنگ بوو، سیغارێکی داگیراند و پرسی:

– پێموایە، تۆ چوویتەتە سەر دینی سوورەکان؟

گریگۆری وەڵامی دایەوە:

– تەقریبەن.

– بە قەناعەتی تەواوەوە یان تۆش وەکو گولوبوف گەرەکتە لە نێو قوزاقەکاندا ناوو ئیحتوبارێك بەدەست بینی؟

– نا، پێویستم بە ناوو ناوبانگ نیە. منیش وەکو خەڵکانی دی لە ڕێگاو مەفەڕێك دەگەڕێم.

– ئەو ڕێگایەی تۆ گرتووتە، دەرناچێت، کوێرە کۆڵانە. ئاسنی سارد دەکوتی.

– دەبینین...

– گریگۆری دەترسم، من و تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان وەکو دوو دژمن یەکدی بدینینەوە.

گریگۆری بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– یفیم ئیڤانوفیچ، پیاو لە مەیدانی شەڕا دۆستانی خۆی نا ناسێتەوە.

ئەزڤارین، چەند دەقیقەیەکی دی بەدەم قسانەوە مایەوە، پاشان ڕۆیی و بۆ بە یانییەکەی وەکو بەردێك بکەوێتە بن گۆمەوە، هیچ شوێنەوارێکی دیار نەما.

ڕۆژی گرێدانی کۆنگرە، قوزاقێکی گاردی ئەتامانسکی قوزاقان کە خەڵکی گوندی لیباژی، ناوچەی ڤیشنسکایا بوو، هاتە دیدەنی گریگۆری. گریگۆری سەرقاڵی پاکردنەوەو زەیت کردنی دەمانچەکەی بوو. ئەو گاردە کە جاران لە کەتیبەکەی لیستنتسکیدا بوو و دەیزانی کە لیستنتسکی ماشقەکەی گریگۆری ڕەدوو خستبوو، بۆ ئەوە هاتبوو خەبەر بە گریگۆری بدات کە ئەفسەرەکەی جارانی (واتا لیستنتسکی)ی لە وێستگەکەدا دیتووە. وێڕای ئەوەش بە ماوەیەکی کەم پیش ئەوەی بڕوات، وەکو ئەوەی بەرێکەوت ئەو بابەتەی بیرکەوتبێتەوە گوتی:

– ئەرێ گریگۆری پانتلیوفیچ، ئەمڕۆ لە وێستگەدا یەکێك لە کۆنە دۆستەکانتم بینی.

– کێ بوو؟

– لیستنتسکی، دەیناسیت، وانیە؟

گریگۆری بە توندی پرسی:

– کەی؟

– نزیکەی سەعاتێك لەمەپێش.

گریگۆری دانیشت. ئەو سووکایەتیەی کەپێی کرا بوو، وەکو گورگ چنگی خستە دڵ و دەرونی ڕاستە ئێستا دەرهەق بە کۆنە دژمنەکەی هەستی بە هەمان کینەی جاران نە دەکرد، بەڵام دەیزانی لەم بارودۆخە پەشێوەدا، کە شەڕی ناخۆ بەردەرکەی پێگرتوون، ئەگەر تووشی یەکتر بن، خوێنیان لە بەینا دەڕژێ. بە بیستنی کوتوپڕی ناوی لیستنتسکی ، پەی بەوە برد کە زامە

کۆنەکەی هێشتا ساڕێژ نەبووەتەوەو بە یەك پەلە پیتکە دەکولێتەوەو دێتەوە سوێ. هەڵبەتە گریگۆری کە بیری کەوتەوە، ئەو بێشەرەفە چ سووکایەتی و بێڕێزیەکی پێکرد بوو، چۆن حەیاو ناموسی کرد بوو بە بەڵمە برنج و، خۆشی و شادی ژیانی لەبەر چاو خستبوو، زۆری لەزەت لەو تۆڵەیە دەبینی کە کاتی خۆی لێیکردبووەوە.

ماوەیەك بێدەنگ بوو، هیچ قسەیەکی بۆ نەدەهات. دەموچاوی سوور بووەوە، پاشان کە هەستی کرد هێور بووەتەوە گوتی:

– پێتوایە، بێت بۆ ئێرە؟

– باوەڕ ناکەم. ڕەنگە بەرەو نوڤۆچرکاسك بڕوات.

– دەی باشە.

یارۆی گاردی قوزاق، هەندێ شتی دەربارەی کۆنگرەکە گوت و دوا هەواڵ و دەنگ و باسی کەتیبەکەی بۆ گێڕایەوەو ڕۆیی.

گریگۆری هەرچی دەکرد، نەیدەتوانی ئاگری ئەو ئازارە بکوژێنێتەوە کە بەر بووبووە دڵ و دەروونی. مات و پەرتەواس دیار بوو. لە جاران زیاتر بیری لە ئەکسینیا دەکردەوە، زاری تاڵ و دڵی وەکو بەرد ڕەق بوو. بیری لە ناتالیاو دوو منداڵەکەی خۆی دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆشی و شادیەی جارانی پێنە دەبەخشی، لەوە دەچوو گوزەشتی ڕۆژگار کاڵی کردبێتەوە. دڵی دیل و ئەسیری ئەکسینیا بوو و وەکو جاران تاسەمەندو تامەزرۆی دیداری ئەو بوو.

وەختایەك جرنتسوف، دەستی بە هێرش کرد و زۆری هێنا، ئیدی هێزی شۆڕشگێڕان چاری نەما، دەبوایە بەلەز کامنسکایا چۆڵ بکات. هێزە جۆراو جۆرەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سوپایی، سریە پەراگەندەکان، هەر هەموو بەجارێ سواری قیتاران بوون، یان شتە قورس و دەستو پێ گیرەکانیان بەجێدەهێشت و ئیدی بە پای پیادە یان بە سواری بۆی دەردەچوون. هیچ زەبت و ڕەبت و دیسپلینێك لە ئارادا نەبوو، هیچ سەرکردایەتیەکی بە زاکون لە ئارادا نەبوو کە ئەم هێزە پەشێو و پەراگەندانە، لە ژێر باڵی خۆیدا کۆبکاتەوەو ئاڕاستەیان بکات. لەم ماوەیەدا، لە نێوان فەرماندە هەڵبژێردراوەکاندا، ناوی موقەدەمێك، بە ناوی گولوبوف، دەرکەوت و کەوتە سەر زاران. فەرماندەیی کەتیبەی شۆڕشگێڕی بیست و حەوتی، کە سەنگێکی جەنگی زیاتری هەبوو، گرتە ئەستۆو، بە زوویی زەبتی کردەوە. قوزاقەکان بێهیچ خوتەو بۆڵەیەك گوێڕایەڵییان دەکرد. چونکە هەموو ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی تیا بوو کە بۆ کەتیبەکە پێویست بوو: توانای یەکخستن و ڕێکخستنی کەتیبەکەی لە یەکەیەکی یەکپارچەدا هەبوو. دەیزانی چۆن ئەرك و کاران دابەش دەکات، دەیزانی جڵەوی فەرماندەیی بە کێ بسپێرێت. لە کاتی چۆڵکردنی شاردا. ئەم ئەفسەرە قەڵەوە، گۆنا ئاڵ و دەموچاو گۆشتن و، چاو نەترسە بەدەم شمشێر بادانەوە بەسەر قوزاقەکاندا دەسوڕایەوەو چ قودرەت بوو قوزاقێك لە کاری شت بارکردن لە فارگۆنەکان، خاوە خاوی کردبا، دەی نەڕاند بە سەریا:

– خاوە خاوی چیتانە؟ چاوشارکێ دەکەن؟ خێراکەن دەی!... شتەکان بارکەن! بە ناوی شۆڕشەوە پێتان ڕادەگەیەنم، کە دەبێ پابەندی فەرمانەکانی من بن!.. چی؟ ئەوە کام عەوام

خەڵەتین بوو؟ با بەدەستی خۆم گوللە بارانی بکەم! بێدەنگ... ئەوانە سیخوڕ و دژە شۆڕشن، ئەوانە هاوڕێ نین

قوزاقەکان، بەگوێیان کرد. تەنانەت زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی هێشتا لە ڕابردوودا دەژیان و لە بەندو باوی کۆن ڕزگار نەبوو بوون، ئەم شێوازەی ئەویان بەدڵ بوو: جاران باشترین فەرماندە بەلای قوزاقانەوە، ئەو کەسە بوو کە زۆر بە زەبت و ڕەبت و زاکۆن بوایە. زۆر سەختگیر بوایە. وا باسی گولوبوف دەکرا کە: "ئەگەر کەرێتی بکەیت، پێستی سەرت هەڵدەکەنێ، بەڵام پاشان چونکە پیاوەتی دەفامێ دووبارە بۆتی دەدورێتەوە."

مەفرەزەکانی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕی دۆن، پاشەکشەیان کردو لافاو ئاسا دایان بەسەر گلوبوکایادا. گولوبوف، فەرماندەیی هەموو هێزو قوەتەکانی گرتبووە دەست. لە زەرفی دوو دانە ڕۆژدا، هەموو یەکەو قوەتە پەراگەندەکانی کۆکردەوەو ڕێکی خستنەوەو نەخشەو پلانی پێویستی بۆ بەرەڤانی وداکۆکی لە گلوبوکایا، دانا. لە سەر داوای ئەو، گریگۆری کرا بە فەرماندەی دوو سریەی کەتیبەی دووی یەدەگ لەگەڵ سریەیەکی گاردی ئەتامانسکی (سەرۆکایەتی)دا.

گریگۆری لە بولێڵی ئێوارەی ۲۰/ك۲ دا کە لە ماڵ دەرچوو بووو، دەچوو بۆ سەردانی پۆستەکانی پیشەوە، کە سەربازانی کەتیبەی ئەتامانسکی ئێشکیان تیا دەگرت، ڕێك لە قەراخ گوندا، تووشی پودتیلکوف بوو.. پودتیلکوف ناسییەوەو گوتی:

– ئەمە تۆی میلیخوف؟

– بەڵێ.

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– دەچمە سەردانی پاسگەکانی پێشەوە. دەمێکە لە نوڤوچر کاسك گەڕاویتەوە؟ دەنگو باسی تازە؟

پودتیلکوف، بڕۆی وێکهێنانەوە.

– فایدەی نیە، ئاشتی لەگەڵ دژمنانی سەرسەختی گەلدا زەحمەتە. بینیت چ فەندەڵ فێڵێکیان لێکردین؟ ئێمە لەوێ خەریکی گفتوگۆو دانوسان بووین و ئەوان لەپشتەوە، چرنتسوفیان بە هێزێکی گەورەوە نارده سەرمان. کالیدین، لەو بێشەرەفانەیە! دەی باشە، درەنگمە، دەبێ بگەڕێمەوە بۆ بارەگای فەرماندەیی.

بەپەلە خواحافیزی لە گریگۆری کردو، بە هەشتاو بەرەو ناوەندی شار کەوتەڕێ.

تەنانەت پێش ئەوەی بە سەرۆکی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕش بێتە هەڵبژاردن، ڕەفتاری دەگەڵ گریگۆری و قوزاقە ئاشناکانی دیکەدا گۆڕا بوو، هەندێجار، خۆپەسەندی و ڕوح زلی و شانازی بە گوتەکانیەوە دیار بوو. دەسەڵات ئەم قوزاقە سادەو ساکارەی سەرمەست دەکرد.

گریگۆەی یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوە. پێی هەڵگرت. دیار بوو کە شەوەکەی، شەویکی سارد دەبێت. کزە بایەك لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە مەرزو بۆی قەرغیزانەوە دەهات. ئاسمان سایەقەو ساماڵ بوو. دنیا خەریك بوو دەیبەست. بەفری ژێر پێیەکانی کەوتبووە خشە خش. مانگ بە ئەسپایی،

وەکو پیرێك بە قاڵدرمەدا سەر بکەوێ، بەو ئاوایە، بە لارە لار سەردەکەوت. لە دەرێی ماڵەکاندا، تەمێکی وەنەوشەیی، لە سەرانسەری پێدەشتەکەوە هەڵدەستا. خۆرئاوا بوو بوو، ئەوکاتە بوو، کە هەموو هێڵ و دیمەن و ڕەنگ و مەوداکان دەچنەوە، دەسڕدرێنەوەو ڕوناکی ڕۆژ بە جۆرێ تێکەڵی شەو دەبێ و لەگەڵیا جووت دەبێ کە ناتوانرێ لێکدی جیا بکرێنەوە. یانی وەخت و کاتێك بوو، کە هەموو شتێك ناواقیعی و سەیرو گۆڕانپەرێز دەنوێنێ و لەو کاتانەدا تەنانەت بۆنەکانیش وەکو خۆیان نامێنن و کاڵدەبنەوە.

گریگۆری کە لە کاری سەردانەکەی تەواو بوو گەڕایەوە بۆ ماڵ. خاوەن ماڵەکە، کە کارمەندی هێڵی ئاسن بوو، دەموچاوی کونج بوو. زیرەك و زیتەڵ دیار بوو. سەماوەرەکەی هێناو لە بەردەم مێزەکەدا دانیشت.

– ئێوە بە تەمای هێرشن، وانیە؟

– نازانم.

– یان دەتانەوێ لێرە چاوەڕوانیان بکەن؟

– با بزانین چۆن دەبێ.

– باش دەکەن. چونکە پێموا نیە ئێوە ئەو قوەت و هێزەتان هەبێ هێرشی پێبکەن. بۆیە باشتر وایە چاوەڕوان بکەن. حاڵەتی بەرگری باشترە. من بەخۆم لە شەڕی ئەڵمانەکاندا بەشدار بووم، لە بەشی ئەندازە، شارەزاییم دەربارەی ستراتیژ و تاکتیك هەیە... هێزەکانی ئێوە کەمن.

گریگۆری، کە ئەم قسانەی لەبەر گران بوو، بۆ ئەوەی زوو کۆتاییان پێبێنێ گوتی:

– ئەوەی هەمانە، بەسمانە.

لێ کابرای خاوەن ماڵ، بەدەم پرسیاری لە پەستاو بێپسانەوەوە، بە دەوری مێزەکەدا دەسوڕایەوەو سکە لاوازەکەی لە ژێر ئێلەکە ماهووتەکەیەوە دەخوراند

– تۆپخانەتان زۆرە؟ تۆپ، تۆپ؟

گریگۆری بە توڕەییەکی پەنهانەوە گوتی:

– تۆ کە سەرباز بوویت، ئەرکی سەرباز نازانیت!

ئەوجا خێسەیەکی ئەوتۆی لە خاوەن ماڵەکە کرد، کە یارۆ خەریك بوو زراوی بتوقێ و شپرزەو پەشێو کشایە دواوە.

– .. تۆ گوایە سەربازی بوویت و ئەوجاش یاساو ڕێسای سەربازی نازانیت! تۆ ماڤ ئەوەت نیە دەربارەی هێز و قوەت و جبەخانەو نەخشەی جەنگی و ئەو کارو بارە سوپاییانە پرسیار لە من بکەی. هەر ئێستا دەستگیرت دەکەم و دەتنێرم بۆ لێپێچینەوە.

یارۆی خاوەن ماڵ، تەواو پەشۆکا، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما. وشەکان بە نیوەچڵی لە زاریەوە دەردەهاتن و ددانە کرمۆڵ و کەلۆسەکانی ڕەش دەچوونەوە.

– ببورە، کەرێتیم کرد... بمبورە

گریگۆری، دوای تەواوکردنی چای یەکەمی، بە رێکەوت چاوی بڕییە، چاوانی کابرا. سەیری کرد خێرا خێرا چاوەکانی دەتروکاند، کاتێ کە پێڵوەکانی دادەخست، سیمای تەواو دەگۆڕا،

میهرەبـان و تەقریبــەن پاڕانــەوە ئـامێز دەیاننوانـد. خانەوادەکــەی، واتــە ژنەکــەی و دوو کیــژە گەورەکـەی، بۆخـۆ بەچپە لـە بـەینی یەکدا دەدوان. گریگـۆری بێئـەوەی کوپـە چـای دووەم تـەواو بکات چووەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

دوای ماوەیـەکی کـەم دوو کـەس لـە قوزاقـانی سـریەی چـواری کەتیبـەی دووەمـی یـەدەگ، کـە دەگـەڵ گریگۆریـدا لـە هـەمان مـاڵ ئـاکنجی بـوون، گەڕانـەوە. بـە دەم هـەراو زەنـاوە کەوتنـە چـا خواردنەوەو پێکەنین و قسەکردن. گریگۆری کە خەریك بوو چاوی دەچوونە خەو، بەدەم خـەوو بێداریەوە، گوێی لە هەندێ لە قسەکانیان بوو. ( گریگۆری دەنگی فەرماندەی ڕەعیل، باخماچوف، کـە خـەڵکی ناوچـەی لوگانسـکایا بـوو، ناسـییەوە) جا باخماچوف، ڕووداوێکـی ئـەو ڕۆژەی بـۆ دەگێڕایەوە:

– بـە خـۆم لـەوێ بـووم، بەچاوی خـۆم بینـیم سـێ کرێکـاری کـان، خـەڵکی ناوچـەی گورلوفکـا، کریکاری کانی ژمارە یازدە، هاتن و گوتیان ڕێکخراوێکیان دامەزراندووە بەڵام چەکی پێویستیان نیـە. گوتیـان : "بـەگویرەی توانـای خۆتـان هـەر چـەکێکی زیادەتـان هەیـە بمانـدەنێ." هـەنگێ سـەرۆکی کۆمیتـە – مـن بـەگوێی خـۆم گـوێم لێبـوو – ( لێرەدا باخماچوف دەنگی بـەرزکردەوە، وەکو ئەوەی قسە بۆ گوێگرێکی نادیار بکات) گوتی: هاوڕێیان بچن بۆلای سابلین، ئێمە هیچمان نیە!" بـەڵام چۆن هیچمان نیە؟ مـن بـە خـۆم دەزانم، تفەنگمان زۆرە، یـانی لـە پێویسـتی خۆمـان زیاترمـان هەیـە. بـەڵام ئەوەنـدە هەیـە ئـەو کرێکارانـە قـوزاق نـەبوون و سـەرۆکی کۆمیتـە حـەزی نەدەکرد ئەوانە لەم کارانەدا بەشداری بکەن..

یەکێك لە ئامادەبوان گوتی:

– نەهـەقی نیـە. کە چەکیان دەدەیتێ. هیچ مـەعلووم نیـە بە شداری شـەڕ دەکەن یان نا. خۆ کە مەسەلەی زەوی و زار دێتـە ئاراوە، دەبینی چۆن باوەشی پێدا دەکەن، بستێك زەوی بە باوکیـان نادەن.

یەکێکی دی بە دەنگی گڕ گوتی:

– ئێمە دەماریان دەناسین!

باخماچـوف، لـەفکران ڕاچـوو، هێـدی هێـدی بـە کەوچـکەکەی بـە پیاڵەکەیـدا دەکێشـا، ئەوسـا بەکاوەخۆ، گوتی:

– نـا، نـابێ وا بیربکەینــەوە. ئـەو قسـانە بێسـودە. بەلشـەویکان بەیـەك چـاو سـەیری هــەموو جـەماوەری گـەل دەکـەن. بەرژەوەنـدی هـەموو گـەلیان دەوێ. ئێمـە بەلشـەویکی ڕاسـتەقینە نـین، هەموو خـەمێکی ئێمە ئەوەیە کالیدین ترۆبکـەین و ئەوسا بـەخۆمان بکەوینـە دەسـتدرێژی و ڕاو ڕووت...

دوای ئەوە دەنگێکی بەرزو تا ڕادەیەك منداڵانە بەرزبووەوە:

– بـەڵام تـۆ ئـەوەش بزانە کـە ئێمـە نـاتوانین هیچیان بـدەینێ، خۆمـان ئەوەنـدەمان نیـە تـا بەشـی ئەوانیشی لێبدەین. خۆ ئەوپەڕی سەرو دیسیاتین ونیوێك زەوی باشمان هەیە، باقیەکەی هەمووی زەوی سوورك و لمەڵانە و بەکەڵکی هیچ نایەت، ئیدی چیان بدەینێ؟

– هیچ لە تۆ ناسەنن. بەڵام خەڵکانێك هەن زەوی و زاریان یەجگار زۆرە.

– ئەدی زەویەکانی سوپای قوزاقی چییان بەسەردێ؟

– ئافەرین، بابۆ. یانی دەستبەرداری موڵکەکانی خۆمان ببین و پاشان بڕۆین سواڵ بکەین؟... تۆ دەزانی چ دەڵێی؟

– زەوی و زارەکانی سوپا، بە خۆمان پێویستە.

– هەڵبەتە.

– لە حەسودی و تەماعکاریدا ئەم قسانە دەکات!

– چۆن؟

– بۆ نموونە ڕەنگە پێویست بکات لەگەڵ قوزاقانی دۆنی ژووردا دابەشی بکەین. چونکە زەوی زارەکانی ئەوان. وەکو هەموو دەزانین هەر لمەلأن و زیخ و چەوە.

– زۆر ڕاستە.

– بەڵام هیچ پێویستمان بەو کارە نیە.

– تا ڤۆدگایەکی بەسەرا نەکەین، سەر لەم شتانە دەرناکەین.

– کوڕینە، دەزانن ئەو ڕۆژە کۆمەڵێك هەڵیانکوتایە سەر کۆگایەکی ڤۆدگاو تەنانەت یەکێکیان کەوتە کووپەیەك ڤۆدگاوە.

– ئا ئێستا کەمێك شەراب فریام دەکەوێ، کەمێك شەراب تا گەرمم بکاتەوە.

گریگۆری، لە نێوان خەو و بێداریدا گوێی لێبوو قوزاقەکان بەدەم جێگا ڕاخستنەوە، باوێشکیان دەداو خۆیان هەڵدەکرانـدو هەمان چیرۆکی دابەشکردنی زەوی و زاریان دووبارە دەکردەوە.

بەر لە سپێدە، دەنگی تەقەیەك لەبەر پەنجەرەکەیان بەرزبووەوە، قوزاقەکان ڕاپەڕین، گریگۆری ویستی قەمسەڵەکەی لەبەر بکات، دەستی لە قۆڵەکانیا گیربوو، پاڵتۆکەی هەڵگرت و بەدەم ڕاکردنەوە چەکمەکانی لە پێی هەڵکێشان. تەقە لە دەرێ ڕا دەستی پێکرد، گوللە وەکو باران دادەباری. لۆریەك بە هاڕو هۆڕ بە وێدا تێپەڕی. یەکێك لە دەرێی دەرگاکەوە هاواری کرد:

– چەك!.. دەست بدەنە چەك!

قوەتەکانی چرنتسوف، دابوویان بەسەر پۆستەکانی پێشەوەو پاشەکشەیان پێکرد بوون و خەریك بوو دەهاتنە ناو گلوبوکایاوە. سواران، بەو بەرە بەیانە تاریکە، بەیەکا دەهاتن و بەر یەکدی دەکەوتن. سەربازانی پیادە، بە دەم شڵپە شڵپی پۆستاڵانەوە بە ناو جادەو بانەکان کەوتن. ڕەشاشێك لە چوار ڕیانێکدا دامەزرێنرا. دەستەیەکی سی نەفەری قوزاق، لە ناوەندی جادەکەدا سەنگەریان گرت. فەسیلێك بە هەڵەداوان بە وێدا تێپەڕی، ئیدی بوو بە خرم و هۆری میل هێنانەوەو فیشەك خستنە بەر تفەنگان و ساجور پڕکردن لە فیشەك. لەچوار ڕیانێکی ئەولاترەوە، فەرماندەیەك بە دەنگی چەکوش ئاسا غاری دەدا:

– سریەی سێیەم، وریابە! ئەوە کێیە لە ڕیز دەرچووە؟ بێدەنگ! ڕەشاشچیەکان، دەستی ڕاست! ئامادەن؟ سریە...

تۆپخانەیەك بە ویّدا تێپەڕی. ئەسپەکان بە چوار ناڵە دەڕۆیین. عەرەبانچیەکان قامچیەکانی خۆیان بادەدا. تەقە تەقی سەندوقان و جیڕە جیڕی چەرخی عەرەبانەی ژێر تۆپەکان تێکەڵ بە دەنگی دەستڕێژی تفەنگان دەبوون، کە سات بە سات لە قەراخ و دەوروبەری گوندەکەدا زیادی دەکرد. لە پڕاو لەو نزیکانەوە دەنگی ڕەشاش بەرز بووەوە. ئاشخانەیەکی گەڕۆك کە بە هەشتاو بەرەو شوێنیکی نادیار دەڕۆیی، لە عامودی پەرژینێك گیراو وەرگەڕا .دەنگیك کە خەریك بوو لە ترسان زیڕەی دەکرد بەرزبووەوە:

– باشە تۆ کوێری؟.. ئەو عامودەت نەبینی؟

گریگۆری، بە زەحمەتێکی زۆر، سریەکەی خۆی کۆکردەوەو بە ڕیز بەرەو وێستگەی هێڵی ئاسن، وەڕێکەوتن. سەیریان کرد قوزاقەکان بەلێشاو لە وێندەرەوە دەگەڕێنەوە.

گریگۆری، گرتی بە تفەنگی یەکێکی پێشەوەیاندا و گوتی:

– بۆ کویّ دەڕۆن؟

یارۆی قوزاق، خۆی لە چنگی دەرهێناو گوتی:

– بەرم بدە! واز بێنە، بەراز! چیت لێم دەویّ؟ مەگەر نابینی پاشەکشە دەکەین؟

– ئەوان لە ئێمە بە هێزترن.

– هێز نیە پێشیان پیبگرێت.

چەند کەسێك بەدەم ڕاکردنەوە هانکە هانکیان پێکەوتبوو، لێکدا لێکدا دەیان پرسی:

– لەکوێوە بڕۆین؟ گوندی میلروڤۆ لە کوێوەیە؟

گریگۆری ویستی سریەکەی خۆی لە قەراخی گوندا، لە پالّ عەماریکی کەلوپەلدا دابمەزرێنیّ، بەڵام لە ناکاوا شوپۆلێکی تازەی هەڵاتوان هات و هەموو سەربازەکانی ئەویشی دەگەلّ خۆیدا ڕامالّی و ئەوانیش بە گەلّ ئەم هەڵاتنە بە کۆمەڵە کەوتن و پەراگەندەی ناو کوچە و کۆڵانەکان بوون. گریگۆری کە لە حەژمەتاندا دەلەرزی هاواری دەکرد:

– بوەستن!... مەڕۆن!... دەنا تەقەتان لێدەکەم!...

بەڵام کەس بە گوێی نەکرد. دەستڕێژێکی ڕەشاش بە سەرانسەری جادەکەدا داباری. قوزاقەکان بۆ ساتێك خۆیان بە عاردیدا دا. ئەوسا بەسینگە خشکیّ خۆیان گەیاندە بن دیوارەکان تا بەڵکو لە وێندەرەوە بە خشکەیی خۆ بە کۆڵانە لاوەکیەکاندا بکەن.

باخماچوڤ فەرماندەی ڕەعیل، کە ئەویش بە ڕاکردن بە بەردەم گریگۆریدا ڕەت دەبوو، تەمەشایەکی کردو هاواری کرد:

– میلیخوف، فایدەی نیە، ناوەستنەوە!

گریگۆری کە لە داخا دانی لێکدی دەسوو، تفەنگەکەی دا بە شانیاو بە هەشتاو دوایکەوت.

ترس و پەشۆکان و سەرگەردانی بیّ سەرو بەری قوزاقەکان کردیە کاریك کە بە تەواوەتی لە گلوبوکایا هەڵێن، زۆربەی چەك و جبەخانەکانیان لە دوای خۆ بەجێهێشت. سەرەنجام لە بەرە بەیاندا فەرماندەکان توانیان سریەکان کۆ بکەنەوەو دەست بە هێرشی پیچەوانە بکەن.

گولوبوف، کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو و دەموچاوی سوور بوو بووەوە، نیو کۆتێکی فەروی لەبەر بوو، بە ڕاکردن بە بەردەم کەتیبەکەی خۆیدا، کەتیبەی ٢٧دا دەڕۆیی و هاواری دەکرد!

– بجوڵێن!... پەلە کەن!.. وەختی خاوە خاو نیە.. هەڵمەت بەرن. هەڵمەت بۆ پێشەوە!..

تۆپخانەی ١٤ ڕیز بوو، تۆپەکان دامەزرێنران، ئەسپەکانیان لێکردنەوە فەرماندەی تۆپخانەکە چووە سەر سەندوقێکی گوللە تۆپان و بە دوور بین کەوتە تەمەشاکردن.

شەڕ لە دەوروبەری سەعات شەشدا دەستی پێکرد. هێزێن قوزاق و سەربازانی گاردی سووری پتروڤ، لە قۆڵی فورونیچەوە هەرەکەتیان کرد، وەکو ڕوباری خرۆشاو بەرەو پێش دەهاتن. بایەکی سارد لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهات. سپێدەی سوور، عەینی خوێن لە ژێر هەورێن گەواڵ گەواڵەوە دەرکەوت. گریگۆری نیوەی کەتیبەی ئەتامانسکی بۆ پارێزگاری تۆپخانەی چواردە ناردو بەخۆیشی، بە نیوەکەی دیکەوە دەستی بە هێرش کرد. یەکەمین خومپارەی تەنویر کورتی هێنا، زۆر پێش هێڵی هێزی دژمن کەوتەوە. تیشکی نارنجی و شینباوی تەقەینەوەی خومپارەکە بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە. تە نویرێکی دیکەیان تەقاند. تۆپەکان یەك یەك مەداو بوردی خۆیان دۆزییەوە، کپی و بێدەنگیەکی بە سام و ئاوێتە بە دەنگی دەستڕێژی تفەنگ بۆ ساتێك باڵی بەسەر دنیادا کێشاو پاشان دەنگی تەقینەوەیەك لە دووری دوورەوە بەرزبووەوە. ئیدی تۆپباران دەستی پێکرد. تۆپ لە سەر تۆپ لە نزیکی هێڵی هێزەکانی دژمندا دەتەقیەوە. گریگۆری کە چاوی لەبەر بایەکە هەڵنەدەهات، بەخۆشحاڵیەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "زۆر باشە، مەدای تۆپەکانمان کۆنترۆڵە" کەتیبەی چل و چوار لە قۆڵی ڕاستەوە هێرشی دەبرد. کەتیبەکەی گولوبوف لە ناوەڕاستەوە پێشڕەوی دەکرد. گریگۆری لە قۆڵی چەپەوە بوو، مەفرەزەکانی گاردی سووریش لە دواوە پارێزگاریان لەو دەکرد. سریەکەی گریگۆری سێ ڕەشاشی بەرکەوتبوو. فەرماندەی مەفرەزەی ڕەشاشەکان کە نەفەرێکی قەڵەوی، دەموچاو خەمینی قۆڵ و باسك تووکنی، سەر بەگاردی سوور بوو، زۆر لێهاتوانە، سەرپەرشتی دەکردن و بەجۆرێ ڕەشاشەکانی ئاڕاستە دەکرد کە هەرەکەت و جوڵەی لە دژمن دەبڕی. یارۆ لەو ڕەشاشە دوور نەدەکەوتەوە کە دەگەڵ سەربازانی کەتیبەی ئەتامانسکیدا پێشڕەوی دەکرد. ژنیکی قەڵەوی لەگەڵ بوو کە پاڵتۆیەکی سوپایی سەربازانی گاردی سووری لە بەرابوو. گریگۆری بە بەردەمیاندا تێپەڕی و تووڕەو دڵگران لە دڵی خۆیدا گوتی:

" ژنانی خوێڕی! تەنانەت لە شەڕیشدا ناتوانێ لە ژنەکەی دووربکەوێتەوە! هەر ئەوە ماوە منداڵەکانی و تەختە خەوەکەشی لەگەڵ خۆیدا بینێ!" لەو دەمەدا، فەرماندەی مەفرەزەی ڕەشاشەکان، نزیك بووەوە. بەدەم چاککردنی قایشی دەمانچەکەی قەدیەوە گوتی:

– تۆ فەرماندەی ئەم مەفرەزەیەی؟

– بەڵێ

– دەمەوێ بە زەبری تەقەو دەستڕێژ بەردەم نیوەی سریەی ئەتامان پاك بکەمەوە، وەکو دەبینی دژمن پێشی گرتووەو نایەڵێت پێشڕەوی بکەین.

گریگۆری بیرۆکەکەی پەسەند کردو گوتی:

– زۆر باشە.

ڕەشاشەکە بۆ ساتیك بێدەنگ بوو. لەپڕ دەنگێك بەرز بووەوە. گریگۆری ئاوڕی دایەوە. یارۆی ڕەشاشچی کە زەلامێکی کەتەی باڵا بەرزی ڕیشن بوو، شێتانە هاواری دەکرد:

– بونچوك!.. ڕەشاشەکە خەریکە دەتوێتەوە!... واهی کار ناکرێت!

ئەو ژنەی کە پاڵتۆ عەسکەریەکەی لەبەر بوو، لەپاڵ ئەوا چۆکی دادا بوو. گریگۆری چاوە ڕەش و گەشەکانی لە ژێر سەرپۆشەکەیەوە بینی و ئەکسینیای بیرکەوتەوە. ماوەیەك بە تاسەوە، بەسەرسامی تەمەشای کرد.

لە دەمی نیوەڕۆدا یەکێك بە چوارناڵە، بە نامەیەکی گولوبوفەوە هات و خۆی گەیاندە گریگۆری. پارچە کاغەزێکی چرچ و لۆچی دەرهێنا، دیار بوو بە ناڕێکی لە دەفتەریك کرابووەوە و بە خەتێکی درشتی ناخۆش نووسرابوو:

"بەناوی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕی دۆنەوە پێتانی ڕادەگەیەنم کە بە هەردوو سریەکەی ژێر فەرماندەیی خۆتەوە سەنگەرەکانتان بگۆڕن و بە هەشتاو بە دۆڵەکەدا تێبپەڕن و دەوری قۆڵی ڕاستی دژمن، لەو دەستەوە کە لێرەوە دوور نیە، کەمێك بە سەمتی چەپی ئاشەبایەکەدا، بگرن.. تا دەتوانن بەنهێنی و بە پارێزەوە بجولێن (چەند دێرێك کە ناخوێنرتەوە)... هەرکە دەستمان بە هێرشی یەکجارەکی کرد، ئێوەش لەلای خۆتانەوە دەست بوەشێنن.

گولوبوف."

گریگۆری یەکسەر هەردوو سریەکەی کشانەوە، ئیعازی دایە سەربازەکانی سواری ئەسپەکانیان بن، ئەوسا بە شێوەیەکی پێچاو پێچ و بە ڕێگایەکی بازنەییدا، نزیکەی بیست فرسەخان بە نێو دۆڵێکا بردنی تا دژمن هەست بەجم و جولیان نەکات. ئەسپەکان، لە نێو دۆڵەکەدا، لاقیان لە بەفران ڕۆ دەچوو، لە هەندێ شوێن بەفر تا ژێر سکیان دەهات. گریگۆری بە دەم گوێگرتنەوە لە دەنگی تۆپباران، بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە سەعاتەکەی خۆی، ئەو سەعاتەی کە لەشەڕگەی ڕۆمانیا لە دەستی ئەفسەرێکی کوژراوی ئەڵمانی کردبووەوە:دەترسا نەبادا دێر بکەوێ. هەرچەندە بە قیبلەنما ڕێگاکەی دیاری کرد بوو، بەڵام زیاد لە پێویست بەلای چەپا دایکێشا بوو. پاش ماوەیەك گەیینە دەشتێکی تەختانی هەموار،کە کەوتبووە خوار گردۆڵکەیەکی پان و بەرینەوە. ئەسپەکان هەڵمیان لێهەڵدەستا. لاتەڕافیان لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو. گریگۆری ئیعازی دانێ کە لە ئەسپەکان دابەزن. خۆی لەپێش هەموویانەوە بە گردۆلکەکەدا سەرکەوت. ئەسپەکانیان لەگەڵ چەند پاسەوانێکدا لەوێندەر، لە خوارەوە بەجێهێشت. قوزاقەکان لە دوای ئەوەوە،بە گردەکەدا، کە یەکپارچە بەفر بوو،سەردەکەوتن.ئاوڕێکی دایەوە، کە چاوی بە جەنگاوەرە پیادەکانی خۆی کەوت و ژمارەیان لە سەد کەس پتر بوو و، بە ناو بەفرەکەدا سەردەکەوتن، تەواو کەیفی خۆشبوو، هەستی بە هێزو تواناو متمانەیەکی زۆر کرد. ئیدی ئەمە تەبیعەتی بەشەرە، کە لە شەڕدا قەرەباڵغی بە دەور خۆیەوە بینی، هەست بە ورە بەرزی و پشت ئەستووری دەکات. گریگۆری تەمەشایەکی دەوروبەری کرد، حیسابێکی وردی بۆ هەڵوێستە

سوپاییەکان کرد، یەکسەر پەی بەوە برد، چونکە حیسابی بۆ دژواری ڕێگاو بانەکە نەکردووە، بەلای کەمەوە نیو سەعاتێك دێر کەوتووە.

گولوبوف، بە مانۆڕێکی ستراتیژی بێباکانە، تەقریبەن ڕێگای پاشەکشەی بە تەواوەتی لە هێزەکان چرنتسوف بڕی بوو. هێزی یەدەکی لە دوو قۆڵەوە دانا بوو، بەخۆیشی، لە ناوەڕاستەوە کەوتبووە هێرشی بەرەیی بۆ سەر دژمن، کە تەقریبەن لە ئابلوقەی تەواودا بوو. تۆپخانە بەردەوام تۆپبارانی دەکردن، قرمژنی دەستڕێژی تفەنگان، وەکو برێشکەی ناو تاوە، دەتەقیەوە. خومپارە و تۆپ، هێڵە پەشۆکاوو شپرزەکانی چرنتسوڤ لێکدی دادەبڕی، وەکو باران بە سەریاندا دادەباری.

گریگۆری هاواری کرد:

– هێرش!..

گریگۆری بە خۆی و قوەتەکەیەوە لە تەنیشتەوە دەستی بە هێرش کرد. قوزاقەکانی، وەکو ئەوەی لە مەیدانی مەشقدا بن، بەپێوە پێشڕەویان دەکرد. بەڵام ڕەشاشچیەکی زۆر کارامەی دژمن بە ڕەشاشەکەی خۆی بە جۆرێ دڕی پێدان، ناچاری کردن، خۆ بە عاردیدا بدەن:سێ کوژراویشیان دا.

دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ، دەوروبەری سەعات سێ، گوللەیەك بەر سەرووی زرانی(ئەژنۆ) گریگۆری کەوت. لە تاو ئازار لێوی خۆی دەکرۆشت، بەهۆی خوێنڕێژی زۆرەوە دڵی تێك هەڵدەهات. بە سینگە خشکێ لە ڕیزەکە چووە دەرێ و لەپڕ هەستایە سەرپێ و، سەری کە دەسوڕا، بە توندی بادا. چونکە گوللەکە لە لاقی دەرنەچوو بوو، ئازاری لاقی سات بە سات زیادی دەکرد. ئەو گوللەیەی کە بەر ئەو کەوتبوو تەقریبەن لە ساردبوونەوەو دوا بوردی خۆیدا بوو بوو. پاش ئەوەی پاڵتوو پانتۆڵ و پێستەکەی بڕی بوو، لە ناو ماسولکەکەیدا مابووەوە. لە تاو ئازار نەیدەتوانی ڕێبکات. جارێکی دی ڕاکشا، بە دەم ڕاکشانەوە ئەو هێرشەی بیرکەوتەوە کە کەتیبەی دوازدە لە چیاکانی پەنسلڤانیا، لە ڕۆمانیا کردی و لەو هێرشەدا بازووی ئەم بریندار بوو. سیمای ئوریوبین و، سیمای میشکا کوشیڤوی بیرکەوتەوە، کە لە تووڕەییدا زەرد هەڵگەڕا بوو، هەروەها یەمیلیان گروشوڤ بیرکەوتەوە کە چۆن ڕەیس عورەفا زامدارەکەی خۆی، دابوو بە کۆڵاو بە گردەکەدا دادەگەڕا.

یاریدەدەرەکەی گریگۆری، کە ئەفەسەرێك بوو بە نێوی پاڤل لیوبیشکین، فەرماندەیی دوو سریەکەی گرتە ئەستۆ. عازی دایە دوو قوزاق کە گریگۆری بەرنە خوارەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە ئەسپەکانیان لێڕاگرتبوو. کاتێ کە یارمەتیان دەدا سواری ئەسپەکە بێت و خۆی لەسەر زینەکە بگرێت، لە ڕووی خەمخۆری و دڵسۆزییەوە پێیان گوت:

– پێویستە زامەکەت ببەستی.

– کەرەستەی برین پێچیت هەیە؟

گریگۆری بەسەر زینەکەوە بوو، لیٚ ڕەئی گۆڕی و هاتە خوارەوەو پانتۆڵەکەی هیٚنایە خوارەوە. تەزوویەك بە پشتە عەرەقکردووەکەی و بە سك و بە لاقەکانیا هات. بە پەلە ئەو زامە چکۆلە خویٚن دەڵیٚنەی کە قەراخەکانی سووتا بووەوەو دەتگوت بە چەقۆ بریندار کراوە. بەست.

بە سواری ئەسپ، دەگەڵ موراسیلەکەیدا، بە هەمان لاڕیٚدا کە پیٚیا هاتبوو، گەڕایەوە بۆ ئەو شویٚنەی کە هیٚرشە پیٚچەوانەکەیان کرد بوو. تەمەشای شویٚن پیٚی ئەو ئەسپانەی دەکرد کە لە سەر بەفرەکە نەخشا بوون و، ئەو دۆڵەی دەناسییەوە کە چەند سەعاتیٚك لەوەپیٚش بە خۆو هەردوو سریەکەوە پیٚیا تیٚپەڕی بوو. شەکەت و ماندوو بەسەر ئەسپەکەوە وەنەوزی دەدا. بیٚئەوەی خۆی پەی بە هۆی ئەم حاڵەتە ببات، جگە لە خەو، هەر هەموو ڕووداوەکانی دیکەی بەلاوە بیٚهودەو پەشم بوو.

بەڵام شەڕ لە سەرەوە بەردەوام بوو، دەستڕیٚژی تووڕەو پچڕ پچڕی تفەنگان بەردەوام بوو، تۆپخانەی دژمن حەشری دەکردو هەندیٚجار قرمژنی دەستڕیٚژی ڕەشاشان دەهاتە گویٚ و لە تۆ وایە ڕیزیٚك خاڵی نادیار بە ژیٚر ئەنجامی شەڕەکەدا دیٚنیٚ.

گریگۆری نزیکەی سیٚ فرسەخیٚکی بە ناو دۆڵەکەدا بڕی. ئەسپەکانیان شەکەت و ماندوو لە بەفردا دەچەقین. لەکاتیٚکا کە بە هەورازیٚکی بەفر گرتوودا سەردەکەوتن. گریگۆری لە ژیٚر لیٚوانەوە بە موراسیلەکەی گوت:

– بەرەو سەریٚ بڕۆ!

مەیدانی شەڕەکە پڕ بوو لە تەرمی پەراگەندەی کوژراوان، لە دوورەوەو بەسەر ئەرزەکەوە لە قەلەڕەش دەچوون. ئەسپیٚك کە سوارەکەی کەوتبوو، بە تاو غاری دەداو لە دووەرەوە زۆر بچووك دەینواند. گریگۆری هەستی کرد هیٚزە سەرەکیەکەی چرنتسوف تەواو ماندوو بووە، ژمارەی داویەتیە کەمی و، دەستی لە بردنەوەی شەڕەکە شۆردووەو، خەریکی پاشەکشەیەو بەرەو گلوبوکایا دەگەڕیٚتەوە. گریگۆری بە ئەسپەکەی خۆی هەڵیکردە چوار ناڵە. لە دوورەوە پۆلە قوزاقانی بچووك و پەراگەندەی دەبینی. کە گەییە ئاستی نزیکترین پۆلیان،گولوبۆفی بینی. گولوبوف، قیت بە سەر ئەسپەکەیەوە دانیشتبوو. دوگمەی پۆستینەکەی کرابووەوە، کڵاوە فەروەکەی بەلادا لار بوو بووەو هەنیەی لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو. بەدەم سمیٚڵ بادانەوە، بە دەنگیٚکی گڕ گوتی:

– ئافەرین میلیخوف! ئەوە چیە بریندار بوویت؟ حەیفیٚ خۆ ئیٚسقانی نەگرتووە؟

بیٚئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بیٚت، بە دەم زەردەخەنەوە، گوتی

– حەشرمان پیٚکردن، تەفرو تونامان کردن!.. مەفرەزەی ئەفسەرانمان، بەجۆریٚ تیٚك شکاندووە، کە ناتوانن سەرلە نویٚ دروستی بکەنەوە.

گریگۆری داوای جگەرەیەکی لیٚکرد. قوزاقان و سەربازانی گاردی سوور لە هەموو لایەکەوە، بە دەشتەکەدا دەهاتن. قوزاقیٚك لە ئاپۆڕای جەنگاوەرەکان، کە بە ناو بەفران کەوتبوون و دەهاتن جیا بووەوەو بەسواری ئەسپەکەی، بە تاو هات و لە دوورەوە هاواری کرد:

– گولوبوف، چل دیلمان گرتووە! چل ئەفسەر، چرنتسوفیشیان لەگەڵە.

– درۆ ناکەی؟

گولوبوف، بە دەم ئەو قسەیەوە، بەلەز سەری ئەسپەکەی بادایەوە، بە شەلاق بەربووە ئەسپەکەی و بە چوار ناڵە بەرەو لای دیلەکان ڕۆیی.

گریگۆری –ش دوای تۆزێك، بە یورغە دوای کەوت. نزیکەی سی قوزاقێکی کەتیبەی چل و چوارو، کەتیبەی سوارانی بیست و حەوت، پاسەوانی ئەفسەرە دیلەکانیان دەکرد. چرنتسوف لەپیش هەموویانەوە دەڕۆیی. کە ویستبووی هەڵێت پاڵتۆکەی فڕێ دابوو، هەنووکە تەنیا چاکەتێکی تەنکی چەرمی لەبەر بوو. نەجمەکانی سەر شانی چەپی کەوتبوو، جێ زامێکی تازە بە سەرووی چاوی چەپییەوە دیار بوو و خوێنی لێدەهات. کڵاوە فەروەکەی بەلادا دانابوو، دیمەن و سیمایەکی بێموبالاتانەی پێبەخشی بوو. کەمترین شوێنەواری ترس بە دەموچاوە گەش و پەمەییەکەوە دیار نەبوو. ئاشکرا بوو، چەند ڕۆژێك بوو تەراشی نەکرد بوو، موویەکی زەرد چەناگەو دەموچاوی داپۆشی بوو. بە تووڕەیی دەیڕوانیە ئەو قوزاقانەی کە بەرەو لای ئەو غاریان دەدا، گرژی و پەستیەکی کینە ئامێز نیشتبووە سەر هەنیەی. بە دەم ڕێگاوە دەنکەشقارتەیەکی داگیراندو سیغارێکی پێکردو نای بەلا لێوە پەمەییە توندەکانییەوە.

زۆربەی ئەفسەرەکان گەنج بوون، بە دەگمەن سەر سپیەکیان تیا بوو. یەکێکیان لاقی بریندار بوو و نەیدەوانی پێ بە پێی ئەوانی دی بڕوات. قوزاقێکی ڕێوەڵەی کەم نموونە، دەموچاو ئاڵاوی، سەر زل، بە زەبری قۆناغە تفەنگ، ڕێی پێدەکرد. نەقیبیکی باڵا بەرزی تۆکمەی قۆز شان بە شانی چرنتسوف ڕێیدەکرد. دوو ملازمی یەکەم و دووەم، دەستیان لە نێو دەستی یەك نابوو و بەدەم زەردەخەنەوە ڕێیان دەکرد. خوێندکارێکی ئەفسەری سەرکۆت، قژ لوولی ناوشان پان، لە دوای ئەوانەوە ڕێیدەکرد. ئەفسەرێکی دیکە، پاڵتۆیەکی سەربازی، کە کەتافیەکانی بە مکومی پێوە دورا بوو، بە بێموبالاتی دابوو بە شانیا. یەکێکی دیکەش کە باشلوخێکی (جۆرە کڵاوێکە، قلنسوە) سووری ئەفسەری لەسەر کرد بوو و چمکەکانی بەدەم بایەکەوە کەوتبوونە سەر شانی و هەتا سەر چاوە ڕەشە جوانەکانی کە لە چاوی ژن دەچوون، هاتبووە خوارەوە. گولوبوف، کە بە سواری لە دوای ئەوانەوە دەهات، ڕووی کردە قوزاقەکان و هاواری کرد:

– گوێ بگرن!... بە گوێرەی تێکڕای یاساو ڕێساکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە، ئێوە بەرپرسی سەلامەتی گیانی ئەم دیلانەن. دەبێ بە ساغ و سەلامەتی بیانگەیەننە بارەگای فەرماندەیی.

یەکێك لە سوارەکانی بانگکرد، بەپەلە کاغەزێکی دەرهێنا و شتێکی لە سەر نووسی، ئەوسا قەدو نوشتی کرد و دایە دەستی و گوتی:

– بە گورجی بڕۆ، ئەمە بدە دەست پودتیلکوف.

ئەوسا ڕووی کردە گریگۆری و لێی پرسی:

– میلیخوف، تۆش بۆ ئەوێ دەڕۆیت؟

دوای ئەوەی نیازی گریگۆری زانی، بە ئەسپەکەیەوە، خۆی گەیاندە شانبەشانی ئەو و گوتی:

– بە پودتیلکوف بڵێ، من بە خۆم زەمانەتی چرنتسوف دەکەم تێگەیشتی؟ پێی بڵێ باشە. دە بڕۆ.

گریگۆری لە ئاپۆڕای دیلەکان ڕەت بوو و، بە چوارناڵە بەرەو سەرکردایەتی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێڕ، کە لەو نزیکانەو لە ناو کێڵگەیەکدا، بارەگای دانابوو، ڕۆیی. پودتیلکوف، بە بەر عەرەبانەیەکی ڕەشاش هەڵگری گەورەی ئۆکرانیدا، کە چەرخەکانی لە بەفرا دیار نەبوو، و ڕەشاشێکی بەسەرەوە بوو ومشەمایەکی کەسکیان پێدا دابوو، پیاسەی دەکرد. کۆمەڵێك ئەندامانی سەرکردایەتی و تەتەرو ئەفسەرو پاسەوان و موراسیلی بە دەورەوە بوون ،مینایەف و پودتیلکوف تازە لە شەڕگە گەڕابوونەوە. مینایەف، لەجێی شوفێری عەرەبانەکە دانیشتبوو و بە تاسووقەوە، پارچەیەك نانی سپی ڕەقەوە بووی یەخ زەدەی بە خرمە خرم دەخوارد. گریکۆری، بودتیلکوڤ بردە لاوەو گوتی:

– تۆزێکی دی دیلەکان دەگەنە ئێرە. نامەکەی گولوبوفت پێگەیی؟

پودتیلکوف، بە توندی قامچیەکەی خۆی ڕاوەشاند. سەری داخست و بەسەرو چاوی سوور هەڵگەڕاوەوە گوتی:

– گولوبوف، شەکری شکاندوە!.. کابرایەکی سەیرە، چما گاڵتەی منداڵانە؟ زەمانەتی چرنتسوف دەکات؟ زەمانەتی کابرایەکی دژە شۆڕشی، چەتەی ڕێگر! نا، مەحاڵە، شتی وا نەبووەو نابێت! تەنیا چارە ئەوەیە هەر هەموویان گوللە باران بکرێن و بڕێتەوەو تەواو.

– گولوبوف، گوتی، بەخۆی زەمانەتی دەکات.

– مەحاڵە!... من پیت دەڵێم شتی وا نەبووە و نابێ.. ئیدی بە سەو دووبارەی مەکەوە. بە زووترین کات دەدرێ بە دادگای شۆڕش و، یەکسەر دادگایی دەکرێت و حوکمی دادگا دەم و دەست جێبەجێ دەکرێت. تا بۆ خەڵکانی دیکە ببێ بە عیبرەت و، کەسی دیکەش بیر لە شتی وا نەکاتەوە.

پودتیلکوف، کەمێك هێور بووەوەو لە کاتێکا دەیڕوانیە ئاپۆڕای دیلەکان کە بەرە بەرە نزیك دەبوونەوە، لە سەری ڕۆیی و گوتی:

– دەزانی ئەم یارۆیە چەندی خوێن ڕشتووە؟ چەند دەریاوان، چەند کرێکاری کانانی بە کوشت داوە؟

جارێکی دی، بە تووڕەیی چاوەکانی گێژداو دووپاتی کردەوە: –نا، مەحاڵە، بێڵم بەسەر دنیاوە بمێنێ!..

گریگۆری –ش دەنگی لێهەڵبڕی، لە ناخا دەلەرزی، دەتگوت تووڕەییە شێتانەکەی پودتیلکوف ئەویشی گرتبووەوە، گوتی:

– پێویست بەم هات و هاوارە ناکات. چی زۆرە قازی زۆرە، باشتر وایە بچی بۆ لای ئەوان

گریگۆری ئاماژەی بۆ مەیدانی شەڕەکە دەکردو پەڕەی کەپووەکانی دەلەرزین:

– لەوێ خەڵکانی وەکو تۆ زۆرن، کە بەخوێنی دیلان تینوون!

پودتیلکوف، بەدەم گوشینی قامچیەکەی دەستیەوە ڕۆیی و لە دوورەوە هاواری کرد:

– خۆم لەویْ بووم! خەیالْ نەکەی، لە ترسا خۆم دابێتە پەنای ئەم عەرەبانەیە. ئیدی دەمت داخە میلیخوف! تێگەیشتی؟ بزانە لەگەلْ کێدا قسە دەکەی ها! ئەم ئەداو ئەتواری ئەفسەریە بۆ خۆت هەلْگرە. حوکم حوکمی کۆمیتەی سوپایی شۆڕشگێرە، نەك هی هەر تازە پیاکەوتوویەك...

گریگۆری، دەی لە ئەسپەکەی خۆی کردو خێرا خۆی گەیاندە پودتیلکوف، بێئەوەی گویْ بە زامەکەی بدات، بە چوستی خۆی هەلْدایە خوارەوە.. بەلاْم ئازارێکی توند بە ئازایا هات و بە پشتا کەوت. خوێن لە زامەکەیەوە فیچقەی کرد. بێئەوەی داوای کۆمەك لە کەس بکات، هەستایەوە، هەرچۆنیْ بوو خۆی بۆ لای عەرەبانەکە بکیش کردو خۆی دا بە سەر سپرینگەکەی پشتەوە.

دیلەکان گەیینە سەرکردایەتی هەندیْ لەو سەربازە پیادانەی کە هێنابوویانن، تێکەلْی ئاپۆڕای ئەو موراسیل و قوزاقانە بوون، کە پاسداریی بارەگاکانی سەرکردایەتیان دەکرد. قوزاقەکان هێشتا گەرمی ڕووداوەکانی شەڕەکە بوون، پرشنگی تووڕەیی لە چاوە تیژەکانیان دەبووەوە. لە بەینی خۆیاندا باسی وردەکاریەکان و کۆتایی شەڕەکەیان دەکرد.

پودتیلکوف، کە بە قورسی بەسەر بەفرە نەرمەکەدا هەنگاوی دەنا، لە دیلەکان نزیك بووەوە. چرنتسوف کە مەسافەیەك لەپێش ئەوانی دیکەوە وەستا بوو، تەمەشای دەکرد، پێلْوی چاوە گەش و بێباکەکانی خۆی، بە تەوسەوە دەتروکاند. بە وپەڕی دلێری و بێباکی و بێمنەتی خۆی دابوو بەسەر لاقی چەپیاو خۆی دەهەژاند، بە ددانە سپییەکانی، لێوی خۆی کە لە ناوەوە قەلْەشابوو، دەکرۆشت. پودتیلکوف، ڕێك ڕوو بە ڕووی ئەو وەستا. سەراپای بەدەنی دەلەرزی، تەمەشای بەفری سەر ئەرزەکەی دەکرد کە خالْ خالْ چووبووەوە. ئەوسا چاوی هەلْبڕی، لە چاوە بێباکەکانی چرنتسوف هەلْەنگوت، ڕقێکی سەیر لە چاوانی چرنتسوفەوە شەپۆلی دەدا. پودتیلکوڤ ناچار کرد، هەنگاوێك بێتە دواوەو چاوی لێبگوازێتەوە، بە دەنگێکی خەفەی لە رزۆك گوتی:

– ئاقیبەت کەوتیە داوەوە نامەرد!

بە دەم ئەو قسەیەوە هەنگاوێك هاتە دواوە.

بزەیەکی تاریك، گۆناکانی کشاند. چرنتسوف، بە ڕقەوەو بەر دەمرێژی جنێوی دا:

– هەی خاینی میللەتی قوزاق! بیشەرەڤ خوێڕی! خاین!

پودتیلکوف، وەکو یەکێك بیەویْ خۆی لە جەزرەبەی شەقازللیەك بپارێزیْ بەو ئاوایە سەری بردە دواوە. گوناکانی سوور بوونەوە، دەمی داچەقاند، بە ئاستەم هەناسەی پێدەدرا.

دیمەن و بویەرەکانی دوای ئەوە، بەلەز تێپەڕین .چرنتسوف، دانەکانی جێکردنەوە، کۆلْە مستی بە سەر سینگییەوە گوشین، ڕەنگی زەرد هەلْگەڕا، بە تاو بەرەو ڕووی پودتیلکوف ڕۆیی. کۆمەلْێك وشەی گۆنگی جنێو ئامێز، لە لێوە لەرزۆکەکانیەوە دابارین. تەنیا بودتیلکوف، کە هێدی هێدی و پاشەو پاش لەبەری دەکشایەوە گوێی لێبوو کە چرنتسوف چی پێدەگوت.

پاشان چرنتسوف، لەپڕ دەنگی لێهەلْبڕی، هەر هەموو ئەفسەرانی دیل و پاسەوان و ئەفسەرەکانی سەرکردایەتی کۆمیتەش.. گوێیان لێبوو:

– با وابێ، نۆرەی ئێوەش دێت. بە خۆت دەزانی چیت بەسەر دێت!

پودتیلکوف، دەستی خستە سەر دەسکی شمشێرەکەی، وەکو یەکێك دەستیان نابێتە بینی، بە دەنگێکی نووساو گوتی:

– ئەوە تۆ!..

بێدەنگیەکی کوت و پڕ باڵی بەسەرا کێشان. مینایەف و کریوشلیکوف و چەند قوزاقێکی دیکە بەسەر بەفرەکەدا، بەخشە خش بەرەو لای پودتیلکوف چوون . بەڵام ئەو لەوە لەزتر بوو کە فریای کەون، خۆی بەلای ڕاستا وەرچەرخاند، کەوتە سەر چیچکان و شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێناو پەلاماری داو تا هێز لە بازوویدا بوو، پیرە شمشێری بەسەر سەری چرنتسوفدا داهێنایەوە.

گریگۆری بینی کە چرنتسوف، ڕاجفری و دەستی چەپی بەرزکردەوە تا بیداتە بەر جەزرەبەی شمشێرەکە. بینی کە دەستی لە مەچەکەوە، وەکو ئەوەی گەڵایەك بێ، پەڕی و کەوتە سەر ئەرزەکە. ئەوسا دەمی شمشێرەکە لە سەریا کە بەپشتا شکابوو، ختم بوو. هەوەڵجار کڵاوەکەی و پاشان جەستەی وەکو گوڵە گەنمێکی دوراوە، کەوتە سەر ئەرزەکە. دەمولێوی بە شێوەیەکی سەیر، گرژ بوو بووەوەو. چاوەکانی لە ئازارا نوقاند بوو، پێڵوەکانی بە جۆرێ کرژ بوو بوون لە تۆ وایە کارەبا گرتوونی. وەختایەك چرنتسوف کەوت، پودتیلکوف، دووبارە بەر شمشێری دایەوە، ئەوسا پێچی کردەوە، بە هەنگاوی شەکەت و قورسەوە دوورکەوتەوە، دەمی شمشێرە خوێناویەکەی پاك کردەوە، پاش ئەوەی بە لەقە لەق خۆی گەیاندە عەرەبانەکە، بە دەنگێکی نووساو هاواری لە نیگابانی دیلەکان کرد:

– بیانکوژن!... هەموو ئەم قەحبەدایکانە بە شمشێر ئەنجن ئەنجن بکەن!.. دیلمان ناوێ! دژایەتی گەل، لە دڵیاندایە لە خوێنیاندایە!

لەپڕ قرمژنی گوللە دەستی پێکرد. ئەفسەرەکان هەموو شپرزەو پەشێوو پەرێشان. خۆیان بەیەکا دەداو، سەراسیمە گێژیان دەخوارد. ئەو ملازمەی کە چاوە جوان و ژنانەکەی هەبوو و باشلۆخێکی سووری لەسەر بوو، هەردوو دەستی بەسەریەوە گرتبوو و غاری دەدا. گوللەیەکی پێکەوت، بەجۆرێ هەڵبەزییەوە لە تۆ وایە دەیەوێ بەسەر لەمپەرێکدا باز بدات. لە جێی خۆی کەوت و ئیدی هەڵنەسایەوە. دوو قوزاق، بە شمشێری ڕووتەوە پەلاماری نەقیبە باڵا بەرزە تۆکمەو قۆزەکەیان دا. لە تاو گیانی خۆی بەدەست هەردوو شمسێرەکەی گرت، خوێن بە هەردوو دەستە زامدارەکەیا فیچقەی کردو بە قۆڵەکانیا دەهاتە خوارەوە. یارۆی ئەفسەر وەکو مندالێ هاواری دەکرد: هەوەڵجار بە چۆکا هات و پاشان بە پشتا کەوت و سەری بە سەر بەفرەکەدا غل بووەوە. هیچ شتێك بەسیمایەوە دیارنەبوو جگە لە دووچاوی خڵتانی خوێن و دەمێکی ڕەشی پڕ لە هاوارێکی نیوە چڵ. ئیدی شمشێرەکان بەسەر دەم و چاوو زاریا بەرز دەبوونەوەو نزم دەبوونەوەو ئەویش بە دەم هاوارێکی ترساوی، پڕ ئازارەوە، کزکز دەیناڵاند. ئەوسا قوزاقێکی دی، بە پاڵتۆیەکی سەربازیەوە، کە کەمەر بەندەکەی لە دواوە پچڕا بوو، بە سەریا دانەویەوە، نووکە شەقێکی تێوە ژەند و گوللەیەکی ڕەحمەتی پێوە ناو ڕزگاری کرد. خوێندکارە ئەفسەریە

قڕ لوولەکە چیوای نەمابوو دەرباز ببێت، کەچی قوزاقیکی کەتیبەی ئەتامانسکی خۆی گەیاندێ. لە دواوە قۆناغە تفەنگێکی کێشا بەپشتی سەریاو تەختی ئەرزەکەی کرد. هەر هەمان قوزاق گوللەیەکی نا بە ناوشانی ملازمێکەوە کە لە تاو گیانی خۆی ڕای دەکردو، پاڵتۆکەی بەدەم بایەکەوە سەمای دەکرد، گوللەیەکی پێوەنا، دیواو دەر کونی کرد. یارۆی ئەفسەر بە پشتا کەوت، تا گیانی دەرچوو، چنگی هەر لە برینەکەی سەر سینگیا بوو. نەقیبیکی دیکەی سەربۆز بەدەم گیانەڵاوە. پێی لە بەفرەکەی ژێریا دەچەقاندو چاڵێکی قووڵی کردە بەفرەکە، خۆ ئەگەر قوزاقەکان بەزەییان پێدا نەهاتباوەو بە گوللەی ڕەحمەت ڕزگاریان نەکردبا، خوا دەزانێ تاکەی وەکو ئەسپی چەموشی بەستراوە، هەر سمکۆڵان و لەقە فڕتێی دەکرد.

گریگۆری، لە دەستپێکی ئەو قەسابخانەیەوە، لە عەرەبانەکە دوور کەوتبووەوە، بە شەلە شەل بەرەو پودتیلکوف ڕۆیی بوو، چاوە لێڵ و گڕ گرتووەکانی تێبڕی بوو. مینایەف خۆی گەیاندێ، لەپشتەوە باوەشی پێدا کرد، هەردوو بازووی باداو دەمانچەکەی لە دەستی دەرهێناو، چاوە لێڵەکانی بڕینە دوڕ چاوانی ئەو و گوتی:

– بە تەمای چ بوویت؟!

"١٣"

ترۆپکی گردە بەفر پۆشەکە، لەبەر تیشکی هەتاو و ئاسمانی شین و سایەقەدا، وەکو کەللە شەکر دەبریسکایەوەو چاوی دەخستە ڕێشکەو پێشکە. گوندی ئولخوڤی ڕۆگ، وەکو لێفەیەکی پینە پینەی ڕەنگاو ڕەنگ بەقەد پاڵی گردەکەوە گیرسابووەوە. بە دەستی چەپا ڕووباری سڤینوخا، لەبەر هەتاوەکەدا بریقەیەکی شینباوی دەدایەوە. بەدەستی ڕاستا چەندین گوندی چکۆلە و ماڵە ڕەوەندانی ئەڵمانی، وەکو پەڵە تەمتومان بەو دەشتەدا وەربوو بوون. ڕووباری ترنوفسکایا لە پێچی جادەکەیا دەبینرا. لەو دیو گوندەکەوە، بە دەستی ڕۆژهەڵاتدا، گردێك کە یەکپارچە خەرەند و کەندو ئاودڕکە بوو، بەرە بەرە بەرز دەبووەوە. ئەو دار تەلانەی کە وەکو پەرژین لە سەری چەقێنرا بوون، بەرەو کاشاری دەچوون.

ڕۆژێکی سەهۆڵبەندانی ساف و ڕوناك بوو. کۆلکە زێڕینەی حەوت ڕەنگی تەم، چەمابووەوە بەرانبەر بە خۆر. لە باکوورەوە بایەکی توندی دەهات، بە لوورە لوور بەفری پێدەشتەکەی دەبرد بە ئاسمانا و لە دوورەوە لە بۆران و زریان دەچوو. بەڵام مەودای بەفرگرتووی پێدەشتەکە، لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتەوە نەبێ، بە تەواوەتی لە ژێر شریتی ئاسۆدا، کە لەوێدا تەمێکی سورباو لە پێدەشتکەوە بەرز دەبووەوە، بە ڕوونی دیاربوو.

پانتلی پروکوفیچ کە چوو بوو بۆ میلروڤۆ تا گریگۆری دەگەڵ خۆیدا بێنێتەوە، لێبڕا کە لە گوندی ئولخوڤی ڕۆگ لانەدات و تا کاشاوی نەوەستێ و، شەو لەوێندەر ڕۆژ بکاتەوە. پانتلی هەرکە بروسکەکەی گریگۆری پێگەیی بوو، ئیدی لە تاتارسکیەوە کەوتبووە ڕێ و ئێوارەی ٢/٢٨ گەیی بووە میلروڤۆ. گریگۆری لە میوانسەرایەکەی ئەوێندەر چاوەڕوانی بوو. ئیدی بە دوو قۆڵی، بەیانی کەوتبونە ڕێگاو نزیکەی سەعات یازدە بە گوندی ئولخوڤی ڕۆگدا تێپەڕین.

گریگـۆری، پـاش ئـەوەی لـە شـەڕی گلوبوکایـادا برینـدار بـوو، یـەك هەفتـە لـە خەسـتەخانەی میلروڤودا مایـەوەو پاش ئەوەی زامەکـەی لاقی ساڕێژ بـووەوە ،لێرا بڕواتـەوە بۆ ماڵی خـۆی و سەری کەسوکارەکەی بدات. هەندێ لە قوزاقەکانی دەڤەری خۆی ئەسپەکەیان بۆ هێنا. گریگۆری بە هەستێکی ناخۆشی ئاوێتە بەشادیەوە بەریکەوت: ناخۆش، لە بەرئەوەی لە گەرمەی شەڕ لە پێناوی وەدەست هێنانی دەسەڵات لە ناوچەی دۆندا، کەتیبەکەی خۆی بەجێدەهێشت و شاد بـەوەی کـە بەدیـداری کەسـوکارو گوندەکـەی خـۆی شـاد دەبـووەوە.هەرچـەندە ئارەزووی دیـداری ئەکسـینیای لـە خـۆی دەشـاردەوە، بـەڵام بەدەسـت خـۆی نـەبوو زۆری تاسـە دەکـردو بـیری لێدەکردەوە.

بـەرخودی دەگـەڵ بابیا هەندێك سارد بـوو. پـانتلی پروکوفیـوچ، پاش ئـەوەی هەنـدێ شـتی لـە پیوتـەرەوە، دەربـارەی گریگـۆری بیسـتبوو بـە گومـان و دڕدۆنگیـەکی زۆرەوە سـەیری دەکـرد. نیگاکانی پڕ بوون لە گلەیی و نیگەرانی. ئێواری، کاتێ کە لە وێستگەکە بوون، زۆر پرسیاری دەربارەی ڕووداوەکـانی ئـەو دواییانـەی ناوچەکە لێکرد. دیـار بـوو وەڵامـەکانی کوڕەکـەی بـەدڵ نەبوو. ڕدێنە ماش و برنجەکەی خۆی بەدەما دەبرد، چاوی دەبڕینە چەکمە لبادە ژێر چەرمەکانی خۆی و چڵمەکەی هەڵدەمژی. لە سەرەتاوە نەیدەویست گەنگەشەی دەگەڵدا بکات. بەڵام زۆر بە گـەرمی بـەرگری لـە کالیـدین دەکـرد. لـە سـاتێکی هەڵچوون و تووڕەییدا، وەکـو جـاری جـاران بـە گریگۆری گوت کە دەمی دابخات و، تەنانەت لاقە شەلەکەشی کوتا بە عارددا.

– قسەی هەلەق و مەلەق بۆ من مەکە! پایزی ئەمساڵ کالیدین هاتە تا تارسکی. خەڵکی هـەموو لـە مەیدانی گوندا خڕبوونەوە و ئەویش چووە سەر مێزیك و قسەی دەگەڵ پیرو دەم سپییانی گوندا کرد، وەکو ئەوەی ئیلهامی لە ئینجیلەوە وەرگرتبێ، بەو ئاوایە پێشبینی ئەوەی کرد کە موژیکان (جووتیـاران) دێـن بـۆ گونـدەکان و شـەڕ هەڵدەگیرسـێت و ئەگـەر ئێمـە سسـتی بنـوێنین و فریـای خۆمـان نەکـەوین سـواری سـەرمان دەبـن و هـەموو شـتەکانمان لێدەسـەنن و لـە زەوی و زارەکـانی ئێمەدا ئاکنجی دەبن. کابرا، ئەوساکە دەیزانی کە شەڕ هەڵدەگیرسێت. ئێوەی گەجەرو گوجەری قەحپە دایك چ دەڵێن؟ یانی یارۆ بە قەد ئێوەش نازانێ؟ بابایەکی جەنەڕاڵی خوێنەواری وەکو ئەو، کە یەك فیرقەی لە ژێر دەستا بوو، قابیلە لە ئێوە غەشیمتر بێ؟ بەڵام خەڵکانی هەڵەوەڕی نەخوێنـەواری وەکـو تـۆ لـە کامنسکایادا داتانکوتـاوەو خـەڵکی بـۆ فەرتەنـەو ئاژاوەو یـاخی بـوون هاندەدەن. ئەم بودتیلکوفەی لەمەڕ تۆ چیە؟ ئەمە کێیە؟ ڕەیس عورەفایەك بوو نەبوو؟ ها!یانی هاوپلـەی منـە. ئـاخر بۆیـە حاڵمـان جوانـە!... تـۆ بزانـە ڕۆژمـان بـە چ ڕۆژگـارێ گـەییوە! ڕاسـتیان گوتووە هێندەی بمێنی، دێبینی!

گریگـۆری حـەزی نـەدەکرد گەنگەشـەی دەگـەڵ بکـات. پـێش ئـەوەی بـابی بـدینێ دەیزانـی بیرکردنـەوەی چۆنە. سـەرباری ئـەوەش، حـاڵی حـازر شـتێکی دیکـەش لـە ئارادا بـوو: مردنەکـەی چرنتسـوف و گوللـە بـاران کردنـی بێـدادگایی ئەفسـەرە دیلەکانیشـی لـە بـیر نەدەچـووەوە، هـیچ هەنجـەت و بیانوویەکیشـی بەدەسـتەوە نـەبوو تـا لـەبیری بکـات. ئەسـپەکان، زۆر بـە ئاسـانی، بەدرێـژایی ڕێگاکـە خزاگەکـەیان ڕادەکێشـا. ئەسـپەکەی گریگـۆری کـە زیـنی لێکرابـوو، لـە دواوە

بەسترا بوو و بە ڕەوتە دەڕۆیی. گریگۆری بەدەم ڕێگاوە، گوند و ئاواییەکانی دەورانی منداڵی خۆی تەمەشا دەکرد: کاشاری، پابوفکا، کامنکا، نیژنی پابلونوفسکی، گراچوۋ و یاسینوفکا.

گریگۆری، بە درێژایی ڕێگا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بیری لەم ڕووداوانەی دوایی دەکردەوە، هەوڵیدەدا بەلای کەمەوە هێڵە گشتیەکانی ئایندە لەبەرچاو و لە خەیاڵی خۆیدا بەرجەستە بکات، بەڵام بیری بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی و لە سنووری سەردانی کەسوکارو ماڵباتەکەی خۆی هێوەتر نەدەڕۆیی: "دەچمە ماڵەوە، کەمێك ئیسراحەت دەکەم. زامەکەم بە تەواوەتی ساڕێژ دەبێتەوە، هەنگێ..." بە دەم خەیاڵەوە شانەکانی هەڵدەتەکاند: "هەنگێ دەبینین. ئایندە بەخۆی پەردە لەسەر بویەرەکان هەڵدەماڵێت..."

بە ڕاستی شەڕو دنیای شەڕ تەواو شەکەت و ماندووی کرد بوو، وەڕەز و بێزار بوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لەم دنیای پڕ کەرب و کینەیە، لەم دنیای دژمنایەتیە ئاڵۆزو نامەفهوومە دوور بکەوێتەوە. ئەوەی بە سەریا هاتبوو و تێپەڕی بوو، دنیایەك بوو لە ناکۆکی و هەڤدژی. دۆزینەوەی ڕێگای دروست زۆر زەحمەت بوو! ئەرزەکەی ژێر پیی یەکپارچە قوڕاو بوو، وەکو ئەوە وابوو کەوتبێتە ناوەندی زەلکاوێکەوە. کەوتبووە سەر چەند ڕیانەوە، نەیدەزانی کام ڕێگایانە دروستەو کامیان بگرێتە بەر. دوو دڵ بوو لەوەی کە ڕێگایەکی دروستی هەڵبژاردووە. بە لای بەلشەویکەکاندا دایدەکێشا، بەگەڵیان کەوت، خەڵکانی دیکەشی وەدووی خۆی خست. بەڵام زۆری نەبرد کە گومان و دوو دڵی سەراپای داگرت، دڵی سارد بووەوە. گریگۆری کە پشتی بە پشت خزاکەکەوە دابوو، بە گۆنگی بەگژ ئەو جۆرە بیرو هزرینانەدا دەچوو: "ناشێت هەق بە ئەزڤارین بێ؟ باشە پیاو باوەڕو متمانە بە کێ بکات؟" بەڵام کە بە خەیاڵ خۆی لە بەهارا دەبینی یەوەو دەکەوتە کێڵان و بیڵتەپی باخان و گوڵ بڕین و خرماشەکردن و وەردەوەدانی شۆوان، دەکەوتە بڕینەوەی شوڵی دارچناران و ئاخوڕی بۆ ئەسپەکان لێدروست دەکرد، یان کە بەفر دەتوایەوەو ئەرز نێر دەبووەوە، دەکەوتە دەرو دەشت و بەو پەڕی تاسەوە دەستەکانی کە تامەزرۆی کاربوون، دەگرت بە دەسە دووی هەوجاڕەوەو زەوی دەکێڵا و لەزەتی لە هەڵبەزو دابەزی پیرە هەرجاڕ دەبینی کە وەکو شتێکی زندوو زندووی لە ژێر ئەرزەکەوە تەکانی دەدا. یان لەوکاتەدا کە خاك و خۆڵ هێشتا بۆنی بە فراوی بەرنەدا بوو. بۆن و بەرامەی خۆشی گیای تازە چەکەرە کردوو و خاکی ڕەشی تازە کێڵراوی بە دەم و کەپوودا دەچوو، تەزووی گەرمیەکی خۆش بە دڵیا دەهات. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد پشتیری گایەکان پاکبکاتەوە، وێنجەیان بکاتە بەر، بۆنی سپێەڕەو گیای وشك و شیاکەی بە سەرا بێت. دڵی ئاشتی و ئارامی دەویست. بۆیە کە ڕوانیە پێدەشتەکە، دیقەتی ئەسپەکانی دا، سەیری پشتە کووڕەکەی بابی لە ژێر پۆستینەکەیەوە کرد، شادیەکی پەنهان کەوتە سەر نیگا تووڕەکانی. هەر هەموو ئەمانە ژیانی ڕابردووی خۆیان، کە خەریك بوو بە تەواوەتی بیر دەچووەوە، وەبیر هێنایەوە: پۆستینەکەی بابی کە بۆنی مەڕی لێدەهات، سەروو سەکوتی ئاشنای ئەسپەکان کە هەرگیز قەشاو نەکرابوون، دەنگی کەڵەشێرێك لە گوندێکا لە بەر ژێر خانێکا دەیخوێند. ژیانی لێرەدا لەم کوێرە گوندەدا، یەجگار لا شیرین بوو، ئارامی بەدڵ و دەروونی دەبەخشی.

دەمـەو ئێـوارەی ڕۆژی دوایـی گەیینـەوە گوندەکـەی خۆیـان، تاتارسـکی. گریگـۆری لەسـەر گردەکەوە تەمەشایەکی ڕوباری دۆنی کرد: ئەوە قامیشەڵانی دەوری گۆلاوەکان. هۆوە سپیدارە وشکەکانە. چیە ئێستا لێرەوە بەسەر دۆندا ناپەڕنەوە! ئیدی ئەوە گوند، کێڵگەکان،ماڵەکان، کلێسـاکە، مەیدانەکـە.. کـە چـاوی بـە حەوشـەو بانەکـەی خۆیـان کـەوت، هەسـتی کـرد خـوێن هـوروژمی بـۆ سەروچـاوی هێنـا. بـیرەوەری دنیـای لا زنـدوو بـووەوە. چـەرخی سـەر بـیری نـاو حەوشەکە، خۆی بەرزکردبووەوە، لە تۆ وایە بەدەسکە شینباوەکەیەوە کە لە داربی دروستکرا بوو. ئەو بـانگ دەکـات. پـانتلی پروکوفیـوچ، بـە زەردەخەنـەوە ئـاوڕێکی لـە گریگـۆری دایـەوەو گوتی:

– چاوانت غەریبی ئەم دیمەنانە ناکەن؟

گریگۆری، ڕێك و ڕەوان، بێئەوەی هەستی خۆی وەشێرێ، بەرسڤی دایەوە:

– با، زۆریش.

پیرەمێرد، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو گوتی:

– دەی، ئەوەیە زێدو نیشتمان!

بەرەو ناوەندی گوند دایانکێشا. جووتە ئەسپەکە بەلەز لە هەورازەکەوە دادەگەڕان. خزاگەکە، لە هاتنە خوارەوەدا، بەم لاو بەولادا دەهات. گریگۆری، هەرچەندە لە نیازی بابی حاڵی بوو، بەڵام لێی پرسی:

– بۆچی بە ناو گوندا دەڕۆی؟ بە کۆڵانەکەی خۆمانا بڕۆ.

پانتلی پروکوفیوچ، ئاوڕێکی لێدایەوە، بزەیەك ڕدێنە بەفر گرتووەکەی ڕوناك کردەوە، چاوێکی لێداگرت و گوتی:

– کوڕەکانی من بە سەربازی ڕۆیشتن و ئێستا بە ئەفسەری دەگەڕێنەوە. پێت وانیە هەقی خۆم بیّ، بە شانازییەوە کوڕەکەم بە ناو گوندیدا بگێڕم؟! حەز دەکەم تەمەشا بکەن و خۆزیام پیّ بخوازن! دەزانی چەند دڵم بەمە خۆش دەبیّ کوڕەکەم!

کە گەیینە سەر جادە سەرەکیەکەی ناو گوند، پانتلی پروکوفیچ دەنگی ئەسپەکانی دا، سەری هێنایە دەریّ و قامچیەکی بە سمت و کەفەڵیاندا کێشا. ئەسپەکان کە هەستیان دەکرد لەماڵ نزیك بوونەوەتەوە، وەکو با دەڕۆیشتن و چوست و چالاك لە تۆ وایە تازە لە خزاکەکە بەستراون و سەدو چل فرسەخیان ڕێگا نەبڕیوە. پیاوانی سەر ڕێگاکە سڵاویان بۆ دەکردن و ژنان لە ناو حەوشە و لەبەر پەنجەرەی ماڵەکانەوە، دەستیان دەکرد بە ساباتی چاویان و تەمەشایان دەکرد، مریشکان بە قەد قەدان لەسەر ڕێگایان دەردەپەڕین. بەمەیدانەکەدا تێپەڕین، ئەسپەکەی گریگۆری، بەلاچاو ڕوانیە ئەسپێکی دیکە، کە بە پەرژینی حەوشەکەی ماڵی موخوفەوە بەسترابووەوە. سووکە حیلەیەکی بۆ کرد و سەری بەرز کردەوە! سەربانی ماڵەکەی ستاخوف دیار بوو... لەم کاتەدا لە سەر هەوەڵین چوار ڕیاندا، ڕووداوێکی خراپیان هاتە ڕیّ:

بێچوە بەرازێك، کە بە ڕێگاکەدا دەڕۆیی، سەری لێشێواو کەوتە ژێر دەست و پێی ئەسپەکانەوە، بۆڵەیەکی لێوە هات و بەدەم قروسکە قورسکەوە، بەسەر جادەکەدا تل بووەوەو

دەیویست بەپشتە شکاوەکەیەوە هەستێتەوە. پانتلی پروکوفیوچ، قامچیەکی سرەواندێ و بەدەم جنێودانەوە گوتی:

– ئاخر سەگباب خێو، تۆ چ دەکەی لێرە! گلاراوت بوو!

جا بۆ نەگبەتی بێچووە بەرازەکە هی ئانیوتکای، بێوەژنەکەی ئافونکا ئوزورف بوو. ئانیوتکا، ژنێکی نیسبەت دیدەی نەگبەتی دەم پیسی جنێو فرۆش بوو. زۆری پێنەچوو ژنەی تاین بە شاتە شات لە حەوشە وەدەرکەوت، بەدەم چاککردنی سەرپۆشەکەیەوە، جنێوی هێندە مزرو ئاوداری دەدا، کە پانتلی پروکوفیوچ ناچار ئەسپەکانی ڕاگرت و هەر لە سەر نشیمەنی خزاگەکەوە ئاوڕێکی دایەوەو گوتی:

– دەمت لێکنێ، هەی ماکەر! ئەم شاتە شاتەت لەچیە؟ بۆت دەبژێرم، ئەم بێچوە بەرازە گڕوێیەت بۆ دەبژێرم پارەکەیت دەدەمێ!

ژنەی تاین بەدەم دەست بادانەوە هاواری دەکرد:

– هەی شەیتانی لەباب شەیتان! ئەژدیهای حەوت سەر. خۆت گڕوێی، شەلەی قوون گێڕ! دەڵێی تاژی شەلیت! هەر ئێستا دەتبەمە لای ئەتامان (سەرۆك، بەرپرس)، شکاتت لێدەکەم، قەحبە دایك، تێت دەگەیەنم، چۆن بەرازی بێوەژنێکی جەنگ، پاندەکەیتەوە!...

ئیدی ژنەی تاین شوڵی لێهەڵکێشا، هەرچی بەدەما هات نەیگێڕایەوە. پانتلی پروکوفیوچ، کە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا بوو، گوتی:

– دەبڕۆ، دەمی پیست خواتەوە!

ژنەی تاین یەکسەر بەدەمیا دایەوە:

– بڕۆ، هەی تورکی نەحلەتی!

پانتلی پروکوفیچ، دەنگی بەرز کردەوە!

– بڕۆ، هەی قەحبە دایکی، حەفتا باوك!

بەڵام ئانیوتکا ئوزیروڤا، کە لە زماندرێژیدا بەشی کەسی نەهێشتبووەوە. لەوانە نەبوو بۆ وەڵام دابمێنێ. وەکو قەلە ڕەش کەوتە قرە قڕ:

– غەوارە! ئەجنەبی! مێباز! داوێن پیس! دز، بیرتە ، بێڵ و پێمەڕەکانت دزی؟ هەر تۆ نەبووی، مۆزە مۆز، دەورو خولی ژنانی مێردارت دەدا؟

پیرە مێرد بەرسڤی دایەوە:

– بڕۆ، مردە لۆخ، بڕۆ تا بەرقامچیم نەداویت، قەحبەی پەتیارە، دەمت تێکبنێ.

ئانیوتکا، دەمی لێکردەوە، بەجۆرێ بەر دەمرێژی جنێوی بازاڕی دا، کە پانتلی وێڕای ئەوەی تەمەنی هەبوو و زۆر شتی لە ژیانا بینی بوو، لە شەرما سوور بووەوەو هەموو گیانی وەسەر ئاو کەوت.

گریگۆری کە بینی خەڵکەکە وردە وردە دێنە کۆڵان و گوێ لەم قەرقەشەو شەڕە جوێنەی میلیخوڤ پیرەمێردو بێوەژنە نەجیبەکەی ئوزیروف دەگرن، تووڕە بوو و گوتی:

– با بڕۆین!.. چ پێویست دەکات دەم بخەیتە دەمی؟

– دەبینی چ زمانێکی هەیە... بە ئەندازەی هەوساری ئەسپێك دەبێ!

پانتلی پروکوفیچ، خەمین و خەمبار، لە ناچاریا تفێکی کردو بە جۆرێ ئەسپەکانی بەر قامچی دا، لە تۆ وایە دەیویست ئانیوتکا بکاتە ژێرەوە. وەختایەك گەیینە چوار ڕیانەکەی دواتر، ئاوڕێکی دایەوەو بە ترس و دوو دڵیەوە گوتی:

– چەند دەمی پیسە.. دەبڕۆ هێندە جنێو بدە تا شەق دەبەی! قەحبەی قەڵەو! ئاخری ڕۆژێ شەق دەبەیت! ئەم قەحبەیە دەتوانێ بە زمان کەوڵت بکات، پێستت بگورو‌ێ! دەبوایە تۆش وەکو بەرازەکەت پان بکەمەوە. ئەوەی لە تۆی چەپەڵ بکەوێ، گەڕو گول دەبێت.

بەرە بەرە پەنجەرە تەختە شینەکانی ماڵی خۆیان دەرکەوت .پیوتەر، بە سەری کۆتەوە، بە پاڵتۆیەکی سوپایی بێ پشتێنەوە دەروازەکەی بۆ کردنەوە. دونیاشکا، بەسەر پۆشێکی سپی و بە ڕووی خەندان و چاوانی ڕەخشانەوە، بە قاڵدرمەکاندا داگەڕا.

پیوتەر، برایەکەی ماچ کرد، دەمێك لێی ورد بووەوە و گوتی:

– سەلامەتیت؟

– بریندار بووم.

– لەکوێ؟

– لە نزیکی گلوبوکایا.

– بۆچی خۆت لەوێندەر گیرۆدە کرد؟ دەبوایە زوو بۆ ماڵ بگەڕێیتەوە.

بە گەرمی دەسوبۆسی دەگەڵ گریگۆریدا کرد، ئەوسا نۆرەی دونیاشکا هات. گریگۆری باوەشی بەشان و ملە تەواوەکەی خوشکەکەیا کرد، سەرو چاوانی ماچ کردو ئەوجا کەمێك لێی چووە دواوە، بە سەرسامیەوە گوتی:

– دونیاشکا، چەند گەورە بوویت، خۆ خەریك بوو نەتناسمەوە، چەند گۆڕاوی! چەند جوان بوویت. قەت وێنام نەدەکرد کچێکی ئەوەندە جوانت لێدەربچێ. وامدەزانی ناشیرینێکی داماو دەردەچیت.

ویستی بەر نوقوڕچانی بدات، بەڵام دونیاشکا ڕایکردو خۆی دوور خستەوە.

– نا، نەکەی کاکە، توخوا.

بە دەم پێکەنینەوە ددانە سپیەکانی دەرکەوت. دەم و دانەکانی کوت و مت لە دەم و دانی گریگۆری دەچوون.

ئیلی نیچنا، کە هەردوو منداڵەکەی لە باوەش گرتبوو، بە هەڵەداوان هات: ناتالیا بە غاردان پێشیکەوت. ناتالیا، ژنەکەی گریگۆری، تەواو بوژابووەوە، یەجگار جوان بوو بوو. قژە ڕەش و ڕەخشانەکەی داهێنا بوو و نەرم نەرم بەپشتا هەڵیدا بووەوەو لە دواوە لوولی کرد بوو و بەستبووی. شادی بە ڕووە پەمەییەکەیەوە دیاربوو. خۆی بە گریگۆریەوە چەسپاند و چەند جارێك، بە پەشۆکاویەوە دەمی بە دموچاو و سمیڵەکانیا هێنا. ئەوجا کوڕەکەی لە باوەشی ئیلی نیچنا دەرهێناو خستیە باوەشی گریگۆری یەوەو بە شادیەکی غروور ئامێزەوە گوتی:

– تەمەشا چ کوڕێکی جوانت هەیە!

ئیلی نیچنا، بە هەڵچوونەوە ناتالیای دایە لاوەو گوتی:

– وازبێنە با کوڕەکەم ببینم.

ئەوسا سەری گریگۆری لە هەمێز گرت، نێوچەوانی ماچ کرد، دەستە زبرەکانی بە سەرو ڕوویا هێناو لە کەیفان کەوتە گریان:

– ئەمەش کچەکەتە گریشا! ها بیگرە.

ناتالیا، کچەکەی کە لە شاڵێکەوەی پێچا بوو، خستە سەر بازووە ئازادەکەی، گریگۆری حەپەسا بوو، بەجۆرێ هەڵچوو بوو، نەیدەزانی سەیری کێ بکات: ناتالیا، یان دایکی، یان جووتە منداڵەکەی. کوڕەکە، بەچاوە شەڕانی و برۆ چرەکانیەوە میلیخوفێکی تەواو عەیار بوو: هەمان چاوی ڕەشی درێژکۆلە و برێک خەمناك، هەمان برۆی بێباك، هەمان سپێنەی ئامال شینی چاوە زەقەکانی، هەمان پێستی گەنم ڕەنگ.. منداڵەکە قامکە تووتە پیسەکەی دەمژی و بەگومانەوە دەیڕوانیە بابی. گریگۆری، تەنیا چاوە ڕەشە چکۆلەو جوانەکانی کچەکەی بینی، باقی دەموچاوی لە شاڵێکەوە پێچرا بوو.

گریگۆری، کە هەردوو منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو، کەوتەڕێ تا بە قاڵدرمەکاندا سەربکەوێ، بەڵام ئازارێکی بەترەف بە لاقیا هات. بەدەم زەردەخەنەیەکی شەرم ئامێزەوە گوتی:

– ناتالیا، بیانگرە.

داریا، لە ناوەندی موبەقەکەدا وەستا بوو، قژی خۆی ڕێکدەخست. ئەوجا بە دەم بزەو خۆنواندنەوە بەرەو پیری گریگۆری هات، چاوە باشقاڵەکانی نوقاندن و لێوە تەڕو گەرمەکانی نایە سەر دەم و لێوی گریگۆری. برۆ کەوانیە ڕەشکردووەکانی کە دەتگوت بە مەرەکەبی چینی نەخشاندونی، بەرز کردنەوەو گوتی:

– بۆنی توتنت لێدێ!

ئیلی نیچنا دەیگوت:

– کوڕەکەم، گیانەکەم با جارێکی دیکەش بتبینم!

گریگۆری بەدەم زەردەخەنەوە، سەروچاوی نایە سەر شان و ملی دایکی، لە کەیف و خۆشیا، ئۆخژنێکی سەیر لە دڵ و دەروونی دەگەڕا.

پانتلی پروکوفیچ،لە ناو حەوشەدا بەخۆی و کڵاوە سوورە فەروەکەیەوەو بە پشتێنە سوورەکەیەوە، بە شەلە شەل بە دەوری خزاکەکەدا دەسوڕایەوەو زین و قایش و قوروشەکانی لە ئەسپەکەی دەگرتەوە. پیوتر ئەسپەکەی گریگۆری برد بوو بۆ تەویلەکەو زینەکەی لێکردبووەوەو بۆ ماڵی دەهێنایەوە. چەند قسەیەکی دەگەڵ دونیاشکادا کرد کە خەریك بوو دەبەیەك نەوتی لە خزاکەکە دادەگرت.

گریگۆری خۆی گۆڕی، پۆستین و پاڵتۆکەی بە دەسکی تەختە خەوەکەوە هەڵواسین و سەری شانە کردو لەسەر تەختێك دانیشت و کوڕەکەی بانگکرد:

– مشکا! وەرە بۆ ئێرە چیە نامناسیت؟

منداڵەکە، بێئەوەی دەستی لە زاری دەربێنێ. لە سەرلا چووە پێشێ و بە شەرمەوە لەبەر مێزەکەدا وەستا. دایکی کە لەپاڵ موغەیریەکەدا وەستا بوو، بە میهرو شانازیەوە تەمەشای دەکرد. دانەویەوە، شتێکی بە گوێی کچەکەیا چپاندو لە ئەرزەکەی داناو بە نەرمی بەرەو لای باوکی دەڵەکی دا:

– بڕۆ!

گریگۆری، هەردووکیانی هەڵگرت و نایانیە سەر ڕانەکانی و گوتی:

– وردیلانە، نامناسن؟ پولیوشکا تۆش نامناسیت، بابە چکۆلەکەی خۆت ناناسیت؟

کوڕەکە، کە خوشکەکەی لە تەنیشت خۆیەوە بینی، کەمێك شەرمی شکاو گوتی:

– تۆ بابی ئێمە نیت.

– ئەدی من کێم؟

– تۆ قوزاقی گوندێکی دیکەیت.

گریگۆری قاقا پێکەنی:

– ئاوها! باشە کەوایە ئەدی باوکتان لە کوێیە؟

کچەکە بەدڵنیاییەوە گوتی:

– لە عەسکەریە.

دیار بوو لە براکەی دلێرترە.

ئیلی نیچنا، بە تووڕەییەکی ڕواڵەتیەوە گوتی:

– ئێوە ڕاستەدەکەن منداڵینە، دەی سەرکۆنەی بکەن! سێ دانە ساڵە لێرە نیە، دەیەوێ هەموو کەسێك بیناسێت!

پیرەژن، بە زەردەخەنەوە ڕوانیە گریگۆری و لە سەری ڕۆیی:

– مەمنوونی خوابە ژنەکەت ئەو هەموو ساڵە چاوەڕوانی کردویت، چیوای نەمابوو بە شووی بدەینەوە، خەریك بوو دەگەڕاین کە پیاوێکی دیکەی بۆ بدۆزینەوە!

گریگۆری بە سوعبەتەوە گوتی:

– ها، ناتالیا، تۆ چ دەڵێی؟

ناتالیا لە شەرما سوور بووەوە، بەڵام زوو وەخۆهاتەوەو چوو لە تەنیشت گریگۆری یەوە دانیشت، بەچاوانی تەژی شادیەوە لێی ڕوانی، بە دەستە زبرو گەرمەکانی خۆی باسکە وشك و ڕەقەکانی گرت.

ئیلی نیچنا گوتی:

– داریا، خوانەکە ئامادەیە!

داریا بە پێکەنینەوە گوتی:

– مەگەر خۆی ژنی نیە؟

ئیدی بە شێوازە شۆخی ئامێزەکەی خۆی بەرەو لای موغەیریەکە ڕۆیی.

داریا وەکو جاران شووش و باریك بوو. هیچ تێك نەچوو بوو. لاقە ناسك و جوانەکانی، لە گۆرەویە خوریە وەنەوشەییەکانیا چەسپی بوو، پۆتینە نووك تیژەکانی ڕێك پڕ بە پێیەکانی بو، دەتگوت بە تایبەتی بۆی دروستکراون. تەنووره چیندارە تووترك ڕەنگەکەی لە ناو قەدی جەڕی بوو، بەرهەڵبێنە گوڵدۆزییەکەی هێندە سپی بوو ئاوی چاوی دەبرد. گریگۆری نیگای بۆ سەر ژنەکەی خۆی گواستەوە، کەم دابێژێك گۆڕا بوو. ناتالیا خۆی بۆ هاتنەوەی ئەو ئارایش دابوو: کراسێکی ئەتڵەسی شینی قۆڵ تەسکی، سەر قۆڵ دانتێلای لەبەر کردبوو، ڕێك ناو قەدە ئەستوورەکەی لە قاڵب دابوو و تەواو بەرجەستەی کرد بوو: گریگۆری تەمەشایەکی کردو لە دڵی خۆیدا گوتی: "ژنە قۆزاق لە دوورەوە دیارن، پیاو دەتوانێ لە ناو سەد ژنا بیان ناسێتەوە. ژنە قوزاق دەزانێ چ جلیك لەبەر دەکات بۆ ئەوەی سەرنجی پیاو بهاڕوژێنێ. ژنانی دی، ژنە فەلاح وانین، پاش و پێشی ناناسرێتەوە، دەڵێی گونیەی لە بەردایە..."

ئیلی نیچنا، لە مانای نیگاکردنی کوڕەکەی تێگەیی و بەجۆرە خۆنواندنێکەوە گوتی:

– لە گوندەکەی ئێمەدا ژنە ئەفسەران واهین! هیچیان لە ژنە شاری کەمتر نیە!

داریا خۆی لە قسەکەی هەڵقورتاند:

– توخوا ئەگەر وابڵێی دایکە! ئێمە لە کوێ و کچە شاریان لە کوێ!

ئەوسا بە خەمینییەوە لە سەری ڕۆیی:

– .. من ئەوەتا تاکێ لە گوارەکانم شکاوە، کە بۆ خۆی لە هەوەڵەوە و بەساغی هیچ نەبوو، چ جای بە شکاوی! کەچی نازانم چیبکەم.

گریگۆری دەستی خستە سەر پشتی پانی ژنەکەی و بۆ یەکەمجار لەدڵی خۆیدا گوتی: "ژنێکی جوانە. بەرچاویە، هەموو پیاوێ تەماحی تێدەکات... ئەم ماوەیەی کە من لێرە نەبووم، چی کردووە، چۆن بە بێ پیاو هەڵیکردووە؟ من دڵنیام کە پیاوان چاویان تێبڕیوە، دوای کەوتوون، ڕەنگە ئەویش ئارەزووی پیاوی کردبێت و دوای یەکێکیان کەوتبێ. ناشێت ئەویش وەکو هەموو ئەو ژنانەی کە مێرەدەکانیان دەچوونە سەربازی، دەنکێکی گرتبێ و بە خۆی فێرکردبێت؟"

کە لە خەیاڵەکەیا گەییە ئێرە دڵی کەوتە لێدان، چاوی بڕییە دەموچاوە پەمەیی ڕەخشانەکەی ژنەکەی. ناتالیا لە شەرما سوور بووەوە. هەر چۆنێ بوو بە سەر شەرمەکەی خۆیا زاڵ بوو و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بۆچی، بەو جۆرە سەیرم دەکەی. بیرت دەکردم، ها؟

– ئەی مەعنای چی!

گریگۆری، ئەو بیرە ناخۆشانەی لە مێشکی خۆی تاراند، بەڵام هەستی دژمنایەتیەکی نائاگایانە لە دڵ و دەروونیا سەبارەت بە ژنەکەی بێدار بوو بووەوە.

پانتلی پروکوفیچ، بەدەم بۆڵژنەوە وەژوورکەوت، لە هەنبەر ئیکۆنەکەدا وەستا، تێر دوعای خوێندو لەبن لێوانەوە گوتی:

– دیسان سڵاو.

ئیلی نیچنا، کە سەر گەرمی کار بوو و بەدەم تە قو هۆڕی کەوچکانەوە گوتی:

– سڵاو، بابە گەورە. ئازای بەدەنت بەستوویەتی ها؟ چاوەڕوانت بووین، شۆرباکە گەرمە، تازە لە سەر ئاگر دامگرتووە.

پانتلی پروکوفیچ، ملپێچە سوورەکەی لەملی کردەوەو چەکمە لبادیە ناودارەکانی کە لە بەفرا ڕەق بوو بوون، دان بە یەکاو تەکاندنی. ئەوسا فەروەکەی داکەند، سەهۆڵەکانی سەر ڕدێن و سمێڵەکانی پاك کردەوە. هات، لای گریگۆری یەوە دانیشت و گوتی:

– ڕەق بوو بوومەوە، بەڵام کە بە ناو گوند کەوتین، بە تەواوەتی گەرممان بووەوە، بە رازێکی ئانیوتکاشمان کردە ژێرەوە.

داریا، کە پارووپەکی لە نانێکی سپی دەکردەوە، وەستاو پرسی:

– کام ئانیوتکا؟

– ژنەکەی ئوزیروف، خۆزگە دەتبینی، ئەو قەحبەیە چۆن لێمان دەرپەڕی و کردی بە چ شاتە شاتێك! "بێشەرەف! بەراز! دز، خرماشەکەت نەدزی؟" کام خرماشە، مەگەر شەیتان بیزانێ!

پانتلی پروکوڤیوچ، هەر هەموو جنێوەکانی ئانیوتکای یەك بە یەك دووبارە کردەوە، تەنیا وشەی "گەواد" نەبێ، تەنیا ئەوە نەبەێ کە بەگەنجی مۆزە مۆزە دووی ژنانی مێردار کەوتووە. گریگۆری بە پێکەنینەوە لە کەنار مێزەکە دانیشت. پانتلی پروکوفیچ بۆ ئەوەی لەبەرچاوی ئەو پاکانە بۆ خۆی بکات، بە مجۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێنا:

– جنێوی وای پێدەدام، لە گێرانەوەش نایەت. ویستم بگەڕێمەوەو قامچییەکی هەواڵە بکەم، بەڵام گریگۆریم لەگەڵدا بوو، حەزم نەکرد لە بەرچاوی ئەو کاری وابکەم.

پیوتەر دەرگای کردەوەو دونیاشکا، بە گوێرەیەکی سووری تەوێڵ مارۆوە، کە کەمەربەندێکی لەملی کرد بوو، وەژوورکەوت. پیوتەر بە لاق گوێرەکەکەی دەڵەك دایە ژوورەوەو بەخۆشیەوە هاواری کرد:

– بۆ جەژنی کەسەك ئەندازان، کەسمەو نان بە ڕۆن دەخۆین.

گریگۆری، دوای شێو، جانتا عەسکەریەکەی کردەوەو کەوتە دابەشکردنی دیاری و سەوقاتان:

– دایکە ئەمە، هی تۆیە...

بەدەم ئەو قسەیەوە شاڵێکی گەورەی نایابی دایێ. ئیلی نیچنا زۆر بە جدی شاڵەکەی لێوەر گرت، وەکو کچۆڵان سوور بووەوە، دای بە سەر شانیا، ماوەیەك لەبەر ئاوێنەکەدا، بەم دیوو بەو دیوا وەرچەرخا، بەجۆرێ خۆی دەنواند کە پانتلی پروکوفیچ تووڕە بوو و هاواری کرد:

– تۆ تەمەشای ئەم پیرەژنە، چۆن لەبەر ئاوێنەکەدا خۆی دەنوێنێ! ئاخر بڵێ تۆ چیت لە چیایا ماوە!

گریگۆری بەپەلەو لە ژێر لێوەوە گوتی:

– ئەمەش، باوکە هی تۆیە...

بە بەرچاوی هەمووانەوە، شەپقەیەکی قۆزاقی نایابی، شریت سووری، پێش بەرزی، لە پاکەتەکەی دەرهێناو پێشکەشی کرد. پانتلی پروکوفیچ، لە بن لێوانەوە، بەدەم تەمەشاکردنی ئەم لاو ئەو لاوە، وەکو ئەوەی بترسێت یەکێك بێت و دیاریەکەی کوڕەکەی لێبسەنێت گوتی:

– ئای عەمر درێژ بیت! بە ڕاستی پێویستم بەشەپقەیەکی تازە بوو! ئەمساڵ لە فرۆشگاکەدا نەبوو. بەشەرمەوە بەکاسکێتە کۆنەکەمەوە هاتوچۆی کڵێسام دەکرد... هەر بۆ ئەوە باش بوو بیکەیتە سەر داهۆڵان. کەچی من ناچار بووم لەسەری بکەم...

پانتلی پروکوفیچ بەدەم ئەو قسانەوە لە هەنبەر ئاوێنەکەدا دانەوییەوە تا شەپقەکەی تاقی بکاتەوە. بەلاّم یەکسەر بینی کە ئیلی نیچنا چاوی بڕیونەتە ئەو. لەپڕ لە سەر پاژنەی پێ وەرچەرخاو بەرەو لای سەماوەرەکە ڕۆیی و لەبەر سەماوەرەکەدا شەپقەکەی لەسەر ناو تاقی کردەوە. ئیلی نیچنا، ئاوڕێکی لێدایەوەو گوتی:

– پیرەمێردی خەڵەفاو ئەوە چدەکەی؟

پانتلی پروکوفیوچ، یەکسەر بەرسڤی دایەوە:

– خودایا! ئافرەت تۆ چەند کەری! ئەمە سەماوەرە، خۆ ئاوێنە نیە.

گریگۆری، پارچە قوماشێکی ئاوریشمی دایە ژنەکەی خۆی تا بیکات بە تەنوورە. دیاری منداڵەکان، نزیکەی نیو کیلۆیەك کێکی بە هەنگوین بوو. جووتێ گوارەی زیوی نقمێداری دایە داریا. پارچە قوماشێکی دایە دونیا بۆ کراس. بڕێك سیغارو نیو کیلۆیەك تووتنی دایە پیوتەر. لەو کاتەدا کە ئافرەتەکان تەمەشای دیاریەکانی خۆیان دەکردو سەرقاڵی قسان بوون. پانتلی پروکوفیوچ بەکەش و فشەوە، وەکو میران سینگی دەرپەڕاند بوو وبە ناو موبەقەکەدا دەهات و دەچوو.

– تەمەشاکەن، ئەم قۆزاقی گاردی تزاریە کە چەندین جار خەڵاتی وەرگرت! لە نمایشی سوپایی تزاریدا، خەڵاتی یەکەمی وەرگرت و زینێکی بە هەموو قایش و قروشەکانیەوە وەرگرت! ئەوە منم!...

پیوتەر، بەدەم جوونی سمێڵیە سوورەکانیەوە، بە ستایشەوە دەیڕوانیە بابی. گریگۆری بزەی دەهاتێ، ئەوسا سەرو سیغاریان پێکرد. پانتلی پروکوفیوچ، کە لەپەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دەرێ گوتی:

– تا کەسوکارو دەورو جیران نە هاتوون، بۆ پیوتەری بگێڕەوە کە لەولا چ باسە.

گریگۆری، بە بێتاقەتیەوە، دەستێکی هەڵتەکاند و گوتی:

– شەڕە.

پیوتەر، جێگاکەی خۆشکردو پرسی:

– ئێستا بەلشەویکەکان لە کوێن؟

– لەسێ قۆڵەوە دێن، لە تیخورتسکایا، لە تاگانروگ و، لە ڤۆرونیچەوە.

– ئەدی هەڵوێستی کۆمیتە شۆڕشگێڕیەکەتان چیە؟ بۆچی ڕێگەیان دەدەن بێن بۆ وڵاتی ئێمە؟ خریستونیاو ئیڤان ئالیکسیوفیچ کە هاتنەوە، زۆریان فشە کرد، بەڵام من باوەڕیان پێناکەم، ڕاست ناکەن...

– کۆمیتەی شۆڕشگێڕی هیچ دەسەڵاتێکی نیە. قوزاقان بەگوێی ناکەن، هەڵدێن، دەگەڕێنەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆیان.

– کەواتە لەبەر ئەمەیە کە کۆمیتە داشداری(لایەنگری) لە سۆڤیاتەکان دەکات؟

– هەڵبەتە وایە!

پیوتەر کەمێك بێدەنگ بوو. سیغارێکی دیکەی هەڵگرت و چاوی بڕینە چاوی براکەی:

– ئەدی تۆ لەگەڵ کیهە لایەندای؟

– من لایەنگری دەسەڵات و حکومەتی سۆڤیەتانم.

پانتلی پروکوفیوچ، وەکو تەرەقە تەقیەوە:

– کەرە! تۆ تێی گەیەنە پیوتەر.

پیوتەر بزەیەکی بۆ کردو دەستی بە شانی براکەیدا داو گوتی:

– وەکو ئەسپی تۆسن، چەموشە. چۆنە باوکە تۆ خۆت تێی بگەیەنی؟

گریگۆری تووڕە بوو:

– پێویست بەوە ناکات هیچم بۆ ڕوون بکەنەوە! خۆ کوێر نیم... بزانە ئەوانەی لە شەڕگە گەڕاونەتەوە، لە ناو گوندا چی دەڵێن؟

– ئێمە هەقمان بەسەر ئەو قوزاقانەوە چیە کە لە شەڕگە گەڕاونەتەوە؟ یانی تۆ تا ئێستا کەرێتی خریستونیات بۆ دەرنەکەوتووە؟ ئاخر ئەو کابرایە چی دەزانیٚ؟ خەڵکەکە سەریان لێشێواوە، نازانن بەکام ڕێگادا بڕۆن... نەگبەتیە! –پیوتەر سەری سمێڵەکانی گەست و لەسەری ڕۆیی – بزانە ئەم بەهارە دەبیٚ بە چ ئاژاوەو فەرتەنەیەك... ئێمەش لە شەڕگەدا چاومان لە بەلشەویکان دەکرد، لاسایی ئەوانمان دەکردەوە. بەڵام ئێستا وەختیٚ ئەوە هاتووە بیریٚ بکەینەوە، وەخۆبێینەوە، دەبیٚ بەو کەسانەی، کە گەرەکمانە بە زۆر بێنە خاك و وڵاتی ئێمە، بڵێین: "ئێمە چاومان لە ماڵی کەس نیە، نابیٚ کەسیش دەست بۆ ماڵی ئێمە بێنیٚ!" قوزاقان دەبیٚ وا بەوکەسانە بڵێن کە بۆ تاڵانی دێن بۆ ئێرە. ئەوەی ئێوە لە کامنسکایادا کردتان، کارێکی نابەجیٚ بوو! دۆستایەتی بەلشەویکەکانتان کرد و ئێستا دەیانەویٚ دەسەڵات و ڕژێمی خۆیان لێرە بچەسپێنن.

بابی گوتی:

– گریشا، بیریٚ بکەوە، بە خۆتا بچۆرەوە، تۆ کەسێکی گەوج نیت. ئەوە بزانە کە قوزاق هەمیشە قوزاق بووەو هەر بە قوزاقی دەمێنێتەوە. هەرگیز قایل نابین کۆمەڵێك فەلاحی ڕشکن و ئەسپێونی ڕووسی، لە ماڵی خۆمانا، فەرمانڕەواییمان بکەن.دەزانی ئێستا کۆچەرەکانی ئەم ناوە چ دەڵێن؟ دەڵێن هەرچی زەوی و زاری دەڤەرەکە هەیە، هەر هەمووی بە یەکسانی دابەش دەکرێت و هەر کەسەو پارچەیەکی پێدەبڕێت. تۆ لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟

– ئەو کۆچەرانەی کە لەمێژە لە دەڤەری دۆندا دەژین و لێرە لە دایك بوون، دەبیٚ زەویان بدرێتیٚ.

پانتلی پروکوفیچ، دەستی بردە بەر کەپووە دەنووکە دالآشیەکەی گریگۆری و چەقەنەیەکی قایمی بۆ لێداو گوتی:

– مەگەر گوویان بدەینیٚ تا بیخۆن!

دەنگـی پـێ لەسـەر قاڵدرمـەکانی بـەر دەرگـاوە هـات. ئانیکوشـکاو خریسـتونیاو ئیڤـان تـوملین خۆیان بە ژووردا کرد. توملین کڵاوێکی زۆر قووچی کەوڵە کەروێشکی لەسەر بوو. خریستونیا، دەنگە زلەکەی لێهەڵبڕی:

– بەخێر هاتیتەوە گریگۆری! ئەرێ پانتلی پروکوفیچ بەم بۆنەیەوە دەمێ تەڕ نەکەین؟

ئـەو گوێرەکـە خـەواڵوەی کـە لـە تەنیشـت موغەیرەکەیـەوە پاڵکـەوتبوو، لـە دەنگـی ئـەو بێـدار بـووەوەو ڕاپـەڕی. هەسـتایە سـەر لاقـە لاواز و بێتواناکـانی، چـاوە خـڕو زومـوڕودیـەکانی بڕییـە میوانەکان و لە ترسا، دەزوولە میزێکی کردە سەر زەویەکە. دونیاشکا، شەپێکی بە پشتیاداو لە میزکردنی کرد، ئەوجا میزەکەی بە پەڕۆکیك سڕی و سەتڵێکی هێناو خستیە ژێر گوێرەکەکە.

ئیلی نیچنا بەتووڕەیی گوتی:

– زراوی گوێرەکەکەت تۆقاند هەی لەندەهۆر! (تەژەی زەلام).

گریگۆری، تەوقەی دەگەڵ هەرسێکیاندا کردو خوڵکی کردن کە دانیشن. دوای تۆزێك، جماعەتـە قۆزاقێکی گەڕەکی ئەو بەرەوەی گوند هاتن. بـەدەم گفتوگـۆ و بـاس و خواسـەوە، هێنـدەیان سـیغار کیشـا، کـە چـرا نەوتیەکـە لـە دووکـەڵا کەوتـە پرتـە پـرت و گوێرەکەکـە گـەرووی گـیراو کەوتـە کۆکـە کۆك.

ئیلی نیچنا، کەوتە خوتە خوت و بۆڵە بۆڵ و بەو نیوە شەوە وەدەری نان:

– گـلاراو بگـرن! بڕۆنـە نـاو حەوشـە سـیغار بکێشـن! دەبـڕۆن دەی. کوڕەکـەمان هێشـتا مانـدووی سەفەرەو نەحەساوەتەوە، دەبڕۆن خواتان لەگەڵ!

"١٤"

گریگـۆری بـۆ بـەیانی لـە دوای هەمووانـەوە لـە خـەو ڕابـوو. لـە جریـوە جریـوی چـۆلەکەی بـن گوێسەبانەو لێواری پەنجەرەکان خەبەری بووەوە. تیشـکی هـەتاو لـە درزی پەنجـەرە تەختەکانـەوە وەکو غوبـاریکی زێـڕین خـۆی بـە ژووردا دەکرد. زەنگـی کلێسـاکە زەنگـی نوێـژی بـەیانی لێـدەدا. گریگـۆری بیری کەوتـەوە کـە ئـەمڕۆ، ڕۆژی یـەك شـەممەیە. ناتالیـا لـە پاڵیـا نـەبوو، بـەڵام دۆشـەکە پەڕەکە، هێشتا هاڵاوی گەرمی بەدەنی ئەوی لێهەڵدەستا. دیاربوو کە تازە هەستا بوو. گریگـۆری گازی کرد:

– ناتالیا!

دونیا چووە ژوورەوە:

– چیت گەرەکە کاکە؟

– ئەو پەنجەرەیە بکەوەو ناتالیا بانگبکە. چی دەکات.

– لە ئاشخانەکەدا یارمەتی دایکە دەدات، ئێستا دێت.

ناتالیا خۆی بە ژوورا کرد، لە تاریکی ژوورەکەدا چاوی گێڕا:

– هەستاوی؟

دەستەکانی بۆنی هەویری تازەیان لێدەهات. گریگۆری هەر لە ناو جێگاکەوەو بە پاڵکەوتنەوە لە هەمێزی گرت و بەزمی شەویانی وەبیرکەوتەوەو پێکەنی.

– تۆش درەنگ هەستایت؟

ناتالیا، بزەیەکی بۆ کرد، سوور بووەوە، سەری نا بە سینگ و بەرۆکە تووکنەکەی گریگۆری یەوەو گوتی:

– ئاهـ!... شەوێ زۆر ماندوو بووم...

یارمەتی گریگۆری دا تا برینەکەی دەرمان بکات و بیبەستێ. ئەوسا تازەترین جل و بەرگی ڕۆژانی جەژنی لە یەخدانەکە بۆ دەرهێناو گوتی:

– قەمسەڵە ئەفسەریەکەت بە هەموو میدالەکانەوە لەبەردەکەی؟

گریگۆری بە ترسەوە گوتی:

– نەبابە، بۆچی؟

بەڵام ناتالیا، پێی لێداگرت:

– توخوا لەبەری بکە. باوکە دڵی پێخۆش دەبێ. خۆ بە خۆڕایی وەرت نەگرتووە. بۆ ئەوەت وەرگرتووە کە لە یەغدانی بنەیت تا بڕزێ؟

گریگۆری. قاییل بوو، هەستا، چوو گوێزانێکی لە پیوتەر وەرگرت و ڕدێنی تاشی. سەروچاوی خۆی شت. پیوتەر پرسی:

– پشت ملت تاشیوە؟

– شەیتان بەنەحلەت بی، بەخوا لەبیرم چوو.

– دانیشە، من بۆتی چاك دەکەم.

فلچە ساردەکە، ملی پێ کورژ کردەوە. لە ئاوێنەکەوە بینی کە پیوتەری برای بەدەم بەکار بردنی گوێزانەکەوە. وەکو منداڵ زمانی لە لایەکی زاریەوە دەردێنێ.

پیوتەر بەپێکەنینەوە گوتی:

– گەردنت وەکو گەردنی گاجووتی دوای جووت، لاواز بووە.

– بەخۆت دەزانی کە خواردنی عەسکەری کەس قەڵەو ناکات.

گریگۆری، قەمسەڵە عەسکەرییەکەی، بە کەتافیەی نایب زابتی یەوەو بەڕیزێ میداڵەوە لەبەر کرد، چووە بەردەم ئاوێنە لێڵ و تەماویەکە، بە زەحمەت خۆی ناسییەوە: ئەفسەرێکی باڵا بەرزی ،باریك وشووشی قەرەج ڕەنگ، کە زۆر لەم دەچوو. لە ئاوێنەکەوە تەمەشای ئەمی دەکرد.

پیوتەر، بەدڵێکی خۆشەوە، بێئەوەی کەمترین بەغیلی بە دەنگیەوە دیار بێ، بەگەرمی گوتی:

– لەسەر هەنگان دەچیت، قەدو قەڵافاتی سەر هەنگانت هەیە!

گریگۆری ئەو قسەیەی لە گیان خۆشبوو. هەرچەندە نەیدەویست دەری بڕێت. چوو بۆ ئاشخانەکە. داریا بە ستایشەوە تەمەشای کرد. دونیاشکا هاواری کرد.

– ئەڵڵا کە جوانیت!...

ئیلی نیچنا، خۆی پێنەگیرا، ڕوندك بە چاوانیا هاتە خوارێ. بە بەرکۆشە چڵکنەکەی چاوانی سڕی. بە توندی وەڵامی سوعبەتەکەی دونیاشکای دایەوە:

–ئاگات لە دەمت بێ چەتیوەی زمان درێژ، خۆت ئازابە کوڕی وابێنە! من هیچ نەبێ دوو کوڕم هێناون، یەك لە یەك باشتر.

ناتالیاش، بە هیچ جۆرێ چاوە گەش و میهرەبان و پڕ ئەشکەکانی لە مێردەکەی نەدەگواستەوە.

گریگۆری، پاڵتۆکەی دا بەسەر شانیاو چووە نێو حەوشەکە. بە هۆی لاقە زامدارەکەیەوە، بە ناڕەحەتی لە قاڵدرمەکانەوە دادەبەزی. لە کاتێکا دەستی بە موحەجەرەکەوە گرتبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "پێویستم بە دارشەقێکە."

لە میلرۆڤۆ، گوللەکەیان لە لاقی دەرهێنا بوو، پێستێکیان لە زامەکەی نابوو، ئەمە کردبوویە کارێك نەتوانێ بە ئاسانی لاقی بنوشتێنێتەوە.

پشیلەیەك، لە سەر گوێسەبانەی دیوارەکەیا، خۆی دابووە هەتاو. بەفرەکە لەبەر هەتاوەکە دەتوایەوەو لەپاڵ قاڵدرمەکانی بەر دەرگا، گۆلاوی بەستبوو. گریگۆری بەخۆشی و شادیەوە دەیڕوانیە نێو حەوشە و حەسارەکە. کۆڵەکەیەکی دار لەبەر قاڵدرمەکاندا چەقێنرا بوو تایە عەرەبانەیەکی بەسەرەوە بوو. ئەم کۆڵەکەیە لە تەمەنی منداڵی گریگۆری یەوە لە وێ بوو. ژنان بۆ کاروباری خۆیان بەکاریان دەبرد. شەوان، لەسەر قاڵدرمەکانەوە دەوەستان و مەنجەڵە شیریان لە سەر دادەناو ئیدی پێویستی نەدەکرد بە قاڵدرمەکاندا بێنە خوارەوە. بە ڕۆژیشەوە کاسەو گۆزەو هیربارو ئامانایان لەسەر دادەنا، تا وشکەوە بن. چەند گۆڕانکاریەکی ئاشکرا بە حەوشەکەوە دەبینرا: دەرگای عەماری دانەوێڵەکان لە جیاتی بۆیە بکرێت، بە گڵە سوور سواخ درا بوو، سەری کەپرەکە بە پوشی تازەی چەودەر داپۆشرا بوو، لێژنە دارە چکۆلەکان لەچاو جارانا بچووك بوو بوونەوە: دیار بوو هەندێکیان بۆ نۆژەنکردنەوەی پەرژینان بەکار برد بوو. خۆڵەکەوەیەکی شینباو لە سەربانی گڵینی ژێرخانەکەدا کەڵەکە بوو بوو ، کەڵەشێرێکی ڕەش وەکو قەلەڕەشان، لە سەر خۆڵەکەوەو زڕو زبڵەکە، کە لاقێکی لە سەرما هەڵبڕی بوو، لە نێو دە دوازدە مریشکی هەمە ڕەنگی هێلکەکەردا جیلوە فرۆشی دەکرد. هەموو ئەوزارو کەرەستە کشتوکاڵیەکان، لە ژێر کەپرەکەدا دانرا بوون و لە بە فرو بارانی زستان بە دوور بوون. چوارچێوەی بۆدی عەرەبانەکان وەکو پەراسوان بە دەرەوە بوون. هەندێ شوێنی ئاسنی شەپشەپەکە (مەکینەیەکی تایبەتی دەرەوە) لە بەر تیڕۆژی هەتاوەکەدا کە لە درزێکی سەربانەوە، دەیدا لە ژوورەوە، دەبریسکایەوە. قازەکان لە سەر سەرانگوێلکی کەنار تەویلەکەدا هەڵنیشتبوون. قازە نێرەیەکی پۆپنەداری هۆڵاندی، بە کەش و فشەوە ڕوانیە گریگۆری کە بە شەلە شەل بەلایاندا ڕۆیی.

گریگۆری، دوای ئەوەی تەمەشای هەر هەموو ئەو شتانەی کردو کون و قوژبنی حەوشەکەی پشکنی، بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. بۆنی خۆشی کەرەی تواوە و نانی گەرم سەرانسەری موبەقەکەی گرتبووەوە. دونیاشکا، چەند سێوە بن عەردیلەیەکی سوێرکراوی لە سەر قاپێکی گوڵدار دەشتەوە. گریگۆری تەمەشایەکی سێوەکانی کردو بە تاسەوە گوتی:

– کاڵەکی سوێر کراومان نیە؟

ئیلی نیچنا هاواری کرد!

– ناتالیا، بڕۆ لە خوارەوە هەندێکی بۆ بێنە!

پانتلی پروکیوفیچ لە کڵێسا گەڕایەوە. نانە موفەڕکەکەی کە گوێچکێکی لێکرابووەوە (ئەو گوێچکەی لە کڵێساکە بەجێهێشتبوو) کرد بە نۆ بەشەوە: هەر بەشەی بۆ یەکێك لە ئەندامانی ماڵباتەکە. بەش بەش لە سەر خوانەکەی دانان. هەموو لە دەوری خوانەکە دانیشتن. پیوتەر کە وەکو باوکی، خۆی بۆ ئەم بۆنەیە گۆڕی بوو و جلکی جوانی لە بەر کرد بوو و تەنانەت سمێڵەکانیشی بە شتێك چەور کرد بوو، لە تەنیشت گریگۆری یەوە ڕۆنیشت. لە بەرانبەر ئەوانا، داریا، جێگای خۆی لە سەر چوار پایەیەك خۆش دەکرد. تیرۆژە هەتاوێك بەسەر گۆنا پەمەییەکانیا ڕژا بوو و جریسکە جریسك دەبریقایەوە، داریا خێرا خێرا چاوی دەتروکاندو بە سەرو ڕوویەکی تووڕەوە، بڕۆ کەوانیە ڕەشەکانی کە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکایەوە، دێنایە خوارێ. ناتالیا، کولەکەی کولاوی دەدا بە منداڵەکانی. ناو بە ناو بەدەم بزەیەکەوە، تەمەشایەکی گریگۆری دەکرد. دونیاشکا لەلای بابیەوە ڕۆنیشتبوو. ئیلی نیچنا، لەوسەری خوانەکەوە، لە نزیکی کوانگەکەوە دانیشتبوو. خواردن، وەکو هەر ڕۆژێکی جەژن مشە (زۆر، فرە) بوو. شلەی کەلەرم بە گۆشتی مەڕەوە. ماکەڕونی خۆماڵی و گۆشتی کوڵاوی مەڕ. گۆشتی بەرخ، مریشك، سەروپێی بەرخ، پەتاتەی سوورەوە کراو، سوپی گەنمە کوتراو بەکەرەوە. ماکەرونی بە ئاڵوباڵوی وشکەوە. کێك بە قەیماغەوە، کاڵەکی سوێر کراو ، گریگۆری پاش ئەوەی لە نان خواردن بووەوە، بە قورسی هەستاو وەکو مەستان ئاماژەی خاچی کێشاو بە هانکە هانك لە سەر جێگاکەی ڕاکشا. پانتلی پروکیوفیچ، هێشتا شۆرباکەی خۆی نەخوارد بوو، پاش ئەوەی جوان بەکەوچك ساف کرد، ئەوسا کونێکی کردە ناوەڕاستی، بەو کونەی دەگوت بیر، ئەوجا بڕێك کەرەی عەنبەرینی تێڕشت و ئیدی بە مراك بەربووە خواردنی شۆربا بە کەرەکەی. پیوتەر کە منداڵی زۆر خۆشدەویست، خواردنی دەکردە دەم میشاوەو گۆناکانی و سەری کەپووی لە ماستی ترش دەگرت.

– هاپۆ گیان، خنکاندمت.

– چ قەیدیە؟

– بۆچی لە سەرو ڕوومی هەڵدەسووی؟

– چ قەیدیە؟

– بە دایکم دەڵێم.

– چ قەیدیە؟

چاوە ڕەشە میلیخۆفیەکانی میشاتکا، لە تووڕەییدا دەبریقایەوە. لە داخ و حەژمەتاندا ڕوندکی تێزاییٚ. بە دەستە چکۆلەکەی کەپووی خۆی پاك کردەوە. کە بینی ناتوانیٚ بە قسەی خۆش مامی بێنێتە ڕەدا، لە ڕووی نائومێدیەوە هاواری کرد:

– وامەکە، هەی گەوج!.. شێتی کەر!..

پیوتەر، لە خۆشیا قاقا پێدەکەنی و سەر لە نوێ دەستی پێدەکردەوە، کەوچکێکی دەکردە دەمیەوەو یەکێکی دەکرد بە لووتیا.

ئیلی نیچنا، بەدەم گلەییەوە گوتی:

– دەڵێی منداڵیت...

دونیاشکا، لای گریگۆری یەوە دانیشت و گوتی:

– پیوتەر شێتە! شتی وا دەکات، منداڵیش نایکات. ئەو ڕۆژە میشکا چووە ناو حەوشە. منداڵەکە دەیویست دەست بە ئاو بگەیەنێ. پرسی: "هاپۆ، لە پاڵ پێبلیکانەکان دانیشم؟" بەڵام پیوتەر گوتی: "نا، نەکەی ها! بڕۆ دوورتر." میشکا ڕای کرد و کەمیك دوورتر کەوتەوە: "ئێرە؟ – نە، نە، بڕۆ لای عەمارەکە." پاشان لە عەمارەکەوە بۆ لای تەویلەکەو لەوێوە تا خەرمانگاکەی نارد. ئەوەندەی ڕاکە ڕاك بەو منداڵە بەستەزمانە کرد، ئەنجام کردیە ناو پانتۆڵەکەی... جا ناتالیا چەندی پێناخۆش بوو!...

دەنگی میشاتکا، ناسك، وەکو دەنگی زەنگولۆکەی سەرو گەردنی ئەسپان بەرز بووەوە:

– وازم لێبێنە، خۆم نان دەخۆم.

پیوتەر بەدەم پێکەنینەوە سمێڵەکانی جوڵاند و گوتی:

– نا، گیانە، من دەیکەمە دەمتەوە.

– نا، بەدەستی خۆم دەیخۆم.

– ئەو دوو بێچوە بەرازەی ناو تەویلەکەت دیتووە؟ دایە گەورە خواردن و ئاویان دەداتێ، نا.

گریگۆری، بە زەردەخەنەوە گوێی لە گفتوگۆیەکەیان دەگرت. سیغارێکی بۆ خۆی پێچایەوە. پانتلی پروکوفیوچ هاتە نزیکیەوە.

– بە نیازم ئەمڕۆ بڕۆم بۆ ڤیشنسکایا.

– خێرە؟

پانتلی پروکیوفیچ، قرقێنەیەکی زلی دایەوەو دەستێکی بەڕدێنیا هێنا و گوتی:

– کارم بە یارۆی سەڕاجە، دوو نیرم لای داناوە کە چاکیان بکاتەوە.

– ئەمڕۆ دەگەڕێیتەوە؟

– هەڵبەتە! بۆ ئێوارێ لێرە دەبم!

کەمێك ئیسراحەتی کرد و پاشان ئەو ماینەی ، کە پارەکە کوێر بوو بوو، لە خزاکەکە بەست و وەڕێکەوت. ڕێگاکە بە نێو مێرگەکاندا دەڕۆیی. بە دوو سەعاتان گەییە ڤیشسنکایا. سەرێکی لە پۆستەخانەکەداو پاشان چوو بۆلای یارۆی سەڕاج و هەردوو نیرەکەی لێوەرگرتەوە. ئەوسا چوو بۆ دیدەنی کۆنە دۆستێکی خۆی کە ماڵی لە نزیکی کڵێسا تازەکە بوو. ئەم دۆستەی کە پیاوێکی دلآواو میوانپەروەر بوو، زۆری لێکرد کە بۆ شێو وەمێنێ. بەدەم تەڕی کردنی پێکێکەوە لێی پرسی:

–چوو بوویتە پۆستەخانەکە؟

پانتلی پروکوفیچ، کە بە تامەزرۆیی دەیڕوانیە بوتڵە ڤۆدگاکە، وەکو تاژییەك، بۆنی نێچیری کردبێت، بە دەنگێکی درێژەوە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ.

– هەواڵە تازەکەت بیست؟

– هەواڵی تازە؟ نەخێر. چیە؟

– کالیدین. ئالیکسی ماکسیموفیچ کالیدین، ئەمری خوای کردووە.

پانتلی پروکوفیچ، ڕەش هەڵگەڕا. بوتڵە ڤۆدگاکەو بۆنی ڤۆدگاکەی، کە ئەوەندە حەزی چوو بوویە، فەرامۆش کرد، پشتی بە پشتی کورسیەکەیەوە دا:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

خانە خوێیەکەی، بەدەم چاوتروکاندنەوە، بەخەمباری لەسەری ڕۆیی:

– بە بروسکە خەبەریان داوە کە چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لە نوڤوچرکاسك خۆی کوشتووە. لە سەرانسەری هەرێمەکەدا تاقە جەنەڕاڵی بەتواناو پیاوانە بوو. بە ڕاستی فەرماندە بوو، جا چەند عەگیدو ڕەشیدا بوو! چ قورەت بوو کەسێك سووکایەتی بە قوزاقان بکات.

پانتلی پروکیوفیچ حەپەسا بوو، بە بێتاقەتییەوە پێکەکەی دایە دواوەو گوتی:

– باشە! ئیدی چ ڕوو دەدات؟

– خوا دەزانێ. ڕۆژگارێکی خراپ دێتە ئاراوە. بەخۆت دەزانی پیاو لە خۆشیا خۆی ناکوژێت!

– دەبێ چ شتێ، بۆ ئەم کارەی هاندابی؟

خانە خوێیەکەی، کە پیاویکی کەتە بوو، بە تووڕەیی دەستێکی هەڵتەکاند:

– سەربازانی شەڕەگە، پشتیان تێکردووە، شەڕگەکەیان چۆڵ کردووە و ڕێگەی بەلشەویکەکانیان داوە بە کەماڵی ئیسراحەت بێن بۆ ناوچەکە. ئیدی ئەتامانیش تەحەمولی ئەو بارودۆخەی نەکردووەو خۆی کوشتووە. پیاوێکی دیکەی وەکو ئەو لە کوێ پەیدا بکەین؟ ئیدی کێ داکۆکیمان لێدەکات؟ لە کامنسکایا کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕیان لە گەڵ سەربازانی شەڕگەدا دروستکردووە. لێرەش ئاگات لێیە؟ فەرمانێك لە کامنسکایاوە هاتووە داوا دەکات واز لە ئەتامانەکان بێنین و کۆمیتەی شۆڕش هەڵبژێرین. هەر بۆیە فەلاح و مەلاح سەریان بەرزکردووەتەوە. ئیدی دارتاش و ئاسنگەرو هەر گەجەرو گوجەر و هەلپەرستێك وەکو مێش و مەگەزی ناو مێرگان لەم ناوە دەسوڕێنەوە.

پانتلی پروکوفیچ، ماوەیەکی زۆر سەرە بۆزەکەی داخست، کە سەری هەڵبڕی، نیگای پەست و تووڕە بوو:

– ئەمەی لە بوتڵەکەدایە چیە؟

– ئارەقێکە کە برازایەکەم لە قەفقازەوە بۆی هێناوم.

– دەی تێیکە برادەری ئازیز. با بە یادی ئەتامانی ڕەحمەتی بیخۆینەوە! ڕوحی شادو خودا لەگەڵ پیاو چاکاندا حەشری بکات!

ئارەقەکەیان خواردەوە. کیژی خانەخۆییەکەی، کە کیژێکی بالاّ بەرزی، دەموچاو نمووس (شمڵاوی) بوو، خواردنی بۆ هێنان. پانتلی پروکوفیچ ڕوانیە ماینەکەی کە بە بێتاقەتی لەبەر خزگەکەدا وەستا بوو. خانە خوێیەکە گوتی:

– خەمی ماینەکەت نەبێ، ئێستا دەڵێم ئاو و ئالیکی بدەنێ.

پانتلی پروکوفیچ، بە هۆی گفتوگۆ گەرمەکەیان و بەکاریگەری عەرەقەکە، هەر زوو هەموو دنیاو ماینەکەی لە بیر کرد. قسەی زۆر بێ سەرو بەری دەربارەی گریگۆری دەکرد، کەوتە گەنگەشە دەگەڵ خانەخۆییە مەستەکەی خۆیدا، بەڵام هەر زوو وای لێهات بەخۆیشی نەیدەزانی باسی چی دەکات. کاتێ وەخۆی هاتەوە و هەستا دنیا تاریك بوو بوو. خانە خوێیەکەی زۆری هەوڵ لە گەڵ دا کە شەوێ بمێنێتەوە. بەڵام فایدەی نەبوو. قەراری دا کە بڕوات، کوڕی خانەخوێیەکەی، ماینەکەی بۆ لە خزاگەکە بەست و یارۆی خانەخوێ بە خۆی کۆمەکی کرد تا سواری خزاگەکە بێت. خانەخوێیەکەی، پێی داگرت کە تا دەرێی گوند لەگەڵی بڕوات و بەڕێی بکات. بە دوو قۆڵی سواری پیرەخزاگ بوون، دەستیان لە ملی یەکتر کردو وەڕێکەوتن. خزاگەکە هەوەڵجار لە لاشیپانەی دەرگاکە گیر بوو، ئیدی تا گەیینە پێدەشتەکە، لە هەر بارست و کۆسپیك دەگیرا. لە پێدەشتەکەدا دۆستەکەی پانتلی دەستی بەگریان کردو لە خزاگەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە. لە بەفرەکەدا گەوزا، ماوەیەك لەسەر چوار چنگۆڵە مایەوەو نەیدەتوانی هەستێتە سەر پێیان، یەك بە خۆی جنێوی دەدا. پانتلی پروکوفچ، قامچییەکی گەیاندە کەفەڵی پیرە ماین و بە یورغە بۆی دەرچوو، نەیدەبینی کە دۆستەکەی چۆن بە چوار چنگۆڵە بە نێو بەفرەکەدا دادەخزی و قا قا پێدەکەنی و بە دەنگی نووساوەوە تکای دەکرد:

– ختوکەم مەدە... تکایە بەسە، ختوکەم مەدە!

ماینەکە، لە ژێر زەبری قامچیەکەدا، کوێرانە غاری دەدا. خاوەنەکەی هەر زوو سەری نایە قەراخ خزاگەکەو بەدەم مەستی عەرەقەکەوە خەو بردیەوە. بە ڕێکەوت هەوساری ماینەکە کەوتبووە ژێر پانتلی، ماینەکە کە هەستی دەکرد چ کەسێکی بەدیارەوە نییە، خاوی کردەوەو بەکاوەخۆ دەڕۆیی. لە یەکەمین پێچ و دووڕیاندا لە ڕێگاکە لایداو بەرەو ماڵی کرومچنوك کەوتەڕێ. دوای چەند دەقیقەیەك ئەم ڕێگایەشی گوم کرد، ڕووی لە پێدەشتە پان و بەرینەکە کرد. بە ناو بەفرێکی ئەستووری قەراخ جەنگەڵێك کەوت، بە لەرزە لەرز بە شیوەلۆکێکدا داگەڕا. خزاگەکە لە دەوەنێك گیراو ماینەکە وەستا. تەکانی خزاگەکە، بۆ ساتێك پانتلی خەبەر کردەوە، سەرێکی بەرز کردەوەو بە دەنگێکی گڕ هاواری کرد: (دێ! هەی ناڕەسەن!...) زۆری پێنەچوو، دووبارە خەو بردیەوە.

ماینەکە کەوتەوە ڕێ، بێهیچ کێشەیەك لە جەنگەڵەکە تێپەڕی و بەرەو ڕووباری دۆن نشێو بووەوەو ڕووی کردە گوندی سیمونوڤسکی: چونکە بۆنی دووکەڵی تەپاڵە کە بایەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگەڵ خۆیدا دەیهێنا، بەرەو ئەوێندەری ڕادەکێشا.

لە نیو فرسەخی گوندەکەدا، لە بەستێنی چەپی دۆندا، ئاودرێك هەیە، لەکاتی نیشتنەوەی زریان و لافاودا، پڕ دەبێت لە ئاو. لەمبەستێنە لمەڵانیەدا، کۆمەڵێك سەرچاوەو کانی هەڵدەقوڵێن،

ئاوی ئێره، له چلەی زستانیشدا نایبەستێ. له شێوەی نیوه بازنەیەکی سەوزباوا، له ناوجەرگەی بەفرو بەستەڵەکاندا دەدرەوشێتەوه و جادەکەش لەوێوه، له ناکاوا پێچ دەکاتەوه. کاتێ له بەهارا بەفرو بەستەڵەك دەتوێتەوه و لافاو هەڵدەستێ و بەرەو ڕوباری دۆن دادەکشێ له پێشا، لەوێ، لەم ئاودڕەدا کۆدەبێتەوه و گێژ دەخوات و هێندەی دی ئاودڕەکه قووڵ دەکات. له هاوینا، ئەم ئاودڕه پڕ دەبێت له ماسی شەبووت، له قووڵی چەند مەترێکدا له دەوروبەری کۆمەڵێك دار و درەختی وشکدا دەحەوێنەوه.

ماینەکەی میلیخوف، به هەنگاوی کوێرانه بەرەو ئەم ئاودڕەی بەستێنی چەپی ڕووبارەکه، ڕێی دەکرد. هەر پەنجا مەترێکی بۆ ئەوێ مابوو که پانتلی پروکیوفیچ، بەلادا کەوت و به ئاستەم چاوی کردەوه. ئەستێره سەوزه ئامال زەردەکان، که له گێلاسی نەگەییو دەچوون، له ئاسمانی تاریکەوه سەرەتاتکێیان دەگەڵ دەکرد. به دەم خەو و بێدارییەوه، له بەرخۆیەوه گوتی: "خۆ ئەوه شەوه.." به توندی هەوساری ماینەکەی ڕاکێشاو هاواری کرد:

– هێی پیره بارگیر! ڕاوەسته بۆم، ئێستا نیشانتی دەدەم!

ماینەکه دیسان کەوته یورغه. بۆنی ئاو که لەو نزیکانەوه دەهات، گەییه کەپووی. گوێچکەکانی قوت کردنەوەو به دوو دڵی، به چاوه کوێرەکەیەوه ئاوڕی له خاوەنەکەی دایەوه. له پڕ، شڵپ و هوڕی شەپۆلان که خۆی به کەنارو بەستێنەکەدا دەدا، گەییه گوێی. پڕمەیەکی ترس ئامێزی بۆ کرد، کەناری گرت و بەترس و دوودڵییەوه ڕێی دەکرد. بەستەڵەکی کەناری ئاودڕکەکه که تەنك بوو بووەوه، له ژێر سمەکانیا به قرچ و هۆڕ شکا، وەکو پارچه نانێك که بەفر سەری گرتبێ، بەو ئاوایه شکا. ماینەکه حیلەیەکی پڕ ترسی بۆ کرد، به هەموو هێزو توانایەکیەوه، خۆی بەسەر پاشووەکانیا دا. بەڵام سەهۆڵەکه درزی برد بوو و زیاتر له ژێر سمەکانیا دەشکا، دەستانی ئەسپەکه ڕۆ دەچوون و حاڵی حازر چووبوونه ئاوەکەوه. دەنگی خشه خشێك بەرزبووەوه، ئاوەکه شەپۆلێکی دا، سەهۆڵەکه له ژێر پاشووی ماینەکەدا شکا، ماینی بەستەزمان، خزیه ناو گۆلاوەکه، کەوته لەقه فرتێی مەرگ، جووتەیەکی بەمژانی خزاگەکەدا کێشا، لەوکاتەدا پانتلی پروکوفیچ هەستی کرد مەترسیەك له ئارادایه، خێرا به بازێك خۆی هەڵدایه دەرێی خزاگەکه. سەیری کرد پاشی خزاگەکه بەرز بووەتەوەو تیغەکانی ژێری لەبەر ڕۆشنایی ئەستێرەکاندا دەدرەوشێنەوەو بەرەبەره به ماینەکەوه بەرەو قوڵایی گۆلاوەکه دادەخزێ، شەپۆلێکی توندی پڕ له پارچه سەهۆڵ، به هاژه هاژ بەرەو کەنارەکه هات، چیوای نەما بگاته پێی پانتلی، که به هەشتاو، به قوونه خشکێ خۆی دوورخستەوەو هەستایه سەرپێیان و هاواری کرد:

– خەڵکینه هاوار، فریامان بکەون! خەریکه دەخنکێین!.. مەستیەکەی، وەکو ئەوەی به کوتەك کێشابێتیان به سەریا، بەو ئاوایه، ڕەویەوەو بەردی دا. بەغار بەرەو گۆلاوەکه ڕۆیی. سەهۆڵه تازه شکاوەکه، بەجۆرێ دەدرەوشایەوه، چاوی دەخسته ڕێشکەو پێشکه. بایەکه، تەنکه سەهۆڵی سەر گۆلاوه لێڵه نیمچه بازنەییەکەی ڕادەماڵی، پێڵ و شەپۆلان، به هاژه هاژ دەچوون به ئاسماناو سەوز دەچوونەوه. کپی و بێدەنگیەکی سامناك باڵی به سەرا کێشا، بێدەنگی و کپی گۆڕستانی وەبیردێنایەوه. چرای گونده دووره دەستەکان، کز کز دەسووتان و له تاریکیەکەدا

زەرد دەچوونەوە. ئەستێران بە بەرۆکی ئاسمانی مەخمەلیەوە، وەکو دەنکە گەنمی درشت کە لە گەرمەی شەنەبادا، تازە لە دەمی شەنە بەربێتەوە، بەو ئاوایە، جریسکە چریسک دەرەقسین. بایەك بە لووره لوور هەڵیکرد، بەفری ئەو دەشت و دەرەی لە گەڵ خۆدا هەڵدەگرت و لە شێوەی گێژەلوکەیەکی سپی سپیدا دەیهێناو دەیکرد بە ناو گۆلاوە تاریك و لێڵەکەداو بۆ ماوەیەك هەڵمێکی سپیواژ لە گۆلاوەکەوە هەستاو، پاشان تاریکیەکی ترسناك باڵی بە سەرا کێشایەوە.

پانتلی پروکوفیچ، هەستی کرد، هاوارو گازی بێفایدەیەو گەوجێتیە. تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، یەکسەر زانی مەستی چ کەتنێکی پێداوە. زۆر لە خۆی پەست و تووڕە بوو. لە حەژمەتانا دەلەرزی. وەختایەك لە خزاگەکەوە خۆی هەڵدابوو، قامچیەکەی هەر بەدەستیەوە مابوو. بەدەم جنێودانەوە، بە قامچی بەربووە پشتی خۆی، بەڵام هەستی بە هیچ ئازارێك نەدەکرد: پۆستینەکەی لەوە ئەستوورتر بوو، کە جەزرەبەی قامچیەکە کاری تێبکات، ماقوولیش نەبوو پۆستینەکەی داکەنێ و ئەوجا خۆی بەرقامچی بدات. پڕ بەچنگ ڕدێنی خۆی ڕنییەوە، لە دڵی خۆیدا کەوتە حیسابی ئەو زەرەدو زیانەی لێی کەوتبوو: پارەی ئەو شتانەی کڕی بوونی، نرخی ماینەکە، پارەی خزاگەکەو نیرەکان، شێت ئاسا کەوتە جنێودان، جارێکی دی لە گۆلاوەکە نزیك کەوتەوە. بە دەنگێکی لە رزۆکی شیوەن ئاساوە کەوتە جنێودانی ماینە خنکاوەکەی:

– هەی کوێری لە خوا عاسیێ! قەحبەی لە قەحبە بوو! خۆت بە خنکان داو، چیوای نەمابوو سەری منیش بخۆی، بە خنکانم بدەیت و بمرێنی بە ڕیشی گەورەما! دەبینی شەیتان بەرەو چ هەڵدێرێکی بردی! ئیدی شەیتانان زینت دەکەن و سوارت دەبن، لە عەرەبانانت دەبەستن و دەت هاژۆن، بەڵام ئەو داماوانە هیچیان نیە کە تۆی پێلێخوڕن!.. وەرن، یەکجارەکی ئەم قامچیەش بەرن!

وەکو شێتان، دەستی بەرز کردەوە، چەند جارێك بە نائومێدییەوە، قامچییە دەسك قاوەییەکەی بە سەر سەری خۆیدا باداو، تووڕی دایە ناوەڕاستی گۆلاوەکە. قامچیەکە شڵپ کەوتە سەر ئاوەکە، چەند شەپۆلێکی بازنەیی لە سەر ئاوەکە دروست کردو ئەوسا لە ئاوەکەدا نقوم بوو و دیار نەما.

"١٥"

پاش ئەوەی کالیدین، هێزی شۆرشگێڕی قوزاقانی شکاند، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی دۆن، کە ناچار بوو بۆ میلروڤۆ پاشەکشە بکات، ئەم بەیاننامەیەی بۆ فەرماندەی بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە کالیدین و ئەنجوومەنی ئەنتی شۆڕشی ئۆکرانیا (ڕادا) نارد:

لە لوگانسکەوە بۆ خارکوف

ژمارە ٤٤٩

بەروار ١٩/ك٢/١٩١٨

سەعات هەژدەو بیست دەقیقە.

کۆمیتـەی سـوپایی شۆڕشـگێڕی قوزاقـانی دۆن تکاکـارە کـە ئـەم بەیاننامەیـەی خـوارەوە بـۆ ئەنجوومەنی کومیساریەتی میللی پترۆگراد ڤڕێبکەن:

"بـەگوێرەی بڕیـاری کـۆنگرەی جـەنگاوەرانی دێـرین کـە لـە کامنسـکایا هاتووەتـە گرێـدان، کۆمیتەی سوپایی شۆڕش بڕیاری داوە کە:

١- ئـیعتراف بـە دەوڵـەتی مەرکـەزی کۆمـاری سـوڤیاتی ڕووسـیا و کۆمیتـەی مەرکـەزی تـەنفیزی کـۆنگرەی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی قوزاقـان و جووتیـاران و سـەربازان و کرێکـاران و هـەروەها ئەنجوومەنی کومیساریەتی میللی هەڵبژێردراوی ئەو بکات.

٢- حکومەتی ناوچەیی دۆن لە ڕێگەی کۆنگرەی ئەنجوومەنانی نوێنەرانی قوزاقان و جووتیاران و کرێکارانەوە بێتە دامەزراندن.

تێبینی: مەسـەلەی زەوی و زار لـە دەڤـەری دۆنـدا، لـە لایـەن ئـەم کـۆنگرەو ئەنجوومەنـەوە دێتـە چارەسەر کردن." هەرکە ئەم ڕاگەیەنراوەیان وەرگرت، چەند مـەفرەزەو یەکەیەکی گاردی سوور، بۆ کۆمەك و یارمـەتی هێزەکانی کۆمیتـەی سوپایی شـۆڕش نێردران، لە ئاکامی ئەمـەوە، قوەتی یەکەمی چرنتسوف، تێکشکا و ئیدی ڕەوشـی هێزەکـانی کۆمیتـەی شـۆڕش بـاش بـوو و مەترسـی لەسـەر نـەما. ئیدی جڵـەوی دەسـت پێشـکەری کەوتـە دەسـتی کۆمیتـەی سـوپایی شـۆڕش. دوای گـرتنی زڤیریڤوولیخایـا، قوەتـەکانی گـاردی سـوور بـە فەرمانـدەیی سـابلین و پـتروف، کـە لەلایـەن مەفەرەزە و یەکە قوزاقەکانی کۆمیتـەی سوپایی شۆڕشەوە پشتیوانی دەکران، مـەودای هێرشـی خۆیان فراوان کردو دژمنیان بەرەو نوڤوچرکاسك ڕاونا.

لە قۆڵی ڕاستی تاگانرۆکەوە، سیڤرس کە لە نزیکی نکلینوفکا، لە لایەن مەفرەزانی خۆبەخش و داو خـوازەوە بـە سـەرکردایەتی سـەرهەنگ کوتیپوفـەوە، شکسـتی هێنـاو تۆپێك و بیسـت و چـوار ڕەشاش و ئوتومبیلێکی زرێپۆشیان لـە دەست دابـوو، لـە ئامڤروشـکادا سـەنگەری گرتبـوو. بـەڵام هـەر لـە هـەمان ڕۆژی شکسـت و پاشەکشـەی سیڤرسـدا، کرێکـارانی کارخانـەی باڵـت (بـەڵتیق) لـە تاگـانروگ ڕاپـەڕی بوون و خوێندکارانی ئەفسـەرییان لە شـارەکە وەدەرنـابوو. سیڤرس جورئـەتی پەیدا کردبووەوە، هێزەکانی خڕکردبووەوەو دەستی بـە هێرش کـرد بـوو وداوخـوازانی چەکداری تـاکو تاگـانروك ڕاونـابوو. تـای تـەرازووی جـەنگ بـە ئاشـکرا بـە قـازانجی سـەربازانی سـۆڤیاتیدا قورس بوو بوو. لـە سێ قۆڵـەوە سـوپای سپی و قوەتـەکانی کالیـدینیان ( کە لـە پاشـماوەی کۆنـە یەکەکانی جاران پێکهاتبوون) گەمارۆ دابوو.

ڕۆژی ٢٨/ك٢ کورنیلوف بروسکەیەکی بۆ کالیدین ناردو پێی ڕاگەیاند کە سوپای داواخوازو خۆبەخش، روستوف بەرەو کوبان بەجێ دێڵێت.

ڕۆژی ٢٩/ك٢ سـەعات نـۆی بـەیانی، ئەندامانی حکومـەتی ناوچەیی دۆن، لـە کۆشـکی ئەتامانـدا کۆبوونەوەیـەکی ڕیزپـەڕو ئاوارتـەیان گـرێ دا. کالیـدین لـە هـەمووان دێرتـر گەییـە بارەگـای کۆبوونەوەکە. بـە قورسی لـە سـەر کورسییەك دانیشـت و کۆمـەڵێك کاغـەزو بەڵگەنامـەی دەرهێنـا. گۆناکانی بە هۆی بێخەویەوە زەرد بوو بوون. چوار دەوری چاوە خەمین و خەمبارەکانی شین بوو بووەوە. ماندوویەتی وژاکان و لاوازی بە ڕوویەوە دیار بوو. بە کاوەخۆ بروسکەکەی کورتیلوف

و ڕاپۆرتی فەرماندەیێن ئەو یەکانەی خوێندەوە کە لە باکووری نوڤۆچرکاسکدا، کەوتبوونە بەر هێرش و گوشاری قوەتەکانی گاردی سوور. لە کاتێکا بەدەستە پان و سپییەکانی خۆی بروسکەکانی ڕێکدەخست، بێئەوەی پێڵوە ئاوساوەکانی، کە شین هەڵگەڕابوون، هەڵبڕێت، لە بن لێوانەوە گوتی:

– سوپاسی داوخواز (متطوع) دەڕوات. بۆ بەرگریکردن لە ناوچەی نوڤۆچرکاسك، تەنیا سەدو چل وحەوت نەفەرمان بەدەستەوە ماوە.

پیلوی چەپی تروکاند، گۆشەی لێوە هەڵقورتاوەکانی کەوتنە جوڵە، دەنگی بەرزکردەوەو لە سەری ڕۆیی:

– وەزعمان باش نیە. خەڵکەکە نەك هاوکاریمان ناکەن، بەڵکو دژایەتیشمان دەکەن، هیچ هێزێکمان بەدەستەوە نیەو بەرگری و بەرخودان بێفایدەیە. من خوازیاری قوربانی و خوێنڕێژی بێهودە نیم. بۆیە پێشنیازدەکەم، دەستبەرداری دەسەڵات ببین و ئەم دەسەڵاتەی بە ئێمە دراوە، بە خەڵکانی دیکەی بسپێرین. من بەش بەحاڵی خۆم دەستبەرداری ئەتامانی ناوچەکە دەبم.

میتروڤان بوگایفسکی کە لە پەنجەرە گەورەکەوە دەیڕوانیە دەرەوە، عەینەکەکەی لە سەر چاوی ڕێکخست و بێئەوەی ئاوڕبداتەوە گوتی:

– منیس واز لە پۆستەکەی خۆم دێنم.

– حکومەت بەگشتی واز دێنێ، ئەمە چەندو چوونی ناوێ، بەڵام مەسەلەکە ئەمەیە کە: دەسەڵات بە کێ بسپێرین؟

کالیدین، بە وشکی بەرسڤی دایەوە:

– بە دۆمای (ئەنجوومەن) شار.

کاریڤ، کە ئەندامی حکومەت بوو، بە دوودڵیەوە گوتی:

– دەبێ ئەمە بە فەرمی ڕابگەیەنین.

بێدەنگیەکی قورس بۆ چەند دەمێك باڵی بە سەردا کێشان. ڕوناکی ئەو بەیانیە خەمبارەی کانوونی دووەم لەو دیو جامی تەمگرتووی پەنجەرەکانەوە، لە نەخۆش دەچوو. شار کە تەم و مژ و سیخوار دایگرتبوو، مات و خەمین وەنەوزی دەدا. لێدانی ئاسایی، نەبزی ژیان نەدەگەییە گوێ. ڕمب و هۆڕی تۆپ مەترەلۆزان ( دەنگدانەوەی شەڕەکانی بەرانبەر وێستگەکانی مولین بەردەوام بوو) هەموو جم و جوڵێکی شاری ئیفلیچ کرد بوو، وەکو هەڕەشەیەکی پەنهان و ڕانەگەیەنراو باڵی بەسەر شارا کێشابوو.

ئەو قەلە قاژوانەی بە بەر پەنجەرەکاندا تێدەپەڕین. بە دەنگێکی ناسازو وشك دەیانقڕاند. ئەوانە بەسەر بورجی سپی زەنگەکەدا دەسوڕانەوەو لە تۆ وایە کەلاکێکیان بەدی کردوە. بەفرێکی تازە بە پرتەوێکی وەنەوشەییەوە، مەیدانی کلێساکەی داپۆشی بوو. جار جارێك کەسێك یان خزاگێك بە وێدا تێدەپەڕی و شوێنەوارێکی تاریکیان لە دووی خۆ بەجێدەهێشت.

بوگایفسکی، بێدەنگیە سامناکەکەی شکاندو پێشنیازی کرد کە بەڵگەنامەیەك بنووسن و بە گوێرەی ئەو بەڵگە نامەیە دەسەڵات، بە ئەنجوومەنی دۆمای شار بسپێرن:

– بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێ لە گەڵ ئەنجوومەنی دۆمادا کۆببینەوە.

– کەی ئەم کۆبوونەوەیە بکرێت باشە؟

– نزیکەی سەعات چواری دوا نیوەڕۆ.

ئەندامانی حکومەت، وەکو ئەوەی بە شڵەقانی گۆمی بێدەنگیەکە خۆشحاڵ بن، دەربارەی مەسەلەی ڕادەست کردنی دەسەڵات و سەعاتی کۆبوونەوەکە، کەوتنە گفتوگۆ. کالیدین بێدەنگ بوو، بە سەری نینۆکە درێژەکانی، بە ئەسپایی دەیکێشا بە مێزەکەدا. چاوەکانی لە ژێر برۆ بژەکانیەوە، بە خەمینی دەدرەوشانەوە. ماندوویەتی و بێزاری، دڵتەنگی، باڵیان بە سەر نیگایدا کێشا بوو.

یەکێك لە ئەندامانی حکومەت، کە وەڵامی یەکێك لە ئامادەبووانی دەدایەوە، کەوتبوە درێژدادڕییەکی ناخۆش و تاقەتبەر. کالیدین، بە بێتاقەتیەوە، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– بەڕێزینە، لە کورتی ببڕنەوە! کات درەنگە. ئێوە بە خۆتان دەزانن ئەم درێژدادڕی و زۆر بێژییە کۆڵەی ڕووسیای کوتاوە. من پشوویەکی نیو سەعاتیتان دەدەمێ. بۆ خۆتان گفتوگۆ و گەنگەشە بکەن، مەسەلەکان لە بەینی خۆتانا تاوتوێ بکەن و... بە هەرحاڵ دەبێ بە زووترین کات کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنین.

ئەوسا چوو بۆ شوقەکەی خۆی. ئەوانی دی، کۆمەڵ کۆمەڵ لە بەینی خۆیاناو بە ئارامی کەوتنە گفتوگۆ و گەنگەشە. یەکێکیان گوتی ڕەنگ و ڕووی کالیدین لە نەخۆش دەچێت، تەواو نیە. بۆگایفسکی لەپاڵ پەنجەرەکەدا وەستا بوو، گوێی لێبوو، یەکێك بە ئەسپایی گوتی:

– بۆ کەسێکی وەکو ئالیکسی ماکسیموفیچ، تاقە ڕێگای ڕزگاری تەنیا خۆکوژییە.

بوگایفسکی، تەزوویەکی پێدا هات، بە هەشتاو بەرەو شوقەکەی کالیدین ڕۆیی.. دوای ماوەیەکی کەم دەگەڵ ئەتامانـدا گەڕایەوە. بڕیار درا کە سەعات چواری پاشنیوەڕۆ، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دەگەڵ ئەنجوومەنی دۆمای شاردا بکرێت و قەراردادی فەرمی چۆنیەتی ڕادەستکردنی دەسەڵات، ئیمزا بکرێت. ئەوسا کالیدین هەستا. ئەوانی دیکەش لە دوای ئەوەوە هەستان. کاتێ کالیدین، خواحافیزی لە یەکێك لە بە تەمەنترین ئەندامی حکومەتەکەی خۆی کرد، گوێی لێبوو کە یانوۆ، شتێکی بەگوێی کاروفدا دەدا. پرسی:

– مەسەلە چیە؟

یانوۆ بە سووکە تەریقیەکەوە هاتە پێشێ و گوتی:

– ئەندامانی، غەیرە قۆزاقی حکومەت داوای پارەی مەسرەفی ڕێگاوبان دەکەن.

کالیدین، برۆی وێکهێنانەوەو بەزبری بەرسڤی دایەوە:

– پارەم نیە... بێزارم! لە هەموو شتێك بێزارم!

بوگایفسکی کە گوێی لەو قسانە بوو، یانوۆی بانگکردە لاوەو گوتی:

– با بڕۆین بۆ ژوورەکەی من. بە سڤیتوزاروف بڵێ لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕوان بکات.

دوای کالیدین، ئەوانیش هۆڵەکەیان بەجێهێشت. کالیدین بە شان و شەپیلکی داچەکیوەوەو بە هەشتاو دوور دەکەوتەوە. بوگایفسکی لە ژوورەکەی خۆیدا، سەفتەیەك ئەسکەناسی دایە یانوف:

– ئەمە چواردە هەزار ڕۆبڵە، بیدە بەو خەڵکە.

سڤیتوزاروف کە لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕوانی یانوف بوو، پارەکەی وەرگرت، سوپاسی کردو خواحافیزی کردو بەرەو دەرگا ڕۆیی. کاتێ کە یانوف، پاڵتۆکەی لە دەرگاوانەکە وەردەگرت، لە بەر قاڵدرمەکانەوە ژاوە ژاوێکی بەرگوێ کەوت، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە. مولداڤسکی، ئەفسەرە حیمایەکەی کالیدینی بینی کە بەلەز لە قاڵدرمەکانەوە دەهاتە خوارێ، هەر چوار پلەی بە هەنگاوێك دەبڕی و هاواری دەکرد:

– خێرا، دکتۆرێك بێنن!

یانوف، پاڵتۆکەی خۆی فڕێ داو بە هەشتاو بەرەو ڕووی ئەو چوو. هەموو ئەفسەرانی ئێشك گرو موراسیلەکان کە هەمیشە بە ژمارەی زۆر لە ڕاڕەوەکەدا بوون، لە دەوری مولدافسکی خڕبوونەوە. یانوف، بە ڕەنگی هەڵبزڕکاوەوە هاواری کرد:

– چی بووە؟

موڵدافسکی گوتی:

– ئالیکسی ماکسیموفیچ خۆی کوشت!

یەکسەر بەدەم هۆڕژنی گریانەوە بە سینگا کەوت بە سەر موحەجەرەی قاڵدرمەکەدا.

بوگایفسکی بەلەز خۆی گەیاندێ، وەکو یەکێك لەرزی لێهاتبێ، بەو ئاوایە لێوەکانی دەلەرزین. بە زمانێکی لاڵە پەتەوە پرسی:

– چی بووە؟ چی بووە؟

هەر هەمووان بە ڕاکە ڕاك بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتن و هەرکەسەو هەوڵیدەدا زووتر بگات. دەنگی پێ ئەو ناوەی پڕکردبوو. بوگایفسکی بەزاری بەشەوە هانکە هانکی پێکەوتبوو. یەکەم کەس گەییە بەر دەرگای شوقەکەو دەرگاکەی کردەوەو وەژوورکەوت. لە ژووری چاوەڕوانیەوە چوو بۆ ژووری کار، سەیری کرد دەرگاکەی نێوان ئۆفیسەکەو ژوورە چکۆلەکەی تەنیشتی لەسەر گازی پشتە. دووکەڵێکی شینباوی ئاوێتە بە بۆنی باررووتی سووتاو، لە ژوورەکەوە هەڵدەستا.

دەنگی تێکشکاوی ژنەکەی کالیدین، غەریب و سامناك دەیگوت:

– هەی وەشێرە! ئالیوشا شێرە! ئازیزەکەم ڕۆیی!..

بوگایفسکی، بەپەلە، وەکو یەکێك هەناسەی سواربووبێ، بە دەم کردنەوەی یەخەکەی خۆیەوە، خۆی بەژوورا کرد. کاربوف، بەسەر پەنجەرەکەدا دانەوی بووەوەو دەستی بە دەسکی زێڕینی پەنجەرەکەوە گرتبوو. دەفەی شانەکانی لە ژێر چاکەتەکەیەوە هەڵدەلەرزین و ناو بە ناو بەدەم تەزوویەکی توندەوە دەهاتنەوە یەك. بوگایفسکی دەستی بە گریانێکی کپ کرد، کە زیاتر لە لووراندنی حەیوان دەچوو، وەکو ئەوە بوو زەوی لە ژێر پێیا بسووڕێت.

کالیدین، لەسەر قەرەوێڵەیەکی عەسکەری سەفەری لەسەر گازی پشت ڕاکشابوو و هەردوو دەستی لە سەر سینگی خاچ ئاسا تێك پەڕاند بوو. سەری کەمێك بەلای دیوارەکەدا چوو بوو. ئەو ڕووپشتیە سپییەی کە سەری نابووە سەری، هەنیەی ئارەقاوی و شین هەڵگەڕاوی، هێندەی دیکە بەرجەستە دەکرد.

چاوەکانی، وەکو یەکێك خەوتبێ، بە ئاستەم داخرا بوون، گۆشەی دەمی بەجۆرێ گرژ بوو بوونەوە وەکو ئەوەی هەست بە ئازار بکات. ژنەکەی بەدیاریەوە چۆکی دادابوو و بە دەنگێکی یەکنەوای، کێوی، تیژی نەفەسبڕ هاواری دەکردو دەگریا. دەمانچەیەکی کۆڵت لەسەر جێگاکەی بوو. چۆڕاوگە خوێنێکی ڕەش، بەپاڵ دەمانچەکەوە، خۆش خۆش لە ژێر کراسەکەیەوە دەڕۆیی.

چاکەتەکەی بە جوانی دابوو بە پشتی کورسیەکەدا، سەعاتەکەی لەسەر تەپڵەکەکە دانا بوو.

بوگایفسکی، بەلارە لار کەوتە سەر چۆکان و گوێی نا بە سینگە نەرم و گەرمەکەی کالیدینەوە. بۆنی ئارەقەی پیاو، تیژ وەکو بۆنی سرکە چوو بە دەم و لووتیا. دڵی کالیدین، خامۆش، لێی نەدەدا. بوگایفسکی کە لەو دەمەدا ئازای بەدەنی بوو بوو بە گوێ، بێهودە گوێی بۆ تاقە دەنگێك هەڵخستبوو، بەڵام جگە لە چرکە چرکی سەعاتە دەستیەکەی سەر تەپڵەکەکە، و شیوەن و گریەو زاری ژنەکەی ئەتامانی مردوو، قرە قڕی شوومی قەلە قاژەکانی پشت پەنجەرەکە، گوێی لە هیچی دی نەبوو.

"١٦"

بونچوك. کە وەخۆهاتەوەو چاوی کردنەوە، یەکەم شت چاوە ڕەش و گەشەکانی ئانای بینی کە لە ڕوندك و شادیدا دەبریسکانەوە. سێ هەفتەی تەواو لە حاڵی بێهۆشی و وڕێنەدا بوو. سێ هەفتە بوو، لە دنیایەکی دیکەدا بوو، دنیایەکی غەریب و نادیار. بەڵام لە دەمەوخۆراوای ڕۆژی بیست و چواری مانگی دیسامبەردا وەهۆش هاتەوە. بە دوو چاوی جدی و تەماوی دەیڕوانیە ئانا و هەوڵیدەدا هەرچیەك کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، وەبیر خۆی بێنێتەوە. بەڵام ئەم هەوڵەی بێهودە بوو، شتی زۆر کەمی وەبیردەکەوتەوە، یادگەی جام بووبوو، زۆر ڕووداوی ئەم نزیکانە لە قوڵایی یادگەیدا، قەتیس مابوو و نەدەهاتە دەرێ.

– تۆزێ ئاوی خواردنەوەم بدەیە...

بونچوبك، بەجۆرێ گوێی لە دەنگی خۆی دەبوو، وەکو ئەوەی لە شوێنێکی دوورەوە بێت. دڵی بەمە خۆشبوو. بزەیەکی بۆ کرد. ئانا بە هەشتاو هاتە پێشەوە. بزەیەکی بەدرێژاو ژێراوژێر ڕووی گەشاندەوە. گوتی:

– وازبێنە بابیکەم بەدەمتەوە.

ئەوسا، دەستە سستەکەی بۆنچۆکی، کە بۆ پەرداخە ئاوەکەی درێژ کردبوو، لادایە لاوە.

بۆنچوك، بە لەرزە لەرز سەری هەڵبڕی، ئاوەکەی خواردەوە، ئەوسا بە بێتاقەتی سەرکەوتە سەر سەرینەکە... ماوەیەکی زۆر بە پاڵکەوتنەوە، گۆشەی چاوی بڕییە دیوارەکە، دەیویست شتێك بڵێت. بەڵام لەبەر بێتوانایی هیچی پێنەگوترا: خەوی پێدا کەوت.

کاتێ کە وەکو جاری یەکەم خەبەری بووەوە و چاوی هەڵێنا، چاوی لە چاوانی نیگەرانی ئانا هەڵەنگوت، ئەوسا ڕوانیە ڕوناکی زەردوباوی چرایەکە و ئەو بازنە ڕوناکیە سپیەی کە بە بن میچە تەختەییەکەوە، عەکس بووبووەوە.

– ئانیا، کا وەرە ئێرە!

ئانا هات و دەستی گرت. دەستی بۆنچۆك لاواز و بێتاقەت بوو: ئانا گوتی:

– حاڵت چۆنە؟

بونچوك، کە زۆر بە هێواشی قسەی دەکرد، گوتی:

– زمانم، دەڵێی هی خۆم نیە، سەرم هی خۆم نییە، هەروەها لاقم، لە یەکێك دەچم تەمەنی دووسەد ساڵ بێت.

بۆ دەمێك بێدەنگ بوو و ئەوسا پرسی:

– چیە تووشی تیفۆ (گرانەتا) بووم؟

– بەڵێ.

چاوەکانی بە سەرانسەری ژوورەکەدا گێڕا و دوای ماوەیەك بێدەنگی پرسی:

– ئێمە لە کوێین؟

ئانا، پەی بە پرسیارەکەی برد و بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– لە تساریتسینین.

– باشە تۆ... تۆ چیدەکەی لێرە... چۆن هاتووی بۆ ئێرە؟

– منیان بە دیار تۆوە داناوە.

ئانا، وەکو ئەوەی پاکانە بۆ مانەوەی خۆی بکات یان خۆی لەو بیرۆکانە بدزێتەوە کە لە مێشکی ئەوا پەنگیان دەخواردەوە، لە سەری ڕۆیی:

– نەماندەتوانی بە دەستی بێگانانت بسپێرن. ئابرامسون و هاوڕێیانی کۆمیتەی سکرتاریەتی حیزب، داوایان لێکردم بەدیارتەوە ببم و پەرستاریت بکەم... ئیدی ئەوەتا، من، بە بێئەوەی خۆم ویستبێتم، بووم بە پەرستاری تۆ.

بۆنچوك، بە زمانی نیگا و بە جوڵەیەکی سستی دەست سوپاسی کرد.

– ئەدی کروتوگوروف چی بەسەرهات؟

– لە ڕێگای ڤورونیچەوە، بۆ لوگانسك ڕۆیی.

– گیفورکیانتس؟

– ڕاستی... بە نەخۆشی تیفۆ مرد.

هەردووکیان، وەکو ئەوەی ڕێز لە یادی ئەو بنەن، بێدەنگ بوون.

ئەوسا ئانا، بە نەرمی گوتی:

– لە تۆش دەترسام. نەخۆشیەکەت زۆر قورس بوو.

– ئەدی بوگوڤوی؟

– پەیوەندیم لەگەڵ هەموویاندا بڕاوە. هەندێکیان چوون بۆ کامنسکایا. باشە قسەکردن بۆ تۆ خراپ نیە؟ شیر دەخۆی؟

بۆنچوك، بە ئاماژەی سەر تێی گەیاند کە "نە". هەرچەندە زمانی قورس بوو و بە ئاسانی بۆی نەدەجوڵا، بەڵام سوور بوو لەسەر پرسیارەکانی:

– ئەدی ئابرامسۆن؟

– هەفتەیەك لەوەپێش چوو بۆ ڤورڤونچ.

بۆنچوك، بە زەحمەت خۆی خستە سەر لا، سەری کەوتە سوڕان، خوێن، بە ئازارەوە زاییە چاوانی. هەستی بە ناولەپی فێنکی ئانا، لەسەر هەنیەی خۆی کرد، چاوانی هەڵهێنان. پرسیارێك زۆری ئازار دەدا: کە هۆشی بە خۆی نەبوو کێ پاکی دەکردەوە؟ تۆ بڵێی ئانا ئەوەی لە گەڵ کردبێت؟ ماقووڵ نیە! گۆناکانی لە شەرما سوور هەڵگەڕان، پرسی:

– تۆ، هەر خۆت، بە تەنیا پەرستاری منت دەکرد؟

– بەڵێ، هەر بە تەنیا بووم.

بۆنچوك، بەلای دیوارەکەدا وەرگەڕا و بۆڵژنێکی لێوە هات:

– خوا بیانگرێ، بە ڕاستی شەرمە بۆ ئەوان! چۆن ئەم ئەرکەیان بە تۆ سپاردووە.

بە هۆی نەخۆشیەکەیەوە، گوێی کەمێك گران بووبوو، باش نەیدەبیست. ئەو پزیشکەی کە لەلایەن کۆمیتەی حیزبی تساریتسین–ەوە نێردرابوو، بە ئانای گوتبوو کە تا بە تەواوەتی لە نەخۆشیەکەی چاك نەبێتەوە، گوێی نایەتە چارەسەرکردن.

بۆنچوك بەرەبەرە، بەرەو باشی دەچوو. ئیشتیای کرابووەوە، ئیشتیای گورگی لا پەیدا بووبوو، بەڵام ئانا، پارێزێکی توندی پێدەکرد. پتر لە جارێك لە سەر ئەمە لێیان دەبوو بە شەڕ. بۆنچوك لێی دەپاڕایەوە.

– چۆڕێ شیری دیکەم بدەیە.

– ناتدەمێ. باش نیە.

– تکات لێدەکەم، هەر یەك چۆڕ. حەزدەکەی لە برسا بمکوژیت؟

– ئیلیا، بە خۆت دەزانی بۆم نیە لەوە زیاترت بدەمێ کە بۆت دانراوە.

بۆنچوك، بە دڵی شکاوەوە، بێدەنگ دەبوو و ڕووی دەکردە دیوارەکە و ئاهی هەڵدەکێشا و تا ماوەیەکی زۆر ورتەی لێوە نەدەهات. ئانا دڵی پێی دەسووتا و بەڵام دڵی نەرم نەدەبوو. بۆنچوك، دوای ماوەیەکی کەم ئاوڕی دەدایەوە و بە سەر و ڕوویەکی گرژی ئەوتۆوە کە پیاو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە، دەپاڕایەوە:

– ئانا گیان! دەتوانی کەمێك ترشیاتی کەلەرمم بدەیتێ؟ تکات لێدەکەم، دڵم خۆشبکە!... بۆ من خراپە؟... وانیە، دکتۆرەکان گاڵتەدەکەن.

بەڵام ئانا، بە قسەی نەدەکرد و بۆنچوك هەندێجار بە قسەی ڕەق و ناخۆش دڵی ئانای دەڕەنجاند.

– تۆ بۆت نیە بەم شێوەیە بمکەیت بە گەمەی دەستی خۆت. هەر ئێستا خاوەن خانووەکە بانگ دەکەم و داوای خواردنی لێدەکەم. تۆ ژنێکی دڵڕەقی... خەریکە بە تەواوەتی لێت بێزاردەبم.

ئانا، کە گەیی بووە تینی و نەیدەتوانی سۆزی خۆی زەوت بکات دەیگوت:

– ئاوا چاکەم دەدەیتەوە، لە جیاتی ئەو هەموو پەرستاری و شەونخوونیەی بە دیارتەوە کێشام؟!

– خۆ من نەمگوتووە بەدیارمەوە بی. هەق نیە ئەوەم بە چاوا بدەیتەوە. تۆ منەتم بە سەرا دەکەیت. دەی باشە، زۆر باشە، هیچم مەدەیە... بابمرم... چش!

لێوی ئانا دەکەوتنە تەتەڵە، بەڵام خۆی زەوت دەکرد، بێدەنگ دەبوو و چاوپۆشی لە هەمووشتێك دەکرد. بەڵام جارێك، دوای ئەوەی ئانا خواردنی زیادەی نەدابوویە، شەڕیان بووبوو. بۆنچوك رووی وەرگێڕابوو، ئانا بە دڵێکی خەمینەوە. هەستی کردبوو کە فرمێسك لە چاوانیا قەتیس مابوو. پێی گوت:

– باشە، تۆ منداڵیت؟

بە غار چووبوو بۆ موبەقەکە، یەك قاپی پڕ لە کێکی بۆ هێنابوو.

– بخۆ، ئیلیوشا بخۆ، بخۆ ئازیزەکەم. بخۆ و مەگری، مەتۆرێ. ها ئەمەش بخۆ، ئەمەیان خۆشە، باش برژاوە!

ئانا بە دەستی لەرزۆکەوە، کێکەکەی لە دەست نا، بۆنچوك کە زۆر پەرێشان بوو، ویستی ڕەفزی بکات. بەڵام خۆی پێنەگیرا، فرمێسکەکانی سڕی، دانیشت و کێکەکەی وەرگرت. زەردەخەنەیەك، نیشتە سەر دەموچاوە لاواز و ڕیشنەکەی، لە کاتێکا بە چاو داوای بوردنی لە ئانا دەکرد، گوتی:

– لە منداڵ خراپترم لێ بە سەر هاتووە... ئەدی نابینی خەریك بوو لە هۆڕژنی گریان بدەم.

ئانا، ڕوانیە ملە باریکەکەی، سینگە ڕەق و تەق و قوپاوەکەی، باسکە لاوازەکانی، بە دڵێکی پڕ لە بەزەیی و ڤیانی کچانەوە، بەوپەڕی سادەیی و مێریڤانی بۆ یەکەمجار نێوچەوانە زەرد و وشکەکەی ماچ کرد.

دوای پانزە ڕۆژی دیکە ئەوجا بۆنچوك توانی بە تەنیا و بێکۆمەکی کەسی دی، بە ژوورەکەدا بێ و بچێت. لاقە سستەکانی کە لە داری وشك دەچوون، لە ژێر باری لەشیا دەنوشتانەوە، وەکو ئەوەبوو تازە پێ بگرێت. گوتی:

– ئانا، تەمەشا خەریکە پێدەگرم!

هەوڵیدا، بە بێکۆمەك و بەپەلە ژوورەکە ببڕێت، بەڵام لاقەکانی، بەرگەی سەنگینی بەدەنیان نەدەگرت و خۆیان بەسەر ئەرزەکەوە نەدەگرت، بۆیە ناچاربوو خۆی بە هەر شتێکەوە بگرێت کە دەهاتە ڕێی. وەکو پیاوی پیر بزەی بۆ دەکرد، گۆنا زەردەکانی چرچ دەبوون. پێکەنینەکەیشی وەکو پێکەنینی پیرەمێردان لە رزۆك بوو. ئەوجا کە بێتاقەت دەبوو. لە پێکەنین دەکەوت و خۆی بەسەر تەختەکەیدا دەدا.

ماڵەکەیان نزیکی لە نگەرگایەکە بوو. دەیانتوانی لە پەنجەرەکەوە مەودای بەفرینی ڤۆڵگا، لێرەوارە نیمچە بازنەییەکەی پشت ڤۆڵگا و پەراوێزی کێڵگە دوورە دەستەکان بدینن. ئانا،

زۆرجار لەبەر پەنجەرەکەدا دەوەستا، لە فکران ڕادەچوو، بیری لەو گۆڕانە سەیر و لە ناکاوە دەکردەوە کە بەو جۆرە ژیانی گۆڕی بوو. نەخۆشیەکەی بونچوك، ئەو دوانەی بە شێوەیەکی سەیر لێکدی نزیك کردبوەوە.

لە سەرەتادا، کە دوای سەفەرێکی دوور و درێژی پڕ دەردی سەری، گەیی بوونە تساریستین، ئانا زۆر ناڕەحەت بوو، گریانی بۆ خۆی دەهات. بۆ یەکەمین جار بە ناچاری لایەنی شاراوەی ژیانی کەسێکی دەبینی کە خۆشی دەویست. کە جلەکانی ژێرەوەی بۆی دەگۆڕی یان ئەسپێکانی سەری دەدۆزی، موچوڕکەی پێدا دەهات، یان کە ئەم دیو ئەودیوی پێدەکرد و ژێراوژێر سەیری بەدەنی ڕووت و لاوازی دەکرد، تەزوو بە سەراپایدا دەهات. بەڵام پیسایی دەرەکی، نەیتوانی سۆز و خۆشەویستی ڕاستەقینە و قووڵی ئانا دەرهەق بە بۆنچوك بسڕێتەوە. ئانا لە ژێر باندۆر و کاریگەری ئەم هەستە قووڵەدا، فێربوو کە چۆن بەسەر ڕەنج و ئازارەکانی خۆیا، بەسەر ئاشووب و دڕدۆنگی دەروونیا زاڵ بێت و لەم کارەشیا سەرکەوتن بە دەست بێنێ. بەمجۆرە جگە لە هەستی دڵسۆزی هیچی تری بۆ نەمابووەوە، وەکو کانیەکی ڕوون و زوڵاڵ، ئەشق و ڤیان لە ناخی ناخیەوە هەڵدەقوڵا.

بۆنچوك، ڕۆژێك لە ئانای پرسی:

– پێموایە دوای ئەم هەموو شتەی کە بینیت، دەبێ ئێستا لە من وەڕز و بێزار بیت؟

– ئەزموون و تاقیکردنەوەیەك بوو.

– تاقیکردنەوەی چی؟ سەبر و هەدار؟

– نە، تاقیکردنەوەی هەست و سۆزی خۆم.

بۆنچوك، ڕووی وەرگێڕا و تا ماوەیەکی زۆر نەیتوانی بەسەر لەرزین و تەتەڵەی لێوەکانی خۆیدا زاڵ بێت. جارێکی دی نەگەڕانەوە سەر ئەم بابەتە. وشە لە ئاستیا نەیدەکردە هیچ.

لە نیوەی کانوونی دووەمدا، تساریتسینیان بەجێهێشت و بەرەو ڤورونیج وەڕێکەوتن.

"١٧"

ئانا و بونچوك، ڕۆژی ١٦/ك٢، دەمەو ئێواریێ گەیینە ڤورونیج. دوو ڕۆژیان لەوێندەر بەسەربرد و کە زانیان کۆمیتەی شۆڕشگێڕی دۆن، دوای ئەوەی ناچاربوون لە ژێر گوشاری هێزەکانی کالیدیندا، کامنسکایا چۆڵبکەن، بە خۆ و هێزەکانیانەوە بەرەو میلرۆڤ چوون، ئەمانەیش بەرەو میلرۆڤ دوایان کەوتن.

میلروڤ، زۆر قەرەباڵغ بوو، لە خەڵکیدا جمەی دەهات. بونچوك، تەنیا چەند سەعاتێك لەوێندەر مایەوە و پاشان بە یەکەمین قیتار بەرەو گلوبوکایا ڕۆیی. بۆ ڕۆژی دوایی فەرماندەیی دەستەی ڕەشاشچیانی گرتە ئەستۆ و بەیانی ڕۆژی دواتر لە شەڕی هێزەکانی چرنتسوفدا بەشداری کرد. دوای شکستی هێزەکانی چرنتسوف، ئانا و بونچوك ناچاربوون کە لەپڕا لێکدی دابڕێن. بەیانیەك ئانا، بە هەشتاو هات بۆ بارەگای سەرکردایەتی، سەروسیمای هەندێك خەمبار دیاربوو، گوتی:

– دەزانی، ئابرامسۆن لێرەیە؟ دەیەوێ هەرچۆنێ بووە بتبینێ. خەبەرێکی دیکەشم پێیە: من ئەمڕۆ دەڕۆم. بنچوک بە سەرسامی پرسی:

– بۆ کوێ؟

– من و ئابرامسۆن و چەند هاوڕێیەکی دی بۆ کاری پڕوپاگەندە، دەچین بۆ لوگانسک.

بۆنچوک بە ساردی پرسی:

– یانی، لە دەستەکەی ئێمەدا نامێنی؟

ئانا پێکەنی، دەموچاوی سووربووەوە و نای بە سینگ و بەرۆکی بونچوکەوە.

– ئیعتراف بکە، تۆ خەمی ئەوەت نیە کە لە دەستەکە نامێنم، بەڵکو خەمی ئەوەتە کە لە تۆ دوور دەکەومەوە! بەڵام ئەمە درێژە ناکێشێت. من دڵنیام کە بوونم لەم کارەدا بەسودتر دەبێ تا لەگەڵ تۆدا...

ئانا بە سەر و ڕوویەکی خۆشەوە لەسەری ڕۆیی:

– ... من پێموایە ئەوەندەی بۆ کاری پڕوپاگەندە دەست دەدەم، بۆ کاری ڕەشاشچیەتی دەست نادەم... با لە سەرپەرشتی و ڕابەڕایەتی فەرماندەیەکی بە ئەزموونی وەکو (بونچوک)شدا بێت.

دوای تۆزێك ئابرامسون هات. پەلەی بوو. وەکو هەمیشە چالاك و چەلەنگ بوو. هەمان پەڵەی سپی لە ناو قژە ڕەشە قەترانیەکەیدا، وەکو جاران لە دوورەوە دەدرەوشایەوە. بە دیداری بونچوك زۆر خۆشحاڵ بوو.

– گەڕایتەوە؟ زۆر چاکە.

ئەوسا وەکو ئەوەی نهێنییەك بدرکێنێ، چاوێکی داگرت و گوتی:

– ئانا دەبەین و دەڕۆین. خۆ تۆ لاریت نیە؟ لاریت نیە ها؟ باشە... زۆرباشە! بۆیە ئەم پرسیارەم کرد، چونکە پێموایە لە تسارتیسیندا خووتان پێکەوە گرتبوو و هۆگری یەکدی بووبوون، وانیە؟

بونچوك، بەدەم بزەیەکی خەمناك و خورتیەوە گوتی:

– لێتی ناشارمەوە کە دوور کەوتنەوەیم لەبەر گرانە.

– لە بەرت گرانە؟ دەی ئەوەش دەبێ! خۆ گوێت لێبوو ئانا؟

ئابرامسون، بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، ڕۆمانێکی تۆز لێنیشتووی گارین میخائیلوفسکی، کە لە پشت یەخدانێکەوە کەوتبوو، هەڵگرت و ئەوجا بەلەز بەرەو دەرگا چوو، بە هەمان جۆش و خرۆشی هەمیشەیی خۆیەوە خودا حافیزی کرد و گوتی:

– ئانا، حازری؟

ئانا، لە ژوورەکەی تەنیشتیەوە، کە خەریکی خۆگۆڕین بوو، بەرسڤی دایەوە:

– تۆ بڕۆ، واهاتم.

ئانا، خۆی گۆڕی و هاتە دەرێ. قەمسەڵەیەکی سوپایی خاکی لەبەرکردبوو، نیتاقێکی چەرمی لە سەر بەستبوو. گیرفانەکانی لەسەر مەمکەکانیەوە کەمێك بەرز بووبوونەوە. هەمان تەنوورە کۆنە ڕەشەکەی لەبەربوو، هەرچەندە لێرە و لەوێ پینەکرابوو، بەڵام زۆر خاوێن بوو. تازە قژی

شت بوو، بڕژبووبووەوە و لە قردێلەکەی پشت ملیەوە هاتبووە دەرێ. پاڵتۆکەی لەبەرکرد و پشتێنەکەی بەست. بە دەنگێکی نزم و خەمگین گوتی:

– لەم هێرشەی ئەمڕۆدا بە شداری دەکەیت؟

– هەڵبەتە! خۆ دەستەوئەژنۆ لێرە دانانیشم.

– تکات لێدەکەم... گوێ بگرە، ئاگات لە خۆت بێ! لەبەر خاتری من! جووتێ گۆرەوی خوری زیادەم بۆ داناویت. نەیەڵی سەرمات بێ ها. هەوڵبدە پێت تەڕنەبن. لە لوگانسکەوە نامەت بۆ دەنێرم.

لەپڕ، پرشنگی چاوەکانی ڕەوییەوە، بەدەم دوعا خوازییەوە گوتی:

– دەزانی، زۆرم پێناخۆشە کە لێت دوور دەکەومەوە. کاتێ ئابرامسۆن پێشنیازی کرد کە لەگەڵ ئەواندا بچم بۆ لۆگانسك خەریك بوو لە خۆشیا باڵ بگرم، بەڵام ئێستا هەست دەکەم بە بێ تۆ بۆ چۆڵەوانی دەڕۆم. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە هەست و سۆز، تائێستاش وەکو زنجیرێك لە دەست و پێمان ئاڵاوە... بە هەرحاڵ، جارێ بە دوعا!...

زۆر بە ساردی، وەکو یەکێك بە تۆبزی ناچارکرابێ، خواحافیزی لێکرد. بەڵام بونچوك، یەکسەر پەی بەوە برد، هۆی ساردیەکەی ئانا ئەوەیە کە نەبا لە قەرارەکەی خۆی ژێوان ببێتەوە.

بۆنچوك، بۆ وەڕێکردنی هاتە دەرەوە. ئانا، بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە بەپەلە ڕۆیی، وەکو کەسێك کاری بەپەلەی هەبێ. بەدەم شان بادانەوە تەکانی دەدا. بونچوك حەزی دەکرد بانگی بکات، بەڵام کە پرشنگ و نمناکی چاوەکانی، لە کاتی ماڵاواییدا، بیرکەوتەوە، دەستبەرداری ئەو حەزەی بوو. بە جۆش و خرۆشێکی ڕواڵەتیەوە گوتی:

– هیوادارم لە ڕوستوفدا یەکدی ببینین! خواحافیز ئانا! ئاگات لە خۆ بێ!

ئانا، ئاوڕێکی دایەوە و ئەوسا پێی هەڵگرت.

بونچوك، پاش ڕۆیشتنی ئانا، هەستی بە تەنیاییەکی سامناك و کوشندە کرد. گەڕایەوە بۆ ناو ژوورەکەی خۆی، بەڵام هەڵینەکرد، بەلەز و بۆ جاری دووەم لە ژوورەکە وەدەرکەوت. وەکو ئەوەی ئاگری گرتبێ... هەموو شتێك سەرڕێژ بوو لە حوزوری ئانا. هەموو شتێك بۆنی ئەوی لێدەهات: ئەو دەستەسرەی کە لێی بەجێ مابوو، ڕەخت و فیشەکدانەکەی، زەمزەمیەکەی، هەر شتێك کە دەستی ئەوی بەرکەوتبوو. تا نزیکێ ئێواران، لە شارۆچکەکەدا سوڕایەوە. هەستی بە نیگەرانیەکی سەیر دەکرد، هەستی کەسێك کە ئەندامێکی بەدەنیان بڕی بێت و بزانێت کە هەرگیز بەم ڕەوشە تازەیەی خۆی ڕانایەت. وێڵ و سەرگەردان دەیڕوانیە سەر و سیمای گارد و قۆزاقەکان و هەندێکیانی دەناسییەوە و هەندێکیانی نەدەناسییەوە، بەڵام ئەوان، زۆربەیان ئەمیان دەناسییەوە. تووشی قۆزاقێك بوو کە کاتی خۆی پێکەوە لە بەرەی شەڕی دژ بە ئەڵمان بوون، بە خورتی بردیەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، لەوێ خوڵکی کرد کە یاری وەرەقیان دەگەڵ بکات. کۆمەڵێك گاردی سووری سەر بە دەستەکەی پتروف و دەریاوانانی موکروسوۆ کە تازە گەیی بوونە شار، سەرگەرمی یاری بیست و یەك بوون. ئیدی ئەمانە لە ناو چرەدووکەڵی سیغاردا، بەدەم دەنگەدەنگ و هەراوهەنگامەوە، وەرەقیان دەدا بە مێزەکەدا، ڕۆبڵانی کرنسکی –

یـان گرمۆڵـه دەکـرد و جنێویـان دەدا و بـەردەوام هاواریـان دەکـرد. لـه دووکـەڵی جگـەرەدا نقـوم بووبوون. بونچوك خەریك بوو دەخنکا، بەپەلە هاتە دەرەوە.

دوای سـەعاتێك، فـەرمانی بەشـداری هێـرش کردنـی پێگـەیی و، بەمـە ئـەو بـارە قورسـەی سـەر شانی لاچوو.

"١٨"

دوای مردنی کالیدین، ئەنجوومەنی سوپایی نوڤوچرکاسك، لە ٢٩/ك٢ کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا و لەو کۆبوونەوەیەدا جەنەڕاڵ نازاروف، ئەتامانی جەنگی سوپای دۆن، بە ئەتامانی ناوچەکە هەڵبـژێردرا. هەڵبـەتـە نوێنـەرانێکی کـەم لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئامـادەبووبوون و زۆربـەیان نوێنـەر و خـەڵکی ناوچـەکانی باشـووری دۆنـی ژێـری بـوون. بۆیـە ئـەم کۆبوونەوەیـە نـاونرا (ئەنجوومـەنی بچووك) جا نازاروف، بە پشتیوانی ئەم ئەنجوومەنە، فەرمانی سەربازگیری بۆ هەموو قوزاقەکان، لـە تەمـەنی هـەژدە ساڵیەوە تـا تەمـەنی پـەنجا سـاڵی دەرکـرد، بـەڵام وێـڕای هـەموو هـەڕوگیڤێك، سەرباری ناردنی مەفرەزەێن تایبەتی بۆ هەموو گوندەکان، قوزاقەکان زۆر بە ساردی بە دەنگیـەوە دەهـاتن و وەکـو بێگـار چـەکیان هەڵـدەگرت. لـە ڕۆژی یەکـەمی دەسـت بـەکاربوونی ئەنجومـەنی بچووکا، کەتیبـەی شەشـی قوزاقانی دۆن، بە فەرماندەیی موقەدەم تاتسین، لە بەرەی ڕۆمانیاوە هات و گەییە نوڤوچرکاسك. کەتیبەی ناڤبری لە یەکاترینوسلاڤ بەم لاوە، بەدەم شەڕەوە هـاتبوو و ئەڵقـە و بازنـەی گـەمارۆی بەلشـەویکەکانی شـکاندبوو. هەرچـەندە لـە پیـاتی خاتکـا و مـژیڤایا و مـاتیڤیوڤ کورگـان دا و چـەند شـوێنێکی دیکـەدا جەزرەبـەی پێکـەوتبوو، بـەڵام زەرەری گیـانی نەدابوو و بە هەموو ئەفسەرەکانیەوە گەیی بووە جێ.

پێشوازیەکی فـەرمی گـەرم لـە کەتیبـەی نـاڤبری کـرا. دوای ڕێـوڕەسمی نوێـژی سوپاسـگوزاری لـە مەیدانی کلێساکەدا، نازاروف، سوپاسی قوزاقەکانی کرد کە بەو زەبت و ڕەبتە سوپاییەوە، بەو پرەنسیب و زاکۆنیـەوە، بە هـەموو چەك و جبەخانەکانیانـەوە هـاتبوون تـا داکۆکی و بـەرەڤانی لـە خاکی دۆن بکەن.

زۆری پێنەچوو کە کەتیبـەی نـاڤبری لـە وێسـتگەی مولینـەوە بۆ بـەرەی شـەڕ ڤڕێکـرا. بـەڵام دوای دوو ڕۆژ کۆمـەڵێك هـەواڵی نـاخۆش گەییـە نوڤوچرکاسـك: کەتیبەکـە لـە ژێـر بانـدۆر و کاریگـەری پڕوپاگەنـدەی بەڵشـەویکەکاندا، بـە خوایشـتی خـۆی و بـەبێ پـرس، سـەنگەرەکانی خـۆی چۆڵکردبوو و ڕەفزی کردبوو داکۆکی و بەرەڤانی لە حوکمەتی ناوچەیی بکات.

ئەنجوومـەنی ناوچـەیی زۆر بـە سسـتی کـاری دەکـرد. هـەموو پێشـبینی ئـەوەیان دەکـرد، کـە دژایـەتیکردنی بەلشـەویەکان بێئاکـام دەبێـت. نـازاروف، ئـەو جەنەڕاڵـە، چـالاك و چـەلەنگ و پڕجۆش و خرۆشە، لە کاتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا، بە بێدەنگی دادەنیشت، سەری لە نێو هەردوو دەستی دەنا و دیاربوو، مێشکی بە بیرێن ئاڵۆز و خەمناکەوە مژولە.

دوا هیواکـانی، وەکـو دارێـك مۆرانـە پێـی دابـێ، بـەو ئاوایـە هەڵـدەوەری. ڕمـب و هـۆڕی تـۆپ و مەترەلۆزان لە نزیکی تبخورتسکایادا دەنگی دەدایەوە. دەنگۆبڵاوبوو کە هێزی گاردی سوور بە فەرماندەیی ملازم ئەفتونوموڤ، لە تسارتیسین –ەوە، بەرەو روستنوف پێشڕەوی دەکات.

قوەتی سوپای سپی بە فەرماندەیی نەقیب چرنوف کە لەلایەن هێزەکانی سیڤرسەوە تەنگەتاو کرابوو و بەردەوام لە ژێر جەزرەبەی قوزاقانی ناوچەی گنیلوفسکایادا بوو، پاشەکشەی کرد و خۆی بە ناوجەرگەی شاری روستنوفدا کرد. ئەڵقەی گەمارۆکە سات بە سات تەنگتر دەبوو و کورنیلوف کە دەیزانی مانەوەیان لە ڕوستنوف، لە مەترسی بەدەرنابێت، لە ڕۆژی ٢/٩دا بڕیاری پاشەکشەی دا بۆ ناوچەی ئولگینسکایا.

سەرانسەری ئەو ڕۆژە کرێکاران لە ناوچەی تیمیرنیکەوە، تەقەیان لە دەوریەی ئەفسەرانی دژ مـن، لە وێستگەکە، کرد. دەمەو ئێوارە، تابوورێکی گەورە، لە ڕوستنوفەوە دەرچوو و وەکو مارێکی گەورەی ڕەش لە دۆن پەڕییەوە و پاشان، بە پێچ و دەورە بەرەو ئاکسانی داخزی. فەوجەکان کە ژمارەیان دابوویە کزی، بە قورسی بە نێو بەفر و بەستەڵەکی نیوە تواوەدا ڕێیان دەکرد. ناوبە ناو چەند پاڵتۆیەکی بە دوگمەی بریقەدارەوە، هی خوێندکارانی ئامادەیی و هەروەها پاڵتۆی سەوزباوی خوێندکارانی پەیمانگایان لەو ناوەدا بەدی دەکران. بەڵام پاڵتۆێن سەربازی و ئەفسەری بە ژمارە زۆرتربوو. سەرهەنگان و نەقیبان فەرماندەیی ئەو فەسیلانەیان دەکرد کە لە خوێندکارانی ئەفسەری و ئەفسەرانی پایە جیاوازی، لە ملازمەوە بیگرە تا سەرهەنگ، پێکهاتبوون. خەڵکانێکی زۆری ئاوارە و هەڵاتوو، لە دوای عارەبانەی بار و بنەکانەوە دەهاتن: خەڵکانی پیر، خەڵکانی پۆشتە و پەرداخ بە پاڵتۆی مەدەنی و چەکمە و پێڵاوی لاستیکەوە، لە گەڵ ژناندا کە شان بە شانی گەلیسکەکان بە پێڵاوی پاژنە بەرزەوە بە نێو چڕە بەفرەکەدا، بە زەحمەت و بە لەقەلەق ڕێیان دەکرد.

نەقیب یەڤگینی لیستنتسکی، لە ناو یەکێك لە سریەکانی کەتیبەکەی کورتیلوفدا ڕێی دەکرد. شان بە شانی ئەو و لە هەمان تابووردا، ئەفسەرێکی سوپایی کەشخە بە ناوی نەقیب ستار و بیلسکی کە ئەفسەرێکی ئەکتیف و ڕەفتار وشك بوو ڕێی دەکرد. هەروەها ملازم بوگاچوف کە ئەفسەری کەتیبەی نارنجۆك ئەندازانی یەکەی سوڤاروڤ ڤاناگوریا بوو، هەروەها موقەدەم لوڤیچوڤ لە پیرەمێردێکی بێ ددان بوو، قژی سوور، هەموو سەر و ڕووی داپۆشی بوو و لە ڕێوی پیر دەچوو، هەر هەموویان هاوڕێ لە گەڵ یەڤگینی لیستنتکیدا لە هەمان تابووردا ڕێیان دەکرد.

ئێواری بەرەبەرە تاریکتر دەبوو، دنیا ساردبوو. بایەکی شێداری سوێر، لە سەر دۆنەوە دەهات. لیسنتسکی، بە شێوەیەکی میکانیکی، بە نێو بەفرە پێخوستەکەدا، هەنگاوی هەڕاوی دەنا و دەیڕوانیە سەر و چاوی ئەو کەسانەی کە بە بەرانبەر تابوورەکەدا تێدەپەڕین. لە کەناری جادەکەدا و بەدەم ڕێوە ئەمانەی بینی! نژنتسڤی فەرماندەی کەتیبەی کورنیلوف و، سەرهەنگ کوتیولوڤی فەرماندەی کەتیبەی گاردی بریوبراجینسکی جاران، کە دوگمەکانی پاڵتۆکەی کرابوونەوە و کاسکێتەکەی بە پشتا کەوتبوو. موقەدەم لوفیچوف بانگی کرد:

– نەقیب نژنتسڤ!

و بە گورجی و چاپوکانە، تفەنگەکەی لەم شانیەوە گواستەوە شانەکەی دیکەی.

کوتیوپوڤ، بە دەموچاوە زلەکەیەوە کە لەسەر و چاوی گاجووت دەچوو، بە چاوە ڕەش و بڵاوەکانیەوە، بە ڕیشە بزنیەکەیەوە، ئاوڕێکی دایەوە. نژنتسڤ –ش لای خۆیەوە ئاوڕی دایەوە و بۆ سەمتی ئەو دەنگە دەگەڕا کە بانگی کردبوو.

– عاز بە سریەی یەك بدە کە پێ هەڵگرێت! دەنا بەم پێیە بڕوات هەمووەمان لە سەرما ڕەق دەبینەوە. هەموو پێمان تەڕ بووە.

ستاروبیلسکی، کە کەسێکی دەم بە هاواری دەم پیس بوو هاواری کرد:

– کەرەکەر!

نژنتسڤ بێئەوەی هیچ بەرسڤێك بداتەوە، بە دەم گەنگەشە و گفتوگۆوە دەگەڵ کوتیوپوفدا، درێژەی بە ڕێگای خۆی دا. دوای تۆزێك جەنەراڵ ئالیکسییوف بەلایاندا تێپەڕی. کابرای عەرەبانچی ئەسپە ڕەش و قەڵەوەکانی خۆی کە کلکی گرێ دابوون، تاودەدا، بەفر لە ژێر سمی ئەسپەکانەوە بەملا و بەولادا دەردەپەڕی. دەموچاوی ئالیکسییف، لە بەر بایەکە سوور هەڵگەڕابوو، سمێڵە زبر و برۆ چڕەکانی سپی بوون، کاسکێتەکەی تا سەر گوێچکەکانی هێنابوو و لەسەرلا پشتی دابوو بە پشتی گالیسکەکەوە و لە سەرما بە دەستی چەپ توند یەخەی خۆی گرتبوو. ئەفسەرەکان، بە دەم بزەوە، ڕوانیانە سەر و سیما ئاشناکەی.

لێرەولەوێ، جادەکە لە ژێر پێی ڕێبوارانـدا نەرم بووبـووەوە و چاڵ بوو بوو و ئاوی تیا وەستابوو. ڕێکردن زۆر زەحمەت بوو: پێ دەخزا، ئاو دەچووە چەکمەکانەوە. لیستنتسکی بە دەم ڕێکردنەوە، گوێی لە گفتوگۆی ئەو کەسانەی پێش خۆیەوە دەگرت. ئەفسەرێك بە چاکەتێکی فەروو و بەکڵاوێکی قوزاقیەوە بە دەنگی بەرز دەیگوت:

– ملازم بینیت؟ ڕودزیانکو، سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆما، بەو پیرییە، بە پێیان دەڕوات.

– ڕووسیا، ڕێگای جولجوتای گرتووەتە بەر...( (Golgotha): ناوی ئەو شاخەیە کە مەسیح خاچەکەی دا بە شانیا و بۆ ئەوێندەری برد، لە دەرێی ئورشەلیم دایە.)

ئەفسەرێکی دیکە، بە دەم کۆکە کۆکەوە گەروی خۆی پاك کردەوە و بە شۆخیەوە گوتی:

– بە ڕاستی جولجوتایە... فەرقەکەی ئەوەیە کە ئێمە لەجیاتی بە جادەی بەردینا سەربکەوین، بە نێو بەفرا دەڕۆین و سەرما دەگاتە سەر ئێسقان.

– کوڕینە، شەوێ لە کوێ دەبین؟

– لە یەکاترینودار.

– بەڵێ، ئەوەندەی بیرم بێ، جارێکیان لە پروسیا تووشی ڕێ پەیماییەکی واهی بووین.

– خوا دەزانێ لە کۆبان چۆن پێشوازی دەکرێین؟... چی؟ هەڵبەتە شتەکان لەوێ بەمجۆرە نابن...

ملازم گولوڤاچوف، لە لیستنتسکی پرسی:

– سیغارت پێیە؟

دەستکێشە زبر و گەورەکانی خۆی داکەند، جگەرەیەکی لە یەفگینی وەرگرت و سوپاسی کرد، وەکو سەربازان، سەری قامکی نا بە لالووتیەوە و ڤینگێکی کرد و ئەوجا دەستی بە داوێنی پاڵتۆکەی سڕی.

موقەدەم لوڤیچوف، بە زەردەخەنەیەکی تەوسامێزەوە گوتی:

– جەنابی مولازم، خەریکە خوو و خدەی دیموکراتەکان دەگریت، وانیە؟

– چارە چیە؟ هیچ ڕێگەیەکی دیکە نیە. تۆ خۆتیش... بی چی دەکەیت؟ مەگەر یەك دەرزەن دەستەسڕی زیادەت پێ بێ... موقەدەم لوڤیچوڤ، بەرسڤی نەدایەوە. ڕیشاڵی ئامال سەوزی بەفر، نیشتبووە سەر سمێڵە سوورە، سپی بووەکانی. ناوبە ناو، چڵمەکەی هەڵدەلوشیەوە. کە سەرماکە لە پاڵتو بێ بەرەکەیەوە دەچووە ژووری، لە سەرما چارەی کرژ دەبوو.

لیستنتسکی، بەدەم تەماشاکردنی ڕێکردنی تابوورەکەوە، کە بە خواروخێچی دەڕۆیشتن و بەفرەکەیان دەشکاند، لە دڵی خۆیدا گوتی : "گوڵانی سەر سەبەتەی ڕووسیا."

چەند سوارێك، بە چوار ناڵە بە لایاندا تێپەڕین، یەکێك لەوانە کورنیلوف بوو کە سواری ئەسپێکی بەرزی دۆنتس نەژاد بوو. بە نیوکۆتە فەروە خاکیە ئامال سەوزەکەیەوە کە گیرفانەکانی خواربوون و بە کڵاوە فەروە سپیەکەیەوە، تا تەواوێکیش دوورکەوتەوە، هەر دیاربوو. فەرماندەی سریەکان هەموو بە هوراکێشان پێشوازیان کرد.

موقەدەم لوڤیچوڤ گوتی:

– ئەگەر خێزاندار نەبوایەم گوێم بە شتی وا نەدەدا...

ئەوسا وەکو پیرەمێردان کەوتە کۆکەکۆك و، بە گۆشەی چاو ڕوانیە لیستنتسکی و لە تۆ وایە داوای هاوسۆزی ئەو دەکات، لە سەری ڕۆیی:

– ماڵ و منداڵەکەم لە سمولنسك بەجێهێشتووە. ژنەکەم و کیژە گەنجەکەم... سەری ساڵ دەبێ بە هەڤدە ساڵ... حاڵی عەرزەم هەی جەنابی نەقیب؟

– بەڵێ، بەڵێ.

– تۆش ماڵ و منداڵت هەن؟ تۆ خەڵکی نوڤوچرکاسکی؟

– نەخێر، من خەڵکی دەڤەری دۆنم. باوکم لەوێیە.

لوڤیچوڤ لە سەری ڕۆیی:

– نازانم چییان بەسەر هاتووە، چۆن بەبێ من تەگبیری حاڵی خۆیان دەکەن...

ستاروبیلسکی، بە تووڕەیی قسەکەی بە لوڤیچوف بڕی:

– هەموو کەسێك خانەوادەیەکی بەجێهێشتووە. نازانم جەنابی موقەدەم، ئەم بۆڵەژن و گریە و زایەت لە چیە! نازانم ئێوە چ خەڵکێن! هەرکە لە روستوف وەدەرکەوتن ئیدی...

یەکێك لە ڕیزەکانی دواوە هاواری کرد:

– ستاروبیلسکی! پیوتەر پتروفیچ! تۆ لە شەڕی تاگانروکدا نەبوویت؟

ستاروبیلسکی، ئاوڕێکی تووڕەی دایەوە و بەدەم بزەیەکی خەمناکەوە گوتی:

– ئا!... فلادیمیر گیورگیوفیچ، تۆش لە فەوجەکەی ئێمەی؟ نەقڵ بوویت؟ لەگەڵ کێیا بەشەڕ هاتووی؟ بەڵێ، بە هەرحاڵ... پرسیاری شەڕی تاگانروکت کرد... بەڵێ، لەوێ بووم. ئەی مەعنای چی؟ بەڵێ، بە ڕاستی، کوژرا.

لیستنتسکی، بە حەواسپەرتی گوێی لە گفتوگۆیەکە دەگرت و یادی ئەو ڕۆژەی دەکردەوە کە لە یاگودنویەوە بەڕێکەوت کە بابی و ئەکسینیای بەجێهێشت. خەمێکی کورت و پڕ وەکو دووکەڵ سەر و دڵی گرت، هەستی کرد خەریکە خەفە دەبێ. بە خاوی هەنگاوی دەنا، تەماشای لوولەی تفەنگەکان و ئەو قەمانەی دەکرد کە بە شانی سەربازەکانەوە، دەرەقسین. دەیڕوانیە ئەو کڵاوە فەرو و کاسکێت و باشلۆخە درێژانەی، کە دەگەڵ ڕیتمی هەنگاوەکاندا تێکیان دەکردەوە، لە بەرخۆیەوە بیری دەکردەوە:

"هەر یەکێك لەم پێنج هەزار کەسەی کە بە تۆبزی شار بە دەرکراون، ناچارکراون شارەکان چۆڵ بکەن، وەکو من دڵیان پڕبووە لە ڕق و کینە، ڕق و کینەیەکی بێپایان. ئەو بێشەرەفانە کە ئێمەیان لە ڕووسیا تاراندووە، دەیانەوێ لێرەدا بەگیرمان بێنێن، وادەزانن دەتوانن لێرەدا پاکوومان بدەن... بەڵام خەیاڵیان خاوە... کورنیلوف، بەرەو مۆسکۆمان دەباتەوە."

لەم کاتەدا کەوتە بیری گەڕانەوەی کورنیلوف بۆ مۆسکۆ و لە دڵی خۆیدا بە خۆشحاڵیەوە بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە.

تۆپخانەیەك، لە دوای تابوورەکەوە، دەهات. ئەسپەکان بە هانکە هانك ڕێیان دەکرد، عەرەبانەی مەترەلۆزەکان تەقوهۆڕیان بوو، تە نانەت بۆنی ئارەقەی ئەسپەکانیش دەهات، لیستنتسکی یەکسەر هەستی بەم بۆنە کرد، سەری وەرگێڕا، عەرەبانچیەکەی پێشەوە، کە نایب عەریفێکی گەنج بوو، تەمەشایەکی کرد و وەکو ئەوەی بیناسێت، بزەیەکی خۆیی بە ڕوویا دا.

* * *

لە یازدەی ئازاردا، لەشکری داوخوازان (متطوع) لە ناوچەی ئولگینسکایا، کە چەند فرسەخێك لە باشووری – ڕۆژهەڵاتی روستوفەوە دووربوو، خڕبوونەوە. کورنیلوف، هەموو هەرکەتێکی ڕاگرت، چونکە چاوەڕوانی گەیشتنی جەنەراڵ پوپوڤ، ئەتامانی جەنگی تازەی سوپای قوزاقی دۆنی دەکرد، کە لە نوڤوچرکاسك پاشەکشەی کردبوو و بە خۆی و قوەتێکی هەزار و شەش سەد سوارە و پێنج مەترەلۆزی مەیدانی و چل ڕەشاشەوە بەرەو پێدەشتەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی دۆن بە ڕێوە بوو.

بەیانی ڕۆژی ٣/١٣ پاپوف دەگەڵ سەرهەنگ سیدورین، بەرپرسی عەسکەری هێزەکەی خۆی و، چەند ئەفسەرێکی قوزاقی حیمایەی خۆیدا، بە سواری ئەسپ خۆی بە ئولگینسکایادا کرد. لە مەیدانەکەی بەرانبەر بارەگاکەی کورنیلوفدا ئەسپەکەی ڕاگرت. دەستی بە قەڵپوسی زینەکەوە گرت، ئەوجا بە زەحمەت لاقی لە سەر زینەکەی هەڵبڕی. یەکێك لە موراسیلەکان، کە قۆزاقێکی گەنجی ڕەشتاڵەی قژ ڕەش، چاو چکۆلەی، جوانی تیژی عەینی چاوی مەلان، خێرا هاتە پێشێ تا یارمەتی بدات و لە ئەسپەکە دابەزێت، پوپوف، هەوساری ئەسپەکەی بۆی هەڵدا و بە خۆی، بە ویقارەوە بەرەو دەرگا ڕۆیی. سیدورین و ئەفسەرەکانی دیکەش کە پیادە بووبوون، دووی کەوتن. موراسیل و حیمایە و یاوەرەکان، ئەسپەکانیان، لە دەرگایەکی لاوەکیەوە بردە نێو حەوشە. لەوکاتەدا کە یەکێکیان، قوزاقێکی بە تەمەنی لەنگ بوو، توورەکەی لە سەر ئەسپەکان دەبەست، قوزاقە گەنجە قژە ڕەشە چاو چکۆلە زیتەکە، خەریك بوو سەری دەخستە سەر

کارەکەرێك و سوعبەتی دەگەڵ دەکرد و تەشەڕی لێدەدا. کیژێ کە بە نازەوە لەچکەکەی لە ژێر چەناگەیدا گرێ دەدا پێیە ڕووتەکانی بە جووتێ گاڵۆشی گەورەدا کردبوو، کە گوێی لە تەشەرێکی ئەو بوو سوور بووەوە و بەدەم پێکەنینەوە، بە سەر چاڵاوێکدا بازی دا و بە بەردەمیا بۆ عەماری ئازوقە و تەوێڵەکان ڕۆیی.

پاپوڤ پیر، بە جەلال و شکۆوە، خۆی بە ژوورا کرد. لە ڕاڕەو و هۆڵەکەدا، پاڵتۆکەی خۆی دا بە یەکێك لەو موراسیلانەی کە بەلەز بە پیریەوە هات و شەلاقەکەی بە عەلاگەیەکەوە هەڵواسی. فینگێکی باشی کرد، لووتی سڕی. موراسیلەکە ئەو و سیدورین - ی کە بەدەم ڕێوە قژی خۆی ڕێك دەخست، برد بۆ هۆڵێکی گەورە. هەموو ئەو جەنەراڵانەی کە بۆ کۆبوونەوە بانگکرابوون، لەوێ ئامادەبوون. کورنیلوف، لە بەردەم مێزێك دانیشتبوو و هەردوو ئانیشکی نابوونە سەر نەخشەیەك کە لە سەر مێزەکە واڵاکرابووەوە. ئالیکسییف، کە قژی پاك سپی بوو و تازە ڕدێنی تاشی بوو، لە دەستی ڕاستی ئەوەوە وەستابوو. دینیکین، بە چاوانی گەش و تیژەوە، کە زرنگیان لێوە هەڵدەقوڵا، شتێکی بە گوێی ڕۆمانوفسکیدا دەدا. لوکومسکی، کە تۆزێك لە دینیکین دەچوو، هێدی هێدی، بە دەم ڕاکێشانی ڕدێنی خۆیەوە بە هۆڵەکەدا پیاسەی دەکرد. مارکوف، لە بەر پەنجەرەکەیدا وەستابوو و دەیڕوانیە ناو حەوشەکەو، تەماشای موراسیلەکانی دەکرد کە بە دەم تیمارکردنی ئەسپەکانەوە، شۆخی و چاوبازیان دەگەڵ کارەکەرەکەدا دەکرد.

پوپوف و سیدورین، پاش ئەوەی سڵاویان لە ئامادەبوان کرد و لە چاکوخۆشی بوونەوە، چوون لە دەوری مێزەکە ڕۆنیشتن (دانیشتن). ئەلیکسییف، چەند پرسیارێکی ڕۆتینی و سەرڤەسەرڤەی دەربارەی سەفەرەکەیان و چۆڵکردنی نوڤوچرکاسکی لێکردن. لەم کاتەدا کوتیوپوف و چەند ئەفسەرێکی دیکە، کە لەلایەن کورنیلوفەوە، بۆ کۆبوونەوە و کۆنگرەکە دەعوەت کرابوون، وەژوورکەوتن.

کورنیلوف، چاوانی بڕییە پوپوف، کە بە کاوەخۆ لە بەردەم مێزەکەدا دانیشت، لێی پرسی:

- جەنەراڵ، ژمارەی ئەندامانی هێزەکەی خۆتمان پێ بڵێ.

- هەزار و پێنج سەد سوارە، تۆپخانەیەك، چل ڕەشاش بە هەموو کەرەستە و تفاقێکەوە، بە هەموو ڕەشاشچیەکانیانەوە.

- بەخۆت ئاگات لەو ڕەوش و بارودۆخە هەیە کە سوپای داوخوازانی ناچارکرد ڕۆستۆف چۆڵ بکەن. دوێنێ کۆبوونەوەیەکمان کرد. بڕیارمان دا خۆ بگەیەنینە کوبان و بەرەو قۆڵی یەکاترینودار پێشڕەوی بکەین، لە دەوروبەری ئەم شارەدا. کۆمەڵێك مەفرەزەی داوخوازان خەریکی چالاکین. ئیدی ئەم ڕێگایە دەگرین...

کورنیلوف، قەڵەمە نووك شکاوەکەی بەسەر نەخشەکەدا هێنا و بە هەشتاو درێژەی بە قسەکەی خۆی دا:- لە سەر ڕێگای خۆمانەوە قوزاقانی کوبان بەلای خۆماندا ڕادەکێشین و مەفرەزە کەمەکانی گاردی سوور، کە ئامادەگیەکی جەنگی ئەوتۆیان نیە و بێنەزم و نیزامن، ئەگەر بێنە ڕێگامان، لە نێو دەبەین...

کورنیلوف، ڕووی کردە پوپوف، کە بە چاوانی نیمچە داخراوەوە سەیری شوێنێکی دی دەکرد، و لەسەری ڕۆیی:– جا پێشنیازی ئێمە، ئەمەیە کە بە خۆت و قوەتەکەتەوە پەیوەندی بە سوپای داوخوازانەوە بکەیت و لەگەڵ ئێمەدا بەرەو یەکاترینودار بێن. قازانجی ئێمە لەوەدا نیە کە هێزەکانی خۆمان پەرت و پەراگەندە بکەین.

پوپوف، لێبڕاوانە گوتی:

– من ناتوانم ئەم کارە بکەم.

ئەلیکسییف، کەمێك بەلای ئەوا دانەوییەوە و گوتی:

– دەکرێ بزانم، بۆچی؟

– چونکە من ناتوانم خاکی دەڤەری دۆن چۆڵ بکەم و بڕۆم بۆ کوبان. ئێمە لە قشلاغ و گەرمەسێردا، کە بە هۆی ڕوباری دۆنەوە، لە باکوورەوە دەپارێزرێ، دەتوانین چاودێری ڕووداوەکان بین. ئێمە ترسی ئەوەمان نیە دژمن بتوانێت دەست بداتە هیچ ئۆپەراسیۆنێکی جدی، چونکە بەو زوانە بەفر و بەستەڵەك دەتوێتەوە و هەنگێ پەڕینەوە لە ڕوباری دۆن نەك بۆ تۆپخانە، بەڵکو بۆ هێزی سوارەش مەیسەر نابێت. جا دەتوانین لەم قشلاخەوە، کە لەوەڕگە و گەنمێکی زۆری تیایە، دەتوانین هەموو کاتێك و بەرەو هەر شوێنێك بمانەوێ، دەست بە چالاکی پارتیزانی بکەین.

پوپوف، بە شێوەیەکی بنجبڕ وەڵامی پێشنیازەکەی کورنیلوڤ دەدایەوە و ڕەتی دەکردەوە. هەر کە هەڵوەستەیەکی کرد تا نەفەس تازە بکاتەوە، سەیری کرد کورنیلوف خەریکە بێتە قسان و نەیەڵێ ئەو قسەکانی تەواو بکات، بۆیە خێرا سەرێکی بادا و لە سەری ڕۆیی:

– بە یارمەتیت با قسەکەم تەواو بکەم... سەرباری هەموو ئەو شتانەش کە گوتمن، فاکتەرێکی دیکەی گرینگ هەیە، دەبێ ئێمە، واتە دەزگای فەرماندەیی، دەبێ ڕەچاوی بکەین و حیسابیی گەورەی بۆ بکەین. ئەویش ورەی قوزاقەکانمانە...

پۆپۆف، دەستە سپی و گۆشتنەکەی خۆی، کە ئەڵقەیەکی زێڕ لە قامکی برا تووتەیدا ختم بووبوو، بەرز کردەوە و چاوێکی بەو کەسانەی دەور و بەریا گێڕا و کەمێك دەنگی بەرزکردەوە و لە سەری ڕۆیی:

– ... ئەگەر بەرەو کوبان بڕۆین، مەترسی ئەوەمان دێتە ڕێ کە مەفرەزەکانمان بڵاوەی لێبکەن. ئەگەرێکی زۆری ئەوە هەیە کە سەربازەکان بەگوێمان نەکەن، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە قوزاقان بەشی سەرەکی هێزەکەی من پێکدێنن، کە کەسیان، ئەو بیروباوەڕ و ورەیەیان نیە، بۆ نموونە کە سەربازەکانی تۆ هەیانە. یانی متمانەی تەواویان پێناکرێ. بە کورتیەکەی مەسەلەکەیان بەلاوە گرینگ نیە و ئامادەنین بڕۆن. بۆیە من ناتوانم ئەم ڕیسکە بکەم و هەموو سەربازەکانم بە فەوتان بدەم...

پوپوف، جارێکی دیکەش، قسەی بە کورنیلوف بڕی: –... ببورە ئەوا من قەراری خۆمانم پێگوتیت و دڵنیات دەکەم کە لە وەزع و حاڵێکا نین بتوانین قەرارەکەمان بگۆڕین. هەڵبەتە قازانجی ئێمە لەوەدا نیە کە هێزەکانمان لێکدی دابڕین و پەرتی بکەین، بە بۆچوونی من، ئەگەر

ئەو قسانەی من ڕەچاوبکرێن، چارەسەری ئەم کێشەیە ئەوەیە، کە سوپای داوخوازان، لە جیاتی ئەوەی بۆ کوبان بڕۆن، کە ورەی قوزاقانی ئەویٚ مایەی نیگەرانی جدی منە، باشتر وایە لەگەڵ قۆزاقانی دۆندا، بپەڕنەوە بۆ پێدەشتەکانی ئەوبەری دۆن. لەویٚ دەتوانیٚ نەفەسێك تازە بکاتەوە و لە بەهارا خۆ سازبداتەوە و ئەو خەڵکە داوخوازەش کە لە ڕووسیاوە دێن، لە خۆیدا ڕێکبخات...

کورنیلوف کە تا دوێنیٚ شەو ڕای وابوو کە پێویستە خۆی بگەیەنێتە دەشتەکانی ئەوبەری دۆن و ڕەئی ڕێك پێچەوانەی ڕەئی ئەلیکسییف بوو، هاواری کرد:

– نا، چوون بۆ ناوچەی قشڵاخ(زستانە وار) و گەرمەسێر هیچ مانایەکی نیە. نزیکەی شەش هەزار کەسین...

– ئەگەر خەمی موونە و ئازووقە و ئەو شتانەتە، ئەوا من جەنابتان دڵنیادەکەم کە ناوچەی قشڵاخ لەو ڕووەوە لە هەموو شوێنێکی دیکە باشترە. لەوەش بترازیٚ، دەتوانی لەوێندەر لە یەڵخییە تایبەتیەکاندا ئەسپ پەیدا بکەیت و دەتوانی بەشێك لە سوپاکەت بکەیت بە قوەتی سوارە. بەمجۆرە توانای تۆ لە شەڕ و پەلامار و کشانەوەدا زیاتر دەبێت، تۆ لە بنەڕەتدا پێویستت بە هێزی سوارە هەیە و سوپای داوخوازان، حاڵی حازر لەم ڕووەوە لاوازە.

کورنیلوف، کە ئەو ڕۆژە دەگەڵ ئەلیکسییفدا زۆر بە لوتف و میهرەبان بوو، نیگایەکی کرد: دیاربوو دوودڵ بوو، تیامابوو و نەیدەزانی چ ڕێگایەك هەڵبژێریٚ و خوازیاری پشتیوانی و کۆمەکی کەسێکی بە دەسەڵاتی دیکە بوو. هەموو بە وردی گوێیان لە قسەکانی ئەلیکسییف گرت. جەنەراڵی پیر کە عادەتی وابوو هەر کێشەیەك بەپەلە و بەوپەڕی شێنەیی و بە ڕوونی چارە سەر بکات، بە یەك دوو ڕستەی کورت ڕەئی خۆی دەربڕی و لایەنگری لە چوون بۆ یەکاترینودار کرد و لە کۆتاییدا گوتی:

– لەم قۆڵەوە دەتوانین بە ئاسانی بازنەی ئابڵوقەی بە لشەویکەکان تێکبشکێنین و لەگەڵ ئەو قوەتانەدا یەك بگرینەوە کە لە دەور و بەری یەکاترینودار خەریکی کاروچالاکین. ئەمە بۆ ئێمە ئاسانتر دەبێت.

لوکومسکی بە پارێزەوە پرسی:

– میخائیل فاسیلییوفیچ، ئەوی ئەگەر سەرنەکەوتین؟

ئەلیکسییف، لێوی گەست و دەستی خستە سەر نەخشەکە و گوتی:

– ئەگەر سەرنەکەوتین، لەم حاڵەتەدا دەتوانین ڕووبکەینە چیایەکانی قەفقاز و سوپاکە بە سەر مەفرەزە و دەستەێن بچووك بچووکدا دابەش بکەین.

ڕومانوفسکی پشتیوانی لێکرد. مارکوف، کۆمەڵێك قسەی بەجۆش و خرۆشی کرد، دیاربوو هیچی پێنەبوو بۆ ڕەتکردنەوەی هەنجەتە بەجێیەکانی ئەلیکسییف، بەڵام لوکومسکی چەند قسەیەکی کرد و هەردوو تاکی تەرازووی بۆچوونەکانی هاوتا کردەوە. بە کاوەخۆ کەوتە قسان و گوتی:

– من لەگەڵ پێشنیازەکەی جەنەراڵ پوپوف دام. چوونمان بۆ کوبان، ئاسان نیە، کێشەی زۆر گەورەمان بۆ دەنێتەوە و ڕەنگە لێرەوە نەیەتە خەمڵاندن. پێش هەموو شتێك ناچاردەبین دوو کەرەتان لە سکەی قیتار بپەڕینەوە...

هەموو ئامادەبووان، چاویان بڕییە قامکی وی کە بە سەر نەخشەکەیدا دەگێڕا. لوکومسکی، بە پێداگرییەوە لە سەری ڕۆیی:

– دیارە بەلشەویکەکان، ئەمەیان لە خوا دەوێ. بە قیتارێن زرێپۆش ڕوو بە ڕوومان دەبنەوە، ئێمە بار و بنەمان قورسە و برینداریێکی زۆرمان هەن، خۆ ناکرێ بە بێخاوەن بەجێیان بێڵین. ئەمە دەبێ بە بارێکی قورس بەسەر شانی سوپاکەمانەوە و ناتوانێ بە خێرایی پێشڕەوی بکات. ئەمە جگە لەوەی من بەگومانم لەوەی کە قوزاقێن کوبان هاوکاریمان لەگەڵدا دەکەن. بۆ نموونە قوزاقانی دۆن بە ڕواڵەت لە بەلشەویکەکان بێزاربوون. کەچی وا دەرنەچوو، بۆیە دەبێ بەوپەڕی گومانەوە، بەوپەڕی وریاییەوە، مامەڵە لە گەڵ ئەم جۆرە بانگەشە و پرۆپاگەندانەدا بکەین. قوزاقانی کوبانش، تووشی هەمان تەراخومای بەلشەویکی بوون، و ئەم نەخۆشییەیان لە سوپای جارانی ڕووسەوە گرتووە... بۆیە دوورنیە دژایەتیمان بکەن، لە کۆتاییدا دووپاتی دەکەمەوە کە قەناعەتی من ئەمەیە ڕووبکەینە ڕۆژهەڵات، بەرەو ناوچەی پێدەشت بڕۆین، دوای ئەوەی خۆمان کۆکردەوە، ئەوسا لەوێندەرەوە، پەلاماری بەلشەویکەکان دەدەین.

بەڵام کورنیلوف، کە زۆربەی جەنەراڵەکان لە گەڵ بۆچوونەکەی ئەودا بوون، سووربوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی کە سەمتی باشوور بگرێتە بەر و لە ڕێگای ڤلیکوکنیاژسکایاوە بۆ کوبان بڕوات و بەدەم ڕێگاوە ئەسپ بۆ یەکەی سوارە پەیدا و فەراهەم بکات. ئەوسا کۆتایی کۆبوونەوە و کۆنگرەی ڕاگەیاند و چەند قسەیەکی کەمی دەگەڵ پوپوفدا کرد، بە ساردی خواحافیزی لێکرد و ڕۆیی بۆ ژوورەکەی خۆی و ئەلیکسییف دوای کەوت.

سەرهەنگ سیدورین، بەرپرسی عەسکەری سوپای قوزاقی دون، هاتە بەردەرگا و بە دەنگی بەرز و شادییەوە، هاواری لە موراسیل و یاوەرەکان کرد:

– ئەسپەکان بێنن!

ملازمێکی گەنجی قوزاقی، سمێڵ زەرد، دەستی بە شمشێرەکەیەوە گرت و بە سەر چاڵە ئاوەکاندا تێپەڕی و لە پلەکانی بەر دەرگا نزیك بووەوە. لە بەر پلەکاندا وەستا و لە بن لێوانەوە گوتی:

– جەنابی سەرهەنگ، قەراری چی درا؟

سیدورین، بە دەنگێکی نزم، کە لە شادی خاڵی نەبوو، بەرسڤی دایەوە:

– قەرارێکی خراپ نەبوو! جەنەراڵ ڕەفزی کرد بچین بۆ کوبان. هەر ئێستا دەڕۆین. ئەزفارین تۆ ئامادەی؟

– بەڵێ، وا ئەسپەکان دێنن.

موراسیلەکان، ئەسپەکانیان هێنا. قوزاقە گەنجە کاکۆڵ ڕەشە چاوچکۆلە، چاو جوانەکە، تەمەشایەکی هاوڕێکەی خۆی کرد و گوتی:

- کچێکی جوانە، وا نا؟

موراسیلە گەورەترەکە، بزەیەکی ناسکی بۆ کرد و گوتی:

- لەماینی گڕویٚ دەچێت.

- یانی ئەگەر دەعوەتی کردبای لە گەڵی بخەوی نەدەچوویت؟

- دەمت داخە کەرە، ئێمە لە چلەی ڕووژوودایین.

ئەزڤارین هاوڕیٚ و هاوکارە کۆنەکەی گریگوری میلیخوف، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپە چکۆلە تەوێڵ مارۆکەی خۆی و ئەمری بە موراسیلەکان کرد، کە بە جادەکەدا بکەونە ڕێ.

پوپوف و سیدورین، پاش ئەوەی خودا حافیزیان لە یەکێك لە جەنەراڵەکان کرد، لە پلەکان هاتنە خوارەوە. موراسیلێك ئەسپەکەی پوپوڤ گرت و کۆمەکی کرد تا پێی بخاتە ناو ڕکێفەکە. پوپوف، قامچیە قۆزاقیە سادەکەی خۆی بادا و ئەسپەکەی تاودا. موراسیلەکان، سیدورین و ئەفسەرەکانی دی، هەموو لەسەر ڕکێفەکانی خۆ وەستابوون و کەمێك بۆ پێشەوە دانەوی بوونەوە، لە دوای ئەوەوە کەوتنە ڕیٚ.

کورنیلوف، دوای دوو ڕۆژە ڕێگا، گەییە ناوچەی مچەتینسکایا و لەویٚ زانیاری زیاتری دەربارەی ناوچەی قشڵاخی(زستانە وار،گەرمەسێر) ڕۆژهەڵات دەستکەوت. ئەم زانیاریانە دڵخۆشکەرە نەبوون. بۆیە فەرماندەی قوەتە جەنگیەکانی بانگکرد و پێی ڕاگەیاندن کە بە تەمایە بەرەو کوبان بڕوات.

پەیکێکی بۆ لای پوپوف نارد، تا جارێکی دیکەش داوای لێبکریٚ کە قوەتەکان یەکبخەن و پەیوەندی بە سوپای داوخوازانەوە بکات.

ئەو ئەفسەرەی کە بەم کارە نێردرابوو، لە ناوچەی ستارۆئیڤانوفسکیدا، خۆی گەیاندە سوپای داوخوازان. وەڵام هەمان وەڵامی پێشوو بوو. پوپوف، زۆر بە نەرمی، بە نەزاکەتەوە ڕەفزی کرد. وەڵامی دایەوە کە ناتوانیٚ بڕیارەکەی خۆی بگۆڕێت و جاریٚ لە ناوچەی سالسك، لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتی دۆن دەمێنێتەوە.

"١٩"

قوەتەکەی گولوبف، بە عازی(ئەمر) کۆمیتەی شۆڕش نێردرا بۆ گەمارۆدان و گرتنی نوڤوچرکاسك و، بۆنچوکش لە گەڵ قوەتی ناڤبریدا ڕۆیی، ئەو ڕۆژە، ٢/٢٤، لە شاختنایا دەرچوون و بە ناوچەی ڕازدورسکایادا تێپەڕین و شەویٚ گەیینە میلیخوفسکایا و لەوێندەر بەخۆ و ئەسپەوە پشوویەکیان دا و بۆ بەیانی لە گەڵ شیرەی شەبەقا لەوێندەرەوە بە ڕیکەوتن.

گولوبوف، زۆر بە خێرایی ڕابەری قوەتەکەی دەکرد. هەیکەلی درشتی لە پێشی تابوورەکەوە دەناسرایەوە، ناو بە ناو شەلاقەکەی بەسەر سمت و کەفەڵی ئەسپەکەیا دادەهاتەوە، شەویٚ گەیینە بیسەرگنفسکایا و لەویٚ بە مەبەستی ئەوەی پشوویەك بە ئەسپەکانیان بدەن هەڵوەستەیەکی کورتیان کرد و ئەوسا بە ژێر ئاسمانی بیٚ ئەستێرە و، بە ناو شەوی تاریك و، بەسەر ڕێگەوبانی سیخوار بەستەدا کەوتنەوە ڕیٚ.

سـوارەکان، لـە نزیکـی کریڤیانسـکادا، ڕێگـەیان گـوم کـرد، بـەڵام دوای کـەمێك ڕیگەکـەیان دۆزییـەوە. ئاسمـان تـازە خـەریك بـوو ڕونـاك دەبـووەوە کـە گەیینـە گونـدێك، کـە هێشـتا ڕێگەوبانـەکانی چـۆڵ بـوو و جـم و جـۆڵی ئـاوەدانی تێنەگـەڕابوو. لـە سووچـێکی مەیـدانێکی چکۆلەدا، قوزاقێکی پیر، خەریك بوو بەفر و بەستەڵەکی دەوری ئەستێڵێکی چکۆلەی دەشکاند. گولوبوف، بەرەولای ئەو چوو. یەکەکە وەستا. فەرماندەکە سڵاوی لێکرد:

– سڵاو، بایۆ.

یارۆی پیرەمێرد، بە ئەسپایی دەستی، کە دەستکێشێکی خوری لە دەستا بوو، بۆ ئاستی کڵاوە فەروەکەی بەرزکردەوە و بە دەنگێك کە بۆنی دۆستایەتی لێنەدەهات، گوتی:

– ڕۆژباش.

– بابۆ، پیاوەکانتان چوون بۆ نوڤۆچرکاسك؟ لێرەش سەربازگیری گشتی کرا؟

پیرەمێـرد، بێئـەوەی هـیچ وەڵامێـك بداتـەوە، بەلـەز تەورەکـەی خـۆی هـەڵگرت و خـۆی بـە حەوشەکەی خۆیاندا کرد. گولوبوف هاواری کرد:

– بۆ پێشەوە، بڕۆ!

و بەدەم جنێودانەوە، بە خۆ و ئەسپەوە وەڕێکەوت.

هـەمان ڕۆژ ئەنجوومـەنی بچـووکی ناوچـەیی سوپا خـۆی ئامادە دەکرد کـە نوڤۆچرکاسك چـۆڵ بکات و بگوازێتـەوە بۆ کونستانیتنوڤسکایا. جەنـەراڵ پوپـوف، ئەتامانی جـەنگی تازەی سوپای دون، کە بەرەبەیان بیستبووی گولوبوف، میلیخوفسکایای چۆڵ کردووە و بەرەو بیسەرگنفسکایا وەڕیکـەوتووە، لەگـەڵ قوزاقـەکانی خۆیـدا لـە نوڤۆچرکاسك پاشەکشـەی کـردووە و هـەموو دارایـی سوپای لەگەڵ خۆیدا بردووە. ئەنجوومەن نەقیب سیڤولوبوڤی نارد بۆ لای گولوبـوف تـا دەربـارەی هەلومەرجی ڕادەستکردنی نوڤۆچرکاسك گفتوگۆ بکات. سوارەکانی گولوبـوف، بێئـەوەی تووشـی هـیچ بەرەڤانیـەك ببن، لـە دوای نـەقیبی ناڤبریەوە چوونە نـاو نوڤۆچرکاسکەوە، خـودی گولوبـوف دەگەڵ کۆمەڵێك قۆزاقی زۆردا، ئەسپەکەی، کە کەف کەوتبووە لالغاوی، یەکڕاسـت بـەرەو بارەگـای ئەنجوومـەن تـاودا. کۆمەڵـە خـەڵکێك لـە بـەر دەرگـا خڕبووبوونـەوە، موراسـیلێك بـە ئەسـپێکی زیـن کراوەوە چاوەڕوانی جەنەراڵ نازاروف بوو.

بونچوك، خـۆی لـە ئەسپـەکەی هەڵدایـە خـواریٚ و ڕەشاشـە ئۆتۆماتیکیەکـەی بـە دەسـتەوە گـرت. لەگەڵ گولوبوف و قوزاقـەکانی دیکـەدا، بـە هەشـتاو خـۆی بـە بیناکـەدا کـرد. کـە دەنگـی کرانـەوەی دەرگاکـە بـەرزبووەوە، ئـەو نوێنـەرانـەی کـە لـە هۆڵـە گەورەکـەدا کۆبووبوونـەوە، هـەموو پەشـۆکان و ڕەنگیان سپی بوو.

گولوبـوف، بـە دەنگێکـی مکـوم و دلێـر، وەکـو ئـەوەی لـە مەیـدانی مەشـق و سـەربازخانەدا بـیٚ، فەرمانی دا:

– هەستنە سەر پیٚ!

هێندە بەپەلە، بە خۆ و قوزاقەکانی دەوریەوە، بەرەو مێزی سەرۆك ڕۆیـی، پێـی خزی.

ئەندامانی ئەنجوومەن، کە گوێیان لە فەرمانەکەی ئەوبوو، بەدەم تەق و هۆڕی کورسیانەوە هەستانە سەرپێ، تەنیا نازاروف لە جێی خۆی هەڵنەستا. بە دەنگێکی تووڕە گوتی:

– چۆن زات دەکەن، کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بشێوێنن؟

– بێدەنگ! تۆ دەست بەسەری!

گولوبوف، بە چارەی گرژ و مۆنەوە، بەرەولای نازاروف تاوی دا و نیشانەی جەنەراڵی، لە کەتافیەکانی داماڵی، ئەوجا نەڕاندی:

– پێم گوتیت هەستە سەرپێ! بیگرن! لە گەڵ تۆمە گەورەی عەسکەران!

بونچوک، لەم کاتەدا ڕەشاشەکەی لەبەر دەرگاکەدا دامەزراند. ئەندامانی ئەنجوومەن وەکو بەرخەل خۆیان دەدایە پاڵ یەکدی. قوزاقەکان، نازاروف و ڤولوشینوڤی سەرۆکی ئەنجوومەنیان کە لە ترسا شین و مۆر بووبووەوە، دایە پێش و بە بەردەم بونچوکدا تێپەڕین.

گولوبوف، بە ڕینگ و هۆڕی شمشێرەکەیەوە، لە دوای ئەوانەوە دەڕۆیی، سیمای گەنم ڕەنگی پڕبوو لە پەڵەی سوور، یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن، سەری قۆڵی گرت:

– جەنابی سەرهەنگ، قوربان ئێمە بۆ کوێ دەبەن؟

یەکێکی دیکە، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە، لە سەر شانی گولوبوفەوە سەری هێنایە پێشێ:

– ئێمە ئازادین؟

گولوبوف، بە بێزارییەوە هاواری بە سەرا کردن:

– دە بڕۆن، هەیدی گوم بن لە بەرچاوم.

گولوبوف، پاش ئەوەی گەییە نزیکی بونچوك، ئاوڕێکی لە ئەندامەکانی ئەنجوومەن دایەوە، پێی بە عاردیدا کوتا:

– دە بڕۆن، لە کۆڵم بنەوە، وەختی ئەوەم نیە بە ئێوەوە خەریك بم، دەبڕۆن، چاوەڕوانی چین؟

دەنگە گڕ و نووساوەکەی، تا ماوەیەك لە هۆڵەکەدا هەر دەنگی دەدایەوە.

بونچوك، ئەو شەوەی لای دایکی، کە ماڵی لەوێ بوو، بە سەربرد، بەڵام ڕۆژی دوایی کە هەواڵی گرتنی روستوف، لەلایەن هێزەکانی سیڤێرسەوە گەییە نوڤوچرکاسك. مۆڵەتی لە گولوبوف وەرگرت کە بڕوات بۆ روستوف و هەر ئەو بەیانیە بە سواری ئەسپ بەرەو ئەوێندەر وەڕێکەوت. کە گەییە روستوف، دوو ڕۆژی لە بارەگای سەرکردایەتی سیفیریسدا بە سەربرد. ئاشنایەتی لە گەڵ سیفیرسدا دەگەڕایەوە بۆ ئەو کاتەی کە یەکێك بوو لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی (پراڤدای سەنگەر). سەرێکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕانیشیدا. بەڵام ئابرامسون و ئانای لەوێ نەبینین. لە بارەگای سەرکردایەتی سیفیرسدا دادگایەکی شۆڕشگێڕی دامەزراندبوو کە بە شێوەیەکی نائاسایی و بەپەلە دادگایی یەخسیرانی گاردی سپی دەکرد. بونچوك، یەك ڕۆژی تەواو لەوێندەر کاری کرد و لە تاقیب و گرتنی ئەندامانی گاردی سپیدا بەشداری کرد. بۆ ڕۆژی دوایی، بۆ جاری دووەم بە نائومێدییەوە چوو بۆ کۆمیتەی شۆڕش. بەڵام هەر کە ویستی بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوێت، گوێی بە دەنگی ئاشنای ئانا زرینگایەوە. دڵی کەوتە پەلەپەل. پێی

سووك كرد و دەرگای ژووری دووەمی، كە دەنگی ئانا و پێكەنینەكەی لەوێندەرەوە دەهات، كردەوە و خۆی وەژوورا كرد. ئەم ژوورە كە جاران ئۆفیسی فەرماندەی سوپایی بوو، پڕبوو لە دووكەڵە جگەرە. پیاوێك بە پاڵتۆیەكی بێ دوگمە و كڵاوێكی فەروەوە، لە سووچێكا و لەسەر مێزێكی چكۆلەی ژنانەدا خەریكی نووسین بوو. كۆمەڵێك سەرباز و مەدەنی پۆستین و پاڵتۆ لەبەر دەوییاندا بوو و بەدەم قسەكردنەوە جگەرەیان دەكێشا. ئانا لە بەر پەنجەرەیەك و پشت لە دەرگاكە وەستابوو. ئابرامسۆن لە قەراغ پەنجەرەكە و دەست لە ئەژنۆیان دانیشتبوو. سەربازێكی باڵابەرزی گاردی سوور كە بە شێوەیا لە خەڵكی لیتوانیا دەچوو، لە لایەوە وەستابوو، سیغارێكی بەدەستەوە بوو و قامكە تووتەی ڕاست ڕاگرتبوو، وا دیاربوو حیكایەتێكی پێكەنیناوی دەگێڕایەوە، چونكە ئانا سەری بردبووە دواوە و بە كوڵ پێدەكەنی، بزەیەك نیشتبووە سەر سیمای ئابرامسۆن، ئەوانی دیكەش بە وردی گوێیان ڕادەدێرا و بزەیان دەهاتێ. زیرەكی و قۆشمەیی سووكە بەدنیهادیەك، لە سەر و سیمای زبر و مۆنی سەربازەكەی گاردی سوور، كە دەتگوت بە تەور لە داریان داتاشی بوو، هەڵدەقوڵا.

بونچوك، چووە پێشەوە و دەستی خستە سەر شانی ئانا:

– سڵاو ئانیا!

ئانا، ئاوڕی دایەوە. سەروچاوی تا سەر شان و ملی سوور بووەوە. ڕوندك لە چاوانیا قەتیس ما. بێئەوەی چاوانی هەڵبڕێ، بە زمانە لاڵكێوە گوتی:

– لە كوێوە دێی؟ ئابرامسۆن تەمەشای بكە، دەڵێی سكەی تازەیە، كەچی تۆ هەر خەمی ئەوت بوو!

ئانا، وەرچەرخا و بەرەو دەرگاكە چوو، سۆز و گودازی خۆی پێ زەوت نەدەكرا. بونچوك دەستە گەرمەكەی ئابرامسۆنی گوشی، چەند قسەیەكی لەگەڵیا كرد و، چونكە هەستی دەكرد لە خۆشیا دەمی نایەتەوە یەك و بزە لێوی بەر نادات، بێئەوەی وەڵامی پرسیارەكەی ئابرامسۆن (كە لە ڕاستیا پرسیارەكەی نەگەیی بوو) بداتەوە، خۆی گەیاندە ئانا. ئانا، ئیدی خۆی زەوت كردبوو. هەرچەندە لە خۆی تووڕەبوو كە نەیتوانی بوو، شپرزەیی و پەشۆكانی خۆی وەشێرێت، بزەیەكی بە ڕوویا دا و گوتی:

– دەی دووبارە سڵاو. چۆنی، حاڵت چۆنە؟ چ دەكەی؟ كەی گەیشتیتە ئێرە؟ لە نوڤوچركاسكەوە دێی؟ دەگەڵ مەفرەزەكەی گولوبوفدا بوویت؟ ئێ دەنگ و باس چیە؟..

بونچوك، بەدەم وەڵام دانەوەوە، چاوانی لە چاوی ئەو نەدەگواستنەوە، بەڵام ئانا، بەرگەی نیگاكانی ئەوی نەدەگرت و تەماشای شوێنێكی دیكەی دەكرد و پێشنیازی كرد:

– حەزدەكەی، بچینە دەرەوە؟

كە خەریك بوو لە دەرگاكەوە وەدەردەكەوتن، ئابرامسۆن لە دواوە بانگی كرد:

– زوو دەگەڕێنەوە؟ هاوڕێ بونچوك، كارێكم پێتە.

– دوای سەعاتێكی دی دەگەڕێمەوە.

که گەیینە سەر شەقامەکە، ئانا ڕاستەوخۆ چاوانی میهرەبانی بڕینە چاوانی بونچوک و بەدەم گلەییەوە لە خۆی، گوتی:

– ئیلیا، ئیلیا، خۆ بینیت، چەند گەوجانە پەشۆکام، هەرچیم دەکرد خۆم پێ زەوت نەدەکرا! کوت و مت وەکو کچۆڵەیەك! هۆیەکەی ئەمەبوو یەکەم وێنام نەدەکرد بتبینم، دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییە گۆنگ و ناڕوونەکەمان لە گەڵ یەکدیدا. بە ڕاستی ئێمە چی یەکترین بونچوك؟ پەیوەندی دوو دەزگیرانی شەیدایە؟ دەزانی، ئابرامسون، ڕۆژێك لە لوگانسك لێی پرسیم: " لەگەڵ بونچوکدا پێکەوە دەژین؟" حاشام کرد. بەڵام ئەو پیاوێکی بە سەرنج و تیژبینە، مەحاڵە پەی بەم شتە زەقانە نەبات. هیچی نەگوت.بەڵام بە چاویا بۆم دەرکەوت کە باوەڕی بە قسەکەم نەکرد.

– دەی باسی خۆتم بۆ بکە، چ دەکەی؟ حاڵت چۆنە؟

– ئۆ! لەوێ، لە لوگانسك کاری زۆر باشمان کرد! هێزێکی دووسەد و یازدە نەفەریمان پێکەوە نا، زۆر چالاکی ڕێکخراوەیی و ڕامیاریمان ئەنجام دا... ناتوانم بە یەك دوو وشە هەموو ئەو کارانەت بۆ بگێڕمەوە! من هێشتاش لەم هاتنە کوت و پڕەت وەخۆ نە هاتوومەتەوە. لە کوێ... شەو لە کوێ دەبی؟

– لێرە... لە ماڵی هاوڕێیەك.

بونچوك، پەشۆکابوو. درۆی دەکرد. شەوێ لە بارەگای سەرکردایەتی سیڤێروس دەمایەوە.

– دەبێ ئەمڕۆ بێی بۆ ماڵی ئێمە. لە بیرت ماوە لە کوێیە؟ نەبوو جارێك گەیاندمیتەوە.

– دەیدۆزمەوە. بەڵام نابم بە ئەرك بەسەر کەسوکارتەوە؟

– ئەم قسەیە چیە، قسەی وا مەکە! نابێ بە ئەرك بەسەر هیچ کەسێکەوە.

بونچوك، دەمەوئێوارێ، کەل وپەلەکانی خۆی، لە کۆڵەپشتە سوپاییەکەی ناو، خۆی گەیاندە جادەیەکی لاوەکی کە ناری شار کە ماڵی ئانا لەوێندەر بوو. پیرەژنێك لەبەر دەرگای خانوویەکی چکۆلەی کەرپووچ (خشتی سوور) پێشوازی لێکرد، سیمای کەمێك لە ئانا دەچوو: هەمان چاوانی ڕەشی سورمەیی و هەمان کەپووی دەنووکە داڵاشی، بەڵام پێستی چرچ و لۆچ و دەم و زاری قوپاو و بە قوڵا چووی، گەواهی پیرییان دەدا. پرسی:

– تۆ بونچوکیت؟

– بەڵێ.

– فەرموو ژوورێ. کیژەکەم باسی تۆی بۆ کردووم.

بونچوکی بۆ ژوورێکی چکۆلە ڕێنوێنی کرد و پێی نیشاندا کە شتەکانی لە کوێ دابنێ. ئەوسا بە قامکێك کە بە هۆی باداری و ڕۆماتیزمەوە خوار و خێچ و کۆڵەوار بووبوو، ئاماژەیەکی بە سەرانسەری ژوورەکەدا کرد:

– تۆ لێرە دەنوویت. ئەمەش تەختەخەوی تۆیە.

پیرەژن، بە فۆنەتیکێکی جولەکانەی زەق داخاوت (قسەی دەکرد). کچۆڵەیەکی باریك و بنێسی لەڕ و لاوازی تازەساڵی، چاوڕەش عەینی چاوانی ئانا، لە ماڵەوە، لە گەڵیا دەژیا.

دوای ماوەیەك ئانا هاتەوە و قەرەباڵغی و ئاوەدانی بە ماڵەكە بەخشی.

– كەس هات؟ بونچوك هاتووە؟

دایكی بە زمانی یەدی خۆیان بەرسڤی دایەوە و ئانا بە هەشتاو و بە هەنگاوی مكومەوە چووە بەر دەرگاكەی بونچوك و گوتی:

– دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

– بەڵێ، بەڵێ.

بونچوك بەدەم ئەو قسەیەوە هەستا و بەلەز بەرەو پیری چوو.

– دەی باشە، هیچت پێویست نیە؟

ئانا، بە نیگای گەش و شادەوە تێی ڕوانی و لەسەری ڕۆیی:

– نانت خواردووە؟ كوا وەرە بۆ ئەم ژوورەی دی.

سەری قۆڵی بلوزەكەی گرت و بردی بۆ ژوورەكەی دیكە.

– دایكە، ئەمە هاوڕێی منە...

بزەیەكی بۆ كرد و لە سەری ڕۆیی:

– ... لە گەڵیا میرەبان بە.

– ئەمە چ قسەیەكە؟ ... میوانی ئێمەیە.

سەرانسەری شەو، دەستڕێژی تفەنگ بەسەر ڕۆستوفدا وەكو بە ڕووی برژاو دەتەقیەوە. ناوبە ناو قرمژنی ڕەشاشێك بەرز دەبووەوە، ئەوجا هەموو دەنگەكان خامۆش دەبوون. شەوی تاریك و پڕ شكۆ و هەیبەتی مانگی شوبات، جارێكی دی باڵی بەسەر هەموو كوچە و كۆڵان و جادە و بانەكاندا دەكێشا. بونچوك و ئانا تا درەنگانێكی درەنگ لە ژوورە چكۆلەكەدا، كە بە تایبەتی بۆ ئەو ئامادەكرابوو و یەكجار پاك و خاوێن بوو، بە دوو قۆڵی دانیشتن. ئانا گوتی:

– ئەمە ژووری من بوو، ژووری من و خوشكە چكۆلەكەم بوو. بە خۆت دەبینی چەند سادە و ساكارە، كوت و مت لە ژووری ڕەبەنیتان دەچێت. نە تابلۆیەكی سادە، نە وێنەیەكی فۆتۆگرافی تیا نیە، هیچ شتێكی لەو شتانەی تیا نیە كە كچۆڵانی قۆناغی ئامادەیی لە خۆیانی كۆدەكەنەوە.

بەدەم ئاخاوتنەوە بونچوك پرسی:

– سەرچاوەی ژیانتان چی بوو؟

ئانا، بە جۆرە سەرفرازی و شانازییەكەوە بەرسڤی دایەوە:

– من لە كارخانەی ئاسلۆمۆڤ كارم دەكرد و دەرسی تایبەتیشم دەگوتەوە.

– ئەدی ئێستا؟

– دایكم خەیاتی دەكات. ئێستا دوو كەسن، مەسرەفیان زۆر نییە.

بونچوك بە وردی و بە تێر و تەسەلی باسی گرتنی نوڤوچركاسك و شەڕەكانی زڤیرۆڤو و كامنسكایای بۆ كرد. ئاناش چالاكی و یادگارییەكانی خۆی، لە لوگانسك و تاگانرۆكدا بۆ گێڕایەوە. كاتێ دایكی لە سەعات یازدەدا، چرای ژوورەكەی خۆی كوژاندەوە، ئەوسا ئانا شەوباشی لە بونچوك كرد و لە ژوورەكەی وەدەركەوت.

له مانگی مارسدا، بۆنچوك، بۆ دادگای شۆڕشی، سەر بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی دۆن تەنسیب کرا. سەرۆکی دادگا، پیاوێکی باڵابەرزی گۆنا قوپاوی، چاو ماندووی کار وشەونخونی زۆر بوو. لـە گـەڵ بونچـوکدا چـوو بـۆ بـەر پەنجـەرەی ئۆفیسـەکەی خـۆی، لـە کاتێکـا سـەیری سـەعاتە دەستیەکەی خۆی دەکرد و پەلەی بوو کە فریای دانیشتنی دادگا بکەوێ، گوتی:

– لە کەیەوە پەیوەندیت بە حیزبەوە کردووە؟ ئەها! زۆرباشە. بەڵێ، تۆ دەبیت بە قوماندانی ئێمە، واتە دەبی بە فەرمانـدەی دەستـەکانی ئیعدام. دوێشـەو فەرماندەکـەی پێشـووی خۆمـان، لەسەر بەرتیل خۆری هەواڵەی "ناوەندی دوخونین"کرد. (ناوەندی دوخونین: جەنەراڵ دوخونین، فەرماندەی گشتی سوپای ڕووسیا، لە کاتی شۆڕشی ئوکتۆبەردا، لە لایەن سەربازگەی شاری موهلیفەوە کە بارەگای سەرکردایەتی گشتی سوپا بوو، دەستگیرکرا. بەڵام خەڵکی خۆیان بەو فارگۆنەدا کرد کە ئەوی تیا زندانی بوو و کوشتیان: جا مەبەست لە هەواڵەکردن بۆ ناوەندی دوخونین، لێرەدا ئیعدام کردنە.) بە ڕاستی پیاوێکی هیچ و پوچ و خوێڕی بوو، نەخۆشی سادیەتی لەگەڵدا بوو. ئێمە ئەو جۆرە پیاوانە لە ڕیزی خۆمانا قەبووڵ ناکەین. هەڵبەتە کارەکەمان، کارێکی پیسە، بەڵام دەبێ ئاگامان لە ئەرك و مەسئولیەتی حیزبایەتی خۆمان هەبێت. لە مەبەستم تێدەگەی؟

سەرۆکی دادگا، جەختی لە سەر وشەکانی خۆی کرد و لە سەری ڕۆیی:

–... دەبێ ئینسانیەتی خۆمان بپارێزین. ئێمە کە ئەنتی شۆڕشیان لە ناو دەبەین، ئەمەمان لە ناچاریدایە. بەڵام نابێ ئەم کارە بکەین بە سێرك، وەکو سێرك تەمەشای بکەین، تێدەگەی چ دەڵێم؟ زۆرباشە، کەواتە ئێستا بڕۆ سەر کارەکەی خۆت و دەستبەکاربە.

بونچوك، هەر ئەو شەوە، بە فەرمانـدەیی مەفرەزەیـەکی شازدە کەسی گاردی سوور، پێنج مەحکوم بە مەرگی (دوژمنانی شۆڕش) لە سێ فرسەخی شاردا گوللەباران کرد. دوانیان قوزاق و خەڵکی دەڤەری گینلوڤسکایا و سیانیان خەڵکی روستوف بوون. دوای ئەوە تەقریبەن هەموو نیوە شەوێك، یەك گەڵابە مەحکووم بە مەرگی، دەبردە دەرێی شار. بەپەلە چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەندن (مەحکومەکان بە خۆیان دەگەڵ هەندێك لە سەربازەکانی گاردی سووردا، بەشداریان لە هەڵکەندنی ئەم چاڵانەدا دەکرد) ئەوجا بونچوك، سەربازەکانی خۆی ڕیزدەکرد، دەمانچەکەی خۆی بەرزدەکردەوە، بە دەنگێکی ئاسنینی خەفەوە فەرمانی دەدا:

– تەقە لە دوژمنانی شۆڕش... بکەن!

بونچوك، لە زەرفی هەفتەیەکدا، باریك بوو، ڕەش داگەڕا، دەتگوت لە گۆڕ دەرهاتووەتەوە. چاوەکانی بە قوڵا چوون، پێڵوەکانی شەکەت و ماندوو، بە تووڕەیی دەتروکان و نەیاندەتوانی پرشنگی سارد و پڕ نیگەرانی چاوەکانی وەشێرن. ئانا تەنیا شەوان دەیبینی، چونکە لە کۆمیتەی شۆڕشدا کاری دەکرد و درەنگ بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. بەڵام هەمیشە بەدەم چاوەڕوانی لێدانی شوشەی پەنجەرەکە لەلایەن بونچۆکەوە، دادەنیشت.

جارێك بونچوك، وەكو هەمیشە، دوای نیوەشەو هاتەوە، ئانا كە دەرگاكەی لێكردەوە، پرسی:

– شتێك ناخۆیت؟

بونچوك، بەرسڤی نەدایەوە. وەك مەستان بە لارەلار چوو بۆ ژوورەكەی خۆی، بێئەوەی پاڵتۆ و كڵاو و چەكمەكانی داكەنێت، خۆی دا بەسەر تەختەكەدا. ئانا چوو بەلایەوە، چاوی بڕییە دەموچاوی، چاوانی نوقاند بوون، ژارخەنێك لێوەكانی كشاندبوو و ددانە بریقەدار و نمناكەكانی دەركەوتبوون، چەپكێك لە قژی كە دوای گرانەتایەكەی تەنك بووبوو، ڕژابووە سەر هەنیەی.

ئانا، لەلایەوە دانیشت، بە دڵێكی غەمگینەوە و لەبن لێوانەوە گوتی:

– كارەكەت سەختە، ئیلیا؟

بونچوك، دەستی گوشی، دانەكانی لێكدی سوو، ڕووی كردە دیوارەكە و بێئەوەی هیچ قسەیەك بكات، لێی خەوت. بەڵام بەدەم خەوەوە قسەی دەكرد، كۆمەڵێك وشەی نامەفهووم و گلەیی ئامێزی لە زار دەهاتە دەرێ، دەیویست هەستێت. ئانا، بە ترسەوە لێی دەڕوانی، كە بینی بەو جۆرە خەوتووە، سپێنەی چاوە دەرپۆقیوەكانی، خوێنیان تێزاوە و لە نێوان پێڵوە نیمچە داخراوەكانیەوە زەرد دەچنەوە، تەواو ترسی لێنیشت. ئانا، بەیانی بە بونچوكی گوت:

– واز لەم كارە بێنە! بچۆوە بۆ شەڕگە، مەیدان و شەڕگە بۆ تۆ باشترە. ئەگەر دەزانی چ گۆڕانێكت بەسەر هاتووە ئیلیا! ئەگەر وا بڕوات گیانت لە سەر ئەم كارە دادەنێیت.

بونچوك، كە چاوانی لە تووڕەییدا دەفڕین، هاواری كرد:

– دەمت داخە!...

– هاوار مەكە، پێت ناخۆش بوو؟

بونچوك، یەكسەر دامركایەوە، لە تۆ وایە هەرچی داخێكی لە دڵا بوو، لە گەڵ ئەو هاوارەدا دەرچووبوو. بە سەر و سیمایەكی شەكەتەوە و بە نیگەرانی ڕوانیە هەردوو ناو لەپی خۆی و گوتی:

– بەڕاستی، لە بەین بردنی پۆخڵەوات و گەندەڵكاری مرۆڤانی، كارێكی پیسە. دەزانی گوللەباران كردنی خەڵكی، زەرەر بە جەستە و گیان دەگەیەنێ... نەفرەت لە هەر هەمووی...

بۆ یەكەمجار لە حوزوری ئانادا جنێوێكی پیسی دا و لە سەری ڕۆیی:

–.. تەنیا خەڵكانی شێت و گەوج و هۆڤی و توندڕەو بە كەڵكی ئەم كارە پیس و كرێتە دێن. وانیە؟... هەمووان حەزدەكەین لە باخی پڕ گوڵ و گوڵزارا بسوڕێینەوە. بەڵام دەبێ پێش چاندنی دار و درەخت و گوڵ، زەویەكە پاك بكرێتەوە، ئامادەبكرێت، دەبێ پەین بكرێت! دەبێ دەستەكانت بخەیتە گڵ و پیسییەوە و لای بەریت...

بونچوك، بەرەبەرە دەنگی بەرز دەكردەوە، بەڵام ئانا هیچی نەدەگوت و كەمێك لێی دوور كەوتەوە.

– ... دەبێ پیسی و كرێتیەكان لابرێت. بەڵام دڵیان لەم كارە تێك هەڵدێ!...

بونچوك هاواری دەكرد، مستی دەكێشا بە مێزەكەدا و پەیتاپەیتا چاوە خوێن گرتوو و گڕگرتووەكانی دەتروكاند.

دایکی ئانا هات، سەرێکی کێشایە ناو ژوورەکە، بۆنچوك وەخۆ هاتەوە و، هێورتر درێژەی بە قسەکانی دا:

– من، دەستبەرداری ئەم کارە نابم! دەزانم، دڵنیام کە لێرەدا خزمەت دەکەم. زڕ و زبڵان گسك دەدەم. پەین بە زەوییەوە دەکەم تا بڕشت پەیدا بکات، بە پیت تر بێت. ڕۆژێك دێت خەڵکی بە شادمانییەوە بەسەر ئەم ئەرزەدا ڕێدەکەن... ڕەنگە کوڕەکەی خۆم، ئەو کوڕەی کە هێشتا لەدایك نەبووە بەسەر ئەم ئەرزەدا بڕوات...

بونچوك لە قاقای پێکەنینێکی خەمناکی دا و لە سەری ڕۆیی.

–... چەندم لەم مێرووانە کوشتووە، ئەم گەنانە! گەنە، مێروویەکە خوێن دەمژێت... من تا ئێستا بەم دەستانەی خۆم دە دانەیەکم لێکوشتوون...

بونچوك. دەستەکانی درێژکرد، پەنجە تووکنەکانی لە چنگی هەڵۆ دەچوون، ئەوجا هەردوو دەستی خستنە سەر ئەژنۆکانی و لە سەری ڕۆیی:

–... بە جەهەنەم! دووکەڵکردن فایدەی نیە، پێویست بە شاردنەوە ناکات، دەبێ دان بەوەدا بنەم کە ماندووم... چەند ڕۆژێکی دی دەگەڕێمەوە بۆ شەڕگە، بە لێ هەق بە تۆیە.

ئانا، بە بێدەنگی گوێی لە قسەکانی دەگرت. بە نەرمی گوتی:

– یان بڕۆوە بۆ شەڕگە یان کارێکی دیکە وەربگرە... هەرچۆنێ بووە، لێرە وەرە دەرێ ئیلیا، دەنا شێت دەبیت.

بونچوك پشتی تێکرد و بە سەری قامکان کەوتە لێدانی شووشەی پەنجەرەکە.

– نەخێر... من کەسێکی بە ورەم. بەڵام وا وێنا نەکەیت پیاوی پۆڵایین هەبێ. هەموومان لە یەك قوماش دروستکراوین. کەس نیە لە شەڕا نەترسێت... یان کەس نیە وەختێ خەڵکێك دەکوژێت، هەست بە عەزابی مەعنەوی نەکات. من دڵم بە ئەفسەرەکان ناسووتێ... چونکە ئەوان وەکو من و تۆ دەزانن چ دەکەن، بەڵام دوێشەو لە نێو ئەو نۆ کەسەدا کە ئیعدام کران، سیانیان قوزاقی سادە بوون... خەڵکی زەحمەتکێش بوون. یەکێکیانم ئازادکرد...

دەنگی بونچوك نزمتر و نامەفهومتر بووەوە، دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێت:

– کە دەستم کردەوە، دەستم بەر دەستی کەوت... ڕەق... وەکو زەوی... قەڵەشاو. ناولەپی ڕەش... یەکپارچە جێگاتلۆقی... دەیسا دەبێ بڕۆم.

لە ناکاوا قسەکەی بڕی، بۆ ئەوەی ئانا نەیبینێ، ڕووی وەرگێڕا، کەوتە شێلانی گەرووی کە گریان وەکو کەمەند لە ئەوکی گیرابوو.

چەکمەکانی لە پێکرد، پەرداخێ شیری خوارد و کەوتەڕێ، ئانا، لە داڵانەکەدا خۆی گەیاندێ. ماوەیەکی زۆر دەستە قورسەکانی لە نێو دەستەکانی خۆی نا و ئەوجا نانی بە گۆنا گەرمەکانی خۆیەوە. ئەوسا بە غاردان چوو بۆ نێو حەوشەکە.

***

دنیا ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر دەبوو. بەهار لە دەریای ئازوفەوە لە کەنارەکانی دۆنی دەدا. لە کۆتایی مانگی ئازاردا، یەکەکانی گاردی سووری ئۆکرانی، کە لە هەنبەر هایداماك و ئەڵمانەکاندا

پاشەکشەی دەکرد (هایداماك: سەربازانی ناسیونالیستی ئۆکرانی بوون کە دژایەتی بەلشەویکەکانیان دەکرد.) کەم کەم ڕوویان دەکردە ڕوستوف. ئیدی ڕەشەکوژی و تالانی و پێشێلکاری نایاسایی لە شاردا دایە زیادی. کۆمیەتی سۆڕش ناچاربوو هەندێ لەو مەفرەزە و یەکانەی کە بە تەواوەتی گەندەڵ بووبوون، چەك بکات. دیارە ئەم کارە بەبێ پەشێوی و پێکادان و تەق و تۆق مەیسەر نەبوو. قوزاقانی دەوڕ و بەری نوڤوچرکاسك جم و جوڵیان تێکەوتبوو. وەك چۆن سپیدار لە مانگی ئازاردا چرۆدەکات و دەکەوێتە گەڵا دەرکردن، بەو ئاوایە ناکۆکی و دژایەتی نێوان قوزاقان و غەوارە و بێگانان، ڕووی لە زیادی کرد، لێرە و لەوێ یاخی بوون و ڕاپەڕین هەڵگیرسا، زۆر پیلان و دەسیسەی دژ بە شۆڕش ئاشکرابوو. بەڵام ڕۆستوف، لە ژیانی پڕ جۆش و خرۆشی خۆی بەردەوام بوو. ئێواران، ئاپۆڕای سەرباز و دەریاوان و کرێکاران، بە جادە سەرەکیەکەی شارا، بە شەقامی سادوڤایادا، پیاسەی خۆیان دەکرد. میتینگ و کۆبوونەوە، گردبوونەوەی جەماوەریان سازدەدا. خەڵکی گوڵە بە ڕۆژەیان دەخوارد، تفیان دەکردە سەر شۆستە نمسارەکان (نمدار)، چاوبڕکێ و چاوبازیان دەگەڵ ژناندا دەکرد. وەکو جاران کاریان دەکرد، دەیانخوارد، دەیانخواردەوە، دەخەوتن، دەمردن، زاوزێیان دەکرد، دۆستایەتیان دەکرد، دژمنایەتیان دەکرد، شنەی نمەکینی دەریایان هەڵدەمژی، لە سایەی دنیایەك سۆزی بەرز و کەڵکەڵەی نزمدا دەژیان. روستوف، ڕۆژانێکی شووم و نالەباری لە پێش بوو. بەفر تازە دەتوایەوە، بۆنی خاکی ڕەش و خوێنی شەڕ و ئاژاوەی ئاییندە، دەگەییە کەپووان.

ڕۆژێك، لەم ڕۆژە خۆشە هەتاوانەدا، بونچوك زووتر لە ڕۆژان بۆ ماڵ گەڕایەوە، زۆری پێ سەیر بوو کە ئاناش لە پێش ئەوا هاتبووەوە. ئانا پرسی:

– ئەرێ تۆ ڕۆژان درەنگ دەهاتیەوە. خێرە وا ئەمڕۆ زوو هاتویتەوە؟

– نەخۆشم.

ئانا، دوای کەوت بۆ ژوورەکە. بونچوك پاڵتۆکەی داکەند، بە دەم بزەیەکی شادیەوە گوتی:

– ئانا، لەمڕۆ بەدواوە، لە دادگا کارناکەم.

– چۆن؟ بۆ کوێ نەقڵ بوویت؟

– بۆ کۆمیتەی شۆڕش. ئەمڕۆ قسەم لە گەڵ کریڤوشلیکوفدا کرد. بەڵێنی دامێ بۆ یەکێك شاروچکەکانی ئەم دەڤەرەم بنێرێ.

پێکەوە شێویان خوارد. بونچوك چوو بنووێت. بەڵام لەبەر پەرێشانی و شپرزەیی خۆی خەوی لێنەدەکەوت. جگەرە لە سەر جگەرەی دەکێشا، لە سەر دۆشەکە زبرەکەی ئەم دیو و ئەودیوی دەکرد. هەناسەی خۆشی هەڵدەکێشا، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە چیتر لە دادگادا کارناکات. هەستی دەکرد، ئەگەر ماوەیەکی زیاتر لە سەر ئەو کارە بەردەوام بوایە، تاقەتی دەچوو، هەرەسی دێنا و لێدەبووەوە، چوارەمین سیغاری لە تەواو بوونا بوو کە گوێی بە دەنگی هێواشی دەرگاکە زرینگایەوە. سەری هەڵبڕی و ئانای بینی. بەپێی پەتی و بە تۆی کراسێکی تەنکی خەوەوە، خۆی خزاندە ژوورەوە و بە ئەسپایی خۆی گەیاندە دیار تەختەخەوەکەی. تیشکی سەوزی

تەماوی مانگ لە درزی پەنجەرەکەوە دەهاتە ژووریّ و دەڕژایە سەر شانە هێلکەییە ڕووتەکەی. بە سەریا دانەویەوە و ناو لەپە گەرمەکەی نایە سەر لێوانی بونچوك.

– کەمێك بڕۆ ئەولاوە، قسە مەکە...

لەپاڵیا ڕاکشا. بە بیّ سەبری، چەپکێك لە قژەکەی، کە وەکو هێشووە تریّ، بە سەر هەنیەیدا کەوتبوو، لادایە لاوە. چاوەکانی وەك بڵێسەی ئاگرێك لە نێو چەڕەدۆکەڵێکی شێنباوەوە، بریسکانەوە. بە داخ و کەسەرێکی پڕ ئازارەوە، بە گوێیا چپاند:

– درەنگ یان زوو، ئەمڕۆ بیّ یان سبەی لە تۆ دەبم... بۆیە دەمەویّ بە هەموو بوونمەوە خۆشم بوێی...

کە ئەو قسەیەی کرد تەزوویەك بە سەراپایدا هات و لە سەری ڕۆیی:

–... دەی وەرە، خێراکە!

بۆنچوك لە ئامێزی گرت، ڕایمووسی، بەڵام بە ترسەوە. شەرم سەراپای داگرت، لە نێرێنی خست، هەستی کرد توانای نیە. سەری دەلەرزی، گۆناکانی لە داخا گڕیان لێدەبووەوە. ئانا بە تووڕەیی خۆی لە باوەشی دەرهێنا، بە نەفرەت و بێزاریەوە بە دەنگێکی پڕ لە تەوس و توانجەوە، لە بن لێوانەوە گوتی: – ناتوانی؟... یان... نەخۆشیت؟... ئوو!... بە ڕاستی شەرمە... وازم لێبێنە.

بونچوك، قامکەکانی توند گوشین، چاوی بڕینە قوڵایی چاوە ڕەش و تاریك و تەماوی و تووڕەکانی، وەکو خەڵکانی ئیفلیج سەری دەلەرزی، بە زمانێکی گیرەوە گوتی:

– بۆچی؟ بۆچی سەرزەنشتم دەکەیت؟ بەڵیّ، تا سەر مۆخ سووتاوم، بووم بە خۆڵەمێش! تەنانەت، حاڵی حازر توانای ئەم کارەشم لێبڕاوە... من نەخۆش نیم... تێدەگەی... هەوڵ بدە لێم تێبگەی! وزەم لەبەر بڕاوە، لە هەموو توانایەك بە تاڵ بوومەتەوە!... ئا ئاخ!...

بونچوك، ناڵەیەکی کپی بۆ کرد، لە تەختە خەوەکە هاتە خواریّ، سیگارێکی پێکرد. ماوەیەکی زۆر بە شانی داچەکیوەوە لەبەر پەنجەرەکە وەستا... لە یەکیك دەچوو حەسیر مەیدان کرابیّ.

ئانا هەستا، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، بە ئەسپایی باسکی لە قەدی وەرینا و بە ئارامی، وەکو دایکێك، تەوێڵی ڕامووسی. دوای هەفتەیەك، ئانا، لە کاتێکا سەروچاوە گەرمەکەی خۆی لە ژێر باڵی بونچوك دەنا و لە شەرما سوور بووبووەوە و دەنگی دەلەرزی، گوتی:

– وام تەسەور دەکرد... کە لە گەڵ خەڵکی دیکەدایت و هەموو هێز و توانای خۆت لەودا سەرف کردووە... نەمدەزانی کارەکەت بەم ڕادەیە شنگ و هێزی لێبڕیویت، بەم ڕادەیە چۆڕ بڕی کردویت.

بونچوك، لەوساتەوە، نەك هەر هەستی بە نەوازشی ئاشقانەی ئانا دەکرد، بەڵکو هەستی بە میهر و مێریڤانی دایکانەشی دەکرد.

بونچوکیان، بۆ شارۆچکە نە نارد. پودتیلکوف، سووربوو لەسەر ئەوەی کە لە رۆستوف بمێنێتەوە. لەو کاتانەدا کۆمیتەی شۆڕش لە گەرمەی چالاکی خۆیدا بوو، تا حەزکەی کاری

هەبوو. کۆمیتە خەریکی زەمینەسازی بوو بۆ گرێدانی کۆنگرەی سۆڤێتاتی ناوچەیی و خۆی ئامادە دەکرد بۆ شەڕی ئەنتی شۆڕشیان کە لەو بەری دۆنەوە، سەریان قوت کردبووەوە.

"٢١"

قوڕباقان، لەودیو داربیەکانی ڕەخی ڕوبارەکەوە، بە جۆرەها دەنگی جیاواز دەیانقڕاند. هەتاو لە کەل ئاوا دەبوو. کزەی سەرمای ئێواریٚ باڵی بەسەر گوندی سیتراکوفدا دەکێشا. سێبەری خواری ماڵەکان، کەوتبووە سەر جادە گڵەکە. پەز و ماڵات و ڕەوکە ئەسپێن گوندی، بە تەپوتۆز لە دەشت و دەرەوە بەرەو ئاوایی دەهاتنەوە. ژنە قوزاقان، شول (تەڕکە) بە دەست، مانگا و گاوگۆتاڵیان لە لەوەڕگەکانەوە دێنایەوە و بەدەم ڕێگاوە لە هەزار و یەك ئاشیان دەکرد. منداڵە قوزاقی پێخاوس، بە دەموچاوی تاوانگازەوە (تاوەسووت)، لە کوچە و کۆڵانەکاندا خەریکی حەمزەل و یەکە و گۆتەکە بوون. پیرەمێردانی گوند، مات و بەویقار لە سەر سەکۆی بەردەم ماڵەکان دانیشتبوون.

خەڵکی گوند، لە تۆودانی بەهارە بووبوونەوە. بەڵام هێشتا لێرە و لەویٚ، خەڵکانێك مابوون کە هەرزن و گوڵە بە ڕۆژەیان دادەچاند.

لەوسەری گوند، کۆمەڵە قوزاقێك، لە سەر چەند کۆتەرە بە ڕوویەکی هەڵکەنراو، لە نزیکی ماڵێکا، دانیشتبوون. خاوەنی ماڵەکە، پیاوێکی دەموچاو کونجی ئاوڵاوی بوو کە کاتی خۆی تۆپچی بوو. ئەم پیاوە چیرۆکێکی زەمانی شەڕی ئەڵمانی دەگێڕایەوە. گوێدێرەکانی، پیرەمێردێکی دراوسێیان و زاواکەی بوون. زاواکەی کوڕێکی گەنجی قژ لوول بوو، ئەمانە بە کڕی گوێیان لێدەگرت. ژنی خاوەن ماڵەکە. کە ئافرەتێکی باڵابەرزی جوانی گۆشتن بوو، لە قاڵدرمەکانەوە دەهاتە خواریٚ. هەردوو کراسە پەمەییەکەی لە ناو تەنوورەکەی نابوو، قۆڵەکانی تا ئانیشکان هەڵکردبوو، باسکە ئەسمەر و پڕ و جوانەکانی بە دەرەوە بوون. سەتڵێکی بە دەستەوە بوو، سەربەست و سەربەرز، بە هەمان متمانە و کەش و فش و شکۆ و جەلالی هەر ژنە قۆزاقێکەوە بەرەو گەوڕی چێڵەکان ڕۆیی. قژی لە ژێر لەچکە سپیە ئامال شینەکەیەوە هاتبووە دەریٚ (چونکە تازە تەپاڵەی بۆ ئاگری بەیانی لە سۆپاکە کردبوو) بەبیٚ گۆرەوی جووتیٚ پۆتینی لە پیٚ کردبوو، بە نەرمی، بەسەر ئەو گیایەی ناو حەوشەدا کە تازە چەکەرەی دەکرد، دەڕۆیی. ئەو پیاوانەی کە لەسەر کۆتەرە بەڕووەکان دانیشتبوون، گوێیان لە خوشە خوشی شیرەکە بوو، کە لە گوانی چێڵکەوە دادەخوشی و بەر دیواری سەتڵەکە دەکەوت. ژنەی تاین دوای ئەوەی لە دۆشینی چێڵەکان بووەوە، بەرەو ماڵ گەڕایەوە. سەتڵێکی پڕ شیری بە دەستی چەپی، کە وەکو گەردنی قوو چەماندبویەوە، هەڵگرتبوو و بە هەنگاوی کەمێك قورستر ڕێی دەکرد. لە سەر قاڵدرمەکانەوە و لەبەر دەرگاکەوە، بە دەنگێکی خۆش بانگی کرد:

- سیوما، بڕۆ بزانە گوێرەکەکە بێنەوە.

شووەکەی، وەڵامی دایەوە:

- ئەدی میتیاشکا لە کوێیە؟

– چوزانم، خەریکی بەرەڵابییە.

یارۆی قوزاقی، بە کاوەخۆ هەستا و بەرەو سیلەی جادەکە ڕۆیی. پیرەمێردەکە و زاواکەشی هەستان و بەرەو ماڵی خۆ بوونەوە. بەڵام یارۆی مێردی ژنەکە، لە پێچی جادەکەوە بانگی لێکردن:

– دوروڤی گاڤریلچ، وەرە تەمەشا، وەرە بۆ ئێرە!

بە جووتە بەرەولای یارۆی قوزاقی چوون. یارۆ بە بێدەنگی ئاماژەی بۆ پێدەشتەکە کرد. گەردەلوولێکی بازنەیی و ئەرخەوانی بەسەر جادەکەدا دەخولایەوە و لەودیو گەردەلوولەکەوە، تابوورێك سەربازێن پیادە و سوارە بە بارو بنە و چەك و جبەخانەوە دەهاتنە پێشێ. پیرەمێرد، چاوانی چکۆلە کردنەوە و دەستەکانی وەکو کەپر خستە سەر برۆ سپیەکانی.

– لەوە دەچێ، لەشکر و سەرباز بن، وانیە؟

یارۆی خاوەن ماڵ، بە نیگەرانی گوتی:

– ئەمانە، دەبێ کێبن؟

ژنەکەی لە حەوشە وەدەرکەوت، چاکەتێکی بە شانیا دابوو، تەمەشایەکی پێدەشتەکەی کرد و هەناسەیەکی پڕ نیگەرانی هەڵکێشا:

– ئەیەڕۆ، ئەمانە کێن؟ چەند زۆرن، یا حەزرەتی مەسیح فریامان بکەوە!

پیرەمێرد، کەمێك ئەم پێ و ئەو پێی کرد و پاشان بەرەو ماڵ پەل بووەوە و بە دەنگێکی تووڕە بە زاواکەی گوت:

– وەرە ماڵەوە. پێویست ناکا لێرەیا بوەستی و تەمەشا بکەیت؟

ژنان و منداڵان، بەرەو پێچی جادەکە هاتن و پیاوان بە دوویانا. تابوورێك سەرباز، بە جادەکەدا دەهات، گەییە یەك فرسەخی گوند، جارجار دەنگی گۆنگ و نامەفهوومی سەربازان و حیلەی ئەسپ و تەق و هۆڕی گالیسکان بەدەم بایەکەوە دەگەییە ناو ماڵەکانی گوند.

ژنی کابرای کۆنە تۆپچی، بە مێردەکەی گوت:

– ئەمانە قوزاقی نین... خۆماڵی نین.

کابرا، شانەکانی هەڵتەکاند:

– دروستە قوزاق نین. تۆ بڵێی ئەڵمان بن؟ نا، ڕووسن... تۆ تەمەشا، بەیداخە سوورەکەیان دەبینی! ئەها، کەواتە...

قوزاقێکی باڵابەرز کە کاتی خۆی لە کەتیبەی ئەتامانسکیدا سەربازی کردبوو، هاتە ناویان. دیاربوو مەلاریایەتی: ڕەنگ و ڕووی زەرد لە تۆ وایە تووشی زەردوویی بووە. خۆی لە پۆستینێکەوە پێچابوو و دوو چەکمەی لبادی لە پێدا بوو. کڵاوە فەرووەکەی لە سەری داکەند و گوتی:

– بەیداخەکەیان دەبینن؟... بەلشەویکن.

– بەڵێ، خۆیانن.

چەند سوارێك لە تابوورەكە هەڵبڕان و بە چوار ناڵە بەرەو گوند هاتن. خەڵكەكە تەماشایەكی یەكدیان كرد و بە بێدەنگی بڵاوەیان لێكرد. كچۆڵان و منداڵان، پێیان وەغارێوە نا و بڵاوەیان لێكرد. دوای پێنج دەقیقەیەك جادەكە چۆڵ بوو. سوارەكان، بە تاو خۆیان بە ناو گوندیدا كرد و لای ئەو كۆتەرە دار بەڕوانەی كە پێش چارەكە سەعاتێك قوزاقەكان لەسەری دانیشتبوون، وەستان. یارۆی كۆنە تۆپچی لەبەر دەرگای حەوشەی خۆیان وەستابوو. یەكەمین سوار، كە وادیاربوو بەرپرسیان بوو، ئەسپێكی ڕەشی لە ژێرا، و كڵاوێكی قوزاقی كۆبانی لەسەر و، بلوزێكی ناوقەد تەنگی لەبەر و، دەسماڵێكی ئاوریشمی سووری لە مل بەستابوو، هاتە پێشێ و لەبەر دەرگا وەستا:

– سڵاو قوزاقی، ئەو دەرگایە بكەوە!

یارۆی كۆنە تۆپچی، ڕەنگ بە ڕووە كونجەكەیەوە نەما، كڵاوەكەی داگرت:

– ئێوە كێن؟

سەربازە، كڵاو كوبانیەكە هاواری كرد:

– دەرگا بكەوە.

ئەسپە ڕەش، بە چاوانی كینەئامێزەوە، زەق زەق دەیڕوانی و لغاوەكەی لە دەمیا، ئەم جێ و ئەو جێی دەكرد، جووتەیەكی بە پەرژینی حەوشەكەدا كێشا. خاوەن ماڵ دەرگاكەی كردەوە. سوارەكان یەك لە دووی یەك وەژووركەوتن.

بەرپرسەكەیان، یارۆی كڵاو كوبانی، بە گورجی خۆی لە ئەسپەكەی هەڵدایە خوارێ و بەوپەڕی متمانەوە بەرەو قاڵدرمەكان ڕۆیی و لەو ماوەیەدا كە سوارەكانی دی خەریكی دابەزین بوون، لە سەر قاڵدرمەكە دانیشت، قوتووی جگەرەكەی دەرهێنا، جگەرەیەكی بۆ خۆی پێكرد و قوتووەكەی بۆ خاوەن ماڵەكە ڕاگرت:

– جەگەرە ناكێشیت؟

– نا، سوپاس.

– ئێوە، خەڵكی ئێرە، لە پەیڕەوانی ئاینی كۆنن (سەلەفی) وانیە؟

– نەخێر، ئێمە ئەرتەدۆكسین. ئەدی ئێوە چین؟

– ئێمە! گاردی سووری، سەر بە سوپای دووەمی سوسیالیستین.

سوارەكانی دی، هەوساری ئەسپەكانیان ڕاكێشا، هێنانیانە بەر قاڵدرمەكان و بە سنگی پەرژینەكەیانەوە بەستن. سوارێكی درێژ داهۆڵ، كە كاكۆڵە چڵكنەكەی وەكو یاڵی ئەسپ ڕژابووە سەر هەنیەی و شمشێرەكەی لە لاقی گیردەبوو، بەرەو ئاغەڵی پەزەكان ڕۆیی، وەكو ئەوەی خاوەن ماڵ بێ، دەرگای ئاغەڵەكەی كردەوە، دانەوییەوە و چاوی بە ناو ئاغەڵەكەدا گێڕا. شاخی بەرخێكی قەڵەوی دوگ پانی دابەستە ئاسای گرت و بە دەنگی بەرز هاواری كرد:

– پیتریچنكۆ، وەرە یارمەتیم بدە.

سەربازێكی كورتەباڵا، كە پاڵتۆیەكی چەرمی نەمساوی لە بەربوو، بە هەشتاو هاتە كۆمەكی. یارۆی خاوەن ماڵ، دەستی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا و سەیری دەور و بەری خۆی دەكرد و هیچی

نەدەگوت، لە تۆ وایە ئەم حەوشە و بانە هی ئەو نیە. وەختێ کە بە شمشێرێك سەری بەرخەکەیان پەڕاند و بەرخی بەستەزمان کەوتە لەقە فرتێ و لەجێی خۆی ساردبووەوە ئەوساکە بەدەم بۆڵژنەوە بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت و وەژوورکەوت.

کابرای کڵاوکوبانی دەگەڵ دوو سەربازی دیکەدا، کە یەکێکیان چینی و دووەمیان ڕووس بوو و لە خەڵکی ناوچەی کامچاتکا دەچوو، دوابە دوای خاوەن ماڵەکە چوونە ژوورەوە. یارۆی کڵاوکوبانی، کە لە ئاستانەی دەرگاکە وەژوورکەوت، بە شوخیەوە گوتی:

– خاوەن ماڵ، دڵ لە دڵ مەدە، خەمت نەبێ! پارەی باشت دەدەینێ.

بە دەست کێشای بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا و قاقایەکی بەرزی لێدا، بەڵام کە چاوی بە ژنەکەی کابرای قوزاقی کەوت، حەپەسا و یەکسەر لە پێکەنین کەوت. چاوی بڕینە ژنی کابرا. ژنە لە پاڵ کوانگەکەدا وەستابوو و بە ترسەوە سەیری کابرای دەکرد. کابرا، ڕووی کردە یارۆی چینی و، بەدەم چاوگێڕانەوە بە موبەقەکەدا، گوتی:

– ئەهای، ئەم پیاوە لە گەڵ خۆتا ببە...

بە ئاماژەی قامکان یارۆی خاوەن ماڵی نیشان دا و لە سەری ڕۆیی:

–... ئەمە دەڵێم، لەگەڵ خۆتا بیبە با ئالیك بکاتە بەر ئەسپەکان... هەندێ کامان بداتێ...

ئەوجا ڕووی کردە، یارۆی خاوەن ماڵ و لە سەری ڕۆیی:

–... پارەی باشی دەدەینێ! گاردی سوور، ئەهلی تاڵان و بڕۆ نین! دەی کاکی قوزاقی بڕۆ.

خاوەن ماڵەکە، هاوڕێ لە گەڵ سەربازە چینییەکە و سەربازەکەی دیدا چووە دەرەوە. هێشتا بە تەواوەتی لە قاڵدرمەکان دانەبەزی بوو، گوێی لە ناڵەی ژنەکەی بوو. بە غار خۆی گەیاندە بەر هەیوانەکە و پاڵی بە دەرگاکەوە نا، دەرگاکە بە ئاسانی کرایەوە. کابرای کڵاو کوبانی، باسکی ڕووتی ژنە قەڵەوەکەی یارۆی قوزاقی گرتبوو و بە تۆبزی بەرەو ژوورە نیوە تاریکەکەی دەبرد. ژنە، هەردوو دەستی نابوون بە سینگی کابراوە و لە گەڵیا نەدەڕۆیی. کابرا خەریك بوو ژنەکەی لە باوەش دەگرت تا بە باوەش و بە خورتی بیبات، کە لەپڕ دەرگاکە کرایەوە. کابرای خاوەن ماڵ بە ڕاکردن لە موبەقەکەوە ڕۆیی و خۆی کرد بە سپەری هاوسەرەکەی. بە دەنگێکی وشك و هێواش گوتی:

– تۆ میوانی منی... بۆچی پەلاماری ژنەکەم دەدەیت؟ ها؟ وازی لێبێنە. من لە تفەنگەکانتان ناترسم. هەر چیت دەوێ ببە، هەموو شتێك بدزە. بەڵام دەست بۆ ژنەکەم مەبە. مەگەر بەسەر جەنازەکەما بپەڕیتەوە، دەنا دەرفەتی شتی وات پێنادەم...

ئەوسا، لە کاتێکا پەڕەی کەپووی دەلەرزی، ڕووی کردە ژنەکەی و گوتی:

– تۆش، نیورکا بڕۆ بۆ ماڵی هاپۆدوروڤی، ماقوڵ نیە لێرە بیت.

کابرای کوبانی، پشتێنەکەی خۆی چاك کرد و بزەیەکی بێتامی بۆ کرد و گوتی:

– چیە برادەر عاجزبووی. تۆ چەند دڵت ناسکە؟ پیاو ناوێرێ سوعبەتێ بکات... من کابرایەکی سوعبەتچیم، سریەکەمان، هەموویان من دەناسن و دەزانن چەند سوعبەتچیم... من ئەمەم تەنیا

بۆ سوعبەت کرد، گوتم کەمێك سەر دەخەمە سەر ئەم ژنە، کەچی ئەو بە خۆڕایی کەوتە هات و هاوار!... دەی وێنجەت دانیٚ؟ نیتە؟ ئەدی دراوسێکەتان نیەتی؟

کابرای کڵاوکوبانی، بە فیك و هۆڕ و قامچی بادانەوە وەدەرکەوت، دوای ماوەیەکی کەم تابووری سوپاییان بە تەواوەتی گەییە ناو گوند. ژمارەیان نزیکەی هەشت سەد پیادە و سوار بوو. سەربازانی گاردی سوور، شەویان لە دەرێی گوندا بە سەربرد. بە زەقی دیاربوو کە فەرماندەکەیان، حەزی نەدەکرد، شەویٚ لە ناو گوندا بە سەربەرن، چونکە باوەڕ و متمانەی بە سەربازانی نامولتەزیمی خۆی نەبوو.

ئەم قوەتەی سوپای دووەمی سوسیالیستی، کە لە شەڕی هایداماك و ئەڵمانیەکاندا، خاکی ئۆکرانیایان کردبوو بە جەوەلانگای خۆیان، زەرەر و زیانێکی زۆری پێکەوتبوو، بەدەم شەڕەوە ڕێگایەکیان تا دەڤەری دۆن بۆ خۆ کردبووەوە. سەربازەکان لە وێستگەی شپتوخوفکادا، لە فارگۆنەکان دابەزی بوون، بەڵام بۆ ئەوەی تووشیان نەبێت بە تووشی ئەڵمانیەکانەوە کە لەسەر ڕێگایان بوون، لە قەڵەمڕەوی ستانی میگولینسکایاوە، قەدبڕ لێیان دابوو بەرەو ستانی فورونیج.

سەربازانی گاردی سوور، چونکە خەڵکانێکی زۆری تاوانکار خزابوونە ڕیزەکانیەوە، بە دەم ڕێگاوە، دەست درێژییەکی زۆریان کردبووە سەر خەڵکی. بۆ نموونە لە گوندی ستراکوفدا، کە شەوی ٤/١٦ لە دەرێی گوندا ئۆردوبەزیان کردبوو، وێڕای هەڕوگیڤی فەرماندەکانیان کە نابیٚ کەس بچێتە ناو گوندەوە، جماعەتێکیان چووبوونە ناو گوندی و چەند بەرخێکیان سەر بڕی بوو و لەوپەڕی گوندەوە بە خورتی سواری دوو ژن بووبوون و لە خوت و خۆڕایی لە مەیدانی گوندا کەوتبوونە تەقەکردن و لە ئەنجاما یەکێك لە خۆیان برینداربووبوو. ئێشکگر و پاسەوانەکان بە درێژایی شەو خواردبوویانەوە. چونکە هەموو عەرەبانەکانی بار و بنەکان خواردنەوەیان تیابوو.

لەم ماوەیەدا سیٚ قۆزاقی گوندەکە، بە سواری ئەسپ هاوار بۆ گوندەکانی دەوروبەر دەبەن.

ئیدی قوزاقانی گوندەکانی دەوروبەر، هەر بەو شەوە ئەسپیان زین کرد و ئامادە و تەیار دەستیان دابووە چەك. کۆنە سەربازانی شەڕگەو پیاوانی پیر، بەلەز مەفرەزانیان دروستکردبوو و بە فەرماندەیی ئەو ئەفسەر و تەنانەت ڕەیس عورەفایانەی کە لە گوندەکانیاندا هەبوون، بەرەو گوندی ستراکوف، وەڕێکەوتن. دەستەی قوزاقان لە میگولینسکایا و کولودزنی و بوگومولوفەوە سەری کرایەوە، خۆیان لە کەند و لەندان و، شیو و دۆڵ و پەنا گردان نا و بەو جۆرە تابوورەکەی گاردی سووریان گەمارۆدا. پیاوانی ڤرخنەچیرسکایا و ناپولف و کالینوفسکایا و ئیسك–ش دەستیان دابووە چەك.

ئەستێرەی پەروین بە ئاسمانەوە ڕوو لە ئاوابوون دەچوو. دەمەوبەیان، سوارانی قوزاق، بەدەم نەعرەتە کێشانەوە لە هەموو قوڵێکەوە هێرشیان بۆ سەربازانی گاردی سوور برد، ڕەشاشێك، یەك دوو قرمژنی کرد و کپ بووەوە، دەستڕێژی بێسەر و بەر و بێمانای تفەنگەکان دەستی پێکرد، زۆری پێنەچوو دامرکایەوە. ئیدی جگە لە دەنگی ڕینگ و هۆڕی شمشێران هیچی دی نەدەبیسترا.

دوای سەعاتێك، شەڕ بڕایەوە: تابوورەکەی گاردی سوور، تەفر و تونا بوو، پتر لە دووسەد نەفەر بە زەربری شمشێر یان بە گوللەی تفەنگ کوژران و نزیکەی پێنج سەد نەفەریش بە دیلی گیرابوون. دوو تۆپخانە کە هەریەکەیان بریتی بوو لە چوار مەترەلۆز، بیست و شەش ڕەشاش و هەزار تفەنگ بە ژمارەیەکی زۆری فیشەك و جبەخانەی سوپایی کەوتبووە دەستی قوزاقەکان.

بۆ سبەینێ، بەیداخی سووری ئەو پەیك و تەتەرانەی کە بە چوار ناڵە کەوتبوونە سەر جادە و کوێرە ڕێگایان، لە سەرانسەری ناوچەکەدا وەکو گوڵ شکۆفانەوە. گوند و ئاوەدانیەکان لە جم و جوڵ و جۆش و خرۆشدا بوون. قوزاقەکان، ئەنجوومەنی سۆڤیاتەکانیان لادەبرد و بەلەز ئەتامانیان (ڕەیس، گەورە، بەرپرس) بۆ خۆ هەڵدەبژارد. ئەو سریە و مەفرەزانەی کە لە کاژانسکایا و ڤیشنسکایا دروست بووبوون، ئەگەرچی کەمێك درەنگ، بەڵام پەیتاپەیتا خۆیان دەگەیاندە ناوچەی میگولینسکایا.

لە کۆتایی مانگی نیساندا ناوچەکانی سەرووی قەڵەمڕەوی دۆن، بە تەواوەتی لە کۆمیتەی شۆڕش جیابوونەوە و قەڵەمڕەوێکی تازەیان بە ناوی (قەڵەمڕەوی دۆنی باڵا) دامەزراند و ڤیشنسکایا کە لە ڕووی زۆری حەشیمەت و بەربڵاوی و زۆری گوندەوە، دوای میخائیلوفسکایا دووەمین ستانی ناوچەکە بوو، وەکو مەڵبەند و پایتەختی قەڵەمڕەوەکە هەڵبژێردرا. هەندێك لە گوندەکان کران بە ناحیە. بەمجۆرە ناوچەکانی شومیلینسکایا و کارگینسکایا و بوکوفسکایا هاتنە ئاراوە و قەڵەمڕەوی دۆنی باڵا، خویبوونی خۆی ڕاگەیاند کە دوازدە ناوچەی قوزاقی و، ناوچەیەکی ئۆکرانی لەخۆ گرتبوو کە بریتی بوون لە: ناوچەکانی میگولینسکایا، شومی لینسکایا، ڤیشنسکایا، ئیلانسکایا، کارگینسکایا، بۆکۆفسکا و شاروچکەی پانوماریوفسکی کە لە شاروچکەی دونتس جیابووبوونەوە، هەروەها ناوچەکانی: ئوست – خوپرسکایا و کراسنوکوتسکایا کە لە قەڵەمڕەوی میدڤیدیتسکایا جیا بووبوونەوە. هەروەها ناوچەکانی بوکونوفسکایا، سلاشچوفسکایا و ڤیدوسیڤسکایا کە لە شاروچکەی خوپەر جیابووبوونەوە.

ئیدی جەنەراڵ زاخار ئاکیموفیچ ئالفروف، کە قۆزاقێکی خەڵکی ستانی ئیلانسکایا بوو و لە دەرچوانی کۆلیجی جەنگ بوو، بە تێکڕای دەنگ، بە ئەتامانی (ڕەیس) قەڵەمڕەوەکە هەڵبژێردرا. سەبارەت ئالفروف، کوڕی ئەفسەرێکی بچووکی قوزاقی هەژار و دەستکورت بوو، دەیانگێڕایەوە کە بە بەرەکەتی هۆش و ئیرادەی ژنەکەی توانیویەتی، تەرەقی بکات و بەرز ببێتەوە. واباو بوو کە ئەم ژنە بە ئارەزووی خۆی مێردە بێبەهرەکەی خۆی هەڵدەسوڕاند و دەستبەرداری نەبوو تا ئەوەبوو پاش سێجار دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەی چوونە کۆلیجی سوپایی، ئەوجا وەرگێرا...

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، لەو سەر و بەندەدا خەڵکی زۆر گوێیان بەو مەسەلەیە نەدەدا و باسیان نەدەکرد. چونکە مێشکی قوزاقان بە شتی ترەوە مژوول بوو.

"٢٢"

ئاوی لافاوی بەهارە خەریك بوو دەنیشتەوە. لە مێرگ و کێڵگەکاندا، لە بەر پەرژینی باخ و بێستانەکاندا، زەوی قاوەیی لیتاوگرتە دەرکەوت. ئاو ماڵکە و چڵ وچێو، قامیشی وشك و،

لقـەدار و درەخـت و، گـەڵاێن پـەژمردە و ژاکـاو، سـەرەداری ڕزیـو لـە ئاوەکـە کـە خـەریك بـوو دەنیشـتەوە سـەریان دەردێنـا. ئـەو داربیانـەی کـە نـاری دۆن کـە لافـاو نـوقمی کردبـوون، ئێسـتا سـەریان بـەرزکردبووەوە و، بـە باشـی سـەوز بووبوونـەوە، هێشـووە گوڵان بـە لقەکانیانـەوە عـەینی گـوارە شـۆڕ بووبوونـەوە. سـپیداران، خـەریك بـوو چـرۆیان دەکـرد و لـە نزیکـی پـەرژینی کێڵگـەی ماڵەکاندا، خەڵفی سوورەچناران، لە نێو گۆلاوەکاندا سەریان بەسەر ئاوەکەدا شۆڕ دەبووەوە و کە چرۆ زەرد و کوڵکنەکانیان، بەدەم بایەکەوە و بەسەر ئاوەکەدا دەکەوتنە نەوەسان و جۆلانیٚ، لە تۆ وایە بێچوە مراوین و دەیانەویٚ لە ئاوەکەدا مەلە بکەن.

سپێدان و دەمەو ئێواران، قاز و سۆنە کێویان، بۆ چینە تا قەراخی باخ و بێستانەکان دەهاتن، کوڕکوڕان، لە چاڵ و دۆڵەکانەوە، بە دەنگی کەرخ دەیانخوێند. لە کاتی نیوەڕواندا، سۆنە کێوی سپی، ئامبازی شەپۆلانی دۆن دەبوونەوە.

ئەو ساڵە، باڵندەێن کۆچەری یەجگار زۆر بوون، سپێدان، کاتیٚ کە ڕەنگی ئەرخەوانی بەیان، تێکـەڵ بـە ئـاوی ڕوبارەکـە دەبـوو ئاوەکـە سـووری دەنوانـد، قـوزاقێکی زۆر بـە سـواری بەلـەم و کەڵـەکان دەڕۆیشـتن تـا ئـەو تۆڕانـە کۆبکەنـەوە کـە بـە مەبەسـتی ڕاوەماسـی لـە ئاوەکـەیان بڵـاوکردبووەوە، ئەمانـە بـەدەم کەڵـەك و بەلـەم ئاژۆتنـەوە، پۆلـە قوویـان دەبـینی کـە لـە پـەنا جەنگەڵەکەدا و لەسەر ئاوەکە هەڵنیشتوون، بەڵام ئەو هەواڵەی کە خریستونیا و پیرەمێردێك بە نێوی ماتڤی کاشولینەوە، هێنابوویانەوە، لە هەر هەموو ئەمانە سەیرتربوو: ئەمانە چووبوون بۆ جەنگەڵستانە حکومەتیەکە تا چەند نەمامە بەڕوویەك بۆ ڕواندن بێننەوە. کاتیٚ چووبوونە قوڵایی جەنگەڵەکەوە، لە دۆڵێکا چاویان بە بزنە کێویەك و کارژۆڵەکەی دەکەویٚ. بزنە کێویە لەڕ و لاوازە قاوەییە ئامالٚ زەردەکە لە پڕ لە نێو دڕك و دالٚ و نوسنەکەکەوە دەردەپەڕیٚ، بۆ چەند ساتێك لە سەر گردۆڵکەیەکەوە، دەڕوانێتە جووتە میوانی ناوەخت، لاقە باریك و شووشەکانی لە نیگەرانی دا دەلەرزن، کارژۆڵەکەی خۆی دەگەیەنێتە دایکی. خریستونیا، لە سەرسامیدا ئاهێکی بەرزی بۆ کـرد. بزنەکـە هێنـدە بەلـەز بـە نێـو شـەتلٚ و نەمامـە بەڕووەکانـدا دەرپـەڕی، جووتـە قـوزاقی بـە زەحمـەت سمـە کەوەییـە بریقـەدار و کلکـە قاوەییەکـەیان، کـە لـە کـوڵکی وشـتر دەچـوو، دەبـینی. ماتڤی کاشولین گوتی:

– ئەوە چی بوو؟

لە سەرسامیا، تەورەکە لە دەستی کەوت. خریستونیاش، بە شادییەکی زۆرەوە، نەعرەتەیەکی کێشا و کپی و مەندی ئەفسووناوی جەنگەڵەکەی شڵەقاند.

– بزن بوو، بەخوا بزن بوو! بزنە کێوی! ئەم جۆرە بزنانە لە چیاکانی کارپاتدا هەن.

– بە ستەزمانە! لەوەدەچیٚ لە ترسی شەڕ پەنای بۆ ئەو دەشتانەی ئێمە هێنابیٚ.

خریستونیا، سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند و گوتی:

– ڕاست دەکەی، دەبیٚ وابیٚ. کارەکەیت بینی بابۆ؟ چەند جوان بوو خودایە! دەتگوت منداڵە و لە گەلٚ دایکیدایە.

له گەڕانەوەدا، بە درێژایی ڕێگا هەر باسی ئەم نێچیرە تازەیەیان کرد کە تا ئەو کاتە هەرگیز شتی وایان لەو دەڤەرە نەبینی بوو. بەڵام ماتوڤی پیر، سەرەنجام دووچاری گومان و وازوازی بوو:

– ناشێ بزن نەبووبێ!

– بزنە، سوێند دەخۆم کە بزنە و تەواو.

– بەڵێ، لەوانەیە... باشە ئەگەر بزن بوو، بۆچی شاخی نەبوو؟

– باشە بۆچی سووری لەسەر ئەوەی شاخی هەبێت؟

– هیچ، تەنیا پرسیارێك بوو و کردم. ئەگەر بە ڕاستی لە تیرەی بزنە، بۆچی وەکو بزنانی دی نەبوو! تۆ بە عەمراتت بزنی بێشاخت دیتووە؟ ها. تۆ بڵێی جۆرە مەڕە کێوییەك بووبێ؟

خریستونیا. تووڕەبوو:

– پیرەمێرد، بە ڕاستی تۆش بوویتەوە بە منداڵ! وەرە با بڕۆین بۆ ماڵی میلیخوف، تەمەشای قامچیەکەی گریشکا بکە، دەسکەکەی لاقە بزنە. تەمەشای بکە و بە چاوی خۆت بیبینە، هەنگێ قەناعەت دەکەیت.

ماتفی پیر، هەر ئەو ڕۆژە چوو بۆ ماڵی میلیخوف. بە ڕاستی دەسکی قامچیەکەی گریگۆری، لە ناو کەوڵی لاقە بزنە کێوییەکدا بوو. تەنانەت سمە چکۆلەکەشی، کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە بە گوڵمێخی مسین ڕازێنرابووەوە، لە کۆتایی شەلاقەکەدا دیاربوو.

بەرەبەیانی چوارشەممەی دوا هەفتەی ڕۆژووی گەورە، میشا کوشیقوی لە ماڵ وەدەرکەوت، تا سەری ئەو تۆڕ و داوانە بدات کە لە نزیکی جەنگەڵەکە، لە ئاوی ڕوبارەکەدا نابویەوە. هێشتا بەیانی نەدابوو. سەرمای بەرەبەیان، زەوی بە توێژاڵە بەستەڵەك و سیخارێك (زوقم) داپۆشی بوو، کە لەژێر پێیدا قرچە قرچ دەشکا. میشکا، چاکەتێکی ناوداری لە بەر و جووتێ چەکمەی ملکورتی لەپێ کردبوو، دەلنگی پانتۆڵەکەی لە گۆرەویە سپییەکانی ئاخنی بوو، کاسکێتەکەی بە پشتا دانابوو، سەوڵێکی درێژی دابوو بە شانیا، هەوای خۆش و بۆنی تیژ و نمساری ڕووبارەکەی هەڵدەمژی ،پەتی قەیاغەکەی کردەوە و خێرا لە کەنارەکە دوورکەوتەوە، بە پێوەوە و لەزبلەز(خێراخێرا) کەوتە سەوڵلێدان.

تەمەشای تۆڕەکانی کرد. لە دوا تۆڕیاندا ماسیەکی بینی، ماسیەکەی دەرهێنا، دووبارە تۆڕەکەی خستەوە ناو ئاوەکە. دەمی تۆڕەکانی دیکەشی ڕیکخستەوە و هێدی هێدی بەدەم سەوڵ لێدانەوە گەڕایەوە. سیغارێکی پێکرد. تازە دنیا ڕوناك دەبووەوە. لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە، دەتگوت خوێن بە پەراوێزی ئاسمانی ئامال سەوزی بەرەبەیانەوە کرابوو. سوورییەکە بەرەبەرە بڵاو دەبووەوە و بە ئاسۆدا دەڕۆیی و ڕەنگێکی زەردی ژەنگ ئاسای لە خۆ دەگرت. میشکا، نیگای دووی هەڵفڕینی هێواشی تەیرێکی غەتاس (اسفرود) کرد، دووکەڵی جگەرەکەی چوو بە ئاسماندا و لە نێو لق و پۆپی دەوەنانی کەنارەکەدا بە خواری پێچی دەخوارد. میشکا تەماشایەکی ڕاوەکەی خۆی کرد، بریتی بوو لە سێ سەگ ماسی چکۆلە و شەبووتێکی هەشت

فونتی و کۆمایەك وردە ماسی سپی. لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەندێکی دەفرۆشم، لوکشکا خێڵ دەیکڕێت. ئیدی هەندێ هەرمێ وشکە دەکرم، دایکە دەتوانێ بیکات بە خۆشاو."

بە دەم سیغارکێشانەوە، لە لەنگەرگاکە نزیك دەبووەوە. پیاوێك لە پاڵ پەرژینی ئەو بێستانەدا دانیشتبوو کە ئەم قەیاغەکەی بەرەو ئەوێندەر داژۆت. لە کاتێکا بە تەڕدەستی قەیاغەکەی بەرەو کەنارەکە ڕادەکێشا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ کێ بێ!" کە نزیك بووەوە سەیری کرد "غوڵامە" لە پاڵ پەرژینەکەدا هەڵتروشکاوە و سەرگەرمی کێشانی سیغارێکی ئەستوورە کە بە پەڕە ڕۆژنامە پێچابوویەوە. چاوە چکۆلەکانی، کە لە چاوانی سمۆرە دەچوون، بێخەوییان پێوە دیاربوو، ڕدێنێکی کەوەیی لوول گۆناکانی داپۆشی بوو. میشکا بانگی لێکرد:

- ئەوە چ دەکەی لێرە؟

بانگەکەی وەکو تۆپ شلّپ کەوتە سەر ئاوەکە.

- قەراغ بگرە قەراغ.

- ماسیت دەوێ؟

- چ لە ماسی بکەم؟

غوڵام، کۆکەیەکی توندی بۆ کرد، بەڵغەمێکی ڕۆکرد و ئەوسا بە کاوەخۆی خۆی هەستایە سەر پێیان! پاڵتۆیەکی گەورەی دەڵبی بە بالآدا شۆڕبووبووەوە، هەر لە داهۆڵ دەچوو. قەراغی کاسکێتەکەی تا سەر نەرمەی گوێچکە قوتەکانی هاتبوو. تازۆ بۆ گوند گەڕابووەوە، دەنگۆی ئەوەی بە دواوە بوو کە لە گەڵ گاردی سووردایە. کاتێ کە قوزاقەکان لێیان دەپرسی کە دوای خزمەتی سەربازی چ کارە بووە، وەڵامی دوو فاقەی دەدانەوە و خۆی لە گفتوگۆیانی مەترسیدار دەدزییەوە. بەڵام لەلای ئیڤان ئالیکسییوفیچ و میشکا کوشیڤۆی ئیعترافی کردبوو کە لە ئوکرانیادا، چوار مانگێك لە یەکەیەکی گاردی سووردا بووە و پاشان بە دەستی هایداماکان (هێزێن ناسیونالیستی ئوکرانی) دیل کراوە و پاش ئەوە هەڵاتووە و پەیوەندی بە هێزەکانی سیفێریسەوە کردووە و ماوەیەك لە گەڵ ئەوا لە دەورو بەری رۆستۆف بووەو ئیستاش مۆڵەتی بە خۆی داوە و هاتووەتەوە تا پشوویەك بدات و نەفەسێك تازە بکاتەوە.

"خوڵام"، کاسکێتەکەی داکەند، دەستێکی بە قژە زبر و بژەکەیدا هێنا، نیگایەکی دەوروبەری کرد، لە بەلەمەکە نزیك بووەوە و گوتی:

- بورودۆخەکە خراپە... زۆریش خراپە... ئەم ڕاوە ماسیە بوو بە چی. هەر ماسی و ماسی، لە تاو ماسی هەموو شتێکمان لەبیرکردووە... لە ئێمە وایە دنیا هەر ماسیە و تەواو...

- بڵێ بزانم، چ هەواڵێکی تازەت پێیە؟

میشکا، دەستە چکۆلە و ڕەقەکانی خولامی لە نێو دەستەکانی خۆیدا، کە بۆسارادی ماسیان لێدەهات، گوشی و بزەیەکی گەرمی بە ڕوویا دا، دۆست و برادەری کۆن بوون.

- دوێنێ گاردی سوور لە میگولینسکایا شکاوە. ئیدی شەڕ دەست پێدەکات و پەشێوی هەڵدەگیرسێت!.

- کام گاردی سوور؟ گاردی سوور لە میگولینسکایا چیدەکرد؟

– بە ناوچەکەدا تێپەڕی بوون و قوزاقەکان ڕێیان پێگرتبوون و بە سەریاندا داباری بوون. دنیایەك دیلیان لێگرتبوون و بۆ کارگێن – یان بردبوون. لە وێندەر دادگایەکی عەسکەرییان دانابوو. ئەمڕۆ سەربازگیری گشتی لە تاتارسیکدا ڕادەگەیەنرێ. بێگومان ئەم بەیانیە، بەو مەبەستە زەنگان لێدەدرێ.

میشکا، بەلەمەکەی بەستەوە و ماسیەکانی هەڵڕشتنە سەلەیەکەوە، سەوڵەکەی، هەردوو هەنگاو جارێك وەکو دارعاسا، دەنایە سەر عاردی و کەوتە ڕێ. خوڵام وەکو جوانوو ئەسپ لە پێشیەوە ڕێی دەکرد و پاڵدمی پاڵتۆکەی تەکەتەك دەفڕی و قۆڵی بادەدان.

– ئیڤان ئالیکسییوفیچ ئەمەی پێگوتم. ئێستا هاتو گۆڕیمی. ئاشەکەمان، ئەمشەو تا بەیانی هەر کاری کردووە، باراشێکی زۆرمان بە سەرا کەوتبوو . جا ئیڤانیش ئەم هەواڵەی لە ئەربابەوە بیستبوو. ئەفسەرێك لە ڤیشنسکایاوە هاتبووە دیدەنی موخوف.

سێبەری نیگەرانیەك نیشتە سەر سیمای میشکا کە ساڵانی جەنگ تەواو غاراندبووی. بە تیلەی چاو ڕوانیە خوڵام و گوتی:

– باشە، تەگبیر، چ بکەین؟

– دەبێ گوند بەجێ بێڵین.

– بۆ کوێ؟

– بۆ کامنسکایا.

– ئێ خۆ کامنسکایا پڕە لە قوزاقی سپی.

– بەرەو قۆڵی چەپی کامنسکایا دەبینەوە.

– یانی بۆ کوێ؟

– بۆ ئوبلیڤی.

– جا چۆن خۆمان بگەیەنینە ئەوێندەر؟

– ئەگەر بتەوێ و عەزمت جەزم بێ دەگەین! تۆ گەر نایەی، بۆ خۆت لێرە بمێنەوە. مردووت مرێ ئەوەندە بە بیانوویت.

خوڵام، خوای نەمابوو:

–... چۆن؟ کەی؟ ئاخر چوزانم؟ کە کەوتیتە ڕێ کونێك هەر پەیدا دەبێ خۆتی تێهاوی.

– تووڕە مەبە. تووڕەیی هیچی لێشین نابێ. ئیڤان چی دەڵێت؟

– تا ئیڤان دەکەوێتە خۆ هەیهو...

– هاوارمەکە! تەمەشا ئەو ژنە تەمەشامان دەکات.

بە جووتە، لە ڕووی بەدگومانیەوە، ڕوانیانە ژنێکی گەنج کە مانگای لە گەوڕ دێنایە دەرێ. بووکەکەی ئەدڤیچ بوو کە بە (درۆزن) بە نامێ بوو. لە سەری یەکەم چوار ڕیاندا، میشکا گەڕایەوە.

خوڵام، بە سەرسامی پرسی:

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟

میشکا، بێئەوەی ئاوڕبداتەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– دەڕۆم، تۆڕەکانم دەردێنم.

– بۆچی؟

– نامەوێ، لە کیسم بچن.

خوڵام، بە خۆشحاڵیەوە گوتی:

– یانی، دەڕۆین؟

میشکا، سەوڵەکەی تەکان دا و لە دوورەوە هاواری کرد:

– بڕۆ بۆ لای ئیڤان ئالیکسییوفیچ، من تۆڕەکان دەبەمە ماڵەوە و بە پەلە خۆمتان دەگەیەنمێ.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، تا ئەو کاتە چەند کەسێکی لە دۆستان و هەوادارانی خۆی لە مەسەلەکە ئاگادار کردبووەوە. کوڕە چکۆلەکەی خۆی ناردبوو بۆ ماڵی میلیخوف و گریگۆری لە گەڵ خۆیدا هێنابوو. خریستونیا، لە خۆیەوە، بێئەوەی کەس پێی گوتبێت، وەکو ئەوەی بۆنی ئەم نەگبەتیەی کردبێت، هاتبوو. میشکاش دوای ماوەیەکی کەم هات. کەوتنە تەگبیر و ڕاوێژ. هەر هەموویان پێکەوە داخاوتن، هەموو پەشێو و پەرێشان، چاوەڕوانی ئەوەبوون، ئێستا نا تۆزێکی دی زەنگ لێبدرێ. خوڵام، کە زۆر شپرزەبوو، گوتی:

– دەبێ هەر ئێستا بڕۆین، شتەکانمان کۆبکەینەوە و بۆی دەرچین.

خریستونیا پرسی:

– ئاخر پێم ناڵێی بۆ بڕۆین؟

– بۆ بڕۆین؟ سەربازگیری گشتیە، دەتوانی نەڕۆیت؟!

– ناڕۆم و تەواو.

– دێنە سەرت و بە خورتی دەتبەن!

– وانیە. خۆ گاجووتی سەر سنگ نیم بێن بمکەنەوە و بمبەن.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە ژنە چاو چەپ و خێلەکەی ناردبووە دەرێ، بە زمانێکی تووڕە و لە بن لێوانەوە گوتی:

– گومان لەوەدا نیە کە دێنە سەرت و بە تۆبزی دەتبەن. غوڵام ڕاست دەکات. بەڵام پیاو بۆ کوێ بڕوات؟ مەسەلەکە ئەمەیە.

میشکا ئاهێکی هەڵکێشا:

– منیش هەمان قسەم کرد.

غوڵام هەڵیدایە و گوتی:

– دەبڕۆن بابە، بە کەیفی خۆتان بکەن. وادەزانێ پێویستم بە خەڵکی وەکو ئەوانە، بە تەنیا دەڕۆم، خۆ گورگ نامخوات، ئەم هەموو وردکردنەوەیەی ناوێ، چۆن، بۆچی و لە بەرچی؟ کاتێ بە خۆ دەزانن، دێن و خانەبگیریتان دەکەن و بە تۆمەتی بەلشەویزمەوە، دەزنداتان دەپەستن! بۆ خۆتان لێرە دانیشن و فشان بکەن، دەبینن چ بەڵایەکتان بەسەر دێنن.

گریگۆری، لە فکران ڕاچوو، بزمارێکی ژەنگنی لە دیوارەکە هەڵکەندبوو و لە دەستیا یاری پێدەکرد، بە توورەییەکی پەنهانەوە و بە ئارامی قسەکەی غوڵامی بڕی و گوتی:

– هێواش، هێواش، ئەوەندە دەمت گەرم نەبێ، وەزعی تۆ لە هی ئێمە جیاوازە! تۆ هیچ دەست و پێ گیرێکت نیە. هیچ شتێك بێرەوەت نابەستێ، هیچ شتێکت لە پاش بەجێ نامێنێ. هەرکاتێ بتەوێ دەتوانی بارسووك و سەر سەلامەت، بۆی دەرچیت. بەڵام ئێمەمانان دەبێ بە وردی بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە. من ژنێك و دوو منداڵی بچووکم هەیە... ئەوەندەم بۆن و دووکەڵە بارووت بەدەم و لووتا چووە، کە تۆ بە هەموو تەمەنت شتی وا نابینی!

گریگۆری چاوە ڕەشەکانی چکۆلە کردنەوە، دانەکانی لێکدی هەڵسوون و هاواری کرد:

– هەرکەس کردی بڕوێش، تۆ سەری خۆت داپۆش... تۆ ناوی خۆت بە خۆتەوەیە، تۆ غوڵام و نۆکەر بوویت و نۆکەریت، جگە لەم چاکەتە شڕەی بەرت خاوەنی هیچی دی نیت.

غوڵام هاواری کرد:

– دە فشەفش، کێ لە گەڵ تۆیەتی؟ دەتەوێ پێمان بڵێی ئەفسەری؟ دەمت داخە؟ ئاخر تۆ چیت! لای من ناکەیتە سەری ئەو نینۆکەی دەیکەم و فڕێی دەدەم!

دەموچاوە باریکەکەی کە لە دەمو قەپۆزی ژیژك دەچوو لە تووڕەییدا سپی هەڵگەڕابوو، چاوە چکۆلەکانی کە زۆر لە یەکترەوە نزیك بوون، بە هەموو لایەکدا گێژیان دەخوارد، نیگای تیژ و ڕەمۆك بوو، تەنانەت مووە ماش و برنجەکانی سەر گۆناشی دەلەرزین.

گریگوری، کە هەواڵی بە شەڕهاتنی قوزاقان و مەفرەزەکانی گاردی سووری بیستبوو، زۆر تووڕە بوو، وەڵامە زبرەکەی غولامیش هێندەی دی تووڕەی کرد، وەکو یەکێك جەزرەبەیەکی پێکەوتبێ، بە تاو بۆ غوڵام چوو، کە لەسەر کورسیەکەی هەر جوڵەجووڵی بوو. هەرچەندە دەستی بۆ لێدان دەخورا، بەڵام هەرچۆنێ بوو خۆی زەوت کرد و گوتی:

– بێدەنگ بە، مردەڵۆخی ئەسپێونی، شەق و شڕ! لە کەیەوە بووی بەو پیاوەی ئەمر بەسەر خەڵکا بکەیت. دە بڕۆ گوم بە و بەر بە دواوە نەکەی. ترکەنی بۆگەنیوە! دەمت لێکنە و هەیدێ گۆڕت گوم بکە، دەنا پێتی نیشاندەدەم کە بۆ چ گۆڕستانێك بڕۆی...

میشکا، کەوتە بەینیانەوە و کۆڵەمستی گریگۆری لەبەر کەپووی غوڵام دوور خستەوە:

– گریگۆری وازبێنە! ئەمە نەبوو بە کار! ئەم عادەتە قوزاقیە تەرك بکە... شەرم لە خۆت ناکەی؟ ئاخر شەرمە میلیخوف! بە ڕاستی شوڕەییە!

غوڵام، لە جێی خۆی هەستا، لە ناڕەحەتیدا دەکۆکی، بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. بەڵام کە گەییە بەر دەرگاکە، خۆی پێنەگیرا و ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە و ڕووی کردە گریگۆری کە بزەیەکی شەڕەنگێزانەی بەسەر لێوانەوە بوو، گوتی:

– ئەمە لە گاردی سووریشدا بووە! بڕۆ هەی جەندرمە! ئێمە دەیان خەڵکی وەکو تۆمان گوللەباران و ئیعدام کردووە!

گریگۆری بە جارێ دەهری بوو، لە کاتێکا بە توندی لە سەر پاژنەی چەکمە کۆنە سەربازیەکانی دەڕۆیی، غوڵامی تا بەر هەیوانەکە دەڵەك دا و بە هەڕەشەوە گوتی:

– گۆڕت گوم بکە، دەنا قەڵەمی دەست و پێت دەشکێنم.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، سەرێکی بادا و بە تەوسەوە تەمەشایەکی گریگۆری کرد و گوتی:

– ئەریٚ ئەمە چیە نەبڕایەوە! چی منداڵن!

میشکا، بە بێدەنگی لێوەکانی دەکرۆشت: دیاربوو، زۆری لە خۆی دەکرد تا جڵەوی ئەو وشە توندانەی کە هاتبوونە سەر زاری، بگرێت.

گریگۆری کە تا ئەندازەیەك تەریق بوو بووەوە، بۆ پاکانەی ڕەفتارەکەی خۆی گوتی:

– بۆچی خۆی لە کاری خەڵکی هەڵدەقورتێنیٚ؟ ئاخر بۆچی حیدەت دەکات؟

خریستونیا، تەمەشایەکی دۆستانەی کرد و گریگۆری بزەیەکی منداڵانە و سادەی بۆ کرد و لە سەری ڕۆیی:

– لەزگ بوو لێی بدەم!... بەس نەبوو لێم نەدا، خۆ بە زللەیەك دەمرد.

– دەی، ئێستا بە تەمان چ بکەن؟ خۆ دەبیٚ بڕیارێك بدەن.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە نیگای میشکا کوشیڤوی کە ئەو پرسیارەی کرد، بێزاربوو، بە تۆبزی بەرسڤی دایەوە:

– دەی، میشکا، دەزانی گریگۆری تاڕادەیەك ڕاست دەکات: خۆ ناکریٚ هەروا سەڵتە زەلامی بۆی دەرچین: ماڵ و منداڵمان هەن، خۆ دەبیٚ بیرێکیان لێبکەینەوە...

کە بینی میشکا لە ڕووی ناڕەزاییەوە سەر دەلەقێنیٚ، بە توندی لە سەری ڕۆیی:– نا، ئاخر تۆ گویٚ بگرە، خۆ لەوانەشە هیچ شتێك ڕوونەدات... کیٚ چوزانیٚ؟ ئەوانە لە ستراکۆف شکستیان هێناوە، ڕەنگە ئەوە لە شوێنی دی دووبارە نەکەنەوە... هەقە کەمێك سەبربکەین تا مەسەلەکان ڕوون دەبێتەوە. بۆ نموونە من یەك لە باری خۆم ژنێك و منداڵێکم هەن، جلمان لە بەر نیە. ئاردمان لە ماڵا نیە. ئاخر چۆن دەتوانم بڕۆم؟ باروبنەمان تێکبنەین و بڕۆین، ئەدی ئەوان بە سەر کێوە بەجیٚ بێڵین؟

میشکا، بە توڕەیی برۆی وێکهێنانەوە و چاوی بڕینە زەمینەی گڵینی ژوورەکە و گوتی:

– کەواتە، تۆ نیازی ڕۆیشتنت نیە؟

– من پێم باشە سەبر بکەین. خۆ دنیا ئاخر نەبووە، هەرکاتیٚ پێویست بکات، فیزماڵکی دەدەینیٚ و دەڕۆین. گریگۆری، خریستونیا، ئێوە چ دەڵێن، بە تەمای چین؟

– ئەوەی ڕاستی بیٚ... ئێمەش سەبر دەکەین.

گریگۆری، کە ئەو پشتیوانیە چاوەڕوان نەکراوەی لە ئیڤان ئالیکسییوفیچ و خریستونیا بینی، هێندەی دی گەرم بوو:

– بەڵیٚ، هەڵبەتە منیش هەمان شت دەڵێم. شەڕەکەشم لەگەڵ خوڵامدا هەر لە سەر ئەوەبوو. ئاخر ئەمە کارێك نیە بە بێموبالاتی و لامسەرلایی بڕیاری لێبدریٚ. یەك، دوو یاڵلا هەستن با بڕۆین! دەبیٚ بیری لێبکەیتەوە... بیری وردی دەویٚ، من دەڵێم...

هەرکە لە قسەکانی بووەوە، لە ناکاوا، زرینگ و هۆڕ لە بورجی کڵێساکەوە بەرز بووەوە:

زرینگ، زرینگ، زرینگ!...

**دەنگــی زەنگــی تــاین لــە مەیــدان و جــادە و بــان و کوچــە و کۆڵانەکانــدا دەنگــی دایــەوە. دەنگدانەوەکـە بەسـەر ئـاوی لـێخنی لافـاوا، بـە سـەر هـەوراز و نشـێوە کەچـڕۆکاندا بڵـاوبووەوە و پاشماوەکەی وەکو دەنکە نیسکان بە ناو جەنگەڵەکەدا بڵاوبووەوە و لەوێدا وەکو ناڵەیەك ئاوابوو و نـەما. جـارێکی دی، بێئـەوەی بوەسـتێ، دەنگـی ئـاژیری زەنگەکـە بـەرز بـووەوە: زرنـگ، زرنـگ، زرنگ!...**

**خریستونیا کە پەیتاپەیتا چاوی دەتروکان گوتی:**

**– تەواو، بانگمان دەکەن! من دەڕۆم، سواری بەلەمەکەم دەبم و لە ڕوبارەکە دەپەڕمەوە و خۆم بە لێڕەوارەکەدا دەکەم. ئەگەر پیاوان با بێن لە وێ بمدۆزنەوە!...**

**میشکا کوشیڤوی، وەکو پیرەمێردان، بە قورسی هەستا و گوتی:**

**– باشە، ئێستا چ بکەین؟**

**گریگۆری لە بری هەموان بەرسڤی دایەوە:**

**– جارێ ناڕۆین.**

**میشـکا، جـارێکی دی بـرۆی وێکهێنانـەوە، قـژە چـڕ و بریقـەدار و زەردەکـەی لـە سـەر هەنیـەی هەڵدایەوە.**

**– دەیسا، خوداحافیز... وادیارە ڕێگامان یەك نیە.**

**ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەدەم بزەیەکی عوزورخوایانەوە گوتی:**

**– میشـکا، تـۆ گـەنج و خـوێن گـەرمی... وا وێنـا دەکـەی کـە ئیـدی ڕێگاکانمـان ناچنەوە سـەریەك! دڵنیابە دەگەنەوە سەر یەك و ئەولاتریش!**

**میشـکا، خواحـافیزی لـەوانی دی کـرد و چـووە دەرێ. بـە حەوشـەدا تێپـەڕی و ڕوویکـردە شـوێن خەرمانــەکان. تووشــی غوڵــام بــوو، کــە لــە پــاڵ بارســتایی جۆگاکــە، هەڵتروشــکابوو. پێدەچــوو، هەستی کردبێت کە میشکا بەو ڕێگایەدا دێت. هەستا، بە پیریەوە هات و گوتی:**

**– ئێ، بڕیاری چیتان دا؟**

**– نایەن، ڕەفزیان کرد.**

**– دەمزانی. پیاوی تەنگانە نین، لاوازن... بەڵام گریشکا، هاوڕێکەت، زۆر هیچ و پوچە، لـە خـۆی خوێڕی تر نیە. نامەردە غەدری لێکردم! هەر لە بەر ئەوەی دەسـەڵاتی بەسـەرما دەشـکێت و لـە مـن بە هێزترە... بەختی هەبوو، تفەنگەکەم پێنەبوو...**

**غوڵام، بە ئەسپایی و مینگەمینگ گوتی:– دەنا دەمکوشت...**

**میشـکا، شانبەشـانی ئـەو ڕێـی دەکـرد. تەمەشـایەکی قـژە زبـرە دەغـڵ ئاسـاکەی کـرد و لـە دڵـی خۆیدا گوتی: "دەیکرد، ئەم سمۆرەیە دەیکرد!"**

**پێیان هەڵگرت، هەر زەنگێکی زەنگەکە  وەکو شەلاق بە بەدەنیاندا دەچزا.**

**– با سەرێکی ماڵـەوە بدەین، توێشـوویەك لەگـەڵ خـۆدا هەڵـدەگرین و بـە پێیـان دەکەوینـە ڕێ. مـن ئەسپەکەم لێرە بەجێدێڵم. تۆ هیچ لە گەڵ خۆتا دێنی؟**

**غوڵام، بە تەوسەوە گوتی:**

– هەمووماڵەکەم بە کوڵمەوەیە. نە قەسر و کۆشکم هەیە، نە موڵك و ماڵ. بەڵام کرێی ئەم دوو هەفتەیەم وەرنەگرتووە، با سێرگی پلاتونوفیچی زگ زل، لە گیرفانی بنێ و پێی قەڵەو بێت. کە ببینێ، نەچووم بۆ وەرگرتنی کرێیەکەم، لە خۆشیا دەکەوێتە ڕەقس و سەما.

زەنگەکە، لە لێدان وەستا. ئیدی هیچ شتێك، کپی و بێدەنگی ئەو بەرە بەیانەی، کە هێشتا چاوانی بە خەوەوە بوون، نەدەشڵەقاند.

مریشکان، لە زبڵدانی کەنار جادەکەدا چینەیان دەکرد، گوێرەکەی قەڵەو بەدەم ملێ و مۆشەوە، دەمیان بۆ گیانی بن پەرژینەکان دەبرد. میشکا، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە: پیاوانی گوند بە هەشتاو بەرەو مەیدانی بازاڕ دەڕۆیشتن. هەندێکیان بەدەم ڕێوە، دوگمەی چاکەت و قەمسەڵە فەرمیەکانیان دادەخست. سوارێك وەکو بروسکە بە مەیدانەکەدا تێپەڕی. حەشاماتەکە لەبەر قوتابخانەکە کۆدەبوونەوە: ژنان بە تەنوورە و لەچکی سپییەوە و لە نێو ڕەشایی ئاپوڕای قوزاقانی ئونیفۆرم پۆشەوە، سپی دەچوونەوە.

ژنێك کە دوو سەتڵ ئاوی پێبوو، هاتە ڕێگایان، بۆ ئەوەی ڕێگایان نەبڕێ، وەستا و بە تووڕەیی گوتی:

– بڕۆن، نامەوێ بکەومە پێشتان!

میشکا، سڵاوی لێکرد. ژنە بەدەم بزەیەکەوە کە لە ژێر برۆ پانەکانیەوە دەبریسکایەوە، پرسی:

– پیاوان هەموو چوون بۆ مەیدان. کەچی ئێوە لەوێوە دێن! میخائیل بۆچی ناڕۆی بۆ ئەوێ؟

– هەندێ ئیشم لە ماڵەوە هەیە.

گەیینە کۆڵانێکی باریك. سەربانی خانووە بچوکەکەی میشکایان لە دوورەوە لێدەرکەوت: کۆترخانەکە و ئەو لقە وشکە گێلاسەی کە پێوەی نابوو، بەدەم بایەکەوە دەهەژین. پەروانەی ئاشە بایەکە، بە سەر گردۆلکەکەوە، بە ئەسپایی دەسوڕایەوە. پەڕۆی سەر پەروانەکانی کە بەدەم بایەکەوە دڕابوون، شەپەشەپ دەشەکایەوە. جەمەلۆن و شێروانی سەربانەکەی بەدەم بایەکەوە کەوتبووە تەقە تەق.

هەتاو، هەرچەندە بەتین نەبوو، بەڵام گەرم بوو. شنەبایەکی فێنك و خۆش لە سەر دۆنەوە دەهات. لە حەوشەی ماڵی ئارخیپ بوگاتیروفدا (پیرەمێردێکی باڵابەرز بوو، کاتی خۆی تۆپچی گارد بوو) کۆمەڵێك ژن، سەرقاڵی تەڕاوکردنی ژوورێکی گەورەی بازنەیی بوون و بۆ جەژنی پاك ئامادەیان دەکرد. یەکێك لەو ژنانە گڵەسوور و شیاکەی تێك هەڵدەشێلا. تەنوورەکەی هەڵکردبوو، پاوپوزە قەڵەوە سپیەکانی، لە نێو پاخوا قوڕەکەدا بە زەحمەت بەرز و نزم دەکردەوە، جێگای دەمی گۆرەوییەکانی، بە بەلەکیەوە، هێشتا سوور دەچووەوە. بە نێو پاخوا قوڕەکەدا دەهات و دەچوو و، بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە. داوێنی تەنورەکەی بە نووکی قامکان گرتبوو، دەلنگی دەرپێیەکەی تا سەر ئەژنۆی هەڵکردبوو و لە گۆشتی باریکایی ڕانیا ختم بوو بوو. لەوە دەچوو زۆر بە خەمی جوانی خۆیەوە بێت، هەرچەندە هەتاو هێشتا زۆر بەرز نەبووبووەوە، سەرپۆشەکەی بە سەر و چاویدا دابوو. دوو ژنی گەنجی دیکە، کە هەردووکیان بووکی ئارخیپ بوون، چووبوونە سەر پەیژە و دیواری خوار میچەکەیان، کە زۆر بە جوانی حەسیرپۆش کرابوو،

تەڕاو دەکرد. قۆڵیان تا ئانیشك ڕووت بوو، گسکەکانیان، بە ڕاست و بە چەپا بە دیوارەکەدا دێنا، تکەی تەڕاوە سپییەکە، بەسەر دەموچاویاندا، کە تا سەر چاویان دایان پۆشی بوو، دەڕژا. بەدەم کارکردنەوە بە دوو قۆڵی دەسترین (گۆرانیان دەچڕی). ماریا، بووکی گەورە، کە بێوەژنی یەکێك لە کوڕەکانی بوگاتیریوف بوو، بە ئاشکرا چاوبازی و ئاشقێنی دەگەڵ میشکادا دەکرد. هەرچەندە دەموچاو نموس بوو، بەڵام ژنێکی زەریف و جوان بوو، بە دەنگێکی نزمی پتەو، کە هاوتای دەنگی پیاوی دەکردەوە و لە سەرانسەری گوندا بە ناوبانگ بوو، هەڵیکردە گۆرانی:

– هەی داد، هەی بێداد، کەس لە دەردی ئەو...

دوو ژنەکەی دیکە بۆیان دەسەندەوە و، دەنگی هەرسێکیان لەم گۆرانیە سادە و خەمناکەدا، لەم سترانە ژنانە پڕگلەییەدا، یەکیان دەگرتەوە:

... لە دەردی دڵدارەکەم کە چۆتە شەڕ

کە تۆپچی مەیدانە

و شەو وڕۆژ بیری لای منە،

خەبەردارنیە...

میشکا و غوڵام بە پاڵ پەرژینەکەدا ڕێیان دەکرد و چاوەڕوانی پاشماوەی گۆرانیەکە بوون، کە حیلەی ئەسپێك لە مێرگەکەوە، بەرز بووەوە و تێکەڵ بە دەنگ و ئاوازەکە بوو.

ئەوسا نامەیەکی سەر بە مۆرم پێگەیی

کە دڵدارەکەم کوژراوە.

ئاخ کوژراوە، بەندی دڵەکەم پچڕاوە،

ئا، ئێستا، بێکەس و تەنیا

لە بن دەوەنێکا کەوتووە.

ماریا سەری وەرگێڕا، کە چاوی بە میشکا کەوت، ڕووی گەشایەوە، چاوە کەوەییە گەرمەکانی لە ژێر لەچکەکەیەوە کە یەکپارچە پەڵەی تەڕاوبوو، بە ئاوازێك کە لە کانگای دڵەی پڕسۆزیەوە هەڵدەقوڵا، تێی چریکاند:

قژی زەردی، قژی لوولی

بەدەم باوە سەمای دەکرد

چاوانی، چاوە ڕەشە قووڵەکانی

قەلەڕەشێك هات

بردنی و ڕۆیی.

میشکا، کە هەمیشە ڕووی دەگەڵ ژناندا خۆشبوو بزەیەکی بۆ کرد. ئەوسا بە پیلاگیای کچی ئارخیپی، کە قوڕەکەی دەشێلا، گوت:

– تەنورەکەت تۆزێ هەڵکە، خۆ من لەبەر پەرژینەکە ناتوانم هیچ ببینم.

کیژێ، چاوێکی لێکرد و بەرسڤی دایەوە:

– کەسێ مەبەستی بێ، دەتوانێ.

ماریا، له سەر پەیژەکە ڕاوەستا، دەستی خستە کەمەردانی و سەیرێکی دەورووبەری کرد و بە ناز و نەوازشەوە گوتی:

– له کویٚ بووی گیانەکەم؟

– چووبوومه ڕاوەماسی.

– دوور مەکەوە، با بچینە عەماری دانەوێڵەکەوە و بۆ خۆ ڕابوێرین.

– بیٚ حەیا! تەمەشا، خەزورت لەوێندەرە!

ماریا، بە زمان چەقەنەیەکی بۆ لێدا و بەدەم قاقای پێکەنینەوە گسکە تەڕەکە، بەرەو ڕووی میشکا تەکان. هەموو چاکەت و شەپقەکەی بوون بە پەڵەی سپی. بووکەکەی دیکەی ئارخیپ، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، کە ددانە سپیە شیر ئاساکانی دەرخست، هاواری کرد:

– غوڵاممان نادەیتیٚ یارمەتیمان بدات؟ هەر نەبیٚ دەتوانیٚ لە پاککردنەوەی ژوورەکەدا یارمەتیەکمان بدات.

ماریا، شتێکی بە گوێیا چپاندو، هەرسیٚ ژنەکە لە قاقای پێکەنینیان دا.

غوڵام، بڕۆی وێکهێنانەوە و گوتی:

– دەڵە قۆڕی قەحپە!

پێی هەڵگرت، میشکا بەدەم بزەیەکی میهرەبانەوە، قسەکەی بۆ غوڵام ڕاست کردەوە:

– قەحپە نا، بە ئاڵۆش.

میشکا بەدەم کردنەوەی دەرگا چکۆڵەی حەوشەکەی خۆیەوە، لەبەر خۆیەوە گۆرانیەکەی ژنەکانی تەواو کرد: "ئەوا من دەڕۆم خۆم و دڵەکەم، بە خوام سپاردیت دەرد و دەرمانم، تاقە گوڵەکەم."

"٢٣"

دوای ڕۆیشتنی کوشیڤۆی، ئەوانی دی ماوەیەك بێدەنگ بوون . دەنگی زەنگەکە بە ئاسمانی دگوندا دەنگی دەدایەوە و شووشەی پەنجەرەی ماڵەکانی دەلەراندەوە. ئیڤان ئالیکسییوفیچ لە پەنجەرەکەوە ڕوانیە دەرەوە. سێبەری دەمەو بەیانی کەپر و عەمارەکە لەسەر عاردی پان بوو بووەوە. سەوزەگیای تازە چەکەرەکردوو لە ژێر قورسایی ئاونگ و خوناودا دەلەرزی. ئاسمان تەنانەت لە پشت شووشەی پەنجەرەکەشەوە، وەنەوشەیی دەنواند. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، تەمەشایەکی خریستونیای کرد کە سەرە بژەکەی لە بەر خۆ نابوو و گوتی:

– ڕەنگە ئەمە کۆتایی مەسەلەکە بیٚ؟ دوای ئەوە سوورەکان لە میگولینسکایا لووتیان شکا و شکستیان هێنا، جارێکی دی نایەن سەری خۆیان بە دیوارا بکێشن.

گریگوری، لەپڕ موچوڕکەیەك بە سەراپایا هات:

– نەخێر، تەواو... ئەمە سەرەتایە، بەردەوام دەبن... چ بکەین بڕۆین بۆ مەیدانەکە؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کاسکێتەکەی هەڵگرت و بۆئەوەی گومان و دوودڵی خۆی بڕەوێنێتەوە، پرسی:

– کوڕینە، ڕەنگە ئێمەمانان ژەنگ لێیدابین و لێ بووبینەوە. میخائیل هەرچەندە سەری گەرمە، بەڵام کوڕێکی ئاقڵە... ڕاستە کۆمەڵێك تانە و تەشەری لێداین...

کەس وەڵامی نەدایەوە، هەموو بێدەنگ بوون، پاشان بە کۆمەڵ بەرەو مەیدانی گوند پەل بوونەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەدەم ڕێگاوە، چاوی بڕیبوونە عاردی و لە گژ فکران ڕاچووبوو. زۆر پەست بوو، هەستی دەکرد غەدری لە خۆی کردووە و بە گوێرەی گازی (نداء) ویژدانی خۆی نەکردووە. هەرچی سەری دێنا و سەری دەبرد، هەڵوێستەکەی غولام و مێشکای بە ڕاست و دروست دەزانی. دەبوایە بێ دوودڵی بەگەڵ وان کەوتبا. ئەو بیانوو و پاکانانەی بۆ خۆی دێنانەوە، بێفایدە بوون. وەکو چۆن ئەسپێك بە سمی خۆی توێژاڵە شەختە و بەستەڵەکی سەر گۆلاوێك دەشکێنێ، بەو ئاوایە بانگەوازێکی ڕوون و تەوس ئامێز، هەنجەت و بیانووەکانی پێشێل دەکرد. لە کۆتاییدا و بەدەم ڕێگاوە بۆ مەیدانی گوند، بە عەزمی جەزمەوە لێبڕا، کە لە هەوەڵین دەرفەتا، پەیوەندی بە ڕیزی بە لشەویکەکانەوە بکات. هەڵبەتە بە دەم ڕێوە و لە دڵی خۆیدا ئەم بڕیارەی دا، بەڵام هیچ شتێکی لەو بارەیەوە بە گریگۆری یان خریستونیا نەگوت، چونکە لە دڵی خۆیدا وای هەست دەکرد، ئەوان نیازێکی تریان هەیە و بە کورتیەکەی لە ناخا گومانی لێیان هەبوو. هەرسێکیان پێشنیازەکەی غولامیان، بە هەنجەتی ئەوەی ماڵ و منداڵیان، هەیە، ڕەفزکردبوو، لە کاتێکا هەموویان دەیانزانی ئەمە تەنیا بیانووە بۆ خۆدزینەوە. بۆیە ئێستا هەر هەموویان لە هەنبەر یەکترا هەستیان بە تەریقی و شەرمەزاری دەکرد. کەسیان ورتەیان لێوە نەدەهات. بەڵام کە لە ماڵی موخوف تێپەڕین، ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە نەیدەتوانی لەوەی پتر خۆی لەبەر ئەم بێدەنگیە کوشندەیەدا بگرێت، بە مەبەستی سەرکۆنەکردنی خۆی و ئەوانی دی هەڵیدایە و گوتی:

– پێویست بە شاردنەوە ناکات، وەختایەك لە شەڕگە گەڕاینەوە هەموومان بەلشەویك بووین، بەڵام ئێستا هەموو خەمێکمان ئەوەیە، کە خۆ بدەینە پەنایەك، سەری خۆ کزبکەین و خەڵکی دی لە جیاتی ئێمە شەڕبکات و ئێمە لە گەڵ ژنەکانماندا بمێنینەوە.

گریگۆری، بە توندی گوتی:

– من شەڕی خۆم کردووە، ئیدی نۆرەی خەڵکی دییە...

و ئەوسا لەوان جیابووەوە. خریستونیاش هەڵیدایە:

– ئەدی چیە؟ یانی ببین بە شەریکی کۆمەڵێك چەتە و دز؟ ماقوولە بە گەڵ ئەو جۆرە خەڵکانە بکەوین؟ ئاخر ئەمە چۆن گاردی سوورێکە کە دەست بۆ ناموسی ژنان بەرێت؟ قوزاق تاڵان بکات! بەشەر دەبێ بزانێ چ دەکات. نابێ کوێرانە مل بنێ و سەری خۆی بە دار ودیوارا بدات.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە توندی پرسی:

– خریستونیا، تۆ بە چاوی خۆت ئەو شتانەت لێدیون؟

– خەڵکی وا دەڵێن.

– ئاخ... لە خەڵکی...

– دەی بەسە، با خەڵکی گوێیان لێمان نەبێت.

مەیدانەکە، لە نەوار و کاسکێتی سووری قەزاقیدا لە باخێکی پڕ شکۆفە دەچوو. ناوبە ناو، لێرەو لەوێ هەندێ کڵاوی فەروی ڕەشی گڤن وەکو پەڵەیەك، دەکەوتە بەر چاو. هەموو خەڵکی گوند جگە لە ژنان، خڕبووبوونەوە. پیاوانی پیر، ئەو پیاوانەی لە شەڕگە گەڕابوونەوە و تەنانەت جەوانەکانیش، هەموو لەوێ بوون. پیرانی گوند، لە ڕیزی پێشەوە خۆیان بەسەر گۆپاڵ و دارعاساکانیاندا دابوو: قازیانی بەڕێز، ئەندامانی ئەنجوومەنی کڵێسا، مامۆستاێن قوتابخانەکان و بەڕێوەبەری کڵێساکەش. گریگۆری چاوی دەگێڕا و بۆ ڕدێنی ماش و برنجی بابی دەگەڕا. میلیخوف پیر، لە تەنیشت میرون گریگوریوفیچ کورشنوف بابی بووکەکەیەوە وەستابوو. باپیرە گریشاکا، بە جلە فەرمیەکەیەوە و بە هەموو میداڵ و نیشانەکانیەوە لە پێشی ئەوانەوە وەستابوو و خۆی دابوو بەسەر عاسا گریێ گریاویەکەیدا. گریگۆری توانی ئاڤدیچ (درۆزن) بە سەروسیما سووره سێوئاساکەیەوە لەلای میرون گریگورفیچەوە بەدی بکات، هەروەها ماتڤی کوشلین و ئارخیب بوگاتیریوف و ئاتیوپین ناسراو بە تساتسا کە کاسکێتێکی تازەی لە سەر نابوو، لە هەمان ڕیزدا وەستابوون. کەمێك لە دوای ئەوانەوە، ڕیزێك پیاوی لەوان کەم تەمەنتر، لە شێوەی نیو بازنەیەکدا وەستابوون، کە هەر هەموویان هاوڕێی سەربازیی گریگۆری بوون، لەوانە: یگورسینیلینە ڕیشە، یاکوف "ناڵە ئەسپ" ئاندریێ کاشولین، نیکولای کوشوف، بورشچوفە درێژ، ئانیکوشا و مارتین شامیل و گروموف، ئاشەوانی لۆق درێژ، یاکوڤ کولوڤیدین و میرکولوف و ڤیدوت بودوفسکوف و ئیڤان تومیلین، ئیپیڤان ماکسایڤ و زاخارکارالیوف و ئانتیپی کوڕی ئاڤدیچ (درۆزن) کە کوڕێکی گەنجی کورتە باڵای کەپوو فس بوو. گریگۆری کە بە مەیدانەکەدا تێپەڕی، پیوتەری برای لەوسەری ڕیزەکەوە بینی کە بلوزە عەسکەرییەکەی لەبەر کردبوو و خاچی سان جۆرجی بە نەوارە ڕەش و نارنجیەکەیەوە، بە یەخەی خۆیەوە کردبوو و سوعبەت و شۆخی دەگەڵ ئالیکسی شامیلی یەك قۆڵدا دەکرد. میتکاکورشونوف، بە چاوە کەسکەکانیەوە لەلای چەپی ئەوەوە وەستابوو و سیگارەکەی خۆی بە سیگارەکەی پروخور زیکوف پێدەکرد. پروخور کە چاوی لە چاوانی گوێرەکە دەچوو، لێوەکانی وێکهێنابوونەوە و بە قووڵی مژی لە جگەرەکەی خۆی دەدا، تا بگەشێتەوە و یارمەتی میشکا کورشونوف بدات کە جگەرەکەی داگیرێنێ. لە دوای ئەوانەوە دەستەیەك قوزاقی گەنج وەستابوون. لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا، نازار، سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشی گوند، لە پشت مێزێکی چکۆلەی لەق و لەرزۆکەوە، کە قاچەکانی لە ئەرزە نەرم و نمسارەکە چەقی بوون، دانیشتبوو. ملازمێك، کە گریگۆری نەیدەناسی، لەلایەوە وەستابوو و دەستی نابووە سەر مێزەکە. کڵاوێکی خاکی بۆرباوی لەسەر کردبوو و نیشانەی ئەفسەری پێوە دروبوو و چاکەتێکی چەرمی کەتافیەداری نیشانە لە سەر و، پانتۆڵێکی تەسکی خاکی، تایبەت بە سوارانی لە بەر بوو. سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بە شەرمەوە شتێکی پێدەگوت و ملازمەکە، کە کەمێك بەلای ئەوەوە دانەوی بووەوە و گوێیە پانەکانی لە دەم و ڕدێنی سەرۆك بردبووە پێشێ و گوێی لێدەگرت.

مەیدانەکە لە خەڵکیدا جمەی دەهات، ژاوەژاوی خەڵکەکە لە وزەوزی شارە هەنگ دەچوو. قوزاقەکان، پێکەوە سەرگەرمی قسە و باس و شۆخی و سوعبەتان بوون. بەڵام نیگەرانی و دڵە ڕاوکێ بە سەروسیمای هەموویانەوە دیاربوو. یەکێکیان کە تاقەتی چاوەڕوانی زیاتری نەبوو و، بە دەنگیا دیاربوو کە گەنجە ، هاواری کرد:

– دەست پێبکەن ئیدی! چاوەڕوانی چین! تەقریبەن هەموو ئامادە بوون.

ئەفسەرەکە بە چاپووکی، خۆی ڕاست کردەوە و کاسکێتەکەی لە سەری داکەند و زۆر بە شێنەیی و خۆیی وەکو ئەوەی لە نێو کەسوکار و خانەوادەی خۆیدا بێت گوتی:

– ڕدێن سپیانی بەڕێز، برایانی قۆزاقی بەشدارانی شەڕگە! هەڵبەتە هەمووتان، ئەوەتان ژنەوتووە کە لە گوندی ستراکوفدا ڕووی داوە، وانیە؟

خریستونیا لە بن لێوانەوە بۆڵژنێکی بۆ کرد:

– ئەمە کێیە؟ خەڵکی کوێیە و لە چ گۆڕێکەوە سەری قوت کردووەتەوە؟

یەکێك لەو نزیکانەوە بەرسفی دایەوە:

– خەڵکی ڤیشنسکایایە. لە چرنایارچکاوە هاتووە، ناویشی پێموایە ساڵداتوفە...

ملازمەکە، بەردەوام بوو:

– لەم ڕۆژانەدا قوەتێکی گاردی سوور دەچنە ستراکوف. بە خۆتان دەزانن کە ئەڵمانیەکان، ئۆکرانیایان گرتووە و بە دەم پێشڕەویەوە سەربازانی گاردی سووریان تا ئەوبەری سکەی ڤیتارەکەی ئەو دیوی ناوچەی دۆن ڕاو ناوە. ئیدی سەربازانی گاردی سوور ناچاردەبن بە خاکی میگولینسکایادا بپەڕنەوە: دێی ستراکوف دەگرن و دەست بە تاڵانکردنی ماڵی قوزاقیان و دەستدرێژی بۆ سەر نامووسی ژنان و ڕەشبگیری نایاسایی خەڵکان و ئەو جۆرە کارانە دەکەن. قوزاقانی، گوندەکانی ئەو ناوە کە هەواڵەکە دەزانن، دەست دەدەنە چەك و پەلاماری تاڵانچیەکان دەدەن، ئیدی قوەتەکەی گاردی سوور نیوەیان دەکوژرێن و نیوەیان بە دیل دەگیرێن و خەڵکی میگولینسکایا، دەسکەوتێکی فرە وەدەست دێنن. ئیدی ناوچەکانی قەڵەمڕەوی میگولینسکایا خۆیان لە نیری بەلشەویکان ڕزگار دەکەن، پیر و لاو بۆ داکۆکی و بەرگری لە دۆن ڕادەپەڕن. لە ڤیشنسکایادا کۆمیتەی شۆڕشگێڕیان ڕاماڵی و خەڵکەکە ئەتامانێکیان بۆ قەڵەمڕەوەکە هەڵبژارد. لە زۆربەی گوندەکان هەمان کار کراوە.

لێرەدا چپەچپێك کەوتە نێو ڕدێن سپیانی گوند. یارۆی ئەفسەر بەردەوام بوو:

– جا حاڵی حازر لە هەموو شوێنێ، مەفرەزێن قوزاقی دروستکراوە. ئێوەش پێویستە مەفرەزەیەك لەو قوزاقانەی کە شەڕگەیان دیتووە. دروست بکەن، تا ئەگەر ئەو چەتە و ڕێگرانە پەلاماریان دایەوە، بتوانن بۆ خۆتان داکۆکی و بەرەڤانی لە ناوچەکە بکەن. پێویستە دام و دەزگایەکی کارگێڕی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین. ئێمە ڕژێمی سوورمان، کە لە جیاتی ئازادی، نائەمنی و ئاشوب لەگەڵ خۆیدا دێنێ، ناوێ. ڕێ نادەین فەلاحان، دەستدرێژی بکەنە سەر نامووسی ژن و خوشکانمان، گاڵتە بە ئاینی ئەرتەدۆکسی ئێمە بکەن، کڵێسا پیرۆزەکانمان بلەوتێنن(پیس بکەن) و سەروەت و سامانمان بە تاڵان ببەن... وا نیە ڕدێن سپیانی بەڕێز؟

ئاپۆڕاکە بە یەك دەنگ وەڵامیان دایەوە: "بەڵێ!" هەنگێ یارۆی ملازم دەستی بە خوێندنەوەی بەیاننامەیەکی کۆپیکراو کرد. سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕش خۆی دزییەوە و کاغەزەکانی لە سەر مێزەکە بیرچوون. خەڵکی بە وردی گوێیان ڕادەدێرا. لە ڕیزەکانی دواوە، ئەوانەی کە تازە لە شەڕگە هاتبوونەوە، لە بن لێوانەوە قسانیان دەکرد.

هەرکە ئەفسەرەکە، دەستی بە خوێندنەوە کرد، گریگۆری لە نێو حەشاماتەکە هاتە دەرێ و بە ئەسپایی بەرەو دیواری ماڵەکەی قەشە ڤیساریون ڕۆیی تا لەوێندەرەوە بەرەو ماڵی خۆی بگەڕێتەوە. میرون گریگوریوفیچ بەدی کرد، ئانیشکێکی لە تەنگەی پانتلی پروکوفیچەوە ژەند:

– تەمەشا، کوڕە بچووکەکەت، خۆی دەدزێتەوە!

پانتلی پروکیوفیچ، بە شەلە شەل لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکە هاتەدەرێ و بە دەنگێکی ئامیرانە و لە هەمان کاتا پاڕانەوە ئامێز بانگی کرد:

– گریگۆری!

گریگۆری وەستا، نیمچە ئاوڕێکی دایەوە.

– بگەڕێوە کوڕم!

حەشاماتەکەش هاواریان کرد:

– بۆچی دەڕۆیت؟ بگەڕێوە!

هەر هەموو، سەریان بۆ لای گریگۆری وەرگێڕا.

– لای خوایە ئەفسەریش بووە!

– پێویست بە کەش و فش ناکات!

– بە خۆی لە گەڵ بەلشەویەکاندا بووە.

– خوێنی قوزاقانی ڕشتووە!

– خۆی و خوێنەکەشی سوورن!

گریگۆری، بە ئاشکرا گوێی لەو تەشەرانە بوو، دیاربوو، دوو دڵە و دەگەڵ خۆیدا لە سێ و دوودایە. پێدەچوو دوای یەك دەقیقە بڕوات و، هەر ئاوڕیش نەداتەوە.

بەڵام پانتلی پروکوفیچ و پیوتەر، کاتێ بینیان کە گریگۆری کەوتە ئەم پێ و ئەو پێکرن و بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، بەرەو ئاپۆڕاکە گەڕایەوە، هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا.

ئەو ڕۆژە، ڕۆژی ڕدێن سپییانی گوند بوو. بە خێراییەکی باوەڕ نەکردەنی میرون گریگوروفیچ کورشونفیان بە ئەتامان هەڵبژارد. میرۆن هەستا و لە ناوەندی حەشاماتەکەدا وەستا، دەموچاوە نمووسەکەی (پەڵەپەڵەی ڕوخسار) سپی دەچووەوە. بە پەشۆکاویەوە، عاسا سەر بە مسەکەی کە نیشانەی دەسەڵات بوو، لە دەستی ئەتامانی پێشووتر وەرگرت. تا ئەو ڕۆژە قەت ئەتامانی نەکردبوو، شەرمی دەکرد و دوو دڵ بوو لەوەی کە ئەو پۆستە وەربگرێت و بیانوو و هەنجەتی دێنایەوە کە خوێنەواری نیە و شایستەی ئەو شەرەفە نیە. بەڵام ڕدێن سپییەکان پێیان داگرت و هانیان دا:

– کورشونف، عاساکە وەربگرە! خۆت مەدزەوە!

– تۆ گەورەترین موڵکداری گوندی.

– تۆ کەسێك نیت، کە چاوت لە ماڵ و حاڵی خەڵکی بێ یان خێر و بێری گوندت نەوێ!

– ئاگاداربە، وەکو سیمون، بە پارەی ئێمەمانان بەد مەستی نەکەی!

– دەبینن، ئەمیش هەمان ڕێگای ئەوانی دی دەگرێت.

– موڵکی زۆرە، دەتوانێ باجەکەی بدات.

– وەکو بەرخ کەوڵی دەکەین.

هەڵبەتە هەلومەرجی ئەم هەڵبژاردنە و، ڕەوش و بار و دۆخی نائارام و شەرئامێزی ناوچەکە، کردیانە کارێك کە میرون گریگوروفیچ زۆر ناز نەکات و زوو قاییل ببێت. هەڵبژاردنی کورشونف، وەکو هەڵبژاردنەکانی پێشووتر نەبوو، کە عادەتەن ئەتامانی گشتی دەڤەرەکە دەهات بۆ گوند و پیاوماقوڵانی قوزاقی کۆدەکردەوە، کارتی هەڵبژاردن بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکرا و ناوی کاندید و پاڵێوراوەکان ڕادەگەیەنرا و دەخرایە دەنگەوە. بەڵام ئەمجارەیان کارەکە زۆر بە خێرایی و بە سادەیی ئەنجام درا: "کێ لە گەڵ کورشونف دایە لە دەستە ڕاستا بوەستێ!" هەموو حەشاماتەکە هاتنە لای ڕاستەوە، تەنیا زینوڤی پینەدۆز نەبێ کە کۆنەقینی لە میرون گریگورفیچ هەبوو، وەکو کۆتەرەدارێکی سووتاوی ناوەندی سەوزە زارێك، لەجێی خۆی نەجوڵا.

میرون گریگورفیچ، کاتێکی بە خۆ زانی عاسای ئەتامانیان لە دەستی نا و، هەرا و زەنا لە دەوری بەرز بووەوە:

– دەبێ هەموومان دەعوەتی ڤۆدکا بکەیت!

– هەموو دەنگیان بە تۆ داوە.

– دەبێ بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕدرێ.

– دەی ئەتامانی تازە بخەنە سەر شان!

ملازمەکە، بێدەنگی کردنەوە و لێهاتوانە جەماوەرەکەی بۆ چارەسەری مەسەلەکانی دی ڕاکێشا. مەسەلەی هەڵبژاردنی فەرماندەی مەفرەزەی گوندی هێنایە پێشێ. هەڵبەتە لە ڤیشنسکایادا زۆر شتی دەربارەی گریگۆری ژنەوتبوو، بۆیە کەوتە ستایشی ئەو و کردی بە دەسکەلاش بۆ ستایشی گوندەکە و گوتی:

– باشتر وایە ئەفسەرێك فەرماندەیی مەفرەزەکە لە ئەستۆ بگرێت. چونکە لەو حاڵەدا ئەگەر تووشی شەڕ ببین، هەم سەرکەوتن بەدەست دێنین و هەم کەمترین خەسارەت دەدەین. ئێوە لە گوندەکەتاندا قارەمانی زۆرتان هەن. جا گەلی قوزاقان، من نامەوێ ویستی خۆمتان بەسەرا بسەپێنم و بەڵام لای خۆمەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە ملازم میلیخوف هەڵبژێرن.

– کامیان؟

– چونکە دوانمان هەن.

ملازمەکە، چاوی بە حەشاماتەکەدا گێڕا و گریگۆری بینی کە لە دوای دواوە سەری داخستبوو و وەستابوو. بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– گریگۆری میلیخوف!... ئێوە چی دەڵێن گەلی قوزاقان؟

– زۆر باشە!

– ڕازین.

– گریگۆری پانتلییوفیچ! پیرۆزە!

– گریگۆری، لە گوێزی ساغ، ساغترە!

– وەرە دەرێ، خۆت نیشانبدە.

– ڕدێن سپییان دەیانەوێ بت بینن.

گریگـۆری کـە لـە دواوە دەڵـەکیان دەدا، بـە دەموچـاوی سـوورهەڵگەڕاوەوە، لـە کاتێکـا وەکـو نێچیری گرفتار دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی، هاتە ناوەڕاستی بازنەکە. ماتڤی کاشولین، نـووکی عاساکەی دا بە عاردیدا و ئاماژەی خاچی کێشا و گوتی:

– ڕابەری منداڵەکانمان بکە. ڕابەڕیان بکە و فەرمان بدە. وەکو پۆلە قازێك دوای نێرە بکەون، بەو ئاوایە پشتت بەر نادەن. وەکو چۆن نێرە قاز، چاودێری مێیەکانی خۆی دەکات و لـە ئاسێوی بە شـەران و گیانـەوارانی شکارییان دەپارێزی، تـۆش بـەو ئاوایـە پارێزگاریـان بکـە! هیـوادارم چـوار خاچی دیکەش بەدەست بێنی، دەی خوا ڕاوەستاوت بکات!

– پانتیلی پروکوفیوچ، خۆش بە حاڵت بۆ خۆت و کوڕت.

– کوڕێکی زیرەك و ئاقڵە.

– ئەرێ شەیتانی شەل! بۆچی دەعوەتێکی ڤۆدکامان ناکەی، خۆ کفر نابێ!

– دەبێ، ئاهەنگمان بۆ بگێڕی!

– ڕدێن سپییانی بەڕێز! تکایە بێدەنگی! ڕەنگە وا باش بێ دوو سێ وەجبە گەنج بە سـەربازی بگرین، نەبا دوایی داوخوازانمان دەست نەکەوێ...

– بۆ ماوەی سێ ساڵ!...

– بۆ ماوەی پێنج ساڵ!

– نەخێر داوخواز باشترە.

– تۆ خۆت داوا بکە، کێ ڕێی لێگرتوویت؟

لەم کاتەدا، چوار کەس لە پیرانی سەرووی گوند، بەرەو لای مولازمەکە، کە سـەرگەرمی گفتوگۆ بـوو دەگـەڵ ئـەتامانی تـازەدا، چـوون. یـەکێکیان پیرەمێردێکـی دان کـەوتووی ڕیوەڵـە بـوو کـە (چرچـە)یـان پێـدەگوت. دەیـانگوت هـەموو تەمـەنی بە مەحکەمـە و مەحکەمـەکاری لـە سـەر شـتی تورەهات، بەسەر بردبوو. ئەوەندەی هاتوچۆی دادگا کردبوو کە تاقە ماینـە سپەیەکەشـی ڕێگـای دادگا فێر بووبوو، ئەوەندەی بەس بوو، خاوەنە مەستەکەی سواری گالیسـکەکە بوایـە و بە دەنگـە نەرمە زوڵاڵەکەی دەی لێکردبا! "بڕۆ بۆ دادگا!" هـەنگی ماینی تاین خۆ بە خۆ ڕێگـای ناحیـەی دەگرت و ڕێ و ڕێ دەڕۆیی...

چرچـە، کڵاوەکـەی داکەنـد و چـوو بـۆ لای یـارۆی مـولازم. سـێ نەفەرەکـەی دی، کـە یـەکێکیان گوراسیم بوڵدیرۆڤ بوو، جووتیارێکی دەوڵەمەند بوو و لـە گوندا قـەدر و ڕێزێکـی زۆری هـەبوو، لە

دوورتـرەوە وەسـتان. چرچـە، وێـڕای سـوخەت و هونەروەریـەکانی دیکـەی، کەسـێکی بـەدەم و زەمانیش بوو، بەمجۆرە دەستی بە ئاخاوتن کرد:

– جەناب!

ملازمەکە، بە ڕووخۆشـی دانەوییـەوە و گوێیـە پانـەکانی کـە نەرمـەی گـوێی گۆشـتن بـوون، بـردە پێشیٚ و گوتی:

– ڕدێن سپییانی بەڕێز، چ فەرمایشتێکتان هەبوو؟

– قوربـان، پێدەچیٚ، تـۆ زانیـاری تـەواوت دەربـارەی ئـەو کەسـە نـەبێت کـە بـۆ فەرمانـدەی دەسـتە کاندیـدت فـەرمووە. ئێمـەی ڕدێـن سـپییانی گونـد خوازیـاری پێداچوونـەوەی ئـەم بڕیـارەین و مـافی ئەوەمان هەیە ئیرادی لێبگرین و پێی قاییل نەبین. ئێمە، ئیعترازمان لە سەر گریگۆری هەیە.

– چ ئیعترازێك؟ بە چ بە ڵگەیەك؟

– بەو بەڵگەیەی کە ناتوانین باوەڕ بە کەسێك بکەین کە بەخۆی لە گاردی سوورا فەرماندە بووبیٚ، هەمووی دوو مانگە بە هۆی زامدارییەوە، بۆ گوند هاتووەتەوە.

ملازمەکە سووربووەوە، گوێچکەکانی سوور هەڵگەڕان

– مەحاڵە! من هەرگیز شتی وام نەبیستووە... کەس لە مبارەیەوە هیچی بۆ من نەگێڕاوەتەوە...

گوراسیم بوڵدیروف، بە سەر و ڕوویەکی جدییەوە گوتی:

– ئەمە دروستە. لە گەڵ بەلشەویەکان بوو، باوەڕی پێناکەین!

– دەبیٚ بیگـۆڕی، یەکێکـی دیکـەی لـەجیٚ دابنـیٚ. دەزانـی گەنجـەکانمان چ دەڵێـن: "لـە یەکـەم شـەڕا خیانەتمان لێدەکات."

ملازمەکە، هەستایە سەر نووکی پێیان، ڕووی کردە پیرەمێردەکان و هاواری کرد:

– ڕدێن سپییانی بەڕێز! ئێمە ئێستا گریگۆریمان بـە فەرمانـدەی دەسـتە هەڵبـژارد، باشـە ئـەم کـارە هیـچ مەترسـییەکی تیـا نییـە؟ چـونکە ئێسـتا خەبـەریان دامـیٚ کـە گوایـە لـە زسـتانی ئەمسـاڵدا لـە گـاردی سـوورا بـووە. ئایـا ئێـوە دەتـوانن، ڕۆڵـە و نـەوەکانتانی پـیٚ بسـپێرن؟ ئـەدی برایـانی جـەنگ دیدە، ئێوە چ دەڵێن، دەتوانن، بە دڵی ئاسوودەوە، دوای فەرماندەیەکی وا بکەون؟

قوزاقـەکان، بـۆ چـەند سـاتێك کـڕ و کـپ، مـات و حەپەسـاو، هیچیـان نـەگوت، لـە ناکـاوا، خوتـە و بۆڵە لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە، کەس لە کەس تێنەدەگەیی، پـاش ئـەوەی هـەرا و هەنگامەکـە دامرکایەوە، پوگاتیریوف، پیرەمێری برۆ چڕی، ڕدێـن تـۆپ، هاتـە ناوەڕاسـتی بازنەکـە، لـە هەنبـەر ئامادەبواندا، کڵاوەکەی داکەند و تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

– مـن کابرایـەکی سـاویلکەم، بـەڵام ئەقڵـە بچـووکەکەم پـێم دەڵێـت: نـابیٚ ئـەم پۆسـتە بدەینـە گریگـۆری پـونتیلی یـوفیچ. چـونکە ڕێگایـەکی هەڵـەی گرتـۆتـە بـەر وهـەمووشمان بیسـتوومانە و دەیـزانین، ئەگـەر پاشـان خـۆی چـاك کـرد و لـە هەڵەکـەی ژێـوان بـووەوە و قـەرەبووی ئـەم هەڵەیـەی کردەوە، هەنگیٚ بیرێکی لێدەکەینـەوە. ئێمـە لـە ڕووی جەنگیـەوە، دەزانـین جـەنگاوەرێکی چاکە... بـەڵام هـەتاویش لـە تـەمتومان و مـژدا دەرناکـەویٚ. ئێمـە نـاتوانین چـاکیەکانی بـدینین، چـونکە خزمەتکردنی لە ڕیزەکانی گاردی سوورا بەرچاوی گرتووین.

ئاندریێ کاشولین، قوزاقی گەنج، بە تووڕەیی هاواری کرد:
– با وەکو نەفەرێکی ئاسایی خزمەت بکات!
– پیوتەر میلیخوف بکەن بە فەرماندە!
– گریشا، با لە ڕیزی ئەوانی دیدا بێ!
– باش بوو زوو پێمان زانی.
گریگۆری کە لە تووڕەییدا سوور بووبووەوە، لە دواوە هاواری کرد:
– من نە پێویستم بەو پۆستەیە و نە بە ئێوە!...
بەدەم دەست هەڵتەکاندنەوە دووبارەی کردەوە:
– کێ پێی گوتن من هەڵبژێرن؟ من خۆم بەو پۆستە ڕازی نیم، مەمنوونیش بن، قەبووڵی ناکەم!
ئەوسا، دەستەکانی لە بەرکی قووڵی پانتۆڵەکەی نا و، عەینی لەق لەق، بە پشتی کووڕەوە بەرەو ماڵ پەل بووەوە. خەڵکەکە لە دواوە هاواریان دەکرد:
– نە بابە... سەرباقیت ناوێ.
– سەر و سەکوتت خواتەوە!
– لووتە دەندووکە داڵاشیەکەت زۆر بەرزە!
– ترحێو!...
– خوێنە تورکیەکەی هاتۆتە جۆش.
– بۆ قسە دانامێنێ! ئەو لە شەڕگەدا. یەك و دووی لە گەڵ ئەفسەرەکاندا دەکرد، لێرە چۆن دادەمێنێ!
– بگەڕێوە!
– بیگەنێ، ئەهۆی. ئەهای بیگرن! خێرا بیگرن!
– چ پێویست دەکات خۆتانی پێوە ماندووبکەن؟ بیبەن بۆ دادگا.
هەرا و زەنا تا ماوەیەك بەردەوام بوو. لە گەرمەی گەنگەشە و مجادەلە و دم بە دمەدا لێیان بوو بە شەڕ، کەپووی یەکێك پژا، و ژێر چاوی گەنجێك لەپڕا ئاوسا. پاش ئەوەی ئارامی باڵی بەسەرا کێشانەوە، ڕاگیری بۆ هەڵبژاردنی فەرماندەیەکی دیکە دەستی پێکرد. پیوتەر میلیخوف بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرا، لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. لەم کاتەدا، ملازم وەکو ئەسپێکی سەرکێش، کە پەرژینێکی بەرز لە بەردەم خۆیا ببینێ، بەو ئاوایە تووشی لەمپەرێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، داوای لە خەڵکەکە کرد کە بێن ناوی خۆیان قەید بکەن، کەس نەهاتە پێشەوە. ئەوانەی لە شەڕگە هاتبوونەوە و تەنانەت لە کاتی کۆبوونەوەکەشدا، هەر دوودڵ بوون، نەیاندەویست ناوی خۆیان بنووسن .جا بۆ ئەوەی شتەکە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، کەوتنە سوعبەت و شۆخییان:
– ئەنیکوشکا، بۆ ناچی ناوی خۆت بنووسیت؟
ئەنیکوشکا، لە بن لێوانەوە، ورتەیەکی کرد:
– من هێشتا منداڵم... بە خۆت دەبینی هێشتا سمێڵم دەرنەکردووە.

کاشولینی پیر، هاواری بە گوێیدا کرد:
– مەیکە بە سوعبەت! یانی چی، دەتەوێ بمانکەی بە گەپجاڕی خەڵکی؟
ئەنیکوشکا، وەکو یەکێك لە گیزەگیزی پێشکە هەڵێت، بەو ئاوایە لێی دوورکەوتەوە و گوتی:
– ناوی کوڕەکەی خۆت بنووسە.
– ناوی نووسیوە.
دەنگێك لای مێزەکە بەرز بووەوە:
– پروخورزیکوف.
– بەڵێ.
– ناوی خۆت نانووسیت؟
– نازانم...
– دەینووسین.
میتکا کورشونف، بە جدی لە مێزەکە نزیك بووەوە و بە کورتی گوتی:
– ناوم بنووسن.
– زۆر باشە، کێی دیکە بنووسین؟ فیدوت بودوفسکوف بتنووسین؟
فیدوت چاوە چکۆلە کالموکیەکانی لە شەرما داخست و بەدەم مینگەوە گوتی:
– ڕدێن سپییانی بەڕێز، من فتقم هەیە.
قوزاقەکان، هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا، کەوتنە تانە و تەشەر:
– ژنەکەت لە گەڵ خۆتا بێنە... ئەگەر فتقەکەت دابەزی، ئەو بۆتی دەخاتەوە شوێن خۆی.
قاقـای پێکـەنین دەگەییـە ئاسمـان: هـا! هـا! هـا!... ددانـان دەبریقانـەوە و چـاوان دەبریسکانەوە.
لەوسەری حەشاماتەکەوە، نوکتە و شۆخیەکی دی بەرز بووەوە:
– دەتکـەین بـە ئاشـپەز، ئەگـەر شـۆرباکەت خـراپ بـێ، هـەر هـەموویت بـە گـەروودا دەکـەین، تـا فتقەکەت لە خوارەوە دەربێت!
– ئەوەندە هەیە، کە لە کاتی پاشەکشەدا ناتوانی خێرا ڕابکەی.
ڕدێن سپیەکان، بەرەبەرە بێزاربوون، کەوتنە خوتەخوت و بۆڵەبۆڵ:
– بەسە، بەسە، ئەم گاڵتە بازاڕەتان لە چیە؟
– توخوا ئێستا وەختی سوعبەت و شۆخیانە! وەختی لەمە باشترتان نەدۆزییەوە!
یەکێکیان کە دەیویست پیاوەکان هێور بکاتەوە گوتی:
– کوڕینـە ئێـوە شـەرم ناکـەن! سـەرێ هـەڵبڕن و خـوا بناسـن. خـوا ئەمـەتان لـێ قـەبووڵ ناکـات! خەڵکی دەکوژرێن و ئێوەش... ئاخر سبەی چ جوابێکی خوا دەدەنەوە؟
ملازمەکە، چاوێکی بە دەور و بەری خۆیدا گێڕا و هاواری کرد:
– ئیڤان تومیلین!
تومیلین، بەرسڤی دایەوە:

– من تۆپچیم.

– یانی ناوت بنووسم؟ چونکە تۆپچیشمان دەویٚ.

– باشە، قەیدی نیە، ناوم بنووسە.

زاخار کارالیوف و ئەنیکوشکا و چەند کەسێکی دی کەوتنە گاڵتە پێکردنی:

– تۆپێکت لە قەدی داربی بۆ هەڵدەکەنین، ئیدی لە جیاتی گوللە تۆپ، کولەکە و لە جیاتی قونبەلە پەتاتەی تێبکە.

بەمجۆرە، بەدەم پێکەنین و سوعبەتەوە، ناوی شەست کەسیان نووسی. کە دوا کەسیان خریستونیا بوو. چووە نزیکی مێزەکەوە و بە ئەسپایی گوتی:

– ناوی منیش بنووسە. بەڵام شتێك هەیە با لە ئێستاوە پێتی بڵێم، من شەڕ ناکەم، دوایی گلەیی نەکەی ها!

ملازمەکە بە تووڕەیی گوتی:

– ئەدی بۆچی ناوی خۆت دەنووسیت؟

– هەر بۆ تەمەشا، قوربان دەمەویٚ تەمەشا بکەم.

ملازمەکە، شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی:

– ناوی بنووسن.

نزیکی نیوەڕۆ بوو کە ئاپۆراکە بڵاوەیان لێکرد. بڕیار درا کە سبەینیٚ قوەتەکە بەپەلە بڕوات بۆ یارمەتی و کۆمەکی خەڵکی میگولینسکایا.

بۆ سبەی بەیانی، لەو شەست کەسەی کە ناویان تۆمار کردبوو، تەنیا چل کەسێك لە مەیدانی گوندا ئامادەبوون. پیوتەر بە پاڵتۆ و چەکمەی درێژ و جل و بەرگی شیکەوە کەوتە تەفتیشی قوزاقەکان. زۆربەیان کەتافیە شینەکانی خۆیان، کە ژمارەی کەتیبەکانی جارانیانی پێوەبوو، سەرلە نویٚ بە شانیانەوە درووبوو و هەندێکیانش بەبیٚ کەتافیە هاتبوون. خورجین و کیسەی پڕ لە تۆێشوی خۆراك و بار و جلی ژێرەوە و یان ئەو فیشەکانەی کە لە شەڕگەوە هێنابوویانەوە، لە تەرکی زینەکانیان بارکردبوو (تەرك: بەشی دواوەی زین کە هەگبەی لە سەر دادەبەستن). کەسیان تفەنگیان نەبوو. بەڵام زۆربەیان چەکی سپییان پێبوو.

جەماعەتێك ژن و کیژ و منداڵ و پیر هاتبوون بۆ مەیدانەکە تا قوزاقەکان بە ڕێبکەن. پیوتەر کە سواری ئەسپە قەڵەوەکەی بووبوو، قوزاقەکانی، کە بە هەموویان نیو سریە دەبوون، ڕیزکرد و کەوتە تەفتیش وپشکنینی ئەسپە هەمەڕەنگ و سوارەکان کە هەندێکیان پاڵتۆ و هەندێکی دیکەیان تەنیا ئونیفۆرمی عەسکەری و هەندێکی دیکەیان بارانی مشەمای ئەستوریانش لە بەرکردبوو. پیوتەر عازی( ئەمری عەسکەری) هەرەکەتی دانیٚ. سوارەکان بە گردەکەدا هەڵگەڕان. قوزاقەکان بە سەر و ڕووی خەمبارەوە ئاوڕیان دەدایەوە و تەمەشایەکی گوندیان دەکرد. لە کۆتایی تابوورەکەوە یەکێك فیشەکێکی بە ئاسماندا تەقاند. پیوتەر، پاش ئەوەی گەییە سەر گردەکە، دەستکێشەکانی لە دەست کرد، سمێڵە زەردەکانی بادا و، سەری ئەسپەکەی بادایەوە و بە لا تەنیشتا کەوتەڕیٚ و کاسکێتەکەی بە دەستی چەپ گرت و هاواری کرد:

– سریه... به فەرمانی من... به یورغه بڕۆ!

قوزاقەکان، لەسەر ڕکێفەکان هەستانه سەر پێیان، شەلاخەکانیان خسته کار و هەڵیانکردە یروغە. بایەکە، کە مژدەی بارانی پێبوو، دەیدا لە سەر و چاویان و کلك یاڵی ئەسپەکانی دەشەکانەوە. قوزاکان، دەستیان به گفتوگۆ و فشقیات کرد. ئەسپه ڕەشەکەی خریستونیا، سەر سمێکی دا و خاوەنەکەی بە دەم جنێو و نەفرینەوە بە قامچی تێی بەر بوو. ئەسپەکە، ملی خوارکردەوە و هەڵیکردە غاردان و له ڕیزەکه دەرچوو.

سوعبەت و شۆخیان تا کارگینسکایا بەردەوام بوو. قوزاقەکان لایان عەیان بوو کە هیچ شەڕێك ڕوو نادات و بویەر و ڕووداوەکەی میگولینسکا، جگە لە دەستدرێژیەکی ڕێکەوتەکی بەلشەویکەکان بۆ سەر خاکی قوزاقان هیچی دی نەبووە.

"٢٤"

له گەڵ زەردەپەڕی ئێوارێدا گەینه کارگینسکایا. یەك جەنگاوەر لە ئاواییا نە مابوو، هەموو بۆ میگولینسکایا ڕۆیی بوون. له مەیدانی گوندا، بەرانبەر دوکانی لیڤۆچین ناوێك، پیوتەر فەرمانی بە دەستەکەی خۆی دا کە لە ئەسپەکانیان دابەزن و خۆی چوو بۆ ماڵی ئەتامانی ناوچەکە. ئەفسەرێکی باڵابەرزی، تۆکمەی گەنم ڕەنگ، بە دەنگیەوە هات. بلوزێکی درێژی دەڵبی بێ کەتافیەی لە بەربوو، قایشێکی چەرمی قەفقازی لەسەر بەستبوو، دەلنگی پانتۆڵه قوزاقیەکەی، کە لەملا و لەولاوە به قەیتان و نەوار ڕازابووەوە، لە گۆرەوییه خوریه سپیەکانی نابوو. پایپێکی نابوو به گۆشەی لێوە تەنکەکانیەوە. نیگایەکی گومان ئامێز به چاوە گەش و پرشنگدارەکانیەوە دیاربوو. لە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا، بەدەم پایپ کێشانەوە وەستابوو و تەمەشای پیوتەری دەکرد کە دەهاتە پێشێ. یارۆی ئەفسەر کەتەیەکی سینگ شێر بوو، قۆڵ و باسك و لەش و لاری پۆڵایینی لە ژێر بلوزەکەیەوە، گەواهی هێز و قوەتێکی ئاوارتەیان دەدا.

– تۆ ئەتامانی ئەم دەڤەرەیت؟

یارۆی ئەفسەر، گەواڵە دووکەڵێکی لە ژێر سمێڵە شۆڕەکانیەوە دەردایە دەرێ و بە دەنگێکی دلێر و ڕوون گوتی:

– بەڵێ، من ئەتامانی ناوچەکەم، جەنابت کێی؟

پیوتەر، ناوی خۆی گوت. ئەتامانەکە به ئاستەم سەری دانەواند و دەستی پیوتەری گوشی:

– من لیخوڤیدوڤ، فیودور (دمیتریڤیچ)م.

فیدور لیخوڤیدوڤ دمیتریڤیچ، قوزاقێکی گوندی گوسینولیخوڤیدوفسکی بوو، پیاوێکی دەگمەن بوو. دوای ئەوەی لە کۆلیجێکی ئەفسەری دەردەچێت، تا ماوەیەکی زۆر هیچ سەر و سەدایەکی نابێت. دوای چەند ساڵێك لەپڕا بۆ گوندەکەی خۆی دێتەوە و بە ئیزن و ڕەزامەندی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت، دەکەوێتە ناو ئەو قوزاقانەی کە خزمەتی عەسکەرییان کردبوو و نزیکەی سەد جەنگاوەرێکی بژاردە لە ناوچە جیاوازەکانی شاروچکەی کارگینسکایادا کۆدەکاتەوە و سریەیەکی مغاویریان لێپێکدێنێ و دەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرانیان دەبات. یەك ساڵ لە ئێراندا وەکو

گاردی تایبەتی شا مانەوە. لەکاتی شۆڕشی ئێراندا، لیخوڤیدوڤ دەگەڵ شادا هەڵهات، بەشێکی سەریەکەی خۆی لە دەست دا و، لە ناکاوا، وەکو جارەکەی دی لە کارگینسکایادا سەری هەڵدایەوە. هەندێك لە جەنگاوەرەکانیشی لەگەڵیا هاتنەوە. لیخوڤیدوڤ سێ ئەسپی عەرەبی ڕەسەنی هەڵبژاردەی لە ئەسپەکانی شا و کۆمەڵێك شتی گرانبەهای وەکو مافورێن دەگمەن و زێر و زەنبەر و خشڵی زۆر دەگمەن و پارچەیێن ئاوریشمی بە ڕەنگی سەیری دەگەڵ خۆدا هێنابوو. یەك دانە مانگی بە عەیش و نۆش بردە سەر، بە چنگ سکەی زێڕی ئێرانی دەبەخشیەوە، سواری ئەسپە سپیە بەفرینە، چوار پەل باریکە، مل بەرزە، قاز ملەکەی دەبوو و لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند دەڕۆیی. بە سواری ئەسپەکەی ،خۆی بە دوکانەکەی لیڤوچکیندا دەکرد، هەر بە سەر ئەسپەکەوە شتی دەکڕی و پارەکەی دەدا و لە دەرگاکەی دیکەوە دەردەچوو. ئەوسا فیودور لیخوڤیدوف وەکو چۆن لە پڕا پەیدابوو، بەو ئاوایە لە ناکاوا غەیب بوو. یاوەرە گیانی بە گیانی و موراسیلەکەشی، پانتلیوشکای سەماکار، کە خەڵکی گوندی گوسینولیخوڤیدوفسکی بوو، هەروەها ئەسپەکان و هەرچیەکی لە ئێرانەوە لە گەڵ خۆیدا هێنابوو، هەموو لە گەڵ غەیب بوونی ئەودا، دیار نەمان.

دوای شەش هەیڤان هەواڵی لە ئەلبانیاوە هات. لیخوڤیدوڤ لە دورازۆوە، پۆست کارتی دیمەنی چیا سەرکەشە شینباوەکانی ئەوێندەری بە پولی غەریب و سەیرەوە، بۆ دۆست و بناژۆکانی خۆی لە گارین، ناردبوو. پاشان چووبوو بۆ ئیتاڵیا، باڵقان، ڕۆمانیا و مودەتێکیشی لە ئەوروپای ڕۆژاوا بە سەر بردبوو، ئیدی دیارنیە ئاخۆ سەرێکی لە ئەسپانیاش دابوو یان نا. ناوی لیخوڤیدوڤ، بۆ خۆی لەگەز و مەتەڵێکی گۆنگ و ئاڵۆز بوو. لە هەر هەموو گوند و ئاواییەکانی ئەوە دەوروبەرە، جۆرەها شتی دەربارە دەگوترا. ئەوەی، کە لای هەمووان دیار و ئەسەح بوو، ئەمەبوو کە لیخوڤیدوڤ، لە دام و دەزگا و ئەنجوومەنە سەڵتەنەت خوازەکانەوە زۆر نزیك بوو و پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەگەڵیاندا هەبوو. ئاشنایەتی و دۆستایەتی نزیکی دەگەڵ گەورە کاربەدەست و کارمەندانی پتروگرادا هەبوو و ئەندامی "یەکێتیی میللەتی ڕوس" بوو و پۆستێکی گەورەی لەو یەکێتیەدا هەبوو (یەکێتیی میللەتی ڕوس: ڕێکخراوێکی سەڵتەنەخوازی توندڕەوی ئەنتی جولەکە بوو، لە ڕووسیای تزاریدا)

لیخوڤیدوڤ، وەختێ لە هەندەران گەڕایەوە، چوو لە پنزا، لای ستاندار (پارێزگار) ئاکنجی بوو. کاتێ دۆست و ئاشناکانی لە کارگیندا، وێنەی ئەویان لە ڕۆژنامانددا بینی، زۆریان پێ سەیربوو، هەریەکە و قسەیەکی دەکرد: "هە! خۆ ئەمە لیخوڤیدوڤە!"، "زۆر بە خێرایی تەرەقی دەکات!"، "هاوڕێتی گەورە پیاوان دەکات!". لە ڕاستیا ڤیودور دمیتریوفچ لەو وێنەیەدا، کە بە ڕەنگە ئەسمەر و کەپووە بەرانیەکەیەوە لە خەڵکی سربستان دەچوو، بە سەر و ڕووی خەنۆلەوە دەستی هاوسەرەکەی ستانداری گرتبوو و یارمەتی دەدا تا سواری گالیسکەکەی ببێ و خودی ستانداریش،بە میهرەبانییەوە، وەکو دۆستێك بە ڕوویەوە پێدەکەنی. گالیسکەچیە قەڵەوەکە، سەری هەوساری ئەسپەکانی گرتبوو، ئەسپەکان، دەمیان دەجوڵان و گازیان لە لغاوەکانیان دەدا و ئامادەی هەرەکەت بوون و گالیسکەچیەکە بە زەحمەت زەوتی دەکردن. لیخوڤیدوڤ، بە

نەزاکـەتێکی زۆرەوە، دەسـتێکی بـە کڵـاوە فـەرووە فشـەکەی خۆیـەوە گرتبـوو و بـە دەسـتەکەی دیکەی، ئانیشکی ژنەکەی ستانداری وەکو دەسکی فینجان گرتبوو.

لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩١٧دا، دوای غیـابێکی چـەندین سـاڵە، لیخوڤیـدوڤ جارێکـی دی لـە کارگینـدا سەری هەڵدایەوە، پێدەچوو بیەوێت ماوەیەکی زۆر لـەوێ بمێنێتـەوە. ژنەکەشـی، کـە ئۆکرانی یـان پۆڵاندی بوو، دەگـەڵ منداڵەکەیدا، لەگەڵی هـاتبوون. خانوویـەکی چکۆلەی چوار هۆدەیی (ژوور) لە میدانی گوندا بەکرێ گرت و زستانەکەی لەوێدا، بە بیرکردنـەوە لـە پلان و نەخشـەێن سڕ ئامێز بـە سـەربرد. بـە درێـژایی زسـتانەکە، کـە زسـتانی ئـەو سـاڵەی دەڤـەری دۆن یـەجگار سـاردبوو، پەنجەرەی ژوورەکانی دانەخست، دیارە ئەم کارە کە مایـەی سەرسامی هـەموان بـوو، بۆ ئـەوە بـوو کە خۆی و ماڵ و منداڵەکەی دەگەڵ سەرما و سۆڵەدا ڕابێن.

لە بە هاری ساڵی ١٩١٨دا، پاش فەرتەنە و بویـەرەکانی (ڕوداو، قەوماو) ستراکوف، لیخوڤیدوڤ، بـە ئـەتامان (رەیـس، بـەرپرس، کوێخـا) هەڵبـژێردرا و جـارێکی دی توانـا و بـەهرە دەگمــەن و نائاساییەکانی لیخوڤیدوڤ بـۆ خـەڵکی دەرکـەوت. شارۆچکەکە کەوتـە دوو دەسـتی بـە توانـا و بـە هێزی ئەوتۆ کە لە زەرڤ هەفتەیەکدا، خودی ڕدێن سپیەکانیش، لە سەرسامیا کەوتنـە سـەر بادان. لیخوڤیدوڤ، قوزاقەکانی هێندە وەستایانە ڕامکرد و هێنانیە سەر ڕێگا، کە لـە هـەر کۆبونەوەیـەکی ئەنجوومەنی شارۆچکەکەدا قسانی دەکردو (لیخوڤیدوف، کەسێکی زۆر بەدەم وزمان و زیـرەك و زرینگ بوو، تەبیعەت بەهرە و توانـای بەدەنی و دەروونـی تـەواوی پێبـەخشی بـوو.) لێدەبووەوە، ڕدێن سپیەکان وەکو گاگەل بۆیان دەبۆڕاند: "لەشت ساغ بێت قوربان!"، "دەمخۆش!"، "دەخزمـە تودایـن!"، "گوێ لە مستی تۆین!"، "قسەکانت ڕاست و دروستن!".

ئـەتامانی تـازە کابرایـەکی زۆر بـە زاکـون و بـە زەبـت و ڕەبـت بـوو. هەرکـە هـەواڵی شـەڕەکەی ستراکوف گەییە کارگین، هەموو کۆنـە جـەنگاوەرانی شارۆچکەکەی خڕکردەوە و بـۆ ڕۆژی دوایـی ناردنی بۆ ستراکوف. لە سـەرەتاوە، خـەڵکانی غـەوارە کـە سێ یـەکی حەشیمەتی شارۆچکەکەیان پێکدێنا، نەیانویسـتبوو بڕۆن و هەنـدێکیش لـە کۆنـە سـەربازەکان ناڕەزاییـان دەربڕی بـوو، بـەڵام لیخوفیدوف، قسەی خۆی هەر بردە سەر، لـە کۆبونـەوەی ئەنجوومـەنی شـاردا، لـە سـەر پێشـنیازی ئـەو، ڕدێـن سـپییانی شارۆچـکەکە، قەرارنامەیـەکیان بـۆ ئیمـزا کـرد کـە بـە گـوێرەی قەرارنامـەی ناڤبری، هـەر فەلاحێك بەشـداری لـە بـەرگریکردن لـە خـاکی دۆن نـەکات، دەبـێ لـەم دیـار و دەڤـەرە دەربکرێـت و بڕوات. ئـەوەبوو بـۆ ڕۆژی دوایـی دەیـان گالیسـکە و عەرەبانـەی پڕ لـە جـەنگاوەر و سـەرباز، بـەدەم گـۆرانی چـڕین و ئۆکوردیـۆن لێدانـەوە، بـەرەو نـاپولوڤی ، ئاقـار و قەڵـەمڕەوی دێهاتێن چرنتسکایا کەوتنە ڕێ. لە نێو سەربازانی غەیرە قوزاقدا، تەنیا چەند کەسێکی گـەنج، بـە ڕابەڕایەتی ڤاسیلی ستوروژنکوی کۆنـە سـەربازی کەتیبـەی یەکـەمی ڕەشاشچیان فیراریـان کـرد و پەیوەندیان بە ڕیزەکانی گاردی سوورەوە کرد.

لیخوڤیـدوف، بـەجۆری ڕێکردنەکـەی پیوتـەردا، بـۆی دەرکـەوت کـە لـە سـەربازییەوە پێگـەییوە و بووە بە ئەفسەر، بانگی نەکردە ژوورەوە، بە کەش و فش و لووتبەرزییەوە، پێی گوت:

– نا، نا گیانم، ئێوە هیچ کارێکتان لە میگولینسکایا نیە، بەبێ ئێوە کاری خۆیان جێبەجێ کردووە. دوێنێ ئێواری بروسکەیەکم لەمبارەیەوە بەدەست گەیی. لە بەر ئەوە بچنەوە ماڵێ و چاوەڕوانی فەرمانی تازە بن، قوزاقەکانت هەندێك دەمەزەرد بکەوە! ماقوولە دێیەکی گەورەی وەکو تاتارسکی تەنیا چل جەنگاوەری هەبێت؟ ئەو گەجەر و گوجەرە کەمێك بجولێنە! هانیان بدە، گیانی خۆیان لە مەترسیدایە، بۆ خۆیانی دەکەن، وانیە! دەی خوداحافیز، بەخێرچیت!

لە کاتێکا، کە بەدەنی زەلام و قورسی خۆی، بە چابوکییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە بکێش دەکرد و بنی چەکمە کورتە قوزاقیە زۆر سادەکانی بە عاردیدا بکێش دەکرد، خۆی بە ماڵەکەی خۆیدا کرد.

پیوتەر بۆ مەیدانەکە و لای قوزاقەکانی گەڕایەوە، قوزاقەکان لە پرسیاریان گرت:

– چی بوو؟

– قەراری چی درا؟

– دەچین بۆ میگولینسکایا یان نا؟

پیوتەر، بەدەم زەردەخەنەوە و، بێئەوەی خۆشحاڵی خۆی بشارێتەوە گوتی:

– دەگەڕێینەوە بۆ ماڵی خۆمان! بەبێ ئێمە کاری خۆیان جێبەجێ کردووە.

زەلامەکان هەموو بەرەو پەرژینەکە هوروژمیان برد، بە دەم کردنەوەی هەوساری ئەسپەکانیانەوە پێدەکەنین. خریستونیا، وەکو ئەوەی بارێکی قورسیان لە سەر شانی لادابێت، ئاهێکی هەڵکێشا و دەستێکی دا بە پشتی تومولیندا و گوتی:

– جەنابی تۆپچی، کەواتە دەڕۆینەوە بۆ ماڵی خۆمان!

– ئێستا ژنەکانمان، غەریبیمان دەکەن.

– هەر ئێستا دەکەوینە ڕێ!

دوای شیرەت و ڕاوێژ، لێبڕان کە شەوێ لەوێ، لە کارگین نەمێننەوە و یەکسەر بکەونە ڕێ. بەبێ نەزم و نیزام لە کارگین وەدەرکەوتن.

بە ناچاری بۆ کارگین هاتبوون، بۆیە بەدەگمەن بە یورغە و چوارناڵە دەڕۆیشتن، بەڵام لە گەڕانەوەدا، بەپێچەوانەوە، بەردەوام بە ئەسپەکانیاندا دەکێشا و هەڵیاندەکردە چوارناڵە و زەویەکە کە لە بێ بارانیدا شەقار شەقار بووبوو، لە ژێر پێی ئەسپەکاندا، بەکڕی دەیناڵاند. لەو بەری دۆنەوە، لەودیوی زنجیرە گردە دوورە دەستەکانەوە، بریسکەیەکی شینباو، بڵاچەی دا.

نیوەشەو، گەیشتنەوە تاتارسکی. کاتێ کە بە گردەکەدا دادەگەڕان، ئەنیکوشکا، بە تفەنگە نەمساویەکەی خۆی، فیشەکێکی بە ئاسماندا تەقاند. ئەوسا هەموو سەر و دەستڕێژیان کرد بە ئاسماندا و مژدەی گەڕانەوەی جەنگاوەرەکانیان ڕاگەیاند. کسۆکانی گوند کەوتنە سەگوەڕ. یەکێك لە ئەسپەکان کە بۆنی زاگەی خۆی بە سەرا هات، پڕمەیەکی بۆ کرد و بە دەنگی بەرز حیلاندی. سوارەکان، بە ناو گوندا بڵاوەیان لێکرد. مارتین شامیل وەختێ لە پیوتەر جیابووەوە، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و گوتی:

– شەڕەکە تەواو بوو! کە شتێکی باش بوو!

پیوتەر، لە تاریکیەکەدا پێکەنی و بەرەو ماڵی خۆی پەل بووەوە. پانتلی پروکوفیچ هاتە دەرێ، ئەسپەکەی لێوەرگرت، زینەکەی لێگرتەوە و بۆ تەویلەکەی برد. ئەوسا لە گەڵ پیوتەردا، چوونە ماڵەوە.

– تەواو، ناچن بۆ شەڕ؟

– نەء

– زۆرباشە، لە خوا بەزیاد بێ، خۆزگە جارێکی دی گوێمان لە ناوی شەڕ نەدەبوو!

داریا، لە گەرمەی خەوا ڕابوو و چوو شیو بۆ مێردەکەی ئامادە بکات. گریگۆری بە جلی خەوەوە، لە ژوورەکەی خۆیەوە هات. بەدەم هەڵکڕاندنی سینگە توکنەکەیەوە، بە تەوسەوە چاوێکی داگرت و بە براکەی گوت:

– چی بوو، تەفر و توناتان کردن؟

– جارێ با بچم پاشماوەی شیوەکە تەفر و تونا بکەم.

– هەر باشە! شوورباکەت بە ڕەنگاریەکی ئەوتۆ ناکات، بە تایبەتی کە منیش بە نیازم بێمە یارمەتیت.

***

تاوەکو شەممەی پێش جەژنی پاك، هیچ دەنگوباسێکی شەڕ لە ئارادا نەبوو. بەڵام ڕۆژی شەممەی جەژن، پەیکێك لە ڤیشنسکایاوە، بە چوار ناڵە گەییە گوند، ئەسپەکەی، کە هەموو لالغاوەی کەف بوو، لەبەر ماڵی کورشونفدا ڕاگرت و بەدەم ڕینگ و هۆڕی شمشێرەکەیەوە، خۆی بە بەر هەیوانەکەدا کرد.

میرون گریگوروفیچ، هاتە بەر دەرگا و پرسی:

– خێرە؟

– کارم بە ئەتامانە. تۆ هەوی؟

– بەڵێ.

– یەکسەر جەنگاوەرەکانی خۆت تەیار بکە. پودتیلکوف بە خۆ و گاردی سوورییەوە بەرەو ناگولینسك دێت. فەرموو ئەمەش فەرمان و دەستور. ژێر ئاسەڕ و بەری کڵاوەکەی، کە لە ئارەقەدا تەڕ بووبوو، گەڕا و نامەیەکی سەرمۆری لێدەرهێنا. باپیرە گریشکایا، لە دەنگ و گفتوگۆی وان بە ئاگا هات، عەینەکەکەی لەسەر دفنی (کەپووی) توندکرد و و لەوان نزیك بووەوە، میتکاش بە ڕاکە ڕاك لە حەوشەکەوە هات. فەرمانی ئەتامانی ناحیەیان خوێندەوە.

پەیکەکە، کە پشتی دابوو بە موحەجەرەی کەندەکاری قالدرمەکانەوە، بەسەری قۆڵی، تەپو تۆزی سەر دەموچاوە تاوانگازەکەی (تاوەسووت، تاوەگاز) سڕی.

قوزاقەکان. ڕۆژی یەك شەممەی جەژنی پاك، دوای فراڤین لە گوندی وەدەرکەوتن. فەرمانەکەی جەنەراڵ ئالفروف، زۆر توند و جدی بوو، هەرکەسێك سەرپێچی لێکردبا، نازناوی قوزاقی لێدەسەندرایەوە. لەبەر ئەوە ژمارەیان نەك وەکو جاری پێشوو تەنیا چل کەس بوو، بەڵکو سەد و هەشت کەس بوون کە دەچوونە شەڕی پودتیلکوف. هەندێکیان لەو پیرەمێردانە بوون، کە پڕ بە

دڵ حەزیان لە شەڕی بەلشەویکان بوو. بۆ نموونە ماتڤی کاشولین، لە گەڵ کوڕەکەی خۆیدا ڕۆیی بوو. ئاڤدیچ (درۆزن) بە سواری ماینێکی چکۆلە، لە ڕیزی پێشەوە ڕێی دەکرد و، بە چیرۆک و حیکایەتە عەنتیکەکانی، هەموو قوزاقەکانی دێنایە پێکەنین، ماکسیوڤ پیریش لە گەڵ چەند ڕدێن سپییەکی دیکەدا دەچووە جەنگ. ئەگەر گەنجەکان بە نەبەدڵی و ناچاری دەچوونە جەنگ، ئەوا پیرەکان بە خوایشت و ئارەزووی خۆیان دەچوون.

گریگوری میلیخوف باشلۆخە (سەرکڵاوی باران دانەدەر) بارانیەکەی خۆی دابوو بەسەر کاسکێتەکەی خۆی دا و لە ڕیزی دواوە پیاسەی دەکرد. دنیا یەکپارچە هەور هەڵابوو و باران دەباری. هەوران بە ئاسمانی پێدەشتەکەدا، کە سەوزەگیایەکی جوانی لێڕوابوو، غل دەبوونەوە. هەڵۆیەك لە بەرزایی ئاسمانا، ڕێك لە بن هەورەکانەوە، لەنگەری گرتبوو، جارجار باڵی لێك دەدا و بەرەو ڕۆژهەڵات خۆی دەدایە دەم بایەکەوە و بەرەبەرە دەهاتە خوارەوە. ڕوناکی ڕۆژ، لێی دەدا و هەر جارەی بە ڕەنگێ دەردەکەوت. پێدەشتەکە سەوز دەچووەوە، سەوزێکی نمدار. لێرە و لەوێ بنچکە گیای ئازەربۆ (جۆرە گیایەکە)ی پار و گوڵە مەیموونی سوور بەرچاو دەکەوتن و قەدپاڵەکان یەکپارچە گۆڕی بۆرباو بوو کە وەکو ئێشك گر، بە قەد گردەکانەوە وەستابوون. کە نزیکی کارگین بوونەوە، لە نشێوی گردەکەدا، تووشی کوریژگەیەك بوون کە گاگەلی دەبردە لەوەڕ. بەپێی خاوس ڕێی دەکرد و قامچیەکەی بادەدا. کە کاروانەکەی بینی لەجێی خۆی وەستا، بەدیقەت ڕوانیە سوارەکان و ئەسپە قوڕاوییەکانیان. تومیلین لێی پرسی:

– تۆ کوێندەریت؟

کوڕە، کە قەمسەڵەکەی بە سەریا دابوو، بەدەم پێکەنینەوە و ئازایانە بەرسڤی دایەوە:

– خەڵکی کارگینم.

– قوزاقەکانت ڕۆیشتوون؟

– بەڵێ ڕۆیشتوون، ڕۆیشتوون گاردی سوور لە نابەرن. تووتنت پێیە مامەگیان؟

گریگوری جڵەوی ئەسپەکەی خۆی ڕاکێشا:

– تووتن؟ تووتنت دەوێ؟

کوڕە هاتە پێشەوە. دەلنگی هەڵکراوی پانتۆڵەکەی تەڕبوون، نەوار و قەیتانە سوورەکەی ئەملا و ئەولای دەبریقانەوە. بە جورئەتەوە دەیڕوانیە سەروسیمای گریگۆری کە خەریك بوو کیسە تووتنەکەی لە بەرکی دەردێنا. بە دەنگێکی دلێر گوتی:

– دوای تۆزێکی دی، هەرکە بە گردەکەدا داگەڕان تووشی چەند جەنازەیەك دەبن. قوزاقەکانمان، دوێنێ کە یەخسیر و دیلە سوورەکانیان بۆ ڤیشنسکایا دەبرد، لێرەدا کوشتیانن. من کە لەوێ، لە نزیکی ئەو گیایانە گاگەلەکەم دەلەوەڕاند، لە سەر گردێکەوە تەماشام دەکرد، بە چاوی خۆم بینیم چۆن بە شمشێر کوشتیانن. بە ڕاستی شتێکی ترسناك بوو! هەرکە شمشێرەکانیان بەرز کردەوە، دیلەکان کەوتنە هاوار و گریان و ڕاکردن... هەرکە لە کارەکە بوونەوە، من چووم بۆ ئەوێ... یەکێکیان شانی شەق بووبوو و تەقریبەن بووبوو بە دوو لە تەوە. بە چاوی خۆم دڵیم بینی کە هێشتا لە نێو خوێن و خوڕا لێی دەدا، جگەری شین شین بوو بووەوە...

کوڕیژگەکە، زۆری پێ سەیر بوو کە قوزاقەکان بە بیستنی قسەکانی ئەو، شێلو نەبوون، نەترسان (لەوەشە سیمای سارد و بێباکی گریگۆری و خریستونیا و تومیلین، ئەو وێنا و تەسەورەیان لا چێکردبوو بێ.) دووبارەی کردەوە: بە ڕاستی ترسناك بوو!

سیغارەکەی پێکرد، نەفەسێکی لێدا، دەستێکی بەسەر گەردنی تەڕی ئەسپەکەی گریگوری دا هێنا و گوتی: "زۆر مەمنوون!" و بەرەولای گایەلەکەی ڕۆیی.

جەنازەی کوژراوەکانی گاردی سوور، کە لە قەراخ جادەکەدا و لە ئاودرێکا کەوتبوون، باران تەڕی کردبوون و تەنیا توێژاڵە خۆڵێکی تەنکیان بە سەرا درابوو. دەموچاوی یەکێکیان کە خوێن بە لالێویەوە مەیی بوو، لە پەیکەری برونز دەچوو. کەمێك لەولا ترەوە، پێیەکی پەتی ڕەش، لە دەلنگی پانتۆڵێکی ناوداری شینەوە هاتبووە دەرێ. خریستونیا، بە دەنگێکی نزم گوتی:

– بێ شەرەفانە، نەیاندەتوانی تۆزێ باشتر بیانشارنەوە!

یەکێکی بە ئەسپەکەیا کێشا و هەڵیکردە چوار ناڵەو، لە پاینی گردەکەدا، گریگۆری گرتەوە.

تومیلین، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– تەواو، خوێن بە سەر خاکی دۆنیشدا ڕژا!

گۆناکانی بە دەم لەرزینەوە، بریقانەوە.

"٢٥"

ماکسیم گریازنوف، قوزاقێکی خەڵکی گوندی تاتارسکی بوو و وەکو ڕەشاشچیی لە مەفرەزەکەی بۆنچوکدا بوو. ماکسیم، لە شەڕێکا دەگەڵ دەستەکەی کوتیوپوفدا، ئەسپەکەی لە دەست دا، ئیدی لەوە بە دواوە، بە تەواوەتی خووی دایە مەینۆشی و قومار. کاتێ ئەسپەکەی لەژێریا کوژرا (ئەسپەکەی سوورخنێکی گا ئاسا بوو، کە خەتێکی زیوین بەسەر بڕبڕەی پشتیەوە بوو) زین و تاقم زینەکەی دا بە کۆڵیا و سێ چوار فرسەخێك دەگەڵ خۆیدا بردی. بەڵام وەختێ بینی کە بەو حاڵەوە، مەحاڵە بە سەلامەتی لە پەلامار و هێرشی گاردێن سپی دەرباز ببێ، تەنیا بەرۆك و قەڵپوسە گرانبەهاکەی هەڵگرت و شەڕگەکەی بەجێهێشت. دوای ماوەیەك لە ڕۆستوف سەری هەڵدا. خێرا شمشێرێکی دەسك زیوینی، کە لە نە قیبێکی قوزاقی، کە بە دەستی خۆی کوشتبووی، گرتبوو، لە قومارا دۆڕاند. میراتی ئەسپەکەی و پانتۆڵەکەی و چەکمە چەرمەکانیشی، هەموو دۆڕاند. سەرەنجام ڕووت و قووت خۆی گەیاندەوە مەفرەزەکەی بونچوك. بونچوك جل و بەرگی دایە، پۆشتەی کردەوە و لای خۆی هێشتیەوە. لەگین بوو ماکسیم توانیبای خۆی چاك بکات، بەڵام فریانەکەوت، لە شەڕێکا کە لە نزیکی ڕۆستوفدا ڕووی دا، گوللەیەك بەر سەر و چاوی کەوت و چاوە شینەکانی، پرژانە سەر سینگی و خوێن لە کاسەی سەریەوە فیچقەی کرد. بەو جۆرە ماکسیم گریازنوف، قۆزاقەکەی خەڵکی تاتارسکی سەر بە ستانی ڤیشنسکایا، ئەسپ دزەکەی جاران و مەیخۆرە ئالودەکەی ئەم دواییانە، باروبنەی تێك نا و لە تۆ وایە قەت بەسەر ئەم دنیایەوە نەبووە.

بونچوك، به دیاریەوه وەستا تا گیانی دەرچوو، ئەو خوێنەی سەر لوولەی ڕەشاشەکەی بەدیقەت سڕی، که له سەری ئەوەوە ڕژابووه سەری. دوای ئەوه چار نەما، دەبوا پاشەکشه بکەن. بونچوك، ڕەشاشەکەی هەڵگرت و بردی. ماکسیمی بەدەم ئاویلکه و ئاوزینگەوه له سەر ئەو ئەرزه گەرمه بەجێهێشت. بەڵام پشته بۆرباوەکەی به ڕووتی لەبەر هەتاوەکه بوو، چونکه بەدەم گیانەڵا و لەقه فرتێی مەرگەوه کراسەکەی له بەریا داکەندبوو و دابووی به سەریا. له یەکەم چوار ڕیاندا، هێزێکی گاردی سوور، لەو سەربازانەی که له بەرەی تورکیا گەڕابوونەوه، سەنگەریان گرت. سەربازێکی سەر ڕوتاوه، که کڵاوێکی شڕ و وڕی زستانەی له سەر بوو، یارمەتی بونچوکی دا و ڕەشاشەکەی له گەڵیا دامەزراند. ئەوانی دیکەش بەپەله، له سەر جاده تەنگەکەدا بەدەم سوعبەت و جنێودانەوه به دوژمن، جۆره سەنگەرێکی کاتییان دامەزراند. سەربازێکی ڕیشن، چاوی بڕییه ئاسۆی نزیکی گردەکه و به پێکەنینەوه گوتی:

– ئەگەر ئازان با بێنه پێشەوه.

– بزانه چ حەشرێکیان پێدەکەین!

سەربازێکی کەتەی زەلام، تەختەی موحەجەرەیەکی هەڵدەکەند. یەکێکی دی هاواری کرد:

– خێراکه، سامارا!

سەربازه سەر ڕوتاوەکه که چووبووه سەربانی، عەماری کارخانەی مەشروباتەکه، هاواری کرد:

– ئەوەتان، وا بەرەو ئێره دێن!

ئانا، له تەنیشت بونچوکەوه. خۆی له سەنگەر نا. سەربازانی گاردی سوور، لەپشت سەنگەره کاتیەکانەوه، خۆیان به عاردیدا دا.

لەم کاتەدا، له سەمتی ڕاستەوه، نزیکەی ده سەربازی گاردی سوور، وەکو پۆله کەوێکی قەراخ کێڵگەیەك. به ڕاکه ڕاك خۆیان به کۆڵانێکی تەنگی تەنیشتا کرد و له پشت دیواری ماڵێکی سیلەی کۆڵانەکەوه دیارنەمان. یەکێکیان، دەرفەتی هێنا و هاواری کرد:

– وا به چوار ناڵه دێن! تەقەیان لێبکەن!

له چاوتروکانێکا چوار ڕیانەکه چۆڵ و خامۆش بوو. دوای تۆزێك، قوزاقێکی سواره که نەوارێکی سپی به کاسکێتەکەیەوه بوو و تفەنگێکی کورتی سوارانی، توند به لا تەنیشتیەوه گرتبوو، پەیدا بوو، گەردەلوولێکی له دوای خۆیەوه هەستاندبوو. جڵەوی ئەسپەکەی هێنده به توندی ڕاکێشا، که ئەسپەکەی کەوته سەر پاشوو. بونچوك هەڵیکێشایه دەمانچه و بەر فیشەکی دا. یارۆی قوزاق، خۆی بەسەر ملی ئەسپەکەیدا دا و، به چوار ناڵه، به هەمان ڕێگادا بەرەو پاش هەڵهات. سەربازەکانی پشت مەتەرێز و دیار ڕەشاشەکه پەشۆکان و تووشی دوودڵی بوون، دوانیان، به بن دیوارەکەدا ڕایان کرد و له پشت دەرگای ماڵێکی ئەو نزیکانەوه خۆیان به عاردیدا دا. به ئاشکرا دیاربوو که سەربازەکان نەترەیان بەرداوه و، هەر ساتێ هەڵێن، هەڵدێن. ئەم بێدەنگیه دژوار و بارگاویه، ئەم نیگا، سەرگەشته و دوودڵانەیه ، ئومێدی هیچ جۆره خۆڕاگری و پایەداریەکیان لێنەدەکرا...

بونچوك له نێو تێكڕای ئەو ڕووداوانەی كه دوای ئەوه ڕوویان دا، تەنیا یەك دیمەنی به ڕوونی و به زیندوویەتی له یادگەدا مایەوە: ئانا، كه لەچكەكەی له سەری داماڵا بوو و به سەر شان و ملیا كەوتبوو، قژی پەخش و پەریشان، به جۆرێ هەڵچووبوو كه ڕەنگ به ڕوو و ڕوخسارییەوه نەمابوو و، به خۆ و تفەنگەكەیەوه بەرەو پێش تاوی دا، ڕوانیه دەور و بەری خۆی، ئاماژەیەكی بۆ ئەو ماڵه كرد كه قوزاقەكان خۆیان تیا پەنا دابوو، به دەنگێكی تێكشكاو كه وەكو خۆی نه دەناسرایەوه، هاواری كرد: "دوام كەون!" ئەوسا، بەدەم نوچدان و لەتردانەوه، بەرەو پێچەكه پێی وه غارێوه نا.

بونچوك، هەستایه سەرپێ. هاوارێكی گۆنگی له زار دەرچوو. تفەنگی نزیكترین سەربازی ڕاپسكاند و به غار دووی ئانا كەوت. هانكەهانكی پێكەوت، هەستی دەكرد لاقەكانی، به شێوەیەكی سەیر دەلەرزن و پێی زەوت ناكرێن. هێندەی هاوار كرد و بێهوده بانگی له ئانا كرد كه بگەڕێتەوه، دەموچاوی ڕەش هەڵگەڕا. گوێی له هانكەهانكی ئەو سەربازانه بوو كه به دوویدا دەهاتن، به هەموو بوونیەوه، هەستی دەكرد كه كارێكی ترسناك و له قەرەبووكردنەوه نەهاتگ، له حاڵی ڕووداندایه و، ئاكامێكی ترسناك و نزیك به ڕێوەیه. بۆنچوك، هەر ئەو دەمه پەی بەوه بردبوو، كه ئەوانی دی چاو له ئانا ناكەن و هەڵوێستەكەی ئانا، هەڵوێستێكی بێ مانا، بێ ئەقڵانه و خۆكوژیانه بوو.

له پێچەكەدا تووشی، قوزاقەكان بوو كه به چوار ناڵه دەگەڕانەوه. دەستڕێژێكی كوێرانەیان كرد. گولله به گیز و هوڕ تێپەڕین. زریكەیەكی ئازار ئامێز له ئاناوه بەرزبووەوه، له زریكەی كەروێشكێكی بریندار دەچوو. ئەوجا بینی، به باڵی كراوه و چاوانی ترساوەوه، هەرەسی هێنا و كەوته سەر زەوی. بونچوك، پاشەكشەی قوزاقەكانی نەدەبینی، هێرشی ئەو هەژده سەربازه سوورەی نەدەبینی كه به هۆی هەڵوێستەكەی ئاناوه هاتبوونه جۆش و چنگ له سەر شان قوزاقەكانیان ڕاودەنا. چاوانی بونچوك، تەنیا و تەنیا ئانایان دەبینی كه له بەر پێیدا بەدەم گیانەڵاوه هەڵدەپلكا. به دەست خستیه سەر تەنیشت تا هەڵیگرێت و له گەڵ خۆیدا بیبات. سەیری كرد شەبەقی زامێك كەوتووەته كەلەكەی چەپی و خوێنی له بەر دەڕوات. بلوزه نیلیەكەی پڕ به پڕی شوێن گوللەكه به دەمی برینەكەیەوه نووسابوو، یەكسەر زانی گوللەكه، لەو گوللانەیه كه دەتەقنەوه و زامەكەی ئانا كاری و كوشندەیه و هەستی كرد واشەی مەرگ به سەر چاوه لێڵ و نمسارەكانیەوه، دەسوڕێتەوه. یەكێك بونچوكی وەلانا. ئەوانی دی ئانایان هەڵگرت و بردیان بۆ ماڵێكی ئەو نزیكانه و له سێبەری كەپرێكا پاڵیانخست.

سەربازه سەر ڕوتاوەكه، هەرجارەی تۆپەڵێك پەمووی پزیشكی دەخسته برینەكەیەوه، دوای ئەوەی خوێنەكەی هەڵدەمژی و له خوێندا ڕەش دەبوو، دەریدێنا و فرێی دەدا. بۆنچوك هەرچۆنێ بوو خۆی زەوت كردەوه. دوگمەی یەخەی بلوزەكەی ئانای كردەوه. ژێركراسەكەی دادڕی و پارچەیەكی لێكردەوه، ئەو پارچەیەی قەدكرد و له برینەكەی نا، كەچی خوێنەكه بڵقەی كرد و هاته دەرێ. سەیری كرد بەرەبەره ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ و لێوەكانی دەلەرزن و بەره بەره شین دەبنەوه. دەمی به جۆرێ بۆ هەوا دەكردەوه دەتگوت خەریكه دەخنكێ، بەڵام

هەرچی دەکرد هەناسەی بۆ نەدەدرا. هەوا لە دەمی برینەکەیەوە دەهاتە دەرێ. بونچوك، بێهیچ شەرم و لە ڕووداماتێك کراسەکەشی دادڕی، جەستەی کە لە جوانـاوا (ئارەقەی سەرەمەرگ) هەڵکشابوو، ڕووت کردەوە. هەرچۆنێ بوو لۆکەیان لە زامەکەی نا و، بە چەند لۆیەك بەستیان. دوای چەند چرکەیەك ئانا وەخۆ هاتەوە. نیگای چاوەکانی کە بە قووڵا چووبوون، لە سەر دەموچاوی بۆنچوك، بۆ ساتێك گیرسایەوە، ئەوجا لە ژێر برژانگە لەرزۆکەکانیەوە ئاوابوو. هاواری کرد:

- ئاو! گەرمامە، سووتام!

ئەوسا بەدەم گیانەڵاوە کەوتە ناڵەناڵ:

- دەمەوێ بژیم! ئیلیایایا! گیانەکەم! ئا ئا ئاه!

بونچوك، لێوە فوودراوەکانی خۆی خستە سەر گۆنا گەرمەکانی ئانا و سینگ و بە رۆکی ئاوپرژێن کرد. ئاوەکە بە چالایی، کەڵەمەیدا سەر ڕێژ دەبوو و دوای تۆزێك وشك دەبووەوە. ئانا، لە ئاگری مەرگا دەسووتا. بونچوك، چەند ئاوی پێدا دەکرد، ئەو هەر دەست و لاقی دەکوتا و خۆی لە دەستی ئەو ڕادەپسکاند:

- گەرمامە! دەسووتێم!...

کە خەریك بوو وردە وردە لە پەلو پۆ و توانا دەکەوت و بەرە بەرە سارد دەبووەوە، بە ڕوونی و ڕەوانی گوتی:

- ئیلیا، بۆچی؟ ئەوەتا بە چاوی خۆت دەبینی کە شتەکە چەند ئاسان، چەند سادەیە... تۆ کەسێکی سەیری... ئیلیا، گیانەکەم. بە خۆت دەزانی چۆن بە دایکە دەڵێی... دەزانی..."

چاوە داخراوەکانی، کە دەتگوت پێدەکەنێ بە ئاستەم کردنەوە، لە حاڵێکا کە هەوڵیدەدا بە سەر ئازار و دڵەخورپەی خۆیدا زاڵ بێت، بە دەنگێکی گۆنگ، وەك ئەوەی شتێك بەر بینی بگرێت گوتی:

- هەوەڵجار، ئازارم کەم بوو... کەمێك دەسوتایەوە... بەڵام ئێستا سەراپام دەسووتێ... هەستدەکەم... دەمرم" کە بینی بونچوك، بە هێمای دەموچاو دڵخۆشی دەداتەوە گوایە خەمی نەبێ نامرێت، برۆی وێکهێنانەوە: "نا!... زەحمەتە! ئاخ، هەناسەم چەند تەنگە. هەناسەم بۆ نادرێت!"

لەوکاتانەدا کە هەناسەی تەواو تەنگ دەبوو، بە پەلە پەل و خێرا خێرا قسەی دەکرد. لە تۆ وایە گەرەکیەتی هەرچیەکی لە دڵدایە هەڵیرێژێت. بونچوك، بە ترسێکی زۆرەوە بینی کە دەموچاوی ڕوون دەبێتەوە و لە لای لاجانگەکانیەوە زەرد هەڵدەگەڕێت. ئەوسا ڕوانیە هەردوو دەستی کە بێ جوڵە، بەملا و بەولای جەستەیدا ڕایکێشابوون، بینی نوخانەکانی (نینۆك) وەکو هەڵوژەی گەییو، شین دەبنەوە و ڕەش هەڵدەگەڕێن.

- ئاو!... سینگم... پەحا! لەم گەرمایە!...

بۆنچوك، بە غار ڕۆیی تا لە ماڵەکە ئاو بێنێ. کاتێ کە گەڕایەوە، ئیدی گوێی لە هانکە هانك و خنکەخنکی ئانا، لە ژێر سێبەری کەپرەکەدا نەبووەوە. هەتاوی خۆر لە زەردەی ئێوارێ دابووی

لە دەم و زاری کە بەدەم دوا گیانەڵاوە هەڵقورتابوو، دابووی لە دەستە مۆمینە هێشتا گەرمەکانی کە بێجوڵە نابویە سەر زامەکەی. زۆر بە نەرمی، بە ئەسپایی باوەشی بە شانەکانیا کرد و، ئەوسا بەرزی کردەوە، بۆ ساتێك ڕوانیە کەپووە بچووکە، کەمێك نمووسەکەی، ڕوانیە ئەو تەنکە چرچە تاریکانەی نێوان هەردوو چاوی، ویستی تەمەشای پرشنگی بیلبیلە ژاکاوەکانی ژێر برۆ و برژانگە ڕەشەکانی بکات. سەرە لاوازە بێ تواناکەی بە سەر دەستیا شۆڕ بووەوە. دەمارە شینباوەکەی، گەردنە ناسکە کچانەکەی، دوا نەبزی لێدا.

بۆنچوك، لێوی نانە سەر پێڵوە کەوەییە نیمچە نوقاوەکەی و بانگی کرد:

– ئانیا! دۆستە ئازیزەکەم!

ئەوجا هەستایە سەر پێیان. بە توندی لە سەر پاژنەی پێ وەرچەرخا، ڕاست و قیت، بە شیوەیەکی نائاسایی، هەردوو بازووی بەملا و بەولای خۆیەوە، بە بێجوڵە چەسپاندبوو، کەوتە ڕێ.

"٢٦"

چەندین ڕۆژی دواتریش، بونچوك وەکو نەخۆش وابوو، وەکو ئەو ڕۆژانە بوو کە تووشی تیفۆ بووبوو. دەڕۆیی و دەهات، کاری خۆی ئەنجام دەدا. نانی دەخوارد، دەخەوت، بەڵام بەردەوام وەکو یەکێك بوو کە بەنگی کێشابێ. بە چاوانی وێڵەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی و لە هیچ حاڵی نەدەبوو، دۆستەکانی خۆی دەناسییەوە، لە خەڵکانی سیامەست یان کەسانێك کە تازە لە نەخۆشیەکی دژوار هەستابنەوە، دەچوو. لەوەتای ئانا کوژرابوو، هیچ جۆرە هەستێکی لا نەمابوو، ئارەزووی لە هیچ نەبوو، بیری لە هیچ نەدەکردەوە. هاوڕێکانی پێیان دەگوت:

– بونچوك، شتێك بخۆ!

بونچوك، بە نەبەدڵی، پارویەکی لە زاری دەنا، بە بێتاقەتی کاژێرەکانی دەجوڵاند، خواردنەکەی دەخوارد. هاوڕێکانی چاودێریان دەکرد، تەگبیریان کرد کە بۆ نەخۆشخانەی ڤڕێبکەن.

بۆ ڕۆژی دوایی یەکێك لە ڕەشاشچیەکان، لێی پرسی بوو:

– نەخۆشیت؟

– نەخێر.

– ئەدی چیتە؟ ئازارت هەیە؟

– نەخێر.

– دەیسا، با جگەرەیەك بکێشین. برادەر تازە ئەوت بۆ ناگەڕێتەوە. مردوو، بە خەفەت نازێتەوە، بە خۆڕایی خۆت ماندوو مەکە.

کە وەختی نووستن دەهات پێیان دەگوت:

– بڕۆ ڕاکشێ ، وەختی خەوتنە.

ئەویش دەڕۆیی دەخەوت.

چوار ڕۆژی بەو حەواس پەرتی و بێئاگاییەوە بە سەر برد. ڕۆژی پێنجەم کریڤۆشیلیگوف لە جادەدا تووشی بوو، قۆڵی گرت و پێی گوت:

– ها! ئەمە تۆی! بە دواتدا دەگەڕام.

بە خۆشەویستیەوە دەستێکی بە شانیا دا و نە یدەزانی بونچوك چی لێقەوماوە، بە نیگەرانیەوە بزەیەکی بە ڕوویا دا و لە سەری ڕۆیی:

– ...چیتە؟ دەڵێی مەستی؟ دەزانی شاندێك بۆ باکوور ڤڕێ دەکەین، شاندێکی پێنج کەسی بە سەرۆکایەتی فیودور بودتیلکوف؟ تا قوزاقەکانی باکوور جۆش بدەن؟ ئومێدی هەرە گەورەمان بە قوزاقەکانی باکوورە. دەنا بە بێ ئەوان دەکەوینە دواوەوە، دوورنیە تیابچین. وەزعمان باش نیە! تۆش دێی! پێویستمان بە ژمارەیەك کادیرە کە پڕوپاگەندەمان بۆ بکەن. تۆش دێی؟

بونچوك بە کورتی وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ.

– زۆر چاکە، سبەینێ دەکەوینە ڕێ. سەرێکی (بابا ئورلۆڤ)ش بدە، هەموو شتێکت پێدەڵێت.

بونچوك، بەو بارە دەروونیە نالەبارەوە، خۆی ئامادە کرد، بۆ سبەینێ، ٥/١ دەگەڵ شاندەکەدا وەڕێکەوت.

لەم سەروبەندەدا ڕەوشی حکومەتی سوڤیاتی دۆن زۆر شپرێو بوو. سوپای داگیرکەری ئەڵمان ڕوە و ڕۆژهەڵات بەرەو ئۆکرانیا پێشڕەوی دەکرد. زۆربەی خەڵکی دەڤەر و شار و شارۆچکەکانی دۆنی ژێری دژی شۆڕش هەستابوون.

پاپوڤ، لە ناوچە گەرمەسێر و دەشتەکاندا دەسوڕایەوە و لەوێوە هەڕەشەی لە نوڤوچرکاسك دەکرد. ئەو کۆنگرەیەی کە لە ١٠ – ١٣ نیساندا لە ڕۆستوف بەسترابوو، چەند جارێك بە ناچاری بڕدرا، چونکە قۆزاقانی یاخی ناوچەی چرکاسك ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕۆستوف نزیك دەبوونەوە و دەوروبەریان داگیر دەکرد. دوا بنکە و کوانگی شۆڕش کە هێشتا گەرماییەکیان تیا مابوو لە ناوچەکانی خوپرو ئوست میدڤید یتسکایادا بوو و پودتیلکوف و هەموو ئەوانەی کە دەگەڵیا بوون، پاش ئەوەی لە هاوکاری و پشتیوانی قوزاقانی دۆنی ژێری نا ئومێدبوون، لە ناچاریدا ڕوویان دەکردە ئەم بنکە و کوانگە گەرمانە. مەسەلەی سەربازگیری و نەفێرکاریەکەیان شکستی هێنابوو.

پودتیلکوف، کە تازە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی شوراکانی گەل و جەماوەری دۆن هەڵبژێردرابوو، بە پێشنیازی لاگوتین، بڕیاری دابوو کە بەرەو باکوور بڕۆن و لەوێندەر سێ چوار کەتیبە لە سەربازانی جارانی بەرەکانی شەڕ پێك بێنن و لە ناوچەکانی دۆنی ژێریدا بیانکەن بە گژ ئەڵمانەکان و دژە شۆڕشیەکاندا.

ئیدی کومیسیۆنێکی نائاسایی پێنج کەسی بە سەرۆکایەتی پودتیلکوف پێکهێنرا. ڕۆژی ٤/٢٩ دە ملیون ڕۆبڵی زێڕ و ئەسکەناسی تزاری بۆ خەرجی ئەم بەسیجکاریە لە گەنجینە دەرهێنرا و بە پەلە ، یەکەیەکی پاسدار کە زۆربەیان لە قۆزاقانی جارانی سەربازگەی کامنسکایا بوون، بۆ پاراستنی ئەم پارەیە دامەزرا. چەندین پڕۆپاگەندەچی بە گەڵ تابورەکە خران و ڕۆژی ٥/١، لە

ژێـر بۆردومـانی فڕۆکـەێن ئەڵمانیـدا، بـەرەو کامنسـکایا بـە ڕێکـەوتن. سـکەی قیتـاران، لەبـەر پاسـدارانی سـوور. کـە لـە ئۆکرانیـاوە پاشەکشـەیان دەکـرد ، بـەر نەدەکـەوت. قوزاقـانی یـاخی پردەکانیان دەتەقاندەوە، قیتارەکانیـان لـە خـەت دەردەکرد و وەردەگێـڕا. هـەموو ڕۆژێـك، فڕۆکـەێن ئـەڵمانی بەسـەر هێڵـی نوڤوچرکاسـك – کامنسـکایادا وەکـو هـەڵۆ دەسـوڕانەوە و بـەرەو خـوار دادەکشـان و بـە شەسـت تـیر، بەردەبوونـە هێزەکـانی گـاردی سـوور، سـەربازانی گـاردی سـوور، لـە فارگۆنـەکان دادەبـەزین. دەنگـی تـەق و تـۆق بـەرز دەبـووەوە، لـە وێسـتگەکاندا بـۆنی خۆڵەمێشـی زوخاڵی بەرد و بۆنی شەڕ و وێرانـی تێکەڵ دەبوو. فڕۆکەکان، تەواو بـەرز دەبوونـەوە، لـە بـوردی فیشـەك دەردەچـوون، کەچـی سـەربازانی گـاردی سـوور خەشـاب لـە دووی خەشـابیان (سـاجور) دەکرد بە ئاسماندا، چوار دەوری سکەی قیتارەکە، پڕدەبوو لـە قەوانە فیشەکی زەرد و سووربباو، چەکمەی پێی سەربازانی گاردی سوور تا گوزینگی پێیان لە لم و قەوانە فیشـەکدا ڕۆدەچوو، ڕێك لـە گـەڵای زێـڕێنی دار بـەڕوو دەچـوو کـە لـە مـانگی نوڤەمبـەرا، دەوەرن و لـە کەندەکانـدا کەڵەکـە دەبن.

نیشانەێن بێ پایانی وێرانی بە هەموو شتێکەوە دیـاربوو: فارگۆنـانی تێکشـکاو و پـارچە پـارچە بـە چـواردەوری سـکەکەدا کـەوتبوو. فینجـانی دارتەلـەکان پارچەپارچـە بـوو بـوون و وەکـو پـارچە قەند لـەو نـاوە سپی دەچـوونەوە. گـەلێك لـە ماڵ و خانووەکـان وێران بووبوون، هـەر هـەموو ئـەو تـەیمان و پەرژینانـەی کـە بـۆ گلدانـەوەی بـەفر دروسـتکرابوون، وێـران بووبـوون، لـە تـۆ وایـە سێڵاوێکی ترسناك ڕایماڵی بوون.

تابوری ناڤبری پێنج دانە ڕۆژ. بە درێژایی سکەی قیتارەکە بەرەو میلیروڤو بەڕێوە بوون، بەیانی ڕۆژی شەشەم پودتیلکوف، ئەندامانی شاندەکەی بۆ فارگۆنەکەی خۆی بانگ کرد.

– ئێمـە ناتوانین بـەم شێوەیە بەردەوام بین. دەبێ هەرچی بار و بنـەمان هەیـە بـەجێی بێڵین و بـە پێیان بڕۆین.

لاگوتین، بە سەرسامی پرسی:

– چی؟ پێش ئەوەی بگەینە ئوست میدڤیدیتسکایا، سپییەکان دەمانگرن.

مریخین، کە ئەویش دووچاری دوودڵێ بووبوو، گوتی:

– ڕێگایەکی زۆر دوورە.

کریڤۆشـیلیکوف، کـە تـازە پەیوەنـدی بـە تابوورەکەیانـەوە کردبـوو، پاڵتۆکـەی، کـە قـەیتانی یاخەکـەی کـاڵ بـوو بوونـەوە، لـە خۆیـەوە پێچـابوو و هیچـی نـەدەگوت، تـای لێبـوو. گوێیـەکانی دەزرنگانـەوە، سـەری گـەرم بـوو ودەیەشـا، لەسـەر فەردەیـەك شـەکر کزکۆڵـەی کردبـوو و بەشـداری گفتوگۆیەکەی نەدەکرد. گەرمی تایەکەی، چاوەکانی لێڵ کردبوو.

پودتیلکوف، بێئەوەی، چاوانی لە سەر نەخشەکە هەڵبڕێ، گوتی:

– کریڤۆشیلیکوف!

– چییە؟

– گوێت لێنیه باسی چی دەکەین؟ دەبێ بە پیادە بڕۆین، دەنا دەمانگەنێ و تیا دەچین. تۆ کە لە ئێمە خوێنەوارتری چ دەڵێی؟

کریفوشیلیکوف هاتە قسان و گوتی:

– قەیدی چیە... دەکرێت...

لە پڕ وەکو گورگ دانەکانی گڕکردنەوە و بەدەم تا ولەرزەوە، کەوتە لەرزین.

–... دەکرێت... بە مەرجێ باروبنەکەمان قورس نەبێت...

پودتیلکوف، نەخشـەیەکی ناوچـەکەی لەبـەر دەرگـادا پـان کـردەوە. مـریخین سوچـەکانی گـرت. ئاسمانی باشور لێڵ بوو، بایەك لەوێنـدەرەوە هـەڵیکرد، نەخشـەکەی هێنایـە شـەقە شـەق و سـەما، چیوای نەمابوو لە دەستیانی دەربێنێ.

بودتیلکوف، قامکی، کە لـە دووکـەڵی جگـەرەدا زەرد هەڵگـەڕابوو، بـە سـەر نەخشـەکەدا هێنـا و گوتی:

– ئەم ڕێگایە دەگرینە بەر، تەمەشای ئەم ڕێگاوبانانە بکەن! پێوانەی نەخشەکە لە بەرچاو بگرن: بەلای کەمەوە سەدوپەنجا،دوو سەد فرسەخ دەبێت، وانییە؟

لاگوتین قسەکەی بۆ سەلماند:

– بەڵێ، هەر ئەوەندە دەبێ. باشتر وایە بە پێیان بیبڕین. هەی کوێراییان دابێ!

– میخائیل، تۆ چ دەڵێی؟

میخائیل کریفوشیلیکوف، بە بێتاقەتی شانەکانی هەڵتەکاندن و گوتی:

– عەیبی نییە.

مریخین گوتی:

– هەر ئێستا دەچم بە برادەران دەڵێم، تا زووە لە قیتارەکە دابەزن، پێویست ناکا وەختی خۆ بە فیڕۆ بدەن.

بـە سـەر و ڕوویـەکی پرسـیار ئـامێزەوە ڕوانیـە سـەر و سـیمای ئـەوانی دی، کـە بـینی کـەس ئیعتیرازی نیە، یەکسەر لە فارگۆنەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە.

ئەو قیتارەی کە شاندەکەی پودتیلکوڤ دەگەڵ خۆیدا دەبرد، لـەو بەیانیـە لێڵ و باراناویـەدا، لـە نزیکی بیلایاکلیتفادا وەستابوو. بونچوك، لە فارگۆنەکەی خۆیدا، سەری وەژێر پاڵتۆکەی نابوو و ڕاکشـابوو. هاوسـەفەرەکانی چایان دەم دەدا، گاڵتـە و گـەپیان دەکـرد و تەشـەریان لێکـدی دەدا. ڤانکـا – بۆلـدیروف، کـە گـەنجێکی قۆشمـە و سوعبەتچـی خـەڵکی میگولینسـکایا بـوو، سـەری دەخستە سـەر ئیگنـاتی تۆپچی. بـە دەنگێکـی قـرخن کـە دەتگـوت دووکـەڵی جگـەرە گرتوویـەتی گوتی:

– ئەرێ ئیگنات تۆ خەڵکی چ ستانێکی؟

ئیگنات، بە ئارامی، بە دەنگە نەرمەکەی خۆی بەرسڤی دایەوە:

– ستانی تامبۆڤ.

– گوندی مورشانسك، ها؟

– نا، شاتسك.

– ئا!... ئەو شوێنەی كە خەڵكەكەی لە دنیادا لە هیچ ناترسن: بە حەوت نەفەر گەلە كۆمەكێ لە یەك نەفەر دەكەن و هەر بە خەیاڵیانشدا نایەت. لە گوندەكەی ئێوەدا نەبوو، گوێرەكەیەكیان، بۆ جەژن، بە زەبری خەیار كوشتەوە؟

– دە بەسە، بیبڕەوە!

– ببورە! بیرم چوو، دێیەكەی ئێوە نەبوو. بەڵام دەزانم كە لە گوندەكەی ئێوەدا كڵاوڕۆژنەی كلێسایان بە نانی شیرینەوە بەستبوو و ویستبوویان بە سەر چنگێ نۆكەوە تا خوار گردێك غلی بكەنەوە. وانیە؟

ئاوی كتریەكە دەكوڵا و ئەمە ئینكاتی بۆ ساتێك لە تەشەرەكانی بولدیروف خەلەساند. لێ هەر كە ئامادەبووان دانیشتنە سەر نانخواردن، بولدیروف، هەمدیس سەری كردە سەری:

– ئینگات، بۆچی گۆشتی بەرازت كەم هەڵگرتووە؟ حەزی لێناكەی؟

– با حەزی لێدەكەم.

– وەرە، ئەم پلە بخۆ، قوونی بە رازە و زۆر بە لەزەتە...

هەموو لە قاقای پێكەنینیان دا. پاروو پەڕیە قوڕگی یەكێكیان و بە توندی كەوتە كۆكین. چونكە هەر نەدەبڕایەوە، بوو بە هەرا و زەنا. دەنگی چەكمە هەستا. دوای چركەیەك، ئیگنات كە تەواو دەهری بووبوو، گوتی:

– خۆت بیخۆ، بەد بەخت! ئاخر تۆ بۆچی بەو قوونەتەوە وازم لێناهێنی؟

– قوونی من نا، قوونی بەرازەكە.

– فەرقیان چیە؟ یەك لە یەك بۆگەنترن...

بوڵدیروف، بە دەنگە نووساوەكەی، بە ئەسپایی بەرسڤی دایەوە:

– گوتت بۆگەنە ؟ ئەوە شێت بوویت؟ بۆ جەژنی پاك پیرۆز كرابوو، باشتر وابوو بڵێی، دەترسیت لە چلەی ڕۆژوودا گۆشت بخۆی...

قوزاقێكی قەد و باڵا جوانی، موو بۆزی گەش، كە هاوشاری بولدیروف بوو و هەر چوار نیشانەكەی سوارچاكی سان جۆرجی بە بە رۆكەوە بوو، بە كاوەخۆ گوتی:

– وازی لێبێنە ئیڤان! شەڕە قۆچ لە گەڵ فەلاحاندا مایەی سەریەشەیە. كە قوونی بەراز بخوات، حەزی دەچێتە قوونی یەكانەش. هەنگێ یەكانەی لە كوێ بۆ پەیدا دەكەی؟

بونچوك، بە چاوانی نوقاوەوە ڕاكشابوو. دەنگی گفتوگۆی سەربازەكان نەدەگەییە ئەو. بە ئازارێكی زۆرەوە ڕووداو و بویەرەكانی ڕابردووی وەبیر دەهاتنەوە. بەدەم خەوەوە، دەشتە بەرین و پڕ بەفر و، لێرەوارەكانی سەر گردەكانی دەبینی. بایەكی ساردی دەهات، هەستی دەكرد ئانا بە چاوەڕەش و دەم و پلە پیاوانە و میهرەبانەكەیەوە، بەو وردە خاڵانەی نێوان هەردوو برۆیەوە و بەو چرچ و لۆچانەی سەر تەوێڵیەوە دەبینێ. ئەو وشانەی كە لە زاریەوە دەردەهاتن، نە دەژنەوت، بەردەوام لە نێو هەرا و زەناو قسە و پێكەنینی ئەوانی دیدا، ون دەبوو، لێ بونچوك، پرشنگی بیلبیلەكانی و لەرەی برژۆلەكانی دەخوێندەوە و بەوەدا تێدەگەیی كە باسی

چیدەکات... بەڵام ئەمە ئانایەکی دی بوو: باریك و بنێس، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە، زەرد، شین و مۆر، شوێنەواری فرمێسك بە سەر گۆناوە، لووتی باریك و درێژ، لیوی هەڵقرچاو و ئازارمەند.

بونچوك، دانەوییەوە تا چاڵی چاوە ڕەش و ساردەکانی ڕاموسێت، لەم کاتەدا ناڵەیەکی کرد، بۆئەوەی ڕێگەی گریان و هەنسك هەڵدانی خۆی بگرێت، ناولەپی خۆی، توند خستە سەر زاری. ئانا بۆ یەك ساتیش لە بەرۆکی زەینی نەدەبووەوە، وێنەی ئانا، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، لە یادگەیدا هەر ما، نە دەگۆڕا و نە کاڵ دەبووەوە. سیمای، بەژن و باڵای، ڕەفتاری، جم و جوڵی، حاڵەتەکانی ڕوخساری، جوڵەی برۆکانی، ئەمانە هەموو یەك بە یەك یەکیاندەگرتەوە و، ئەویان لە شێوە و شەکڵی ئانادا زندوو دەکردەوە. بونچوك قسە ڕۆمانسیەکانی ئەوی بیر دەکەوتنەوە، هەر هەموو ئەو شتانەی بیردەکەوتەوە کە پێکەوە گوزەراندبوویان، ئەم بیرەوەریانە هێندەی دیکە دەردیان گرانتر دەکرد.

کە فەرمانی دابەزین بە سەربازەکان درا، خەبەریان کردەوە. بونچوك، ڕابوو، بە بێ مەیلی باروبنەی خۆی پێچایەوە و لە فارگۆنەکە وەدەرکەوت، بە شداری لە داگرتنی بار و بنەکانی دیکەشدا کرد، بە هەمان بێمەیلی و بێتاقەتیەوە سواری گالیسکەیەك بوو.

باران نم نم دەباری. گیای تازە چەکەرەی کەنار جادەکە یەکپارچە تەڕبوو. بایەکی توند بە سەر کەند و گردۆلەکانی پێدەشتەکەدا دەهات. دێهاتە دوور و نزیکەکان و ئاواییە بچووکەکان، سەرە تاتکێیان دەگەڵ دەکردن. دووکەڵی مەکینەی قیتاران و بینایانی سووورباو و چوارگۆشەی وێستگاکانیان لە دواوە بەجێ دەمان. تابوورێکی دوور و درێژی چل و چەند عەرەبانەیی کە لە بیلایاکولیتفا بەکرێیان گرتبوون، بە سەر جادەکەدا قەتاریان بەستبوو. ئەسپەکان، بە ئەسپایی ڕێیان دەکرد، قوڕ و قوڕاوی خاکی ڕەشی باران چەشتە، حەرەکەتی تابوورەکەی تەواو خاو کردبووەوە. قوڕ بە چەرخی گالیسکەکانەوە دەچەسپی و وەکو کڵافە مووی ڕەش لێی دەئاڵا. کرێکارانی کانەکانی ناوچەی بیلایاکولیتڤا، بۆ ئەوەی لە دەستدرێژی قوزاقان بخەڵەسن، لە پێش و پاشی تابوورەکەوە، ماڵ و منداڵ و دارایی ناچیزی خۆیان هەڵگرتبوو و بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵدەهاتن.

دەستەکانی گاردی سووری ڕۆمانوفسکی و شچادنکو. کە زیانی گیانی گەورەیان لێکەوتبوو، لە نزیکی دووڕیانی وێستەگەی گراچیدا، دەگەڵ شاندی ناڤبریدا یەکیان گرتەوە. سەربازەکان، بە هۆی شەڕێن پەیاپەی و بێخەوی و ماندوو بوونەوە، سەروسیمایان زەرد هەڵگەڕابوو، لە تۆ وایە نەخۆشن. شجادنکوی فەرمانەدەیان هات بۆ لای پودیتلکوف، ماندوویەتی و شەکەتی بە دەموچاوە جوان و سمێڵە ئینگلیزی مۆدەکانیەوە، بە کەپووە باریکەکەیەوە، دیاربوو. بونچوك، کاتێ کە بەلایا تێدەپەڕی، گوێی لێی بوو کە بە دەنگێکی شەکەت و تووڕەوە قسان دەکات، بە دەم برۆ وێکهێنانەوە دەڵێت:

– ئەمە چ قسەیەکە تۆ دەیکەیت؟ قابیلە من جەماعەتەکەی خۆم نە ناسم! ڕەوشەکە ناجۆرە و ئەم ئەڵمانیە بێشەرەفانەش بوون بە سەربار. ئەم سەربازگیری و بەسیجکاریەی تۆ کەی سازدەبێت؟

دوای ئەم قسەیە، پودتیلکوف، بە تووڕەیی و تا ڕادەیەك بە پەشۆکاوی، بەرەولای عەرەبانەکەی خۆی پێی هەڵگرت. کریفوشیلیکوف بەرەولای هات، بە شپرزەیی کەوتنە گفتوگۆ. بونچوك، بینی کە کریفوشیلیکوف، ئانیشکی نایە سەر قەراخی گالیسکەکە، بە دەم دەست جوڵاندنەوە، چەند قسەیەکی جدی کرد. پودتیلکوف ئارام بووەوە، خۆی بە عەرەبانەکەدا کرد، عەرەبانەکە لە ژێریا کەوتە جیڕەجیڕ. یارۆی عەرەبانچی قامچیەکی خێواندە ئەسپەکان، گلْ و قوڕ لە ژێر چەرخی عەرەبانەکەوە چوو بە حەوادا. پودتیلکوف، چاوی بچووك کردنەوە، هاواری کرد:

– خێراتر بازۆن!

شەپۆلی با خۆی بە ژێر چاکەتە چەرمەکەیدا کرد.

"٢٧"

چەندین ڕۆژ بوو، تابوورە پڕوپاگەندەییەکە، بەرەو ستانی کراسنوکوتسکایا، بە ناو هەرێمی دۆندا دەگەڕا. خەڵکی گوندەکانی ئۆکرانیا، زۆر بە گەرمی پێشوازیان لە سەربازانی گاردی سوور دەکرد: ئازووقە و هەموو پێداویستیەکی دیکەیان پێدەفرۆشتن، بە کەماڵی ئارەزوو لە ماڵەکانی خۆیاندا جێیان دەکردنەوە و دایاندەکردن، بەڵام هەرکە باس هاتە سەر ئەوەی کە ئەسپیان بە کرێ بدەنێ تا پێی بڕۆن بۆ کراسنوکوتسکایا، ئۆکرانیەکان. لاملی خۆیان دەخوراند و بە ئاشکرا ڕەفزیان دەکرد. پودتیلکوف، لە یەکێکیانی پرسی:

– باشە خۆ ئێمە کرێی باشت دەدەینێ، ئیدی بۆچی ڕوومان لێوەردەگێڕیت؟

– خۆ گیانی خۆم نەدۆزیوەتەوە، قابیلە بۆ پارە گیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە؟

– ئێمە داوای گیانی تۆمان نەکردووە. تەنیا چەند ئەسپ و عەرەبانەیەکمان بە کرێ بدەیە و تەواو.

– نا، ناتوانم.

– بۆچی، ناتوانیت؟

– ئاخر ئێوە دەچن بۆ ناو قوزاقەکان، وانیە؟

– جا، چ قەیدیە؟

– باشە، گریمان شتێك ڕووی داو ئەسپەکانم تیاچوون، هەنگێ چ خاکێ بەسەر خۆدا بکەم؟ نا، برادەر، شتی واناکەم.

تا تابوورەکە لە کراسنوتسکایا نزیکتر دەبووەوە، بودتیلکوف و هاوڕێکانی نیگەرانتر دەبوون. هەڵوێستی خەڵکەکەش بەرانبەریان گۆڕابوو: لە کاتێکا لە گوندەکانی سەرەتاوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرابوو، ئێستا و لێرەدا، بە ئاشکرا ڕوویان لێگرژ دەکردن. بە نە بەدڵی ئازووقەیان پێدەفروشتن و بە دڕدۆنگی وەڵامی پرسیارەکانیان دەدانەوە. مێرد منداڵانی گوند دەوریان نەدەدان و وەکو کەمەربەندێکی ڕەنگاوڕەنگ، دەوری گالیسکەکانیان نەدەگرت. خەڵکی لە پشت پەنجەرەکانەوە، دژمنانە تەمەشایان دەکردن، گوندیەکان هەرکە چاویان پێیان دەکەوت خۆیان دەدزییەوە. قوزاقانی تابوورە پڕوپاگەندەییەکە دەیان پرسی:

– باشە ئێوە مەسیحین یان نا؟ خێرە وەکو بوەکوێران(کوند) تەمەشامان دەکەن؟
لە گوندێکی ناحیەی ناگولینسکدا، ڤانکا بولدیروڤ کە لە پێشوازی سارد و سڕی خەڵکەکە بێتاقەت بوو بوو، پاش ئەوەی دڵنیابوو کە هیچ کەسێك لە سەرکردەکان لەو ناوە نیە، لە ناوەندی مەیدانی گوندا، کڵاوەکەی دا بە عاردیدا و بە دەنگی گڕەوە گوتی:
– ئەریٚ ئێوە بەشەرن یان حەیوان؟ قەحپە دایکینە بۆچی قسە ناکەن؟ ئێمە خوێنی خۆمان لە ڕای مافێن ئێوەدا دەڕێژین، کەچی ئێوە، هەر تەمەشاشمان ناکەن! شەرم نیە ئینسان وابیٚ؟ هاوڕێیان ئیدی هەموو وەکو یەك واین. فەرقی بەینی قوزاقی و ئۆکرانی نیە. پێویست بە ترس ناکات، کەس دەست درێژیتان ناکاتە سەر. دەی خێرا هێلکە و مریشکمان بۆ بێنن، پارەکەیتان بە ڕۆبڵی تزاری دەدەینیٚ.
شەش حەوت ئۆکرانی، بێجوڵە، سەریان دانەواندبوو و وەکو ئەسپانێك کە نیریان لە مل نرابیٚ، بەو ئارایە تەمەشای بولدیروف –یان دەکرد. هیچ کامێکیان بەرسڤی وتە ئاگرینەکانی ئەویان نەدەدایەوە:
– نامەردینە، ئێوە لەوەتای هەن خاخول بوون و هەر بە خاخولی دەمێننەوە. بورژوایانی ورگ زلی خوێڕی... بەڵام لێدان...
بولدیروف، جارێکی دیکە کڵاوە کۆنەکەی دا بە عاردیدا. لە داخا دەموچاوی شین هەڵگەڕا:
–... ئەگەر لە چلەی زستاندا کەسێك داوای بە فرتان لێبکات ئامادەنین بیدەنیٚ.
ئۆکرانیەکان تەنیا ئەوەندەیان گوت:
– پێویست بەو بۆڵە بۆڵە ناکات!
ئەوسا بڵاوەیان لێکرد و هەریەکەیان بەلایەکا ڕۆیشت.
پیرەژنێك، لە هەمان گوندا لە سەربازێکی گاردی سووری پرسی:
– ڕاستە ئێوە هەموو شتێك تاڵان دەکەن و خەڵکی گۆشاوگۆش سەردەبڕن؟
قوزاقەکە، بێئەوەی خۆی شیلویٚ بکات گوتی:
– ڕاستە، بەڵام هەموو کەسێك نا، تەنیا پیرەمێردان.
– خودایا! باشە بۆچی سەریان دەبڕن، چ قازانجێك دەکەن؟
– دەیانکەین بە تەشریب و دەیانخۆین. لە گۆشتی مەڕ و بەرخ بێزار بووین، ئەو تام و لەزەتەی جارانی نیە. بەڵام پیرەمێردان کە لە مەنجەڵان دەنرێن، گۆشتاوێکی یەجگار باشی لێدروست دەبیٚ...
– لەوە دەچیٚ ئەم قسانەت بە گاڵتەبیٚ...
مریخین هەڵیدایە:
– داپیرە، وڕینە دەکات، بە ڕاستی نیە، سوعبەتت لە گەڵ دەکات.
کاتیٚ کە پیرەژنەکە ڕۆیی، مریخین، قوزاقە سوعبەتچیەکەی بە توندی سەرکۆنە کرد:
– تۆ نابیٚ بزانی لە گەڵ کێدا و کەی سوعبەت دەکەیت!

خۆ ئەگەر پودتیلکوف، ئەم قسانەت ببیستێتەوە، دەم و قەپۆزت دەشکێنێ. بۆچی ئەم شۆخیانە دەکەیت؟ ئێستا دەڕوات و دنیا تێدەگەیەنێ کە ئێمە پیران سەردەبڕین.

پودتیلکوف، زۆر نیگەران بوو، ماوەی ئیسراحەت و خەوی شەوانی کەمکردەوە. زۆری پەلە بوو. شەوێك پێش ئەوەی بگەنە قەڵەمڕەوی کراسنوکوتسکایا، ماوەیەکی زۆر گفتوگۆی دەگەڵ لاگوتیندا کرد و ڕاوبۆچوونی خۆی بۆ دەربڕی.

– ئیڤان، ئێمە نابێ زۆر دوور بڕۆین. هەرکە گەییینە خوپرسکایا دەبێ دەست بەکاربین. یەکسەر دەست بە سەربازگیری دەکەین. سەد ڕۆبڵ مووچە دەدەین، بەو مەرجەی ئەسپ و چەکی خۆیان بێنن. خۆ ناکرێ پارەی میللەت بە فیڕۆ بدەین. لە ئوست خۆپرسکایاوە، دەڕۆین بۆ گوندەکەی تۆ، بۆ بوکانوفسکایا، لەوێندەرەوە بۆ سلاشچوفسکایا و فیدوسیڤسکایا و کومیل و ژنسکایا و گلازونوفسکایا و سکوریشنسکایا، یانی بە جۆرێ کە تا دەگەینە میخائیلوفکا، دەبین بە خاوەنی یەك فیرقە سەرباز. تۆ چ دەڵێی، تەسەور دەکەیت ئەو هەموو سەربازەمان پێ خڕبکرێتەوە؟

– ئەگەر ئەو دیار و دەڤەرە هێشتا ئارام بێ، دەتوانین و سەربازێکی زۆریش دەگرین.

– پێتوایە، لەوێش ئاژاوە و یاخی بوون دەستی پێکردبێت؟

– بڵێم چی؟

لاگوتین، دەستێکی بە ڕدێنە تەنکەکەی خۆیدا هێنا و بە دەنگێکی نرم و گلەیی ئامێزەوە گوتی:

– فیدیا، ئێمە دێرکەوتین، دەترسم لە کاتی خۆیدا نەگەینە ئەوێ. ئەفسەرەکان لەوێ خەریکن خۆ ئامادە دەکەن. دەبێ خێراتر بڕۆین.

پودتیلکوف، نیگایەکی توندی کرد و گوتی:

– لەوە خێراتر چی. مەترسە! نابێ بترسین. کەسێك کە ڕابەری کۆمەڵە خەڵکێك بکات نابێ بترسێت. ڕێگای خۆمان دەکەینەوە! لە زەرفی دوو هەفتەدا، هەم ئەڵمانیەکان و هەم سپییەکان لە دۆن ڕادەماڵین.

ئەوسا هەڵوەستەیەکی کرد، مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا و گرێی دڵی خۆی کردەوە: ئەگەر دێر بکەوین، هەنگێ خۆمان و حکومەتی سۆڤیەت لە دۆندا تیادەچین. نابێ لەوەی پتر ماتەڵ ببین! خۆزگە لە کاتی خۆیدا دەگەیشتینە ئەوێندەر! ئەگەر، ئەفسەرەکان، بەرلەوەی ئێمە بگەینە ئەوێ، ڕاپەڕینیان بەرپاکردبێ، ئەوا حاڵمان شڕ دەبێ! تیادەچین!...

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی تابوورەکە گەییە دەور و بەری ستانی کراسنوکوتسکایا. بەر لەوەی بگەنە ناو گوندی ئالیکسییفسکی، پودتیلکوف کە دەگەڵ لاگوتین و کریفوشیلیکوف، لە ناو یەك گالیسکەی ڕیزی پێشەوە بوو، چاوی بە گاگەلێك کەوت کە بە دەشتەکەدا تێدەپەڕی. پێشنیازی بۆ لاگوتین کرد:

– با بچین، پرسیار لەوگاوانە بکەین.

کریفوشیلیکوف، بیرۆکەکەی پەسەندکرد:

– بڕۆن.

لاگوتین و پودتیلکوف، لە گالیسکەکە دابەزین و بەرەو گاڕانەکە وەڕێکەوتن. لە وەڕگەکە لە هەتاودا نقوم بوو بوو و بۆر دەچووەوە. گیایەکە لە ژێر پێی مەڕ و سمی ماڵاتاندا پایەماڵ بووبوو و لە بەر هەتاوەکەدا دەبریقایەوە. لەم بەر و لەو بەری ڕێگاکەوە، سێپەڕە و چەودەری کێوی دەبریسکانەوە. پودتیلکوف، گوڵە ئەفسەنتینێکی ژاکاوی کردەوە، لە نێو لەپی خۆیدا هەڵیولی بۆنە تاڵەکەی هەڵمژی، لە شوانەکە نزیك بووەوە:

– ماندوو نەبی مامەی گاوان.

– خۆتان ماندوو نەبن.

– گاگەل دەلەوەڕێنیٚ؟

– بەڵێ.

پیرەمێرد، برۆ چرەکانی وێکهێنانەوە و شەپرێو و شپرزە، تەمەشای دەکرد. پودتیلکوف لێی پرسی:

– ئێ، حالٚ و گەزەرانت چۆنە؟

– لە خوا بە زیادبێ، دەگوزەریٚ.

– ئەدی دەنگوباسی ناو گوندەکەتان چیە؟

– هیچ نیە، ئێوە کێن؟

– ئێمە سەربازین. دەگەڕێینەوە بۆ ماڵی خۆمان.

– کوێندەرین؟

– خەڵکی ئوست خوپرسکایاین.

– خۆزگە ئەو پودتیلکینەت لەگەڵدا نەبیٚ، خۆ ئەوەتان لە گەلٚ نیە؟

– با.

شوانەکە بەو وەڵامە ترسی لێنیشت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

پودتیلکوف لێی پرسی:

– بۆچی ترسیات بابۆ؟

– چۆن ناترسم قوربان. دەڵێن ئێوە هەموو مەسیحیەك سەردەبڕن.

– درۆیە! کیٚ ئەم دەنگۆیانە بڵاودەکاتەوە؟

– پێریٚ ئەتامان لە کۆبوونەوەی گوندا وایگوت. ڕەنگە بیستبێتی، یان لەگینە نووسراوی حکومەتی پێگەیی بیٚ و ئاگاداریان کردبێتەوە، بە هەرحالٚ گوتی کە پودتیلکین لە گەلٚ دەستەیەك کالموکدا دێن و هەمووان سەردەبڕن.

لاگوتین گوتی:

– ئێستا ئەتامانتان هەیە.

بەدەم ئەو قسەیەوە تەمەشایەکی پودتیلکوفی کرد، کە لاسکە گیایەکی بە ددانە زەردەکانی دەجوو.

– لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا ئەتامانی تازەیان هەڵبژارد. دەرگای ئەنجوومەنی سۆڤیەتیشیان داخست.

لەم کاتەدا کە لاگوتین دەیویست پرسیارێکی دیکەی لێبکات، جوانەگایەکی زەلام، خۆی هەڵدایە سەر چێلێك و خستیە سەر زەوی.

گاوانەکە هاواری کرد:

– دەك گا قۆڕم لێدایت، ئێستا پشتی دەشکێنێ!

هێندە بە چاپوکی بەرەو گایەلەکەی ڕۆیی، کە دەگەڵ تەمەنیا تێکی نەدەکردەوە. بەدەم غاردانەوە هاواری کرد:

– مانگایەکەی ناستنکایە! ئێستا پشتی دەشکێنێ... دەبرۆ هەی قوزەڵقورتم لێدایت.

پودتیلکوف، بە دەم قۆڵ بادانەوە بۆ لای گالیسکەکەی گەڕایەوە، لاگوتین کە بابایەکی جووتیاری باش بوو، وەستا، بە نیگەرانییەوە دەیڕوانیە چێڵە جاحێلە لاوازەکەی، کە جوانەگایەکە دابووی بە عاردیدا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بەڵێ، خەریك بوو پشتی بشکێنێ، کێ دەڵێ نەشی شکاندووە. ئاخ، نارەسەن!" تا دڵنیا نەبوو لەوەی کە پشتی مانگایەکە نەشکاوە، نەگەڕایەوە بۆ لای گالیسکەکەی خۆی. لەو ماوەیەدا لە خۆی دەپرسی: "چ بکەین؟ تۆ بڵێی خەڵکی ئەوبەری دۆن تا ئێستا سیستەمی ئەتامانانی تازەیان دانەمەزراندبێ؟" سەرلە نوێ سەرنجی لەسەر جوانەگایەکی ڕەسەن گیرسایەوە کە لە قەراخ جادەکەدا وەستا بوو. جوانەگایەکە، بۆنی بە سمت و کەفەڵی پان و گەورەی مانگایەکی ڕەشی زەلامەوە دەکرد و سەرە زلەکەی بەم لا و بەولادا با دەدا. غەبغەبە و سینگ و بەرۆکی تا سەر ئەژنۆکانی هاتبوو، جەستەی درێژ و، پتەو و، کەتەی وەکو ژێی کەوان ڕاکێشابوو. لاقە کورتەکانی وەکو کۆڵەکە لە گڵ و خۆڵە نەرمەکە ڕۆدەچوو. لاگوتین بە نیگا جوانەگا سوور بە ڵەکەکەی دابێژت. زۆری بە دڵ بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "گوندەکەی ئێمە پێویستی بە جوانەگایەکی وەکو ئەمە هەیە، جوانەگاکانی ئێمە زۆر لەڕ و لاوازن." دوای تۆزێك ئەم بیرە لە هزریا ڕەوییەوە. ئاهێکی هەڵکێشا و بەرەو لای گالیسکەکە ڕۆیی، بەدەم ڕێگاوە، دەیڕوانیە سیمای گرژ و مۆنی قوزاقەکان و بیری لەو ڕێگایە دەکردەوە، کە دەبوا بیگرنە بەر.

***

کریفوشیلیکوف، ڕۆمانسی و خەیاڵپەوەر، بە دەم تاوە بە پودتیلکوڤ دەگوت:

– ئێمە، لە شەپۆلی دژە شۆڕش هەڵدێین، بەڵام بێسوودە چنگ لەسەر شان دوومان کەوتووە، هاکا ڕای ماڵین. ڕێك لە هەڵکشانی دەریایەك دەچێت کە هێرش بەرەو کەنارێکی نزم بێنێ. کەس ناتوانێ پێشی لێبگرێت.

لەوەدەچوو، کە لە نێو هەموو ئەندامانی شاندەکەدا تەنیا پودتیلکوف بە تەواوەتی هەست بە خەتەرناکی هەڵوێستکە بکات. بە بێجوڵە، لە نێو گالیسکەکەدا دانیشتبوو. سینگی بۆ پێشەوە بردبوو، پەیتاپەیتا هاواری لە عەرەبانچییەکە دەکرد:

– خێراکە، توندتر باژۆ!

لە گالیسکەکانی دواوەی قافڵەکە، دەنگی گۆرانیەك بەرزبووەوە و هەر زوو بڕا. دەنگی قاقای پێکەنین و هەرا و زەنا، تەق و هوڕی چەرخی گالیسکەکانی کردە ژێرەوە.

ئەو زانیاریانەی کە لە گاوانەکە بە دەستیان هێنابوو، دروست دەرچوون. قافڵەکە (تابوور) لە ڕێگادا تووشی یەکێك لەو قوزاقانە بوو، کە کاتی خۆی بەشداری جەنگی کردبوو، یارۆ دەگەڵ ژنەکەیدا بەرەو گوندی سڤیچینکوف دەڕۆیی. کابرا قەیتانی بە شانەوە و نیشانەیەکیشی بە کڵاوەکەیەوە هەبوو. پودتیلکوف، چەند پرسیارێکی لێکرد و هێندەی دی دڵی تەنگ بوو.

کە لە گوندی ئەلکسییفسکی تێپەڕین، باران دەستی پێکرد. هەورێکی تاریك بەری ئاسمانی گرتبوو. تەنیا لە ڕۆژهەڵاتەوە کە هەتاو لە گۆشەیەکی تەنگەوە، سەرەتاتکێی بوو، ئاسمان شین دەچووەوە. هەرکە بەرەو گوندی ڕوباشکینی ئوکرانی داگەڕان، خەڵکانێکیان بینی کە لەوبەری گوندەکەوە هەڵدێن و چەند گالیسکەیەك بەلەز لەوبەرەوە دەڕۆیشتن. لاگوتین، بەدەم تەمەشاکردنی خەڵکەکەوە، بە حەواسپەرتی گوتی:

– خەریکە هەڵدێن دیارە لە ئێمە دەترسن...

پودتیلکوف هاواری کرد:

– بیانگێڕنەوە! بانگیان بکەن، نەگبەتانە!

سەربازەکان، لە نێو عەرەبانەکانەوە هەستانە سەرپێ، کەوتنە هەڵتەکاندنی کڵاوەکانیان. یەکێکیان بە دەنگی بەرز کەوتە بانگکردنیان:

– ئەهای... بۆ کوێ دەڕۆن؟ بوەستن!...

قافڵەکە بە یورغە خۆی بە گوندیدا کرد. بایەکە لە مەیدانە پان و بەرین و چۆڵ و هۆڵەکەدا گێژی دەخوارد. لە حەوشی ماڵێکا، پیرەژنێکی ئۆکرانی، بە دەم بۆڵژنەوە، چەند پشتییەکی لە عەرەبانەیەك بار دەکرد. مێردەکەی بە سەری کوت و بە پێی خاوس، هەوساری (ڕەشمە) ئەسپەکانی گرتبوو.

لە گوندی ڕوباشکیندا بۆیان دەرکەوت کە بەرپەرسی ئازووقەی قافڵەکە، کە بودتیلکوف بۆ ئەوێی ناردبوو تا ئازووقە و جێگا و ڕێگایان بۆ دابین بکات، لە لایەن دەورێیەکی قوزاقانەوە گیراوە و بۆ ئەودیوی گردەکە نێردراوە، بەمەدا دیاربوو کە قوزاقەکان دوورنین. دوای گفتوگۆ و ڕاوێژێکی کەم بڕیاردرا کە بە هەمان ڕێگای خۆیاندا بگەڕێنەوە. پودتیلکوف کە لە هەوەڵی ڕا سوور بوو لەسەر ئەوەی درێژە بە پێشڕەوی خۆ بدەن، ئێستا دوودڵ بوو.

بەڵام کریفوشیلێکوف، کە تایەکی گەرمی لێهاتبوو، بێدەنگ بوو. پودتیلکوف، لە بۆنچوکی، کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوو، پرسی:

– تۆ بڵێی بتوانین درێژە بە پێشڕەوی خۆ بدەین؟

بونچوك، بە بێموبالاتی شانەکانی هەڵتەکاند. بەلایەوە گرینگ نەبوو پێشڕەوی بکەن یان بگەڕێنەوە. ئەوەی بەلاوە مەبەست بوو ڕێبکات و بتوانێ لەو خەم و ئازارە هەڵێت کە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیا بوو و لێی نابووەوە. پودتیلکوف کە بەلای گالیسکەکەوە پیاسەی دەکرد، کەوتە

باسـی ئـەوەی کـە باشـتر وایـە تـا ئوسـت – میدفیدیتسـکا بـڕۆن. بـەڵام یـەکێك لـە قوزاقـە پڕوپاگەندەچیەکان، بە توندی قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– لەوەدەچیٚ تێك چووبیت! دەتەویٚ بۆ کوێمان ببەیت؟ دەتەویٚ بمانخەیتە بەردەستی دژمنانی شۆڕش؟ وازبێنە براله! با بگەڕێینەوە، خۆ گیانی خۆمان نەدۆزیوەتەوە، نامانەویٚ بمرین! ئەوە چیە؟ ئەوە نابینی؟

بەدەم ئەو قسەیەوە ئاماژەی بۆ گردەکەی سەرووی گوندەکە کرد.

هەموو ئاوڕیان دایەوە. ڕوانیانە سەر گردەکە. تارمایی سیٚ سوارە بەسەر گردەکەوە جوان جوان دیاربوو. لاگوتین گوتی:

– دەوریێی ئەوانە.

– ئەدی ئەوانەی دی، هۆوانە؟

کۆمەڵە سوارێکی دی لە سەر گردێکی دوورە دەستەوە دیاربوون. دەستە دەستە یەکیان دەگرت، بڵاوەیان دەکرد. ون دەبوون و دووبارە دەردەکەوتنەوە.

پودتیلکوف، فەرمانی دا کە بە هەمان ڕێدا بگەڕێنەوە. جارێکی دی بە ئەلکسییفسکیدا تێپەڕین. خەڵکی گوندەکە، کە لەلایەن قوزاقەکانەوە ئاگادار کرابوونەوە، خۆیان شاردەوە یان کە چاویان بە قافڵەی پڕوپاگەندەچیەکان کەوت، کەوتنە هەڵاتن.

دنیا بەرە بەرە تاریك دەبوو، بارانێکی ورد و سارد و ناخۆش دەباری و جماعەت، تەڕی تەڕ بوو بوون، لە سەرما هەڵدەلەرزین. حازر و ئامادە تفەنگ بە دەست شان بە شانی گالیسکەکان ڕێیان دەکرد. جادەکە بە دەوری گردێکا پێچی دەکردەوە و دەچووەوە سەر دۆڵێکی چکۆلە، دوای ماوەیەکی کەم، بە پێچاوپێچ، لە شیوەڵەکە دەردەچوو. دەوریٚ و گەشتیانی قوزاقان، لە سەر گردەکاندا دەردەکەوتن و دووبارە خۆیان ون دەکردەوە. بە دوای قافڵەکەی ئەماندا دەهاتن و سەربازانی گاردی سوور، بەم هەڵوێستەی ئەوان زۆر تووڕە و قەڵس دەبوون.

پودتیلکوف، لە کەناری ئاودڕکەیەکدا کە دەچووەوە سەر دۆڵەکە، لە گالیسکەکەی دابەزی و بە کورتی بە هاوڕێکانی گوت: "خۆتان ئامادەبکەن!" و بە خۆیشی زامنی غەدارەکەی کردەوە و شان بە شانی گالیسکەکە کەوتەڕیٚ. ئاوی لافاوی بەهارە، لە دۆڵەکەدا شین دەچووەوە و بەرەو گۆلاوێك دادەکشا کە بەر بەستێکی چکۆلە دەوری دابوو. جیٚ پێی ئەو ماڵاتانەی کە بۆ ئاو خواردنەوە بۆ ئەوێندەر هاتبوون، لە قوڕ و قوڕاوی کەنار بەر بەستەکەدا بەدی دەکران. گیا و لاولاوی کێوی، لێرە و لەویٚ، لە قەد دیواری بەربەستەکە کە لەبغەکەی بەری دابوو، ڕوابوو. لە خوارترەوە لە نزیکی ئاوەکە، بنچە گیا و زەلی نووك تیژ کە بارانی پێدا دەچۆڕایەوە، سەریان دەرهێنابوو. بودتیلکوف، پێشبینی ئەوەی دەکرد کە دژمن لێرەدا بۆسەی بۆ نابنەوە، بەڵام دیدەوانەکانی تووشی کەس نەبوون. کریفوشیلیکوف بە ئاماژە بانگی کرد تا بێتە لای گالیسکەکەوە و، بە گوێیدا چپاند:

– فیودور، ترست نەبیٚ، ئێستا هێرش ناکەن، چاوەڕوانی شەو دەکەن، ئەگەر هێرش بکەن شەو دەیکەن.

– منیش هەمان تەسەورم هەیە.

"٢٨"

هەوران لە قۆڵی ڕۆژئاواوە چڕ و چڕتر دەبوو. دنیا سات بە سات تاریکتر دەبوو. ئاسمان لە دووری دوورەوە، لە سەر دۆن بڵاچەیی دەدا و پڕتەوی نارنجی ڕەنگی بڵاچەکە وەکو باڵێن باڵندەیەکی زامدار دەلەرزی، ڕوناکی زەردەپەڕی ئێواریٚ کە پەڵە هەورێکی ڕەش دایدەپۆشی، کز و پەژموردە دەینواند. پێدەشتەکە، لە باوەشی بێدەنگیەکی خەمناکدا مت بوو بوو. خۆرئاوای ئەو ڕۆژە، بۆنی پایزی لێدەهات. تەنانەت ئەو گژ و گیایانەی کە هێشتا گوڵیان نەکردبوو، بۆنی ژاکان و سیس بوونێکی لە وەسف بەدەریان لێدەهات.

پودتیلکوف، بەدەم ڕێکردنەوە بۆنی نادیار و جۆراوجۆری گژوگیای تەڕی باران چەشتەی هەڵدەمژی. ناو بە ناو دەوەستا و دادەنەویەوە و ئەو قوڕانەی کە بە پاژنەی چەکمەکانیەوە چەسپی بوون، پاك دەکردەوە و ئەوسا پەیکەری قورس و ماندووی خۆی دووبارە ڕاست دەکردەوە و قەمسەڵە چەرم و تەڕ و یەخە کراوەکەی دەکەوتە خشەخش. کاتیٚ کە گەیینە گوندی کاڵاشینکوفی سەر بە ناحیە و شارۆچکەی پولیاکوڤو – ناگولینسك، ئیدی شەو بوو. قۆزاقانی قافڵەکەی کە بە نیازی پڕۆپاگەندە هاتبوون، لە گالیسکەکان دابەزین و بۆ خەوتن بە سەر ماڵەکاندا دابەش بوون. پودتیلکوف، کە زۆر نیگەران بوو، فرمانی دا کە ئێشکگران دابنەن، بەڵام هاوڕێکانی زۆر بە زەحمەت ملیان بۆ ئەم کارە دەدا. سیٚ کەسیان هەر لە ڕێوە ئەم فرمانەیان ڕەفزکرد.

کریفوشیلیکوف، زۆر تووڕە بوو:

– پیویستە ئەمانە بدرێنە دادگایەکی عەسکەری حیزبی. ئەمە سەرپێچییە لە جێبەجێکردنی فەرمانی جەنگی، پێویستە یەکسەر گوللە باران بکرێن!

پودتیلکوف، کە زۆر شپرزە و پەریشان بوو، شەکەت و ماندوو، لە ڕووی نائومێدیەوە دەستێکی هەڵتەکاند و گوتی:

– ورەیان بەرداوە. تەنانەت بەرگری لە خۆشیان ناکان. میشا! تەواو، تیاچوون.

لاگوتین، هەرچۆنیٚ بوو، چەند نەفەرێکی کۆکردەوە و دەوریٚ و گەشتی بۆ دەوروبەری گوندەکە ڤڕێکرد.

پودتیلکوف، ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و بەو کەسانەی، کە زیاتر متمانەی پێیان بوو، دەگوت:

– کوڕینە، نەخەون ها. ئەگینا خەو بگیریمان دەکەن.

بە خۆیشی بە درێژایی شەوەکە، سەری لە نێو هەردوو دەستی نابوو، لە پاڵ مێزێکدا دانیشتبوو، بە داخ و کەسەرەوە، هەناسەی هەڵدەکێشا و وەکو حەیوانێکی بریندار هەر مش وهۆڕی بوو. دەمەوبەیان سەرە زلەکەی نایە سەر مێزەکە و خەوی لێکەوت، بەڵام سەربازێکی گاردی سوور بە نێوی ڕۆبەرت فراشین برودر، هات و بە لەز بێداری کردەوە. سەربازەکان خۆیان

بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد. دنیا ڕوناك بوو بووەوە. پودتیلکوف ڕابوو. لەبەر هەیوانەکە تووشی ژنی خانەخوێیەکەی، کە لە مانگا دۆشین دەهاتەوە، بوو. ژنە بە بێموبالاتی گوتی:

– چەند سوارێك لە سەر ئەم گردە جم و جوڵیانە.

– لە کوێ؟

– لەوێ، لە پشت ئاواییەوە.

پودتیلکوف، بەلەز خۆی گەیاندە نێو حەوشەکە. چڕەتەمێکی سپیواژ باڵی بە سەر دنیادا کێشابوو، لە نێو تەمەکەوە، لەسەر گردەکە، و لە بەینی سپیدارەکانی دەوری بێستانەکانەوە، چەند دەستە قوزاقێکی بەدی کرد. ئەمانە بە چوار ناڵە بەرەو گوندەکە دەهاتن و سات بە سات نزیکتر دەبوونەوە و گوندەکەیان ئابڵووقە دەدا.

قوزاقانی قافڵەکە، بە پەلە لە ماڵەکان وەدەرکەوتن و بەرەو ئەو ماڵە هاتن کە پودتیلکوف، شەوی تیا بەسەر بردبوو.

ڤاسیلی میروشفیکوف، کە قۆزاقێکی کەتەی خەڵکی میگولینسکایا بوو و قژەکەی بەسەر هەنیەیدا ڕژابوو، پودتیلکوڤی بردە پەنایەکەوە و، لە کاتێکا چاوی بڕی بووە ئەرزەکە، گوتی:

– هاوڕێ پودتیلکوف، گوێ بگرە...

بە دەست ئاماژەی بۆ لای گردەکە کرد و لە سەری ڕۆیی:

–... نوێنەریان ناردبوو، بە ئێمەیان گوت بە تۆ بڵێین کە دەبێ خێرا چەکەکانمان دابنەین و بێ چەند و چوون خۆمان ڕادەستی وان بکەین، ئەگینا هێرشمان دەکەنە سەر.

پودتیلکوف، بە ڕۆکی کابرای تاینی گرت و گوتی:

– تۆ... هەی قەحپەدایك، چۆن جورئەت دەکەی شتی وا بە من بڵێیت؟...

پودتیلکوف، یەخەی یارۆی گرت، دەڵەکی دا، لە خۆی دوورخستەوە و بە غاردان بەرەو گالیسکەکەی ڕایکرد. تفەنگەکەی هەڵگرت و بە دەنگێکی گڕ بانگی لە قوزاقەکانی خۆی کرد:

– تەسلیم ببین؟... هیچ جۆرە گفتوگۆیەکیش لە گەل دژمنانی شۆڕشدا ناکەین... مەحاڵە. شەڕیان لە گەڵ دەکەین! دوای من بکەون، دەی دەست بدەنە چەك!

ژمارەیەك لە قوزاقەکان، لە حەوشە وەدەرکەوتن و دوای کەوتن، بەلەز بەرەو ئەوسەری گوند ڕۆیشتن. لە ئاستی دوا ماڵی گوندا، میریخین بە هانکە هانك خۆی گەیاندە پودتیلکوف و گوتی:

– پودتیلکوف، شەرمە بۆ ئێمە! ئەمانە برای ئێمەن چ خودا بەرداره خوێنیان بڕێژین! وازبێنە، وەرە با بڕۆین، بەڵکو لە گەڵیاندا ڕێکبکەوین.

پودتیلکوف کە بینی تەنیا ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێکانی دوای کەوتوون، کەمێك لە فکران ڕاچوو، هەستی کرد کە شکانی مسۆگەرە، فیشەکی بەر تفەنگەکەی دەرهێنا و بە بێموبالاتی کاسکێتەکەی تەکان دا و گوتی:

– کوڕینە، بێهودەیە، وەرن با بگەڕێینەوە بۆ ناو گوند.

ڕێ وڕێ گەڕانەوە. تێکڕای هاوڕێکانی پودتیلکوف، لە سێ حەوشەی تەنیشت یەکترەوە، خڕبوونەوە. پۆلە سوارێکی چل کەسی، بە هەشتاو لە گردەکەوە داگەڕان و خۆیان بە گونددا

کرد. بەڵام هێزی سەرەکی دژمن لە سەنگەرەکانی خۆیدا، لە گردۆڵکەکانی دەوروبەری گوندا، مایەوە. پودتیلکوف، لە سەر پێشنیازی ڕدێن سپیانی گوند، ڕۆیی بۆ دەرێی گوند، تا دەربارەی هەلومەرجی خۆ بە دەستەوەدان، گفتوگۆ و دان و سان دەگەڵ قوزاقاندا بکات. بونچوك، لە سەر ڕێوە خۆی گەیاندێ و ڕایگرت:

– یانی تەواو، تەسلیم دەبین؟

بودتیلکۆڤ گوتی:

– کە هیچ چارێکی دیکەمان نەبێ، ئەدی چی بکەین؟

بونچوك گوتی:

– یانی دەتەوێ بمریت؟

بونچوك، کە سەراپای کەوتبووە لەرزین، بە دەنگێکی نووساوی نزم، بێئەوەی گوێ بەو ڕدێن سپیانە بدات کە دەگەڵ پودتلیکوفدا بوون، هاواری کرد:

– پێیان بڵێ چەکەکانمان تەسلیم ناکەین.

بە توندی وەرچەرخا، بە دەمانچەی ڕووتەوە کەوتەڕێ. پاش ئەوەی گەڕایەوە ناو گوند، هەوڵی دا سەربازەکان بێنێتە ڕەدا و سازیان بدات تا بە دەم قوونە شەڕەوە، ئابڵوقەی قوزاقەکان بشکێنن و لە گوندەکە وەدەرکەون و خۆیان بگەیەننە سکەی قیتار. بەڵام زۆربەی زۆریان لەگەڵ خۆ بەدەستەوەداندا بوون. هەندێکیان ڕوویان لە بونچوك وەردەگێڕا و هەندێکیانیش بە تووڕەیی هاواریان کرد:

– تۆ بڕۆ شەڕی خۆت بکە! ئێمە دەست لە برای خۆ ناکەینەوە.

– بەبێ چەکیش، متمانەیان پێدەکەین.

– بەم ڕۆژی جەژنی پاکە، دەتەوێ خوێن بڕێژین؟

بونچوك، خۆی گەیاندە عەرەبانەکەی کە لەبەر عەمارەکەدا وەستابوو، پاڵتۆکەی خۆی ڕاخست و دەمانچەی ڕووت بە دەستەوە، لە سەری ڕاکشا. سەرەتا بیری لە ڕاکردن کردەوە. بەڵام بیرۆکەی ڕاکردن و سەنگەر چۆڵکردنی پێ پەسەند نەبوو، بە بێزارییەوە شانەکانی هەڵتەکاند و چاوەڕوانی گەڕانەوەی پودتیلکۆڤ کرد.

پودتیلکوف، دوای نزیکەی سێ سەعاتان گەڕایەوە. ژمارەیەکی زۆری قوزاقان دەگەڵ ئەودا خۆیان بە گوندا کرد. هەندێکیان بە سواری ئەسپ بوون و هەندێکی دیکەیان، هەوساری ئەسپەکانیان بە دەستەوە گرتبوو و پیادەبوون. جماعەتێکیشیان پیادە بوون. ئەمانە دەوری پودتیلکوف و نەقیب سیریدونوف – یان گرتبوو. پودتیلکوف و سیریدونوف کاتی خۆی لە یەك تۆپخانەدا بوون و ئێستا سیریدونوف، فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە بوو کە ئەرکی دەستگیری پودتیلکوڤ پێ سپێردرابوو. پودتیلکوف، سەری بەرزگرتبوو، قیت و بەپارێز، وەکو یەکێك کە کەمێك لە ئەندازە پتری خواردبێتەوە، ڕێی دەکرد. سیپریدونوف، بەدەم بزەیەکی تەوسئامێزەوە قسەی دەگەڵ دەکرد. قوزاقێکی سوارە، لە دوایەوە، توند داری بەیداخێکی زۆر گەورەی سپی بە سنگی خۆیەوە چەسپاندبوو.

ئەو کۆڵان و حەوشانەی کە عارەبانەکەی قافڵە پڕوپاگەندەچیەکانی تیا ڕاگیرابوو، پڕ بوون لە قوزاق. لەپڕ دەنگی هەرا و زەنایەکی زۆر بەرز بووەوە. زۆربەی قوزاقەکان، کاتی خۆی هاوڕێی سەنگەری جماعەتەکەی پودتیلکوف بوون، کە یەکیان ناسییەوە، ئیدی دەنگی پێکەنین و هاواری شادمانی بەرز بووەوە.

– ئا، برادەر! ئەمە چ دەکەی لێرە؟

– ئا! سڵاو... سڵاو پروخور!

پروخور، وەڵامی دایەوە:

– سڵاو! چیوای نەمابوو، تەقەتان لێبکەین و ببێ بە شەڕمان، بیرتە، لە لفوف چۆن نەمساویەکانمان ڕاونا؟

– ئاه، دانیلو! ئامۆزا! مەسیح زندو بووەتەوە!

دانیلو، وەڵامی دایەوە:

– بە ڕاستی زندوو بووەتەوە!

دەنگی ماچ و موچ بەرز بووەوە: جووتە قوزاق، لە کاتێکا کە دەستیان بە سمێڵی خۆدا دێنا، بەدەم زەردەخەنەوە دەیانڕوانیە یەکدی و دەستیان دەدا بە پشتی یەکدیدا.

ڕێك لەلای ئەوانەوە، ئەم دیالۆگە بەرگوێ کەوت:

– هێشتا ڕۆژووەکەمان نەشکاندووە...

– بەڵام ئێوە بەلشەویکن و بەلشەویك و ڕۆژوو و جەژن کوجا مەرحەبا!

– چۆن! چەند بەلشەویکیش بین، باوەڕمان بە خودا هەیە.

– نەبابە، گاڵتە دەکەی!

– خوا بمگرێ ئەگەر گاڵتە یان درۆ بکەم.

– باشە، خاچت پێیە؟

– بەڵێ، ئەوەتا!

گاردە سوورە دەموچاو پانەکە. خێرا دوگمەی کراسەکەی کردەوە، خاچێکی مسینی ژەنگن، بە سەر سینگە ئەسمەر و تووکنەکەیەوە دەرکەوت.

ئەو پیرەمێردانەی کە بە شەنە و تەورەوە، بە شداریان لە مەفرەزەی دەستگیری (پودتیلکوفیاخی) کردبوو، بە سەرسامی دەیانڕوانیە یەکدی، یەکێکیان گوتی:

– خۆ دەیانگوت کە ئێوە لە ئاینی مەسیحی هەڵگەڕاونەتەوە.

– کە خۆتان بە شەیتان فرۆشتووە...

– ئەوەی ئێمە بیستوومانە، گوایە ئێوە کڵێسایان تاڵان دەکەن، کەشیشان دەکوژن.

گاردە سوورە دەموچاو پانەکە، بە دڵنیاییەوە دەیگوت:

– ئەو قسانە هەمووی درۆ و دەلەسەیە! درۆیان لەگەڵ کردووین. من بەش بە حاڵی خۆم، بەر لەوەی لە ڕۆستۆفەوە بکەوینە ڕێ، چوومە کڵێسا و نوێژم کرد.

پیرەمێرێکی وردیلەی لاواز، کە کەچە ڕمێکی شکاوی بەدەستەوە بوو، لە خۆشیاندا چەپڵەیەکی لێدا و بە شادییەوە هاواری کرد:

- خودایا، یانی شتی وادەبێت!

ژاوەژاوی هەراوزەنای شادی لە کوچە و کۆڵان و حەوشەی ماڵەکاندا دەنگی دەدایەوە. دوای نیو سەعاتێك چەند قوزاقێك، کە یەکێکیان نایب زابتێکی خەڵکی ناوچەی بوکوفسکایا بوو، بە نێو حەشاماتەکەدا تێپەڕین و هاواریان کرد:

- ئەوانەی سەر بە مەفرەزەکەی پودتیلکوفن با ریزبن بۆ ناو خوێندنەوە!

نەقیب سپیریدونوف کە قەمسەڵەیەکی بەڵەکی خاکی کە تافیەداری لەبەر بوو، کاسکێتەکەی خۆی کە نیشانەی ئەفسەری پێوە بوو، لە سەر داکەند، نیگای بە هەموو لایەکدا گێڕا، هاواری کرد:

- جماعەتەکەی پودتیلکوف، هەموو بە دەستی چەپا بڕۆن و لەپاڵ پەرژینەکە بوەستن! ئەوانی دی لە دەستی ڕاستا بوەستن! براینۆ، جەنگاوەرانی دێرین! ئێمە لە گەڵ نوێنەرانی ئێوەدا ڕێك کەوتووین کە ئێوە هەموو چەکەکانتان تەسلیم بکەن، چونکە تا چەکتان پێبێ، خەڵکی لێتان دەترسن. تفەنگەکانتان و چەکەکانی دیکەتان لە نێو گالیسکەکانتان دابنەن، ئێمە دەیان پارێزین. ئێوە، ئەم جماعەتە بۆ کراسنوکوتسکایا دەبەین و لەوێ، لە بارەگای ئەنجوومەندا، چەکەکانتان، دەدەینەوە.

خوتە و بۆڵەبۆڵی ناڕەزایی لە نێو سەربازانی گاردی سوورەوە بەرز بووەوە، کورتوکوف، کە خەڵکی ناوچەی کومشاتوفسکایا بوو، هاواری کرد:

- چەکەکانمان تەسلیم ناکەین!

ئیدی هەراوزەنا لە کوچە و کۆڵان و حەوشی ماڵەکانەوە کە پڕ بوون لە خەڵکی، بەرز بووەوە.

قوزاقەکانی سپیریدونوف، ڕوویان کردە سەمتی ڕاستی جادەکە و قوزاقەکانی گاردی سوور کە لە جێی خۆیاندا مانەوە، بریتی بوون لە کۆمەڵێك خەڵکی بێسەر وبەری تێکشکاو. کریفوشیلیکوف، کە پاڵتۆکەی دابوو بە شانیا وەکو نێچیرێکی گیرۆدە دەیڕوانیە دەور و بەری خۆی. لاگوتین، لێوی هەڵقورتاندبوون. ئیدی هەرا و هەنگامەیەك بوو، کەس بە کەس نەبوو.

بونچوك، کە سووربوو لە سەر ئەوەی چەکەکەی تەسلیم نەکات. تفەنگ بەدەست کە ئامادەی تیرەنداز بوو بەلەز خۆی گەیاندە نك پودتیلکوف.

- پێویستە چەکەکانمان تەسلیم نەکەین! گوێت لێیە؟

پودتیلکوف، کە بە تووڕەیی لیستی ناوی جماعەتەکەی خۆی، لە ناو دەستیا گرمۆڵە دەکرد، لەبن لێوانەوە گوتی:

- تازە، درەنگە.

لیستی ناوەکان درایە دەست سپیریدونوف و ئەویش بەلەز چاوێکی پێدا گێرا و پرسی:

- ئەمە ناوی بیست و هەشت نەفەرە... ئەدی ئەوانی دی کوان؟

- ئەوانە لە ڕێگادا، جیابوونەوە.

– ئاوها. دەی باشە فەرمانیان بدەیە کە چەکەکانیان تەسلیم بکەن.
پودتیلکوف، یەکەم کەس، کیفی دەمانچەکەی کردەوە، کاتێ کە دەمانچەکەی ڕادەست کرد، بە دەنگێکی نزمی ئەوتۆ کە بە زەحمەت دەبیسترا گوتی:
– شمشێر و تفەنگەکەم لە ناو عەرەبانەکەیە.
ڕادەستکردنی چەك دەستی پێکرد. سەربازانی گاردی سوور، بە خاوی و بە نە بەدڵی تفەنگەکانی خۆیان تەسلیم دەکرد. هەندێکیان هەوڵیاندەدا دەمانچەکانیان هەڵبدەنە ناو پەرژینەکانەوە، یان لە حەوشی ماڵەکاندا بیشارنەوە.
سپیریدونوف، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:
– هەر کەسێك چەکەکەی رادەست نەکات، تیرباران دەکرێت.
چەند سەربازێکی گاردی سوور، بە فیتی (دنەدان، هاندان) بونچوك، ڕەفزیان کرد چەك دابنەن، بەڵام بە خورتی چەك کران.
ڕەشاشچیەك، میلی ڕەشاشەکەی برد و بە سواری ئەسپ هەڵات بۆ دەرێی گوند، بەم کارە هەرا و هەنگامە و ئاشوب و فەرتەنەیەکی زۆری نایەوە. چەند کەسێکی دیکەش، سوودیان لەم هەرا و هەنگامە و ئاشوبە وەرگرت و خۆیان وەشارد. ئیدی سپیریدونوف، دەستبەجێ، پاسەوانی بە دیار پودتیلکوف و ئەوانی دیکەوە دانا، پشکنینی، ویستی ناوەکانیان بخوێنێتەوە. بەڵام ئەسیر و دیلەکان، بە نەبەدڵی وەڵامیان دەدایەوە، هەندێکیان هاواری ناڕەزاییان لێبەرز بووەوە:
– پێویست بە ناو خوێندنەوە ناکات، هەموومان لێرەین.
– بۆ کراسنوکوتسکایامان ببەن!
– ئەم گاڵتە بازاڕە بەسە!
پاش ئەوەی قاسەی دارایی جماعەتەکەی پودتیلکوف مۆرکرا و بە چەند پاسەوانێکدا بۆ کارگێن نێردرا، سپیریدونوف، دیلەکانی ڕیزکرد، لەپڕ دەنگ وڕەفتاری گۆڕا، فەرمانی دا:
– دوو دوو، بە ڕیز، بە چەپا... شان بەرز بگرە، بۆ پێش برۆ! بێدەنگ، بە ڕیز!
هەراوزەنای بێزاری لە ڕیزی سەربازانی گاردی سوور بەرز بووەوە. بە نە بەدڵی ڕێیان دەکرد. هەر زوو لە ڕیز دەرچوون و بە بێ نەزم و نیزامی کەوتنە ڕێ.
پودتیلکوف، کە لە کۆتاییدا لە جماعەتەکەی خۆی پاڕابووەوە کە چەکەکانیان تەسلیم بکەن، بێگومان هێشتا بە ئومێدی ئەوە بوو کێشەکەیان بە شێوەیەکی باشتر چارەسەر بکرێت، بەڵام، هەرکە دیلەکان لە گوند دەرچوون، ئەو قوزاقانەی بە دیاریانەوە دانرابوون، کەوتنە بەد ڕەفتاری و بە سواری ئەسپ ملیان بەو کەسانەوە دەنا کە لە ڕیزەکە دەردەچوون. بۆنچوك، کە لە سەمتی چەپەوە ڕێیدەکرد، قوزاقێکی پیری ڕدێن سوور، کە گوارەیەکی کۆنی ڕەشەوە بووی لە گوێدا بوو، لە خوت و خۆڕایی قامچیەکی پێداکێشا. سەری قامچیەکە بەر گۆنای بونچوك کەوت. بۆنچوك کۆڵەمستی گوشی و ئاوڕی دایەوە. بەڵام جەزرەبەیەکی توندتر ناچاری کرد خۆی بە نێو ئاپۆڕای دیلەکاندا بکات. بەبێ ئیختیار ئەم کارەی کرد، تەنیا غەریزە و ئارەزووی گیانپارێزی ئەمەی پێکرد. کە چووەوە ڕیزی هاوڕێکانی، بۆ یەکەمجار لە دوای مردنی ئاناوە، دوای ئەوەی

بۆی دەرکەوت کە ئارەزووی ژیان و مان چەند لای ئینسان بەهێزە، بزەیەکی پەژمردە و چەرمسی (ژاکاو) کەوتە سەر لێوانی. لێدانی ئەسیرەکان دەستی پێکرد. قوزاقانی پیر کە لەزەتیان لە دیتنی داماوی دژمنانی بێچەکی خۆ دەبینی، بە ئەسپەکانیانەوە تاویان دەدانێ و لە سەر زینەکانەوە، خۆیان دادەنەواندەوە و، بە قامچی یان بە پانایی دەمی شمشێران پێیاندا دەکێشان. هەرکە جەزرەبەیەکی وێدەکەوت، بە شێوەیەکی غەریزی هەوڵیدەدا خۆی بە ناو ئاپۆڕەکەدا بکات، دیلەکان دەکەوتنە پاڵەپەستۆ و یەکتر دەڵەك دان و هاواریان دەکرد.

سەربازێکی کەتەی چوارشانەی باڵابەرزی گاردی سوور، دەستی بەرز کردەوە و هاواری کرد:

– ئەگەر دەتانەوێ بمانکوژن، یەکجار بمانکوژن و بڕێتەوە، ئیدی ئەم ئەشکەنجە و گاڵتەبازاڕە چیە!

کریفوشیلیکوف هاواری کرد:

– وەعد و بەڵێنەکانتان چی لێهات؟

قوزاقە پیرەکان هێور بوونەوە. یەکێك لە پاسەوانەکان، جەنگاوەرێکی گەنج کە دیاربوو هاو خەمی بەلشەویکەکانە، لە وەڵامی یەکێك لە دیلەکاندا کە دەیپرسی: "بۆ کوێمان دەبەن!" گوتی:

– بەگوێرەی فەرمان بۆ پونوماریوڤتان دەبەین، بەڵام برادەرینە ترستان نەبێ! هیچتان لێناکەن.

کاتێ گەیینە گوندی پونوماریوڤ، سپیریدونوف، دەگەڵ دوو قوزاقدا لە بەر دوکانێکدا وەستا، لە هەر ئەسیرێکی، کە بە بەردەمیا تێدەپەڕی، دەپرسی:

– ناو، شۆرەت، زاگەت؟

وەڵامەکانی لە دەفتەرە شڕ و چڵکنەکەی خۆدا تۆمار دەکرد. نۆرە هاتە سەر بونچوك.

– ناوت؟

سپیریدونوف، نووکی قەڵەمەکەی خستە سەر کاغەزەکە، نیگایەکی سەر و سیمای گرژ و تەوێڵی پانی ئەم سەربازەی گاردی سووری کرد. کە بینی لێوی هێناوەتەوە یەك و بە تەمایە تفی بکاتە چارە، یەکسەر، خۆی وەرگێڕا و بەپەلە لاکەوت و هاواری کرد:

– ڕەت بە، سەگ دایك! بەبێ ناونیشان دەمریت.

ئیگنات، قوزاقە گەنجەکەی خەڵکی تامبوف، چاوی لە بونچوك کرد و ناوی خۆی نەگوت. یەکێکی دیکەش کە دەیویست بە گومناوی، بێ ناو و نیشان بمرێت، ناوی خۆی نەگوت و لە دەرگای دوکانەکەوە وەژوورکەوت. کە دوا سەربازی گاردی سوور چووە دوکانەکەوە، سپیریدونوڤ بە دەستی خۆی دەرگاکەی قفڵ دا و چەند نیگابان و پاسەوانێکی بە دیارەوە دانا.

لەوکاتەدا، کە لەبەر دوکانەکەدا، ئەو ئازووقە و چەك و تەقەمەنیانەی کە لە گالیسکەێن بەلشەویکەکان دەرهێنرابوو، بە سەر خەڵکیدا دابەش دەکرا. دادگەیەکی مەیدانی، کە بەپەلە لە نوێنەرێن ئەو گوندانەی کە لە دەستگیری پودتیلکوفدا بە شداریان کردبوو، پێکهێنرابوو، لە ماڵێکی ئەو نزیکانەدا کۆبووەوە.

سەرۆکایەتی ئەم دادگایە، بە پیاوێکی کەتەی چوارشانەی، برۆ زەرد، نەقیب ڤاسیلی پاپوف، خەڵکی ناوچەی بوکوڤسکایا، سپێردرابوو. پاپوف، لە کەنار مێزێك دانیشتبوو، هەردوو

ئانیشـکی نابوونـه سـەر مێزەکـە، کاسـکێتەکەی بـە پشـتا کـەوتبوو. ئاوێنەیـەك، بـە پـەردەێن گوڵدۆزییەوە بە دیار سەریەوە هەڵواسرا بوو. بە چاوانی گەش و سادە و پرشنگدارەوە، بە جدی دەیڕوانیـە سەروسـیمای یـەك بـە یـەکی ئەنـدامانی دادگاکـە. سـەرگەرمی ئـەوە بـوون، چ حوکمێـك دەربارەی بەلشەویکەکان بدەن. پاپوف، دەیپرسی:

– ڕدێن سپییانی بەڕێز، چی لەمانە بکەین؟

دانەویەوە، دەمی وەپەنا گوێی نەقیب سەنین نا، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو و، شتێکی پـێ گـوت. سـەنین یەکسـەر سـەری ڕەزامەنـدی بـۆ لەقانـد. پـاپوف، کزبـوو، چـاوی هاتنـەوە یـەك، ئـەو گەشـی و پرشـنگی شـادیەی بـە چـاوانیەوە بـوو دامرکایـەوە. چـاوانی لـە ژێـر بـرۆ و برژانگـە تەنکەکانیا تەقریبەن ون بوون.

– چی لەمانە بکەین کە خیانەتیان لە نیشتمان کردووە و هاتوون بۆ تاڵانکردنی ماڵەکانمان و لە ناوبردنی میللەتی قوزاق؟

فیڤرالیوڤ، کە پیرەمێردێکی خەڵکی ناوچەی میلیوتینسکایا و لە مەسیحییە سەلەفیەکان بوو، وەکو سپرینگ. لەجێی خۆی ڕاپەڕی و گوتی:

– پێویستە گوللەباران بکرێن، هەر هەموویان گوللەباران بکرێن.

وەکـو فێـداران سـەری دەلەقانـد، بـە چـاوانی ئەبڵەقـەوە، لـە کاتێکـا لیکاوەکـەی دەمـی دەپەڕیـە قوڕگی، هاواری دەکرد:

– نابێ ڕەحم بەم نیمچە یەهودایانە بکرێت! دەبێ بکوژرێن! دەبێ ئەمانە بکوژرێن!... دەبێ لە خاچ بدرێن! بسووتێنرێن! جولەکەکانیان بکوژن!

ڕدێنە تەنك و تاڵ تاڵەکانی دەلەرزی و قژە سپییەکەی کە هێشتا پەڵەپەڵەی سووری تیامابوو، گـڤ بـوو بـووەوە. بـە هانکـە هانـك و، لیـوی تـەڕ و، دەموچـاوە سـوورەکەیەوە لـەجێی خـۆی دانیشتەوە.

ئەندامێکی دیکەی دادگاکە بە نێوی دیاچنکو، بە دوودڵیەوە پێشنیازی کرد:

– چۆنە نەفیان بکەین؟

– نەخێر بیانکوژن!

– ئیعدام!

– منیش هەمان بۆچوونم هەیە.

– دەبێ بە بەرچاوی خەڵکیەوە گوللەباران بکرێن.

– چاری گیاکەڵە هەر بژارە!

– ئیعدام!

سپیریدونوف، بە تووڕەیی گوتی:

– بێگومان دەبێ گوللەباران بکرێن، ئیدی ئەم گوت و بێژەی بۆچیە؟

لە گەڵ هەر هاوارێکا، لێوی نەقیب پاپوف شۆڕدەبووەوە، چارەی وەکو بەرد گرژ دەبوو، سادەیی و میهرەبانی لە سەر و سیمای دەتۆرا، لە سەر شانی سکرتێری دادگاکەوە، تەمەشایەکی کرد و فەرمانی دا:

– بنووسە!... گولله باران!

قوزاقێکی قەڵەوی پیر، لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو، ناو بە ناو فتیلەی چراکەی، کە ڕوو لە کزی بوو، بەرز دەکردەوە، بە تووڕەیی گوتی:

– ئەدی دەربارەی پودتیلکوف و کریفوشیلیکوف... ئەو دژمنە گەورانە؟... تەنیا گوللەباران بکرێن؟ ئەمە بۆ ئەوان کەمە!

پاپوف، بە کورتی بەرسڤی دایەوە:

– ئەوان، وەکو سەردەستە، لە سێدارە دەدرێن.

ڕوویکردە سکرتێرەکە:

– بنووسە: "قەراری دادگا. ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە."

سکرتێرەکە، کە ئەویش نێوی پاپوف بوو خزمایەتیەکی دووری دەگەڵ نەقیب پاپوفدا هەبوو، قژە زەردەکەی جوان شانە کردبوو، سەری بە سەر مێزەکەدا دانەواندەوە و بە قەڵەمەکەی کەوتە نووسین.

یەکێك ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– لەوەدەچێ چراکە نەوتی تیا نەمابێ...

چراکە، کەوتە پرتەپرت، پڵیتەکەی دووکەڵی دەکرد. لە میانەی بێدەنگیەکەوە، وزەوزی مێشێك کە گیرۆدەی جۆڵا تەنەیەکی بنمیچکە بوو بوو، دەگەیيە گوێ. خشەخشی قەڵەمەکەش بە سەر کاغەزەکانەوە، لە بێدەنگیەکەدا دەنگی دەدایەوە. هانکە هانکی ئەندامێکی دادگاش کە تووشی تەنگە نەفەسی بوو بوو، بە ئاشکرا دەبیسترا.

قەرار

ڕۆژی ٢٧ نیسان (١٠/٥)/١٩١٨ ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، وەکو نوێنەری گوندەکانی سەر بە ناوچەێن کارگینوفسکایا و بوکوفسکایا و کراسنوکوفسکایا:

ستیپان ماکساییف: نوێنەری گوندی ڤاسیلییڤسکی

نیکولای کروژیلین: نوێنەری گوندی بۆکۆفسکی

فیودور کوموف : نوێنەری گوندی فومین

لیڤ سینیوڤ : نوێنەری گوندی ڤێرگن یابولونوفسکی

سیمون ڤولوتسکوڤ : نوێنەری گوندی ئیلینسکی

ئەلکساندر ڤرولوڤ : نوێنەری گوندی ساڤوستیانوڤ

ماکسیم فوروکیوڤ : نوێنەری گوندی ناوجەی میلیو تینسکایا.

میخائیل گروشوف: نوێنەری گوندی نیکولایف

ئیلیا ئیلانکین :نوێنەری گوندی ناوچەی کراسنوکوتسکایا
ئیڤان دیاچنکو :نوێنەری گوندی پونوماریوف
نیکولای کریڤوف : نوێنەری گوندی یڤیلانتییڤ
لوقا یمییلیانوڤ :نوێنەری گوندی مالاخوف
ماتڤی کونوڤالوڤ :نوێنەری گوندی نوڤو – زمتزیڤو
میخائیل پاپوف : نوێنەری گوندی پوپوف
ڤاسیلی شیڤولکوف : نوێنەری گوندی ستاخوف
فیودور چیچکونوف :نوێنەری گوندی ئورولوڤ
فیودور چوکارین : نوێنەری گوندی کلیمو فیودوروفسکی

لێرە، لە ٢٧ نیسان (١٠ ئایار)/١٩١٨دا بە سەرۆکایەتی ڤ. س. پاپوف کۆبووینەوە و ئەم بڕیارانەمان دا:

١ – هەموو ئەم خاین و تاڵانچیانەی کە ناویان لەم لیستەی خوارەوە هاتووە و ژمارەیان هەشتا کەسە، گوللەباران دەکرێن، جگە لە دووکەس بە نێوی پودتیلکوف و کریفوشیلیکوف کە وەکو سەرکردەی ئەو جماعەتە لە سێدارە دەدرێن.

٢ – ئانتوان کالیت ڤونتسوف، قوزاقی خەڵکی گوندی میخائیلوفسکی دەبەخشرێت چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

٣ – سەبارەت بە کونستانتین میلنکوف، گاڤریل ملینکوف، ڤاسیلی ملینکوف، ئاکسنوف و ڤرشنین کە لە دەستەکەی پودتیلکوف هەڵاتبوون و لە شارۆچکەی کراسنوکوتسکایا دەستگیرکرابوون، هەمان سزای بە ندی یەکەمی ئەم بڕیارە (واتە گوللەباران)یان بە سەردا جێبەجێ دەکرێت.

٤ – ئەم بڕیارە سبەینێ ٢٨ نیسان (١١ ئایار) سەعات شەشی بەیانی جێبەجێ دەکرێت.

٥ – پاسەوانی و نیگابانی زیندانەکان بە نەقیب سەنین دەسپێردرێت و لە سەعات یازدەی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆدا هەر یەکێك لە گوندەکان دوو قۆزاقی چەکدار دەئختیاری ناوبراودا دەنێ. ئەندامانی دادگای مەیدانی بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ئەم بە ندەدا، هەر گوندێك چەند نەفەرێك بۆ جێبەجێکردنی حوکمی ناوبراو دیاری دەکات، هەر گوندە و پێنج نەفەر دەنێرێ بۆ مەیدانی جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدامەکە.

ئیمزا

س.ڤ.پاپوف

سەرۆکی کەرتی سوپایی

ا.ف.پاپوف

سکرتێری دادگا

پێڕستی ناوی جماعەتەکەی پودتیلکوف کە ڕۆژی ١٩١٨/٤/٢٧ (بە تەقویمی جاران) لە لایەن دادگای مەیدانیەوە حوکمی ئیعدام دران.

| زنجیره ناوچە | ناو و شۆرەت | جۆری حوکم |
| --- | --- | --- |
| ١- ئوست خوپرسکایا | فیودور پودتیلکوف | سێدارە |
| ٢ - یلانسکایا | میخائیل کریفوشیلموف | سێدارە |
| ٣ - کازانسکایا | ئاڤرام کاکورین | گوللەباران |
| ٤ - بوکانوفسکایا | ئیڤان لاگوتین | گوللەباران |
| ٥- ستانی نیژنی نوڤگورود | ئالیکسی ئارلیف | گوللەباران |
| ٦ - ستانی نیژنی نوڤوگرود | یفیم ڤاختل | گوللەباران |
| ٧ - ئوست بیستریانسکایا | گریگوری ڤتیسوڤ | گوللەباران |
| ٨ - میگولینسکایا | گاڤریل تکاچوف | گوللەباران |
| ٩ - میگولینسکایا | پاڤل ئاگافونوڤ | گوللەباران |
| ١٠ - میخائیلوفسکایا | ئەلکساندر بوبنوڤ | گوللەباران |
| ١١ - لوگونسکایا | کالینین | گوللەباران |
| ١٢ - میگولینسکایا | کونستانتین میریخین | گوللەباران |
| ١٣ - میگولینسکایا | ئاندریٚ کونوڤالوڤ | گوللەباران |
| ١٤ - ستانی پولتاڤا | کونستانتین کریستا | گوللەباران |
| ١٥ - ماتوفسکایا | پاڤل پوزنیاکوف | گوللەباران |
| ١٦ - میگولینسکایا | ئیڤان بولدیروڤ | گوللەباران |
| ١٧ - میگولینسکایا | تیموڤی کولیچوڤ | گوللەباران |
| ١٨ - فیلیم - چلب | دمیتری ڤولودارڤ | گوللەباران |
| ١٩ - چرنیشفسکایا | گورگی کارپوشین | گوللەباران |
| ٢٠ - فیلیم - چلب | ئیلیا کالمیکوف | گوللەباران |
| ٢١ - میگولینسکایا | ساڤلی ریبنیکوف | گوللەباران |
| ٢٢ - میگولینسکایا | پولیکارپ گوروڤ | گوللەباران |
| ٢٣ - میگولینسکایا | ئیگنات زملیاکوف | گوللەباران |
| ٢٤ - میگولینسکایا | ئیڤان کراڤتسوف | گوللەباران |
| ٢٥ - ڕوستوف | نیکفور فرولوفسکی | گوللەباران |
| ٢٦ - ڕوستوف | ئەلکساندر کونوڤولوڤ | گوللەباران |
| ٢٧ - میگولینسکایا | پیوتەر ڤیلخلیانتسف | گوللەباران |
| ٢٨ - کلتسکایا | ئیڤان زوڤوف | گوللەباران |
| ٢٩ - میگولینسکایا | یودوکیم بابکین | گوللەباران |
| ٣٠ - میخائیلوفسکایا | پیوتەر سڤینتسوف | گوللەباران |
| ٣١ - دوبرینسکایا | ئیلاریون چلوبیتچیکوف | = |
| ٣٢ - کازانیسکایا | کلیمنتی ڤرڤونوف | گوللەباران |

٣٣ – ئیلڤولینسکایا ئیڤان ئاڤیلوڤ گوللەباران

٣٤ – کازانسکایا ماتڤی ساکماتوڤ گوللەباران

٣٥ – نیژنی کورمویارسکایا گۆرگی پوپوکوف =

٣٦ – ترنوفسکایا میخائیل ڤوراليوڤ =

٣٧ – ستانی خرسون ڤاسیلی پانتلی مونوف =

٣٨ – کازانسکایا پروڤیری لیوبوخین =

٣٩ – کاتسکایا دمیتری شاموف =

٤٠ – فیلونوفسکایا ساڤون شارونوڤ =

٤١ – میگولینسکایا ئیڤان گورپایوف گوللەباران

٤٢ – میگولینسکایا فیودور ئاباکوموف گوللەباران

٤٣ – لوگانسکا کوزما گورشکوف گوللەباران

٤٤ – گوندوروفسکایا ئیڤان ئیزڤارین گوللەباران

٤٥ – گوندوروفسکایا میرون کالینوڤتسوف گوللەباران

٤٦ –میخائیلوفسکایا ئیڤان فارافونوف گوللەباران

٤٧ – کاتوفسکایا سیرگی گوربوف گوللەباران

٤٨ – نیژنی چیرسکایا پیوتەر ئالایف گوللەباران

٤٩ – میگولینسکایا پروکوپی ئورلوڤ گوللەباران

٥٠ – لوگانسکایا نیکیتا شەپین گوللەباران

٥١ – ڕوستوف ئەلکساندر پاسنسکی گوللەباران

٥٢ – ڕوستوف میخائیل پولیاکوف گوللەباران

٥٣ – ڕازدورسکایا دمیتری روگاچوڤ گوللەباران

٥٤ – روستوف روبرت فراشن برودر گوللەباران

٥٥ – روستوف ئیڤان سلیندر گوللەباران

٥٦ – ستانی سامارا کونستانتین یفیموت گوللەباران

٥٧ – چرنیشفسکایا میخائیل ئوڤچینکوف گوللەباران

٥٨ – ستانی سامارا ئیڤان پیکالوف گوللەباران

٥٩ – ئیلوڤینسکایا میخائیل کورتسکوف گوللەباران

٦٠ – کومشتسکایا ئیڤان کورتکوف گوللەباران

٦١ – روستوف پیوتەر بیریوکوف گوللەباران

٦٢ –رازدوسکایا ئیڤان کاباکوف گوللەباران

٦٣ –لوکوفسکایا تیخون مولتیڤینوف گوللەباران

٦٤ –میگولینسکایا ئاندرێ شیڤتسف گوللەباران

٦٥ – میگولینسکایا ستیپان ئانیکین گوللەباران

٦٦ – كرمنسكايا    كوزماديچيكين    گوللەباران

٦٧ – باكلانوفسكايا    پيوتەر كابانوف    گوللەباران

٦٨ – ميخائيلوفسكايا    سيرگی سيليڤانوف    گوللەباران

٦٩ – روستوف    ئارتيوم ئيڤانچنكو    گوللەباران

٧٠ – ميگولينسكايا    نيكولای كونوڤالوڤ    گوللەباران

٧١ – ميخائيلوفسكايا    دميتری كوانوڤالوف    گوللەباران

٧٢ – كراسنوكوتسكايا    پيوتەر ليسيكوف    گوللەباران

٧٣ – ميگولينسكايا    ڤاسيلی ميروشنيكوف    گوللەباران

٧٤ – ميگولينسكايا    ئيڤان ڤولوخوف    گوللەباران

٧٥ – ميگولينسكايا    باكوف گوردەيف    گوللەباران

لە گەڵ سێ نەفەری دیكەدا كە ناونیشانی خۆیان نەگوتووە.

سكرتێرەكە، لیستی ناوی مەحكومەكانی تەواوكرد و لە كۆتاییدا دوو خاڵی دانا و قەڵەمەكەی دایە دەست ئەو كەسەی تەنیشت خۆیەوە و گوتی:

– ئیمزای بكە!

كونوڤالوف، نوێنەری نۆڤۆزمتسوڤ، كە بلوزێكی فەرمی ماهوتی خاكی ئەڵمانی یەخە سووری لە بەربوو، بەدەم بزەیەكی گەوجانەوە بەسەر كاغەزەكەیا دانەویەوە. بە قامكە ئەستور و ڕەشە قڵیشاوەكانی، بێئەوەی بنوشتێتەوە، قەڵەمەكەی كە یەكپارچە مەرەكەب بوو، گرت و گوتی:

– ئەوەی ڕاستی بێ من خوێندەواریەكی ئەوتۆم نیە....

بە وردی حەرفی (ك)ێكی گەورەی ڕەسم كرد.

دوای ئەو، نۆرە هاتە سەر ڕودین كە ئەوەندە نەخوێندەوار بوو، تا ئیمزایەكی كرد ئارەقەی شین و مۆری دەردا. یەكێكی دیكەیان قەڵەمەكەی وەرگرت، بە دەم ئیمزاكردنەوە، نیوەی زمانی هێنابووە دەرێ. پاپوف، ناوی خۆی بە خەتێكی درشت و جوان نووسی و پاشان هەستا و دەموچاوە سوورە ئارەقاویەكەی بە دەستەسڕەكەی سڕی. بە دەم باوێشكدانەوە گوتی:

– لیستەكە بە دیوارەكەوە هەڵبواسە.

سكرتێرەكە، بە شیلەی ئاهەكی (قسڵ) سپی كاغەزەكەی بە دیوارەكەوە چەسپاند. سەنین بە دەم تەمەشاكردنی ئەوەوە، بزەیەكی بۆ كرد و گوتی:

– كالیدین، لەو دنیا سوپاسمان دەكات.

كەس، وەڵامی سوعبەت و شۆخیەكەی ئەوی نەدایەوە. بە بێدەنگی ماڵەكەیان بەجێهێشت. لە بەر هەیوانە تاریكەكەدا، یەكێك ئاهێكی هەڵكێشا: "یا عیسای مەسیح!..."

"٢٩"

ئەو شەوە كە ستێرانی زەرد و ڕەنگ پەڕیو بە بەرۆكی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە، ئەو ئەسیرانەی كە خزێنرابوونە دوكانەكەوە، دەرفەتی جوڵەیان نەبوو، كەمتر كەسێك توانی بخەوێ.

گفتوگـۆ و قسـەیان زوو تـەواو بـوو. بـە هـۆ تـەنگی جێگاکـە و نیگـەرانی خۆیانـەوە، هەناسـەیان سواربوو بوو. هەر لە هەوەڵی شەوەوە یەکێك لە سەربازەکانی گاردی سوور داوای کرد کە بیبەنە دەرەوە.

– هاوڕێ، دەرگام لێبکەوە، دەمەوێ بچمە سەر ئاو.

بە سەروقژی بژ و، پێی پەتی و، کراس لە پانتۆڵەوە دەرهاتوو، سەروسیمای خاکی بە کونی دەرگاکەوە نابوو و پەیتا پەیتا دووبارەی دەکردەوە:

– هاوڕێ بیکەرەوە!

سەرەنجام یەکێك لە ئێشکگرەکان وەڵامی دایەوە:

– ئیزراعیل هاوڕێت بێ.

هەنگێ یارۆ وشەیەکی دیکەی لە بری هاوڕێ بەکاربرد:

– بیکەوە، برا.

کابرای ئێشکگر تفەنگەکەی دانا، دوا مژی لە جگەرەکەی دا، گوێی بۆ دەنگی باڵی ئەو پۆلە سۆنە (مراوی) کێویە ڕادێرا کە بەو تاریکیە لە خۆراکی شەوانە دەگەڕان. دەمی نا بە کونی قفڵی دەرگاکەوە و گوتی:

– میزەکەت بکە بە خۆتا نەگبەت. بەم شەوە پێویستت بە پانتۆڵ نیە و سبەیش، پانتۆڵەکەت چ تەڕ بێ و چ وشك هەواڵەی ئەو دنیات دەکەن...

سەربازە سوورەکە، بە نائومێدی لە بەر کونەکە وەلاکەوت و گوتی:

– کارمان کراوە!...

دیلـەکان، شـان بـە شـانی یـەك دانیشـتبوون. پودتیلکـوف لـە سووچـێکەوە دانیشـتبوو، لـە بەرخۆیـەوە جنێوی دەدا و، ئەو ڕۆبڵـە کاغەزیانـەی دەدڕاند کە لـە گیرفانـەکانیا مابوونـەوە. پاش ئەوەی لە کارەکەی بووەوە، چەکمەکانی داکەند و دەستێکی بە شانی کریفوشیلیکوفدا دا، کە لـە تەنیشتیەوە دانیشتبوو و، گوتی:

– ئێستا دەرکەوت کـە کڵاویـان کردووەتـە سـەرمان. بـەڵێ کڵـاوێکی سـەیریان کردە سـەرمان! بـە ڕاستی شەرمە میخائیل! کاتێ کە مندالْ بووم، هەندێجار تفەنگەکەی بابم دەبرد و بە مەبەستی ڕاو دەچووم بۆ ئەوبەری دۆن. خـۆم بـە بیشـەکاندا دەکرد، بـە نێـو دار و درەختانـدا، کـە دەتگـوت خێوەتێکی سەوزە بەسەر سەرمەوە، ڕێم دەکرد... لە گۆلاوەکە نزیك دەبوومـەوە، مراویـەکان لـەوێ بوون... کە فیشـەکێکم بـە خەسار دەچوو، بـە ئەندازەیـەك تـەریق دەبوومـەوە، حـەزم دەکرد هـاوار بکـەم، ئەگـەر پـێم شـەرم نەبوایـە دەگریـام. ئێسـتاش زۆر شـەرمەزارم: ئەگـەر سـێ ڕۆژ زووتـر ڕۆسـتوفمان بـەجێ هێشـتبا، ئێسـتا لێرەدا چاوەڕوانی مـەرگ نـەدەبووین، دەمـانتوانی دژمنـانی شۆڕش لە ناوبەرین.

کریفوشیلیکوف، لە تاریکیەکەدا بزەیەکی تاڵی بۆ کرد و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بێمنەت بن! با بمانکوژن! من لە مەرگ ناترسم... بە دەردی گۆرانیەکە دەڵێت: "دەترسم لەو دنیا یەکدی نەناسینەوە..." فدیا لەویێ، لەو دنیا یەکدی ناناسینەوە، وەکو غەریب یەك دەبینین... تەنیا لەمە دەترسم!

پودتیلکوف، دەستە زەلام و گەرمەکانی خۆی نانە سەر شانی هاوڕێکەی و بە تووڕەیی گوتی:

– واز لەمە بێنە! ئەمە کێشە نیە...

لەلایەکی دیکەوە لاگوتین، باسی گوندەکەی خۆیانی بۆ یەکێکی دی دەکرد و بۆی دەگێڕایەوە کە چۆن باوە گەورەی بە هۆی درێژی سەریەوە گاڵتەی پێکردووە و ناوی ناوە (تیغە) و چۆن کە ڕۆژێك باپیری لە بێستانی دراوسێیەکیاندا غافڵگیری کردبوو و بەر شەلاخی دابوو.

ئیدی سەرانسەری ئەو شەوە، جۆرەها باسی لەو جۆرە کرا. بونچوك، ڕێك لەبەر دەرگاکەدا جێی گرتبوو، بە تاسەو تامەزرۆییەوە، ئەو هەوایەی هەڵدەمژی کە لە درزی دەرگاکەوە دەهاتە ژوورەوە. لاپەڕەکانی ژیانی یەك یەك هەڵدەدایەوە. بۆ دەمێك هزر و بیری لە سەر دایکی گیرسایەوە، بەڵام هەستی بە ئازارێکی تیژ کرد و هەوڵیدا، ئەم بیرە لە خۆی دووربخاتەوە، هەنگیێ ڕوویکردە یادی ئانا و ڕۆژە نزیکەکانی ئەم دواییانە... ئەم یادەوەریانە باری خەم و پەژارەیان سووك کرد و هەستی بە شادییەکی بێ پایان کرد، ئیدی لە مەرگ نەدەترسا. بە پێچەوانەی جارانەوە، کە بیری لەوە دەکردەوە، ژیان لە دەست دەدا، وەکو جاران، تەزوویەکی ترسناك بە گازەرای پشتیا نەدەهات، هەستی بەو دڵە ڕاوکێ کوشندەیەی جاران نەدەکرد. بەڵکو بەو چاوە سەیری مەرگی دەکرد کە وێستگەیەکە بۆ ئیسراحەت، بۆ ئیسراحەتی پاش سەفەرێکی تاڵ و پڕ ئازار، کاتێ کە ئینسان هێندە ماندووە، هێندە گیانی دێشێت، کە جگە لە ئیسراحەت بیر لە هیچ شتێکی دی ناکاتەوە.

لە نزیکی ئەوەوە، جماعەتێکی دی هەم بە شادی و هەم بە کەسەرەوە باسی ژنان و ڤیان و ئەو شادیی و خۆشیە گەورە و بچوکانەیان دەکرد کە هەر یەکێکیان لە ژیانا جەڕباندبووی.

خەڵکانێك باسی خانەوادە و ماڵبات، باب و دایك و دۆست و خزم و کەسوکاری خۆیان دەکرد. باسی ئەوەیان دەکرد کە ئێستا گەنم بەرزبووەتەوە، لە قەف و گوڵدایە و قاژوان دەتوانن خۆیانی تیا بشارنەوە. ئارەزووی ڤۆدکا و ئازادییان دەکرد و جوێنیان بە پودتیلکوف دەدا. بەڵام بەرە بەرە خەو باڵە ڕەشەکانی خۆی بە سەر زۆربەیاندا کێشا و هەموو کە شەکەت و ماندوو و بێزار و وەڕزبوون، بە دانیشتنەوە یان بە پێوە یان بە پاڵکەوتنەوە خەویان لێکەوت.

هەرکە بەیانی دا، یەکێك لە زندانیەکان، کە دیارنەبوو خەوتووە یان بێدارە، دەستی بە گریان کرد، چەند ناخۆشە پیاوانی گەورە و تەواو، پیاوانێك کە لە منداڵی ڕا، تامی فرمێسکی سوێریان لە بیرکردبێت و بە گەورەیی و بەو جۆرە بە کوڵ بگری. لەپڕ چەند دەنگێك، بێدەنگیە خەواڵوەکەیان شڵەقاند:

– بێدەنگ نامەرد!

چەند دەنگێك پێکرا:

– لێمان بووە بە ژن!

– بێدەنگ بە، دەنا گەرووت هەڵدەبڕم!
– بە قەد باپیرەم دەبێ و دەگری!
– خەڵکی خەوتوون و... تەریقیش نابێتەوە!
ئەو کەسەی دەگریا، فنگێکی کرد و بێدەنگ بوو.
جارێکی دی بێدەنگی باڵی بە سەرا کێشانەوە. لێرە و لەوێ ئاگری جگەرە دەبریسکایەوە، بەڵام کەس قسەی نەدەکرد. بۆنی ئارەقە، بۆنی جەستەی زەلامەکان کە بە یەکەوە چەسپی بوون، بۆنی دووکەڵی جگەرە و بۆنی تورتی شێی شەو، سەرداری بێسەر دەکرد.
بانگی کەڵەبابێك لە ناو گەندەوە، کاتی ڕۆژ هەڵاتنی ڕاگەیاند. لە دەرێی دوکانەکەوە، دەنگی پێ و تەق و هۆڕی ئاسن بەرز بووەوە. یەکێك لە پاسەوانەکان، بە ئەسپایی، گوتی:
– زەلام کێی؟
یەکێك کە دەنگی گەنجانە دیار بوو، پاش ئەوەی قوڕگی پاك کردەوە، بە ڕووخۆشی بەرسڤی دایەوە:
– دۆستین، دەچین قەبر بۆ جماعەتەکەی پودتیلکوف لێدەدەین.
جم و جوڵێکی فراوان کەوتە نێو زندانیەکانی ناو دوکانەکە.

"٣٠"

یەکەی سوپایی تاتارسکی بە فەرماندەیی ملازمی سێیەم پیوتەر میلیخوف، بەرەبەیانی ڕۆژی ٥/١١ گەییە گوندی پونوماریوف. قوزاقانی شاروچکەی چیر بە کوچە و کۆڵانەکاندا لە هاتوچۆدا بوون، هەندێکیان، ئەسپەکانیان بۆ ئاودان دەبرد و کۆمەڵێکی دیکەشیان بەرەو ئەوپەڕی گوند دەڕۆیشتین. پیوتەر سەربازەکانی خۆی لە ناوەندی گوندا ڕاگرت و فەرمانی دا کە پیادە بن. چەند قوزاقێك هاتن بۆ لای ئەو و یەکێکیان پرسی:
– ئێوە لە کوێوە هاتوون؟
– لە تاتارسکییەوە.
– دێر کەوتوون، بابە... پودتیلکوف، بە بێ کۆمەکی ئێوە دەستگیر کرا.
– لە کوێن؟ لێرەیان بردوون؟
یارۆی قوزاق، سەربانە شێروانیەکەی دوکانەکەی نیشاندا و بە پێکەنینەوە گوتی:
– لەوێن... وەکو مریشك لە کولانە کراون.
خریستونیا و گریگوری و چەند پیاوێکی دی لێی نزیك بوونەوە. خریستونیا بە پەرۆشەوە پرسی:
– بۆ کوێیان دەبەن؟
– بۆ گۆڕستان.
گریگۆری، یەخەی پاڵتۆکەی کابرای گرت و گوتی:
– چی؟

کابرای قوزاق بە شێنەیی بەرسڤی دایەوە:

– قوربان، تۆ ئازابە و گاڵتە مەکە.

خۆی بە ئاسانی لە چنگی مکومی گریگۆری دەرهێنا و گوتی:

– تەمەشا، سێدارەشیان بۆ هەڵخستوون.

دوو سێدارەی نیشان دا کە لە نێوان دوو سپیداری کورتا بەرپایان کردبوون.

پیوتەر فەرمانی دا:

– ئەسپەکان، بەرن بۆ تەویلە.

***

هەور بەری ئاسمانی گرتبوو. هەندێجار چەند دڵۆپە بارانێك دەباری. پیاوان و ژنان، پۆل پۆل بۆ دەرێی گوند دەهاتن. خەڵکی پونوماریوف، کە زانیبوویان حوکمی ئیعدامەکە سەعات شەش ئەنجام دەدرێ. بە خۆشحاڵیەوە، وەکو ئەوەی بچن بۆ تەمەشای نمایشێکی دەگمەنی دڵنەواز، بۆ ئەوێ دەڕۆیشتن. ژنان، جل و بەرگی جەژنیان لە بەرکردبوو، زۆریان منداڵەکانیشیان دەگەڵ خۆدا هێنابوو. ئاپۆرای خەڵکەکە، لە سەرانسەری مێرگەکە و لە دەوری جووتە سێدارەکە و چاڵەکەی ژێریاندا کە نزیکەی دوو مەترێك قووڵ دەبوو، خڕ بوو بوونەوە. منداڵەکان، بە سەر گڵە سووری نمداری قەراخ چاڵەکەدا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان. پیاوەکان بە گەرمی باسی ئەو ئیعدامەیان دەکرد کە چاوەڕوانی بوون. ژنەکان، بە سەر و رووی خەمبارەوە، بە چپە یەکیان دەدواند.

نەقیب پاپوف، سەرۆکی دادگا سوپاییەکە، بە سیما جدی و خەواڵوەوە هات. جگەرەیەکی بە دەمەوە بوو، بە دەم کێشانی جگەرەکەوە گازی لە ئاغزە جگەرەکە دەگرت و ددانە سفتەکانی دەر دەکەوتن. بە دەنگێکی گڕ فەرمانی بە قوزاقە ئێشکگرەکان دا:

– خەڵکی لە چاڵەکە دوور بخەنەوە. بە سپیریدونوف بڵێن با دەستەی یەکەم بنێرێت.

تەمەشایەکی سەعاتەکەی خۆی کرد، چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوە، کەوتە تەمەشای ئەو حەشاماتەی (ئاپۆرا) کە پاسەوانەکان دەیاندانە دواوە و نیو بازنەیەکی ڕەنگاوڕەنگیان پێکدێنا.

سپیریدونوف، بە هەشتاو، دەگەڵ دەستەیەك قوزاقدا، بەرەو لای دوکانەکە ڕۆیی. لە ڕێگا، تووشی پیوتەر میلیخوف بوو.

– ئێوە، لە گوندەکەی خۆتان هیچ داوخوازێکتان هەن؟

– داوخواز بۆچی؟

– بۆ گوللە بارانکردنی ئەمانە.

پیوتەر، خۆی لە سپیریدونوف، کە ڕێگاکەی لێگرتبوو، لادا و بە تووڕەیی بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، نە کەسی وامان هەیە و نە دەشمان بێت!

وێڕای ئەوەش، چەند داوخوازێك پەیدابوون: میتکا کورشونف قژە زبرەکەی کە لە ژێر کڵاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ، بە ناو لەپی ساف کرد و بە خاوی لە پیوتەر هاتە پێشەوە. چاوە سەوزەکانی لە ژێر پێڵوە نیمچە داخراوەکانیەوە، دەبریسکانەوە، گوتی:

– من دەمەویٚ بڕۆم... بۆچی دەڵێی کەسی وامان نیە؟ من یەکێکم لەو خۆبەخشانە (داوخوان) کوا فیشەکم بدەیە، تەنیا یەك شانە فیشەکم پێیە.

بەڵێ، ئەو و ئاندریٚ کاشولین کە ڕق و کینە لە دەموچاوە زەردەکەی دەباری، دەگەڵ فیدوت بودوفسکوفدا کە بە کالموکان دەچوو، داوخوازی ئەو کارە بوون. کاتێ کە هەوەڵین دەستەی مەحکومان، ژمارەیان دە کەس بوو، بە چاودێری نیگابان و پاسەوانان، لە دوکانەکە هێنرانە دەرێ، چپەچپ و سرتەسرت و ورتەورت کەوتە نێو ئاپۆرای خەڵکەکە، کە شان بە شانی یەکدی وەستابوون.

پودتیلکوف، بەپێی پەتی، بە پانتۆڵێکی دەڵبی ماهوتی ڕەش و قەمسەڵەیەکی چەرمی یەخە وازەوە، لە پێشی پێشەوە ڕیی دەکرد. پێیە گەورە و سپیەکانی، بە متمانەوە بە گڵ و قوڕی سەر جادەکەدا دەنا، کە جارجارێك دەخزی، دەستی چەپی بەرز دەکردەوە تا هاوسەنگی خۆی بپارێزێت. کریفوشیلیکوف، کە ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، بە زەحمەت شان بە شانی ئەو، خۆی بکێش دەکرد. چاوەکانی گریان لێدەبووەوە، دەمی لە ئازارا تە تەڵەی دەکرد. بۆ ئەوەی پاڵتۆکەی سەر شانی نەکەوێت بە جۆرێ خۆی کووڕ کردبووەوە لە تۆ وایە خەریکە لە سەرما بمرێت. جلەکانیان لەبەر ئەم دوانە دا نەکەندبوو، هەڵبەتە کەس نەیدەزانی بۆ. بەڵام ئەوانی دی تەنیا جلی ژێرەوەیان لە بەربوو. بۆنچوك، بە قورسی هەنگاوی دەنا، لاگوتین، شان بە شانی ئەو دەڕۆیی، لە تۆ وایە تاتی دەکات. هەردووکیان پێیان پەتی بوو. لاقە زەرد و کەم مووەکانی لاگوتین، لە ژێر دەرپیێ دڕاوەکەیەوە دیاربوو. لە شەرما درزی دەرپێکەی بە دەست گرتبوو و لێوەکانی دەلەرزین. بونچوك، لە سەر سەری قوزاقە پاسەوانەکانەوە، دەیڕوانیە ئاسۆی هەور گرتەی دوورە دەست. پێڵوی چاوە سارد و سڕەکانی دەتروکاند و نیگەرانی و چاوەڕوانی بە سیمایەوە دیاربوو. دەستە زلەکانی، لە میانەی یەخەی وازی کراسەکەیەوە بەسەر سینگە تووکنەکەیدا دێنا. لە تۆ وایە چاوەڕوانی شتێکی مەحاڵە... بێموبالاتی بە سەر و سیمای ئەوانی دیکەوە دیاربوو. ئورلیف، کە بەلشەویکێکی پیری سەر سپی بوو، بە ڕقەوە دەستی بادەدا و تفی دەکردە قاچ و قولی قوزاقەکان، بەڵام دوو سی نەفەریان دوودڵیەکی هێندە گۆنگ بە چاویانەوە و ترسێکی بێئەندازەی ئەوتۆ بە سیمایانەوە دیاربوو کە تەنانەت پاسەوانەکانیش دڵیان نەدەهات تەمەشایان بکەن.

بەلەز ڕێیان دەکرد. پودتیلکوف، ژێر باڵی کرینوشیلیکوڤ کە بەدەم ڕێوە نووچی دەدا، دەگرت. گەیینە ئاستی جماعەتێك کە لەچکی سپی و کاسکێتی سووریان لە سەر بوو. پودتیلکوف ژێراوژێر نیگای کردن و بە دەنگی بەرز جنێوی دا. لە پڕ چاوی بە لاگوتین کەوت کە نیگای بڕی بووە ئەم. لەپڕ لێی پرسی:

– ها، چیە؟

– بەم چەند ڕۆژە سەرت تەواو سپی بووە...

پودتیلکوف، بە دەم ئاهێکی پڕ ئازارەوە گوتی:

– شتێکی سەیر نیە...

بە تۆبزی خۆی بکێش کرد، ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی و دووبارەی کردەوە.
– ئەمە شتێکی سەیر نیە... گورگیش لە قەفەزا پیردەبێت و مووی سپی دەبێت، چ جای من کە بەشەرم.

لەوەی پتر هیچ قسەیەکی دیکەیان لەگەڵ یەکدیدا نەکرد. ئاپوڕای خەڵکەکە کە لە نزیکەوە دەوریان دابوون. چاویان بە بارستە خۆڵ و گڵەکەی کەنار خەندەکەکەی دەستە ڕاستی خۆیان کەوت. سپیریدونوف، فرمانی دا:
– بوەستن!

پودتیلکوف، هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا، نیگای ماندووی خۆی بە سەر ڕیزی پێشەوەی ئاپۆڕای خەڵکەکەدا گێڕا، زۆربەیان خەڵکی پیر و ڕدێن سپی بوون، ڕیزی دوای ئەوان بریتی بوون لە جەنگاوەرانی دێرینی شەڕگەکان کە بە دەم عەزابی ویژدانەوە دەتلانەوە. سمێڵەکانی پودتیلکوف کەوتنە جوڵان، بەڵام مەفهووم گوتی:
– پیرەمێران، ڕدێن سپیان! مۆڵەتی من و کریفوشیلیکوف بدەن، ببینین هاوڕێکانمان چۆن ڕوو بە ڕووی مەرگ دەبنەوە. دوای ئەوە لە سێدارەمان بدەن. ئێمە دەمانەوێ دۆست و هاوڕێکانمان بدینین و ورەی کەسە ڕەخاوەکان بەرز بکەینەوە.

بێدەنگیەکی ئەوتۆ باڵی بە سەر جەماوەرەکەدا کێشا، کە دەنگی ئەو تکە بارانانەی دەکەوتە سەر کاسکێت و کڵاوەکانیان، بە ئاسانی دەبیسترا.

نەقیب پاپوف، کە کەمێك لە دواترەوە وەستابوو، بزەیەکی بۆ کرد، دانەکانی کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بووبوون دەرکەوت، داواکەی ڕەفز نەکردن. چەند کەسێك لە پیر و ڕدێن سپیەکانیش، بە دەم خوتە و بۆڵەوە ڕەزامەندیان دەربڕی و گوتیان:
– باشە، مۆڵەتیان دەدەین.
– دەی با بەدڵی ئەوان بێ.
– لە خەندەکەکەیان دوور بخەنەوە.

کریفوشیلیکوف و پودتیلکوف، بە بەردەم ئاپۆڕەکەدا کە دەچونە دواوە و ڕێیان بۆ دەکردنەوە، ڕۆیشتن و چەند هەنگاوێك لە دووری چاڵەکە وەستان. حەشاماتەکە لە هەموو لایەکەوە دەوریان دابوون، سەدان چاو تەماشای دەکردن. قوزاقەکان، ناشیانە سەربازەکانی گاردی سووریان، پشت لە چاڵەکە ڕیزکرد. پودتیلکوف، ئەم دیمەنەی بە باشی دەبینی، بەڵام کریفوشیلیکوف، دەبوایە گەردنە لاوازەکەی بەرزبکاتەوە و لە سەر نووکی پێ بوەستێ تا دیمەنەکە بدینێ.

بۆنچوك، دوا نەفەری دەستەچەپ بوو، پشتی کەمێك کۆمابووەوە و بە حاڵەحاڵ هەناسەی بۆ دەدرا و چاوانی بڕیبوونە عاردی و هەڵینەدەبڕین. لاگوتین لە تەنیشتی ئەوەوە وەستابوو، دانەوی بووەوە تا داوێنی کراسەکەی بدات بە سەر دەرپێ دڕاوەکەیدا. نەفری سێیەم ئیگنات، خەڵکی ستانی تومبوف بوو، دوای ئەو ڤانکا بولدیروف بوو، کە بە تەواوەتی نەدەناسرایەوە، بەو چەند ڕۆژە بە ئەندازەی بیست دانە ساڵ پیر بوو بوو. پودتیلکوف هەوڵیدا کە نەفەری پێنجەم بدینێ: بە حاڵە حاڵ ماتڤی ساکماتوف، خەڵکی شاروچکەی کاگانسکایای، کە لە ڕۆژانی

کامنسکایاوە تا ئێستا لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکا لەگەڵیا بوو، ناسییەوە. دوو نەفەری دیکە هاتن و پشت لە چاڵەکە وەستان. پیوتەر لیسیکوف، بێ باکانە پیدەکەنی و بە دەنگی بەرز هەزار و یەك جنێوی سەر بە کوڵکەی بە جەماوەرە بێدەنگەکە دەدا و بە کۆڵە مستە چڵکنەکەی هەڕەشەی لێدەکردن. کورتسکوڤ، هیچی نەدەگوت.

نەفەری هەشتەم و دوایی، دەبوایە بە هەڵگرتن ببەن، قەڵەمی دەست و پێی شکابوو، خۆی بە پشتا دەخست و لاقەکانی بە عاردیدا دەخشاند، خۆی بەو قوزاقانەوە دەچەسپاند کە ڕایاندەکێشا، سەری هەڵبڕی، فرمێسك خوڕخوڕ بە گۆنایا دەهاتنە خوارێ، بە دەم گریانەوە دەپاڕایەوە:

– براینە، بەرمدەن! مەعز بۆ ڕەزای خوا، بەرمدەن! براینە! خزمینە! ئازیزان!... ئێوە بۆ وادەکەن! من لە شەڕی ئەڵماندا، چوار میداڵم وەرگرتووە... کۆڵێ منداڵم هەن... بە خودا، بێ گوناحم! ئاخ! ئاخر ئەمە چ کارێکە ئێوە دەیکەن؟

قوزاقێکی باڵابەرزی سەر بە کەتیبەی ئاتامانسکی، بە سەری ئەژنۆ کێشای بە سەر سینگیا و فڕێی دایە قەراخ چاڵەکەوە. هەنگێ پودتیلکوف توانی بیناسێتەوە و سەرسامی سەراپای داگرت: ئەمە یەکێك بوو لە بێباکترین سەربازانی گاردی سوور، قوزاقێکی خەڵکی میگولینسکایا بوو، لە ساڵی ١٩١٠دا چووبووە خزمەتی عەسکەری، پیاوێکی سمێڵ زەردی قوز و بەخۆوە بوو، لە واری سوارچاکیدا هەر چوار میداڵەکەی سان جۆرجی وەرگرتبوو. ئەوسا قوزاقەکان هەڵیانساندەوە و لە سەر پێ ڕایانگرت، بەڵام هەمدیس کەوتەوە، خۆی دەهاویشتە سەر پێی قوزاقەکان. دەکەوتە خاك و پایان، پێڵاوەکانی ماچ دەکردن، ئەوانیش بە شەق دەیانکێشا بە دەم و چاویا. بە دەنگێکی نووساو لێیان دەپاڕایەوە:

– مەم کوژن! ڕەحمێ بە حاڵم بکەن! من سێ منداڵی سەروپێچکەم هەن... کچێکی چکۆلە... دۆستان، برایان!

بە هەردوو دەست باوەشی بە ئەژنۆی یارۆی قوزاقی کەتیبەی ئەتامانسکیدا دەکرد. بەڵام کابرای تاین خۆی ڕادەپسکاند و دەچووە دواوە و بە پاژنەی بزمار ڕێژی چەکمەکانی، بە هێز و قوەتی خۆیەوە دەیکێشا بە بنا گوێێدا. خوێن لە گوێچکەکەی دیکەیەوە فیچقەی کرد و بەسەر یەخە سپیەکەیەوە هاتە خوارێ. سپیردونوف بە تووڕەیی هاواری کرد:

– ڕایگرن!

قوزاقەکان، بە هەر شێوەیەك بوو، بەرزیان کردەوە و بەپێوە ڕایانگرت و بە خۆیان ڕایانکردە دواوە و دوورکەوتنەوە. ئەندامانی دەستەی ئیعدام ڕوو بە ڕووی ڕیزی مەحکومەکان وەستان و ئامادەی تیرەندازی بوون. ئاپۆڕاکە هاوارێکی کورتیان کرد و بێدەنگ بوون. ژنێك بە شێوەیەکی هیستریایی کەوتە شین و شەپۆڕ.

بونچوك، حەزی دەکرد ئەم ئاسمانە بە هەور و ئەم زەویە خەمناکە کە بیست و نۆ دانە ساڵ وەژێر پێوەی نابوو ببینێ و هەر ببینێ. چاوی هەڵێنا و ڕیزی سفتی قوزاقەکانی لە پازدە هەنگاوی خۆیدا بەدی کرد: یەکێك لەو قوزاقانە، پیاوێکی باڵابەرزی چاوسەوز بوو، چەپکێك لە

قژەکەی، لە ژێر کڵاوەکەیەوە ڕژابووە سەر ناوچەوانە تەنگ و سپییەکەی، بەپێشا دانەوی بووەوە و لێوی نابوونە سەر یەك و ڕێك نیشانەی لە سینگی ئەو گرتبووەوە. ڕێك پێش تەقە کردنەکە، بونچوك گوێی لە هاوارێکی تیژی دووروودرێژ بوو.ئاوڕی دایەوە، ژنێکی گەنج، بە دەم وچاوی نموسی خاڵ خاڵەوە، بە هەڵەداوان لە نێو حەشاماتەکەوە هاتەدەرێ، لە کاتێکا بە دەستێك منداڵەکەی بە باوەشەوە گرتبوو، بە دەستێکی دیکەی چاوی گرتبوو و بەرەو گوندەکە غاری دەدا.

پاش ئەوەی دەستەی ئیعدام، یەکەم دەسترێژیان نا بە هەر هەشت گاردە سوورەکەوە کە لە قەراخ چاڵەکەدا بە ریز وەستابوون و هەموو لاڵ و پاڵ بەسەر یەکا کەوتن. دەستەی ئیعدام بەغار بەرەو دیار چاڵەکە چوون. میتاکورشونف، کە بینی ئەو گاردە سوورەی کە ئەو تەقەی لێکردبوو، هەڵدەپلکێ و قەپ بە شانی خۆیدا دەکات،فیشەکێکی دیکەی پێوە نا و بە ئەسپایی بە ئاندرێ کاشولینی گوت:

– تەمەشا ئەم گەماڵ باوکە: بە جۆرێ قەپی بەشانیا کردبوو، خوێنی لێهێنا، وەکو گورگ، گیانی دا و فزەی لێوە نەهات.

قوزاقەکان، بە زەبری قۆناغە تفەنگ، دە مەحکوومی دیکەیان هێنایە دیار چاڵەکە...

دوای دووەمین دەسترێژی بە کۆمەڵ، ژنان دەستیان بە شین و شەپۆڕ کرد و، بە پەلە پەروزێ دەستی منداڵەکانیان گرت و بە هەڵاتن، هەڵاتن. پیاوەکانیش بەرە بەرە دەستیان بە ڕۆیشتین کرد. دیمەنی کرێت و نەفرەتئەنگێزی کوشتار، هاوار و ناڵەی مەرگ، فیغانی ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان بوون، ئەم دیمەنە دڵتەزێن و سامناکە، کردیە کارێك کە ئاپۆڕاکە لەوەی پتر بەرگە نەگرن و بە هەڵەداوان هەڵێن. تەنیا جەنگاوەرانی جاران کە خوویان بە دیمەنێن مەرگەوە گرتبوو و هەندێك لە ڕدێن سپیە پیرە دڵڕەقەکان لەوێ مانەوە.

بەردەوام، وەجبەی تازەی سەربازانی پێ پەتی و ڕووتیان دەهێنا. داوخوازانی دەستەی ئیعدام دەگۆڕدران، دەسترێژ دەستی پێدەکرد، هاوار بەرز دەبووەوە. دەنگی تاك تیر بەرز دەبووەوە، دەنران بە زامدارەکانەوە و بەوجۆرە ڕزگاریان دەکردن. لە ماوەی نێوان دوو دەسترێژدا، لاشەی وەجبەی پێشوویان بەپەلە دەشاردەوە.

پودتیلکوف، کریفوشیلیکوف، دەچوون بەلای ئەو سەربازانەوە کە چاوەڕوانی نۆرەی خۆبوون و هەوڵیان دەدا دڵیان بدەنەوە و ورەیان بەرز بکەنەوە. بەڵام وشەکانیان هیچ مانایەکیان نەدەگەیاند، ئەو پیاوانەی کە دوای یەك دوو دەقیقەی دی، ڕشتەی ژیانیان، وەکو گەڵای خەزان دەپچڕا و دەوری، لەم ساتەدا لە دنیایەکی دیدا بوون.

گریگۆری میلیخوف، کاتێ کە دری بە ئاپۆڕاکە دەدا تا ڕێگای خۆی بکاتەوە و بۆ گوند بگەڕێتەوە، ڕوو بە ڕوو لووتی تەقی بە لووتی پودتیلکوفەوە. پودتیلکوف، فەرماندەکەی جارانی گریگۆری هەنگاوێك کشایە دواوە، ڕێك تێی ڕوانی و گوتی:

– میلیخوف، تۆش لێرەیت؟

گریگۆری، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، وەستا و گوتی:

– بەڵێ، وەکو دەبینی...

پودتیلکوف، بزەیەکی تەوس ئامێزی بۆ کرد و بە ڕق و کینەوە ڕوانیە ڕوخساری قورقوشم ئاسای گریگۆری و گوتی:

– بەڵێ... دەبینم... یانی براکانی خۆت گوللەباران دەکەی؟ یانی باتدایەوە، وەکو کەری ناو جۆگا لە هەردوو بە ران دەلەوەڕی؟ تۆ ئەم پیاوە بووی...

لە گریگۆری نزیك بووەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

– کەواتە، تۆ خەریکی ئەم بەر و ئەوبەری... هەرکێ پارەی زیاتری دا، لە خزمەتی ئەودایت؟ ئەی ئافەرین!...

گریگۆری، قۆڵی گرت و گوتی:

– شەڕەکەی گلوبوکایات لە بیرە؟ بیرتە چۆن ئەفسەرەکان گوللەباران کران؟... بە فەرمانی تۆ ئیعدام کران، ها؟ جائێستاش نۆرەی تۆیە، پێویست بە گریان ناکات، ئەوی سینگ بخوات، سینگ دەکوتێت! تۆ تەنیا کەس نیت کە بتوانی پێستی خەڵکی بگروی! ئیدی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیساری دۆن، کارت کراوە! نامەرد، تۆ قوزاقەکانت بە جولەکان فرۆشت! تێدەگەی؟ بە سە یان لە سەری بڕۆم؟

خریستونیا، باسکی لە قەدی گریگۆری توند کرد و لە وێی برد.

– با بڕۆین بەلای ئەسپەکانمانەوە! با بڕۆین! ئێمە هیچ کارێکمان لێرە نیە! خودایا، ئەم خەڵکە بۆ وایان لێهاتووە!...

کەوتنە ڕێ، بەڵام کە گوێیان لە دەنگی پودتیلکوف بوو، وەستان. پودتیلکوف، کە جەنگاوەرانی جارانی شەڕگە و پیرەمێردان دەوریان گرتبوو، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

– ئێوە نەزانن، کوێرن! کوێر! ئەفسەرەکان فریوتان دەدەن و وادارتان دەکەن براکانی خۆتان بکوژن... پێتان وایە بە مردنی ئێمە، شتەکە تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە؟ نا، ئەمڕۆ ئێوە دەستتان دەڕوات، بەڵام سبەی نۆرە دێتە سەر ئێوە و، ئیعدام دەکرێن. دەسەڵاتی سۆڤیاتی لە سەرانسەری ڕووسیادا دەچەسپێ. ئەوسا ئەم قسانەی منتان وەبیردێتەوە! ئێوە بە خۆڕایی خوێنی خەڵکی دەڕێژن! ئێوە خەڵکانێکی گەوجن.

پیاوێکی پیر، هەڵیدایە و گوتی:

– شەڕی ئەوانی دیکەش، وەکو شەڕی ئێوە لە کۆڵ خۆ دەکەینەوە!

پودتیلکوف، بە دەم زەردەخەنەیەکەوە بەرسڤی دایەوە:

– نا، با بۆ نا، ناتوانن هەموو خەڵکی گوللەباران بکەن، ناتوانن هەموو خەڵکی ڕووسیا لە سێدارە بدەن! ئاگاتان لە سەری خۆتان بێ! ڕۆژێ دێ پەشیمان دەبنەوە، بەڵام ئەوسا پەشیمانی دادتان نادات.

– هەڕەشەمان لێمەکە!

– هەڕەشەتان لێناکەم، دەمەوێ ڕێگای ڕاستتان پێ نیشانبدەم.

– پودتیلکوف، تۆ خۆت کوێری، مۆسکۆ کوێری کردوویت.

گریگۆری، بێئەوەی چاوەڕوانی پاشماوەی ئەم گفتوگۆیە بکات، بە هەشتاو و بە نیمچە ڕاکردن خۆی گەیاندە ئەو حەوشەیەی کە ئەسپەکەی تیا بەستبووەوە و لە دەنگی تەقە و دەستڕێژان قوشقی بووبوو، تەنگەی ئەسپەکەی توند کرد و لە گەڵ خریستونیادا بە چوار ناڵە بۆی دەرچوون و هەردووکیان، بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بدەنەوە، لە پشت گردەکەوە کەوتنە نەدیوی. لەم کاتەدا لە پونوماریوف دا، شەڕی ناوخۆی قوزاقان بەردەوام بوو، دووکەڵی دەستڕێژ و فیشەکان بەری ئاسمانی دەگرت: قوزاقانی ڤیشنسکایا و کارگینسکایا و بوکوفسکایا و کراسنوکوتسکایا و میلیۆتینسکایا، قوزاقانی کازانسکایا و میگولینسکایا و رازدورسکایا و کومشاتسکایا و باکلانوفسکایایان گوللەباران دەکرد...

چاڵەکە (خەندەکەکە)، دوای ئەوەی هەموو سەربازەکانی گاردی سوور گوللەباران کران، پڕبوو لە جەنازە. خاکیان بە سەردا کردن و بەپێ لەقە گڵەکەیان کوتایەوە. دوو ئەفسەر کە دەمامکی ڕەشیان کردبوو، پودتیلکوف و کریفوشیلیکوفیان برد بۆ پای قەنارەکان، پودتیلکوف، سەری بەرز گرتبوو، ئازا و بێباك چووە سەر کورسیەکە و دوگمەی ملیوانی کراسەکەی ترازاند و گەردنە مکوم و ئەسمەرەکەی دەرکەوت، بێئەوەی بە ئاستەم خۆی شێلو بکات، ئەڵقەی پەتەکەی کە سابوونی لێدرابوو، بە دەستی خۆی کردە ملی و گوتی:

– مۆڵەتم بدەن، بەر لە مردن دوا قسەی خۆم بکەم.

کۆنە جەنگاوەرەکانی شەڕگە هاواریان کرد:

– دەی قسەی خۆ بکە!

پودتیلکوف، دەستی بۆ حەشاماتەکە، کە تەواو کەم بووەوەوە، ڕاکێشا و گوتی:

– بە خۆتان دەبینن کە کەمترین خەڵکانێك لێرە ماونەتەوە تا تەمەشای مەرگی ئێمە بکەن! ویژدانیان ئازاریان دەدات. ئێمە لە پێناوی جەماوەری زەحمەتکێش و لە ڕای بە رژەوەندی ئەوان بە گژ جەنەراڵانی گەماڵ بابدا چووین و گیانی خۆمان بەخت کرد. ئەوەتا ئێستاش بە دەستی ئێوە شەربەتی مەرگ دەنۆشین! بەڵام ئێمە نەفرەتتان لێناکەین! چونکە ئێوە هەڵخەڵەتێنراون! حکومەت و دەسەڵاتی شۆڕش بەو زوانە دێت و هەنگێ بۆتان دەردەکەوێ کە هەق و هەقیقەت بەکێ بووەوە و لە کوێیە. ئێوە باشترین ڕۆڵەی دۆنی ئارامتان لەم چاڵە ناوە...

هەرا و زەنا بەرزبووەوە، دەنگی پودتیلکوف کەوتە ژێرەوە. یەکێك لە ئەفسەرەکان، ئەمەی بە هەلزانی و بە لەقە یەك کورسیەکەی ژێر پێی کەنار خست. جەستەی زەلام و قورسی پودتیلکوف هاتە خوارەوە. پێیەکانی گەیینە سەر زەوی. گرێی پەتەکەی ملی سات بە سات توندتر دەبوو و بەرەو خنکانی دەبرد و ناچاربوو خۆی بەرزبکاتەوە. لە کاتێکا کەڵەموستی پێیە خاوسەکانی دەگەییە سەر ئەرزە نمسار و پەستراوە کە، لە سەر نووکی پێیان وەستا، هەناسەیەکی هەڵکێسا و چاوە دەرپۆقیوەکانی بڕییە خەڵکە خامۆشەکە و بە بێ توانایی گوتی:

– تە نانەت نازانن چۆن خەڵکی لە سێدارە بدەن... ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام، سپیریدوبوف، نەمدەهێشت نووکی پێت بگاتە عاردی.

لیکاوێکی زۆر بە لالغاوەیدا هاتبووە خوارێ، دوو ئەفسەرە دەمامك پۆشەکە و ئەو قوزاقانەی لەوێ بوون، جەستەی قورس و بێجوڵەیان، بە زەحمەتێکی زۆر خستەوە سەر کورسیەکە. کریفوشیلیکوف، نەیتوانی قسەکانی خۆی تەواو بکات. کورسیەکەی ژێر پێیان، بە لەقەیەك تووڕدا و کەوت بەسەر بێڵێکدا. ماوەیەکی زۆر جەستەی وشك و ڕەقەڵەی کەوتە جوڵانە. هەندێجار بە جۆرێ گرمۆڵە دەبوو، ئەژنۆ نوشتاوەکانی دەگەییەنەوە چەناگەی و هەندێجار خاو دەبووەوە و بە دەم ئاوزینگەوە درێژ دەبووەوە. کریفوشیلیکوف هێشتا زندووبوو، هێستا زمانە ڕەشە دەرهاتووەکەی دەجوڵا، کە بۆ جاری دووەم کورسیەکەیان لە ژێر پێی پودتیلکوف دەرهێنا. دووبارە جەستە قورسەکەی داهاتەوە، قەمسەڵە چەرمەکەی لەسەر شانیەوە دڕا، دووبارە کەڵەموستی پێی گەییەوە سەر زەوی.

ناڵەیەکی سووك لە ناو جەماوەرەکەوە بەرز بووەوە. چەند پیاوێك ئامارژەی خاچیان کێشاو بە هەشتاو لەوێ ڕۆییشتن. خەڵکەکە ترسیان لێنیشت، بە ڕادەیەك پەشۆکابوون، کە هەموو وەکو ئەوەی جادوویان لێکرابێ، بە حەپەساوی لە جێی خۆ وەستان و بە ترس و نیگەرانیەوە دەیانڕوانیە ڕوخساری پودتیلکوف کە ڕەش هەڵگەڕابوو.

بەڵام پودتیلکوف، قسەی پێنەدەکرا. گرێی پەتەکە لە گەردنی جەڕی بوو، تەنیا چاوەکانی، کە خورخوڕ فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارێ، دەگێڕا و بۆ ئەوەی ئازاری خۆی کەم بکاتەوە، بەدەم لێو جوڵانەوە، بە شێوەیەکی سەیر و پڕ ئازارەوە، بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە، هەوڵیدەدا، جەستەی خۆی بەرزبکاتەوە.

ئەنجام یەکێکیان بیری لەوە کردەوە، کە ئەرزەکەی ژێر پێی هەڵکۆڵێ و بە گورجی، دەستی دایە بێڵێك وئەرزەکەی ژێر پێی چاڵ کرد. لەگەڵ هەر جوڵەیەکی بێڵەکەدا، جەستەی پودتیلکوف ڕاستتر و گەردنی درێژتر دەبووەوە و سەری بە قژە لوولەکەیەوە بە پشتا دەکەوت. پەتەکە، بە زەحمەت جەستە قورسە شەش پودیەکەی ڕادەگرت. دەکەوت بە داری سێدارەکەدا و جیڕەجیڕی پێدەکەوت، بە ئەسپایی پێچی دەخوارد، پودتیلکوفیش، بە گوێرەی ڕیتمی پەتەکە جۆلانەی دەکرد و لە تۆ وایە دەیەوێ ڕوخساری شین و مۆری خۆی و، سینەی غەرقی فرمێسکی گەرم و لیکاوی خۆی، بە بکوژانی خۆی نیشان بدات.

"٣١"

مێشکا کوشیڤوی و "غوڵام" بە دوو شەو دوای ئەوەی لە تاتارسکی هەڵاتن، توانیان کارگین بەجێ بێڵن. تەم و مژ وەکو کەف سەرانسەری پێدەشتەکەی داپۆشی بوو و، خۆی بە شیوەڵە و دۆڵەکاندا دەکرد و خۆی لە دیواری کەند و ئاودڕەکان هەڵدەسوو و گرد و قەدپالەکانی لە هەمێز دەگرت. هەوێردە و کەڕەواڵە، لە نێو گژوگیای تازە ڕواوەوە دەیانخوێند و مانگ وەکو گوڵە نیلوڤەری پشکووتووی سەر گۆلاوان، کە زەل و قامیش دەوری دابێ، بەو ئاوایە بە بەرۆکی ئاسمانەوە خۆی دەنواند.

تاکو بەرەبەیان ڕێیان کرد. ڕێگای کاکێشان بە ئاسمانەوە سات بە سات کاڵ و کاڵتر دەبووەوە. ئاونگ و خوناو دەکەوت. کاتێ کە لە نیژنی یابلونۆفسکی نزیک دەبوونەوە و تەنیا سێ فرسەخێکیان بۆ ناو گوند مابوو، قوزاقەکان، لە سەر گردەکانەوە بەدییان کردن. شەش سوار، دوور و نزیک کەوتنە تاقیبیان. ئەوان ویستیان ڕێگای خۆ بگۆڕن، خۆ بشارنەوە. لێ گژ و گیا هێشتا کۆرپەبوو و مانگ هێشتا بە ئاسمانەوە بوو... قوزاقەکان دەسگیریان کردن و بۆ کارگین – یان گێرانەوە. نزیکەی سێ سەد مەترێکیان بە بێدەنگی بڕی. ئەوسا دەنگی فیشەکێك بەرز بووەوە. "خوڵام" پێی تێك ئاڵان، وەکو ئەسپێك لە سێبەری خۆی بترسێت، لاتریسکەی دەبەست. نەکەوت، بەڵکو ناشیانە خۆی بە عاردیدا دا، سەروچاوی خۆی دایە پەنای بنچکە ئەفسەنتینێکی شینباوەوە.

میشکا، پێنج دەقیقەیەك ڕێی کرد، بەڵام ئاگای لە خۆی نەبوو، گوێی دەزرنگایەوە و پێی لە قوڕە لینجەکەدا چەقی بوو. ئەنجام پرسی:

– سەگ دایکانە بۆچی نامکوژن؟ بۆ عەزابی ڕوحم دەدەن؟

یەکێك لە قوزاقەکان، بە نەرمی بەرسڤی دایەوە:

– بڕۆ! ڕێکە و دەمت داخە! یارۆی فەلاحمان کوشت، بەڵام بەزەییمان بە تۆدا هاتەوە و بەخشیمانیت. تۆ لە سەردەمی شەڕی ئەڵمانەکاندا، لە کەتیبەی دوازدەدا نەبوویت؟

– با.

– جارێکی دیکەش، لە کەتیبەی دوازدەدا خزمەت دەکەیت. تۆ هێشتا گەنجیت، ڕاستە ڕێگات گوم کردووە، بەڵام زۆر مایەی نیگەرانی نیە، دەردت دەرمان دەکەین.

دەرمانەکەی میشکا ئەوەبوو کە دوای سێ ڕۆژان هەواڵەی دادگای سەحرایی کارگینسکایا کرا. ئەم دادگایە تەنیا دووجۆرە سزای هەبوو: گوللەباران یان جەڵدە. ئەوانەی حوکمی ئیعدام دەدران، بە شەو دەبران بۆ دەشت و بیانەکان و لە پشت گردۆڵکەیەکی چەوەوە گوللەباران دەکران. بەڵام ئەوانەی کە ئومیدی چاکبوونیان لێدەکرا، هەر لە مەیدانەکە و بە بەرچاوی خەڵکیەوە، بەر جەڵدە و شەلاقان دەدران.

بەیانی ڕۆژی یەك شەممە، هەرکە تەختیان لە ناوەندی مەیدانەکە دانا، خەڵکی بەرەبەرە خڕبوونەوە و. مەیدانەکە پڕ بوو لە خەڵکی، بن بان و سەربانی دوکانەکان، بەر هەیوان و کەپرەکان، لە خەڵکیدا جمەیان دەهات. یەکەم کەس کە شەلاخ و جەڵدەی خوارد ئەلکساندروڤ کوڕی کەشیشی گراچی بوو. دەیانگوت ئەم کوڕە بەلشەویکێکی سەرسەخت و دوو ئاتەشەیە و لەڕاستیا دەبوا گوللەباران بکرێت، بەڵام لەبەر خاتری بابی کە کەشیشێکی باش و بەڕێز و خۆشەویست بوو، دادگا بڕیاری دا بە بیست جەڵدە وازی لێبێنن. پانتۆڵەکەیان لەپێی داکەند و لەسەر تەختەکە ڕایانکشاند. قوزاقێك لە سەر هەردوو پێی دانیشت، هەردوو دەستیان بەستەوە، دوو قوزاقی دیکە کە سەرو گورزە شوولی بیی تەڕیان بەدەستەوەبوو، لەم لا و لەولای تەختەکەوە حازر و ئامادە ڕاوەستان. دەستیان بە لێدانی کرد. هەرکە حوکمەکە جێبەجێ کرا. ئەلکساندروڤ هەستایە سەرپێ، تەکانێکی دا و پانتۆڵەکەی هەڵکێشایەوە و بە ڕیزەوە، بە هەر چوار نکالا

کڕنوشی بۆ ئاپۆڕاکە برد. چونکە گوللەبارانیان نەکردبوو، ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە سەری ڕێز و سوپاسگوزاری بۆ هەمووان دادەنەواند:

– سوپاس، بۆ ئێوە ڕدێن سپیان!

یەکێك وەڵامی دایەوە:

– سەلامەت بیت! کوتەك دەزانێ قۆناغ لە کوێیە!

خەڵکەکە، بە جۆرێ لە قاقای پێکەنینیان دا کە تەنانەت ئەو مەحکومانەش کە لەو نزیکانە و لەژێر کەپرێکا چاوەڕوانیان دەکرد، پێکەنینیان هاتێ.

میشکاش، بە گوێرەی حوکمی دادگا. بیست جەڵدەی مزری خوارد، قیروسیا لە جەڵدەکان، حەیاچوونەکەی بە لاوە زۆر قورس بوو. هەموو خەڵکی ناوچەکە، بە ورد و درشتەوە، بە پیر و گەنجەوە لەوێ بوون و تەمەشایان دەکرد. کاتێ کە پانتۆڵەکەی هەڵکێشایەوە بە نیمچە گریانەوە بەو قوزاقەی، کە جەڵدەکانی لێدابوو، گوت:

– بەڕاستی ئەمە کارێکی ناڕەوایە!

– بۆچی؟

– سەرم بیری کردوەتەوە و قوونم سزاکەی داوە. حەیای دنیا و قیامەتم چوو.

قوزاقەکە کەوتە دڵدانەوەی:

– گوێ مەدەیە! شەرم و حەیا دووکەڵ نیە بچێتە چاوتەوە...

هەر بۆ دڵخۆشی ئەو، لە سەری ڕۆیی

– تۆ زۆر بە هێزی کوڕم! زۆر بە توندی لێمدایت، دەمویست بتهێنمە هاوار و گریان... بەڵام نەمتوانی بتهێنمە هاوار و گریان بۆیە ناچار گوتم: "نەخێر، فایدەی نیە، ئەمە نایەتە هاوار" لەو ڕۆژانەدا پیاوێکیان بەر جەڵدە دا، خۆی پێنەگیرا و بە خۆیا ڕیت، دیاربوو ناوسکی تەواو نەبوو.

بۆ سبەینێ، بە گوێرەی بڕیاری دادگای ناڤبری میشکا بۆ شەڕگە ڤڕێکرا.

دوای دوو ڕۆژ، ئەوجا خوڵام بە خاك سپێردرا. ئەتامانی گوندی دوو قوزاقی نیژنی پا بلونوڤسکی بۆ ئەوێ نارد و گۆڕێکی تەنکیان بۆ هەڵکەند و ماوەیەك لە قەراخ گۆڕەکەدا دانیشتن و بەدەم سیغارکێشانەوە لاقیان بە کەنار چاڵەکەدا شۆڕکردەوە، یەکێکیان گوتی:

– ئەم ئەرزە زۆر ڕەقە.

– دەڵێی ئاسنە. هەرگیز نەکێڵراوە و ساڵ بە ساڵ پتر پەستراوەتەوە و ڕەقتر بووە.

– بەڵێ... خۆشی لە خۆی کە لێرە، لەم بەرزیە دەنێژرێ... ئێرە باگیر و وشکە، هەتاو گریشە... زوو بۆگەن ناکات و ناڕزێ.

جەنازەکەی غوڵام لە نێو گیایەکەدا گرمۆڵە بووبوو. تەمەشایەکیان کرد و هەستان.

– چەکمەکانی داکەنین؟

– ئەدی چی؟ خۆ زۆر کۆن نین.

لە سەر شێوەی مەسیحیان، ڕوو لە ڕۆژئاوا، لە گۆڕیان نا و بە بێڵ خاك و خۆڵە ڕەشەکەیان بەسەردا دا. دوای ئەوەی گۆڕەکە پڕبووەوە، قوزاقە گەنجەکەیان پرسی:

– بیپەستینەوە؟

ئەوی دیکەیان ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– پێویست ناکات، وازی لێبێنە. ڕۆژی پەسلان، کاتێ سووری ئیسرافیل لێدەدرێ، زووتر لە جێی خۆی هەڵدەستێتەوە.

دوای پانزە ڕۆژێك، جۆرەها گیا و گوڵ لە سەر ئەو گۆڕە چکۆلەیە ڕوا، سێپەڕە، مەندۆك و گوڵە حاجیلەی درشت جیلوەفرۆشییان دەکرد. بۆنی زەعتەر و شەبرەم و مەندۆك ئەو ناوەی پڕدەکرد. دوای ماوەیەکی کەم پیرەمێردێك لە گوندێکی ئەو نزیکانەوە هات و لەلای سەری گۆڕەکەوە کونێکی چکۆلەی دروستکرد، وێنەیەکی مریەمی پاکیزەی، کە لەسەر تەختەیەکی دارگوێزی تازە تاشراو، دروستکرابوو، لە چاڵەکە چەقاند. ڕوخساری خەمناکی مریەم لە ژێر جەمەلۆنێکی سێ گۆشەی چکۆلەدا، بە ناسکی دەبریسکایەوە. لە ژێر وێنەکەدا و لە پەراوێزی تەختەکەدا بە زمانی سلاڤی نووسرابوو: خەڵکینە، لە ڕۆژگاری پڕ ئاشوب و تەنگانەدا، براکانتان ئیدانە مەکەن.

کابرای پیرەمێرد ڕۆیی و ئەو ئیکۆنەیە لەو دەشت و دەرەدا مایەوە و بە دیمەنی خەمناکی خۆی، ڕێبوارانی خەمبار دەکرد و پەژارەی دەخستە دڵیانەوە.

دوای ئەوە، لە مانگی ئایارا، دوو هەوێردە لەوێ، لە ژێر ئیکۆنەکەدا لێیان بوو بە شەڕ، جارێ دەچوونە ژێر بنچکە ئەفسەنتینێکی شینباوەوە و جارێ ساقەتەی سەوزە زار و گیای تازە رووایان پێشێڵ دەکرد: هەردووکیان نێرەبوون و لە سەر مێیەیەك، بە مەبەستی تازەکردنەوەی ژیان و مومارەسەی ئەشق و زوڕیەت خستنەوە، شەڕیان دەکرد. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم هەوێردە مێیەکە، لە پاڵ ئیکۆنەکەدا، لە ژێر کەستەکێکا، لە پشت بنچە ئەفسەنتینێکی ڕیشاڵ ڕیشاڵی پیرەوە نۆ هێلکەی بۆری خاڵخاڵی کرد، لە سەریان هەڵنیشت و بە لەشی خۆی گەرمی کردن و بە باڵە بریقەدارەکانی خۆی پاراستنی.

ڕۆژی شەممە، ٢٠١٥/٨/١٥ لە سلێمانی، گەڕەکی ڕزگاری ،لە پاچڤەی ئەم بەرگە بوومەوە.